# کام ڕێگا؟

کۆمەڵێک وتار و گفتوگۆ

بابەکر دڕەیی

ناوی کتێب: **کام ڕێگا؟**
نوسەر: **بابەکر دڕەیی**
babakrdrey@hotmail.com
چاپ و دیزاین: **سەرکەوت مەحمود**
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
چاپی یەکەم ٢٠٠٤
ئادرەس:
P.O Box 32525
LONDON W3 8BX
U.K

# پێشەکی

(١)

ئایا ژیان و پێگەی مرۆڤ کار دەکاتە سەر جۆری بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتی داهاتوی؟ ئەگەر ئەم پێگەیە کار دەکاتە سەر عەقڵی مرۆڤ، کاریگەریەکەی لە چ ئاستێکدایە کاتێک ئینسان کۆمەڵێک لە ئازیزترین کەسەکانی دەوروبەری بەهۆی ڕژێمێکی سیاسی دڕندەو ڕەگەزپەرستەوە لە دەست دەدات؟

١٤ ساڵ بوم کە کوژران و بەدیل گیرانی کۆمەڵێک پێشمەرگەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان م بینی کە لە ناویاندا کاک ئەحمەد فەتحوڵای خۆشەویستی بنەماڵەکەمانی تێدا بوو، ١٨ ساڵ بوم کە بە بەرچاوی خۆمەوە هاوڕێ ی شاعیرو پێشمەرگەم کاک بەرزان عوسمان درایە بەر گوللەی بەعس، ٢٢ ساڵ نەدەبووم کە هەواڵی ئیعدامکرانی سەردار دۆڵبێشکی، نزیکترین هاوڕێی منداڵیم پێگەیشت....

هەلومەرجی ژیان بۆ لاوێکی دێهاتی کە لە دایکبوی ساڵە شومەکانی یەکەمین هەوڵی بەعسیەکان بێت بۆ هاتنە دەسەڵات، هەنگاو بە هەنگاو ڕوو لە سەخت بوونە: تا تەمەنی ئەم مرۆڤە بەرەو پێش دەچێ و لە منداڵێکەوە دەبێتە گەنجێک، مافیای بەعس لە سەنتەری وڵاتدا لە منداڵی دەردەچن و دەسەڵات لەوانی دیکە دەرفێنن.

نەوەی شەستەکان بە تەواوی واتای وشە «قوربانی» دەستی بەعسە: ئێمە کە لە منداڵیدا زۆربەی کات لە ترسی بۆردومانی فڕۆکە بە کۆڵی کەس و کارمانەوە بوین، وا لە چارەنوسمان نوسرابو لەو ساتە ناسکانەی تەمەنماندا بە هۆی کارەساتی ١٩٧٥ وە گریانی مامۆستاکانمان ببینین کە بە لامانەوە ئێجگار بەسام و هەیبەت بون ... سێ ساڵ دواتریش، بە فەوتانی ٨٠٠ پێشمەرگەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە هەکاری، ڕوبەڕوی سەردەمێکی ڕەش و ترسناک لە سەرەتاکانی شەڕی ناوخۆیی ببینەوە.

وتنی ئەو ڕاستیانەی سەرەوە بەو مەبەستە نیە خوێنەر بخەمە ناو دنیایەکی پڕ لە وێنەی کارەساتبار تا بەهانەیەک بدۆزمەوە بۆ خۆشاردنەوە لەباسکردن و پاساودانی ئەو مەسەلە سەرەکیانەی لە چوارچێوەی وتارەکانی ئەم کتێبەدا دەیانخوێنیتەوە، بەڵکو هەوڵدانە بۆ نزیککردنەوەی خوێنەر لە ڕاستیەکی گرنگ: هەلومەرجی کوردستانی

عیراق لە ژێر سایەی بەعس و هاوچەشنەکانی بەعسدا هەرگیز پێگەیەکی گونجاو نەبوە بۆ کاری فیکری قوڵ و هەوڵی تیۆرێک لە هیچکام لە بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا، ئەم ڕاستیە تەنانەت بۆ داتاشینی تیۆریە سیاسیەکانیش کە ناچاربون ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەعسدا ڕوبەڕوببنەوە هەر ڕاستە، چونکە ئەگەر پێشکەوتنی زانستە ئەزمونیەکانی وەک فیزیک و کیمیا پێویستیان بە هەلومەرجی لەبارو «تاقیگە»ی پڕ لە کەرەستەو تفاق هەیە، ئەوا گەشەکردنی بیری سیاسی و تیۆریە کۆمەڵایەتیەکانیش بە هەمان ئەندازە و زیاتر، پێویستیان بە هەوای خاوێنی ئازادی و دیموکراسی و چەسپاویی سیاسی هەیە کە بە داخەوە لە قاموسی بەعس دا نەدەکرا باس لەو جۆرە مەسەلانە بکرێت. نوسەری ئەم کتێبە لەو کەش و هەوایەدا گەورەبوە کە لە سەرەتاوە ئاماژەی پێکرا، واتە لە دۆخێکدا کە شەڕ، قەلاچۆی بەکۆمەڵ ، ڕاگواستن، خیانەت و «ئیخباریکردن» لە قازانجی بەعس باڵی ڕەشی بەسەر کوردستان و ناوچەکەدا کێشابو وە بواری هەناسەدانی بۆ کەمکەس هێشتبۆوە. هەوڵدان بۆ بەگژاچونەوەی زوڵم و نایەکسانی لە چوارچێوەی « نوسین» دا، لە سەردەمێکدا کە پێویستیە هەرە سەرەکیەکانی ژیان کەوتبنە بندەستی تاقمێک مافیای بێفەرهەنگ، لە مەحاڵ نزیکترە تا لە ئیمکان... بۆیە دەتوانین بڵێین: ئێمە کە بەرهەم و شیلەی سەردەمێکی ڕەش و تاریک بوین نەدەکرا نەکەوینە ژێر کاریکەری مێژوویی و سیاسی سەردەمەکەمانەوەو خۆمانی لێ وەشارین: ئێمە پەروەردەی سەردەمێکین کە بەعس تیایدا لە هێلکە هاتۆتە دەرو پەروەردە بوەو بە «کەماڵ» گەیشتوە! لەو ڕووەوە، هەرچەندە ئێمە بەتەواوی لە سەنگەری دژی بەعس دا بوین، نەمانتوانیوە لەو کلتورە دەرباز بین کە بەعس وەک میکرۆب بە گیانی هەمواندا بڵاوی کردبۆوەو سەرجەم لایەنەکانی ژیانی سیاسی و فەرهەنگیشی گرتبۆوە، کلتورێک کە تەنانەت پەڕیوەتەوە ناو شێوازی قسەکردن و دیالۆگە فکریەکانیشمان.... نوسەری ئەم کتێبەو ژمارەیەک لە وتارەکانی ناوی، زادەی سەردەمێکن کە بەعس هەموانی لە ژێر دەستاڕی فاشیزم و ڕاسیزم و خوێن و ئاسن دا توشی هەڵچون و عەسەبیەت کردبو...

(٢)

نیازم وابو پێشەکیەکی درێژ بۆ « کام ڕێگا؟» بنوسم و زۆربەی ئەو وتارانەی دەهێنن لەچوارچێوەی مێژویی و سیاسی چرکەساتی خۆیاندا باسبکرێنەوە، قسەیان لەسەر بکەمەوەو بە دۆخی ئەمڕۆی کوردستان و جیهانەوە گرێبەستیان بکەمەوە، بەڵام بینیم ئەوە هەویرێکە لەملاوە ئاو زۆر دەکێشێ و لە لایەکی تریشەوە ڕەنگە خوێنەر وا تێبگات

که نوسەر دەیەوێت پێشدەستی بکات و مەسەلە باسکراوەکان لە قاڵبێکی تازەدا دەرخواردی ئەو بدات و دەروازەی هەر جۆرە ڕەخنەو سەرنجێک لە ناوەرۆکی وتارەکان دابخات.... نیەتێک کە بە تەواوی پێچەوانەی بیروباوەڕو ئیمانی منە.
لێرەدا دەمەوێت بە ئەمانەتەوە بە هەموان ڕابگەیەنم کە ئەو وتارو گفتوگۆیانەی لە چوارچێوەی ئەم کتێبەدا چاپکراونەوە لە باری ناوەرۆکەوە کەمترین گۆڕانیان بە سەردا هاتوە؛ ئەگەر لە جێیەک وشەیەک یاخود ناوێک لابرابێت دەقی بابەت و ناوەرۆک وەک خۆی هێڵراوەتەوە، لە بەرامبەردا، هێندەی بۆم کرابێ هەوڵمداوە فۆڕم و ڕستەسازی نوسراوەکان والێبکەم کە لەگەڵ ڕەوتی گشتی پێشکەوتنی زمانی کوردی و توانایی خۆم لە وەگەڕخستنی ئەو پێشکەوتنەدا بگونجێ و زەوقی خوێنەری کورد نەگەیەنمە حاڵەتێک کتێبەکە وەلابنێت... بە تایبەت گەر بزانین زۆربەی وتارەکان دەربارەی سیاسەت و بەرژەوەندیە ڕاستەوخۆکانن و تەمەنێکیان تێپەڕاندوە.
بەو حاڵەشەوە ڕێگا بە خۆم دەدەم چەند وشەیەک سەبارەت بە «پێشبینیکردن» و کاری خوێندنەوەی ئایندە بنوسم.
پەندێکی چینی هەیە دەڵێ: « پێشبینیکردن کارێکی سەختە، بە تایبەت ئەگەر سەبارەت بە ئایندە بێت!». ئەم پەندە لە قسەی خۆش ئەچێت، بەڵام ناواخنەکەی واوەترە لە نوکتەو قسەی خۆش.
تاقە داوای من لە خوێنەر ئەوەیە بە وردی سەرنج بداتە ئەو وتارانەی سەبارەت بە خوێندنەوەی داهاتون و پێشبینی ڕوداوێکیان کردوە، ئەم داوایەشم بۆ ئەوە نیە بوارێک بۆ خۆهەڵکێشان و سنگدەرپەڕاندن بڕەخسێنم، بەڵکو بۆ ئەو مەبەستەیە کە خوێنەرانی ئەم کتێبە بزانن کە دەکرێ و ئیمکانی ئەوە هەیە لە کوردستانیشدا خوێندنەوەی ئایندەو پێشبینیکردنی داهاتووی سیاسی ڕوداوەکان دەزگای تایبەتی بۆ دابمەزرێ و کادری بۆ پەیدا بکرێ و بەرهەمی هەبێت، تا لەو ڕێگایەوە میللەت باشتر بتوانێت ڕوبەڕوی پێشهاتە سیاسیەکان و ڕوداوەکانی ناوخۆ و دەرەوەی ببێتەوە. دڵنیام خوێنەری وردبین لە مەبەستم حاڵیەو لە کاتی خوێندنەوەی هەرکام لەو وتارانەدا کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ قسەیەکیان سەبارەت بە ئایندە تیاکراوە، ئەم وشانەی دێنەوە یاد!

یەکەمین وتاری ئەم کتێبە ناونیشانەکەی« کام ڕێگا؟» یە. ئەم وتارە، جیاواز لەوانی تر، پێویستە هەڵوێستەیەکی لە سەر بکەم و هەندێ شتی لەسەر باس بکەم.
«کام ڕێگا؟» سەردەمێک نوسراوە کە من و کاک حەمید سادق لە یەک ڕێکخراودا کارمان دەکرد، وە کارکردنیشمان بەو جۆرەیە کە خوێنەر دەیبینێت! واتە کەس ئامادە

نەبو لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا کەمترین سازش بکات .... هەڵبەت سوڕی زەمان مەسەلەکانی زۆر بەجوانی بۆ هەمومان ئاشکرا کرد و دەریخست کە دەشێ ململانەی فیکریش سەرەنجام بە شوێنێک هەر بگات، بەڵام ئەوە لەو ڕاستیە کەم ناکاتەوە کە من هەمیشە، چ ئەو کات و چ ئێستا، زۆرترین ڕێزم بۆ کاک حەمید سادق (*) هەبوەو هەیە.

ئێمە لەو سەردەمەدا پێمان وابو کە دنیا بەو جۆرەیە کە باسمان کردوە، وە من بەش بە حاڵی خۆم ئێستاش پێداگرتن لە سەر دیالۆگی فیکری و نوسین، هەزاران جار بە پیرۆزتر ئەزانم لە ڕەفتاری سەرکوت و بێدەنگکردنی لایەنی ناکۆک کە ئەودەم ـ وە ئێستاش ـ لە ناو زۆر پارت و ڕێکخراودا باو بوەو باوە.

بێگومان کاک حەمید چالاکترین و، بە واتایەک، بەتواناترین کەسی ئالآی شۆڕش بو کە دژ بە فراکسیۆنەکەی ئێمە ( کە ئەودەم بە فراکسیۆنی ئەسڵی « ئالآی شۆڕش» دەناسرا) خەریکی نوسین و ڕێکخستن و چالاکی هەمە لایەنە بوو، بەڵام ئەوە بەو واتایە نەبو کە ئێمە ( واتە گروپی کاک مەلا بەختیار ) لە کەس خۆش بین لە غیابی کاک بەختیاردا هێرشمان بۆ بهێنێ و ئەو شتەی بڕوامان پێیەتی بێ ئەرزش بکات ... بۆیە نوسینی وتارێک دژ بەو ڕەوتە بوە کۆڵێک خرایە سەر شانی من و بەرهەمەکەی منیش ئەوەی لێ دەرچوە کە خوێنەر دەیبینێ، وە کورد وتەنی « خۆی حیکایەتی خۆی ئەکات!»..

«کام ڕێگا؟» گروپی سەر بە چەپی سۆڤیەتی لە ناو ئالآی شۆڕش دا زۆر تورە کرد. کاک ئەبوبەکر خۆشناو و کامەران عەزیز ( بە ناوی خوازراوەوە) بە تەشجیعی هاوڕێکانی تریان نامیلکەیەکی درێژیان بە ناونیشانی « لێگەڕێ با مردوەکان مردوەکانیان بنێژن!» لە دژی بڵاوکردەوە... ئێمە هیچ وەڵاممان نەدایەوە چونکە پێمان وابو لە باری فیکریەوە ئیتر بواری موناقەشە داخراوە، بە تایبەت چونکە گروپی سەر بە سۆڤیەت، ماوەیەکی زۆر کەم دوای بڵاوبونەوەی نوسراوەکە، بە ناوی «ئالآی شۆڕش ـ کۆنفرەنس» کۆنفرەنسێکیان گرت و جیابونەوە.

کاک فوئاد مەجید میسری لەو دەمەیدا لەو ناوچەیە دەژیا کە ئێمەی لێ بووین، وە دۆستایەتی لەگەڵ هەندێک لە برادەرانی ئێمەش هەبو.. نامەیەکی جوانی سەبارەت بە نامیلکەی « لێگەڕێ با..» و « کام ڕێگا؟» بۆ هاوڕێم کاک سەلاح شێخ سەدیق نوسیبو، منیش نامەکەم نەفەوتاند تا لە سەفەری ئەمجارەمدا بۆ سلێمانی کاک فوئادم بینیەوەو، داوام لێکرد مۆڵەتم بدات نامەکەی چاپ بکەمەوە کە بە سوپاسی زۆرەوە مۆڵەتی دام ... نامەکەی کاک فوئاد هەم بایەخێکی سیاسی هەیەو هەم شایەدێکە لە

سـەر بێنەوبەرەی فـیکری ئەو سـەردەم و زەمـانەیەی نـاو ئاڵای شـۆڕش و جـۆری بیرکردنەوەی نوسەرەکەی...
بەو جـۆرە، هەوڵدانی من بۆسـەرلەنوێ چاپکردنەوەی « کـام ڕێگا؟» و چەندین وتارو گفتوگۆی تر، لەوەوە نەهاتوە کە ئەو ئایدیەو مەفاهیمانەی داکۆکیم لێکردون قابیلی چاوپیاخشـاندنەوە نین، بەڵکو زیاتر ئەوەیە کـە لە لایەکـەوە پێشـینەی مـێژویی بیرکردنەوەی سالانی ڕابوردوو نیشانی خوێنەری ئەمڕۆ بدەم و، لە لایەکی تریشەوە هەوڵدەم کـە فـایلی سـیاسی خـۆم، بەو جۆرەی کـە هەبوم و هەم، بخـەمـە بەرچاوی هەموان.

لە کۆتایی ئەم سـەرەتایەدا دەمـەوێت سـوپاس و پێزانینی زۆرم بگەیەنمە گشت ئەو کەسانەی لە ئامادەکردنی ئەم کتێبەدا هاوکاریان کردم بە تایبەت:
هێـژاو ئازیز کاک ناسری ڕەزازی کە لوتفی کرد بە نوسینی "دیاریەکی دۆستانە"، بەهایەکی زیاتری بە نوسراوەکە بەخشی؛
برای هێژام کاک هەڤاڵ کوێستانی کە چەندین سەعاتی لە کاتی خۆی تەرخان کرد بۆ خوێندنەوەی مسۆدەی ئەم کتێبەو، ئامۆژگاری زۆری کردم سەبارەت بە ناواخن و زمانی سیاسی وتارەکان؛ دیارە لەگشت حاڵێکدا خۆم بەلێپرسراوی تەواوی ناوەرۆکی کتێبەکەم دادەنێم.
هێژام کاک سەرکەوت مەحمود، ئەگەر هەوڵ و هیلاکی ئەو نەبوایە لە بناغەوە هیچ شتێک بە ناوی منەوە نەدەهاتە چاپکردن.

**(*) لە سالانی ئالای شۆڕش دا «حەمید سادق» نازناوی کاک عیماد ئەحمەد بو، « سەنار مستەفا» ش لەوەدوا بوە ناوی دوەمی من.**

**بابەکر دڕەیی**
لەندەن،٢٠٠٣/١٢/٢٢

# کـــام ڕێـــگــــا؟(*)

**ئۆکتۆبەر/١٩٨٧**
**کەمپی زێوە، ورمێ**

**سەرەتا:**

تێکۆشـان و خـەباتی بـەردەوام بەمـەبەسـتی پێکـهێنانی ڕێکخـراوی سـەربەخـۆی چینی کـرێکار، وەک پێـشـمـەرجـێکی بناغـەییش بو ئـەو ئەرکـە، هـەوڵدان بۆ دارشـتنی بەرنامـەیەکی هەمەلایـەنە کە تەواوی ئامـانج و ڕێبـازو شێوەکارە پرۆلیتـاریەکانی تیـادا بەر جەستە کرابێت، مەسـەلەیەکە چارەنووسی و گرنگ، بۆیە سەیر نیە کێشەیەکی وا، بەشێکی بەرچاو لەهێزو خەباتی فیکری کۆمۆنیستەکان بخاتە ژێر تیشکی خۆیەوە .

دەستگەیشتن بە بەرنامـەیەکی کـۆمۆنیـستی هـەمەلایـەنـە، وە لەو ڕێگایەوە ڕونکردنەوەی ئـامـانجی سـۆشـیـالستی و ڕێبـازی شـۆڕشگێـڕانەی سـەربـەخـۆی کـرێکاران، ئینجـا دیاریکردنـی هـەڵوێـستی چینایەتی کرێکارانـی عیـراق لەبەرامـبـەر بورژوازی عراقـیدا لەسەر بنـاغـەی شیکردنەوەیەکی وردو قوڵی سەرمـایەداری وەک سیستمێکی ئابوری ـ کۆمەڵایەتی، ڕۆشنکردنەوەی چۆنیـەتی گـەشـەکردن و دابەشـبوونی ئەم سـەرمـایەیە بە توێژو بەشی جیاوازەوە، وە پەیوەندی ئەم ڕژێمە لەگەڵ بازاڕی سەرمایەداری جیهانی و کـاریگـەری سیسـتـمی ئیمـپریالیسـتی لەسـەر ئابـوری عیـراقی و دیاریکردنی ئەو چین و توێژانـەی دەتـوانن بۆ گـۆڕانکاریە دەسـبـەجێ و ڕادیکالەکان ـ کـەم تا زۆرـ هاوشـان لەگـەڵ پرۆلیتـاریای شـۆڕشگێڕدا هـەنگاو بنێن، هـاوکـات لەگەڵ دانـانی سنوربەندیەکی ڕاشکاوی سیـاسی و چینایەتی لەبەرامـبـەر ئەو هێزو هێـڵـە سـیـاسـیانـەی لەژێر ناوی سـۆشـیـالیزم و کـۆمـۆنیـزم دا لەنێو بزوتنـەوەی چەپی جیـهـانیدا هەڵسـوڕانیـان هـەیە، سـەرەنجـام : پـشـتـبـەسـتن بەگـشت ئەو بنەمـاو پرەنسـیـپـانەی دەبێ بەرنامــەیەکی کـۆمـۆنیـسـتی پرۆلیـتـاری هێـڵی سـەربەخـۆی تیـادا ڕوونکـردبێـتـەوە، دەتوانێ وەک هەنگاوێکی چارەنوسدانەر ئێمـە ڕووەو پێکهێنان و دامـەزراندنی حیزبی چینـی کرێکار بەرەو پێش بەرێ و، کـۆمـەکێکی مەزنیش بکات لە نزیکخستنەوەی عەمـەلی گشت ئەو تێکۆشـەرە کـۆمـۆنیـسـتـانەی ڕاسـتگۆیـانە لەهەوڵی ئەوەدان بە پشـتـبـەستن بەحـیزب و

ئیلتیزام بە دیسپلینی حیزبیەوە، ناکۆکی چینایەتی و ململانێ ی هەناوی کۆمەڵگای سەرمایەداری لە قازانجی پرۆلیتاریادا ئاشکراو ڕابەری بکەن و تا تێکشکاندنی دەسەڵاتی بورژوازی و دامەزراندنی سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم ئەو خەباتە درێژە پێ بدەن . وەزعی بزوتنەوەی ئێستا، لەپێش هەر شتێکی تردا ، نیشاندەری ئەوەیە کە مەسەلەی دارِشتنی بەرنامەیەکی هەمەلایەنەی وا کە بەکردەوە لە پێکهێنانی حیزبێکی سەربەخۆدا هاندەر بێت و بتوانێ زۆربەی تێکۆشەران و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوە لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە، ئەو جێگا شایستەیەی دەبێ هەیبێ گرتویەو گرنگیەکی تایبەتی پێدراوە، بۆیە لەو ئاقارەدا خستنەڕووی ڕاو بۆچونی جیاواز سەبارەت بە پێکهاتەی بەشە پێکهێنەرەکانی بەرنامە بەگشتی وە شێوازی بەدیهێنان و بەرەو پێشبردنی عەمەلی بەرنامە بەتایبەتی، دەتوانێ ئەو پرۆسەیەی وەزعی بابەتی خەباتی چینایەتی ئێستا هێناویەتە پێشەوە بەرەو سەرکەوتن بەرێ و پێشڕەوانی شۆڕشگێڕی بزوتنەوەی کرێکاریش بەئامرازی هەرە پێویستی خەباتی چینایەتی ــ واتە« حزب » چەکدار بکات.

لەکۆبەندی ئەو بۆ چوونانەوە دەتوانین بەو سەرەنجامە بگەین کە شێوەکاری گەیشتن بە بەرنامە و حیزب و هاتنەدەر لە خەباتی پۆپۆلیستی و نائامانجدەرانە، یا چاکتر بڵێین، چۆنیەتی ڕوانین بۆ بەرنامەو دەوری بەرنامە لەڕێکخستنی حیزبیدا، خۆی لە خۆیدا دەتوانێ ببێتە پێوەرێکی دیاریکراو بۆ ناسینەوەی هەڵوێست و دەرککردنی جیهانبینی گروپ و تاقمە شۆڕشگێڕە جیاجیاکان .

بە ڕای ئێمە، سەرنجێکی سادە لەجولانەوەی سیاسی ئۆپۆزیسیۆنی ڕژێم، دەتوانێ پەی بەوە ببات کام هێڵ و جەریانی سیاسی« چەپ » لە سەنگەری بەرامبەری حیزبسازی و بەرنامە دارِشتنی کۆمۆنیستەکان دایەو هەوڵدەدات هەرجۆرێک بۆی لواوە ڕێگا لەبەرەوپێشچوونی ئەو ڕەوتە و دامەزرانی حیزبێکی بەهێزو قایم بگرێت. بەڵام، پێش ئەوەی بچینە سەر دیاریکردنی ئەو جەریانە، دەبێ بڵێین شتێکی سەیرو چاوەڕواننەکراو نیە کە هاتنەکایەی حیزبێکی نوێ ی کرێکاری بەرهەڵستی بکرێ، چونکە خودی باسکردن و هێنانە پێشەوەی مەسەلەی بەرنامەو حیزب، «چەپ » بون ( هەڵبەت نەک کۆمۆنیست بوون ) ی ئەو هێڵ و جەریانە دەخاتە ژێر پرسیارەوەو ئابرویان لای ئەندام و لایەنگرانی چەندین ساڵەیان تەنکترو ناسکتر دەکاتەوە. گوتمان: لای «ئەندام و لایەنگران» چونکە لای جەماوەری بەرینی کرێکارو زەحمەتکێش ناکرێ قسە لە «ئابڕو» ی ئەوانە بکرێت، هەر بۆیەش ئەو جۆرە جەریانانە ناچارن بۆ داکۆکیکردن لە هێشتنەوەی متمانەی « چەپێتی »، سەرسەختانە ــ بەڵام بێهودە ــ دەست بدەنە جۆرەها ململانێ و زۆرانبازی سیاسی و تورەیی نەخۆشئاسای وا کە

بۆخـۆشـیـان ئـاشکرابێت لەسـەر«هەق» نین، بەڵام ئەرکی بەرگـریکردن بـەسـەریاندا بسەپێنێ کە: **سەنگەر چۆڵکردن کارێکی باش نیە !**

«حیزبی شیوعی عیراق » کە نوێنەرایەتی ڕەسمی ڕیڤیژنزمی هاوچەرخی عیراقی لەئەستۆدایە و بۆ جێبەجێکردنـی سیاسەت و مەبەسـتەکانی ئەو هێڵـە فیکریەی لەلایەن سـۆڤیـەتەوە فـۆرمـۆلـە کراون و دەکـرێن، ژیانی حـزبی و خـەبات و تێکۆشـانی چینی کرێکارو زەحـمـەتکێشی عـیراقی چەندەها جـار لە پێناوی گونجـاندن لەگـەڵ بۆچونی «براگەورە» داو پەیڕەویکردنی بێ ئەملاو ئەولا، دووچاری نوشوستی قـەبەکردووە ـ ئـاڵا هەڵگری دژایەتیکردنی بەرنامـەو ڕێکخراوی کۆمۆنیسـتی یە لەهەر شێوە و ناوەڕۆکێک دابێت.

ئێمە لەم نوسـراوەیەی ئێستاماندا نامانەوێ بەدرێژی سەبارەت بە بەرنامەو سیاسـەتی « ح . ش . ع » بە گشـتـی، یاخـود داسـتـانە جـۆراو جـۆرەکانی ئەو حـزبە لـە بەرامـبـەر بزوتنـەوەی کۆمـۆنیـسـتـی دا بەتـایبـەتی بدوێین، تەنـانەت ناچینـە سـەر ئـەو ملمـلانێ « تیـۆر»ی یەش کە ئەو حـیزبە لەبەرامـبەر ڕێکخـراوی ئێمەدا دوا بـەدوای جیابونەوەی لە «کۆڕەک » لەژێر ناوی «ئاڵای شۆڕش بۆ کوێ دەچێ؟» دا دەستیان دایە. ئێمە، تەنیا تا ئەو شـوێنە بەدوای ئـەو جـەریانە سـیاسـیـەدا دەچین کـە پەیوەندیەکی ڕاسـتـەوخـۆی بەبۆچونەکـانی ئێـمـەوە هەبێ لەبەرامـبـەر ڕیڤـیـژنیـزم دا بەگـشـتـی و شکڵـە جـۆراو جۆرەکانی ئەو بیرکـردنـەوەیەدا بەتایبـەتی، لەوەش زیاتر، هەرکـەسێکی « خـوێندەوار» خۆی دەتوانێ بەسەرنجدان لەمێژووی زیاتر لەنیوسەدەی ئەو حیزبە، بڕیارێک بدات!

**«کام ڕێگا؟»** ڕەخنە گرتنە لەچەند بەشێکی بناغەیی و ئوسوڵی لەبیرو بۆچونی کەسێک کە لەهەمان کاتدا کە زۆربەی دروشمـە سیاسی و بەرنامـەییەکانی خـەباتی چینایەتی ئێستامان بە ڕواڵەت قبوڵ دەکات و دەیەوێ خۆی لەگەڵ وەزعی بزوتنەوەدا بگونجێنێ، بەڵام لەبواری سیاسی و عەمەلیدا ـ هەرچەند ئێجگار ناشیانە ـ داکۆکی لەهەمان بیرو بۆچونی ڕیڤیژنیزمی هاوچەرخی ناوبراو دەکات .

ڕەنگە ئەم جـۆرە ڕەخنەگرتن و ملمـلانێ فیکریە لـەبەرچاوی زۆر لە هاوڕێیان بێـهودە بێـتـە بەر چاو، بەتایبـەتـی لەو حـاڵەدا کـە ئەو مـەسـەلانەی لێرەدا قـسـەو باسـیـان لەسـەرکراوە زۆرتر لەو کێشـە بەدیهیـانەوە نزیکن کە دەبوا بزوتنەوەی مـارکسـیـزمی واقعی زۆر لەوەو پێش لەگەڵیاندا حسابی یەکلایی کردبێتەوە ...

ڕای دروست لەو بارەوە دەکرێ ئاوا پوختە بکرێتەوە: بزوتنەوەی کۆمۆنیستی واقعی تا ئێستـا نەیتوانیـوە لەسـەر زۆر کێشـەی گرنگ وەک لەشێکی یەکگرتوو هەنگاو بنێ و دوچاری نـاکـۆکی و پەرژو بڵاوی فـیکری و ئـایدۆلۆژی و ڕێکخـراوی یە، ڕێکخـراوی

ئێمەش وەک بەشێک لەو بزوتنەوەیە، زۆربەی مۆرک و نیشانەکانی بزوتنەوەکەی لەخۆیدا کۆکردۆتەوەو بەناچاری بەدەست هەمان ئەو کێشانەوە دەناڵێنێ کە ــ کەم تازۆر ــ لەگەڵ بزوتنەوەکەدا بەگشتی ویکچوون، وەلەو حاڵەدا کە ناکۆکیەکانی جولانەوەی کۆمۆنیستی تایبەتمەندی و جیاکەرەوەی تایبەت بەخۆیان هەیە، ناکۆکیەکانی ئێمەش تایبەتمەندی و سیمای جیاوازیان بە خۆوەگرتوە: وەزعی بابەتی جولانەوەی ئێستاو مێژووی ڕێکخراوەکەو ئەو هێرشە یەک لەدوای یەکانەی بورژوازیش لەبەرامبەر ئالای شۆڕشدا چەند پاتەیان دەکاتەوە بەهیچ کلۆجێک ناشێ لە هەڵسەنگاندنی نزمی ئاستی ململانێ فکریەکانی ئێمەدا لەبەر چاو نەگیرێن و وەک پاساوێک دانەنرێن ـ هەرچەند پاساوێکی لاوازیش بێت.
وەک گوتمان، ئێمە تەنیا لەبەرامبەر بۆچونە ئوسولی و بەرنامەییەکانی نوسراوەی «رسالە مختصرە الی فصیلە الشیو عین العراقیین» دا ڕەخنەکانمان دەربڕیون و لەمەسەلە تاکتیکی و ناپێویستەکانی دیکە چاوپۆشیمان کردوە. ئایا دەبو وا نەکەین؟ ئەگەر ئێمە نەتوانین لەسەر مەسەلە بەرنامەیی و ئوسوڵیەکان یەکدەنگ بین چۆن دەکرێ قسە لەکێشە تاکتیکیەکان بکرێ؟
دوای خوێندنەوەی نوسراوەکە، هاوڕێیان تێبینی ئەوە دەکەن لەبەرامبەر بۆچونەکانی «رسالە» دا چەندجارێک لەپەیڕەوی ناوخۆو«پرۆژە» ی ئێستامان بەڵگە هێنراونەوەو لە بەرامبەر ڕا جیاجیاکانی نوسەری «رسالە» دا دانراون، بێگومان ئەو مەسەلەیە بەهیچ شێوەیەک نابێ وا لێکبدرێتەوە گوایە « پرۆژە»و «پەیڕەوی ناوخۆ» بێ هەڵە کەموکورتین و شایستەی ئەوەن وەک بەرنامەیەکی کۆمۆنیستی تەماشایان بکرێ، بەهیچ جۆرێک ئەوە بۆچونی ئێمە نیە، بەڵام لە حاڵێکدا هاوڕێ حەمید صادق نەیتوانیوە لەو بەڵگە پڕ کەموکورتیانەش تێپەڕ کات بەرەو پێشەوە، ئێمە ناچار بوین، بۆ پشت گیری بۆچونەکانمان لەبەرامبەریدا ـ بەهەق ـ کەڵک لەوان وەربگرین. بەو هیوایەی ئەم نوسراوەمان سەبارەت بەکێشە بەرنامەییەکان و مەسەلەی حزب یارمەتی هاوڕێیان بدات.

## ئەلف) ئۆپۆرتونیزم و واقعی خەبات: ڕەخنە لە پێناوی چیدا؟

ئاشکرایە ڕەخنە گرتن، بەتایبەت ڕەخنەی تیۆری و سیاسی لەلایەن گروپ و کەسە جیاوازەکانەوە، تەنیا بۆ «ڕەخنەگرتن» نیەو بەس، بەڵکو ڕەخنە بەدوای ئەو مەبەست و ئامانجانەدا دەڕوا کە لەلایەن هەلومەرجێکی مێژوویی و سیاسیەوە هاتونە پێشەوەو پێویستیان بە چارەکردن هەیە .

لەو ڕوانگەیەوە ڕەخنەگر، واتە کەسێک کە ئەرکی چارەکردنی کێشەکان لە ئەستۆ دەگرێت، تائەو جێگایەی هەست دەکات و توانای دەرکی هەیە ئەو کێشەو تەنگ و چەڵەمانەی بارودۆخی سیاسی و چینایەتی دەیسەپێنێ دەخاتە بەردەم و لە تێڕوانینی خۆیەوە چارەسەریان بۆ دەدۆزێتەوە و قامک لەسەر لەبارترین شێواز دادەنێت بۆ ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ وەزعی هەستپێکراودا .

لەو ڕووەوە چاکە بزانین ئایا ڕەخنەگری «البرنامج الایدیولوجی» هەمان کاری کردوە، یانی لەو ڕێسا ئێجگار گشتی و باوەی سەرەوە پەیڕەوی کردوەو وەک مارکسیستێک لە حاڵێکدا هەرچی لە بەرنامەی ئایدیۆلۆژی دەستەی « ف.ش.ع» (فصیلە الشیوعیین العراقیین) دایە ڕەت دەکاتەوە، بەدیلی زانستانەی نوێتر، واتە بەدیلی عەمەلی خستۆتە ڕوو وە هەوڵی داوە وەک کەسێکی لێپرسراو لەگەڵ مەسەلەی «بەرنامە»دا ڕەفتار بکات؟ یاخود بەپێچەوانە وەک کەسێک ڕەفتاری کردووە کە نان بە نرخی ڕۆژ دەکرێ و تەنیا تا جێگایەک کێشەکان دەخاتە بەردەم کە خزمەت بەقازانجەکانی بۆرژوازی بکات وە لەو ڕێگایەوە بەناوی مارکسیزمەوە داکۆکیەکی ئاشکراو بێپەردە لە ڕیڤیژنیزمی هاوچەرخ دەکات .

ئێستا باهەڵوێستەکانی ڕەخنەگری«بەرنامەی ئایدۆلۆژی» لەنزیکەوە بناسین.

ئەو مەسەلەیەی کە بنیاتنانی سۆشیالیزم و دامەزراندنی دکتاتۆری پرۆلیتاریا پێویستیەکی ناچاری بەهوشیاری ویەکگرتویی پرۆلیتاریا هەیە، وە مەرجی پێویستیش بۆ ئەو ڕێکخراوی و یەکگرتوییە حیزبی سەربەخۆی کرێکارانە، لای هەر کۆمۆنیستێک لە حوکمی ئەلف بای مارکسیزم دایەو، ناشێ بەهیچ بەهانەیەک نکۆڵی لێبکرێت، هەر لەوڕوانگەیەشەوە، گرنگینەدان بەو مەسەلەیەو هەوڵنەدان بۆ دەرهێنانی ئەو پرانسیپە مارکسیستیە لەبواری پراکتیکدا ــ لە هەلومەرجی مێژوویی دیاریکراودا ــ وە چارەسەرنەکردنی ئەو کێشانەی لەبواری تیۆری و سیاسیداوەک ڕێگرێک لەبەردەم پێکهێنانی حیزبدا خۆدەنوێنن، بەنیسبەت کەسێکی چەپی یەوە، هەڵوێستێکی ئۆپۆرتۆنیستی و لادەرانەیە.

خۆساغکردنەوەو یەکگرتن لەسەر بناغەی بەرنامەیەکی کۆمۆنیستی وەک پێشمەرجی دامەزراندنی حیزب، بەشێکی هەرە گرنگ لە خولی ئەوڕۆی ململانێی چینایەتی پرۆلیتاریای عیراقی پێکدەهێنێ و تەوەرەی خەباتی سیاسی کۆمۆنیستەکانەو ناسێنەری ناسنامەی چینایەتی و ئایدۆلۆژیانە. ڕۆڵی بەرنامەی کۆمۆنیستی لەم مەیدانەدا، واتە لەمەیدانی خەباتی چینایەتی ئەمڕۆدا بەرچاوە: بەرنامە دەتوانێ لەلایەکەوە سیمای جیاکەرەوەی کۆمۆنیستەکان بێ لە گروپ و ڕێکخراوە بورژوازی و

ورده بورژوازیەکان و، لەلایەکی دیکەوە، وەک مەرجێکی گیانی پێشڕەویکردن ڕووەو ڕێکخراوبونی قایمتری کۆمۆنیستەکان ڕۆڵی کاریگەر ببینێت. بەو شێوەیە خەبات بۆ بەرنامە لەمەیدانە فیکری و سیاسیەکانیدا بەشێک لەو پرۆسەیە لەخەباتی چینایەتی پێکدەهێنێت کە ئێستا، ***هەر ئێستا***، تایبەتمەندی و جیاکەرەوەی کۆمۆنیستەکانەو ناسێنەری ئەو خەباتەیە کە چەند ساڵێکە لەو بوارەدا درێژەی هەیە. کەواتە پشتکردنە بەرنامەو لەوێشەوە پشتکردنە حیزب، دەتوانێ کۆمەکێکی بەسودو شایان بە بورژوازی بکات.
زانینی ئەوەی کاک حەمید صادق سەبارەت بە کێشەی بەرنامەو حیزب چ هەڵوێست و داهێنانێکی نوێی هەیە بەکەڵکە. ئەو لەسەرەتای نوسراوەکەیدا ئەوە دەردەبڕێت کە هیواداره نوسراوەکەی تەئسیرێکی « بنیاتنەرانە » ی هەبێت، بەڵام «بنیاتنەر » بۆچی وە لەپێناوی چیدا و بە چ مەبەستێک، ئەوا ڕەخنەگر خۆی وەڵام دەداتەوە :

**« ... وە هەوڵ دەدەین ئەم نامیلکەیەمان هەنگاوێکی چالاکانە بێت لەسەر خستن و بەجێگەیاندنی مەبەست لە مونازەرات، وە لەسەر بناغەی دانانی ململانێی ئایدۆلۆژی دژی بیرکردنەوەو ئاقاره لادەرەکان کە هەندێک تاقم لەسەری دەڕۆن { ...} بەشێک بێت لە ململانێی چینایەتی، وە ئەرکێک و پێویستیەکی وا کە جێبەجێکردنی ناچارییە!»**
(رساله مختصره ل ١)

واتە مەبەستی کاک حەمید لەخستنەڕوی بۆچونەکانی و ڕەخنەگرتن لە بەرنامەی «فشع» تەنیا ژیاندنەوەی «مونازەرات» ە و بەس، مونازەرات لەنێوان « تاقمە پرۆلیتاریەکاندا »( ل ١)، ئەوەش بۆ **«نانی هەنگاوێکی چالاکانە لەسەر خستن و بەجێگەیاندنی مەبەست لە مونازەرات»** !! ... سەرئەنجامیش بۆ ئەوەی گشت ئەم «مونازەرات» ە وەک «ڕێسا»، بە بەشێک لە ململانێی چینایەتی دابنرێت و بە چاوی پێویست و ناچاری تەماشا بکرێ !
بەڵام ئەی مەبەست لە «مونازەرات»چی یە؟
ئایا ململانێی فیکری و مشتومڕ لەسەر کێشە تیۆریەکانی ئەمڕۆو سبەینێی خەباتی چینایەتی و سیاسی کرێکاران خۆیان لە خۆیاندا «ئامانج» ن یاخود «ئامراز» ن؟ ئایا کەسێکی خۆ بە مارکسیزان دەتوانێ بەخۆی بسەلمێنێ مەبەست لە «مونازەرات» تەنیا ململانەیەکی چینایەتی«پێویست و ناچارییە» ؟ ..
بەکورتی: ئایا مەبەست لە گشت ئەو دڵسۆزیانەی سەرەوەی ڕەخنەگر سەبارەت بە « ژیاندنەوەی مونازەرات » ( وەک بڵێی تا ئێستا مونازەرات جوڵەی نەبووبێ !) هێنانە

پێشەوەی بەرنامەیەکی کۆمۆنیستی هەمەلایەنەیە بۆ ئەوەی وەک هەنگاوێکی چارەنوسساز، دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیست بخاتە بەردەم پێشڕەوانی جولانەوەی ئێستا، یاخود تەنیا بۆ ئەوەی نوسراوەکەی وەک خزمەتێک بە «ململانێی چینایەتی» وەربگیرێت؟ بێگومان کەس هێندە سادە نیە بێ قولبونەوەو سەرنجدان لەگشت بۆچونەکانی ئەم ڕەخنەگرە وا بە زویی مەحکومی بکات و هێلێکی ڕاست وچەپ بەسەر نوسراوەکەیدا بهێنێ چونکە بەو شێوازە لەمەڕ کێشەیەکی گرنگی ئەمڕۆی خەباتی کۆمۆنیستی، وە خراپتر لەوەش لە بەرامبەریدا، مونازەرەو «ململانێی چینایەتی» ڕووت دەکاتە ئامانج و بەکردەوە حزب و بەرنامەی کۆمۆنیستی وەلا دەنێت.

بۆ چاکتر ڕونکردنەوەی ڕیشەی ئەو هەلوێستەی نوسەری «رسالە» پێویستە بەوردی سەرنج بدەینە سەرجەم نوسراوەکەی و، ئەو هۆکارانەی بونەتە ژێربینای هەلوێستەکانی و وەک پالنەرێک کاریان کردۆتە سەرخنکاندنی لە ئۆپۆرتۆنیزم دا بخەینە پێش چاو، وەبۆ پشتگیری ئەو بۆچونەش کە مەسەلەی بەرنامەو حزب لای کاک حەمید لەبناغەوە ئاشکران، لەهەمان ئەو نوسراوەیە چەند فاکت دەهێنینەوە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیە؛ پاشان سەبارەت بەهەلوێستی ڕێکخراوەییش لە چوارچێوەی «ئالای شۆڕش» دا (واتە ئەو ڕێکخراوەی کاک حەمید هەلسوڕانی تیا دەکات!) لەبارەی ڕێکخستنی حزبی کۆمۆنیستەوە ـ کە دەتوانێ زیاترهەلوێستگرتنەکەی «ڕەخنەگر» ڕوون بکاتەوە ـ چەند بەلگەیەک دەهێنینەوە.

لە لاپەڕەی ٢ دا کاتێک ڕەخنەگر دەیەوێت بە «فصیلە» بسەلمێنێ بەرنامەکەیان کۆمۆنیستی نیەو بە«وردی» و بەو شێوەیەی لە کۆنەوە «متعارف» ە لایداوە دەنوسێ :

**« دوای دیراسەکردن و پالاوتنی بەرنامەی ئایدۆلۆژی «فشع» تێبینیمان کرد دوورە لەبنەماکانی بەرنامەی پرۆلیتاری وەک هەموو لەسەری یەکدەنگن (متعارف) هەر لەسەردەمی مارکس و ئەنگلس و لینین ەوە»** (رسالە مختصرە ل ٢ )

بەم پێیە، وەک «ڕەخنەگر» ئیدیعا دەکات، دەبێ ئەوە ڕوون بوبێتەوە کە «بەرنامەی ئایدۆلۆژی» بەرنامەیەکی کۆمۆنیستی نیەو لە بنەماکانی مارکسیزم بەدوورە.

بەلام دیسان ئایا ڕەخنەگرتنی مارکسیستی لە بیروبۆچونە ناپرۆلیتاریەکان تەنیا بەمەبەستی ڕەتکردنەوە و نازانستی دانە قەلەمیانە؟ یان بۆ نیشاندانی زانستیانەترین بەدیلی سەلماو کەبتوانێ خزمەت بە خەباتی پرۆلیتاریا بکات و ئامانج و مەبەستیش لە خستنەڕووی بەرنامە ڕۆشن بکاتەوە و لەگەل ئەو وەزعە بابەتیەی خەباتی کۆمەلایەتی سەپاندوویەتی بە شێوەیەکی واقعبینانە گرێ دەدا؟

وەلامدانەوە بەم جۆرە پرسیارانە لەلایەن کەسێکەوە ئۆپۆرتۆنیزم تا مۆخی ئێسقان

کاری لێکردووەو بەسەری دا زاڵە، مەحاڵە ... کاک حەمید ڕەخنە لە بۆچونەکانی دەستەی «فشع» دەگرێ، بەرنامەکەیان ڕەتدەکاتەوە ، بەڵام بێئەوەی یەک وشە ، **تەنانەت یەک وشە** لەجێگای خۆیدا سەبارەت بەدەوری بەرنامە لە ڕێکخستنی حزبی کۆمۆنیستدا بکات و وەک پێویستیەکی ئەمڕۆی خەباتی چینی کرێکار پێی لەسەر دابگرێ.

ڕاستیەکەی تەنیا بە لۆجیکی کەسێکی ئۆپۆرتۆنیست دەشێ قسە لە بەرنامەو پێکهاتی بەندەکانی بەرنامە بکرێت بێئەوەی ئەو کێشەیە ـ کە هەلومەرجی بزوتنەوەی چەپی عیراقی لەو ڕووەوە سەپاندوویەتی ـ نەبەستریتەوە بەو وەزعە مێژوییەی بەحساب «مونازەرە» ی تیادەکرێ و بەپێویستبونی حزبەوە گرێنەدرێ.

نووسەری «رسالە» زۆر بە وشیاریەوە کاتێک باس لەوە دەکا دەبێ تەرکیبی بەرنامە چۆن بێت ولەوێوە پێناسی بەرنامە دەکات و دەیەوێ بە هۆی هێنانەوەی وتەی لینینە وە هەقانیەتی خۆی دژی «فصیلە» بسەپێنێ، ئاوا لە لینین نەقڵ دەکات: **«ڕاگەیاندنێکی کورت و ڕۆشن سەبارەت بە هەرچی حزب کاری بۆ دەکا و لەپێناویدا تێدەکۆشێ»** (رسالە مختصرە ل ٢)

دیارە ئەو وتەیەی لینین زۆر بە ئاشکرایی و وردی ڕۆڵی بەرنامە لە خەباتی کۆمۆنیستیدا دەردەخات بە شێوەیەک دەتوانرێ ئەوەی کۆمۆنیستەکان خەباتی بۆ دەکەن و هەوڵی بەدیهێنانی دەدەن تیایدا ببینرێت.

بەڵام دەبێ کاک حەمید ووشەی «حزب» ی نەدیبێ یان چاکتر بڵێین خۆی لێ گێل کردبێ، دەنا بۆ کەسێکی ڕەخنەگری «مارکسیست» ناشێ باس لە بەرنامەو گرنگیەکەی و ڕۆڵی لە خەباتی سیاسیدا بکات بێئەوەی تەئکیدێکی چینایەتی لەسەر مەفهومی ئەو بەڵگە سیاسی و ئایدۆلۆژی یە بکاتەوە لەگەڵ ڕێکخراوی سەربەخۆو هەمەلایەنەی کرێکاران دا! بەتێڕوانینێکی لەم جۆرە، دەبینین گوتەکەی لینین ڕێک پێچەوانەی ئەو بەرەنجامە بەدەستەوە دەدات کە کاکی ڕەخنەگر خۆی بۆ مەڵاس داوە: لینین هیچکات سەبارەت بە بەرنامەی ڕووت، بەرنامەیەکی بەدوور لە ڕێکخراوی سەربەخۆ، واتە بەرنامەیەک نەتوانێ لە ڕێگای حزبەوە ببێتە هێزێکی ماددی، نەدواوە.

لەحاڵێکی وادا، واتە لە حاڵی خۆگێلکردن لە ئەرکە سەرەکیەکانی خەباتی کۆمۆنیستی ئەمڕۆیی، گشت ئەو قسانەی«ڕەخنەگر» سەبارەت بە بابەتەکانی تری بەرنامە دەریدەبڕێت، یاخود دەربارەی خودی بەرنامە و پێویستبونی لە بەرامبەر دەستەی «فشع» دا پێیان لەسەر دادەگرێ، لەبەرامبەر گوتەکەی لینین دا پووچەڵ دەبنەوەو دەبنە دروشمێکی بێناوەڕۆک:

«مونازەرە» لە پێناوی «مونازەرە» دا! (ناشێ کاک حەمید بۆ خاتری هەندێک

ئیعتیباراتی دیبلۆماسی کە وەزعی خەباتی چەکداری لە بەرچاوی ئەو هێناونیەتە پێشەوە، چاو پۆشی لەو مەسەلە مەبدەئیە بکات !) .
گروپی ئێمە، بە ئاگاداری «ڕەخنەگر» یشەوە، هەر لەسەرەتاوە سەبارەت بە ڕێکخستنی هەمەلایەنەی کرێکارانی عیراق لە یەک حزبی سەربەخۆی چینایەتی دا تەئکیدی کردووە، تەنانەت کێشەی ڕێکخستنی حزب تا ئاستی بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی «ئالای شۆڕش» گرنگیان پێدراو لە کۆبونەوەو پلینیۆمەکانی دوایشدا دیسان پێیان لەسەرداگیرایەوە؛ بە تەئکید لە حاڵێکدا کە مەسەلەی حزبی سەرانسەری و بەرنامە بۆ ئەو حزبە بەندی بەرنامەیی و پەیڕەوەی ناوخۆیی ئەو گروپەن کە کاک حمید وابەستەیەتی، زیاترو زیاتر چاوپۆشیەکەی لەو مەسەلەیە دەخاتە خانەیەکی ڕیڤیژنیستی وئۆپۆرتۆنیستیەوە و دەربازبوونی لەوانە زەحمەتتر دەبێت.
ئێستا با سەرنج بدەینە هەڵویستی ڕێکخراوەیی.
**« پێویستی ڕێکخستنی پرۆلیتاریای یەکگرتو بەرژەوەندی کرێکاران و واقعی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە عیراقدا دەیسەپێنێ چونکە کرێکارانی عیراق یەک ئەرکی مێژوویی و چینایەتیان هەیە. « ئالای شۆڕش» وای بۆدەچێ کە یەکگرتنی هەموو دەستە پرۆلیتاریە شۆڕشگێڕەکانی عیراق یەکەمین هەنگاوی ڕێڕەوی بزوتنەوەی چینی کرێکاری عیراقە، بەرزکردنەوەی دروشمی «مونازەرە کردن ـ سەلماندن ـ یەکخستن» بەڵگەیەکی واقعیە بۆ تێکۆشان لە پێناوی کۆکردنەوەی ڕێکخراوە پرۆلیتاریەکان لە حزبێکی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینەدا، ئەو حزبەی کە دەتوانێ..»**
**( پەیڕەوی کاتی ناوخۆ ئایار ١٩٨٧)** .

( مادەی دووەم : ئامانجەکانی ئالای شۆڕش )
**« لەپێناوی ڕێکخستنی چینی کرێکارانی عیراق و بە هێزکردن و پتەوکردنی ڕیزەکانی بە مەبەستی یەکخستنی گروپەکانی لە حزبێکی یەکگرتووی پرۆلیتاریادا خەبات دەکات.»**
( پەیڕەوی ناوخۆی کاتی، پەسندکراوی پلینۆمی تەمووز ١٩٨٧)

لەگەڵ گشت ئەو بەڵگە ڕێکخراوەییانەی سەرەوەدا کە بێگومان دەبێ ڕەخنەگر ئاگای لێیان بووبێ، دەبینین ئاقاری گفتوگۆی کاک حمید بەهیچ شێوەیەک ڕووی لەو مەسەلەیە نیە، وەک بڵێی کێشەیەکی وا لەبناغەوە هەر نەشبووە! بەڵام ڕیشەی ئەوەی بۆچی « ڕەخنەگر »، لەگەڵ زانینی ئەوەی حزب پێویستیەکی خەباتی ئەمرۆیەو شاردنەوەی ڕۆڵی **خەباتی حزبی** ڕەفتارو بۆچونێکی ئۆپۆرتۆنیستی و لادەرانەیەو

پێشـێلکردن ـ یاخـودلانیکەم ـ کـارنەکـردنە بۆ بنەمـا ڕێکخـراوەییـەکـان بەو جـۆرە لەناوهێنانـی حزب خـۆ دەبوێری، دەتوانین بڵێین : ڕیڤـیـژنیـزم، بەتـایبـەت ڕیڤـیـژنیـزمی هـاوچەرخ (کـە کـاک حـەمید وەک دواتر دەبیـنین یەکێک لە لایەنگرانی«عیـراقی» یەتی و دەیەوێ بەم جـۆرە ئـوپـۆرتـۆنیـزمـە جـێگـایەک لەو تاقمـەدا بـۆخـۆی پەیدا بـکات)، بەهـۆی ڕەوتی ڕوو لە گەشەی ماکسیزمی واقعی و کرێکاری، لەهەر جۆرە جووڵەیەکی سیاسی کە بۆنی دژایەتیکردنی ڕیڤـیـژنیـزمی لێبێ هەراسـانەو نیگەرانی خـۆی تەنـهـا لـە ڕێگـای کەسـانی وەک «ڕەخنـەگر» ەوە دەردەبڕێ تا بەهـەر شـێوەیەک بووە ڕێگا لەو ڕەوتە ڕوو لە گـەشـەو پێـشـڕەویە بگـیـرێت کـە گـیـانی بیـرکـردنـەوەو ئـایدۆلۆژی لادەرانەیان دەخـاتـە مەترسیەوە. کـاک حەمیدیش بۆ وەڵامدانەوەو بە پیرەوەچونی ئەو لادانە ڕیڤیژنیستـیەو دەرهێنـانی بەکـردەوەی، دەیەوێ لـەگـەڵ گـرنگیـدان و بـەدەسـتـەوەگـرتنی **هەندێک** لەو دروشـمـانـەی کـە بزوتنەوەی کـۆمـۆنیـسـتی هـێناویەتە پـێـشـەوە، سـەرجـەم بـۆچونە مـارکسیـسـتیـەکان لەگـەڵ ڕیڤـیـژنیـزم دا لە قـاڵب بدات و بەو شـێوەیە خـزمـەتێک بە جیهانبینی بورژوازی بکاتەوە .

دروشمەکانی وەک «دیموکراسی شۆڕشگێڕ» «دیکتـاتۆری پرۆلیتاریا» و «سۆشیالیزم »، ئەو ڕێبازو ستـراتیژە چینایەتیانە بوون کە چینی کرێکارو پێشڕەوانی خوازیاریان بون و بەرزیـان کــردونەوە، هـەڵگرتنی ئەو دروشــمــانـەش هەر لـەســەرەتاوە، چ لـەلایەن ڕێکخـراوی ئێـمـەوە بوبێ یان لەلایـەن گروپ و تـاقـمـە کـۆمـۆنیسـتـیـەکـانی دیکەوە، بەشـێـوەیەک بووە کـە دژایەتی ڕیڤـیـژنیـزمی هـاوچـەرخـیـان لێ دانەبڕاوە و بەشـێکی چارەنوسدانەری لەو خەباتە پێکهێناوە کە بۆ بەدیهێنانی ئەو دروشمانە جێبەجێکراوە. ئێسـتـاش کـاک حـەمـید هـاتووە هـەمـان ئەو دروشـمـانە بەرزدەکاتەوە و واخـۆدەنوێنێ ئەویش هـاوشـانـی بزوتنەوەی مارکسیزمی واقعی یە، بەڵام کاتێ وەئاگادێتەوەو دەبینێ خودی بەدەستەوەگرتنی ئەو دروشمانە پێویستـیەکی ناچاریان بـە «ئامرازێک» هەیە بۆ وەدیهێنـانیـان ـ واتە پێویسـتیـان بە حـیزبێکی شـۆڕشگێڕی چینـایەتی یە ـ دوچاری هەمان ئەو «هەڵوێست» ە بوە کە هەرکەسێکی ڕیڤیژنیستی بەدەر لەڕێکخراوی ڕەسمی ڕڤـیــژنیــزمی هـاوچەرخ واتە «حــشـع» بە نـاچار توشـی ئەبێ. ئەوەش چونکە وەزعی ئێسـتـای ڕیڤیژنیزمی هـاوچەرخی ڕەسـمی عیراق بۆ هەڵگرتنی ئەو جۆرە دروشـمـانە لەگەڵ ستراتیژی سۆڤیەت دا لە ناوچەکە لێک نایەنەوەو پێکەوە گرێ نادرێن ..

لەم حاڵەدا، بێپرەنسیپی تەنیا پەناگایە کەدەتوانێ ئەم حـاڵەتە ڕیاکاری و فریودەرانەیە بۆ «ڕەخنـەگـر» مـان قـەرەبوو بکاتەوە! ئەو دەرسـەش کـە دەتوانرێ لەم «سـیـاسـەت»ەی نوسـەری«رسـالـە» ە وە فـێـری ببین ئەمـەیە: ڕیڤـیـژنیـزمـی ڕوسی دەرەوەی « حـشـع» لەهەلومـەرجی ئێسـتـای ئۆپۆزیسـیـۆنی عیـراقـیدا، هـەرگـیـز **ناتوانێ و ڕێگای نادرێ** تا

ئاستی دامەزراندنی حزب هەنگاو بنێ و دروشم بەرهەمبهێنێ ! چونکە هەبوونی حیزبێکی سەربەخۆ بۆ کرێکاران ــ یاخود بەناوی کرێکارانەوە ــ ، ڕەتکەرەوەی ئەو بارودۆخەیە ڕیڤیژنیزم خوازیاریەتی و دەبێتە هۆی ئاشکرابوونی زیاتری ماهیەتی ئۆپۆرتۆنیستی ڕیفۆمیستی «حشع» وەک نوێنەرێکی قەدیمی و «کارامە»ی ئەو هێڵە فیکریە لە ئاستی عیراقدا .

دیسان بگەڕێینەوە سەر ڕەخنەکان .

ڕەخنەگر ــ وەک کەسێک خۆی ئێجگار لایەق و کۆنەکار دەبینێ لە ئیشەکەیدا ــ دەیەوێت وا نیشانبدات ڕەخنەگرتن و ڕەتکردنەوەی سەرجەم بۆچونەکانی «فشع» بە«کن فیکون» ێکەو بەئاسانی بەدەستەوە دێت، لە پەنای هێرشبردنە سەر «بەرنامەی ئایدیۆلۆژی»، هەوڵدەدات کەسانێکی تریش بەوانەوە بلکێنێ و بە حساب بە تیرێک دو نیشانە بپێکێت. ئەو لەو بارەوە بەراوردێکی نەگونجاوی لەنێوان وەزعی ساڵەکانی ١٨٤٥ ـ ١٨٤٦ ئەڵمانیاو وەزعی ١٩٨٧ ی عیراقدا کردوەو وەک یەکی بینیون:

**«ئێمە لەم هەلومەرجەدا دەتوانین ململانێی ئایدۆلۆژیمان لەگەڵ کەسانێکدا کۆوەکەین کە بەرخۆلەن و خۆیان و هەندێک کەس ( ! ) بەگورگیان دادەنێن!».** ( رسالە مختصرە ل ٢ نیشانەکان هی ئەسڵەکەن).

واتە دەستەی «فشع» لە ڕاستیدا بەرخۆلەن، بەڵام خۆیان و هەندێ کەسی تریش ( کاک حمید ناڵێ ئەو کەسانە کێن ) ئەوان بە گورگ دەزانن.

پێویست ناکات دەربارەی ماهیەتی ئەم جۆرە پەلامارە لابەلاییانە بدوێین، دواتر، لە درێژەی موناقەشەی بۆچونەکانی ڕەخنەگردا دەتوانین زیاتر شارەزای کاکڵەی مەسەلەکە ببین و تێبگەین ئەو هەڕەشەو تورەییە سەرچاوەکەی لە کوێوە هاتووە.

بەڵام هەقە ئەو پرسیارە بکرێ : ئایا بۆ کەسێکی هێندە شارەزاو لە خۆڕادیو ڕەوایە مەسەلەی حزبی پرۆلیتاریای بیر بچێت؟ بە تایبەت کاتێک ئیدیعای ئەو هەموو «ململانێ ئایدۆلۆژی» یە دەکات لە بەرامبەر«فشع» دا ...

چاکە بۆ ئیسپاتکردنی ئەوەی نوسەری «رسالە» بە ئەنقەست مەسەلەی حزبی لە باسەکانیدا هەڵاواردوە چەند بەڵگە بهێنینەوە، بە وشیاربوون لەوەش کە وابەستەیی فکری و عەمەلی «ڕەخنەگر» لە گشت حاڵەتێکدا ئەوپاڵنەرە سیاسیەیە کە ناچاری دەکات جگە لەو شێوە «ململانێ» یە نەتوانێت هیچ ڕێبازێکی دیکە بگرێت و سەرەنجام خۆی لە قەرەی «حیزب» نەدات و ڕێبازی مارکسیزم و شۆڕشگێڕانە وەلا بنێت.

له دوایین بەشی وتاری کاک حەمیددا گوتەیەکی لینین هێنراوە کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەمان مەبەست، واتە ڕێکخراوبون و یەکگرتن لە چوارچێوەی حیزبدا دەگەیەنێت، لینین دەڵێ:

**« ئێمە پێویستیمان بە یەکگرتنی مارکسیستەکان هەیە نەک بە یەکگرتنی مارکسیستەکان لەگەڵ دوژمنانی مارکسیزم و تێکدەرانیدا »** (ل ٢١)

هێنانەوەی ئەم ڕستەیەی لینین، ئەویش لە **دوایین ڕستەی** نوسراوەی «رسالە» دا، تەنیا ئەوە دەخاتە بیری خوێنەرەوە کەڕەخنەگریش ــ وەک لینین ـ ئەو مەسەلەیە بە کەم دانانێت، واتە، بە شێوەیەکی تر، لەوە بە ئاگایە کە ڕێکخراوبون و یەکگرتنی حزبی پێویستەو ناچاریە.

بەم پێیە ئەوە ساغ دەبێتەوە کە **عەقڵی تیۆری** کاک حەمید ئەوە دەرک دەکات پرۆلیتاریای عێراق پێویستی بە حزب هەیەو بێ هەبونی ئەو حزبە لە درێژماوەدا ململانێی چینایەتی بێهودەیەو لەم هەلومەرجەدا ئەو کێشەیە بۆ پێشرەوانی بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی عیراقی کێشەیەکی دەسبەجێیە، بەڵام، ماهیەتی ڕیڤیژنیستی و ئۆپۆرتۆنیستی بیرکردنەوەی ئەم ڕەخنەگرە وا دەکا **عەقڵی پراتیک** ی یەکەی سەرپێچی لەو بۆچونانە بکات کە دەبێ بەکردەوە هەرکەسێکی مارکسیستی واقعی پەیرەویان لێبکات و خەباتی خۆی لەپێناویاندا تەرخان بکات: **«ئێمە پێویستی مان بە یەکگرتنی مارکسیستەکانە»** ئەوە حوکمێکی تاکتیکی یاخود بۆچونێکی سیاسی نیە خۆلادان لێی قەرەبوو بکرێتەوە، بەڵکە پێویستیەکی هەمیشەیی خەباتی پرۆلیتاریایەو لە حوکمی بنەماکانی مارکسیزم دایە و وەلکردنی تەنیا بۆ کەسێکی لادەر قابیلی بەخشینە.

وەلانانی ئەرکەکانی ئەورۆی خەباتی کۆمۆنیستی و قەبەکردنەوەی ئەو کێشانەی چارەسەریان هی وەزعێکی جیاوازو هەلومەرجێکی دیکەیە، یەکێکی تر لە داهێنانە ئۆپۆرتۆنیستیەکانی «ڕەخنەگر» ی «بەرنامەی ئایدۆلۆژیە».

ئەو لە هەمان حاڵدا کە بەهیچ شێوەیەک خۆی لە باسی حزب و پێویستیەکەی بۆ خەباتی ئەمڕۆ نەدا، سەبارەت بە «پێشڕەو» بوونی ئەو حیزبە (واتە ئەو حیزبەی هێشتا نیە !) زۆر بە گەرموگوڕی پێدادەگرێ ( ل ٦ ) وە لە قۆناغی دیموکراتی شۆڕشگێڕدا بە کۆڵەکەی ڕابەریکردنی دەوڵەتی دەژمێرێ !

داکۆکیکردن لە هەبوونی ڕێکخراوی پێشڕەو لەو هەلومەرجەی لەسەرەوە ئاماژەی پێ کرا، واتە لە وەزعێکدا کە ئیدی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش هێزی خۆیان هێناوەتە مەیدان دژی چەوسانەوەو زوڵم، بە هیچ کلۆجێک ناتوانێ ئۆپۆرتۆنیزمی«ڕەخنەگر» سەبارەت بە داکۆکیکردن لە نەبوونی حیزب لە هەلومەرجی

ئێستادا بسڕێتەوە، جوینەوەی زیاتری وتەکانی لینین یش لەو تێڕوانینەوە زۆرتر کۆمەک بە ئاشکرابوونی ڕیڤیژنیزمی عەمەلی ئەو دەکات. هێنانی ئەم ڕستانەش: « بەبێ وشیاری چینایەتی جەماوەرو ڕێکخراوی یان، بەبێ ئامادەکردن و فێرکردنیان لە ڕێگای خەباتی چینایەتی توندوتیژەوە دژی بورژوازی بەگشتی، ناکرێ قسە لە شۆڕشی سۆشیالیستی بکرێت» (رسالە مختصرە : ل ٧) نەک هەرنابنە پاڵپشتی بۆچونەکانی ئەو دژی دەستەی«فشع» بەڵکە زیاتر تاوانباری دەکەن لەمەڕ مەسەلەی ناو براو.

ئەو گوتەیەش، نەک تەنیا بەسەر هەلومەرجێکی شۆڕشگێڕی و نائاساییدا واقعبینانەو زانستانەیە (وەک کاک حمید دەیەوێ وا دەربخات)، بەڵکە بۆ سەرجەم قۆناغ و خولەکانی خەباتی پرۆلیتاریا لە هەرچی پێویستیەکی دی پێویستترن، کەچی ڕەخنەگرمان بڕیاری داوە لە مارکسیزم و لینینیزم، نەک ئەوەی بۆ واقعی خەباتی کرێکاران دەگونجێ، بەڵکە ئەوەی بۆ دژایەتی دەستەی«فشع» لە ڕوانگەی ئەوەوە گونجاوە «سود» وەرگرێ.

ڕەنگە بێجێ نەبێ سەرلەنوێ ئەوە بخەینەوە بیری خوێنەر: بۆچی «ڕەخنەگر» وەک شمشێری دامۆکلس هەڕەشە لە گیانی بکات خۆی لە ڕێکخراوی سەربەخۆی پرۆلیتاریا بوارد؟ لە حاڵێکدا بەپێی بەڵگە ڕێکخراوەییەکانمان بوایە یاخود بەپێی بەرەنجامە تیۆریەکانی خۆی، دەبوا هەڵوێستی بەو شێوەیە نەبوایە. ڕیشەی ئەو پراتیکە، وەک چەند جاری دیکەش ئیشارەمان پێدا، لە بیرکردنەوەی ڕیڤیژنیستی لە لایەک، وە لە باری سیاسی و پراتیکیشەوە وەک نیشاندانی چرای سەوزە بە نوێنەری ڕەسمی ئەو بیر کردنەوەیە لە ناوخۆی عیراقدا، تا بە هێما پێیان بڵێ : ئێمەش هەین!

## ب) کاک حمید و واقعی ئابووری عیراق: شیکردنەوەی زانستی یا سەفسەتە ؟

ئابوری سیاسی زانستی بەشێکی بناغەیی لە سەرجەم جیهانبینی مارکسی پێک دەهێنێ و، لە ڕاستیدا سەرەکیترین بەشی ئەو تیۆرە زانستیەیە کە لە دۆزینەوەو یەکالاکردنەوەی یاسا گشتیەکانی کۆمەڵگای نوێدا چاکترین کۆمەکی تیۆری بە پێشڕەوانی جولانەوەی سیاسی پرۆلیتاریا کردوە .

لەو ڕوانگەیەوە دەبێ «ئابوری سیاسی» مارکسی وەک زانستێک لەگەڵیدا مامەڵە بکرێت و هەموو ئەوانەی ئیدیعای هەڵگرتنی بیروباوەڕی کۆمۆنیستی یان هەیە، چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکرێ لە ناسین و زانینی ئەو ڕێساو یاسایانەی لە هەر جێگایەکی ئێستای جیهاندا دەتوانرێ لەباری و دروستیان لە محەکی تاقیکردنەوەدا

بەسەرکەوتوییەوە دەربچێت، سود وەربگرن و لە جەرگەی ململانێی چینایەتی بورژوازی و پرۆلیتاریادا وەک چەکێکی کاریگەری زانستانە بۆ بەدیهێنانی سۆسیالیزم بەکاری بهێنین، یاخود ــ لانیکەم ئەگەر نەتوانرێ بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە ئەو تیۆرە بەکار بهێنرێت ــ لە شێواندن و بەلارێدابردنیدا نەبنە هاوبەش.

پێشتر ئێمە ڕەفتاری «مارکسیستانە»ی کاک حەمیدمان سەبارەت بە مەسەلەی بەرنامەو حیزبی پرۆلیتاری بینی، جێگایەتی ئێستاش بزانین دەربارەی ئابوری عیراق و پەیوەندی ئەو وەزعە کۆمەلایەتی ـ ئابوری یەی ئەمڕۆ تیایدا دەسەلاتدارە، چ داهێنان و دۆزینەوەیەکی نوێ ی پێشکەش بە زانستی ئابوریناسی کردوەو، ڕۆڵی «شیکردنەوە» ئابوریە نوێکانی ئەو چ دەورو تەئسیرێکیان لە ئەنجامگرتنە سیاسی و چینایەتیەکاندا هەیە... وە بەو شێوەیە، وەک ڕەخنەگرێکی بەتوانا چ ئاسۆیەکی دیاریکراو بۆ ئایندەی ململانێ ی چینایەتی کرێکاران دەخاتەڕوو.

بۆ ئەوەی بتوانین مەبەستەکانمان چاکتر فۆرمۆلە بکەین و هەڵە سەیرو قەبەکانی نوسەری «رسالە» چاکتر ئاوەلا بکەینەوە، سەرەتا چۆنیەتی تێڕوانینی مارکس لە شیتەڵکردنەوەی کۆمەڵگای سەرمایەداریدا باس دەکەین، دواتر شیکردنەوەو هەڵوێستی دەستەی «فشع» دەخەینە ڕوو، لەکۆتاییشدا دێینە سەر ڕەخنەکانی «ڕەخنەگر» لە بەرنامەی ئایدۆلۆژی.

١ـ خاڵی دەستپێکردنی **مارکس** لە شیکردنەوەی کۆمەڵگای سەرمایەداریدا بەکارهێنانی داهێنەرانەی **تەجریدە**. هۆی بەکارهێنانی ئەو شێوازەش لەوەدایە کە : سەرمایەداری وەک فۆرماسیۆنێکی ئابوری و کۆمەلایەتی، خاوەنی ئاڵۆزترین و تێکچڕژاوترین پەیوەندی ئابوری سیاسی و فەرهەنگی، وە جۆرەها دەزگاو دامەزراوی نوێ یە کە جەوهەری سەرمایەداری بەبێ ئەوانە ناتوانێ بێتە ئاراوەو، سیمای مێژوویی سەرمایەداریش تەنیا لەڕێی ئەوانەوە دەتوانێ خۆی بناسێنێ و لە قۆناغەکانی پێشوتری گەشەی کۆمەڵگا جیا ببێتەوە. لەم خاڵەوە، واتە بە هەبونی تێکچڕژاوترین پەیوەندی لە هەناوی ئەم سیستەمەدا کە سەرتاسەری جیهانی نوێ ی خاوەندارێتی دەتوانێ خۆی پێ وەسف بکات و وەک نیزامێکی جیاواز لە شێوازی بەرهەمهێنان و دابەشکردن و گۆڕینەوەدا، وەخاوەن یاساو هەڵسوڕانێکی هەناوی نوێتر، بەدیهیترین دیاردە بۆ شیکردنەوەی ئەم فۆرماسیۆنە لە بواری ئابوریەوە، سەلمێنەری دروستی و زانستانەبونی ئەو شێوازەی مارکس ە لە مەیدانی شیکردنەوەی لۆژیکیدا.

هەوڵدان بۆ یەکالاکردنی نیزامی سەرمایەداری بە پێچەوانەی ئەو شێوە تێڕوانینەی مارکسەوە، واتە دەستپێکردن لە لق و بەشە جۆراو جۆرە پێکهێنەرەکانی سیستەمی

بورژوازی بەرهەمهێنانەوە، هەر لەیەکەمین سەرنجەوە بێهودەییەکەی ئاشکرایە، بەتایبەت لە حاڵێکدا بزانین مارکسیزم تەنیا لەو شێوە تێڕوانینەوە توانیویەتی هەقانیەتی زانستانەی خۆی لە بەرامبەر سەرجەم تێڕوانیە بورژوازیەکاندا بەئەنجام بگەیەنێت.

کەواتە خستنەگەڕو کەڵکوەرگرتن لە شێوازی تەجریدی، بەو واتایەی کە گشتیترین و سادەترین، وە لەهەمان کاتدا ڕوتترین مەفاهیمی ئابوری کە نوێنەرەوەو ڕەنگدەرەوەی واقعیکی **هەبووی** ئابوری بن وەربێگیرێت، ئنجا هەنگاونان و پەلهاویشتن بۆ شیکردنەوەی دیاردە دیاریکراوەکانی هەناوی سەرمایەداری لە ڕێگای مەفاهیمی دیاریکراوترەوە، تاقە ڕێبازە کە دەتوانێ بەرەنجامی زانستانەی وای بەدوادا بێت کە بۆ ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو، یان لەوەش زیاتر، بۆ پراتیکی سیاسی ــ چینایەتی جێگای متمانە بێت و خزمەت بە ئامانجی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران بکات.

ئەو ڕاستیەی کە **مارکس** بە پشتبەستن و بەکارهێنانی شێوازی تەجریدی توانیویەتی سەرکەوتوانەترین ڕەخنە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری بگرێت و ئەو نیزامە کۆمەڵایەتیە بخاتە ژێر نەشتەری یەکالاکردنەوەیەکی هەمەلایەنەوە، بە ڕۆشنترین شێوە لە نوسراوی سەرەکی مارکس واتە لە کتێبی «سەرمایە» دا دەتوانرێ ببینرێت .

شایەنی سەرنجە ئەم شێوازەی مارکس لە شیکردنەوەدا، واتە گوێنەدان بە مەفاهیمە موشەخەسەکانی سیستمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە سەرەتاوەو، وەلانانی هەر جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی لاوەکی و بەدەستەوەگرتنی گشتیترین و سادەترین مەفهوم کە دەرخەری گشتیترین و سادەترین سیماو جەوهەری واقع بێت بۆ دۆزینەوەی دیاردە شاراوەو ئاڵۆزەکانی تر لە ڕێگای مەفاهیم و مەقوەلاتی ئاڵۆز ترەوە، بناغەی میتدۆلۆژی زانستانەی مارکس پێکدەهێنێت.

مارکس دەربارەی بایەخی تەجرید لە دۆزینەوەی قانونمەندیە ئابوریەکاندا دەڵێ **«لە شیکردنەوەی شێوازە ئابوریەکاندا نە میکرۆسکۆب بەکار دێت و نە ناسێنەرە کیمیاویەکان ، هێزی تەجرید دەبێ لەجێی هەر دوکیان دابنرێت»**(۱)

زانینی ئەوەی کە دەستگەیشتن بەو شێوازەی مارکس هەروا هاسان نیەو خۆبەخۆ بەدەستەوە نایەت، دەتوانی ڕۆڵی مارکس لە بواری ئابوریناسیدا چاکتر ڕۆشن بکاتەوە. **هیگڵ** لەبارەی دۆزینەوەی سەرەداوی شیکردنەوەی تەجریدیدا وتویە:

**« لە پرۆسەی لێکۆڵینەوەی زانستیدا، گرنگ ئەوەیە سەرەکی موشەخەس بکرێ و لە بەرامبەر بە حساب ناسەرەکیدا بەرجەستە ببێت، بەڵام بۆ بەدەستهێنانی ئەمە دەبێ بزانین سەرەکی کامەیە»**(۲)

ئەو ڕاستیەی کە مارکس توانیویەتی بەردەوام **سەرەکی** بدۆزێتەوەو لە بەرامبەر

**ناسەرەکیدا** دیاریبکات، ناتوانیٚ جیٚی گومان بێت، مەزنی ئەو لەبواری ئابوری سیاسیدا، هەر وەک لە گشت بوارەکانی دیکەش دا، تا ئەندازەیەکی بەرچاو لەوەوە سەرچاوە دەگریٚ کە مارکس تا چ ئەندازەیەکی بلیمەتی توانیویەتی لەو شێوازە زانستیە کەڵک وەربگریٚ و لە کارەکانیدا پەرەی پیٚ بدات.

بەو شێوەیە **ئەرکی تەجرید** لە تێروانینی مارکسیستیدا دەشیٚ لەوەدا پوختە بکرێتەوە: سەرەکی لە ناسەرەکی جیا بکاتەوەو بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی ئاسانی بکات .

ڕای مارکس سەبارەت بە چۆنیەتی تێڕوانین بۆ نیزامی سەرمایەداری بەشێوەیەکی دیاریکراو چاکتر یارمەتیمان دەدات :

**«سەرمایە دەسەڵاتی موتلەقی کۆمەڵگای بورژوایە و دەبیٚ خاڵی دەستپێکردن وە هەروەها خاڵی کۆتاییهێنان بێت.»**(٣)

بەڵام **خاڵی دەستپێکردن** بۆ یەکاڵاکردنەوەی سەرمایە چییە؟

لای مارکس، وەک لە کتێبی «سەرمایە» دا دیارە، خاڵی دەستپێکردن بۆ شیکردنەوەی کۆمەڵی نویٚ ی سەرمایەداری«کاڵاکان» ن.

لەباری شیکردنەوەوە **کاڵا** ئەو چەمکە هەرە گشتی و موجەڕەدەیە کە دەشیٚ تەنیا لەوەوە ڕووەو ڕەهەندە جیاوازو مەفاهیمە موشەخەسەکان هەنگاو بنرێت. لەباری پراتیکیشەوە «کاڵا» دەرخەری گشتیترین و سادەترین پەیوەندیەکانی نیزامی سەرمایەداریەو ئەو دیاردە زەقەیە کە دەتوانریٚ وەک نیشاندەرێکی واقعی گشت پەیوەندەکانی دیکە چاوی لێبکریٚ. بەو شێوەیە **کاڵا** سادەترین «خاڵ» ە چاوەڕوان دەکریٚ دەسپێک لەوەوە سەرەنجامی پێویست بەدەستەوە بدات و پەیوەندەکانی نێوان کارو سەرمایە (کرێکارو سەرمایەدار) کە ناکۆکی ڕیشەیی و ئینسانی ناو کۆمەڵی بورژوازین بە ڕۆشنترین شێوە ڕونبکاتەوە.

پاساوی **مارکس** بۆ بەکار هێنانی ئەو شێوازەی لەسەرەوە باسمان کرد بەم جۆرەیە:

**« لەحاڵێکدا دەتوانریٚ بە شیکردنەوەی هەنگاو بە هەنگاو بە مەفاهیمی هەرچی سادەتر بگەین، واتە لە واقعی مەلموس و موشەخەسەوە کەمکەم بگەینە تەجریداتی وردترو سەرەنجام سادەترین مەقوەلات و مەفاهیم بە دەستبهێنین، لێرەدا دەستپێکردنێکی پێچەوانە پێویستە: واتە دەبیٚ لە مەفاهیمە موجەڕەدەکانەوە دەستپێبکرێت و جارێکیتر بگەینەوە توخمە واقعی و موشەخەسەکان، بۆ نمونە بگەینەوە ژمارەی دانیشتوان»**(٤)

بە پشتبەستن بەو ڕاستیانەی سەرەوە بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر پەیوەندەکانی بەرهەمهێنان و گۆڕینەوەو سیما جیاکانی تری کۆمەڵگای سەرمایەداری، پێویستە خاڵی دەستپێکردنی هەر شیکردنەوەیەکی مارکسیستی هەمان ئەو شێوازەی

شیـتـەڵکردنـەوە بێت کـە مـارکس گرتویەتیـەبەر، ئاشکرایـە جگە لەو شێـوازەش، هیچ ڕێچکەیەکی دی ناتوانێ پەی بە چارەکردنی ئەو کێشـانە ببات کە بەنیسبەت کەسێکی مـارکسیـسـتـەوە لە یەکـالاکـردنەوەی وەزعی ئابوری ـ کۆمـەڵایەتی وڵاتێکدا پێویستن. کەواتـە، گەر سـەرەتای شیکردنەوەی مـارکس بۆ سیستـمی سـەرمـایەداری لە پەیوەندی نێوان کارو سەرمایەوە بێت لەڕێگای «کاڵا» کانەوە، دەتوانرێ بە شێوەیەکی گشتی ئەو میتۆدە تەعمیم بکرێ لەسـەر کۆمـەڵگایەکی دیکەی سەرمایەداری و، دەبێ لەوێوە، واتە لەپەیوەندی بنـاغـەیی و سـەرەکی سـیـسـتـمی سـەرمـایەداریەوە هـەنگاو بنرێ و بەشێوەیەکی سیستماتیک ڕووەو دیارە موشەخەسەکان جوڵە بکرێ تا لەو ڕێگەیەوە لق و بەش و باڵەکانی ئەم سـەرمایەیەش شیتـەڵ بکرێتەوەو لەمەیدانی خـەباتی چینایەتیدا، واتە لە بواری پراتیکی سیاسیدا ببنە ڕێنیشاندەر.

٢ـ «بەرنامەی ئایدۆلۆژی» دەستـەی « فشع» واقـعێکی گشـتی و بەدیهی وایان سەبارەت بە سیستـمی ئابوری دەسـەڵاتدار دەربڕیوە کە سـەیر نیـە لەهەر بەرنامەیەکی دیکەشـدا بگونجـێنرێت، واتـە بۆ ئەو ڕێکخـراوە بورژوازی و وردە بورژوازیانـەی مـارکـسـیـزم لینینیـزم یش بـاس ناکـەن و وەک ڕێنوێنی هەمـەلایەنەی لەقـەڵەم نـادەن. ئەوان لە بەندی دووەمی بەرنامەکەیاندا (کە کاک حەمید دواتر«ڕەخنە»ی لێگرتوە) نوسیویانە:
**«کۆمەڵگای عیراقی کۆمەڵگایەکی سـەرمایەداریـە، ململانێی بزوێنەری کۆمەڵ ناکۆکی نێوان سـەرمایەوکار، نێوان خـاوەندارێتی تایبەتی و کۆمـەڵایەتیبوونی کـارە. جوڵانەوەی ڕوو لە پێشی کـۆمـەڵگای عیـراق هـەرچی بەهـێزترو ڕۆشنتـر ڕووەو جـەمسـەربەندیەکی چینایـەتی دەڕوات، بۆیە پاشـمـاوەکـانی بەرهـەمـهێنانی دەسـتیی ڕووەو فـەوتان دەچێ لەگەڵ ئەو جـولانەوەیەدا کـە گەشـەکـردنی نیزامی سـەرمـایەداری لە جیـهـانـدا پشـتی دەگرێ.»** ( بەرنامەی ئایدۆلۆژی : ب ٢)

دەستەی «فشع» لەوەدا کە گشـتیترین یاسـای ئابوری ئێستایان بە «سـەرمایەداری» لە بەرنامـەکەیاندا گونجـاندوەو ئەوەش کە هـەر نیزامێکی سەرمـایەداری ناکۆکیـەکـەی لە نێـوان مـڵکایەتی تایبـەتی و کـۆمـەڵایەتیـبـوونی کـاردایە . . . هـتـد، چ دۆزینەوەو داهێنانێکی نوێیان بەنسیب نەبوە، ئەم بۆچونە سەبارەت بە بڕیارەکـانی دیکەشیان لەو بڕگەیەدا هـەر ڕاستـە. بەڵام بێگومـان مەبەست لەو وشـانەی سەرەوە بەو مـانـایە نیە ئەو بۆچونانەی«فشع» سەبارەت بە دیاریکردنی کۆمەڵگای عیراقی هەڵەن و نازانستیانەن : کـەمـوکوڕی بەندی ٢ی« بەرنامـەی ئایدۆلۆژی » تەنیا لـەو بۆچونانەدا نیـە دەربڕیـبڕیون، بەڵکو لـەو کێشـەو مـەسـەلانەدایـە کە بەلایاندا نەچـوەو بـاسی لێوە نەکـردون، واتە ئەو

مەسەلانەی دەبوا لەبەشی **ئابوری** «بەرنامەی ئایدۆلۆژی» دا فۆرمۆلەکرابان؛ چونکە ئەوەی دەبێ لە ڕووی ئابوریەوە لە بەرنامەیەکی کۆمۆنیستیدا بخرێتە ڕوو تەنیا ناساندنی سیما گشتیەکانی کۆمەڵگای دیاریکراو نیەو بەس (ئەو سیمایانەی لە گشت جیهاندا هاوبەشن !) بەڵکو **واوەترچونە** لە سیما گشتیەکان و قولبونەوەیە لەو تایبەتمەندی و سیما تاقانە ئابوری و کۆمەڵایەتیانەی هەیکەلی سیستەمەکە دەگۆڕن و سەربەخۆییەکی مێژوویی پێدەدەن، پاشان هەنگاونان بۆ دۆزینەوەی ئەو کاریگەریە جۆراو جۆرانەی لەو سیما تاقانەیەوە سەرچاوە دەگرن و لە ڕیزبەندی چینەکان و دیاریکردنی قۆناغ و سروشتی شۆڕش و هێزە کۆمەڵایەتیەکاندا کەمو زۆر ڕۆڵێک دەبینن.

بەبێ ئەوە، واتە بێ دۆزینەوەی بەش و کەرتە جیاجیاکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لەگشت دا، بەهیچ شێوەیەک بەرنامە ناتوانێ کامڵ بێت و خزمەت بە بزوتنەوەی سیاسی و چینایەتی کرێکاران بکات و هەر لەیەکەمین هەنگاوەوە بواری جۆرەها شیکردنەوەو بەرەنجامی عەمەلی وەک ڕیفۆرمیزم، پۆپۆلیزم ... ی بەدوادا دێت.

بەکورتی ئەوەی بۆچونەکانی «بەرنامەی ئایدۆلۆژی» لە مارکسیزم دور دەخاتەوە ئەوەنیە سەبارەت بە واقعی ئێستای عیراق گوتویانە، بەڵکە ئەو دیاردە کۆنکرێتانەن کە ئاماژەیان پێ نەکردون.

پێویستی بە چەندبارەکردنەوە نیە بڵێین : تا بەرنامە بە وردی و قوڵی لە بنەما ئابوریەکان بکۆڵێتەوە حوکمە سیاسی و ستراتیژیەکانیشی بەو شێوەیە واقیعبینانەتر دەبن. لەم ڕووەوە هیچ سەیر نیە بەندی ٢ ی بەرنامەی ناوبراو بەرەنجامی سیاسی ناچاری خۆی بەم شێوەیە لە بەندی ٤ دا بەدەستەوە بدات:

**« قۆناغی شۆڕش، شۆڕشی سۆشیالیستی یە هاوشان لەگەڵ شۆڕش لە جیهاندا..»**
( بەرنامەی ئایدۆلۆژی : ب ٤)

«**شۆڕشی سۆشیالیستی**» لەگەڵ «**شۆڕش لە جیهاندا**» !

بێگومان ئەو هەموو گشتی وتنەی بەندی ٢ دەبێ ئەم وێناکردنە ئۆتۆپیستیەی بەدوادا بێت.

ئێمە لێرەدا بەدوای بەرنامەی « فشع» دا ناڕۆین و دەچینەوە سەر«ڕەخنە» نوێکانی «ڕەخنەگر» لە بواری ئابوریداو ڕێک لە بەرامبەر بەندی ( ٢ ) دا. ئەوەش چونکە بۆچونەکانی ڕەخنەگر، بە بەراورد لەگەڵ بۆچونوکانی «فشع» دا چەندەها هەنگاو گەڕانەوەن بۆ دواوە، یان چاکتر بڵێین، فریان بەسەر ئابوریناسی زانستیەوە نیە.

بەڵام پێش ئەوەی بچینە سەر ڕونکردنەوەو دەرخستنی هەڵە قەبەکان، پێویستە پەنجە

بۆ ئەو ڕاستیە ڕابکێشین کە لەبەندی ٢ی بەرنامەی ناوبراودا، ئەو شێوازەی مارکس بۆ یەکالاکردنەوەو ناساندنی سەرمایەداری پێڕەوی کردبوو پێشێل نەکراوە ، چونکە بینینی نیزامی عیراقی وەک **سەرمایەداری**، بەشێوەیەکی گشتی بەمانای دەستپێکردنە لە گشتیترین مەفاهیم و دیاردەکانی ئەو گشتە کۆنکرێتەوە: بەو واتایەی لە عیراقدا پەیوەندی کالآیی سەرمایەداری باوەو هێزی کاری کرێکاران بۆتە کالاو، هەمان کڕینی ئەو هێزی کارەیە سیستمی عیراقی گۆڕیوە بۆ سەرمایەداری. لەو حوکمەشەوە دەکرێ ڕوەو گشت سیما جیاکانی دیکەی کۆمەڵگا هەنگاو بنرێ ( وەک دەستەی « فشع » نەیان کردوە )، واتە ئەو بەش و کەرتانەی سەرمایە کە ئەم هێزی کارەی کرێکاران دەکڕن دیاریبکرێن و دەربخرێ لەچەند بەش پێک هاتوون، ( سەرمایەداری دەوڵەت، تایبەت ، دەرەکی..) وە لەوێشەوە ــ ئەگەر بویسترێت بەرەنجامی سیاسی وەربگیرێ ــ دەرخستنی ئەوەی ئایا ئەو ڕەفتارە سیاسیانەی ڕوبینای گشت سەرمایەداری عیراقی پێکدەهێنن بەرەنجامی «لۆجیکی» و زاتی هەناوی سەرمایەداریە بەگشتی یاخود هی ئاوێتەبونی سەرمایەی عیراقی و سەرمایەی دەرەکیە؟... تا لە ئاکامدا بزانرێ ئایا بەفەوتانی سەرمایەی دەرەکی ( ئیمپریالستی ) دەتوانرێ ڕەفتاری دڕندانەی سەرمایەداری عیراقی بفەوتێنرێ ؟ ...
تائێرە دەردەکەوێ کە لادان لەو ڕێسایانەی مارکس لە شیکردنەوەی زانستیدا بەکاری هێناون بەو مانایەیە بمانەوێ بەئەنقەست خۆ لەناسینی میکانیزمی سەرمایەداری و ئەو پاڵنەرانەی ئێسقانبەندی ئەو فۆرماسیۆنە لەسەر بناغەی پەیوەندی بەرامبەری « کار ــ سەرمایە » شکڵدەدەن بشارینەوەو میتۆدی دیالەکتیکیەی مارکس کە لە«گشت» ەوە بەرەو « بەش» ە پێکهێنەرەکان دەبزوێت، وەک پێوەرێکی بەردەوام لە شیکردنەوەی ئابوری سیاسیدا بەگشتی و ململانێی چینایەتی و ناکۆکیەکانی هەناوی بورژوازیدا بەتایبەتی، پێشێل بکەین.

٣ ) بەندی (٢) بەرنامەی «فشع» کەوتۆتە بەر شالاوی ڕەخنەی نوسەری «رسالە» ەوە. بەلام وەزعی ئەو ڕەخنانە لە ڕوانگەی مارکسیستیەوە لەچ ئاستێکدان و چ زانیاریەکی نوێیان خستۆتە سەر دیدگای «ب. ئا» (بەرنامەی ئایدۆلۆژی) جێگای سەرنج و گومانە. بۆیە هەوڵدەدەین لەو بارەوە بەراوردێک لە نێوان شێوازی مارکس لە تێڕوانین بۆ دیاردەیەک و داهێنانەکانی کاک حەمیددا بکەین و جەوهەری دەزگا فکریەکەی بە خوێنەران بناسێنین.
ئەو لە بەرامبەر بەندی دووەمی بەرنامەی ناوبراودا، بەم چەشنە بەدیلی داهێنەرانەی دەخاتە ڕوو :

**« وردتره لێرەدا ئاوابێت: شێوازی بەرهەمهێنانی باو لە عیراقدا، سەرمایەداری دەوڵەتی وابەستە بە نیزامی ئیمپریالیستیە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کۆمەڵگای عیراق کۆمەڵگایەکی « فرە توخمی ئابوری » یەو ئەم «توخمە ئابوریانە» ش بریتین لە سەرمایەداری دەوڵەتی، سەرمایەداری تایبەت، سەرمایەداری بێگانە، بەرهەم هێنانی کالآیی بچوک.»** ( رساله مختصره : ل ٤ )

پێشتر ئێمە کەمێک بە درێژی دەربارەی شێوازی زانستانەی مارکس لە شیکردنەوەی ئابوریدا دواین و چەند نمونەشمان لە وتەکانی ئەو لە بارەی گرنگی تێروانینی تەجریدی، یا چاکتر بڵێین دەستپێکردن لە گشتیترین مەفاهیم و مەقوەلەی ئابوری سیاسیەوە، نیشاندا.

بە پشتبەستن بەو نرخاندن و میتۆدەی مارکس، دەتوانین ئەو تەمومژە لابەرین کە سەرتاپای ڕستەکانی ڕەخنەگریان لەهەڵەی جۆراوجۆردا شاردۆتەوە.

پێش هەر شتێک دەبێ بزانین «باو» چ واتاو مەفهومێکی هەیەو دەتوانێ لە ناسینەوەی پایەی ئابوری کۆمەڵگا جیاجیاکاندا چ شتێک ڕوونبکاتەوە، هەروەها ئەو ڕاستیەش کە سەرەکیترین و بناغەییترین تایبەتمەندی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بەرهەمهێنانی کالآیی یە، ناتوانێ و نابێ جێگای پرسیارو لێکۆڵینەوە بێت و بمانگێڕێتەوە بۆ سەلماندنی تیۆری ئەو ڕاستیە ئێجگار بەدیهیەی کە سەرەڕای بەدیهی بونیشی، وەک دەبینین بۆ«ڕەخنەگر» ڕوون نیە!

وەک پێشتر باسمانکرد، **مارکس** بناغەی شیکردنەوەی ئابوری سەرمایەداری لە کالآکانەوە دەست پێدەکات، ئەوەش بێگومان جگە لە دەرکی زانستانەی مارکس بۆ شیرازەی شیکردنەوە، لەو ڕاستیەوە دێت کە **کالآ** مەقوەلەیەکی ڕوت و خەیاڵی نیە لە مێشکی ئابوریناسانەی کەسێکەوە هەڵقولابێت، بەڵکو دیاردەیەکی گشتی دیاریکراوەو بەنیسبەت شیکردنەوەی سەرمایەداریەوە وەزعێکی دراوە **( بڕوانە گروندریسە: ل ٢٧)** کە ناتوانرێ ئینکار بکرێ و وەک مەفهومێکی گشتی و موجەڕەد خاڵی سەرەتا نەبێت بۆ یەکالآی کۆمەڵی بورژوازی.

بەلآم ئەو ڕاستیەی سەرەوە بەو مانایە نیە کە بەرهەمهێنانی کالآیی تەنیا لە سیستمی سەرمایەداریدا هەیەو دەتوانێ درێژە بەهەبونی بدات: بەرهەمهێنانی «کالآ» لە کۆمەڵی دەرەبەگایەتیدا هەڵسوڕانێکی بەکردەوەی هەبوەو لە باری ئابوریەوە بەشێک لەسەرجەم ئەو فۆرماسیۆنەی پێکهێناوە. کەواتە جیاوازی لەکوێدایە کاتێک «ڕەخنەگر» مان لەجیاتی بەرهەمهێنانی کالآیی **«سەرمایەداری دەوڵەتی»** بۆ ئەمڕۆی ولآت بە « باو» دەزانێ ؟

جەوهەری ئەو گێژاوەی کاک حەمید تیایدا سەرەودەرەی نەکردوە و بەناچار بۆچونی هەڵەو چەوتی بەدەستەوە داوە لەوەدایە نازانێت لەکام سیستمی ئابوری ـ کۆمەڵایەتیەدا ( فیۆدالی ، سەرمایەداری )، شێوازی بەرهەمهێنانی کاڵایی **باو** ەو تێکرای هێزەکانی بەرهەمهێنان ملکەچی ئەو شێوە بەرهەمهێنانەن و پەیوەندەکانی بەرهەمهێنانیش بەپێی ئەو ڕێکدەخرێن .

لە هەمان ڕوانگەوە، میتۆدی شیکردنەوەی زانستی بۆ دۆزینەوەی جەوهەری پەیوەندەکانی سەرمایەداری و سەلماندنی ئەوەی «کالا» گشتیترین دیاردەیەو باقی پەیوەندەکانی تر لەو جیا دەبنەوە و سیمای جیاکەرەوەی بناغەیی سەرمایەداریش تەنیا بەباوبونی بەرهەمهێنانی کالای یەوە بەستراوە خۆی دەسەپێنێ، بەڵام، شانبەشانی ئەو ڕاستیەش ، هەرگیز مەبەستی کەسێکی مارکسیست لە بەکارهێنانی مەقوەلەی **ڕوت** ی « کالا » ئەوە نیە کە مەقوەلەو چەمکە دیاریکراوەکان وەلابنێ: بە پێچەوانەوە، دەستپێکردن لە مەفاهیمە ڕوتەکانەوە بۆ ئەوەیە ئاسانتر مەفاهیمە موشەخەس و واقعیەکان وەدەست بهێنرێن و ڕونبکرێنەوە، واتە وەلانانی دیاردەو مەفهومە دیاریکراوەکان تەنیا ڕەهەندێکی **کاتی** یان هەیە. کەسێکی مارکسیست دەشێ چاوەڕوانی ئەوەی لێبکرێ بەو شێوەیەی سەرەوە خەریکی دیاردە ئابوریەکان بێت، بەڵام بۆ کەسێکی وەک «ڕەخنەگر» نەشیاوە ئەو چاوەڕوانیەی لێبکرێت، چونکە وەک دەبینین ئەو نەک لە گشتیترین و ڕوتترین مەقوەلەو دیاردەکانی سەرمایەی عیراقی یەوە دەست پێناکات، بەڵکو لە **بەشێک، پێکهێنەرێک** وە سیمایەکی موشەخەسەوە لە سیستمی سەرمایەداریەوە دەستپێدەکات و دەیەوێ ئەوە بە «وردتر» لەقەڵەم بدات و«سەرمایەداری دەوڵەتی» کە لە واقعدا لەگەڵ باقی بەشەکانی تری سەرمایەداریدا **بە شێوەیەکی گشتی** هیچ جیاوازیەکی جەوهەری نیە، وەک بنەمای شیکردنەوە دادەنێ و ئەو « شێوازە » بە «باو» دەزانێ !

ڕەنگە لەو هەڵەیەی «ڕەخنەگر» ئەو تەفسیرە بێتە ئاراوە گوایە دانانی «سەرمایەداری دەوڵەتی» بە شێوازی بەرهەمهێنانی **باو**، زاراوەی «باو» لەگەڵ «زاڵ» دا، بەهەڵە جێگۆڕەیان پێ کراوەو هەڵەکە زمانەوانی یەو بەس !

بەڵام لەحاڵێکی واشدا، دیسان بە هیچ شێوەیەک هەڵەکە ناسڕێتەوە : چونکە دەزانین بناغەی کێشە تەنیا لەسەر دو مەفهومی «باو» و «زاڵ» نیە، بەڵکو لەسەر دانانی «سەرمایەداری دەوڵەتی» یە بە « شێوازی بەرهەمهێنان ».

لێرەدا بۆ ئەوەی هیچجۆرە شیکردنەوەیەکی لابەلایی لە بۆچونەکانمان نەکرێت دەبێ هەرلە سەرەتاوە ئێمە **شێوازی بەرهەمهێنانی کالایی، بەرهەمهێنان بۆ بەدەستهێنانی زێدەبایی، بەکالابونی هێزی کارو بەرهەمهێنان بۆ بازار** ( کە گشتیان تا ڕادەیەک

دەرخەری یەک ڕاستین ) لە بەرامبەر شیکردنەوەکانی «ڕەخنەگر» دا وەک پێشفەرز بگرین و ئەو لێکۆڵینەوە سەلماوە زانستیانەیە بۆ سیستمی سەرمایەداری ئەمڕۆ بکەینە پێشمەرجی هەر جۆرە لێکدانەوەیەک سەبارەت بە گشت جۆرە فۆڕم و سیمایەک کە **ئەم سەرمایەیە** بەگشتی بەخۆوەی دەگرێت، چونکە « سەرمایەداری دەوڵەتی» دەتوانێ تەنیا بەشێک ، وە **تەنیا بەشێک** لە گشت ئەو هێزانەی بەرهەمهێنان دەست بەسەردابگرێ کە هەموو نیزامەکە پێکدەهێنن و هەر لەوەشەوە ناتوانێ ببێتە شێوازێکی «باو». لەم ئەنجامگرتنەوە دەتوانین ئەوە بەدەستەوە بدەین: «سەرمایەداری دەوڵەتی» لەوەدا کە هیچ جیاوازیەکی جەوهەری لەگەڵ شکڵە جۆراوجۆرەکانی تری سەرمایەداریدا نیە، لەبەرامبەر کاری کرێکاران و چینی کرێکاردا چونیەکە: **سەرمایە** هەر فۆڕمێک بەخۆوە بگرێت ماناکەی دابڕانی کرێکارانە لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و بەدەستەوەگرتنی ئەو ئامرازانە لەلایەن چینێکی ترەوە کە یان ڕاستەوخۆ سەرمایەدارێکی « کەسی» یە یاخود سەرمایەدارە لە فۆرمی «دەوڵەت» دا یاخود لە فورمێکی دیکەدا ... ئەگەر ئەمڕۆ «دەوڵەت» تا ڕادەیەکی بەرچاو لە سیستمی ئابوری عیراقدا دەستی هەیە، تەنیا لە قازانجی **گشت سەرمایە** و هێشتنەوەی نیزامەکەو زەمینە سازی گەشەپێدانی زیاتری چەوسانەوەی کرێکاران و قازانجی سەرمایەدارانە، ئەوەیە کە « دەوڵەت» لە هەیکەلی سەرمایەدارێکدا خۆی دەرخستوە.

بەو جۆرە ئەگەر کەسێک قبوڵی بێت «شێواز» ی دەوڵەت «باو» ە، بەو واتایەیە ئیدی شێوازی دەوڵەت لە بەرهەمهێناندا، بەشێوەیەکی گشتی، لە شێوازی سەرمایەداری جیاوازەو بەرهەمهێنانی کالا و چەوسانەوەی پرۆلیتاریا لەو «شێواز» ە دا جیایە لە «شێواز»ە گریمانەییەکانی دیکەدا! لۆجیکی ئابوریزانانەی کاک حمید پێی وایە لەهەمان کاتدا کە سەرمایەداری دەوڵەتی دەتوانێ باو بێت ــ وەک شێوازی بەرهەمهێنان ــ « سەرمایەداری تایبەتی، بێگانە ... یش » دەتوانن لەکایەدابن و هیچ شوختێک لە **باو** بونی **سەرمایەداری دەوڵەتی** ش نەکەن !

بەڵام ئایا دەشێت لە یەک کاتدا ئابوری وڵاتێک شێوازی بەرهەمهێنانی لەلایەن دەوڵەتەوە کۆنترۆڵ بکرێت تا ئاستی « باو» بوون، واتە تا ڕادەی لەناوبردنی هەرجۆرە ڕەقیبێکی تری بە کردەوە لەبواری بەرهەمهێناندا ، **ئینجا لە تەنیشت ئەویشەوە** شێوازی بەرهەمهێنانی دەرەکی ــ تایبەتی .. درێژە بە هەبونیان بدەن ؟

هەرکەسێک سەرەتاکانی ئابوریناسی شارەزابێت دەزانێت باوبوونی شێوە بەرهەمهێنانێک بە واتای ڕەتکردنەوەی شێوە بەرهەمهێنانێکی دیکەو نەهێشتنەوەی هیچ بوارێکە بۆی لە ڕوی سیاسی و ئابووریەوە پێکەوە. بۆئەوەی چاکتر هەڵەی «ڕەخنەگر» ئاشکرابێت و ئەو ڕاستیە بەرجەستە بێت کە دەستپێکردن لەسەرجەم

سیستمی سەرمایەدارییەوە بنەمای شیکردنەوەی زانستانەیە نەک دانانی بەشەکانی ئەو سەرمایەیە بۆ شیکردنەوە، دەتوانین لە هاوکێشەکانی خودی کاک حمید کەڵک وەرگرین .

ئەو کۆمەڵگای عیراقی ئەمڕۆ لەبواری ئابوری دا بەم شێوەیە دەبینێ:

**سەرمایەداری** دەوڵەتی + **سەرمایەداری** تایبەتی + **سەرمایەداری** دەرەکی + **بەرهەمهێنانی کالایی** بچوک ( رسالە مختصرە: ل ٤ ).( تەئکیدەکان هی ئێمەن ).

سەرنجدان لە گشت ئەو پێکهێنەرانەی کۆمەڵگای عیراقی پێک دەهێنن و کاک حمید پێی وایە هەر یەکەیان « شێواز» ێکی جیاوازە لەوی دیکەو لەگەڵ یەکدیدا ناکۆکن ( چونکە بەردەوام شێوازەکان لەگەڵ یەکدیدا ناکۆکن ) دیاردەیەکی هاوبەش دەبینرێ کە بناغەی مەسەلەکە هەمووی لەودا دەتوانێ کۆببێتەوە ئەویش **سەرمایەداری** یە، **بەرهەمهێنانی کالایی** یە، **بەرهەمهێنانە بۆ سودو قازانج و زێدەبایی**، وە لە ڕاستیدا هەرئەم « دیاردە» هاوبەشەیە کە بناغەی شێوازی بەرهەمهێنانی ئەمڕۆی عیراقی لەسەر وەستاوەو پێویستە لەوێوە ڕەخنەی زانستانە دەست پێبکرێ.

لێرەدا سەبارەت بە بۆچونەکانی کاک حەمید هێندە بەسە بڵێین: ڕەخنەکان نەک نەیان توانیوە «بەرنامەی ئایدۆلۆژی » (بەندی دوەم ) ڕەت بکەنەوە، بەڵکو بەبەراورد لەگەڵ شیکردنەوەکانی بەرنامەی تەواو لیبرالانەی « حیزبی شیوعی عیراق » یش دا چەندەها هەنگاو گەڕاونەوەن بۆ دواوە ( بڕوانە بەرنامەی « حشع » کۆنگرەی چوارەم ) .

شایانی سەرنجە تویژتوێژکردنی سەرمایەداری عیراق بەو شێوەیەی باسکرد، وەک ڕەخنەگریش دەیەوێ دەریبخات، لە باری سیاسی و چینایەتیەوە تەئسیری هەیەو شیکردنەوەیەکی نادروست هەرگیز ناتوانێ بەرەنجامی دروست بەدەستەوە بدات لە ئاقاری سروشتی چینەکان و پلەی دورو نزیکیان لە شۆڕشی کۆمەلایەتیەوە.

هەر لەم ڕوانگەیەوە، بۆچونە چەوتەکانی کاک حمید کە دەیەوێ بەشێکی سەرمایەداری لە بەرامبەر بەشەکەی تریدا دابنێ، جگە لە ڕیڤیژنیزم ناتوانن ڕێچکەیەکی سیاسی تر هەڵبژێرن.

«سەرمایەی بێگانە» ش لای «ڕەخنەگر» بەشێک لە ئابوری عیراق پێکدەهێنێ، واتە ئەویش خۆبەخۆ شێوازێکی سەربەخۆیە! ئەمەش بێگومان هەڵەیە چونکە: سەرمایەداری بێگانە (وەک سەرمایەی دەوڵەت) «شێواز» نیەو فۆرمێکی دیاریکراوە لە سەرجەم بەرهەمهێنانی سەرمایەداری؛ جگە لەوەش هەبونی سەرمایەداری بێگانە ( وەک دامەزراوی دەرەکی - سەرمایەی بانقی ــ کادری شارەزا) تەنیا لە ڕێگای سەرمایەداری دەسەلاتدارەوە بەگشتی هەڵسوڕانی درێژە پێدەداو ناتوانێ لەو جوغزە دەربچێت کە سیستمە سیاسی وکۆمەلایەتیەکە بەگشتی مۆڵەتی پێدەدات.

ئەو هەڵەیەش، واتە دانانی«سەرمایەی بێگانە» وەک بەشێکی کامڵ و تەواو لە ئابوری و بەرهەمهێنانی سەرمایەداری عیراق، کاک حمیدی والێکردوە ئابوری عیراق بە «شێواو» و «وابەستە» (بەشێوەیەکی ڕەها) ببینێ:

**« دابەشکردنی نێودەوڵەتانی کار، وە پەیوەندی ئابوری عیراق بە بازاڕەکانی سەرمایەداری جیهانی یەوە، بونە هۆی پاشکۆیی ئابوری عیراق بە سیستمی ئیمپریالیستی جیهانیەوە، ئەم پاشکۆیەتیەش بۆتە هۆی شێواندنی گەشەی ئابوری، لەو ڕێگایەشەوە کاری کردۆتە سەر تەرکیبی چینایەتی لە عیراقدا »** (رساله مختصره : ل ٤).

پەیوەندی ئابوری لە نێوان گشت وڵاتاندا دیاردەیەکی جیهانیەو لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتی و ئابوریانەدا پەیدابووە کە بەدرێژایی چەند سەدە لە گەشەو پەرەسەندندا بوون.

ئێستا، سەرمایەداری دەسەڵاتی ئەختەبوتئاسای لەهەر جێگایەک هەستپێدەکرێ و، پەیوەندەکانی سەرمایەداری، چ لە وڵاتانی ئیمپریالیست دا بێت یاخود لە وڵاتانی ژێردەسەڵاتدا بۆتە واقعێکی بابەتی.

لەو تێڕوانینەوە« **پەیوەند**» ی ئابوری عیراق بە بازاڕەکانی سەرمایەداری جیهانیەوە، هیچ تایبەتمەندیەکی ناوازە ( شاذ ) ی دروست نەکردوە تا ببێتە هۆی «شێواندن»ی گەشەی ئابووری.

زیاتر لەوەش: کاتێک شێواوی بێبەرنامەیی خۆی پێویستیەکی هەناویی پەرەسەندنی سەرمایەداریە بەگشتی، هێنانەکایەی مەسەلەی «گەشەی شێواو» لە ئابوری عیراقدا بەهۆی وابەستەییەوە چ مانایەکی هەیە ؟

دەتوانین بڵێین گەر«ڕەخنەگر» گەشەی ئابووری عیراق بە ناڕێکوپێک دەزانێ و لای «پاکەتی» (پێرفێکت) نیە، لەباری سیاسی یەوە دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بێت هەرکات «نیشتیمانێکی ئازاد» و «گەلێکی بەختیار» هاتنە ئاراوە، ئەویش خەریکی گەشەپێدانی سەرمایەیەکی نەشێواو بێت!

بەڵگەی بەهێز بۆ ڕۆشنکردنەوەی ئەو ڕاستیەی کە لە عیراقدا سەرەڕای وابەستەیش بە«بازاڕەکانی سەرمایەداری جیهان» یەوە هیچ گۆڕانکاریەکی ئابوری ڕیشەیی لە شێوازی بەرهەمهێنان و گۆڕینەوەیدا پەیدا نابێ و بەو شێوەیە خەباتی چینەکان دژ بەیەک لە توندوتیژی ناکەوێت و فرتوفێڵی «شێواو»،«ناکامڵ» «دواکەوتو» بەهیچ شێوەیەک نابنە هۆی خڵەتاندنی پرۆلیتاریا لە ساردکردنەوەی ململانێیدا دژ بە بورژوازی، بۆچونێکی **مارکس** ە کە دەسەلمێنی«وابەستەبوون»(ی عیراق) بە بازاڕەکانی جیهان ودابەشکرانی کاری دەوڵەتانەوە ناتوانێ کاریگەریەکی چلۆنایەتی لەسەر

سیستمی سەرمایەداری دابنێت و جەوهەری ئەو کۆمەڵگایە وەک سیستمێکی بەرهەمهێنانی جیاواز نیشان بدات، بەو جۆرە ئەم وابەستەییە نابێتە پاساو بۆ ڕەتکردنەوەی یاسا گشتیەکانی سەرمایەداری و ئینجا ( یانی لەو ڕێگایەوە کە کاک حمید دەیەوێ ناڕاستەو خۆ بیلێ) ڕەتکردنەوەی خەباتی چینایەتی ڕاستەوخۆی پرۆلیتاریا دژ بە بورژوازی.

**مارکس** گوتویە :

**«بەدیهیە پیشەسازی ناگاتە ئاستێکی تۆکمە لە هەموو ناوچەکانی وڵاتێکدا، هەرچۆنێک بێت ئەمە نابێتە هۆی دواکەوتنی بزوتنەوەی چینایەتی پرۆلیتاریا، چونکە پرۆلیتارەکان، واتە ئەوانەی پیشەسازی گەورە دروستیکردون، سەرەگوریسی جوڵانەوەکە بەدەستەوەدەگرن و هەموو قەبارەکە بەدوای خۆیاندا بەکێش دەکەن..» وە « ئەو وڵاتانەی پیشەسازی گەورە تیایاندا گەشەی کردوە، بەهەمان شێوە کاردەکەنە سەر ئەو وڵاتانەی کەم و زۆر پیشەسازی تیایاندا دواکەوتووە.»**

**«پێشبڕکێ لەگەڵ وڵاتە پێشکەوتوترەکان لەڕووی پیشەسازی یەوە ... بەسە بۆ هێنانەکایەی ناکۆکیەکی وێکچوو تەنانەت لەو وڵاتانەش کە پیشەسازیەکی پاشکەوتویان هەیە. (نمونەی ئەوەش پرۆلیتاریای شاراوەی ئەڵمانیایە کە پیشبڕکە لەگەڵ پیشەسازی ئینگلیزی بوە هۆی پەیدابوونی).»**

**(مارکس – ئەنگلس : ئایدۆلۆژی ئەڵمانی ل ٧٢).**

بەو پێیە، ئەگەر ئیتالیا پێش بەریتانیا، وە بەریتانیاش پێش عیراق بونە وڵاتی«سەرمایەدار» و خاوەن شێوازی بورژوازی لە بەرهەمهێناندا، بەڵگەی «شێواو»ی (سەیری ئەو زاراوەیە !) گەشەکردن نیە، بەڵکە دیاردەیەکی مێژووکردەو ڕەوتی جوڵانەوەی دیالەکتیکی جیهانیە کە وایکردوە «مێژووی گەشەکردن» بەو شێوەیە بێت و بە شێوەیەکی دیکە نەبێ.

لەم ناوەدا ئەوەی دەشێ پێی بوترێ «شێواو» ئەو فیکرەیە کە ئەو جەبرە مێژووییەی **گەشەی جیهان** بە شێواو دەبینێ ...

دەبێ ئێستا بەتەواوی ئەوە لە وتەکانی مارکس و ئینگلس ە وە ڕوون بوبێتەوە کە بڕوبیانوی بورژوایانەی«گەشەی شێواو» و «پاشکۆ» ناتوانن هیچ بەهانەیەک لە بەرامبەر گەشەی « ئاسایی» سەرمایەداری عیراقیدا بهێننە مەیدان و باڵادەستبونی یاساکانی سەرمایە ڕەت بکەنەوە .

بەڵام کاک حەمید دیسانیش لە بەرامبەر مارکس دا بەڵگەی پێ یە! ئەو دوای وەسفکردنی سەرمایەداری عیراقی وەک پێشتر لێی دواین دەنوسێ:

**« کەواتە دومەفهومی «باو» وە «وابەستە» مانایەکی ئابوری و سیاسی وایان هەیە کە ناکرێ لە بەرنامەدا پشتگوێ بخرێن..»** (رسالە مختصرە : ل ٤ )

ئەوەی بە ئاشکرا لە وتەکەی «ڕەخنەگر» ەوە دیارە ئەوەیە دەیەوێ وانیشان بدات «باو» بوونی سەرمایەداری ڕەتکەرەوەی (نافی) وابەستەییە، وە هەریەکەیان ئەویتریان ڕەتدەکاتەوە !

بە پێچەوانەی ڕاکانی ڕەخنەگرەوە، باوبونی سەرمایەداری لە وڵاتانی دواکەوتودا پێویستیەکی ناچاری بە وابەستەیی هەیەو وتەکەی **مارکس** لەو بارەوە بڕیار دەرە .

دواتریش نوسیویەتی : **« مەنطق نیە گەر لەو بڕوایەدابین سیستمی ئابوری لە عیراقدا، جیاوازی نیە لەگەڵ سیستمی ئابوری لە وڵاتە پێشکەوتوە گەشەسەندوەکاندا لە ڕوی نەشونماو گەشەکردنی کۆمەڵایەتیەوە وە هەروەها لە ڕووی سەرچاوەی مێژووی یەوە» ( رسالە مختصرە : ل ٤ )**.

پرسیار ئەوەیە: نوسینەوەی مێژووی «نەشونما» ی سەرمایەداری عیراقیمان بۆچیە؟ .. بۆچی هەوڵدەین بۆ زانین و دەرخکردنی «گەشەکردنی کۆمەڵایەتی» و « سەرچاوە مێژوو» ی یەکەی تا ئەم ڕادەیە ؟؟

کێ هەیە نەزانێ سەرمایەداری عیراقی لە گشت ئەو ڕوانەوە لەهی ئەوروپا بە گشتی جیاوازە ؟ .. دۆزینەوەی مێژووی سەرمایەداری عیراقی و هێندە پێداگرتن لە سەری کە بۆتە خولیای «ڕەخنەگر» لەچیدایە: تەنیا بۆدانانی بە«وابەستە»! وە **سەلماندنی** ئەوەی گوایە ئابوری عیراق گەشەکەی «شێواو» بوەو «ئاسایی» نەبوە !!

ئەم جۆرە تەحلیل و تەفسیرانەی ڕەخنەگرمان تەنیا خۆخەریککردنێکی لادەرانەیە کە ڕیشەی مەسەلەکانمان لێ دەشارێتەوە، ئەویش ناسینی **ئێستای** سەرمایەداری عیراقە لە پێناوی گۆڕینێکی شۆڕشگێڕانەیدا... هەر بایەخدانێکیش بە مێژووی ئەم سەرمایەیە تەنیا بۆ مەبەستەو بەس !

ئەرکی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا لەم بوارەدا ڕوونە: هەوڵدان بۆ ناسین و زانینی چۆنیەتی گەشەکردنی سەرمایەداری عیراقی بۆدەرخستنی سیما گشتی و تایبەتیەکانی و هەڵێنجانی دەرسی سیاسی و چینایەتی لەو بەرەنجامانەی کە لەشیکردنەوەی ژێربینای ئابوری ئەم وڵاتەوە بەدەستەوەدێن : وەلەگەڵ ئەوانەشدا بەدەستهێنانی بۆچونێکی دروست سەبارەت بەو گۆڕانکاریە جەبریانەی لەگەڵ هەناوی سەرمایەداریدا جوتن، ئینجا ئاوێتەکردن و گرێ دانەوەی خەباتی وشیارانەی پرۆلیتاریا لەگەڵ سەرجەم واقعی مەوجودو تێکۆشان بۆ گۆڕینی شۆڕشگێڕانەی؛ واتە کەڵکوەرگرتن لە **ڕابردوو** بە هەموو ڕەهەندە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیەوە بۆ دژایەتیکردنی **ئێستای** نیزامی سەرمایەداری .

لای مارکسیەکان ( نەک لای لادەران) «مێژوو» تەنیا لە **رابردودا** وجودی نەبووە بەڵکە **ئێستاش** مێژوو هەر بەردەوامەو نیزامی سەرمایەداری ڕێک لە جەرگەی ئەو مێژووەدا ڕوەو «پێشەوە» بەرەو فەوتان دەخزێ !

## ج ) کام ڕێگا : مارکسیزم یا ڕیڤیژنیزم ؟

لەگەڵ ئەوەدا کە ئاشکراکردنی ناوەڕۆکی نامارکسیستی و دژە کرێکارانەی لادانە ڕیڤیژنیستیەکان بەگشتی، وە پۆپۆلیزم وەک یەکێک لەو لادانانە بەتایبەتی، ئەرکێکی چارەنوسسازی خەباتی کۆمۆنیستیە لە پێشرەوی بەردەوامیدا بۆ وشیاری چینی کرێکار، لە هەلومەرجی ئێستای بزوتنەوەی کۆمۆنیستی عیراقیدا، پوچەڵکردنەوەی ڕیڤیژنیزمی پۆپۆلیستی زۆرتر بایەخێکی عەمەلی هەیە نەک قورساییەکی تیۆری، ئەوەیش چونکە بنەما ئایدۆلۆژی و فەلسەفیەکانی پۆپۆلیزم، پێشتر، لە ڕەوتی گەشەکردنی مارکسیزمی شۆڕشگێڕدا لە ئێران حسابیان لەگەڵدا یەکلایی بۆتەوەو ئەوەی دەکرێ و دەشێ بدرێتە بەر نەشتەری ڕەخنەی مارکسیستی، «سیاسەت» ی پۆپۆلیستی و هەڵسوڕانی **پراتیک** ی ئەو ئایدۆلۆژی یە بورژوازیەیە نەک بنەما تیۆریەکەی.

ئەو ڕاستیە، تا ئەو جێگایەی قسە لەسەر بزوتنەوەی کۆمۆنیستی بێت بە شێوەیەکی گشتی، هیچ لە ڕاست بوونی کەم نابێتەوە، بەڵام کاتێک قسە لەسەر وەڵامدانەوەو ڕەخنەگرتن بێ لە بۆچونەکانی کاک حەمید صادق، بەناچار دەبێ سەرپێچی لەو ڕێسایە بکرێت و سەرلەنوێ دەستبکرێتەوە بە ناساندن و تەشخیصی چەند بەش لە بنەما تیۆریەکانی پۆپۆلیزم. بۆیە لێرەدا خوێنەر دەبینێ پێش ئەوەی بچینە سەر داکۆکیەکانی «ڕەخنەگر» لەو لادانە، تا ئەندازەیەک دەربارەی بنەما ماددی و فیکریەکانی پۆپۆلیزم و ئەو فۆرمە جۆراو جۆرانەی ئەم لادانە ڕیڤیژنیستیە بەخۆوەی دەگرێ دەدوێین، پاشان سەبارەت بەو پاڵنەرانەی وایان لە نوسەری «رسالە» کردوە دوچاری هەڵەو تێکەڵپێکەڵی سەرسوڕهێنەر ببێ چەند قسەیەک دەخەینە ڕوو.

١ـ هەبوون و مانەوەی دەسەڵاتی سەرمایەداری ئیمپریالیستی لە وڵاتەکانی ژێر دەسەڵاتدا زۆرتر لەگەڵ لە کایەدابونی شێوە دەسەڵاتێکی فاشیستی و دیکتاتۆرانەدا هاوشانە. زەبروزەنگی دیکتاتۆری، تەنیا ڕێگاو ئامرازە کە دەتوانێ، لەگەڵ پاراستن و پارێزگاریکردن لە بەدەستهێنانی ئاستێکی ڕوو لەسەری **زێدەبایی** لە کاری کرێکاران، **«زێدە قازانج»** ی چەوسێنەرانەش بۆ سەرمایەی ئیمپریالیستی دابین بکات. بەو شێوەیە، ئاوێتەبوونی سەرمایەی ئیمپریالیستی و ژێردەست، لە باری سیاسیەوە

بەرەنجامی کاربڕی لە شێوەی دەوڵەتی هەمەکارەدا بەدەستەوە دەدات، دەوڵەتێک کە نوێنەرەوەو دیارگەی دەسەڵاتی سیاسی گشت بورژوازیەو لە ڕێگای چونەسەری یەکێک لە توێژە جۆراوجۆرەکانی سەرمایەی گەورەوە هەوڵ دەدا مەوقعیەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان هەرچی زیاتر ڕوەو چەوسانەوەو هەژاری بەرێ و، هێزی کاریان پێ هەرزانفرۆشتر بکات و بەرژەوەندیەکانی سەرمایەداری جیهانیش لەو ڕێگەیەوە قایمتر بکات.

لەم ناوەدا، واتە بە پێکەوەگرێدرانی سەرمایە ئیمپریالیستیەکان لەگەڵ سەرمایەداری مۆنۆپۆلی ناوخۆ (یان دەوڵەتی)، دەشێ ئەو گۆڕانکاریە چینایەتی و سیاسیانەی بەو هۆیەوە دێنە ئاراوە لەوەدا پوختە بکرێنەوە: توێژی سەرمایەداری دەسەڵاتدار، زۆربەی توێژەکانی دیکەی سەرمایە ناچاردەکات هاوشان لەگەڵ چینە زەحمەتکێشەکان (پرۆلیتاریا، نیمچە پرۆلیتاریا، زەحمەتکێشانی شارو لادێ) لە **باری سیاسیەوە** لەو جوغزو تەوەرەیە دەرنەچن کە «ڕژێم» نەخشەی بۆ کێشاوە. بەو شێوەیە جگە لە کرێکاران و زەحمەتکێشانی هەژار، چەند بەش لە توێژو چینە داراکانیش سەرەڕای مەیلی ذاتیان دەکەونە بەرەی دژی «ڕژێم» و لەوەدا کە بواری هیچ جۆرە ئۆپۆزیسیۆنێکی لیبراڵی و نیوە دیموکراتیش لە کایەدا نیە، بەناچاری بەناوی کرێکارانەوە، لە شێوازی جۆراوجۆردا نارەزاییان لە هەلومەرجی سیاسی دەردەبڕن.

لەم خاڵەوە، ئەگەر ئەو فۆرمە دەوڵەتەی بورژوازی لە ڕێگایەوە دەسەڵاتی هەمەلانەی دەسەپێنی وەک هۆکارێکی بناغەیی پاراستنی خاوەندارێتی تایبەتی سەرمایەداری دابنێین کە پایەیەکی ماددی بەهێز لەناو چوارچێوەی وڵاتێکدا بۆ جۆرەها بیرکردنەوەی سەروچینایەتی سازدەکات (لەڕێگەی ڕوشاندنی بەردەوامی سنوری چینەکان و جێگۆڕەی بەردەوام و هەمیشەیی لەنێوان توێژە جیاجیاکان و هەڵخلیسکانێکی خێرا لەم چینەوە بۆ چینێکی تر..)، دەبێ وەک بەرەنجامی ئەو پرۆسە ئابووری ـ کۆمەڵایەتیە کە پێویستیەکی ناچاری دەسەڵاتدارێتی گشت سەرمایەی ژێر دەسەڵاتە، ئەو حەقیقەتەش لەبەرچاوبگرین کە ئەو گۆڕانکاریانە ڕەنگدانەوەی جۆراوجۆری سیاسی و فەلسەفی لەکۆمەڵدا پەیدادەکەن و ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پرۆلیتاریاو چین و توێژە زەحمەتکێشەکان دەخەنە ژێر کارتێکردنی قوڵی فیکریەوە.

بەو پێیە، ڕەوتی ڕووڵە تەپینی گوزەرانی چینە ناکرێکاریەکان بەرەو ژیانێکی زەحمەتترو بێمایەتر، ئەو بیرکردنەوە بورژوازیە دەکاتە باو کە لەجێگای چینی کرێکارو بەرژەوەندی سەربەخۆی چینی کرێکار، تەنیا بەناوی «گەل» ەوە شۆڕش و خەبات بە واقعبینانە ببینرێ و لە ڕیشەوە چینی کرێکار ببێتە پاشکۆی چینە دەسەڵاتدارەکان.

شانبەشانی ئەو«خەڵاتە» بورژوازیانەیە بۆ چینە چەوساوەکان، دەشێ لەکایەدابوونی

«مـارکسـیـزم» ی نارەسـەنی لـە قـاڵبـدراوی رەسـمـی روسی ش وەک رێگرێکی دیکەی فـیکری لە بەردەم سـەرهـەڵدانی بیرکـردنەوەی کـرێکاری و شـۆرشگێـرانەدا ببـینرێت، چونکە ئەم «مـارکـسـیـزم» ە لـە قـاڵبـدراوە، ئەوەی مـەبەسـتـی نەبوە بـیـروباوەری پرۆلیـتـاریانـەی مـارکس و ئەنگلس و لینین بـوەو، جگـە لەو رێبـازەش، هـەر جـۆرە بیـــروراپـەکی«نوێ» ی دیکە پـەیدا بووبـێ، لـەلایەن ئـەوانـەوە قــەرزی لێکراوەو وەک فــەلســەفــەی رزگــاریبــەخــشـی مــرۆڤ ئاخنراوەتە مــێــشکی چین و توێژە زەحمەتکێشەکانەوە.

لێرەدا ناتوانین دەربارەی گشت ئەو هۆکـارانەی لە پەیدابوونی پۆپۆلیزمی عیـراقـیدا دەوریان گێراوە بدوێین، بەتایبەت لەوەدا کە بەرای ئێمـە ئەو دوو هۆکارە کۆمەڵایەتی و سیاسیەی لـەسـەرەوە ئیشارەمـان پێداوە، دەکرێ وەک بنەمـاو ریشـەی پەیدابوونی ئەو لادانە دابنرێت، بەڵام بۆئەوەی چاکتر«رەخنە»کانی کاک حمید حاڵی ببین، هـەوڵدەدەین چەند تیـشکێک بخـەینە سـەر ئەو دوراییانەی پۆپۆلیزم وەک لادانێکی ریڤیـژنیسـتی تیایاندابەرجەستەدەبێ.

لە باری پرەنسیـپـەوە، پۆپۆلیـسـتـەکان بەبەهانەی کـامڵنەبونی بارودۆخی بابەتی و ئامادەنەبوونی پرۆلیتاریا بۆ رێکخراوبونی سیاسی و نزمی ئاستی وشیاری سندیکایی ئەو چینە، **رێکخستنی حیزب**، واتە ئامرازو وەسیلەی رێکخستن و وشـیارکردنەوەو رابەریکردنی هەمەلایەنەی کرێکاران بۆ شۆرشی کۆمەڵایەتی، رەتدەکەنەوەو بەجۆرەها پاسـاوی ریڤـیـژنیـسـتی و لادەرانەی دیکە، ئەو ئەرکـە هـەمـیـشـەیی و سـەرەتاییـەی کۆمۆنیستـەکان لە نیزامی سـەرمایەداریدا دەشارنـەوە، گەر تەنانـەت ئەو خواستـەش قبوڵ بکەن، دیسان بەشێوەیەکی لادەرانەو ئۆپۆرتۆنیستانە وەک «ئامانج» ێک دەیبینن و بەکورتی بۆ رۆژی حەشر، واتە بۆکاتێک ئیدی کارلەکار ترازاوە «خەبات» ی بۆ دەکەن!

پۆپۆلیستەکان لە تێروانینی بەرنامەی سیاسیشدا بەهـەمان شێوەی ئۆپۆرتۆنیستی، خەباتی سەربەخۆی پرۆلیتاریا لەگەڵ چینەکانی دیکەدا ئاوێتە دەکەن. ئەوان پێیان وایە لەوڵاتـانی ژێر دەسـەڵاتدا شـانبـەشـانی کـرێکاران، چەند توێژو چینی تری کـۆمـەڵی سـەرمـایەداری «نیـشـتـیـمـانی» و «پێـشکەوتنخـواز» و «شـۆرشگێر»ن و دەتوانن لە گۆرانکاریە دەسبەجێ و رادیکالەکاندا وەک هاوپەیمانی ستراتیژی بۆ «دەرپەراندنی» دەسـەڵاتی ئیـمـپریالیزم و دامـەزراندنـی رژێمی دیموکراتی مـتـمـانەیان پـێ بکرێ و ـ لەورێگەیەوە ـ بۆ چینی کرێکار پێویستە پشتگیری لەو چین و توێژە بورژوازیانە بکات و وەک پێشرەوی شۆرش قبوڵیان بکاو **بەدوایاندا** هەنگاو بنێ.

بەم شێوەیە لێرەشدا پۆپۆلیزم، کە بەشێوەیەکی گشتی وەک ئایدۆلۆژیەکی بورژوازی ئەرکی خـۆی لە داپۆشـینی ملمـلانێی چینایەتی لە هەمـوو ئـاسـتـەکانیـدا دەبینێـتەوە،

سەربەخۆیی پرۆلیتاریا لە بەرامبەر چین و توێژیکانی دیکەی سەرمایەداردا ون دەکات و بەرژەوەندیان لەگەڵ ئەو چینانەدا کە گوایە دەتوانن «پێشکەوتنخواز» بن ئاوێتە دەکات؛ ئەوەش لە حاڵێکدا کە سەربەخۆیی چینایەتی پرۆلیتاریا، چ لەباری ڕێکخراوی سیاسیەوە و چ لەڕووی سیاسی و بەرنامەییەوە، پێویستیەکی حەتمی بە ئاشکراکردنی ناکۆکیە لەئاشتینەهاتوەکانی هەیە لە سیستمی سەرمایەداریدا.

شێوەکارو چۆنیەتی ڕاگەیاندن و هاندان و بنەما سەرەکیەکانی هەڵسوڕانی ناوخۆی ڕێکخراوەو حیزبیش، کە هەریەکەیان دەتوانێ وەک ناسێنەرێکی چینایەتی پێناس بکرێ، بەگشتی لە ڕوانگەی پۆپۆلیستەکانەوە، بە فۆرم و ناوەڕۆکێکی ڕیڤیژنیستانەوە لە خزمەت چینە ناپرۆلیتارەکاندا وەگەڕدەخرێن و ئەو جەوهەرە شۆڕشگێڕانەیەی دەتوانرێ لەهەریەک لەو مەفاهیمانەدا وەدەست بهێنرێت و لە شێوەکاری کۆمۆنیستیدا بە ئاقاری وشیاری کرێکاران بەدەستەوە بگرێن، دەشاردرێتەوە.

بەو شێوەیە، لادانی ناچینایەتی و وردە بورژوازیانەی پۆپۆلیستی، یەکێک لەو مەترسیە فیکریانەیە کە دەتوانێ لەولاتانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزمدا (وەک هەر جێگایەکی دیکەی جیهان) کۆمەکێکی بە سودو شایان بە بورژوازی و دەوڵەتە سەرکوتکەرەکانی بکات و لە هێرش و پەلاماری ڕاستەوخۆی کرێکاران بیپارێزێ.

بۆیە، دژایەتیکردن و هەڵدانەوەی پەردەی چەپێتی و ڕادیکالێتی لەسەر ئەم لادانە، دەتوانێ لە بەرەو پێشبردنی ململانێ ی چینایەتی ـ ئایدۆلۆژی لەگەڵ ڕیڤیژنیزمدا بە گشتی و بەشی ڕووسی ئەو ڕیڤیژنیزمە کە نوێنەری نمونەیی ئەم جۆرە لادانەیە لە وڵاتانی ژێردەسەڵاتدا، دەسکەوتێکی گرانبەها بێت و لایەنگرانی ئەو بۆچونەش، چ کۆن چ تازە، بناسێنێ.

٢ـ لەوەدا کە چاندنی پۆپۆلیزم لە عیراقدا لەلایەن «حیزبی شیوعی عیراق»ە وە دەستیپێکراوە و «حشع» ڕەواجپێدەری پۆپۆلیزمی بێپەردەی عیراقیە و دەتوانرێ لە ڕێگای هەردێرو بۆچونێکی بەرنامەو نوسراوە سیاسیەکانیانەوە ماهیەتی پۆپۆلیستی ببینرێ، هیچ ناکۆکی و بەدحاڵیبونێک ناتوانێ لە کایەدابێت. (بۆ پۆپۆلیزمی تۆخی «حشع» بڕوانە بەرنامەی «حشع» کۆنگرەی چوار بە تایبەت ل ٢١ – ٢٧)

لەو ڕوانگەی سەرەوە، خافڵگیربوونی ئێمەش لە بۆچونەکانی «ڕەخنەگر» بێمشوریەکی نابەجێیە: بەتایبەت لەو حاڵەدا کە دەیەوێ بۆ نوێکردنەوەی پۆپۆلیزم و بەرگریکردن لە ڕیڤیژنیزمی هاوچەرخ، داکۆکیەکی سەرسەختانەی بەم شێوەیە لەو بیرکردنەوەیە دەکات و ( بە حساب لە بەرامبەر «فشع» دا) ئاوا دەستی مەرحەمەت بەسەریدا دەهێنێ :

**« بەسەراحەت لەوە نیگەرانین قەریحەتان بتەقێنەوەو بە پۆپۆلیزم تاوانبارمان بکەن، کە**

**بۆته مۆدیلی سەردەم لای چەپی توندڕەو بۆ دژایەتیکردنی کەسانیتر»**
بەڵام ( بەسـەراحـەت !) دەبێ «ڕەخنەگـر» چ ڕەخنەیەکی زانسـتـانەی لە بۆچوونی ئەو کەسـانە هەبێ کە دژایەتی پـۆپـۆلـیزمـیـان کردوەو دەیکەن ؟ ئینـجا پۆپۆلیزم «مـۆدیلی سـەردەم» لای چ لایەک : لای ڕیڤیـژنیزمی ڕووسی و هاوبیرە عیراقـیـەکانی، یان لای بەناو «چەپی توندڕەو» ؟
ئەی دەبێ «قەریحە» ی کاک حمید چی بەسـەربێ کاتێک جگە لەو پرسیارانە ئەوەشی بەرەو ڕوو بکرێتـەوە : بۆچی بەم شێوە شەرمنۆک و دیبلۆمـاسیانەیە پارێز دەباتە سەر «چەپە توندڕەو» ەکان و دوژمنانی پۆپۆلیزم، لە کاتێکدا دەستەی «فشع» کە ئەو«ڕەخنە» ی لە بەرنامەکەیان گرتوە، لە بناغەوە ـ کەم تا زۆر ـ باسی پۆپۆلیزمیان نەکردووە؟
بەهەرحاڵ، ئەگەر پۆپۆلیزم جیهانبینی و ئایدۆلۆژی کەسێک بێت ( وەک لەمەسەلەی حـیزبدا لایەکی دیتـرا ) وە بەجۆرەها هۆی ئاشکراو نهێنی نەتوانێ خـۆی لێ دەرباز بکات و بەرژەوەندیە چینایەتیـەکـانی نەهێـڵن پەل ببـزێوێ، چۆن سـەغـڵـەت نابێ لە ڕەخنەگرانی پۆپـۆلیزم کاتێک ببینێ ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە کەوتۆتە بەردەم کوتانێکی بەردەوامەوە لەلایەن ئەوانەوە ؟ «چەپی توندڕەو» یش ئەو ناتۆرە حازرو خۆش لەمستەیە کە ڕیڤیژنیستەکانی جۆری ڕووسی، لەبەرامبەر گشت ئەوانەی بۆنی دژایەتیکردن و هەڵدانـەوەی پەردەی تەحـریفـیـەتی لێبکەن، دەبێ بیـوەشـێـنن، بەڵگەیش بۆ ئەم کـارە دەمـێکە نوسـراوە : سـەربەخۆیی ڕێکخراوەیی و سـیـاسی و بەرنامـەیی کـرێکاران و جـیـاکـردنەوەیان لە چینەکـانی تر کـە «چەپە توندڕەوەکـان» بانگەوازی بۆ دەکـەن و لەپێناویدا تێدەکۆشن لە قازانجی بورژوا ـ ڕیڤیژنیستەکاندا نیەو تەرازووی هێزەکانی جێگای دیاریکراو (عیراق ..) لە قازانجی سۆڤیەت دەشێوێنێ ؛ کەواتە ئەو بیرکردنەوە مـارکسیستـیەی دەیەوێ کرێکاران بەپێی مارکسـیزم وشـیـار بکاتەوە لای لادەران «مۆدێل» و «چەپڕەوی» یەو دورە لە «مارکسیزم» !
بەڵام هەر لە بەرامـبـەر ئەو هەڵوێستـانەی سـەرەوەدا هەڵگوتن بەسـەر «هێـزە چەکدارەکان» و «ڕۆشنبیران» دا ( بڕوانە بەرنامـەی حشع ) عـەینی مـارکسـیزمن و دەتوانن بەردەوام خزمەت بکەن و لەلایەن«حیزبە براکان» ە وە مۆری قبوڵیان لێ دەدرێ و ـ لەو ڕێگایەوە ـ ستراتیژی تەحریفیـەت کە تێکدانی بیرکردنەوەی چینی کرێکارە بەرەو پێش دەچێ!...
بەوردبوونەوە لەو مەسـەلانەی سەرەوە تێدەگەین بۆچی کاک حمید هەست بە مـەغدوری دەکات و دەیەوێ تۆڵە لە مارکسـیزمی شـۆڕشگێڕ بسـتێنێ کە بۆچی ڕیسـواکردنی پۆپۆلیزمی کردۆتە یەکێک لە بناغەکـانی بەرنامـەو شێوەکاری خـەبات... هـەڵوێستی تورەی «ڕەخنەگر» لـە بەرامـبـەر «چەپی توندڕەو» دا تـەنیا لەوێوە دەشێ شـیـبکرێتـەوە،

بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەش کەڕیڤیژنیزم بۆ درێژەدانی ژیانی حیزبی و سیاسی خۆی، یاخود ( لەحاڵەتی ڕەخنەگردا ) بۆ خستنە ڕووی شیکردنەوەی « نوێ »، پێویستیەکی بەردەوامی بە تێکدانی بیروباوەڕی مارکسیزم هەیەو ئەوەش کە «ڕەخنەگر» بەم شێوەیە دەیەوێ بۆچوونە مارکسیستیەکان بشێوێنێ تەنیا بۆ ناساندنی نیازی هاوکاری و هاوفیکریە لەگەڵ ڕیڤیژنیستەکانی تری سەر بە «ڕیڤژنیزمی مۆدێل» ی ڕووسی لە عیراقداو، ئەمەش، واتە ئەم نیازە بۆ بەستنەوەی چارەنوسی «ڕەخنەگر» (یان کەسانی تریش !) بە چارەنووسی باقی هاوبیرە جیهانی و ناوخۆی یەکانیانەوە، لە نەفی و شاردنەوەی مەسەلەی «حیزب» ە وە دەستپێدەکات و بەشێواندنی ئێجگار بازاڕیانەی شیکردنەوەی ئابوری عیراق «گەشە» دەکات و لەدواییدا بە لەقەڵەمدانی مارکسیستەکان بە «چەپی توندڕەو» گەشەدارتردەبێ و ئینجا دواتریش ...

گێچەڵبازی ناڕاستەوخۆی «ڕەخنەگر» دژی مارکسیستەکان و ناونانیان بە «چەپی توندڕەو»، لەباری عەمەلی و سیاسیەوە، لەوەی سەرەوەش واوەتر چووەو دەکرێ وەک هەڵکردنی ئاڵای سپی بۆ نوێنەری ڕەسمی ڕیڤژنیزم واتە «حیزبی شیوعی عیراقی» لێکبدرێتەوە کە ڕەخنەگر پێی وایە ئەو «مناوەرە» یە زۆر دیبلۆماسیانەیەو بۆ هیچ کەس ئاشکرا نیە !

لەجەرگەی وردبونەوەی لە کێشەکان، نابێ خوێنەرمەسەلەیەک بەکەم بگرێ: لەکاتێکدا مارکسیەکان لەلایەن ڕەخنەگرەوە بەو چەشنە تۆمەتی جۆراو جۆریان لەقەبەڵ دەکرێ کە پڕۆژەی بەرنامەی « ئاڵای شۆڕش» ( پەسند کراوی کۆبونەوەی یەکەم و پلینۆمی دووەم ) سەبارەت بە لادانی پۆپۆلیستی (کە ڕەخنەگر دەڵێ مۆدیلی سەردەمە) و باقی لادانەکانی تر، بەم شێوەیەی خوارەوە بۆچونی ڕاشکاوی دەربڕیوە، لەو بۆچوونەشەوە دەکرێ «هەڵوێست»ە کانی کاک حمید بۆ هەموان ساغتر ببنەوەو حوکمەکانی ئێمەش واقعیتر خۆبنوێنن .

لە پڕۆژەدا هاتوە :

**« بۆیە دەبینین شانبەشانی پێشکەوتنی سەرمایەداری، دژایەتیکردنی مارکسیزمی شۆڕشگێڕیش پەرەی دراوەتێ و ... تێزی ڕیڤیژنیستی چەندین بەرگی مۆدێرنی لەبەردەکرێ و ملیۆنەها دینارو دۆلاری ئیمکانیەتی چاپ دەخرێتە بەردەست... گەشەکردنی ناسەرمایەداری، ئۆرۆکۆنیزم، سۆشیال دیموکراتیزم، تێزی سێجیهان، نەمانی بایەخی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، پۆپۆلیزم .. هتد لە وڵاتانی پێشکەوتو دواکەوتودا، لە دیاردە هەرە زەقەکانی ڕیڤژنیزمی سەردەمن ..» (پڕۆژە: هەڵوێستەیەکی ئەنتەرناسیۆنالیستی)**

٣ـ بەدبەختی تەنها لەوەدا نیە مرۆڤ نەزانێ چ دەڵێ وچ دەنوسێ بەڵکە

لەوەشدایە **داکۆکی** لە بابەتێک بکات کە بە حساب ئیدیعای «دژایەتی» ی دەکات ! ..
حاڵی ڕەخنەگرمان لەمەڕ مەسەلەی تروتسکیزم و کێشەی بنیاتنانی سۆشیالیزم لەیەک وڵاتدا ( یاخود لەچەند وڵاتدا ) بێ کەموزیاد، لەو بارەوە بەچەند سەرنجێکەوە ڕوون دەکرێتەوە.

تروتسکیزم وەک ڕەوتێکی سیاسی ـ ڕێکخراوەیی، بەهۆی ئەو ناکۆکیە جۆراوجۆرانەی لەدەزگای ڕێبەری حیزبی بەلشەفیدا دوای هاتنەسەرکاری ستالین بە ئاشکراییەکی زۆرترەوە دەرکەوتن، وەک دیاردەیەکی لەهەرسنەهاتو بۆ دەزگای نوێ هاتە بەرچاو وە بەوهۆیەوە، دوای چەندساڵێک ململانەی ڕەسمی و ناڕەسمی، لەمەیدان وەدەرنرا.

لەگەڵ ئەوەدا کە ناوەرۆکی بیرکردنەوەی تروتسکیستی پێشتر ( پێش ١٩١٧ ) فۆرمۆلەببون، بەڵام لەوەدوا ترۆتسکیزم وەک ئۆپۆزسیۆنێکی ڕیڤژنیستی بەئاشکرا لەبەرامبەر کۆمینترن و سیاسەتەکانی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتیداڕاوەستاو بەناوی مارکسیزمەوە جۆرەها تێزو پێشنیاری بۆ ڕیفۆرمی ڕێبەری حیزب بە ڕووی دەزگاکانی دەوڵەتدا دەدا، سەرەنجام«ترۆتسکیزم » نفرینی هەموو دامودەزگاکانی سۆڤیەت ولایەنگرانی سۆڤیەتی لێکراو، ڕەوتی بەرەوپێشچوونی مێژووش ئەوەی ڕوونتر دەرخستوە هەر گروپ وکەسێک وابەستەیی بۆ سۆڤیەت هەبێ دەبێ نفرینی لێبکات و لە هەر ڕێگایەکەوە بێت «ڕەت» ی بکاتەوە، ئەوە ئیدی نەریتی ناسراوی هێڵی فیکری و سیاسی و دەوڵەتی ڕیڤژنیزمی هاوچەرخی ڕوسی یە لە بەرامبەر تروتسکیزم دا.
لایەنگرانی بیروباوەڕی ڕیڤژنیستی عیراقیش لایان بۆتە باو، بێ هیچ شیکردنەوەیەکی قووڵی بۆچونەکانی تروتسکی، بۆ پشتیوانیکردنی هەڵوێستەکانی یەکێتی سۆڤیەت، بکەونە کوتانی تەپڵ وکەڕەنای جەنگ دژی ئەو «ئەنتی کۆمۆنیزم»ە ترسناکەی لەپێستی تروتسکیزم دا خۆی حەشارداوە...
کاک حمیدی ئێمەش، بەناونیشانی ڕیڤیژنیستێکی تازەکار، نایەوێ لەکاروان جێ بمێنێ و هەمان کاری خێری دەستداوەتێ کە هاوبیرەکانی لە وڵاتانی جیهاندا وەک ئەرکی سەرشان جێبەجێیان کردوە و دەیکەن... بەڵام هی ئەم بە چ حاڵێک ؟!
سەرەتا دەبێ بزانین ترۆتسکی سەبارەت بە بنیاتنانی سۆشیالیزم لەیەک وڵاتدا هەڵوێستێکی چەوتی وەرگرت و لە عاست مەسەلەی دامەزراندنی سۆشیالیزم لە ڕوسیای ئەوسادا ئەوپەڕی ڕەشبینی نیشاندا، ئەوەی کە ئەم بیرکردنەوەیە چ جیاوازیەکی قەبەی لەگەڵ مارکسیزمدا هەیە جێگای باسێکی سەربەخۆیە، هێندە بەسە دوو بەڵگە لەو بارەیەوە بهێنینەوە .
یەکەم لە«مانیفیست» و دوەم لە نوسراوەکانی لینین ؛ کە هەرکامیان بەڵگەی تیۆری

بەهێـزن بۆ ئیـمکانـی بنیـاتنـانی سـۆشـیـالیـزم لـە یەک وڵاتدا. شـایانـی سـەرنجـە ــ بەپێداگرتنەوە لەسەر ئەو بۆچونانە ــ ڕەتکردنەوەی بنیـاتنانی سۆشیالیزم لەیەک وڵاتدا بەو واتایەیە سەرجەم تیۆری مارکسیزم بخرێتە ژێر پرسیارەوە...

**مانیفیست** لەوبارەوە نوسیویە:

**« پرۆلیـتـاریـای هەر وڵاتە لـەسـەریـەتی لەپێش هەر شـتـێکدا کـار لەگـەڵ بورژوازی وڵاتەکەیدا یەکلایی بکاتەوە»** (مانفیست: بورژواکان و پرۆلیتارەکان)

**لینین** لەوەش ڕاشکاوتر دەنوسێ:

**« ئیمکانی نیە سۆسیالیزم لە گشت وڵاتاندا لەیەک کاتدا سەربکەوێ»**

کەواتە تیـۆری بنیـاتنانی سـۆشـیـالیزم لەیەک وڵاتدا بـۆچونێکی زانسـتانەیەو کەسێک ئیدیعـای مارکسیـزم بکات ناشێ بیرکردنەوەیەکی پێچەوانەی هەبێ، بەڵام ترۆتسکی ــ لەهەمـان حـاڵدا کـە خۆی بە مـارکـسـیـست لـەقـەڵەم دەدا ــ هەڵوێسـتی سـەبارەت بە دامەزراندنی سۆشیالیزم لە ڕوسیادا بەم شێوەیە دەردەبڕێ :

**«ئەوانەی ئیمکانی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستی گۆشەگیرو خۆبەخۆیان لە ڕوسـیـادا ڕاگەیاند، شـۆڕشـی جیـهـانی لایان، لە مـەرجێکی سـەرەکی و حـەتمیـەوە بۆ سـەرکـەوتن، گـۆڕا بە مـەرجێکی یارمـەتی دەر..»** (شـۆڕشـی بەردەوام : پێشـەکی چاپی ڕوسـی)(٥)

یاخود :

« **تیـۆری بنیـاتنانی سۆشـیـالیزم لەیەک وڵاتدا، کە سـەرەتا لەلایەن سـتـالینەوە لە پایزی ١٩٢٤ دا فـۆرمۆلەکرا، نەک تەنیا لەگـەڵ هەموو نـەریتەکـانی مارکسیـزم و قوتابخـانەی لینین دا ناکۆک بوو بەڵکە...»**

(شۆڕشی بەردەوام : پێشەکی چاپی ئەڵمانی)(٦)

ئێستا **لەگشت حاڵێکدا** چاوەڕوان دەکرێ «ڕەخنەگر» دژی ترۆتسکی هەڵوێست بگرێت، ئەم چاوەڕوانیـەشـمـان بێـجێ نیە: ئەگـەرکـاک حـمیـد وەک ڕەخنەگرێکی مـارکسـی و ڕاسـتگۆ ببـینین، زۆر ئـاسـایی دەبێ ــ بەپەیڕەوی لـە مـانیـفیـست و لینـین ــ بڕوای بە بنیـاتنانی سـۆشـیـالیـزم هەبێ لەوڵاتێکدا. لەحـاڵی دووەمـدا، واتە ئەگـەر وەک ڕیڤیـژنیستێکی ستالین یش ڕادەرببڕێ دیسـان دەبێ هەمـان ئەو هەڵوێسـتـەی هەبێ! (دەشێ لێرەدا خـوێنەران جیـاوازی بۆچونی نـاسیـۆنالیسـتی سـتـالینی و بۆچونی مارکسی یان لەمەسەلەی «سۆشیالیزم لەیەک وڵاتدا» لێ ئاوێتە نەبێ).

ئەوەی زۆرتریش ناچارمان دەکا لەسەر ئەو بۆچوونە پێدابگرینەوە، دژایەتی ئاشکرای

«ڕەخنەگر» ە بۆ ترۆتسکی، ئەو نوسیویە:

**«ئەوانە لە تێڕوانینی خودی ترۆتیسکیزمەوە ڕەخنە لە ترۆتسکی و ترۆتسکیزمی هاوچەرخ دەگرن، ئەوانە زۆربەی بۆچونەکانی تروتسکی وەردەگرن تا دژایەتی هەندێ بۆچونی خۆی پێ بکەنەوە، وە لە زۆر حاڵەتدا بۆئەوەی دوژمنایەتی لینینیزمی پێ بکەن ... »** ( رسالە : ل ١٦ )

بێجگە لەوەش، پارێزگاریکردنی کەللەڕەقانە لە ستالین:

**«ئەوانە (واتە «فشع» و«کەسانی تر»!) ستالین تاوانباردەکەن لەسەر بنیاتنانی سۆشیالیزم لەیەک وڵاتدا، لەکاتێکدا.. زوڵمە ئەگەر تەنیا لایەنی سلبی وەربگرین و لایەنی ئیجابی کارەکانی ستالین وەلبکەین »** (رسالە : ل ١٦)

وەک دیمان، ڕاوەستان بە ڕواڵەت لەبەرەی ستالین و دژایەتی تروتسکی، زۆر ئاسایی دەبوا پرەنسیپی «سۆشیالیزم لەیەک وڵاتدا» تەئکیدی لەسەر بکرێ و لەبەرامبەر ئەو شۆڕشەی سبەینێ کرێکاران لە عیراقدا بەرپای دەکەن وەک بنەمایەک پارێزگاری لێ بکرێت، کەچی بەسەرنجدانمان لەم کۆپلەیەی خوارەوە تێدەگەین کاک حمید لەچ «سەنگەر» ێک دا ڕاوەستاوە :

«نابێ ئەو حەقیقەتە درەوشاوەیە ئینکار بکەین کە تەئکید دەکا، **ناشێ، بەڵکە مەحاڵە سۆشیالیزم لەوڵاتێکی وابەستەو دواکەوتودا بنیات بنرێت.**»
(رسالە ل٧)   ( تەئکید هی ئێمەن )
ئێمە لێرەدا سەبارەت بەسەرچاوەی سیاسی ئەو حوکمەی «ڕەخنەگر» زۆر نادوێین ( ڕەنگە خوێنەر پەی پێ ببات ) بەڵام ناکۆکی ئەو بۆچوونە لەگەڵ هەرچی «ڕەخنەگر» خۆی باسی لێکردوەو دەیەوێ بیسەلمێنی و مارکسیزمیش بڕوای پێ هەیە وەک ڕۆژی ڕوون، ڕوونە.
لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، خستنەڕوی چەند ڕاستیەک سەبارەت بەو بەڵگانەی کاک حمید دەیەوێ ڕاستەوخۆ لەڕێگایانەوە قەناعەتمان پێبکات کە سەرکەوتنی سۆشیالیزم بەبێ کۆمەکی سۆڤیەت مەحاڵە، دەتوانێ وەک کلیلێک بۆ تێگەیشتنی جیهانبینی «ڕەخنەگر» زیاتر مەبەست ڕوون بکاتەوە.
یەکێک لەو بەڵگانەی ڕەخنەگرمان لەباری تیۆریەوە لەبۆچونەکانی تری خۆی

هەڵێنجابو، دیترا:
کوتانی ترۆتسکی (هەڵبەت بەشێوەی کاک حمید) ، ئینجا داکۆکی لە ستالین (ئەویش بەهەمان شێواز)، سەرنجام :
**«مەحاڵە سۆشیالیزم لە وڵاتێکی دواکەوتو و وابەستەدا بنیات بنرێ»!**
ئەو فەرتەنەیەی ڕەخنەگرمان پێکی هێناوە بۆئەوەی وا لەخوێنەرانی بکات بڕوا بە «سۆشیالیست» بون و پێویستبونی کۆمەکی یەکیەتی سۆڤیەت بهێنن ـ وەک دیمان و دەبینین ـ زۆرگران بۆی تەواو دەبێ لەبواری لۆجیکی شیکردنەوەو تیۆریدا پێکەوە، هەڵبەت بێئەوەی ڕەخنەگر هەر برۆیشی بۆ بجوڵێنێ!
ئەو « بەڵگە» یە ش کە دەیەوێ «وابەستە» یی و دواکەوتویی عیراق بکات بە پاساو بۆ ڕەتکردنەوەی سۆشیالیزم لەیەک وڵاتدا ( لەبۆچونی شاراوەی ڕەخنەگردا بۆ وابوستەبوون بۆ سۆڤیەت)، بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ساڵی ١٩١٧و بارودۆخی١٩٨٧ی عیراق، دیسان هەرجۆرە موناقەشەیەکی جیدی بێهودە دەکات، چونکە ئاشکرایە ئەگەر «وابەستە» یی و «دواکەوتویی» ئێستای عیراق لەهی ئەوسای ڕوسیا کەمتر نەبن ئەوا لانیکەم یەکسانن (هەڵبەت بەبەراوردکردنی دوو وڵات بەجیاوازیەکانیانەوە).
بەڕاست ترۆتسکی چی لەو وشانەی «ڕەخنەگر» زیاتر وتبو کە کەوتە ژێر غەزەبی دەزگای دەوڵەتی سۆڤیەتی و ستالینەوە: « مەحەڵە سۆشیالیزم لەوڵاتێکی دواکەوتوو وابەستەدا بنیات بنرێ؟»
ناشێ کاک حمید لەو ڕوانگەیەوە «کۆمەکی ئەنتەر ناسیۆنالیستی پاکیزە» (ل٧) لەلایەن وڵاتانی «سۆشیالیستی» یەوە بۆ عیراق بەهەق بزانێ، بەڵام کۆمەکی کرێکاران و شۆڕشی ئەوروپا (واتە کۆمەکی ئەنترناسیۆنالیستی ) بۆ ڕوسیای سەردەمی ستالین و تروتسکی بەهەق نەزانێ کە تروتسکی خوازیاری بوو!
لەو بەڵگانەش موعجیزەتر لە لاپەڕەی ٨ دا «ڕەخنەگر» دەیەوێ زیاتر پاساو بۆ سۆشیالیست بوونی سۆڤیەت پەیدابکات، بێگومان «شێواز» ی ڕەخنەگر لە بەڵگەهێنانەوەکانیدا پارێزراوە، نوسیویە:
**« وەلەحاڵەتی ئینکارکردنی هەبوونی سیستەمێکی سۆشیالیست لە گشت وڵاتانی دنیادا وەک لە وثیقەکەدا هاتوە، چۆن دەتوانرێ سۆشیالیزم لەوڵاتێکی وەک عیراقدا دابمەزرێ لەسێبەری تەوازناتی دەولی ئێستاو واقعی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی ناوخۆدا؟!»** ( رسالە : ل ٨ )

بێئەوەی هەوڵی ڕەتکردنەوەی تیۆریی لۆجیکی نادیالەکتیکانەی ئەو بۆچوونە بدەینەوە،

دەشێ لەباری سیاسیەوە ئەو پرسیارە لە نوسەری «رسالە» بکەین: ئەگەر لەژێر سێبەری تەوازناتی دەوڵەتاندا ناشێ لەعیراقی ئێستادا سۆشیالیزم دابمەزرێنرێ، چۆن توانرا لە ڕوسیاداو لە ژێر تەوازوناتی دەولی ئەوسادا سۆشیالیزم دابمەزرێنرێ، لەکاتێکدا دەستدرێژی ئاشکرای وڵاتە ئیمپریالیستەکان لەکایەدا بو( بەتایبەت ساڵی ١٩١٨) ؟ ئەوە بە چاوپۆشین لەوەش کەجیهان ئێستا، بە پێچەوانەی ئەو دەمەوە ـ ئەگەر لە تێڕوانینی خودی ڕەخنەگریشەوە تەماشای بکەین ـ بۆتە دووبەرەی ناکۆکەوە: بلۆکی ڕۆژهەڵات و بلۆکی ڕۆژئاوا؟

یاخود ئایا ڕەخنەگر دەتوانێ زەمانەتی ئەوەبکات ( خۆی داوای زەمانەتی لە«فشع » کردوە!) یەکیەتی سۆڤیەت و بلۆکی ڕۆژهەڵات کەئەو لایەنگریانە، لەپێناوی هەمان «تەوازنی دەولی» دا، کاتێک ڕاپەڕینی کرێکارانی عیراق هاتە کایەوە، دەست نانێین بەسنگی کرێکارانی ڕاپەڕیوەوە ؟

پوختەی قسەی ڕەخنەگرمان سەبارەت بە سۆشیالیزم لە عیراقدا ئەمەیە: بەبێ یارمەتی وڵاتانی **سۆشیالیست** ناتوانرێ و مەحاڵە سۆشیالیزم ببێتە شتێکی بەرهەست، وە ئەوکەسەی لەوبارەوە ڕاڕابێت، دەبێ هەمان ئەو وشانەی تروتسکی ئاراستە بکرێ کە زەمانێک ڕەوانەی ستالین کرابون:

**« بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستی نیشتیمانی ودابڕاو... بەواتای هەڵوەدابونە بە دوای یۆتۆپیایەکی کۆنەپەرستانەدا »** (تروتسکی: شۆڕشی بەردەوام:ل ٤٤)

مەسەلەکە بەوەش کۆتایی پێ نەهاتوە. ڕەخنەگرمان پێی وایە نەک تەنیا لە بنیاتنانی سیستمی سۆشیالیستیدا وڵاتانی سۆسیالیست دەگەنە فریا، بەڵکە لە قۆناغی سەرەتایی و خۆ ئامادەکردنیشدا بۆ سۆشیالیزم ( لە دیموکراتی شۆڕشگێڕدا بەقسەی «ڕەخنەگر» ل ٦) کۆمەکی سەغیانەی «ئەنتەرناسیۆنالیستی» دەبەخشرێتەوە:

**«وە لەڕێگای کۆمەکی ئەنتەرناسیۆنالیستی پاکیزەوە، دەسەڵاتی ناوەندی هەڵدەستی بە گەشەپێدانی هێزەکانی بەرهەمهێنان، بەدانانیان وەک بنکەیەکی ماددی بۆ شۆڕشی سۆشیالیستی»** (رسالە: ل ٧ )

پێش ئەوەی سەرنج بدەینە ئەو پەیوەندە ناکۆک و نەگونجاوەی لەنێوان ئیدەی دیموکراسی شۆڕشگێڕانەو ڕیڤیژنیزمی ڕووسی دایە، هەڵوێستەیەک لەسەر ئەو بۆچونە ڕیڤیژنیستیەی ڕەخنەگر دەگرین کە پێی وایە «هێزەکانی بەرهەمهێنان» پایەی ماددی یە بۆ سۆشیالیزم. بەڕاستی ئەگەر مرۆڤ لەم هەموو ڕیڤیژنیزمە هێڵنج نەدا بەحەوسەڵەیە !

گرنگیدان و بایەخدانی سەرەکی بە«هێزەکانی بەرهەمهێنان» لەکۆنەوە لەلایەن

ڕیڤیژنیزمی ڕووسی و هاوچەرخەوە پێرەوی لێکراوەو سەیرنیە لەلایەن ڕەخنەگری ئێمەشەوە بۆ هەزارەمین جار چەندپاتە بکرێتەوە.
ئەم بۆچونە نامارکسیستیەش سەبارەت بە بنیاتنانی سۆشیالیزم پێی وایە دەبێ سەرەتا «هێزەکانی بەرهەمهێنان» گەشەیان پێبدرێ و ئەوپەڕی وەگەڕخرێن تا دواتر «پەیوەندەکانی بەرهەمهێنان» خۆیان لەگەڵ ئەم هێزانەدا ڕێکبخەن و جوتبکەنەوە، وەبەو شێوەیە **یەکسەر**«سۆشیالیزم» بێتە ئاراوە!
ئەم بۆچونە میتافیزیکیە کە ڕۆڵی «ژێرخان» ــ هێزەکانی بەرهەمهێنان ــ بەردەوام بەشێوەیەکی میکانیکی دەخاتە پێش ڕۆڵی «سەرخان» ــ خەباتی چینایەتی و وشیاری کرێکاران و دەوری ئەو چینە لەبواری هێزەکانی بەرهەمهێناندا ــ پێی وانیە ئەوەی پایەی ماددی یە بۆ سۆشیالیزم، هەبوونی ئابووریەکی سەرمایەداری و **وشیاریەکی کامڵە** بۆ فەوتاندنی ئەو سیستمە، بەڵکە تەنیا گەشەپێدانی یەکلایەنەی «هێزەکانی بەرهەمهێنان»ە، لەحالێکدا دەرکی ڕیڤیژنیزم دەربارەی سۆشیالیزم بەم جۆرەبێت ، بێگومان ئەرکی دکتاتۆری پرۆلیتاریا (دەسەلاتی سیاسی) نەک وشیارکردنەوەی کرێکاران دژی بورژوازی و سەپاندنی یاساکانی فەوتاندنی خاوەندارێتی تایبەتی سەرمایە، بەڵکو ڕێک گەشەپێدانی «هێزەکانی بەرهەمهێنان» ە لە چوارچێوەی سیستمی سەرمایەداریدا و هێشتنەوەی ملکایەتی چەوسێنەرانەی سەرمایەداری کە بناغەی ئەو هێزانەی بەرهەمهێنان پێکدەهێنن!
دیموکراسی شۆڕشگێڕانە، واتە ئەو قۆناغەی دەبێ کرێکاران و زەحمەتکێشان تیایدا دەسەلاتی شۆڕشگێڕانەیان بۆ سەپاندن و بەدەستهێنانی دیموکراسیەکی چینایەتی و واقعی دەربخەن، لەلایەن ڕەخنەگرەوە گرنگی پێ دراوەو دەستەی «فشع» ــ کە ئێمە هەڵوێستی ئۆتۆپیستی ئەوانمان لەم بارەوە دەرخست ــ بەوە تاوانبارکراون کە لە پەیوەندی ئۆرگانی نێوان شۆڕشی بورژوا دیموکراتیک وشۆڕشی سۆشیالیستی حاڵی نابن و توشی عوقدە بوون!
ئەوەی کە چ جیاوازی و ناکۆکیەکی سەرسوڕهێنەر هەیە لەنێوان شۆڕشی بورژوا دیموکراتیک (کە بورژوا هێزی سەرەکیەتی ) وە دیموکراسی شۆڕشگێڕدا (کە پرۆلیتاریا هێزی بزوێنەرو رابەریکردنیەتی)، ناشێ لیرەدا باسی لێوە بکەین و بۆ کاک حمیدی ڕوون بکەینەوە، خوێنەرانیش دەتوانن بە خوێندنەوەی نوسراوەی «رسالە» چاکتر فەلسەفەی بێناوەڕۆکی ڕەخنەگر حاڵی بن .
بەڵام ئایا مرۆڤ دەتوانێ جیهانبینیەکی ڕیڤیژنیستانەی هەبێت و داکۆکی لە ئیدەی دیموکراسی شۆڕشگێڕانە بکات ؟ ئەو ئیدەیەی ئێستا وەک وەلامدانەوەیەک بە بارودۆخی بابەتی عیراق و وەزعی چینایەتی بۆتە دروشمێکی سەرەکی بزوتنەوەی

کۆمۆنیستی بۆ وەدیهێنانی خواستەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان ؟ ..
جێگای سەرنج و بیرکردنەوەیە ئەو بنکە «ئەنتەرناسیۆنالیست» ە ی ڕەخنەگری ریڤیژنیستمان چاوەڕوانە لەکاتی ڕاپەڕینی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێشدا، وە لەهەلومەرجی هاتنەکایەی دەسەلاتێکی نوێدا ببێتە مایەی دڵخۆشی و پشتقایمی بۆی، لەکۆنەوە خۆی ساغکردۆتەوەو بڕیاری داوە کە لەنێوان بەرەی شۆڕشی کرێکاران و دیموکراسی و سۆشیالیزم، وە بەرەی دژە شۆڕشی بورژواو کۆنەپەرستی و فاشیزمدا کامیان هەڵدەبژێرێ: **یەکیەتی سۆڤیەت**، ئیلهامدەری داهێنانەکانی«ڕەخنەگر»، لە زمانی پرۆفیسۆرێکی «ئەنتەرناسیۆنالیست» ە وە ڕایانگەیاندوە ئەوان، نەک بەرەی شۆڕشی کرێکارانی عیراق، بەڵکو بەرەی ئەحمەد حسن بەکرو و سەرمایەدارە «سۆشیالیست»ە کان دەگرن و حیزبی بەعس و سەددام بە بەدیهێنەری «سۆشیالیزم» دەزانن ... ئەو ڕاستیە بەکردەوە بینراوەو بەکردەوەش بەردەوام دەبینرێت .
**پرۆفیسۆرک . ن. پروتنتس** ، لەزمانی « ئەنتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاریا » وە دەفەرموێ:
**« دیموکراتە شۆڕشگێڕەکان لە گینیا، گینە، مالی، جەزائر .. لەڕێگای سەرنگونکردنی ڕژێمە بۆگەن و وابەستەکان بە داگیرکەرو ئیمپریالیستەکانەوەو، لە سوریا و عیراقیش پاش بەرکەنارکردنی سەرکردە بورژوا ڕاستڕەوەکانی بەعس لە حوکم، گەیشتنە دەسەلات...»**
**( شۆڕشە ڕزگاریبەخشەکان ل ٩)[٧]**
کەواتە «دیموکراتە شۆڕشگێڕەکان» واتە ئەوانەی پێشڕەوی گۆڕانکاریە سیاسیەکانن لە قازانجی پرۆلیتاریا بەرەو سۆشیالیزم، لەکۆنەوە لە وڵاتی ئێمەداهەن و«ڕەخنەگر» پێی نەزانیوە !
تاوانبار تەنیا خودی «ڕەخنەگر» ە کە لەدنیا بێخەبەرەو زۆر نزیکە بێ ئاگاداری ئەو ئێستا عیراق لە قۆناغی «بەرەو کۆمۆنیزم » دابێت !
چاکترە گوێ ڕابگرین بۆ پرۆفیسۆری «کۆمۆنیست »:
**« دیموکراتە شۆڕشگێڕەکان ( واتە حیزبی بەعس...) دەوڵەتە نیشتیمانیەکانیان ڕووەو ئاقارێکی سۆشیالیستی ڕابەری دەکەن ... پەیدابونی ئەوانە لە مەیدانی بزوتنەوەی ڕزگاریبەخش و نیشتیمانی هاوچەرخدا، دیاردەیەکە لەبناغەوە نوێ و بایەخدارە»**

زیاتر لەوەش :
**« لە عیراقیش زۆر گۆڕانکاری گرنگ ڕووەو فراوانکردنی هاوکاری نێوان حیزبی شیوعی و حیزبی دەسەلاتداری بەعس جێبەجێکراون، بەعسیەکان تەنانەت پێش گەیشتنە دەسەلاتیان لە شوباتی ١٩٦٨دا ئەو«هەڵانەی» لە کۆتایی ١٩٦٣دا لە بەرامبەر**

**هێزە پێشڕەواکاندا، وە لەپێش هەموانیشدا لەبەرامبەر حیزبی شیوعی عیراق کردبویانن، مەحکوم کرد»** (٨)

بەم شێوەیە هەقمانە، لەنێوان «دیموکراسی شۆڕشگێڕانە»ی سۆڤیەتیەکان و دیموکراسی شۆڕشگێڕی کرێکاراندا، پرسیاری **«کام ڕێگا؟»** بخەینە ڕووی : بەڵام پرسیاری تۆقێنەری « کام ڕێگا؟ » تەنیا لەو ڕووەوە لەلایەن کاک حەمیدەوە وەڵامەکەی ئاشکرایە کە ئەو هەر لەسەرەتاوە بیروباوەڕی خۆی بە ڕیڤیژنیزمەوە گرێداوەو پێی وایە لادان لێی دەیخاتە ناو قەنەفەی پرۆکۆستەوە.

## پەراوێزەکان:

١- پل سوئیزی : تیۆری گەشەسەندنی سەرمایەداری ، وەرگێڕانی بۆ فارسی حیدر ماسالی ل ٢٤

٢ - هەمان ل٢٦

٣ - هەمان ل٢٩

٤ - کارل مارکس : بنەماکانی ڕەخنەی ئابوری سیاسی ( گروندریسە )، وەرگێڕانی بۆ فارسی : باقر پرهام و احمد تدین ، ل ٢٦

٥ - لئون تروتسکی، « انقلاب پیگیر» ترجمە سیلوش نواب ل ٢٩

٦ - هەمان ل٤٣

٧ - انقلابهای رهاییبخش ملی دوران معاسر . ک. ن. پروتنتس: ترجمە ب بهزادی ل٩

٨ - پروتنتس لاپەڕە ٢٥٠

(*) « کام ڕێگا ؟» لە مانگی ئۆکتۆبەری١٩٨٧ دا ئامادەی بڵاوکردنەوە بو، بەڵام دەبوا - هەروەک لە چاپی یەکەمیدا ئاماژەی بۆ کراوە - لیژنەی سەرپەرشتی «ئاڵای شۆڕش» بڕیار بدات ئنجا بۆ «ڕیزەکانی ڕێکخستن» بڵاوبکرێتەوە!.. بەو جۆرە نوسراوەکە ماوەیەکی چەند مانگی لای ئەو هەڤاڵە مایەوە کە سەرپەرشتی کارەکانی ئاڵای شۆڕشی دەکرد، بەم هۆیەوە بڵاوبونەوەی کەوتە مانگی شوباتی ١٩٨٨.

## پاشکۆی یەکەم

### پێشەکی کاک صلاح شێخ صدیق بۆ چاپی یەکەمی " کام ڕێگا؟"

هاوڕێیان!
دیارە مەسەلەو کێشە دەرەکییەکانی هەر ڕێکخراوێک، ڕەنگدانەوەی وەزعی ناوخۆی ئەو ڕێکخراوەن. ململانێی ئایدۆلۆژیش وەک هەولێکی تیۆری لە نێو دوو ڕێکخراودا بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو لەو حەقیقەتە بەدەر نیە... مەرجی پێویستیش بۆ هەر ململانەیەکی ئایدۆلۆژی سەرکەوتوانە، ئەوە دەخاتە بەردەم ئەو لایەنەی کە دەستپێشکەری لە خستنەڕووی بۆچونەکانیدا دەکات، لانیکەم لە نێو ریزەکانی خۆیدا لەسەر هێلێکی ئایدۆلۆژی - سیاسی یەکێتیەکی توندو تۆلیان هەبێت، ئەمە وەک بنەمایەکی گشتی و پێویست ناشێ پەیرەوی نەکرێت.
بەڵام «ئاڵای شۆڕش» بە هۆی هەندێ تایبەتمەندێتیەوە کە هەر لەکاتی دامەزرانی یەوە لە ناو بزوتنەوەی میللی و چەکداری کوردستاندا سەریان هەڵداوە تا ڕادەیەک لەم ئەسڵە بەدووره.
ئەوەش لەوەدا کە ئاڵای شۆڕش لە ناو ریزەکانیدا لە سەر یەکێک لە بنەڕەتیترین و سەرەکیترین بنەماکانی ڕێکخراوەیی چینی کرێکار کە «ئەنتەر ناسیۆنالیزمی پرۆلیتاری» یە دوو بیرکردنەوەی جیاواز و دژ بەیەک هەیە .
بەو پێیە لە ڕیزەکانی ئاڵای شۆڕش دا دوو بۆچون و هەڵوێستی جیاواز لەسەر ئەو کێشەیە لە ئارادایە: یەکەم کەسانێک کە یەکێتی سۆڤێت بە وولاتێکی سۆشیالستی دادەنێن و بە بنکەی ئەنتەناسیۆنالیزمی پرۆلیتاری دەزانن، دوەم ئەو هاوڕێیانەی کە یەکێتی سۆڤێت بە ئیمپریالیستی و بنکەی ریڤیژنیزمی هاوچەرخ دەزانن و بەو پێیە، پێ لەسەر سۆشیالیزمی پرۆلیتاری و هێنانە کایەی ئەنتەرناسیۆنالیزمی نوێ دادەگرن.
بەپێی ئەو بریارو بەڵگە نامانەش تاکو ئێستا بە شێوەی ڕەسمی ئاڵای شۆڕشیان وەک ڕێکخراوێکی سیاسی لە چوارچێوەیەکی تایبەتدا ڕاگرتووە، ئەو مەسەلەیەی سەرەوە چاودێری کراوە و هەیکەلی ئاڵای شۆڕشی هێشتۆتەوە، بەڵام وەک گشت هاوڕێیان ئاگادارن، ئازادی نووسین و ڕەخنەگرتن لە چوارچێوەی ڕێکخراوەییدا بە پارێزراوی بۆ هەر دوولا هێلراوەتەوە... لێرەوە دەگەینە وەلامی ئەو پرسیارەی کە بۆچی هاوڕێ سەنار مستەفا وەڵامی نوسراوێک دەداتەوە کە لەسەر دەستەیەک بە ناوی ف.ش.ع لە لایەن هاوڕێ حەمید سادق ەوە نوسراوە.
هاوڕێ حەمید لە ڕێگای نووسراوەکەیەوە هەولی داوە هەرچی جیاوازی و ململانێیەک بە بیری داهاتوە بە ئاشکراو بۆ دەرەوەی ڕێکخراو ڕابگەیەنێ و لەو ڕێگایەوە بە ڕاشکاوی پرەنسیپە ڕێکخراوەییەکانی پێشێل کردوە: داکۆکیکردن لە سۆڤیەت، تاوانبارکردنی ئەوانەی کە هێلی سیاسی سۆڤیەتیان قبولّ نیە بە «توندڕەو» ... لەوانەش زیاتر، لادان لە هەندێک بۆچون کە لە پرۆژەو پەیرەوی ناوخۆی ئاڵای شۆڕش دا باسیان لێوە کراوە.
هاوریان بە سەرنجدان لە نوسراوەی «کام ڕێگا؟» دەتوانن چاکتر ئەو ڕاستیانەیان بۆ دەربێکەوێت.
ئەگەر ئەم وەڵامەش لە لایەن هاوڕێیەکی ئێمەوە نەنوسرابا، ئەوەی دەگەیاند کە گشت هاوڕێیانی «ئاڵای شۆڕش» ئەو بۆچونانەیان قبولّە کە لە نووسراوەی «رساله مختصره الی فصیله الشیوعیین العراقیین» دا هاتوە و، بەم شێوەیە ئەوانەی لەو هێرشەی هاوڕێ حەمید بێدنگ بن دەبێ تەواوی بۆچونەکانی نوسراوەکەی ئەویان قبولّ بێ.
مەبەست لەم چەند ووشەیە تەنیا ڕوونکردنەوەیەک بوو بۆ باری تایبەتی ڕێکخراوەمان تاهیچ تەفسیرێکی هەڵە بۆ هەدەفی نوسراوەکەی هاوڕێ سەنار مستەفا نەکرێت کە بەتایبەتی بۆ ناو ڕیزەکانی ڕێکخستنی ئاڵای شۆڕش نووسراوە.

فەبریوەری ١٩٨٨

## پاشکۆی دووەم

### نامەی کاک فوئاد مەجید میسری سەبارەت بە " کام ڕێگا؟"

خۆشەویست کاکە سەلاح:
ڕێز و نوازشم. بەهیوای سەرکەوتنتانم. ڕێزم بۆ هەموو برادەران بەتایبەت بۆ کاک حەمە ئاوات و گۆران و ئەحمەدو چاوشین و سالار و ڕووناک خان. نامەکەتم پێ گەیشت... برا، ڕەنگە خۆت هەستت بەوە کردبێ کە من لە ڕووی نووسین و وەرگێڕانەوە کەم بەرهەمم بەتایبەت لەم دووساڵەی دوایی دا... بەڕاستی تاقیکردنەوەی ژیان فێری کردووم تا لە توانا دا بێ شتی بەهێز و پێز بنووسرێ. خۆهەڵقورتاندن لە مەسەلە تیورییەکان، سەرچاوەی زۆر و باوەڕپێکراوی گەرەکە، سەرەڕای کاتی زۆر، بەڵام بێ سەرچاوەیی کارێکی کردووە نەتوانین توخنی زۆر شت -کە دەشزانین پێویستە - بکەوین. چونکە بۆ سەلماندنی ڕاو بنچینە تیورییەکان «توثیق» مەسەلەیەکی زۆر گرنگە و ماوە بۆ « اجتهاد»ی شەخسی و زۆربلێیی ناهێڵێتەوە. وابزانم هەر ئەمەیشە وای لە بەرهەمەکەی کاکە«سەنار» کردووە چەند کەلێنێکی تێدا دەربکەوێ و بەڵگە و بیانوو بداتە دەست ئەو بستەبالایانە، سوارچاکی خۆیان بنوێنن... بێ گومان ئێوە تایبەت شەخسی خۆت تا ڕادەیەکی باش ڕای من سەبارەت بە زۆر مەسەلەی تیوری و سیاسی و تەنزیمی دەزانن، لە بەر ئەوە قسەکردن لەسەر کەم و کۆڕی «کام ڕێگا؟» -وەک بۆت نوسیوم - واتە قسەکردن لەمەسەلەیەک کە هەر لە یەکەم ڕۆژی دروست بوونی «ئاڵا»وە، بە چەشنی توخمێکی ڕەگ و ڕیشە داکوتراو، بەشێوەی جۆر بە جۆر و شێوازی جیاجیا پشتی گیراوە و داکۆکی لێ کراوە تا ئێستاش وەک شێرپەنجە لە جەستەی دا تەشەنە دەکا. پێم وایە دیاردەی وا - تایبەت لەناو ڕێکخراوێکدا بیەوێ ببێتە لقێکی بزووتنەوەی شۆڕشگێری پرۆلیتاریا- نە شتێکی باشە و نە دڵخۆشکەریشە. چونکە - خۆشتان ئەوە دەزانن - مل ملانە و موبارەزەی فیکریی لەناو ڕێکخراوێک دا تەنیا ئەوکاتە ڕەوا و بەجێ یە کە مۆرکی چەندیەتی (کمی) پێوە بێ نەک چۆنیەتی (نوعی).
هەمیشە و لە هەموو سەردەمێک دا - تا پرۆلیتاریا لەگۆڕێ بێ- ڕیڤیژنیزم وەک تەوژمێکی ئایدۆلۆژی-سیاسی بەشێوەی جیاجیا سەرهەڵ دەدا و خۆ دەنوێنێ، ئەمەیش هیچ شتێکی سەیرو سەمەرە نیە. بە پێچەوانەوە سەیر ئەوەیە: یەکەم - ئەو هێڵەی ڕابەرایەتی پرۆلیتاریا دەکا خۆی لەتەک هێڵی ڕێڤیژنیزم دا بگونجێنێ و بە هەڵوێستی ڕیفۆرمیزمی ناکۆکی ئایدۆلۆژی پینە و پەڕۆ بکا. دووەم - هەر ئەو هێڵە نەتوانێ بەرەنگاری ببێ و نابووتی بکا. نامەوێ حەقیقەتت لێ بشارمەوە، چونکە هەڵوێستی وا نە سوودی بۆ ئێوە دەبێ و نە خزمەتیش بە سەرپاکی بزووتنەوەکە دەگەیەنێ. بەش بەحاڵی خۆم دوای خوێندنەوەی هەستم بە ئاسوودەیی نەکرد.
* «پۆپۆلیزم» ی ئەم سەردەمە ڕەنگ و ڕواڵەتی ئەوتۆی لە سایەی ڕیڤیژنیزمی هاوچەرخ دا بە خۆوە گرتووە، پۆپۆلیستەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم لە بنچینەدا باوەڕیان پێی نەبووە. لە دوو توێ ی «کام ڕێگا؟» دا شتێکی لەوجۆرەم بەرچاو نەکەوت. ئەمە جگە لە ئاوێتەبوونی پۆپۆلیزم و ڕیڤێژنیزم لەناو یەکتری دا، بە جۆرێک هەردوو ئەو ڕێبازە لەناو بزووتنەوەی کرێکارانی عیراق دا تێکەڵ یەکتری بوون. دیراسەکردنێکی ورد و شوێن پێ هەڵگرتنی تەمەنی سەرجەم بزووتنەوەی کرێکارانی وڵاتی دەوێ.
* کە باسی ڕیڤێژنیزمی هاوچەرخ دەکرێ، لای کەم دەبێ هەڵوێستی پرۆلیتاریا و تێڕوانینی بەرامبەر چوار فاکتەکەی مارکسیزم لە ڕەگ و ڕیشەوە لێک بدرێتەوە و حەقیقەت و هەڵوێستی بە کردەوەی حزبە بەناو پرۆلیتارییەکانی ئەم

سەردەمە و لەسەروو هەموویانەوە سۆڤیەت، سەبارەت بە تەواوی بزووتنەوەی شۆڕشگێری لە سەرانسەری دونیادا، ئاشکرا بکرێ.

* بۆ مارکسیستەکان ڕەوا نیە لە ئەلف و بێ ی ئابوری سیاسی دا هەڵەی کوشندە بکەن. تیوری بەها (نظریه القیمه) کە کاکڵەی سیستەمی ئابوری سیاسی یە ناشێ بە ناکاملی پیادە بکرێ.

* لە سایەی کام سیستەم و کۆمەڵگای سەرمایەداری دا کە شێوازی گەورەی بەرهەمهێنان دێتە کایەوە، بەرهەمهێنانی بچووک (الانتاج الصغیر) لە گۆڕێ نامێنێ؟ لینین چەندین جار لە زۆر شوێن و بۆنەی جیاجیادا ئەوەی دووبارە کردۆتەوە کە ڕۆژانە لەناو کۆمەڵگای سەرمایەداری دا، دەیان و سەدان کەس کە خەریکی بەرهەمهێنانی بچووکن گەشە دەکەن و دەچنە ڕیزی سەرمایەداری گەورە، لە هەمان کاتیش دا هەزاران لە بەین دەچن و لەناو ڕیزی پرۆلیتاریادا خۆیان دەبیننەوە.

* لە «کام ڕێگا؟» دا نەمزانی و تێ نەگەیشتم بەرگری لە ترۆتسکیزم کراوە یان ڕەت کراوەتەوە. دڵنیام کاکە سەنار داکۆکی لە تیوری شۆڕشی جیهانی ناکا و بۆچوونەکانی ترۆتسکی دەداتە دواوە، بەڵام جێی داخە ئەوەی بە خوێنەر نەگەیاندوە!!

* پێم وایە دەبوو بە عەرەبی بنووسرێ، چونکە چ (بەرنامەکە...) و چ (رساله) بە عەرەبی بوون.

* لە ڕووی داڕشتن و زمانەوە دەبوو بایەخێکی باشی پێ بدرێ. کە لە خوێندنەوەی دەبیتەوە هەست بەوە دەکەیت، نووسراوێکی مۆنتاژکراوە... بەڵام بەشێوەیەک زنجیرەی مەنتیقی نی یە... چەندین پەرەگرافم بۆ ساغ نەبووەتەوە و سەرەڕای چەندجار پێداچوونەوە تێ یان نەگەیشتووم. ڕاستە زمانی فەلسەفە گرانە، بەڵام بیرکردنەوەی فەلسەفی و داڕشتنی مەفاهیمەکان بۆ کەسێک «استیعاب»ی کردبێ هێندە قورس نیە. با لەوانەش گەڕێین! ئەی بۆ کەلێنی وا بە دەستەوە بدرێ بەرامبەرەکەی ڕەخنەی تێ نەگەیشتن و زمان نەزانینی لێ بگرێ؟! بەوەیشەوە ڕانەوەستن تانەی ئەوەی لێ بدەن گوایە نووسەرەکەی دەیەوێ حزبی سەرانسەری دروست بکات کەچی زمانی زۆربەی پرۆلیتاریای وڵاتەکە نازانێ؟! بەهەڵەدا ناچین گەر بڵێین ئەمە ئەنجامی پەلەکردنە لە بواری نووسین و بڵاوکردنەوەدا. هەر ئەو پەلە پرووزەیەیش لەڕووی ناوەڕۆکەوە لاوازی کردووە. دەنا خەڵکی وەک (سەفین!!) و (ئاشتی!!) ئەوە نین تانەو تەشەر لە مارکسیستەکان بگرن... مارکسیزمیش زانستێکی ئەوەندە بێ هێز نیە نەتوانێ وەڵامی ڕیڤیژیۆنیزم بداتەوە و بگرە ڕیسواشی بکا.

دیارە ئەمانەی سەرەوە لە سنووری چەند تێبینی و سەرنجێکی سەرپێیی و پەلە تێپەڕ ناکەن، هەم ناوەڕۆکی نامیلکەکە بەگشتی و هەم ئەو چەند خاڵەی باسم کردوون، دەیان لاپەڕە هەڵدەگرن و ئاو زۆر دەکێشن. دەبوو کاکە «سەنار»یش بۆ ئامادەکردنی ئەوەندە پەلەی نەکردایە. چونکە پیادەکردنی چەندین مەسەلەی تیوری کە ئەمڕۆ لە سەرانسەری دونیادا مشت و مڕ و قسەو باسی زۆریان لەسەرە و خەرمانێکی گەورە و مەزن سەرچاوەیان لەلایەن (مارکس و ئەنگلس و لینین)ەوە بۆ بەجێ ماوە، وا بە سادەیی و لە دوو توێ ی چەند لاپەڕەیەک دا و تەنها بە پشت بەستن بە چەند سەرچاوەیەکی (هەمە چەشن) نە جێگا دەگرێ و نە وەک پێویستیش ڕۆڵی فیکری خۆی دەگێڕێ.

لێرە بە دواوەیش لەسەر هەمان ڕێ و شوێن -واتە بەسەرپێ یی- لەچەند خاڵێکی زەقی نامیلکە زەردەکەی ئەوان دەدوێم. سا ئەگەر وەڵامی درایەوە ڕەنگە بێ کەڵک نەبن.

* بە خوێندنەوەی هەر زوو هەست بەوە دەکەی دەیانەوێ بڵێن «کام ڕێگا؟» «سەنار» نەینووسیوە و خەڵکی تر لە پشتەوە هەن کۆمەکی دەکەن. لام وایە ئەم ناولێنانە بکرێتە دروشم تەواو لەجێی خۆی دا دەبێ. (لای مشک هیچ ئاژەڵێک لە پشیلە دڕندەتر نی یە..) ئەمە ئەو ڕستە گورچک بڕەیە کە لینین لە کتێبی «ماتەریالیزم و ڕەخنەی تەجریبی» دا بە خەڵکی وەک «ماخ» و «ئەڤیناریۆس»ی دەڵێ.

* لە (ل١٠) و (ل ٢٠) و (ل٤٦)دا پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە قۆناغی ئێستای عیراق، ڕزگاری نیشتمانی یە!!

با لەوە گەڕێین کە ئەم لێکدانەوە و بۆچوونە، جوونەوەی بیروڕای ریڤیژیۆنیزمی عیراقی یە و ئەمان وەک نوماینده‌ی فیکری و سیاسی ئەوان لەناو ئاڵادا پیادەی دەکەن و بۆ پاشەڕۆژ و داهاتووی سیاسی و تەنزیمی یان، زەمینەی بۆ خۆش دەکەن.

ئەم «تشخیص»ە بە تەواوی ئیفلیجی بیرکردنەوەیان دەردەخا، چونکە وڵاتێک قۆناغی شۆڕشی دیموکراتی جێبەجێ

نەکردبێ چی دەیگەیەنێتە فاشیزم، لەکاتێک دا فاشیزم پلەیەکی گەشەکردووی سیستەمی سەرمایەداری یە؟! بەرلەوەی ئاگری جەنگ هەڵبگیرسێ، سەرچاوە ئابوری یەکانی ڕژێم خۆی، دانی بەوەدا نا کە لە نێوان ساڵانی ١٩٧٣-١٩٨٠دا، ٧٠٠٠٠٠٠٠٠ حەوت سەد ملیۆن دیناری بە قەرزی درێژخایەن بە وڵاتانی برا و دراوسێ داوە، واتە نزیکەی دوو هەزار و پێنج سەد ملیۆن دۆلار. تۆ بڵێی ی وڵاتێک تێیدا قۆناغی شۆڕشی دیموکراتی جێ بەجێ نەکرابێ، توانای ناردنە دەرەوەی سەرمایە (تصدیر راس المال)ی هەبێ؟!
با بلێین ئەم بۆچوونە ڕاستە، ئەی چواردەی تەمموز کە بە قسەی (باوانیان) شۆڕشێکە سیستەمی عیراقی لە نیمچە کۆلۆنی و نیمچە دەرەبەگی یەوە بۆ سیستەمێکی بۆرژوا گواستەوە چی لێ دەکەن؟! گەر دەشیانەوێ بلێین ئەرکەکانی شۆڕش جێبەجێ نەکرا و لەنیوەی ڕێگادا وەستا... ئەوەیش شتێکی ئاسایی یە و هەردەم (لینین) ئەوەی دووپات کردوەتەوە کە چینی بورژوا لە توانایدا نیە تەواوی ئەرکەکانی قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی جێبەجێ بکا و ئەوانە دەکەونە ئەستۆی پرۆلیتاریای شۆڕشگێر. تەنانەت دەڵێ: ئەوەی چینی بورژوا لە شەش مانگدا نەیتوانی ئەنجامی بدا، ئێمە بە شەش ڕۆژ تەواومان کرد.
خۆ ئەگەر وابەستەیی عیراقیش بە سەرمایەداریتی جیهانیەوە، دەکەونە بیانوو، ئەوا هەڵەیەکی گەورەی تیۆری دەکەن. چونکە لە سەردەمی ئیمپریالیزم دا کە سەرمایەداریتی سیستەمێکی ئابوری جیهانی یە، هیچ وڵاتێک بەو مانایەی پێشوو سەربەخۆ نابێ. «لینین» زۆر لەمێژە ئەم حەقیقەتەی ئاشکرا کردووە و دەڵێ: لە سەردەمی ئیمپریالیزم دا ئەشێ وڵاتان لەڕووی سیاسی یەوە سەربەخۆ بن، بەڵام لەڕووی ئابووری یەوە مومکین نیە، بۆ ئەم مەبەستە پرتوگال بە نموونە دێنێتەوە.
* لە (ل ١٣) دا تانە لەوە دەدەن گوایا دامەزراندنی ئەنتەرناسیونالیزمی چوارەم شتێکی نەشیاو و نادرووستە!
پێویستی بوونی ئەنترناسیونالیزمی پرۆلیتاریا، بەندە بە ڕادەی ئەو کێشە و گیروگرفتە ئایدیۆلۆژی و سیاسی یانەوە کە لە قۆناغێکی دیاریکراودا ڕووبەڕووی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی دەبێتەوە لە سەرانسەری جیهان دا. ئەو کاتەی کە مارکس یەکەمین ئەنتەرناسیۆنالیزمی پێکهێنا چەندین ڕێباز و تەوژمی فیکری جیاجیای وەک «باکۆنینیزم» و «پلانکیزم» و «برۆدۆنیزم» لە ئارادا بوون. ئەمە جگە لە ڕێبازە زانستی یەکەی خۆی کە نوێنەری ڕاستەقینەی پرۆلیتاریای شۆڕشگێر بوو. ئەنتەرناسیۆنالیزمی سێ یەمیش بۆیە هاتە وجوود، چونکە بزووتنەوەی جیهانی ی پرۆلیتاریا بەدەستی کاوتسکی و برنشتاین و ئۆتۆباوەر ەوە ڕووەو زەلکاوی ریڤیژینیزمی دەبرا، نابوودکردنی ئەنتەناسیۆنالیزمی دووەم بەدەستی (لینین) و پێکەوانانی سێیەم ئەنتەرناسیۆنالیزم پێداویستیەکی مێژووکردی پرۆلیتاریا بوو. هەڵوەشاندنەوەیشی لە سەردەمی (ستالین)دا خەنجەرێکی تری ژەهراوی بوو لە مووروەگەی پشتی بزووتنەوەی پرۆلیتاریا درا.
جا هەرچەندە بیانووی ئەم هەڵوێستەیان ئەوەبوو، حزبە پرۆلیتاریایەکان سەربەخۆیی خۆیان مومارەسە بکەن، بەڵام لە جەوهەردا بۆ ئەوە بوو خۆیان لەو ڕێ و ڕەسمە چینایەتیانە قوتار بکەن کە لینین نەخشەی کێشابوون، بەدرێژایی ٢٤ساڵیش، کرایە ئامرازێکی ئایدۆلۆژی و سیاسی بۆ پیادەکردنی «ستالینیزم» و سەپاندنی بیر و بۆچوونە ریڤیژنیزمیەکانی بەسەر تەواوی بزووتنەوەی جیهانی ی کرێکاران دا.
لە هەلومەرجی ئێستاش دا کە بزووتنەوەی پرۆلیتاریا بە دەست ریڤیژینیزمی هاوچەرخ و « تروتسکیزم» و « تیوری چوارجیهانی ی و ماویزم» و چەندین ڕێبازی تری چەوتەوە دەناڵێنێ و دەیان تێکشکان و نوشستی ی تووش بووە، لەهەموو کاتێک زیاتر پێویستی بە ئەنتەرناسیۆنالیزمی چوارەم هەیە.
* لە (ل١٥) و (ل٣٧) و (ل٥٤)دا بە ئاشکرا و بێ پێچ و پەنا داکۆکی لە شیوعی یەتی لیژنەی مەرکەزی و سۆشیالیست بوونی سۆڤیەت دەکەن. ئەمەیش وا دەگەیەنێ کە لە ناوەڕۆکدا هیچ جۆرە ناکۆکیەک لەنێوان ئەمان و ئەوان دا نیە. جا ئەگەر شورەوی قەڵای سۆشیالیزم و لیژنەیش حزبی شیوعی بێ وەک دانیان پێدا ناوە، تێناگەم بۆ دەیانەوێ ڕێکخراوێک (... بۆ یەکخستنی ریزەکانی چینی کرێکار لە حزبێکی پێشڕەودا... تاد) دروست بکەن وەک لە لاپەڕە ٧ ی نامیلکە زەردەکەیان دا باسی دەکەن. بیانووی هێنانەدی ڕێکخراوێکی لەو چەشنە چی یە و بۆ چ مەبەستێکە؟! یان ئەمانە «ئەسپەکەی تەروادە» ن و لەناو «ئاڵا»دا دەیانەوێ لە پشتەوە دەرگا بۆ ڕێبازی ریڤیژینیزمی بخەنە سەر

گازی پشت، تا له پاشه ڕۆژێکی نزیکدا بەوجۆرەی مەبەستیانە و پێیان سپێردراوە تەفروتوونای بکەن.
حەمید صادق له «رسالە»کەی دا وای داناوە قسە لەسەر سۆڤیەت کردن «پیویستی به لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنە و زانستی یانە هەیە و هەڵی دەگرێ بۆ کاتێکی تر ل ١٥» بەڵام «سەفین» و «ئاشتی» بەرخوردارین مەسەلەکەیان له گومان دا نەهێشتووتەوە، ئەوەتا دەڵێن: «... باوەڕی موتڵەقی به سۆشیالیست بوونی سۆڤیەت هەیە. ل ١٥...»
.ئێستا دێمە سەر ئەو مەسەلەیەی کە چ کاکە سەنار و چ ئەمانی تر بواردوویانە، ئەویش دەستخستنە سەر چوار فاکتەکەی مارکسیزمە کە هەم پێوانەن بۆ ڕاستی ودروستی هێڵی ئایدۆلۆژی وسیاسی پرۆلیتاریاو هەم پێوانەی ریڤیژیۆنیزمی هاوچەرخن. ئەو چوار فاکتە نە «کام ڕێگا؟» و نە نامیلکەی مردووەکان توخنی نەکەوتوون و بریتین له «هەلومەرجی بونی حزبی پرۆلیتاریا» و «شۆڕشی پرۆلیتاریا» و «دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا» و «ئەنتەرناسیونالیزمی پرۆلیتاریا». خوا هەڵناگرێ مردووەکان بێ دوو دڵی بەرەنگاری ئەنتەناسیۆنالیزم بوون.
جا یان دەبێ «حەمید صادق» لەڕووی تیۆریەوە بێ تواناتربێ لەوەی بتوانێ له حەقیقەتی ریڤیژینیزم تێ بگا، گەر وایە چۆن پرکێشی ی ئەوە دەکا ببێتە سەرکردە و ڕابەری ڕێکخراوێک ئەرکی ڕێکخستنی پرۆلیتاریای له ئەستۆ گرتووە؟! گەر لێیشی تێدەگا و بەڕاستی نازانێ بیانووی بۆ بوونی «ئالا» چی یە؟! ئایا دەشێ ڕێکخراوێکی مارکسستی مەسەلە یەکجار بنچینەیی و جەوهەری یەکان (تاجیل) بکا؟!! چۆن؟! بۆ؟! لێرەدا پرسیارێکی تر ڕوو بەڕووی کاکە «سەنار» دەبێتەوە ئەویش ئەوەیە: گرێمان «حمید» «ستروفە»یە، خۆ گەر ئەو لە ڕادەی «لینین» یش دابێ نابێ کارکردنی لەگەڵ قەبووڵ بکا.
لینین چەندین جار باسی ئەوە دەکا و پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە ئەگەر جیابوونەوە ڕەوا و لە خزمەت بزووتنەوەی پرۆلیتاریا دابوو، با ببێ. ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە و تا ڕادەیەکیش ئێوەی گرتۆتەوە و دووچاری هەڵەی کردوون. له پێشەکی «کام ڕێگا؟»دا باس لە دوو هێڵی فیکریی جیا دەکرێ، کەچی هەردوو هێڵەکە بەیەک بەرنامە و پرۆگرام قایلن!! هەڵە، هەڵە دێنێ!!
مردووەکان له (ل٢٠)دا وتەیەکی (ئەنگلس) یان بەناوی خۆیانەوە تۆمار کردووە کە وتوویە: مارکسیزم ڕابەری ئیش کردن -مرشد العمل-ە. بەڵام ئەوەیان لەبیر چووە، یاخود لەبیرخۆ بردۆتەوە کە هەر ئەنگلس دەڵێ: ناشێ لەپەنای گونجاندنی مارکسیزم دا فاکتە گشتیەکان دەستکاری بکرێن و بشێوێنرێن.
* ڕەنگە ئەو پرسیارە زۆر ڕەوا و بەجێ بێ و دەبێ چ «حمید» و چ «سەفین» و «ئاشتی» بەم یان بەو شێوە وەڵامان بدەنەوە.
«فصیل» بەرنامەیەکیان پیادە کرد، «یەکیەتی خەبات..» یش هەروەها.. ئەمان بۆ وەک سەگی کونەماسی ـ کە پاسی جرتاوا ـ دەکا کەوتنە خۆ بۆ شکاندنی سەروپۆتەلاکیان؟! ئەی ئەم توانا فیکری و ئەدەبی یەیان بۆچی ئاراستەی «سەرۆ» و «شوان» نەکرد کە هەرچی نەشێ بە «ئالا» یان ووتوە و بەوەیشەوە ڕانەوەستان نوقڵانەی جۆربەجۆری بۆ لێ دەدەن؟! تۆ بڵێی ئەرکی پێ سپێردراوی ئەمانە ئەوە نەبێ، مشت و مڕی ئایدۆلۆژی و تیوری لەکۆڵ ریڤیژینیزمی عیراقی بکەنەوە و لەژێر پەردەی بەرگریکردن لە مارکسیزم دا، بە گژ هەر گرووپ و دەستەیەکی نوێ دا بچن، نەبا لە داهاتوویەکی نزیک دا، ڕەوتی گەشەکردن و حەتمیەتی مێژوو یەکیان بخا و (بدیل)ی شۆڕشگێر بێتە کایەوە؟!!
* لە (ل٣٥-٣٦)دا، گاڵتەیان بە تاقم و گرووپی نوێ ی مارکسیست دێ. ئەمەیش خۆی لە خۆی دا گاڵتەکردنە بە «ئالا» یش وەک دیاردەیەک لەو دیاردانە. گەر وایە چۆن کاری تێدا دەکەن؟؟ گەر وا نیە بۆ گاڵتەی پێ دەکەن؟!! گەر بە تاقی تەنها «ئالا» بەدیلی شۆڕشگێرانەی پرۆلیتاریای عیراقە، چۆن و لە چ مونتەلقێکەوە داکۆکی لە ریڤیژینیزمی عیراقی و جیهانی و هاوچەرخ دەکەن؟! یان بە جۆرێکی تر بڵێین: بیانوویان بۆ بوونی «ئالا» چی یە؟!
* لە (ل٣٦) دا ڕایدەگەیەنن و پێیان سەیرە گرووهی مارکسیست هەبن، گەر هەیش بن بۆ لە حزبی سەرتاسەری دا یەک نەکەوتوون؟!
هەر بە تەنها ناواخنی پرسیارەکە مۆرکی تاوان دەنێ بە تەختی تەوێڵیانەوە و دەری دەخا تاقمێک خەڵکی ریاکارن و بە بزووتنەوەی ڕاستەقینەی کرێکاران نامۆن و بگرە سەگی ڕێڤیژینیزمن و ئەرکی ڕاوکردنی هەموو هەوڵ و تەقەللایەکیان پێ سپێردراوە کە بە مەبەستی یەکخستنی ڕیزەکانی پرۆلیتاریا دەدرێ، دەنا پرسیاری وەهایان نەدەکرد و دەبوو بزانن کە

هۆی نەبوونی حزبی پێشڕەو و یەکنەکەوتنی گرووهە مارکسیستەکان زۆرە و لە دایکبونی حزبی پێشڕەو گەر بە شێوە سرووشتی یەکەی نەبێ بە ئیفلیجی دێتە دونیاوە. دیارە ئەوان لەو حەقیقەتە تێ نەگەیشتوون کە تەمەنی پڕ لە شوورەیی ڕیڤیژێنیزم لەناو بزووتنەوەی کرێکاران دا، و دەستەمۆو دەسخەڕۆکردنی پرۆلیتاریا بە دروشمی ساختە و ڕیڤیژێنیزمی هۆیەکی بنچینەیی ئەو کەلێنەیە. ئەمەیش وەنەبێ دیاردەیەکی محلی بێ وەک ئەوان تێی گەیشتوون، بەڵکو دیاردەیەکە سەرجەم بزووتنەوەی پرۆلیتاریای جیهان پێوەی دەناڵێنێ و ئەوەیشی کە لەم سەردەمەدا ڕابەرایەتی دەکا ڕیڤیژێنیزمی سۆڤیەتی یە. تیرۆر و کوشت وبڕی سیستەمی فاشی و هاتنەوەیەکی مەودای کارکردن و پراکتیکی شۆڕشگێڕانە و نەبوونی زەمینەی دیموکراتی، ماوەی کاری سیاسی لەبەردەم خەڵکی مارکسیست دا تەنگتر کردووە و لە یەکەم هەنگاویان دا سەرکوت دەکرێن. ئەمە جگە لە نزمی ی ئاستی تیوریی و کەمی ی تاقیکردنەوەی شۆڕشگێرانە و نەشارەزایی لە نەریتی پرۆلیتاریایی، دەرفەتی باش و لەبار بۆ ڕژێمی فاشی خولقاندووە و دەخولقێنێ هەر بە ساوایی لە باریان ببەن. بزووتنەوەی چەکداری کورد کە بە دوو شێوازی جیا بزووتنەوەی پرۆلیتاریای سەرکوت کردووە و دەیکا. ئەلف) سوود وەرگرتن لە هەڵوێستی شۆڤینیزمی یانەی ڕژێم و (استغلال) کردنی هەستی نەتەوەیی و سۆزی کرێکاران و سەرپاکی زەحمەتکێشان بەوەی کورد گەلێکە لەژێر زەبری چەوساندنەوەدا دەناڵێنێ و دەبێ بەرگریی لە وجوودی خۆی بکا، ب) سەرکوت کردنی هەمـوو ئەو کەس و تاقمە مارکسیستانەی بە مەبەستی هێنانەدی حزبی پرۆلیتاریا کۆشش دەکەن. ئەمەیش خۆی لەخۆی دا هەڵوێستی کۆنەپەرستانەی بزووتنەوەی چەکداری کورد دەسەلمێنێ.
هەرچی نامیلکەی مردووانە بە ناوی بەرگری کردن لە مەسەلەی نەتەوایەتی کورد، پاساو بۆ شتێکی تر دەدەنەوە، کە بەرگریکردنە لە چینی بۆرژوا و گەرەکیانە لەسەر ڕێبازە ڕیڤێژنیزمی یەکەی خۆیان ڕۆڵی بنچینەیی بدەنە ئەو چینەی کە مێژوو نابووتی کردووە. ئەوانە هێندە دەستەوسانن و نەشیانتوانیوە بزووتنەوەی چەکداری کورد لە مەسەلەی ڕەوای نەتەوایەتی جیا بکەنەوە. کە جارێکی تر کاڵی ی و کرچی یان لەڕووی ئایدۆلۆژی یەوە دەگەیەنێ، یان هیچ نەبێ حەقیقەتی لێکدانەوەی ڕیڤیژێنیزمی یان دەردەخا. چۆن؟!
ئەوانە قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی بە چینی بۆرژوای کورد دەسپێرن، لە کاتێک دا نەک لینینیزم ئەم بۆچوونە ڕەت دەکاتەوە بەڵکو تاقیکردنەوەی چارەکە سەدەیەک بزووتنەوەی چەکدارانەی کوردستانی عیراق حەقیقەتی دەستەوسانی ئەو چینەی وەک ڕۆژی روون ئاشکرا کردووە.
جا ئەگەر چینی بۆرژوای کورد ڕزگاریهێنەری کورد بێ و مێژوو ئەو ئەرکەی پێ سپاردبێ، دەبێ هەوڵدان بۆ بنیاتنانی سیستەمی دیموکراتی شۆڕشگێر و دیکتاتۆریەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان کە مەسەلەی نەتەوایەتیش لە بنەڕەت چارەسەر دەکا و بەرنامەی لایەنی کەمی «ئاڵا»یش، تەنیا قسەی سەر کاغەز بن و لە ڕاستی دا وەک باڵندەی«عنقا» نەبێ وجوودیان نی یە!!
* خۆ بە زل زانین و غرووری بۆرژوای بچووک لای ئەو دەستەیە گەیشتووتە ڕادەیەک «حمید» دەخەنە ئاستی مارکس. بۆیە ناچاربوون بەرنامەکەی « فصیل» یش بە بەرنامەی «گۆتا» بشوبهێنن. پێم وایە تا ئێستا کەس پرکێشی ی ئەوەی نەکردووە « مقارنە» ی لەوجۆرە بکا. ئەم جۆرە تاریف و پیاهەڵگوتنە ئەگەر لەڕووی بێ عەقلی یەوە نەبێ، بێ شەرمی یە.
* ڕاستییەکەی ئەمانەی سەرەوە هیچی بابەتی ئەوە نین، بە لەسەرنووسین و وەڵام دانەوە ناوببرێن. تەنها چەند سەرنجێکی خێران و هیچی تر. دەنا ناوەڕۆکی نامیلکەی مردووان زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێ. بەتایبەت دەلاقەی ئەوتۆی تێدایە بە هیچ پڕ نابێتەوە... جا نازانم خۆیان ئەوە دەزانن، یان وەکو وشترمورغ سەردەخەنە لمەوە و پێ یان وایە ڕاوچی نایان بینێ. هەر بژین و سەرکەوتوو بن.

١٩٨٨/٤/١٠

# عروبەتی سەددامی و قەیرانی کەنداو(*)

سێپتەمبەر/ ٩٩٠
بڵاوکراوەی «سۆشیالیزم یان بەربەری»
نەمسا

## پێشەکی:

داگیرکردنی چەند سەعاتەی کوەیت لە لایەن ڕژێمی عیراقەوە، شەپۆلێکی ئێجگار قەبەی نارەزایی وڵاتانی دنیای لە بەرامبەر بەعسیەکاندا خولقاند. کوەیت، ئەو دەوڵەتە خنجیلانەیەی بۆ سەرمایەدارانی جیهانی وەک سەرچاوەی ئاوی ژیانەوە ڕێزی لێ دەگیرا، لە مەودایەکی چەند سەعاتی دا توایەوەو بە داڕوخانیشی تەنگو چەڵەمەیەکی وا لە ناوچەی کەنداووخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا کەوتەوە کە لە داهاتووی سەرجەم هاوسەنگییەکانی ناوچەکەدا کاریگەرییەکی چارەنوسی دادەنێت.
ڕژێم، لەسەرەتای سازدانی زەمینەی سیاسی و دیبلۆماسیدا بۆهێرشبردنە سەرکوەیت، بەئاشکرا ڕایگەیاند کە ناکۆکی عیراق لەگەڵ ئەو وڵاتەدا تەنیا کێشەی سنوری و تەکنیکی نین، وە مەسەلەکان زۆر لەوە گەورەترن ...
سەعدون حەممادی، جێگری سەرەک وەزیران سێ مانگ پێش هێرشەکە، لە بەرواری ٣٠ی نیسان دا، ئەمەی بە ئاشکرا بۆ سەباح ئەحمەد ئەلجابر نوسیوە:
«.....

**١- مەسەلەی سنوور لە نێوان عێراق وکوەیت دا قەت کێشەیەکی تەکنیکی نەبوە... ئێوە لە نامەکەتاندا ئاماژە بەوە دەکەن کە ناوتان ناوە «ڕێکەوتن» لە بارەی ئەم مەسەلەیەوە...ئەوەی کە ناوتان ناوە «ڕێکەوتن » هیچ جێگایەکی یاسایی یان واقیعی نیەو زۆر لە کۆنەوە لاپەڕەکەی فەوتاوە. لە واقیعدا وەزعەکە، هەر لە سەرەتای پێکهاتنی دو وڵاتمان لەم سەدەیەدا، وەزعی دو وڵاتی هاوسێ بوە...کەنەگەیشتونەتەڕێکەوتن لەسەر دیاریکردنی سنورەکانیان لە وشکی وئاویدا، درەنگکردنیش لە گەیشتن بە ڕێکەوتن دەگەڕێتەوە بۆ هەندێ هۆ کە هەندێکیان لەویستی نەتەوەییمان بەدەرن و هەندێکی تریان چونکە عێراق... حەز بە چارەکردنی ئەم کێشەیە دەکات لە چوارچێوەیەکی برایەتی ومەوزوعیانەدا کە هەم ڕاستیە چەسپاوەکانی مێژوو وە هەم بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی پێکەوە گرێ بدات...»**

الجمهوريه (ژمارە٧٦١٢ ) ٢٥ی تەموزی ١٩٩٠.

پانعەرەبیەتی سەددامی کە دەیەوێ بەرێگایەکی« برایەتی ومەوزوعیانە»، «هەم ڕاستیە چەسپاوەکانی مێژوو هەم بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی پێکەوە گرێبدات» و کوەیت بکاتە خۆراکی ئەم ناسیۆنالیزمە، جۆرەها بەهانەی مێژوویی وسیاسی بۆ هێرشەکەی دادەتاشێ : پەلاماری ئەمجارەی بورژوا-ناسیۆنالیستی عیراقی نەک هەر ڕوو لە خۆرهەڵات نەبو وە بۆ پاراستنی «دەروازەی خۆرهەڵاتی عەرەب» نەکەوتبوە گەڕ، بەڵکە بۆ هەڵلوشینی کوەیت، نیوە کەعبەی ئیمپریالیزمی خۆرئاوا وەڕێ کەوت. دیارە هیچکات شەڕفرۆش پەکی لە بەهانە نەکەوتوە، بەعسیش کە کوشتارو جەنگ بۆتە بەشێک لە هۆکاری مانەوەو درێژەکێشانی تەمەنی، پەکی لە پاساوی شەڕ ناکەوێ.
لە بەرامبەردا، دوای سڕینەوەی نەخشەی کوەیت لەلایەن سەربازانی عیراقیەوە، وڵاتە ئیمپریالیستەکان و وڵاتانی حەپەساوی عەرەبی لەم هەورەبروسکە هاوینەیە، کەوتنە هەڵوێستگرتنی جۆراوجۆرو تێگەشتن لەو ڕاستیەی کە لە واقیعدا ناسیۆنالیزمی عیراقیش دیاردەیەکی مەترسیدارەو سەددام «هیتلەرە» ،«فاشیستە»، «داگیرکەرە» ،« موشاغیبە » و گوایە ئەوان پێیان نەزانیوە!!..
بە ئەندازەی قەبەبونی کێشەی داگیرکرانی وڵاتێک لەلایەن وڵاتێکی ترەوە، تاکتیکی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی عیراق لە بەرامبەر ئەم کێشەیەدا گرنگی وجدییەت پەیدا دەکات: لە ڕاستیدا، بە هێرشی ڕژێم بۆ سەر کوەیت سەرجەم ڕێکخراوو هێزە بورژوازی وچەپیەکانی عیراق وکوردستان، بۆ جارێکی تر دوای شەڕی ئێران وعیراق خرانەوە بەردەم دوڕیانێکی سیاسی وا کە هەڵاتن لێی کارێکی مەحاڵە : شاردنەوەی هەڵوێستی سیاسی لە پشت جۆرەها ڕستەی دیبلۆماسیانەوە، یاخود مەحکومکردنی

لایەک و بێدەنگ بون لە بەرامبەر لایەکی دیدا ( کە ڕەوشتی هەمیشەیی بورژوای ئۆپۆزیسیۆنی عیراقیە) ئەم جارە ناتوانێ بچوکترین ماسی لە ئاوە قوڕاوەکەدا ڕاو بکات، چونکەچ بورژوازی ــ وەک چینی دەسەڵاتداری ناوچەکە ــ وە چ کرێکاران وەک چینێکی بندەست ــ لەم کێشەیەدا مەزەندەی قازانج و زیانێکی زۆریان لە بەر دەمدایە ولێرەدایە کە ڕونترین سیاسەت لەعاستی کێشەکەدا دەتوانێ بەرەی کرێکاران و شۆرش لە بەرەی بورژوازی دژە شۆڕش جیا بکاتەوە. ئاشکرایە ئەم مەسەلەیە بۆ کۆمۆنیستەکان بەڕادەیەک گرنگ وچارەنوسیە کەبچوکترین لادان و هەڵە لەشیکردنەوەو سیاسەتدا، گەورەترین شوخت لەپرەنسیپ وبنەما تیۆریەکەیان بکات و بیکاتەوە سفر. لەو ڕوانگەیەوە، ساغکردنەوەی تاکتیکی کرێکارانی عیراق و کوردستان کارێکی پێویست و گیانیە.

شەڕی هەشت ساڵەی ئێران وعیراق وەک ڕوداوێکی مێژویی، زۆر حیزب و ڕێکخراوی خستە ژێر میکرۆسکۆبی هەڵوێستگرتنەوە؛ ئەوەی کە کام حیزب و کام ڕێکخراوی سیاسی توانی لەو کارەساتە خوێناویەدا متمانەی سیاسی وتاکتیکی خۆی بپارێزێ و لەو ئەزمونە سەختە سەربەرزانە بێتە دەرێ، مەسەلەیەکە لەم وتارەدا باسی لێوە ناکرێ، هێندە بەسە ئاماژە بەوە بکرێ کە ونکردنی تاکتیکی کرێکاران لەم تەنگوچەڵەمە نوێیەش دا ــ وەک شەڕی ئێران و عیراق ــ گەورەترین خیانەتەو قوڵترین برین دەکاتە جەستەی زەحمەتکێشانی ناوچەکەو عیراق و لە حاڵەتی دەرنەبڕین وکارنەکردندا بۆ سیاسەتێکی دروست وشۆڕشگێڕانەدا، ئەگەری ئەوە دێتە پێشەوە کە سەرجەم گۆڕانکاریەکانی داهاتوی ناوچەکە لەدژی قازانجەکانی کرێکاران وزەحمەتکێشان زیاتر بچەسپێ و بزوتنەوەی دیموکراتیخوازو شۆڕشگێڕانەی کوردستانیش بکاتە دەسکەلایەکی بێناوەڕۆک بە دەست ئیمپریالیزمی جیهانیەوە.

لەشکرکێشی ڕژێمی دەسەڵاتدار بۆ سەرکوەیت، دیاردەیەکی سادە وبێناوەرۆک نیە و کەسێک یان لایەنێک بیەوێ لە عاست ئەو ڕوداوە **عەسکەری** یەدا کە ڕەگوڕیشەیەکی قوڵی **سیاسی و ئابوری** هەیە و چەندین هۆکاری ناوخۆیی وناوچەیی وجیهانی بونەتە بنەمای جێبەجێکردنی هەڵوێست بگرێ، بەبێ وردبونەوە لە گشت ئەو سەرچاوە سیاسی وبنەما ئابوریانە ناتوانێ بە شێوەیەکی زانستیانە بەرگری لە ماف و بەرژەوەندیەکانی کریکاران وزەحمەتکێشان بکات و ڕێ وشوێنێک بۆ خەباتی جەماوەری کوردستان دیاری بکات. لەم وتارەدا هەوڵمان داوە سەرنجێکی گشتی لە هۆکارەکانی ئەم هێرشە عەسکەریە بدەین و بۆچونێکی گشتیش سەبارەت بە بارودۆخی ناوچەکە بخەینە ڕوو .

### ١. هۆكاره‌ ناوخۆییه‌كان

هه‌وڵ وكۆششی ده‌سه‌ڵاتدارانی عیراق هه‌ر له‌ سه‌ره‌تای دامه‌زران وپێكه‌وه‌نرانی ئه‌م ده‌وڵه‌ته‌وه‌ له‌ سه‌ر ده‌ستی به‌ریتانیا بۆ ڕه‌خساندن وبردنه‌پێشی بیروباوه‌ڕێكی ناسیۆنالیستی پانعه‌ره‌بی، یه‌كێك له‌ تایبه‌تمه‌ندیه‌كانی ئه‌م گروپه‌ بوه‌ وه‌ك تاقمێكی سه‌ربه‌خۆو خاوه‌ن ڕۆڵ له‌ به‌ڕێوه‌بردنی سیاسه‌ته‌كانی ده‌زگای ده‌وڵه‌ت له‌م وڵاته‌دا. مێژووی دامه‌زرانی ده‌وڵه‌تی عیراق، مێژووی چه‌كه‌ره‌كردن وگه‌شه‌سه‌ندنی ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیستی و پانعه‌ره‌بیه‌ له‌م چوارچێوه‌ جوگرافی و سیاسیه‌ دیاریكراوه‌دا: هه‌وڵدان بۆلابردنی ده‌سه‌ڵاتی عوسمانی ده‌كرێ وه‌ك سه‌ره‌تای ده‌سپێكی ئه‌م پرۆسه‌ فیكریه‌ له‌به‌ر چاو بگیرێ. سروشتیه‌ ئه‌وه‌ به‌ومانایه‌ نیه‌ كه‌ گه‌شه‌ی ناسیۆنالیزمی پانعه‌ره‌بی عیراق هه‌ر له‌ سه‌ره‌تاوه‌ تاكو ئێستا به‌ هێڵێكی ڕاست وبێگرێدا تێپه‌ڕیوه‌و یه‌كسه‌ر تا ئاستی شۆڤێنیزم وپانعه‌ره‌بیه‌تی سه‌ددامی قه‌ڵه‌مبازی داوه‌. هه‌ركه‌س له‌ په‌یدابوون وخه‌مڵینی جیهانبینیه‌ جیاجیاكاندا سه‌ره‌وده‌ره‌یه‌ك بكات ده‌زانێ هیچ ئیده‌یه‌ك به‌ بێ ململانێ توانای ماتریاڵبون وجه‌ماوه‌ری بونی نیه‌، چ له‌ كورت ماوه‌دابێت یاخود له‌ درێژماوه‌دا. په‌ره‌سه‌ندنی ناسیۆنالیزمی بورژوازی عیراقیش له‌و ڕێسایه‌ به‌ ده‌ر نیه‌؛ ژێرده‌سته‌یی گه‌لی عه‌ره‌ب وچه‌وسانه‌وه‌یان له‌لایه‌ن ئیمپراتۆری عوسمانیه‌وه‌و پشتگیری ئیمپریالیزمی بریتانی بۆ ڕاوه‌ستان له‌ به‌رامبه‌ر ده‌سه‌ڵاتی عوسمانیدا(عیراق خاڵێكی نزیكی ناوه‌ندی ئیمپراتۆری بو ) پاڵنه‌رێكی گرنگی سه‌رهه‌ڵدانی ئه‌م بیروباوه‌ڕه‌ ناسیۆنالستی وكۆنه‌په‌رستانه‌یه‌یه‌. ماموستا فیكریه‌كانی ناسیۆنالیزمی بورژوازی عیراق، چه‌ندین ساڵ له‌مه‌وبه‌ر وله‌ كاتێكدا سه‌رقاڵی داكوتانی ئایدیۆلۆژیای پانعه‌ره‌بی بون ڕایانگه‌یاندووه‌:

**«ڕژێمی ئێستای عیراق، ده‌عبایه‌كی ده‌سكردی به‌ریتانیایه‌ كه‌ بۆ هێشتنه‌وه‌ی قازانجه‌كانی ئیمپراتۆری خۆی دایمه‌زراندوه‌، له‌به‌ر ئه‌وه‌ مانه‌وه‌ی هیچ نرخێكی نیه‌... ته‌نیاده‌سه‌ڵاتێكی نه‌ته‌وه‌یی عه‌ره‌بی واقیعی ئه‌و سیستمه‌یه‌ كه‌ڕژێمی عیراق تیایدا به‌شێك له‌ ده‌وڵه‌تی عه‌ره‌بی یه‌ككگرتو پێكبهێنێ »**

«مجید خدوری: «ناسیونالیزم، سوسیالیزم، كومونیزم» ل٣٩

ئه‌وه‌ی كه‌عیراق وه‌ك هێزێكی ماددی ده‌بێته‌ به‌هێزترین پاڵپشتی یه‌ككگرتنه‌وه‌ی نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب و ڕۆڵی « پروسیای عه‌ره‌بی» ده‌گێڕێ وهیوابه‌خشترین وڵاتی عه‌ره‌به‌ له‌و ڕووه‌وه‌ كه‌ یه‌كیه‌تی گه‌لی عه‌ره‌ب دابین ده‌كات، هه‌رله‌سه‌ره‌تاكانی پێكهاتنی ده‌وڵه‌تی عیراقه‌وه‌

وتەبێژ وداکۆکیکەری تایبەت بە خۆی هەبوە.
ئەگەر ئێستا بورژوازی عەرەب لە عیراقدا بە هاتنەکایەی زەمینەی ئابوری لەبارتر بۆ دەربڕینی پانعەرەبیەت جارِی «ڕێبەری» گەلی عەرەب بدات بە هیچ کلۆجێ لەو مێژوەو لەو پێشینە سیاسیەی چینەکەی خۆی بێ تەئسیر نیە، بە واتایاکی تر، ئەم جارِدانە باشترین وەفاداری دەربڕینە بۆ ئەو پێشینەیەی کە ئەم زەمینە نەفسیەی بۆ ئێستای پانعەرەبیەت ئامادە کردوە . ڕژێمی بەعس هەمیشە ئەو بیرۆکەیەی لا ئامادەیە کە سامانی دەوڵەمەندو پرِخێرو بێری ولاتانی عەرەبی پارویەکی چەورەو بەتەئکید دەبێ دەستی بەسەردابگیرێ و لەو ڕێگایەدا هیچ لەوەندو ڕێگرێک نابێ حسابی بۆ بکرێ. ئەمە ڕاستیەکەو دەشێ وەک ژێربینای پاوانخوازی بەعسیەکان لەبەرامبەر گەلی کوردیشدا ــ کە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لکێنراوە بە عیراقەوە ــ لێکبدرێتەوە . ئاشکرایە داگیرکرانی کوەیتیش لە گشت ڕویەکەوە لەو تەوەرەیەی سەرەوەدا خۆی دەبینێتەوە.
لە تێروانینی ئابوری ڕوتەوە، بورژوای پانعەرەبی عیراقی دەڵێ: نابێ مەودا بدرێ کاتێک خۆمان (وەک عەرەب) لە تەنگوچەڵەمەی ئابوری داین کەسانیتر لە خوانەکەمان زیادە خۆری بکەن ! هەرکەس لەم ڕێسایە لابدات، نۆکەری بێگانەو ئیمپریالیزمە... بێگومان عیراق بەپێی ئەو ئایدیۆلۆژیایەی باس کرا، گشت خێرو بێری ولاتانی عەرەب بەهی خۆی دەزانێ و بەغداش وەک تەوەرەیەکی سیاسی ڕێبەریکردنی گەلی عەرەب تەماشا دەکات، سروشتیە لەساتێکی وادا کە ڕژێم دوچاری قەیرانی قوڵی ئابوری و دەسەلاتدارەتیە، کوەیت بکاتە قوربانی گیروگرفتە لە چارەنەهاتوەکانی خۆی. لێرەدا پێویستە بڵێین ئەو قەیرانانەی ڕژێم دوچاریان هاتوەو وەک دەردێکی کوشندە لێی نابنەوە، لە ڕاستیدا ڕەنگدانەوەی قەیرانی جیهانی ی سەرمایەدارین کە سەرەڕای گەورەترین هەراوهۆریای پرِوپاگەندەیی سەبارەت بە «دارِوخان» ی کۆمۆنیزم، چ لە ڕووی ئابوری و چ لە باری حوکمرِانێتی یەوە، ناتوانێ لە دەستیان ڕزگاری ببێت .
عیراق، وەک ولاتێکی ژێر دەسەلاتی ئیمپریالیزم وبەستراوە بە تەوەرەی پەیوەندیەکانی جیهانی سەرمایەداریەوە، لە هەناوی ناکۆکیە بێچارەسەرەکانی بەرهەمهێنان وسەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی سەرمایەداریدا، دوای کۆتایهاتنی شەڕ لەگەڵ ئێران، بە ناچار، بۆ وەگەڕخستن وهەڵسوڕاندنەوەی برغوەکانی بەرهەمهێنانی چەوسێنەرانەی سەرمایەداری، لە لایەک دەبا خۆی لە ژێر باری قورسی قەرزە میلیاردیەکانیدا وەحەسێنێ و لە لایەکی ترەوە دەبا بۆ چەسپاندنی سەرلەنوێی سەرمایەو جولاندنی پرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری تەکانێک بدات. پرِکردنەوەی ئەو بەتاڵیە قەبەیەی لەم قەیرانی قەرزەدا بۆ ڕژێم دروست بوبو بە ناچار سەرچاوەیەکی دانەوەی بۆ

قەرزەکان پێویست دەکرد ـ تەنانەت ئەگەر قوربانیی ئەم مەسەلەیە یەکێک لە خودی قەرزدەرەکان بێت ـ لەو ڕووەوە داگیرکردنی کوەیت و لکاندنی ئەبەدی بە عیراقەوە، وەک ململانێی نێوان دوو وڵاتی ئیمپریالیستی نیە بۆ دابەشکردنی وڵاتانی تر، هەروەها ناکۆکی نێوان ئیمپریالیزم وڵاتێکی ژێردەستەش نیە بۆ ڕزگاربونی دوەمیان، بەڵکە قوتدان و دەستبەسەراگرتنی وڵاتێکی بچوک وبێهێزی بورژوازیە لە لایەن وڵاتێکی بەهێزەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو تەنگوچەڵەمانەی دوچاری مانەوە ی هاتوون.
ئەو ململانەیەش کە لە ئاکامی قوتدانی کوەیت دا سەرهەڵدەدات بە دیاریکراوی دەشێ وەک ناکۆکی ودوژمنایەتی نێوان چەند بەش لە بورژوازی کۆنەپەرست ودژە دیموکراتی ناوچەی کەنداو لە بەرچاوبگیرێ بۆ مانەوەو چەسپاندن ودرێژە پێدانی دەسەڵاتی سەرمایەداری ئیمپریالیستی لە ناوچەکەدا وقایمکردنی چالاکترین «نوێنەر» ی دژە کرێکاری لە بەشێکی پڕلەنارەزایەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا؛ وە لەوەدا کە ئێستا هێزی عەسکەری عیراق توانایی بردنەوەی مسۆگەرە، کوەیت دەبێتە قوربانی بۆ مانەوەی ڕژێمێک کە قەیرانەکانی هەناسەیان لێ بڕیوە.... بێگومان سەرانی ڕژێم ئەوەشیان هەستکردوە کە ئایدیۆلۆژی «عروبەی سەددامی» توانایی جەماوەری بونەوەو پراتیک بونی لە وڵاتە عەرەبیەکانی ناوچەی کەنداودا لە ئاستێکدایە جگە لە بەکارهێنانی هێزی چەک ولولەی تفەنگ بۆ سەپاندنی، چ ڕێگای دی توانای بردنەپێشەوەی نیەو لە درێژماوەدا ناکرێ چ هیوایەکی لەسەر دابڕێژرێ، (ئەوەی کە دەستدرێژی ئیمپریالیستەکان بۆ ناوچەکە پانعەرەبیەت بەهێزدەکات، تەنیا مەسەلەیەکی کاتیە..)، لە سەر ئەو بناغەیە، نەبونی ئاسۆیەکی سیاسی ڕۆشن بۆ ئایدیۆلۆژیای عەربیەت وە هەروەها تەشەنەکردنی گرفتە ئابوریەکان و هاتنەپێشی گرفتی دانەوەی قەرزە میلیاردیەکان شانبەشانی خەباتی لە گڕکەوتو ـ بەڵام پڕمەترسی بۆ هەڵسانەوەیەکی نوێ ـ ی کوردستان وتێکۆشانی سەراسەری کرێکاران و جەماوەری عیراق بۆ ئازادی و ژیانێکی ئاسودە لە هاوکێشەیەکی ئاوێتەبودا، چارەنوسی بەعسیەکانی ڕەوانەی دۆخێک کرد کە بەناچار لەگەڵ بەخێوکەرە ئیمپریالیەکانیدا دەستباتە چەنەبازی و کێشمەکێش و وەک هەنگاوی سەرەتایی بۆ ئەم هێرشە «دژی ئیمپریالی» ش، کوەیت بخاتە ژێرڕکێفی خۆیەوە.
لێرەدا ناشێ واتێبگەین بەعسیەکان، بەپێی ئەزمونی چەندین ساڵەیان، هێندە نەفامن دەرک بەوە ناکەن کە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، بەدەر لە قەیرانی ئابوری ڕژێمیش دەتوانێ سەر هەڵبدات و بەگەرمی کڵپە بستێنێ، وە بە پێی ئەو پێشینەڕەشەی ڕژێم لە کوردستاندا بۆ خۆی نوسیوەو دڵنیایە جەماوەری کورد بە هیچ کلۆجێک حوکمڕانی ئەوانی قبوڵ نیە، ڕێگاچارەی گونجاو بۆ سەرلێشێواندن

وبەلارێدابردنی خەڵکی ئەم ناوچەیە وسەرتاسەری عیراق جگە لە داگیرکردنی ولاٌتان دەتوانێ چ هەنگاوێکی تر بێت؟
لە ئەتمۆسفیری فاشیستی وديکتاتۆريانەی حکومەتێکی وەک بەعسدا، بەردەوام ئەو گومانە لە ئارادايە کە جەماوەر هەستن، ڕاپەڕن وڕەگ وڕيشەی ئەم سيستمە بۆگەن و دژی ئينسانيە بۆ هەتاهەتايە ڕاپێچن، بەعس ئەوە دەزانێ، بۆيە ويستيان دوای شەڕی ئێران، لەڕێگای «دەستور» ێکی نوێ وە وا خۆ دەرخەن کە لايەنگری ديمۆکراسين... بەڵام هێندەی نەخاياند خودی ئەم دەستورە نوێيە بو بە پردێک بۆ پەڕينەوەی«سەرۆک» ی ديکتاتۆر بۆ ديکتاتۆريەتی ئەبەدی و « سەرۆکی هەتاهەتايی عيراق » ..
لە هەلومەرجێکی وادا، دەستکێشانەوە لەم فرتوفێڵە ناشيانەو بێهودانەيە بۆ ڕژێم، لە حوکمی وازهێنان لە سياسەتێک بون کە بەعس هەستی کردبو دورکەوتنەوەی هەرچی خێراتر لێی بە قازانجی مانەوەی زياتری ڕژێمی فاشيستيە و هەوڵدان بۆ چارە کردنی تەنگوچەڵەمەکان لەدەرەوەی سنوری جوگرافيايی عيراق باشترين چارەيە.

## ٢. فاکتەرە ناوچەيی و عەرەبيەکان

ناسيۆناليزمی عەرەبی، دوای شکانی حوزەيرانی ٦٧ و پاشەکشەی هێزە عەرەبيەکان لە بەرامبەر ئيسرائيل دا، بەناچار بۆ ماوەی زياتر لە بيست ساڵ چوبوە ناو قاوغێکی ئەستوری بێدەنگی و چاوەڕوانيەوە. شکستی ٦٧ زۆربەی دەسەلاٌتدارانی بورژوای عەرەبی لە سنورە جياجياکاندا ڕوەو کۆنەپەرستی و دژايەتی ديموکراتيەت، وە خراپتر لەوەش، ڕوەو نۆکەری وئەڵقەلەگوێيی ئيمپرياليزمی جيهانی بە شێوەيەکی بێپەردە ڕاونا.
بە لەدايکبونی شەڕی ئێران و عيراق وکۆتايهاتنی ئەم ململانێ خوێناويە لە قازانجی عيراق و خۆگرتنی ئەم ولاٌتە لە بەرامبەر هێزێکی مادی و مەعنەوی گەورەی وەک کۆماری ئيسلامی ئێران دا (٥٠ مليۆن مرۆڤ و جيهانبينی ئيسلامی)، ناسيۆناليزمی عەرەبی کەوتەوە ژيانەوەو جموجۆڵ؛ لە پشتگيری وپياهەڵدانی عيراقەوە تاکو خۆبردنەپێشەوە لە کێشەی فەلەستين وڕاپەڕينە درێژخايەنەکەی، ناسيۆناليزمی تازەبوەوەی خۆرهەلاٌتی ناوەڕاست وسەروی ئەفەريقا، ئابڵوقەيەکی ئەستوری بە دەوری بيروڕا جياوازەکانی تری وەک سۆسياليزم و ليبراليزم و پانئيسلامی دا کێشا.
ئەوەی کە ناسيۆناليزم وەک جيهانبينيەکی بورژوازی تا چ ئەندازەيەک دەتوانێ ببێتە چەترێکی سياسی بۆ ڕاگرتنی پايە لەرزۆکەکانی سەرمايەداری لە ولاٌتانی عەرەبيدا

لێره بواری باسکردنی نیه، بەڵام خۆسازدانەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەشێوەیەکی گشتی، وە خەستکردنەوەی ئەم ناسیۆنالیزمە تا ئاستی شۆڤێنیزم ورەگەزپەرستی و نازیزم لە عیراق دا، وە خۆبادانی ئەم پارچەیەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەوەی توانیویەتی لە بەرامبەر لافاوی پانئیسلامی ئێراندا بەرگری بکات، وڵاتی عیراقی وەک کوێخای ئەم نەتەوەپەرستیە لە بەردەم وڵاتانی تری عەرەب دا قوتکردەوە : ئەوە عیراق بو توانی بۆ ماوەی هەشت ساڵ بە دڵفراوانیەوە خوێنی هەزاران کەس لە ڕۆڵەی کرێکاران و زەحمەتکێشان بکاتە کاسەوەو پێشکەش بە خوانی پاشاو میرو حوکمڕانە کۆنەپەرستەکانی عەرەبی بکات؛ ئەوە ڕژێمی بەعس بوە توانیویەتی بە چاکترین شێوە سەرکوتی خوێناوی زەحمەتکێشان بکات و بچوکترین نارەزایەتیان لە بێشکەدا بخنکێنێ؛ دیسان هەر ڕژێمی بەعسە توانیویەتی جوڵانەوەی هەقخوازو ڕزگاریخوازانەی کوردستان بەدڵی پاشا بۆگەن و بێرەوشتەکانی کەنداو لە پێشڕەوی بخاو دوچاری جۆرەها شکستی سیاسی ونەفسی بکات وە سەرەنجام هەمو ئەم «سەرکەوتن» ە «مێژوویی» انەش وەک شانازییەکی مەزن ڕابگەیەنێ و بە دەنگی بەرز هاوار بکات: «پاراستنی دەروازەی خۆرهەلات ئەرکی گشت عەرەبێکی نەتەوەپەرستە»... نهێنی مەسەلەکەش لێرەوە ئاشکرا دەبێ : بۆچی عیراق ئەم هەموو **«ئەرک»** انەی لە ئەستۆ بن بەڵام چ **«ماف»** ێکی تایبەتی بۆ دیاری نەکرێ ؟

ئەوە پرسیاری بناغەیی ناسیۆنالیزمی سەددامی یە.

ڕژێم هەستی کردوە دەسەڵاتی لەڕوی ئابوریەوە پەرێشانە، ناکۆکیە سیاسی وحزبیە کۆنەکانی ڕوو لە تەقینەوەن وسەرباری ئەوانەش، هەمیشە لەژێر مەنگەنەی ئەو جەماوەرە نارازیەدایە کە بە درێژایی چەندین ساڵ لەژێر چەپۆکی سەرکوت وکۆنەپەرستیدا ژیاون و ئیدی تورەییەکەیان مەترسیدار بوە.

سەرانی ڕژێم ئەو ڕاستیانە دەبینن ولەملاشەوە ئاگادارن ئەو دەوڵەتانەی بەعس هەشت ساڵ داکۆکی لە«شەرەف» و «کەرامەت» یان کردوە، لە جیاتی ڕێزو نوازش و باربوی جۆراوجۆری ئابوری و دیپلۆماسی، دەیانەوێ «قەرزەکان» وەرگرنەوە !... داواکارن ئەو چەند ملیار دۆلارەی خەرجی شەڕ کراوە بدرێتەوە بە خاوەنی وسەرەنجام بەعسیەکان هێندەی تر سەریان بچێ بە قوڕدا!

**( بڕوانە نامەی تاریق عەزیز بۆ قلیبی«ألقادسیە ٣٣١٨» ١٩ی تەموز ١٩٩٠)**

کۆتایهاتنی شەڕو بنبەستی «شۆڕشی ئیسلامی»، پێدەچو بوارێکی زێرینی بۆ عروبەی سەدامی خوڵقاندبێ، چونکە دەریخست پانئیسلامیزم توانای ئەوەی نەبو ببێتە نوێنەرێکی متمانەپێکراوی ئیمپریالیستەکان لە ناوچەکەداو جگە لەوەش، خودی

جەماوەری ئەم وڵاتانەش کەمتر توانای هەرسکردنی ئەو خێروبەرەکەتە پڕ لە ئاژاوەو کۆنەپەرستیەیان هەبو. بەڵام لەوەدا کە چ لافاوی پانئیسلامی و چ ناسیۆنالیزمی «سەددامی» و پانعەرەبی، زادەی قەیرانێکی قوڵی حوکمدارێتی بورژوازین، جوڵانەوەو پەلەقاژەیان بۆ«مانەوە» بەناچار لەجوغزی شەڕو خۆسەپاندندا دەخولێتەوەو ئەم دیاردەیەش کە دەشێ وەک **«دورخستنەوەی پەتا لە جەستەی نەخۆش»** پێناسە بکرێ، ناتوانێ بێقرە تەماشاکەری خێروخۆشی وچەسپاوی نیسبی دەوڵەتەکانی دەوروبەری بێت و لە شوختکردنە جەستەی « سەرمایەی دەوروبەر» بە قازانجی «سەرمایەی ناوخۆ» بپرینگێتەوە.

بەعس لەم بوارەدا مەودایەکی دیاریکراوی لەبەردەم خۆیدا دەبینی و بە ئەندازەی پێویست هەوڵیدا سود لە لاوازی بەشەکانی تری بورژوازی عەرەب وەربگرێ : «مجلس التعاون العربی » شانبەشانی دیپلۆماسی چالاکی عیراق، ئەو دەزگا ڕەسمیانە بون کە دەبو ناسیۆنالیزمی سەددامی هاوشان لەگەڵ «پەتا» ی سیستمی پڕ تەنگوچەڵەمەی عیراقیدا دابەشی وڵاتانی تری عەرەب بکەن و قورسایی ئەم کۆڵە لە سەر «دەروازەی خۆرهەڵات» کەم بکەنەوە.

سەرەنجام، ئیعدامکردنی فەرهاد بازوفت و بێنەوبەرەی ڕژێم لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و خاچی سور سەبارەت بە پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ لەعیراق دا، هەروەها بێئەنجامبونی گفتوگو لەسەر دیموکراتیزەکردنی کەشی سیاسی ناوخۆ دەریانخست «بادانەوە» زەحمەتەو نەخۆشیەکەی ڕژێم لەوە سەختترە وا بە ئاسانی چارەسەر بکرێ، سەرەڕای هەمو ئەوانەش «ناسیۆنالیزمی لیبراڵ» ی وڵاتانی عەرەب و «مجلس التعاون العربی» ش دەردێک دەرمان ناکەن و لە بەرامبەر «ئیمپریالیزم» دا جورئەتی فززەیان نیە ورژێم ناچارە **خۆی سەری خۆی بخورێنێ**، هێزی عەسکەری چارەنوسی گشت مەسەلەکانی مۆر کرد.

بەڵگەنەویستە بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی نوێی ڕژێم ناشێ هێرش بکرێتە سەر سوریا. سوریا لە ڕیزی ناسیۆنال ڕادیکالەکاندایەو بە حوکمی نزیکی سنورەکانی لە ئیسرائیلەوە ئەگەری چەرمەسەری زۆری بە دواوەیە؛ ئەردەن، سەرەڕای دوربونی لە هەر توخمێکی ناسیۆنالیستی، لە سەرەتای جەنگی هەشت ساڵەوە پاڵپشتی هەمەلایەنەی عیراقەو لە باری ئابوریشەوە چ خێرێکی تێدا نیە و لەم ڕوانگەیەشەوە ناشێ ببێتە نیشانەیەکی گونجاو بۆ تۆپخانەی عیراق؛ بەدبەخت لەم نێوەدا تەنیا وڵاتی کوەیتە کە قەت تەپوتۆزی ناسیۆنالیزمی لێ هەڵنەستاوەو کارنامەی قارەمانێتیەکەی لەم بوارەدا تەنیا ئەوە بوە کە پشتگیری شەڕی هەشت ساڵەی «عروبە» ی سەددامی بوە لە بەرامبەر ئێراندا. سەرباری ئەوەش، کوەیت ١٠٪ ی نەوتی گشت جیهان بەرهەم

دێنێ و لە تێڕوانینی عەسکەریەوە تێچونی کەمەو لە حاڵەتی داگیرکرانیدا، دەروازەی کەنداوی عەرەبیش بە تەواوی دەکەوێتە سەر پشت ...

بایەخی کەنداوی عەرەبی و کۆنترۆڵ کردنی ئەم خاڵە ناسکەی ناوچەکە، هێرشی عیراق بۆ سەر کوەیت چاکتر ڕون دەکاتەوە .

تا ساڵی ٧٩ ئێران بە بەهێزترین دەوڵەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەژمێردرا ولە ڕاستیدا دەسەڵاتدارترین و چالاکترین پارێزەری بەرژەوەندەکانی ئیمپریالیزم بو لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بە گشتی و کەنداوی عەرەب بە تایبەتی، بە نەمانی ڕۆڵی ئێران وپەیدابونی سەروکەللەی مەلای پانئیسلامیست و پاشان دۆڕاندنی شەڕی هەشت ساڵە لە لایەن ئەو ولاتەوە، جێگاو قورسایی ڕژێمی عیراق لە زۆر ڕووی سیاسی عەسکەرییەوە بەهێزتر بوو. لە سەر ئەو بناغەیە دیدگایەکی نوێ لای سەرانی ڕژێم پەیدا بو: بۆچی ڕۆڵی پۆلیسی ناوچەی کەنداو بەدەست عیراقەوە نەبێ ؟ بێگومان سەوداو سازان لەگەڵ ولاتە زلهێزەکاندا بۆ وەدەستهێنانی ئیمتیازاتی ئابوری و دیبلۆماسی، لە حاڵێکدا مەیسەرترە کە «تەرەف» یش کەرەستەیەکی زیاتری بۆ ئەم سەودایە لە بەر دەستدا بێ، هەوڵدانی عیراق بۆ وەدەستهێنانی ڕۆڵی پۆلیس و تێکۆشانی **سەددام حسەین** بۆ وەرگرتنی خەڵاتی «پیاوی یەکەم» لەناوچەکەدا ( لە ئەمریکاش بۆ ئەوەی سەددام بە «پیاوی یەکەمی ساڵ» هەڵبژێرێ ئاهەنگێک بەرپاکرا! ) هەر لەم ئاقارەدا شایانی لێکدانەوەن.

بارودۆخی ناوچەکەش هێندە لە بەردەم ڕژێمدا ڕێگر نەبوون.

گیرۆدەبونی ئێرانی دوای شەڕ بە «ڕێکخستنەوەی ئابوری» یەوە، خەریکبونی سوریا بە گێرمەوکێشەی لوبنانەوە، لوبنان بە تەنگوچەڵەمەی ناوخۆییەوە؛ بێنەوبەرەی تاقمی «اخوان المسلمین» لە پەرلەمانی ئەردەن و، هەڵوەشانەوەو دروستبونەوەی خودی «پەرلەمان» لە کوەیت، تێکهەڵچونی ئەمریکاو لیبیا لە سەر «مۆڕبونەوە» لە یەکتری و، ڕاپەڕینی جەزائیرو کودەتا لە سودان وفەرتەنەی یەمەن ... سەرەڕای گشت ئەوانەش بەردەوامبونی ڕاپەڕینی گەلی فەلەستین و درێژەکێشانی زیاد لە چاوەڕوانی کۆنەپەرستی عەرەبی، وایان بۆ ڕژێم دەرخست کە وەزعی «ئەوانی تریش» لە هی خۆی چاکتر نیەو ئەو حکومەتانەی بە هۆی جوراوجۆرەوە حاڵیان چاکترە ( وەک میسرو ئەردەن ) لەڕێگای « مجلس التعاون العربی » یەوە مەودای بەرتیل پێدانیان هەیەو دەشێ لە لێقەوماندا بە بەزەییانەتر ڕەفتار لەگەڵ عیراقدا بکەن. بەرنامەیەک کە تا ڕادەیەکی زۆر بۆ ڕژێم سەری گرت و چوە پێش.

## ٣. پاڵنەرە جیهانیەکانی هێرشی عیراق

لە ڕیشەییترین ئاستی لێوردبونەوەدا دەبینین کە ـ شانبەشانی هۆ باسکراوەکان ـ مەبەستی ڕاستەقینەو کرۆکی سیاسی هێرشی ڕژێم بۆ سەر کوەیت، هەوڵدانی ڕژێمی فاشیستی عیراقە بۆ وەرگرتنی ڕۆڵی پۆلیس لە ناوچەی کەنداوو ڕزگاربون لە قەیرانی ئابوری. بە بەتاڵ مانەوەی جێگای دەوڵەتێکی بەهێز لە دوای دەیەی هەشتا تا بتوانێ هەر جۆرە سەربزێویەکی شۆڕشگێڕی و نیمچەشۆڕشگێڕی ( تەنانەت لیبراڵی وبورژوازیش) لە ناوچەی کەنداوداسەرکوت بکات و چینە بەرهەمهێنە سەرەکیەکانیش بە شێوازێکی ئیمپریالیستانە بچەوسێنێتەوەو بێدەنگ بکات ( کارێک کە ڕژێمی پاشایەتی ئێران توانی جێبەجێی بکات)، وەگرنگتر لەوەش ڕێگا لە قەیرانی دەسەڵاتداری وڵاتانی ناوچەکە بگرێ و بە زوویی چارەیان بۆ وەدۆزێ ... بەکورتی ڕێخۆشکەری هاتنە ناوەوەی سەرمایە ئیمپریالیستیەکان بێ لە ئاستێکی گشتیداو بەرگری لە مانەوەی بورژوازی بکات، مەسەلەیەک بوە چ لە ئاستی وڵاتە بەهێزو دەوڵەمەندەکانی ناوچەکەو چ لە ئاستی گروپە ئیمپریالیستیەکاندا جێگای مشتومڕو شیکردنەوەی جیاواز بوە .

ئەو ڕاستیەی کە ڕژێمی ئیسلامی ئێران نەیتوانی بە پەرەپێدانی پانئیسلامیزم لە ناوچەی کەنداودا ئەو ئامانجە وەدەست بخات و ڕۆڵی «پۆلیسی ناوچە» ی زەمانی شا بە خوێنی هەزاران کەس بکڕێتەوە، عیراق، بە هۆی ئەو توانایيە عەسکەریەی لەم چەند ساڵەی دواییدا توانیویەتی خۆی پێ بناسێنێ، ئەو وزەیەی لە خۆدا بەدی کرد **ڕەنگە شایستەی پۆلیسی ئیمپریالیزمی هەبێ**. خاڵی گرنگ و تەوەرەیی لەم پارسەنگی هێز خولقاندنەدا، جگە لە بە بەتاڵ مانەوەی جێگای «پۆلیس» لە ناوچەی کەنداودا، ئەو کێشانەن کە لە ناو خودی وڵاتانی ئیمپریالیستیدا بەردەوام ناکۆکیەکان زەقتر دەکەنەوەو ڕێگا لە دۆزینەوەی چارەسەرێکی قەتعی « قەیرانی کەنداو» دەگرن. لە ڕۆژ ڕونترە کە هەریەک لە وڵاتانی ئیمپریالیستی خۆرئاوا ( فرەنسا، ئەڵمانیا ، بریتانیا..) و ئەمریکا، دەستەویەخەی کۆمەڵێک ئەنتاگۆنیزمە لە بەرامبەر هێزە ئیمپریالیستیەکانی تردا ( سۆڤیەت، یابان ) وە بێگومان لەناو خودی ئۆردوگای ئیمپریالیزمیشدا بە گشتی (خۆرهەڵات وخۆرئاوا ) ناکۆکیە ستراتیژی وسیاسیەکان قابیلی شاردنەوە نین.

لە **گۆشەنیگای «خۆرهەڵاتی ناوەڕاست»** یەوە، سەرجەم هێزە ئیمپریالیستیەکان یەکدەنگن لە سەر ئەوەی «کەنداو» چ لە ڕوی ئابوری و چ لە باری سیاسی و عەسکەریەوە خاڵێکی یەکجار گرنگە؛ ئیمپریالیزمی ئەمریکا وەک فەرماندەی گروپی

خۆر ئاوا، بۆ دابینکردنی جێپێیەکی هەمیشەیی لە ناوچەکەدا (کە زۆرتر بە ناوچەی دەسەڵاتی خۆی ناسراوە) بەردەوام ڕووبەڕوی هێزی ئیمپریالیستی «دوژمن» (سۆڤیەت) بۆتەوە، ئەوەش سەرباری هەڵەنگوتنی ڕۆژانەی لە تاکتیکی جیاوازی وڵاتە هاوپەیمانە ئیمپریالیستیە ئەوروپیەکانی.

لەملاشەوە سۆڤیەت، بە لەبەرچاوگرتنی گشت قازانجە ناوچەییەکانی لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست ودوردا، ناتوانێ سنوری باشوری خۆی بۆ پاوانخوازی «ڕەقیب» بەرەڵڵا بکات و لەم ڕووەوە ئامادەی هەر جۆرە سەوداو موعامەلە و« توندوتیژی» یەکە (دیارە توندوتیژی ئۆپۆرتۆنیستانە وهەڕەشەکردن بە لەدەستدابونی هێزی جیهانی وزەبەلاح کەتا ئێستا سیاسەتی دەرەوەی سۆڤیەتی پێ ناسراوە).

کەواتە، چ خۆرهەڵات وە چ خۆرئاوا لە سەر ئەوە ناکۆک نین کە «کەنداو» شوێنێکی گرنگ و پڕ نەوت وخێرو بێرە و بەو پێیەش هەریەک لەوان دەبێ «بەش» ی لەم پارووەدا هەبێ، بەڵام، ئەگەر تەنانەت لەو شایی و زەماوەندەش چاوپۆشی بکەین کە وڵاتانی ڕەقیبی سۆڤیەت بە هاتنی پرسترویکاو «دیموکراسیەت» بەرپایان کردوە، ــ وە ڕژێمی عیراق ڕادەی سەرقاڵبونی خۆرئاوا لەم مەسەلەیەدا بە وردی دەرک دەکات و دەپێوێ ــ هەستدەکەین خودی ئۆردوگای ڕۆژئاواش سەرباری ئەو هەلە زێڕینەش کە لە ناوچەوانی بە حساب «داڕوخانی کۆمۆنیزم» دا دەستی کەوتوە، لە هیچ ڕویەکەوە وەزعی ئایدیۆلۆژی وسیاسی ناو سنوری وڵاتەکانیان جێگای ڕەزامەندی نیە ولە بەرامبەر جیهانی دەرەوەیشدا بە هەمان شێوە ئاڵۆز وبێ بەرنامەن.

ئیمپریالیزمی خۆرئاوا، تەنانەت بۆ خۆیشی ساغ بۆتەوە کە ناتوانێ سیاسەتێکی درێژماوە بۆ چارەکردنی قەیرانەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست (وە کەنداو بە دیاریکراوی) بە دەستەوە بگرێ. **بەلەبەرچاوگرتنی گشت ئەو ڕوداوانەی لەم چەند ساڵەی دواییدا دەکرێ وەک بەڵگە تەماشایان بکرێ، دەبینین تاکتیکی خۆرئاوا بۆ دەرمانکردنی نەخۆشیەکانی بورژوازی ناوچەی کەنداوو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست تەنیا ئارامکردنەوەو پینەوپەڕۆ بوەو بەس (دەمەقاڵێی ئەمریکا لەگەڵ ئێران و لێدانی سەکۆی نەوتی و فڕۆکەی ئێرباس، دەستی دەستی بە سەرانی فەلەستین بۆ خەواندنی ڕاپەڕین و بزوتنەوەکەی، قەناعەتپێکردنی میشێل عەون بۆ وازهێنان لە دەسەڵات، سەرکوت وکوشتاری خوێناوی گەلی کورد..)**

دەرککردنی هەمەلایەنەی ڕژێم بەو مەسەلانەی دەستەویەخەی هەردو گروپی خۆرهەڵات وخۆرئاوان، وە ناچاربونی خۆیشی بۆ بەکارهێنانی هێزو ناوچەییکردنی کێشەکانی، دەستی لە هەر جۆرە توندوتیژی بەکارهێنانێکدا ئاوەڵاکردەوە، تەنانەت ئەگەرسەرەڕۆیی لەو بوارەدا ببێتە هۆی دروستبونی برینێکی لە چارەنەهاتوش لە

قەوارەی ئێستای ناوچەکەدا.
چارەسەر چییە؟
چ لەمپەرێک دەتوانێ شەپۆلی ئەم قەیرانە گەورانە ڕاوەستێنێ؟

**دوو هۆکاری خوارەوە چاکتر مەبەست روون دەکەنەوە.**

**یەکەم** : ئیمپریالیزمی خۆرئاوا، بۆ دەرمانکردنی برینی لە سارێژنەهاتوی شۆڕشی ٧٩ی ئێران و لە دەستچونی «پۆلیسی ناوچە»، بە ناچار هەوڵیدا بۆ پەیداکردنی «پۆلیس» ێکی چالاک و لەو مەیدانەدا خەرجێکی زۆری کرد، سەرەنجام لە بەرامبەر ئێرانی لەدەستچودا عیراقیان قوت کردەوەو بەشێکی زۆری لەش وقەوارەی ئەو «پۆلیس» هیان دروست کرد ... بەڵام کاتێک ئەم دەعبایە (وەک ڕەسمی فیلمە کارتۆنیەکان) هاتە زمان و وەجوڵەکەوت، چاوەڕوانی فەرمانی دروستکەرەکانی نەکرد بۆ فەرمانپێدان و بەدەر لە ویستی ئەوان، یەکسەر، دەستیدایە ڕۆڵگێڕان و جموجوڵ. ئەمە کێشەی لەچارەنەهاتوی ئیمپریالیزمەو شێرپەنجەی ناوخۆی سیستمی سەرمایەداریە کە قۆناغی ئەمڕۆی ململانێی سیاسی لە سەرتاسەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا چارەنوسی پێوە گرێدراوە.

**دووەم** : ئیمپریالیزمی سۆفیەت (وە گروپی خۆرهەڵات بەگشتی) کە لە ناوچەی کەنداودا چەند دەیەیەک بە حوکمی جێقایمی خۆرئاوا وەک هێزێکی پلە دوو حسابی بۆ کراوە، لە بەهێزبونی وڵاتێکی وەک عیراق ــ کە خۆیان لەم بوارەدا کۆڵەکەی سەرەکی بەهێزبونی بون ــ هیچ نیگەرانیەکی ستراتیجی بۆ نایەتە پێش، بە تایبەت گەر بزانرێ سیاسەتی دەرەکی سۆفیەت لەم چەند دەیەی دواییدا سەبارەت بە وڵاتانی ژێردەسەڵات ( ئەمریکای خوارو، ئاسیا، ئەفەریقا) لەوەدا خۆ دەنوێنێ کە تا ڕادەی مومکین ( ئەگەر بواری تەواوی بەدەسەڵات گەیشتنی سۆڤیەت لە کایەدا نەبێ ) لەگەڵ خۆرئاواو ئەمریکادا بگاتە صیغەیەکی هاوبەش لەسەر کێشە سیاسیەکان وسودوەرگرتنی «هاوبەش» لە توانایی وڵاتی ناوبراو بێ هەراوهۆریای سیاسی وهەڕەشەی جەنگ.

عیراق، لە سەرانسەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا **تاقە وڵاتە** کە بە شێوەیەکی نمونەیی دیارگەی ڕێکەوتنی نارەسمی هەردو زلهێز بوە لە گشت ڕوەکانی ئابوری وسیاسی و عەسکەری و دیبلۆماسیەوە، بەو مانایەی کە هەردو گروپی ئیمپریالیستی لە سەر ئەوە ڕێکەوتون کە«عیراق» پێویستە هەبێ، ڕێز لە مانەوەی بگیرێ و هەوڵ بدرێ تەمەنی درێژ بێ !...

گرفتێکی تر لەم ناوەدا ئەوەیە کە تەقینەوەی تەنگوچەڵەمە ناوخۆییەکانی سۆڤیەت و ئەو دۆخە ئاڵۆزەی قەیرانی ئابوری و سیاسی ناوخۆیی پێکی هێناوە، ڕاوەستانی

سۆڤیەت بۆ بەرگریکردن لە کوەیت و بەربەستکردنی هێزی عیراق لە پەرەسەندنیدا ڕوەو کەنداو بۆ سەرانی سۆڤیەت بێ مانا دەکاتەوە، بە تایبەت گەر ئەوەش بزانین وڵاتانی کەنداو گەورەترین پاڵپشت و دۆستی ستراتیژی جوڵانەوەی «مجاهدین» بون لە ئەفغانستان دژ بە حوکمی سەر بە سۆڤیەت لەو وڵاتەدا.
کەواتە، هێرشی عیراق بۆ سەر کوەیت و هەوڵدانی بەعس بۆ چەسپاندنی خۆی وەک بەدیلێکی سیاسی لە ناوچەکەدا، لەو ڕوانگەی سەرەوە ئابڵوقەی سیاسی ـ دیبلۆماسی سۆڤیەت لە بەرامبەر خۆیدا نابینێتەوە، لانیکەم بە ئەندازەی خۆرئاوا کە ناوچەکە بە تاپۆکراوی خۆی دەزانێ. ڕژێم، ئەو دیاردانەی سەرەوەی وەک هەر هێزو لایەنێکی تر دەرک دەکرد، بەڵام ڕەوتی ڕوداوەکان زیاتر ئەوە دەردەخەن کە هێزە ئیمپریالیستەکان ساغ نین لەوەدا کە سەدام و ڕژێمەکەی وەک ئەو «پۆلیس» ە تەماشا بکەن کەخۆیان دەیانەوێ.

## ٤. کۆبەند

لەم وتارەدا هەوڵماندا بە شێوەیەکی گشتی ئەو فاکتەرە بابەتیانەی وایان لە ڕژێم کرد کوەیت داگیر بکات بخەینە بەرچاو. لە باری ناوخۆییەوە چەند خاڵێکمان دەستنیشان کرد:

ئەلف ـ قەیرانی سەختی ئابوری دوای کۆتاییهاتنی شەڕ و دانەوەی قەرزە ملیاردیەکان؛
ب ـ هەڵگرتنی بیرو باوەڕی ناسیۆنالیستی پانعەرەبی لە لایەن ڕژێمەوە وە هەوڵدانی بەعس بۆ چەسپاندنی ئەم ئیدەیە لە ناوچەی عەرەبی دا؛
ج ـ قەیرانی سیاسی و حوکمڕانێتی کە ڕژێم دوچاریەتی و دوای شەڕ نەیتوانی ڕەوتی « دیموکراتیزەکردن » یەک بست بەرەو پێش بەرێ و لەو مەیدانەدا بە تەواوی شکستی خوارد؛
د ـ بەلاڕێدا بردنی زەینی خەڵک بە گشتی و کرێکاران بە تایبەتی لە خەبات بۆ وەدیهێنانی خواستە سیاسیەکانیان و سەرقاڵکردنیان بە داگیرکردنی وڵاتان و توندکردنەوەی بیروباوەڕی شۆڤێنیستی؛...

سەبارەت بە هۆکارە ناوچەییەکانی داگیرکردنی کوەیت، چەند بنەمایەکی ترمان خستە بەرچاو :
ئەلف ـ لاوازبونی هەڵوێستی ناسیۆنالیستی گشت وڵاتانی عەرەب لە چاو عیراقدا

دوای سەرکەوتنی لە شەڕی هەشت ساڵەیدا لەگەڵ ئێران.

ب ـ سەرقاڵبونی ئێران وەک ڕەقیبی یەکەمی عیراق لە ناوچەکەدا بە گەشەپێدانی ئابوریەوەو دورکەوتنەوەی لە ئایدیۆلۆژی پانئیسلامی؛

ج ـ هەبونی گێرمەوکێشەی جۆراوجۆر لە ناو وڵاتە عەرەبیەکاندا وە کرژبونەوەی قەیرانە ناوخۆییەکان لە ناویاندا؛

د ـ قەبەبونی ڕژێم لە ڕوی عەسکەری و سیاسیەوەو هەوڵدانی بۆ بەکارهێنانی ئەو فاکتەرە بۆ جوڵاندنی هەستی ناسیۆنالیستی عەرەبی و کوێخایەتیکردنی جەماوەری وڵاتەکانیان وکەڵکوەرگرتن لە خێروبێری ئابوریان ...

لە کۆتاییدا ئەو فاکتەرە جیهانیانەی مەودایان بە ڕژێم داوە تا بتوانێ بە ئاسانی هێزێکی زۆر پێکەوە بنێ وڕەفتاری سەربەخۆ لە ناوچەکەدا بکات بەم جۆرە دیاری کرد :

ئەلف ـ ڕێکەوتنی خۆرهەڵات و خۆرئاوای ئیمپریالیست لە سەر بەهێزکردنی عیراق و پشتگیریکردنی لە بەرامبەر تەنگژە ناوخۆییەکانیدا؛

ب ـ سودوەرگرتنی «هاوبەش» ی هەردو بلۆکی ئیمپریالیست لە توانایی پەترۆڵیەکانی عیراق و لە بەرامبەردا کەڵکوەرگرتنی ڕژێم لە هەردولا لە بواری سیاسی و عەسکەریەوە؛

ج ـ هەبونی تەنگوچەڵەمە لە ناوخۆی بلۆکی سۆڤیەتیداو دوورکەوتنەوەی ئەو هێزە ئیمپریالیە لە کێشمەکێشەکانی کەنداو بە شێوەیەکی کاریگەر؛

د ـ پێویستبونی «پۆلیس» ێک لە ناوچەی کەنداودا وە هەوڵدانی ڕژێم بۆ وەرگرتنی ڕۆڵی ئەو پۆلیسە لە وڵاتە بە هێزەکان.

لە دوایین شیکردنەوەدا، چ داگیرکردنی کوەیت لە لایەن ڕژێمی عیراقەوە ، وە چ هاتنە ناوەوەی هێزە ئیمپریالیەکان بۆ کەنداو کە بۆتە بەهانەیەکی کاریگەر بۆ بەهێزکردنی نەتەوەپەرستی عەرەبی لە ناوچەکەدا، وە هەروەها هاتنی هێزە عەرەبیەکانی تر و گشت ئەوهەرا سیاسی وهەڕەشە جەنگیەی کە بەدوای ئەم کێشەیەدا دێن و چرکەبەچرکە شەڕ لە واقیع نزیکتر دەخاتەوە، کۆمەڵە مەسەلەیەکن کە دەستەویەخەی ئۆردوگای بورژوازین و لەنێوان دەسەڵاتدارانی بورژوای ناوچەکە و ئۆردوگا ئیمپریالیستیەکاندا لە ئارادایە.

ڕەنگە ڕژێمی عیراق بتوانێ تا ڕادەیەک لەم هێرشەیدا سەرکەوتن بە دەست بێنێ و لە کوەیت پاشەکشە نەکات! قەیرانەکانی چارەسەر بکات و ئەو مەبەستە ناوچەییانەی بۆخۆی دیاریکردون وەدەست بێنێ، ڕەنگە هێزە ئیمپریالیەکان لە ڕێگای جوراوجۆرەوە ( ئابلـوقەی ئابوری، شەڕ، کودەتا، کوشتنی سەدام...) ڕێگا بەم کارە نەدەن و ڕژێمی

عیراق وەک پۆلیس قبوڵ نەکەن.... زۆر مەسەلەی تر ڕەنگە ڕوبدات و لە خراپترین حاڵەتدا سەرلەنوێ هەزاران مرۆڤی تر بکرێنەوە بە گۆشتی بەرتۆپ و ئەنجن ئەنجن بکرێنەوە، یاخود لەوانەیە شەڕێکی چەند سەعاتی ڕوو بدات و لە بناغەوە کۆتایی بە تەمەنی ڕژێم بێت، یان شەڕی ئاسمانی و ڕۆکێتی ببێتە هۆی فەوتانی بیرە نەوتە دەوڵەمەندەکان، یاخود ـ بۆ نمونە ـ تورکیا چەقۆ بۆ «ستاندنەوە» ی ویلایەتی موسڵ تیژ بکاتەوەو خۆی بۆ هەڵمەتێکی لە ناکاو مەلاس بدات ... بەلام، شک لەوەدا نیە تەنیا قوربانی لەم ناوەدا ڕۆڵەی کرێکاران و زەحمەتکێشانن کە دەبێ باجی ئەو هەراوهۆریایەش بدەن کە لە سەر گیان و ماڵی ئەوان، لە سەر کوشتنی ئەوان و سوکایەتیکردن وبلەوەزی کردن بەسەریاندا ئەگەری ڕودانی هەیە.

تاقە چارەیەک لە هەلومەرجی ئێستادا کە ڕیزی چەوساوەکان لەوپەڕی پەرتوبڵاوی فیکری و سیاسی و ڕێکخراوەییدایە، هەوڵدانە بۆ جیاکردنەوەی ڕیزی چەوساوەکان لە بورژوازی دژە شۆڕش ونۆکەرانی، ڕاوەستانە دژ بە ڕژێم و مل نەدانە بەشەڕ، هەوڵدانی جەماوەریە بۆ ملکەچپێکردنی ڕژێم وکشانەوە لە کوەیت و وازهێنان لە کوێخایەتی وڵاتان، بە هێزکردنی خەباتی سیاسی و جەماوەری یە بۆ داخوازیە دیموکراتی وسیاسی و ئابوریە دەستبەجێکان.

لە کوردستانیشدا هەمان ئەرک و هەمان مەسەلە لە گۆڕێدان .

ملنەدان بە سەربازی وهەوڵدان بۆ ڕاوەستان لە بەرامبەر شەڕخوازی ڕژێم وپوچەڵکردنەوەی سیاسەتەکانی، سازکردنی ناڕەزایەتی گشتی دژ بە ڕژێم بۆ ئازادکردنی زیندانیە سیاسیەکان وگێڕانەوەی خێزانە گیراوەکان وئازادبوون لە گەڕانەوە بۆ دێهاتەکان، ڕیسواکردنی هەر حیزب و ڕێکخراوێکی بورژوازی کە بیەوێ لە سەر خوێنی ئەوان و بە کەڵکوەرگرتن لە گوریسپچڕکێی نێوان بورژوازی ناوچەکەو جیهان بە ئامانجی حیزب و تاقمگەری بگات و بە پشتبەستن بە هێزە ئیمپریالیستیەکان جێگاو ڕێگایەک لە پەیژەی حوکمڕانی بۆ خۆی ساز بکات.

(*) ئەو هەڤالانەی سەرەتا لە بلاوکراوەی « سۆشیالیزم یان بەربەری»دا ئەم وتارەیان بلاوکردەوە، پێشەکی یەکیان بۆ نوسیبو وە منیان بە ناسیۆنالیست لە قەڵەم دابو! حەزم دەکرد ئەو پێشەکیەش لێرەدا چاپ بکەمەوە بەلام پێموابو پەیوەندی نیە بە مەبەستی سەرەکی منەوە کە کۆکردنەوەی نوسینەکانی خۆمە، بۆیە لێی گوزەرام...

# دەبێ چ بکەین؟

پاکستان ـ کوەیتە
نۆڤیمبەر/ ١٩٩٠

**«دەبێ سەبارەت بەو شتانە قسەبکەین کە هەموان دەیزانن بەڵام کەس خۆی لە قەرەی باس کردنیان نادات»**
تۆڵستۆی

دوای تێپەڕبونی ساڵێک و شەش مانگ بەسەر ڕاگرتنمان لەشاری کوێتەی پاکستان دا لەلایەن UNHCR وە، دوای قفڵدانی دەروازەی ڕزگاربون لەم وەزعە ناهەموارەی لێرە بۆمان دروست بووە، دوای بێئومێدکردنی پەنابەرانی کورد و عێراقی لە سەفەرکردن بۆ وڵاتێکی ئاسایش و پێشکەوتو، دوای چڕبوونەوەی جۆرەها تەنگوچەڵەمەی ئەمنی و تەندروستی و کۆمەڵایەتی، دوای هەڕەشە لێکرانمان لەلایەن جاسوسەکانی ڕژێمەوە بۆ تەسلیم بوونەوە و ڕازیبوون بە سێبەری فاشیەتی سەددام، دوای سوکایەتیپێکرانمان لەلایەن چەند مەلایەکی کۆنەپەرستی ئەم وڵاتەوە، پرسیارێک بۆ گشت پەنابەر و مرۆڤێکی بە ویژدان خۆی دەسەپێنێ: «دەبێ چ بکەین؟»
ئایا ئەم وەزعەی ئاوارە تێیدا دەژین وەزعێکی ئاسایی و ئەزەلیە و هیچ توانایەک نیە بیگۆڕێ؟ ئایا پەنابەری کورد و ئاوارەی کوردستان لەسەر بێشکەوە لە چارەنووسی هەڵکەنراوە دەبێ هەر چەوساوەبێ؟ زوڵمی لێبکرێ وسوکایەتی پێبکرێ؟
بێ گومان نەء.
لەم جیهانە مەزنەدا هیچ تەنگ و چەڵەمەیەک نیە چارەسەری نەبێ، ئەوە یاسایەکی چەسپاوە و هێز نیە بتوانێ ڕەتی بکاتەوە. بەڵام بۆ ئەوەی تەنگ و چەڵەمەیەک چارەسەری بۆ وەدۆزرێ، دەبێ سەرەتا خودی تەنگو چەڵەمەکە بە جوانی بناسرێ و دوایی بەڕێکوپێکی چارەی بۆ دابنرێ.
پەنابەری کورد(وعێراقی) بەگشتی، لە شاری کوێتەی پاکستاندا ڕوبەڕوی کۆمەڵێک

کێشـەی جۆراو جۆر بۆتەوە، ئەگەر خۆی بە پیری ئەو کێشـانەوە نەچێت و بەدیقـەت و وریایی خـەریکی لابردنیـان نەبێت، کەسیـتـر نیـە بتـوانێ یەک سـانتـیـمـەتر لـەو تەنگە نەفەسی وگرفتانە دوری بخاتەوە.
«دەبێ چ بکەین؟» پرسـیـارێکە بۆ ئەوەی گیـروگرفـتـەکانمان وەدۆزین و بخـەینەڕو وە چارەیـان بۆ پـەیدا بکەین و ڕێگا نـەدەین ئـەوەندە بخــرێینـە ژێردەست و پێ وە، ڕێگا نەدەین لە پانزەی مـانگەوە گیـرفانمان بە بـەتاڵی وەمێنێ و دەست کەین بە قەرزو قـۆڵە، ڕێگا نەدەین نـەخـۆشـەکانمان دەردەکـانیـان لێ پیس بکات و نوقسـانەکان بـێ عیـلاج وەمـێنن، ڕێگا نەدەین دەرگـای ولاتانمان لێ ببـەستن و بەجـۆرەها بـەهانەو فـرتـوفـێڵ ئیقناعمـان بکەن هـەرئەمە چارەنوسـمانە، ڕێگا نەدەین خـۆمان و جگەرگۆشەکانمان لە خـوێندن و فـێربونی زانست بێبـەش بین و بە نەزانـی وەمێنین، ڕێ نەدەین کـابرایەکی کۆنەپـەرست بە کـەیفی خـۆی تۆمـەتی نارەوا بداتە پـاڵ گەلی کورد و بەخـراپ ناومـان بەرێت...
وەڵامـدانـەوە و گەڕان بەدوای چارەســەری ئەو گرفـتـانەدا، ئەرکی پـەنابەرێک و دوان و سیـان نیە بەڵکو ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و گشتیـە و ڕووی لە هـەموو پەنابەرێکی وشـیارە کە نایەوێت لە دۆزەخی چاوەنوارێدا وەمێنێ و ئیهانە بکرێت.
ئەگەر ئێـمـە قبـوڵـمـان بێ پەنابەری کـورد خـاک و وڵاتی وێران کـراوە و سـوتێنراوە و کیمیایی باران کراوە، ئەگەر قبوڵمان بێ ئێمەی ئاوارە خاوەنی هـەزاران شـۆڕشگێڕی شـەهیـدین کـە دەبێ لـەیادیان نەکـەین و ڕێ یان گوم نەکەین، ئەگەر قـبـوڵـمـان بێ هیچ کـەس لەخـۆڕایی خـاک و ئاوی خـۆی جێ ناهـێـڵـێ و گـشـتـمـان بەدبەخـتـی دەسـتـی خـوێنخـۆرە بەعـسـیـەکـانین... دەبێ دەست دەینە هـەوڵ و کـۆشش بۆ دەربازبون لەم بارودۆخـە نالەبارە و لە بەرانبـەر فـاشـسـتـەکـانی بـەغداش دا ـ ئەوەندەی دەکـرێ ـ بێدەنگ وخەواڵو نەبین..
دەستدەینە تێکۆشـان بۆ ڕزگاری لە گوزەرانی تاڵ، دەست دەینە ململانێ ی قـانونی بۆ سەپاندنی داواکانمان بەسەر ئەو دەزگایانەدا کە ڕۆژی ئێمەیان ڕەش کردوە و گوێ لە خواستەکانمان ناگرن، دەستدەینە یەکخستنی هێز و توانامان بۆ ڕیسواکردنی زیاتری بەعسیـەکان و ڕزگارکردنی چەوسـاوەکـانی گەلی کورد، دەسـتـدەینە دەسـتی یەک بۆ ڕزگارکردنی خـۆمان لەم وەزعە کە ئێـستـا، **هەر ئێستا** تیـایدا دەژین و وەک کۆیلە ڕەفتارمان لەگەڵدا دەکرێ.
برایان! خوشکان!
وەرن با دڵسـۆزانە وزەمـان یەکـخـەین و هێندە نەبینە ئاردی ناو دڕک و هـەریـەکـەمـان بەدوای چارەسەرێکی شـەخسی دا وێڵ و سەر گەردان بێ! وەرن با یەکگرین و نەهێڵین

سوکایەتیمان پێ بکرێ و هەر ڕۆژە هەواڵێکی ناخۆش دڵە خورپەمان پێ بکات! وەرن با لێک حاڵی بین و بە کۆمەڵ وە دوای چارەسەری گرفتەکانماندا وەڕێ کەوین! وەرن با هەنگاوەکانمان یەکگرتوانەتر و فراوانتر کەین و بەو هەوڵەی ئەنجاممان داوە ڕازی نەبین و بەردەوام بین و هەنگاوی تر بنێین!

ڕەنگە هیچ پەنابەرێک لەوە دودڵ نەبێ کە سەرچاوەی زۆربەی کێشەو گیروگرفتەکانمانن لەسیاسەتی گشتی"UNHCR" وە هەڵقوڵاوە. ئەگەر هەر لە سەرەتاوە( لەمانگی مایسی ١٩٨٩) وە سیاسەتیUNHCR ی پاکستان لە بەرانبەر پەنابەری کورد(وعێراقی) دا گۆڕانی تێنەدەکەوت وە کەسیان لە شاری کوێتەوە نەدەهێشتەوە و پەنابەران بەردەوام و هەمیشە لەبەرچاوی نوێنەرانی وڵاتانی قبوڵکەری پەنابەران دا لە ئیسلامئاباد ئامادەبان، وە ئاوارەی کورد بە پێی ئەو یاسایانەی کە خودی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دەبێ لەسەری بڕوات و لەسەرخۆو بە بەرنامە ڕەوانەی وڵاتان کرابان، بێگومان وەزعمان نەدەگەیشتە ئەم بارودۆخە ناهەموارەی ئێستا. بەڵام بەداخەوە سیاسەتی گشتی UNHCRلە پاکستان هەر ئەوەیە کە ڕۆژانە هەستی پێدەکەین، وە بەهۆی ئەم سیاسەتە چەوتەوە زیاتر لەسەد کەس ڕویان لە ئاوارەیی و دەربەدەری تاریکتر کردو بەرەو ئێران و عێراق و هیندستان و چین پەڕەوازەکران ...

سەرئەنجامی ئەو ڕەفتارەی UNHCR لەگەڵمان چی بو؟ بەدیهیە ئاکامی هێشتنەوەی ئێمەی پەنابەر لە کوێتە تەنیا لەدەستچونی چەندسەد براو خوشکی پەنابەر نیە کە لەم وەزعەدا خۆیان پێ ڕاگیرنەکرا و بڵاوەیان لێ کرد، بەڵکە دروستبونی چەندین کێشەی ئابوری و تەندروستی و پەروەردەیی وسیاسیە کە هەر پەنابەرێک هەستدەکات دەبێ بە زەبری"UN"ملکەچی بێت و لە بەرامبەریدا بێدەنگ بێت، هاوکات لەگەڵ پێکهاتنی مەناخێکی نەفسی خنکێنەر کە بۆ هیچ مرۆڤێکی سەدەی بیستەم قابیلی سازش لەگەڵکردن و خۆگونجان نیە... لێرەدا دەبێ بوترێ مەبەست لەوە نیە شارەکانی تری پاکستان بۆ پەنابەر بێقەڕە و تەنگوچەڵەمەن و مرۆڤ دەتوانێ لەو شوێنانەدا وەحەسێت، نەخێر، مەبەست لەوەیە کە بارودۆخی شاری کوێتەو پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکەی خۆی سەپاندوە بەسەر ژیان و گوزەرانی هەر پەنابەرێکدا و دوربونی شارەکە لە ناوەندی سیاسی و ئیداری پاکستانەوە کێشەکانمانی هەرچی زیاتر لەبیر ڕای گشتی جیهانی بردۆتەوە و بەشێوەیەکی گشتی وەک ئەوەیە لە قەفەزێکی ئاسنین کرابین.

## ئێمە پەنابەرین

بە پێ ی مادەی ژمارە(١٤)ی بەیاننامەی مافی مرۆڤ کە لە ساڵی ١٩٤٨ دا ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتوەکان ڕای گەیاندوە **«گشت کەسێک مافی ئەوەی هەیە لە بەرامبەر تەعقیب و ئەشکەنجەو ئازاردا ببێتە پەنابەر و لە وڵاتانی تردا پەناگا هەڵبژێرێ».**

چ کەسێک لە ئێمە لەبەرامبەر ئەو بەندەی« بەیاننامەی مافی مرۆڤ» دا خۆی بە خاوەن هەق و خاوەن«ماف» نازانێ ؟ کێ هەیە لە ئێمە زەبروزەنگ و ئەشکەنجەی فاشیستە سەرمایەدارەکانی عێراقی نەچێشتبێ و هەست پێنەکردبێ ؟ کێ هەیە براو هاوڕێی خۆشەویست یاخود کەسوکاری هەرە ئازیزی بە دەستی جەلادەکانی ڕژێم لێ نەسەنرابێ و زیندە بە چاڵ و ئیعدام نەکرابێ ؟

کێ هەیە لە ئێمە ئەگەر خۆیشی لە هەڵەبجەدا نەبوبێ، خوێنی حەوت هەزار کۆرپە و ئافرەت و پیاوی بێتاوانی بیر چووبێتەوە ؟ پەیداکردنی کەسێک لەناو ئێمەدا کە هەستی بە ئەشکەنجە و ئازاری بەعسیەکان نەکردبێ یاخود خوێنی حەوت هەزار قوربانی بێگوناهی بیر چووبێتەوە ئەوپەڕی زەحمەتە.. نامومکینە... مەحاڵە... کەواتە ئێمە پەنابەرین و هەموومافێکی پەنابەری بەپێی وەسفەکەی «بەیاننامەی مافی مرۆڤ» دەمانگرێتەوە. لەوڕووەوە پەنابەری کورد(وە عێراقی بە گشتی) دەتوانێ بەوپەڕی بڕوابەخۆبوون و متمانەوە بەدەنگی بەرز و بێسڵەمینەوە هاواربکات و بەگشت جیهان ڕاگەیەنێ کە : ئێمە لەهەمان کاتدا کە ڕەنجەڕۆی دەستی سەرمایەدارانی بەعسین و فاشیزم ناچاری کردوین ببینە پەنابەر، دەربەدەری دەستی گشت ئەو دەزگا دامەزراوە و ڕێکخراوە « مرۆڤ دۆست» ا نەین کە، بە بەرچاوی خۆیانەوە و بەڕۆژی ڕوناک کوژراین، ئیعدامی بە کۆمەڵ کراین، سوتێنراین، خاک وێران کراین و کیمیاوی خواردوکراین، بەڵام ئەوان وەک لە گوێ ی فیل دا خەوتبن، لەو سات و کاتە ناسکانەدا بێ چپەو بێدەنگ بوون و متەقیان لێ هەڵنەستا!

بۆیە ئێستا دوای ئاوارەبونمان بە وڵاتانەوە، زۆر جێی خۆیەتی و هەقمانە بێ دودڵی و سڵەمینەوە، وە بەشێوەیەکی هەمەلایەنە داخوازییەکانمان بەڕوی ئەو دەستگا مرۆڤدۆستانەدا بدەین و خۆمان بە شەرمەزار نەزانین، مەگەر هەر ئەم دەزگایانەی ئێستا نەبوون لە بەرانبەر ڕەشەکوژکردنی گەلی کورددا چاویان پێکدا دورابو؟ ئاخر مەگەر ئێمەش بەشێکی بچوک لە نەژادی مرۆڤ نین و هەقی بەشەر شمولی ئێمە ناکات ؟

" UN "ی کوێتە لە حاڵی حازردا سەرپەرشت و و پەناگای پەنابەری کوردە. بەڵام پەنابەری کورد نابێ و ناشێ تاهەتایە بێماف بێ و وەک تاقمێکی نوستو کە مافەکانی

خۆی بیر چووبێتەوە تەماشا بکرێ... هەقمانە داوای قوتابخانە و باخچەی منداڵان لە" UN" بکەین بۆ نەوەکانی ئایندەمان، هەقمانە تا کاتێک لەم شارەین داوای نەخۆشخانەیەکی تایبەتی بکەین بۆ نەخۆشەکانمان، هەقمانە داوای هەموو پێویستیەکی شارستانیەتی نوێ بکەین، هەقمانە داوابکەین و بۆ بەدیهێنانی خواستەکانمان ڕاستەوخۆ و یەکگرتوانە هەنگاو بنێین. ناسینی خواستەکانمان و خستنە ڕوویان، لە چارەکردنی گرفتەکانماندا زۆر نزیکمان دەکاتەوە.

## گرفتەکانمان و خواستەکانمان

### ١. سەفەرکردن:

ئەوروپا و وڵاتانی پێشکەوتو بەهەشت نین، چاک دەزانین وڵاتانی گەشەسەندوی سەرمایەداری بەگشتی و ئەسکەندینافی بە تایبەتی (کە پەناهەندە وەردەگرن)، هیچ پەنابەرێکیان ناوێ تەنیا بۆ ئەوەی بە« پیاوەتی» و« مرۆڤدۆستی» بۆیان حساب بکرێ وە گوایە ئەوان خزمەتی ئاوارە و لێقەوماوان دەکەن لە تێڕوانینێکی ڕووتەوە. وڵاتانی سەرمایەداری بەگشتی، مرۆڤی پەنابەر وەک«کرێکار» و«هێزی ئیشکردن» تەماشا دەکەن و لە بناغەوە لەو ڕوانگەیەوە پەنابەر قبوڵدەکەن یاخود قبوڵ ناکەن. مەسەلەکە ڕوونە و پێویستی بە زیاتر لەسەر ڕۆیشتن نیە. ئەوان هێزی کاری هەرزانیان دەوێ و هێزی کاری هەرزانیش لە ئێمەی پەنابەردا بە ئەندازەی پێویست دەست دەکەوێ! بەڵام ئایا هیچ بەڵگەیەک لەبەردەستی"UN"دایە بیسەلمێنێ ئێمە ناتوانین یاخود نامانەوێ کاربکەین، وە بەو بەهانەوە دەرگای سەفەرمان لێ ببەستن؟

نەخێر!

سەفەرکردن (سەفەرپێکردن) زۆر لایەنی باشەی بۆ پەنابەران تێدایە:

گرنگترین شت ئەوەیە هەر پەنابەرێک لەو وڵاتانە دەتوانێ بە شێوەیەکی نیسبی ئیستقرار وەربگرێ و لە ئاسایشدا بژی، کار بکات و گوزەرانی خۆی و خێزانی دابین بکات بیربکاتەوە و ئازادانە بیروباوەڕی دەرببڕێ، فێر ببێ و خزمەتی کۆمەڵ بکات، چاکتر لە سیستەمی دیموکراسیەت شارەزابێ و بەچاوێکی ترەوە بڕوانێتە ژیانی پێشووی خۆی، کەڵک لە نەخۆشخانە و زانستی نوێی تەندروستی وەربگرێ و بە نیسبەت ئێمەوە لەم وڵاتە پڕ میکرۆب و ڤایرۆسە دەربازبێ...

ئەی هێشتنەوەمان لە شاری کوێتەی پاکستان مانای چی؟

ڕێکخراوی UNHCR وەک ئێمە و چاکتر لە ئێمەش ئەو ڕاستیانەی سەرەوە دەزانێ و لێیان حاڵیە، سەرەڕای ئەوەش ئەوە ساڵێک و شەش مانگە لێرە «تەوقیف»ی کردوین و

دەرگای وڵاتانی بەهەزارو یەک بەهانە لێداخستووین.
کەواتە، یەکەمین خواست و سەرەکیترین داوامان لە UN ئەوەیە پەنابەران بێ جیاوازی سەفەر پێ بکات! نامانەوێ لە ساڵێک و چەند مانگ زیاتر لێرە بمان هێڵنەوە، دەمانەوێ داوا لە وەفدە بەڕێزەکان بکرێ سەردانمان بکەن و گوێمان بۆ شل بکەن، دەمانەوێ ڕێز لە خۆمان و خواستەکانمان بگیرێ. بەڵام تا کاتێک سەفەرمان پێ نەکراوە و لەم وڵاتەدا گوزەرانمان پێ بەسەر دەبەن، چەند پێویستی و داوایەکی ترمان هەیە کە بێ جێبەجێکردنی ئەوانە، ژیانمان وەک لە سێبەری بەعس دا بێ وایە.
ئەو خواستانەش:

## ٢ ـ ڕێگرتن لە سەفارەت و سیخوڕەکانی ڕژێم لەترساندنی پەنابەران:

UN دەزگایەکی بەدەسەڵاتی جیهانیەو ئەگەر بیەوێ دەتوانێ زۆر بەئاسانی فشار بۆ هەروڵات و حیزب و ڕێکخراوێک بهێنێ و بەڕێگای یاسایی سیاسەتەکانی خۆی بسەپێنێ. UN ئیرادەو دەسەڵاتی زۆربەی وڵاتان و حکومەتەکانی دنیای لە پشتە و تەعبیر لە یەکێتیەکی جیهانی حکومەتەکان دەکات، بۆیە دەتوانێ بە ناردنی تاقە یەک « مذکرە» ڕێگا لە سەفارەتی فاشستەکانی عێراق بگرێ تاکو جورئەتی ئەوە نەکەن «بەیاننامەی لێخۆشبوون» بۆ پەنابەران بڵاو بکەنەوە، یاخود لە دائیرەیەکی وەک "Y.M.C.A"دا بە یاننامەیان هەڵبواسرێ کە زۆربەی پەنابەران ڕۆژانە هاموشۆی دەکەن. لە کاتێکدا زۆربەی پەنابەران بە چاوی خۆیان بینیان بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ« بەیانی لێخۆشبون» ی ڕژێم بە لەوحەی ئیعلاناتی Y.M.C.A هەڵواسرا بوو! سەیرتر لەوەش لەناو خودی پەنابەراندا کەسانی سیخوڕ و سەر بە ڕژێم بە ئاشکرا و بێترس کەوتونەتە جموجوڵ و دەستیان داوەتە بەیان بڵاوکردنەوە و فشارهێنان وUN بە تەواوی ئاگاداری وەزعی سیخوڕەکانەو بەڵگەی تەواویان لەو بارەوە خراوەتە بەردەست بۆ هەڵوێستگرتن و دەرپەڕاندنی ئەوانە لەناو پەنابەراندا، بەڵام تا ئێستا لەلایەن" UN"ە وە هیچ باسێک لە گۆڕێ دا نیە.
فشارهێنانی ڕژێم بۆ پەنابەران لە ڕێگای سەفارەت و سیخوڕەکانیەوە و بێدەنگی" UN" لەو بارەوە یارمەتیدانی ناڕاستەوخۆیە بۆ بەعسیەکان لە تەپاندن و ساردکردنەوەی پەنابەراندا. خوازیاری ئەوەین"UN لەو بارەوە هەنگاوی جیدی بنێت و سیخوڕەکان وەدەرنێت.

## ٣. بەرزکردنەوەی مانگانەی پەنابەران بە پێی نرخی شتومەک و پێویستیەکان:

نرخی هەموو پێویستیەکی ڕۆژانەی ئەم وڵاتە بەردەوام لە بەرزبونەوەدایە. بەهای هیچ

شتێ ئەمڕۆ وەک مانگێک لەوە پێش نیە و گرانی وردە وردە هەڕەشە لە جەماوەری زەحمەتکێشی پاکستان و پەنابەران دەکات. لەگەڵ ئەوەدا دەبینین یارمەتی " UN" بۆ پەنابەران لە جێی خۆی چەقیوەو جوڵە ناکات. ئەم وەزعە دەبێ بگۆڕێ... ئەگەر ساڵی ڕابوردو کرێی یەک ژور ٥٠٠ ڕوپیە بوبێ ئەمساڵ چۆتە ٨٠٠ ڕوپیە، نرخی یەک نان یەکاو یەک زیادی کردووە؛ کرێ ی هاموشۆ و نرخی جل و بەرگیش هەر لە گران بوندان. بەو پێیە نرخی هیچ شتێ وەک خۆی نەماوە و دەبێ UN تا کاتێک بە خێوکەر و یارمەتیدەری پەنابەرانە، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو وەزعە نوێ یە سەرنجێک بە باری ئابووری پەنابەراندا وەخشێنێ و مانگانە بباتە سەرێ. جگە لەوەش هەر مانگێک لە کاتێکی دیاریکراو و گونجاودا بۆ پەنابەران یارمەتیەکە دابەش بکەن نەک ئەم مانگە لە ٨ ڕۆژی سەرەتادا و مانگێ تر لە ١٢ی مانگدا. کەواتە، سێهەمین خواستی ئێمە زیادکردنی یارمەتی مانگانەی پەنابەرانە بە پێی بەرزبونەوەی نرخی شتومەک و پێدانی یارمەتیەکە لە کاتی خۆیدا بێدواکەوتن.

### ٤. دابین کردنی نەخۆشخانەیەکی سەربەخۆ بۆ پەنابەران:

لەبارەی تەندروستیەوە زۆرترین زیانمان لێ کەوتوە. کەم پەنابەر هەیە تا ئێستا ڕووی لە نەخۆشخانە کردبێ و بە دڵی خۆی چارە کرابێ، سەرەڕای ئەوەش پارەیەکی زۆری لەدەست کراوەتەوە، ئەوە لە حاڵێکدا وەزعی نەخۆشخانەکان لەو پەڕی دواکەوتوویی دایە و خودی شارەکەش لەو دواکەوتوتر. ژمارەی ئەو منداڵانەمان تا ئێستا بەهۆی کەمتەرخەمی دکتۆر و نەبونی چارەسەری پێویستەوە لەدەستچوون، جێگای سەرنج و خەمێکی زۆرە بۆ گشت لایەک. UN دەتوانێ پێشدەستی بکات و لە ئیمکاناتی خودی پەنابەران کەڵک وەربگرێ و هەموو ئەو ئاوارانەی توانای دکتۆری و برینپێچی و دەرزیلێدان و... تێدایە وەگەڕ بخات و بە موچەیەکی گونجاوە وە بخاتە خزمەتی نەخۆشەکان، هاوشان لەگەڵ ئەوەدا نەخۆشخانەیەکی هەمەلایەنە( هەناو، چاو، ولادە..) بەکرێ بگرێ و پەنابەران بۆ چارەسەر پەیوەندی بەوەوە بکەن..... تا بەدیهاتنی ئەو خواستەش ئەرکی UN ە پارەی دەرمان و کرێ ی دکتۆر بۆ گشت پەنابەران سەرف بکاتەوە. چوارەمین خواستمان ئەوەیە UN نەخۆشخانەیەکی هەمەلایەنە بۆ پەنابەران دابین بکات و پارەی دەرمان بۆ نەخۆشەکان سەرف بکاتەوە.

### ٥. ئامادەکردنی فێرگەی زمانی کوردی و ئینگلیزی و باخچەی منداڵان:

ڕابردوی زۆربەمان لەسایەی ڕژێمی فاشستی عێراقدا ڕەش و تاریک کراوە، خوێندنی زۆربەمان لەدەست چووە و دۆخی سیاسی کوردستان بەدەست بەعسیەکانەوە

نەیهێشتوە لە زانستی ئەوڕۆی جیهانی بەهرە وەرگرین. بەڵام بۆچی چارەنوسی نەوەکانی تریش وەک هی خۆمان ڕەش و تاریک بێ؟ پرسیار ڕووی لە UN ە و بەس. کردنەوەی قوتابخانەیەک لەگەڕەکی«عەلەمدار» و یەکێکی تر لە Saddaبۆ زمانی کوردی و ئینگلیزی، پەرتەوازەکردنی پەنابەرانە و زیانی مادی لە پانابەران دەدات، UN بەیارمەتی Sadda دەتوانێ بەپیر ئەو وەزعەوە بچێت و قوتابخانەی منالآن و گەورەکان بۆ زمانی کوردی و ئینگلیزی، هەروەها باخچەی منالآن بە بەرنامەیەکی ڕێکوپێک لە ناوچەیەکی قەرەباڵغی پەنابەراندا(وەک گەڕەکی **سەمەنگولی** ) بکاتەوە. ئەرکی UN ە ئوتۆمبێلی پێویست بۆ ئەو مەبەستە بەکرێ بگرێ یاخود بخاتە ژێردەست. کردنەوەی قوتابخانە و فێرگە و باخچەی مندالآن خواستێکی دەسبەجێ ی پەنابەرانە.

### ٦. هاندانی تیپە وەرزشیەکان لە ڕێ ی یارمەتی مادیەوە:

ژمارەی لایەنگرانی هونەر و وەرزش لەناوماندا کەم نین. «تیپی کوردستان» بۆ تۆپی پێ تا ئێستا زۆر چالاکی نواندوە و سەرەڕای دەستکورتی تیپەکە، لەناو یاریزانەکان و لایەنگرانی یاریەکەدا خۆشەویستە و خۆی بە ویلایەتی بەلوچستان و تا ئەندازەیەک ناوچەکانی تریش ناساندوە، پەنابەران بواری هونەری و شانۆشیان پشت گوێ نەخستوە و لەو ڕوەشەوە چەند چالاکیەک ئەنجام دراوەو هەندێکی تریش بە دەستەوەیە. ژیان تەنها گوزەرانی ڕۆژانەو کات بەسەربردنی سلبی نیە. وەرزش، هونەری جۆراوجۆر، ئەدەب... هەریەکەیان بۆ مرۆڤ لە حوکمی ئۆکسجین دان بۆ هەناسەدان، UNنابێ وەک جاران ڕەفتارمان لەگەڵدا بکات و داخوازیە هونەری و وەرزشیەکانمان بەڕەسمی نەناسێ و کۆمەکمان نەکات. ئەرکی" UN"ە یارمەتی پێویست بخاتە ژێر دەستی تیپە وەرزشی و هونەریەکانەوە. ئێمە داواکاری ئەوەین UN بە پیر« تیپی کوردستان» و تیپە هونەریەکانەوە بچێت و کۆمەکی مادیان بکات.

### ٧. وەرگرتنی برا ئاوارەکانی ترمان وەک پەنابەرو پێدانی کارتی قبوڵ:

بە پێچرانەوەی دامودازگاو قەسابخانەی جەنگی ٨ ساڵە و تەنگبونەوەی بواری هەڵسوڕانی سیاسی سەربەخۆ، زۆربەی کەسە چالاک و وشیارەکانی کوردستان ڕوویان لە جیهانی ئاوارەیی و دورە وڵاتی کردوە. ڕۆژانە سنورەکانی ئێران ـ تورکیا، عێراق ـ تورکیا، ئێران ـ پاکستان شایەتی کۆچ و کۆچباری تێکۆشەرانی کوردستانن. ئەرکی گشت دەزگا مرۆڤدۆست و جیهانیەکانە ئەو حاڵەتە لێکبدەنەوە و کۆمەکی جۆراو جۆر پێشکەش بکەن، UN وەک دەزگایەکی جیهانی و بە توانا لەچارەکردنی ئەو کێشەیەدا، دەبێت بێ سازکردنی بەهانە و بێنەوبەرە، ئاوارەکانی دەستی ڕژێمی بەعس

و دۆزەخی جـەنگ ڕێز لـێ بگرێ و لە ژێربالّی خـۆیدا ئاگـادارییـان بکات. داواکـاری ئەوەین هیچ پەنابەرێک بێ کارتی قبولّ نەهێلّرێتەوە و توشی گیروگرفت نەکرێ.

**دەبێ چ بکەین؟**

داواکـانمان ئاشکران و کـەم پەنابەر هەیە ڕۆژانە بیـر لە هەریەک لـەو خـواسـتـانە نەکاتەوە.

بەلاّم ئایا سـەرجەم ئەو پەنابەرانـەی لەسـەر پێویسـتبونـی ئەو داخوازیانە یەکـدەنگن دەربارەی چۆنیـەتی بـەدی هێنانیشـیـان چونیـەک بیـردەکەنەوە؟ زۆر بەداخـەوە نەخـێر. چەند پـەنابەرێکی دیاریکراو لێـرە خـۆیان بـە «کـاتی» دەزانـن و دەیانەوێ بەرەو ئێـران، هیندستان وشوێنی تر بکەونە ڕێ، کاتێک دەتەوێ دەربارەی تەنگ و چەلّەمە گشتیەکان گفتوگۆیان لەگەلّدا بکەیت، لە بناغەوە خۆیان بە لێپرسراو نازانن و پێت دەلّێن:

ئێمە سبەی دوسبەی ئێرە جێدەهێلّین و کارمان بەسەر خەلّکی ترەوە چی یە!!

بۆ کوێ؟

ئایا ئەو خـوشـک وبرایانـەی لێـرە جـێـیـان دەهێـلّـێ هیچ پەیوەندیەکی ئاوارەیی و هاونەژادی (وەک ئینسان)، هتد.. ناتبەستێتەوە بەوانەوە تاکو لەسەریان بەجواب بێت؟ مـخـابن، خۆبە «کـاتی» زانین و وێلّـبوون بەدوای چارەسـەری شـەخسـیدا ژمـارەیەکی لە تێکۆشـان و یەکگرتنی جـەماعی ساردکردۆتەوە. یەکەمـین مەسـەلە کەدەبێ لە مێشکی خـۆمـاندا سـاغی وەکەیـن ئەمەیە: هـەرچەندە دەمـانەوێ لەم ولاّتە بڕۆین و سـەفـەربکەین بەلاّم پێویستە ژیان و گوزەرانمان لێرە وا نەیەتە پێشچاو کە پێویستی بە یەکێتی نیە و بەتەنگ خـۆمـان و هـاوچارەنوسـەکـانمانـەوە نەیەین. سـەبارەت بـە یەکگرتن و تـەبایش بیـروباوەڕی لێک جیـاواز هەن. «یەکگرتن» و«تەبایی» و«برایەتی» چەند دروشـمـێکی گشتین و هەموو کەس بە ڕوالّەت ڕەزامەندی بێچەندوچۆنی لە عاستیاندا دەردەبڕێ. لە حالّێکدا قسە لەسەر مەفاهیمی گشتی و موجەرەد نیەو ئەو کەسەی بەدوای «یەکگرتن» و« تەبایی» دا وێلّە، دەبێ بیر لە **ڕێگای دیاریکراوی** «یەکگرتن» و« تەبایی» یش بکاتەوە و لەو ڕێیـەدا خـۆی هیـلاک بکات و بەکـردەوە بۆ هـاوچارەنوسـەکـانی ئیـسـپـات بکات. کەواتە بۆ بەدیـهێنانی خـواستـەکانمان دەبێ چ شـێوەیەک بگرینە بەر تـاکو بەهۆیەوە داواکانمان جێبەجێ بکەین یاخود لانیکەم یەکگرتوییمان دەرخەین و بسەلمێنین؟

بێ دانـانـی ڕێوشـوێنی دیاریکراو بـۆ بزواندنی هـەنگاوی عـەمـەلی و بەکـۆمـەلّ، «یەکگرتن» و«تەبایی» تەنیـا وەک مـەرەکـەبی سـەر کـاغـەزن و هیـچی تر.. پێـویسـتـە بەردەوام بیر لە ڕزگاربونمان لەوەزعی ئێرە بکەینەوە، هەرچی ڕێگای قانونی و ڕەسمی هەیە بیـپێوین و تاقی بکەینەوە. پێویسـتـە بەردەوام بە UNHCR ڕابگەیەنین چیمان دەوێ، چ لە ڕێگای دانیشتنی شـەخسی پەنابەران و لێپـرسراوانی UN،چ لە ڕێگای

مـەزبەتە و نارەزاینامـەی بە کـۆمـەڵ کـە تەعـبـیـر لە ڕای گـشـتـی دەکـەن. دەربڕین و سیـاغەکردنی خواستـەکانمان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک، وە نەهاتنەخوار لە داواکـردنیان کـاری هەمـوانـەو نابێ سـازشـی لەسـەر بکرێ! ئەگـەر ئـەو ڕێگایانە بێـئـەنجام مـانەوە (ڕێگای یاسـایی و ڕەسمی)دەشێ و دەبێ ڕێگای تری یاسـایی وەک ڕێپێوان ومـانگرتن و... بگرینە بەر. مـانگرتن لە سـەعـاتێکەوە بۆ ڕۆژێک و لە ڕۆژێکەوە بۆ مـانگێک بە کۆمـەڵ! ڕێپێـوانی بە کۆمەڵ و خـستنەڕوی خـواستەکـانمان و ڕەخنەگرتنی دۆسـتانە لە UN..

ئێمـە نەهـاتوین لە پاکسـتان بژین و لە بیابانی چاوەڕوانیدا سـەرگـەردان بین، دەمانەوێ لە جـێـیـەکی ئەم دنیـا قـەبەیـەدا نیـشـتـەجێ ببین و دەسـتـدەینە کـار و خـەبات. خـواسـتـەکانمـان نامرۆڤـانە نـین و بە زیانی کـەس تەواونابن، بۆیە پێداگرتن لەسـەریان ئەرکی هـەموو پەنابەرێکە.

# حیزبی زەحمەتکێشان سەنگەری خۆی دیاری دەکات!

شەقڵاوە
١٩٩١/٦/٢٤

## پێشەکی

لە بەرواری ٢١ی حوزەیران، لە وەڵامی ئەو ئاخاوتنەدا کە لێپرسراوی ڕێکخستنی ئاڵای شۆڕش سەبارەت بە پەیوەستبوونی چەند کەس بەناوی ئاڵای شۆڕشەوە لەگەڵ زەحمەتکێشان ڕایگەیاندبوو، ڕوونکردنەوەیەک لەلایەن«ڕاگەیاندن»ی حزبی زەحمەتکێشانەوە بڵاوبۆتەوە کە هەڵوێستی ئەوانی بەڕوونی لەو بارەوە تیادەربڕاوە.
ڕەنگەخەریک بوون و ململانێ لەسەرئاستی گروپ و هێزە سیاسیەکان بەو شێوازە ناکۆمەڵایەتیەی ئێستە لە ئارادایە و لە جوغزێکی تەسکدا دەخولێتەوە و زۆرتر شێوازێکی بەپەلەو سەرپێیانەی بەخۆوە گرتوە، وەک شەڕە دەنووکی ئەکادیمی و ڕۆشنبیرانە بێنە بەرچاو، وە وا دیاربێ کە بە دوورن لە ناکۆکیە ئایدیۆلۆژی و سیاسیە جیدی و ڕاستەقینەکانی هەناوی چینی کرێکار، یاخود هی چینی کرێکار لە بەرامبەر بورژوازیدا لە کوردستان، بەڵام بە ئاگادار بوون لەو مەسەلە هەستپێکراوەش، بە تێڕوانین لە پێشینەی سیاسی ئاڵای شۆڕش کە وەک ڕێکخراوێکی چەپ دروشمەکانی کرێکاران و پرەنسیپەکانی کۆمۆنیزمی لەناوجەرگەی هەزاران تەنگ و چەڵەمەی مەیدانی خەباتی ئاشکرادا بۆ چەند ساڵی بەردەوام بە بەرزی ڕاگرتن، وامان بە چاکتر زانی لە عاست ئەم «ڕونکردنەوە» یەی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دا بێدەنگ

نەبێن و ناوەرۆکی سیاسی وچینایەتی ڕونکردنەوەکەیان بۆ هاوڕێیانی ڕێکخستن و ئەندامانی حیزبی زەحمەتکێشان و سەرجەم جوڵانەوەی کۆمۆنیستی ڕون بکەینەوە: هەڵبەت ئەو تاقە لاپەڕەی ڕونکردنەوەیە دەکرێ بە ئەندازەی یەک نوسراوی دورو درێژلەسەری بنوسرێ و پوچەڵ بکرێتەوە بە تایبەت لەو حاڵەشدا کە بەڕێزان لەناو حیزبی زەحمەتکێشاندا خۆ بە مارکسسیت و شۆڕشگێڕ دەزانن ... بەلام بە گونجاو زانرا لە حاڵی حازردا بەتەواوی لە بنی هەمانەکە نەدرێ.

**(بۆ ئاگاداری خوێنەر: دەقی هەر دوو بەیانەکە لە پاشکۆدا هاتوون)**

١ـ یەکێک لەو فاکتەرە هەرە گرنگانەی جیهانی دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەم بەرەو گۆڕانکاری چارەنوسدانەر پاڵدەنێ هاتنە مەیدانی حەتمی و بە ئەندازەیەکی هەستپێکراو وشیارانەی چینی کرێکارە بۆ وەدەستهێنانی خواستەجۆراو جۆرەکانی: چ لە سۆڤیەتدا کە گۆڕانکاریە ناوخۆییەکان بە هاتنەئارای پیروسترویکا خۆیان دەردەخەن وە چ لە ئەڵمانیادا کە خواستی میلەت، بورژوازی کەرتبووی دووبەشی ئەڵمانی ناچار بە یەکگرتنەوە دەکات. جیهان بەگشتی، وە جیهانی بورژوازی بەتایبەتی، ڕوە و ڕەخنە لێگیرانێکی قووڵ و هەمەلایەنە دەبێتەوە و سەرلێشێواوی بورژوازی لە گشت کونج و قوژبنێکی دنیای ئەمڕۆدا دەبینرێ: کوشتاری قوتابیانی ناڕازی و خوازیاری دیموکراسیەت لە مەیدانەکانی پەکین دا، سەرکوتی جەماوەر لە کۆمارە جیاجیاکانی ڕوسیادا، سەرکوت و فێڵ لە کرێکارانی خەڵوزی بەردی لە بەریتانیاو پشتگیری دەوڵەتی ئیسرائیل وەک سەرسەختترین دوژمنی دیموکراسیەت لە ناوچەی خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا، داگیرکردنی گریناداو خۆسازدان بۆ بەگژاچوونی کوبا، بەلادابردنی شۆڕشی کوردستان و سەرکوتی خوێناوی ڕاپەڕینی عێراق و دەیان سیاسەتی فاشستی و دژی دیموکراتی تر... نیشانەی قەیرانی هەمەلایەنەی فیکری و کۆمەلایەتی بورژوای جیهانین وەک چینێکی دەسەلاتدار. لە بەرانبەر ئەو تەقینەوە مەزنانەی کە ناڕەزایەتی کۆمەلانی خەڵک و پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ بۆ بۆرژوازی و ڕەفتاری چەوسێنەرانەی ئەوی پێک دەهێنن، ئەم چینە چەوسێنەر و دڕندەیە بەردەوام سەرقاڵی پێکهێنانی ڕیزبەستنی نوێ و گونجاوە بۆ ڕوبەڕوبونەوە و ڕاوەستان لە بەردەم هەلومەرجی تازەدا. هەرلە پێکهێنانی هاوپەیمانێتی قەبەی وەک «سەرووی ئەتلەسی» و«وارشۆ» وە بیگرە تاکو دامەزراندنی دەیان ڕێکخراوە و یەکێتی بورژوازیانە کە زۆر بەوردی و دیراسەکراوی تەعبیر لەدیدگا و قازانجی سەرمایە دەکەن و سیاسەتی گشتی ئەو بەڕێوە دەبەن، دامەزراندنی هاوپەیمانێتی هێرشبردن ـ بەرهەڵستی بۆتە سیاسەتێکی ڕەسمی بورژوازی لە ئاستی جیهانیدا وکاری پێدەکرێ:

نزیکبونەوەی سەرجەم بورژوازی خۆرئاوا لە گۆرباچۆف و زەمینەسازی جێبەجێکردنی پیروسترێکا و سیاسەتەکانی، نمونەیەکی زیندووی ئەو«پەیمان»ە ڕانەگەیەندراوەی بورژوازی جیهانییە کە جگە لە سەرکوتی کرێکاران و سۆشیالیزمی کرێکاری و جوڵانەوەی کۆمۆنیستی پێشڕەوی پرۆلیتاریا، مەبەستێکی تری نیە.

٢- ڕاپەڕینی جەماوەری عێراق، مەزنترین ڕوداوە کە دوابەدوای هەڵوەشانەوەی سیستمی سۆشیالیزمی بورژوایی، لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و نزیک و دوردا ڕوبەڕوی بورژوازی بۆتەوە: ئێستا ئەو ڕاستیە بۆ ئیمپریالیزم ساغ بۆتەوە کە لە خۆرهەڵاتی ئێمەدا پرۆلیتاریا هەیە، شۆڕش هەیە، نارەزایەتی زۆر قوڵ و کاربڕە و سۆشیالیزم ئومێدێکی زیندوە و بورژوازی چینێکی چەپەڵ و درێو و ناخۆشەویستە. ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١، لێدانی مارشی شەڕ و پێکدادانێکی بێئامان بو دژی بورژوازی کە زۆر بە توندو تیژی و ڕقەوە لە سوچێکی ئەم دنیا پڕ زوڵم و زۆریەدا، لە عێراق دا، دەنگی لێ هێنرا و تاسەرکەوتنی یەکجاری ئازادی و بەرابەری و حکومەتی کرێکاری، کە خواستی بەرهەق و نەمری مرۆڤی چەوساوەی ئەم سەر زەویەیە دەنگدەداتەوە و دەزرنگێتەوە.
لەم ئاقارەدا، لەم مەیدانی تەراتێنی بورژوازی و حیزبە جۆراوجۆرەکانی لەگەڵ کرێکاران و نوێنەرانی ساوای ئەو چینەدا، ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە، ئەو دیاردەیە نیە کە لە نێوان گروپ و حیزبە جۆراوجۆرەکاندا دەمەقاڵێ و ململانێی سیاسی ـ فیکری ڕوبدات، بەڵکو ئەوەیە لە هەناوی ئەو دەستەویەخەبونە توندو تیژەی نێوان چین و توێژەکاندا، نوێنەرانی فیکری و سیاسی ئەوان چپەیان لێ نەیەت و گشت کاروبارێک بە خێر و خۆشی و بێ قرە بەرێوە بچێ!... خودی **ڕاپەڕین** بەڵگەیەکی یەکجار بەهێز بو بۆ خۆسازدان و خۆڕێکخستنی **خۆڕسکی** کرێکاران و زەحمەتکێشان وە هەروەها **وشیارانەی** بورژوازی لە دژی ئەوان، خودی ڕاپەڕین باشترین بواری هەناسەدان بو بۆخۆڕێکخستنەوەو ڕوبەڕوبونەوەی بورژوازی (چ لەدەسەلاتداوچ لە ئۆپۆزیسیۆندا) وکرێکاران لە ئاستی ڕێکخراوەیی و سیاسیدا. حکومەتی بەعسی سەرمایە، کاری بۆ هەموان ئاشکرایە و خوێنڕێژی ئەو دەوڵەتە فاشستە لە شەقامەکانی بەغدا و بەسرا و هەولێر و سلێمانی و سەرتاسەری عێراقدا چ لە کاتی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینداوچ لە حاڵی حازریشدا کە شەپۆلی ڕاپەڕین و شۆڕش چۆتە خولێکی تازەوە، نیشانەی وەزعی ڕاستەقینەی قەیرانی دەسەلاتدارەتی ئەون. ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کوردستانیش لەو ڕێسای خۆسازدانەوەیەی باسکرا بەدەر نیەو لەمەودوا(هەروەک لە چەند ساڵی ڕابردودا ئاگادار بوین) شایەتی جۆرەها هاوپەیمانەتی و یەکیەتی حیزبی و یەککگرتنەوە و جیابونەوە دەبین لە ناویاندا.

لە کاکڵەی هەراو هۆریاکەدا، یەکیەتی نێوان حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و بەناو ئاڵای شۆڕش(کۆنفرەنس) لەو قانونمەندیە گشتیەی دنیای بورژوایی ناتوانێ بەدەربێ و بەکردەوە ئەو یەکێتیە، بەشێکی بچوک و هەستپێنەکراوی ململانێ چینایەتی و سیاسیەکانی بورژوازی کوردستانە دژی کرێکاران و زەحمەتکێشان. ئیسپات کردنی بورژوازیەتی «زەحمەتکێشان ـ کۆنفرەنس» خۆ هیلاککردنی فرەی گەرەک نیە، نەک هەر ئەو ڕاستیە کە لەخودی خۆیدا جێگای ڕەخنەی لەم چەشنە نیە، بەڵکو ئیسپاتکردنی ئەوەش کە مەوقعیەتی سیاسی ـ تاکتیکی«زەحمەتکێشان ـ کۆنفرەنس» بە ڕاستی دژە کرێکاری و پرەنسیپ فرۆشانەیە، مەسەلەیەکی ئاسانە و بەسوکی بەدەستەوە دێ. ئێمە، بۆ چەسپاندنی ئەم ئیدیعایەمان هەر خودی «ڕونکردنەوە» ی ئەوان دەکەینە بەڵگەو واز لە پێشینەی هەردولای یەکگرتنەکە دەهێنین و دەیدەینە دەست هەلێکی تر، «ڕونکردنەوە» یەک کە بە جوانی دەیسەلمێنێ«زەحمەتکێشان ـ کۆنفرەنس» ئامادەیی تەواوی هەیە وەک دۆست و دڵسۆزێکی بورژوازی ڕەفتار و سیاسەت و تاکتیک بکات و چالاکی بنوێنێ. دیارە بەکارهێنانی بە لێشاوی زاراوەکانی مارکسیزم و کرێکاران و.. لە هیچ کونجێکی دنیادا نەبونە بەڵگەی پەڕینەوە بۆ جیهانی شۆڕشگێڕیەتی و کرێکاران و شۆڕشی سۆشیالیستی، بە هەمان شێوەی کە هیچ کەس بە چەند بارە کردنەوەی ناوی «محمد» نابێ بە «حاجی» ...

٣ـ «حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان» لەو ڕونکردنەوەیەدا کە دەیانەوێ پەیوەستبونی خۆیان بە سەنگەری بورژوازی کوردستانەوە بەتەواوی ڕابگەیەنن، هەوڵدەدەن ئامۆژگاری حیزب و ڕێکخراوەو هێزەکانی ئەو چینە بکەن و تێیان بگەیەنن گوایە ئێمە(واتە ئاڵای شۆڕش)دەمانەوێ «ڕیزەکانی گەل» تێکبدەین و خەریکی ئاژاوەنانەوەین و زۆر دەڵالانە دەنوسێ:

**« لە کاتێکدا ڕیزەکانی گەلەکەمان بۆ ڕوبەڕووبونەوەی پیلانی دوژمنان و پاراستنی دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین لە هەموو وەختێ زیاتر پێویستی بە یەکبون هەیە، برادەرێک بە ناوی ئاڵای شۆڕشەوە بە مەبەستی چەواشەکردنی ئەندامەکانی و لاڕێکردنیان، ئاخاوتنی سەبارەت بە«ئاڵای شۆڕش ـ کۆنفرەنس» و حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانی دەرکردووە»**

هەروەها:

**« ئێمە لە پێودانگی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان حەزناکەین بکەوینە مشتومڕێکەوە کە جگە لە تێکدانی ڕیزەکانی گەلەکەمان سودێکی**

**دیکەی نی یە»...**

ئەم تورەی یە چی یە و چی رووی داوە؟

تۆ بلێ ی مەسەلەکە هێندە زل بێ و« پیلانی دوژمنانی» (کام «دوژمن» کاکی نوسەر؟) و «دەستکەوتەکانی راپەرین»(کام دەستکەوت بۆ «زەحمەتکێشان» کاکی بەرێز؟) وا پێویست بکات حیزبی زەحمەتکێشان قەڵس ببێ؟

لە راستیدا مەسەلەکە پەیوەندی بە«ریزەکانی گەل» و شتی لەو بابەتەوە نیە، وە پێویست ناکات حیزبی زەحمەتکێشان ئامۆژگاری کەس بکات تاکو ئالآی شۆرش بخاتە وەزعێکی دژوارەوە، هەموو راستیەکە ئەمەیە: چەند کەس لە ئەندامانی ئالآی شۆرش چونەتە ناو حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە و ئاخاوتنێکی زۆر هێمنانە لەو بارەوە بلآوبۆتەوە لە چەند نوسخەیەکی دیاریکراوداو والسلام !!

«ریزەکانی گەل» کێن و چ پەیوەندیەکیان بەم مەسەلەوە هەبو کە باسمان کرد؟ ناشێ نوسەری بەیاننامەی «حیزبی زەحمەتکێشان» ریزە ملیۆنیەکانی حیزبەکەی خۆی لێ ببێتە«ریزەکانی گەل» و قسەی خەڵکی تریش بە« پیلانی دوژمنان» بزانێ؟.. دوای ئەوەش، بەیاننامەیەک لە چەند نوسخەیەکی دیاریکراودا بۆچی بوبە «کراسی عوسمان» و ریزەکانی گەل تێک دەدا؟؟ حەقیقەتی سیاسی و چینایەتی مەسەلەکە شتێکی ترەو پەیوەندی بە ریزی گەل و پیلانی دوژمنان و دەستکەوتەکانی راپەرینەوە نیە، چونکە «حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان» بەم تەرکیب و بیرکردنەوەی ئێستایەوە لە سەدەی بیست ودویشدا ناتوانێ راستگۆیانە ناوی خۆی بەوجۆرە مەسەلانەوە گرێبدات و راستگۆیانەش باسیان بکات. «حیزبی زەحمەتکێشان» (لە زمانی نوسەری رونکردنەوەکەوە) دەیەوێ بە حیزب و هێزە بورژوازیەکانی کوردستان بلێ: ئێمە کە زۆر بە رێکو پێکی و بێقرە بە ناوی مارکسیزمەوە خۆمان رێک خستووە و بروسکەی پیرۆزباییمان بۆ ئێوەی بەرێز ناردووە، ئەوا« ئالآی شۆرش» خەریکن رەخنەمان لێدەگرن و حەقیقەتی مەسەلەیەکی رێکخراوەیمان(کە نامانەوێ خەڵک بیزانێ!)ئاشکرا دەکەن و ریزەکانمان لێ تێکدەدەن و فریامان کەون!!

٤ــ نوسەری حیزبی زەحمەتکێشان دەنوسێ:

**« ئێمە نازانین ئەو برادەرانە بەناوی کێوە قسەدەکەن و کێ ناوی «کۆمیتەی سەرکردایەتی» لێناون؟ چونکە ئەوانەی کارەکانیان راپەراندوە ئالآی شۆرش بون... نەک ئەوانەی لە یەکەم روبەربونەوەدا چۆکیان دادا» ..**

**یەکەم:** وەک پێشوتر وترا، نوسەر دەیەوێ لەلایەکەوە ختوکەی بورژوازی بدات و هەستی

دژە دیموکـراتیـانەیان ببـزوێنـێ و لە لایەکی ترەوە خـۆی وەک کـەسـێک دەردەخـا کـە میـراتگری **کـارل مـارکس** ە و هیچ چەمـانەوەیەک قبـوڵ ناکات. سـەبارەت بە دنەدانی بورژوازی کـوردسـتـان دژ بە ئالآی شـۆڕش و گـروپەکـانی تر، پێـویسـتـە بگوترێ ئەو مەسـەلەیە و دەیان مەسـەلەی تر بەستراون بە سیاسـەتی گشتی بورژوازی کوردستانەوە لەلایەک و چۆنیـەتی خـەباتکردن و واقـعبینی کۆمـۆنیسـتـەکان و دۆزینەوەی تاکـتیکی گـونجـاو لە ئاست ڕوداوەکـاندا وە سـەرکـەوتن ـ یاخـود سـەرخـسـتنی ـ ڕاپـەڕینی کوردسـتان و بە ئەنجام گەیشـتنی شەپۆلی دیموکراسیەت لە جیهاندا لە لایەکی ترەوە. ڕۆژانە، چ لە ڕادیۆی هـێزەکـانی کودسـتـان و چ لە گـفـتـوگۆی دوقـۆڵی و بە کۆمـەڵی لێپرسراوە سیاسیەکانیاندا باس لە هـەقانیەتی فرە حیزبی و دیموکراسیـەت دەکرێ و ڕەنگە هەوانتـەش نەبێ کە ـ هـەر بە قسـەی خـۆیان ـ ئەگـەر کەسـێک یـاخـود لایەنێک ئیلتیزام بە سیستمی فرە حیزبی یەوە نەکات دەبێتـە مایەی گاڵتەجاڕی دنیاو لاقرتێی ئەمـوئەو. **لە ڕاسـتیـدا ئەو مـەسـەلەیە بەنـدە بە پارسـەنگی هێزی نێوان خـوازیارانی دیموکراسیەت و ئازادی لەگەڵ دوژمنانیدا لە ئاستی جیهانیداو دواتر لە ئاستی عێراق و کـوردسـتـان دا**، بۆیە هـەر جـۆرە دەڵاڵی و باوەڕ فـرۆشـتنێکی بەجێ یان بێ جـێی کەسـانێکی دیاریکراو نابێتـە هۆی تێکدانـی ئەو سیاسـەتەی بۆرژوازی کـوردسـتـان لە حاڵی حازردا لەسەری دەڕوات.

**دووەم:** باسکردنی پێشینەی سیاسی هەڵسوڕاوانی ئێستەی ئالآی شۆڕش بۆ چ مـەبەستێکە؟ ئایا بۆ دەرخستنی سیاسەتی ڕاستـەقینەی کۆمـۆنیستـەکانە لە عـاست دیاردەی خۆنەگری و شـتی لەوبابەتە یاخود بۆ خـۆدەرخستن و خـۆ بە پاڵەوان و پۆلآیین دانانە؟ چاکـە بگوترێ: دنـیا هێندەی لێ ی ڕۆیشـتـوە زۆرتری بە بەرەوە مـاوە، وە ئەم ڕونکردنەوە «مێژووی» یەی نوسـەری حیزبی زەحمەتکێشان دەریدەخات کە سەد شکور بە ڕەفتاری بورژوازی ناسیۆنالیستی کۆنەباوی کوردستان لەگەڵ ئالآی شۆڕش دا، خۆ کەسێک ئەوانی تەعزیب نەدابوو، یاخود کەسێک« نوسەر» ی فرێ نەدابوە ناو گەوڕەوە و لەگەڵ جاش و خۆفرۆشان زیندانی نەکرابو تاکو بەو جۆرە دەڵاڵی بکەن !!
ململانێ ی چینایەتی پرۆلیتاریا دژی بورژوازی، پرۆسـەیەکی دورو درێژەو پەیوەندیەکی کەمی بە ڕەفـتـار و سـیاسـەتی کـەسـێکی تایبـەتەوە هـەیە لە قـۆناغـێکی دیاریکراودا بەو شـێوە زەقـەی نوسـەری زەحـمـەتکێشـان دەینوسـێ؛ بێگـومـان هـەم نوسـەر و هـەم حیزبی زەحمـەتکێشـان چاک دەزانن ئالآی شـۆڕش جـەریانێکی سیـاسـیـە نەک تاقمـۆکـەیەکی بازرگانی وێڵ بەدوای کاسەلێسی بورژوازیدا.

**سێهەم:** «خۆنەگری» لە بەرانبەر بورژوازی و دەزگا سەرکوتگەرەکانیدا، دیاردەیەکی زیانبەخشەو نەفرەتلێکراوە لەلایەن کۆمۆنیستەکان و پێشرەوانی چینی کرێکارەوە؛ ئەمە حەقیقەتێکی چەسپیوی مێژووی دووسەد ساڵەی خەباتی کرێکاری و کۆمۆنیستیە. هەر لەو ڕووەوە، ئەگەر نوسەری «ڕونکردنەوە» ی حیزبی زەحمەتکێشان دەیەوێ مەحکەمەی ئەندامێکی لێپرسراوی ئێستەی ئالای شۆڕش بکات، پێویستە ئاگاداری ئەوە بێت کە: سەرجەم کادیران و ئەندامان و لایەنگرانی ئەم ڕێکخراوە بە شانازی یەوە خۆ بە کۆمۆنیست دەزانن و لە عاست مەسەلەیەکی وادا بێ دەنگ نەبون و نابن، هەروەها، ئەگەر نارۆشنیەک لەو ڕووەوە لە کایەدابێ، سەرکردایەتی ئالا بەڵێن دەدات کە بە بەرچاوی نوسەری حیزبی زەحمەتکێشان و سەرجەم جولانەوەی کۆمۆنیستی ناوچەکە و کوردستان و هەر کەسێکی ئازادیخواز و تێکۆشەری ڕێگای ڕزگاری چەوساوەکانەوە، ئامادەی دادگاییەکی ئاشکرابێت کەلە سەر چۆنیەتی گرتن و ئازاردانی هاوڕێیانی ئێمە و هەڵسوکەوتیان لە زیندان، هەروەها لەسەر ڕەفتاری دژە دیموکراتیانە و دژە کۆمۆنیستانەی گشت بەشدارانی ئەو ڕوداوەی نوسەری زەحمەتکێشان مەبەستیەتی سازبکرێ، وە بەڵێن دەدات بێشاردنەوەی هیچکام لە ڕاستیە سیاسیەکان هەڵوێستی خۆی دەربخات و باسبکات وە پابەندی هەر بڕیارێکی پەسەندکراوی ئەو دادگایە بێت!... بێگومان حیزبی زەحمەتکێشانیش لەکاتی ئەو دادگاییەدا لە سەریەتی، بەهەمان شێوەی کە لۆمەی زیندانیەکی جەزرەبە لێدراو دەکات سوکەڕەخنەیەک یش لە زیندانیکەران بگرێ! سروشتیە کە بەشداربوانی دادگاییەکی لەو جۆرە ویژدانی خۆیان لە عاست مەسەلەکاندا نامرێنن... شایانی سەرنجە بوترێ کە سەرباری ئەو مەسەلەیەی سەرەوەش؛ هەر لەمەڕ ئەو کێشەوە ئالای شۆڕش بڕیاری تایبەتی کۆبونەوەی فراوانی هەیە و لەسەری کاردەکات.

٥ـ نوسەری«ڕونکردنەوە» ی حیزبی زەحمەتکێشان هەر کەسێک بێت، مێژوونوسی ساڵی داهاتوو یاخود سەد ساڵی داهاتووی جولانەوەی سیاسی کوردستان، بۆچوونەکانی ناداتە پاڵ خودی نوسەر بە تەنیایی، چونکە ڕێسای پەیرەویکراو ئەوەیە مادام «وشەکان» ی نوسەر بوونەتە هەڵوێستی سیاسی دەستەیەک، پێویستە بەهەق بدرێنە پاڵ گشت ئەو دەستەیە و بەهی ئەوانیش حساب بکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە چەند خاڵێکی گرنگ بۆ ئەو هاوڕێیانەی لە ناو حیزبی زەحمەتکێشاندا دڵسۆزییەکیان بۆ پرۆلیتاریا و کۆمۆنیزم هەیە(یاخود تیادا هەبوە)ڕونبکرێتەوە، تاکو چاکتر مەبدەئی نوسەری «ڕونکردنەوە» دەربکەوێ.

ئەلف ـ لە ئاخاوتنەکەی ئالآی شۆڕش دا، نەکەم و نەزۆر، نەبە ئاشکرا و نە بە ژێر لێوەوە ڕەخنە لە حیزبی زەحمەتکێشان نەگیراوە، تەنیا ئەوەندە وتراوە: چەند کەسێک بەناوی «ئالآی شۆڕش ـ کۆنفرەنس» ەوە چونەتە ناو حیزبی زەحمەتکێشانەوە کە لە مێژە پەیوەندیان بە ئالآی شۆڕشەوە نەماوە، هەر بۆیە ئەگەر ئەندامانی ئالآی شۆڕش لەسەر ئەم هەڵوێستەی بەناوی گشت حیزبی زەحمەتکێشانەوە بلآو دەکرێتەوە بێدەنگ بن، شایستەی ناوی پیرۆزی کۆمۆنیست نین؛

ب ـ بە پێی زۆر بەڵگە، لە چەند ساڵی ڕابردوداحیزبی زەحمەتکێشان ئامادەی هاوکاری و تەبایی بوە لەگەڵ ئالآی شۆڕش وە لەو بوارەدا زۆر گفتوگۆ کراون، ئایا ڕەوایە بلآوبونەوەی ئاخاوتنێک لەسەرئەو کەسانەی بەناوی ڕێکخراوی ئێمەوە دەدوێن حیزبی زەحمەتکێشان خوازیاری جەنگی خاچپەرستانە بێ لەلایەن هێزە بورژوازیەکانەوە دژمان؟ ئایا ئەوەیە قازانجی«زەحمەتکێشان»؟ جگە لەوەش، ئایا هەر بنوسی«ڕونکردنەوە» مایەی ئەم جۆرە ئاگرخۆشکردنە نیە لە نێوان حیزبی زەحمەتکێشان و ئالآی شۆڕش لەلایەک و سەرجەم بورژوازی گۆڕەپانەکە و کۆمۆنیستەکان لە لایەکی ترەوە؟

ج ـ ئەگەر قسە لەسەر شەرعیەتی هەڵبژاردنی سەرکردایەتی گروپێکی خەباتی سیاسی ئاشکرای کوردستان بێ، وەک یاسای پەیڕەویکراوی تا ئێستا، هەر کەسانێک شەرعیەتیان هەیە کە لە کۆنفرەنس و کۆبونەوەدا هەڵدەبژێرین نەک ئەوانەی لەلایەن دەزگایەکی حیزبیەوە دادەنرێن و پلەیان بۆ دیاریدەکرێ، بۆیە لەو بوارەشدا بنوسێ «ڕونکردنەوە» ناتوانێ گاسن لەزەوی شەرعیەت و ناشەرعیەتدا بچەقێنێ. سەرکردایەتی ئێستەی ئالآی شۆڕش لە کۆبونەوەیەکی کادیرانیدا هەڵبژێردراوە بەڵام چۆنیەتی پێکهاتنی دامودەزگای حیزبی زەحمەتکێشان بە نوسەرە تازەکەشیەوە هەر خوا خۆی دەزانێ چۆن پێک هاتوە!

د ـ **ئالآی شۆڕش** زۆر پێش هاتنە کایەی هەلومەرجی ئێستا کە پرەنسیپ فرۆشان وەک بازرگان کالآی «مارکسیەت» ی تیا دەفرۆشن دروشمی نەهێشتنی پشێوی و دژایەتیکردنی دوژمنی بەرزکردۆتەوە ــ بەڵگە بۆ ئەوە زۆرن ــ ، ئێستەش بە ڕۆیشتنی چەند کەسێک بۆ ناو حیزبی زەحمەتکێشان ئەو حەقیقەتە مێژوویانە ناگۆڕین و لە ئاژاوە نانەوەدا هەرگیز کۆمۆنیستەکان دەستپێشکەر نابن؛ وە ئەگەر کەسانی وەک بنوسی«ڕونکردنەوە» لێگەڕێن مەزەندەی ئەوە هەیە کات و ساتی تێکچوونی «ڕیزەکانی گەل» یش کە ئەو باسی لێوە دەکات هەرچی زیاتر وەدرەنگ بکەوێ ...!

هـ ـ چەندایەتی و قەرەباڵغی، لە هیچ کاتێکدا بەڵگەی هەقانیەتی سیاسی و ئایدیۆلۆژی ڕێکخراوێک نین و ناتوانن ببنە پاساوی هیچ مەسەلەیەکی فیکری لەو ڕێکخراوەدا

یاخود بۆ دەرەوەی ڕێکخراوەکەیش، بەو حاڵەشەوە کاتێک دەستەی بەناو« ئاڵای شۆڕش ـ کۆنفرەنس» ئیدیعای قەبەبونی خۆیان دەکەن(وەک بە ڕونکردنەوەکەوە دیارە)، دەکرێ ناڕاستی ئەو بۆچونەیان دەربخرێ، نەک لەو ڕووەوە گوایە ئێمە زۆرین و کۆنفرەنسچیەکان چەند نەفەرن، بەڵکو لەو ڕووەوە کە ئەوان ڕاستگۆنین و حەقیقەتی کێشەکان وەک خۆی باس ناکەن. هەر بۆیە لەو بارەشەوە ئامادەی گرتنی سیمینار و کۆبونەوەین تا بەبەرچاوی گشت ئەندامانی ئێستەی حیزبی زەحمەتکێشانەوە زەلیلی ڕێکخراوەیی« ئاڵای شۆڕش ـ کۆنفرەنس» ی تیا دەربخەین و هەر لەوێدا ئەوەش ساغ بکەینەوە: بەهەمان شێوەی کە لەکاتی پەیوەستبوونی تاقمی کۆنفرەنسچیەکان بە حیزبی زەحمەتکێشانەوە هیچکەس لە ئێمە پێی وا نەبوو«ریزەکانی گەل» تێکچووە و دنیا کاول بووە، چاوەڕوان دەکرا نوسرانی ئاخاوتنێکی بیست دێڕیش نەبێتە هۆی تێکچونی« ڕیزەکانی گەل» ی کۆنفرەنسچیەکان و حیزبی زەحمەتکێشانی خۆشەویستیان!

٢٤ـ٦ـ ١٩٩١شەقلاوە

[پاشکۆی یەکەم

## ئاخاوتنی لێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخستنی ئاڵای شۆڕش

لە چواری ئەم مانگەدا، بەیاننامەیەکی ڕەسمی حیزبی زەحمەتکێشان و چەند برایەک بەناوی «ئاڵای شۆڕش ـ کۆنفرەنس» بە بۆنەی چونی ئەو برایانە بۆ ناو ڕیزی حیزبی ناوبراو بڵاوکرایەوە. لەسەر ئەم بەیانە ڕادەگەیەنین کەوا:

١ـ ئەو برایانە، دوای مانۆڕکردنیان لەگەڵ کۆبونەوەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی ئاڵای شۆڕش، هیچ جۆرە پەیوەندیەکیان بە ڕێکخستنی ئاڵای شۆڕشەوە نەماوە بۆیە خۆیان وەکو نەفەر چونەتە ناو حیزبی زەحمەتکێشانەوە، ڕاپەڕین و گەڕانەوە بۆ کوردستانیش دەریخست کە بەشەکانی ڕێکخستن و هاوڕێکانی، دوای دەرکەوتنی تەواوی ڕاستیەکان لەمەڕ تەفرەقە و پشێوی سیاسی، ئەگەر پێشتر دو دڵیەکیشیان ئاکامی کێشەکان لا دروست بوبێ، ئەوا ئێستا نەفرەت لەو سیاسەتە دەکەن.

٢ـ لەبەر ئەوەی ئەمە یەکەم جارە دوای کۆبونەوەی یەکگرتنەوە باسی ئەو برایانە دەکەین، شیاوی باسە بڵێین؛ هۆی گرنگی نەهاتنی ئەو برایانە بۆ کۆبونەوەی یەکگرتنەوە، گوایە، ئەوان ئەوسا لەگەڵ یەکگرتنی گەورەدابون و تەمایان بوو حیزبێکی کۆمۆنیستی کوردستانی لەتەک چەند فراکسیۆنی یەکسەرە ڕابگەیەنن. قسەکەی ئێمە سەلما کەوا یەکگرتنی گەورە کێشەی تیۆری و سیاسی و ڕێکخراوەیی زۆری لەبەردەم دا ماوە؛ هەر ئەو کاتەش دوپاتمان کردەوە کە ئەو برایانە بۆ سەرپۆش خستنە سەر شکستی بەرنامە و سیستەمی ئایدیۆلۆژیان و ئەو زیانانەی لە تەفرەقەکەدا لە بچوکترین هەنگاوی تیۆری و ئایدیۆلۆژی لەسەر یەکگرتنەوەکە گەلاڵە بکەن، ناچار وەکو نەفەر یەکگرتنێکی بچوکتر لە یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی ئاڵای شۆڕش، لەگەڵ حیزبی زەحمەتکێشان دا، قبوڵ کرد.

٣ـ بەم بۆنەیەوە، ئاگاداری کرێکاران و زەحمەتکێشان، تەواوی لایەنە چەپەکان و هێزەکان دەکەین کەوا« ئالآی شۆڕش» سەربەخۆیی ئایدیۆلۆژی و ڕێکخراوەیی پاراستوە و سورترە لەسەری و ئێستاش سەرگەرمی قوڵکردنی ڕێبازی چینایەتی و مارکسیزمی شۆڕشگێرە، جگە لە خەباتکردن لە پێناوی « یەکێتی کاری شۆڕشگێڕانە» لەگەڵ چەپە ڕادیکاڵەکان دا.

[١٩٩١.٦.١٦

## [پاشکۆی دووەم

## ڕوونکردنەوەیەک لە ڕاگەیاندنی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە

لە کاتێکدا ڕیزەکانی گەلەکەمان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی پیلانی دوژمنان و پاراستنی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین لە هەموو وەختێ زیاتر پێویستی بەیەکبون هەیە، برادەرێک بە ناوی ئالآی شۆڕش بە مەبەستی چەواشەکردنی ئەندامەکانی و لاڕێکردنیان «ئاخاوتنی لێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخستن» ی سەبارەت بە یەکبوونی(ئالآی شۆڕش ـ کۆنفرەنس و حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان)دەرکردووە.
ئێمە، لە پێودانگی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، حەزناکەین بکەوینە مشت و مڕێکەوە کە جگە لە تێکدانی ڕیزەکانی گەلەکەمان سودێکی دیکەی نیە، بەلآم ئەوە یەکەم جار نیە لەلایەن ئەم برادەرانەوە دەکەوینە بەر تانەو تەشەر، بۆیە ناچارین وە دەنگ بێین و ئەو ڕاستیانە بۆ خەڵک وەدەرخەین کە خۆشیان دەیزانن و لە خەڵکی دەشارنەوە. ئەمڕۆ دوای گۆڕانکاریەکانی دنیاو ڕووداوەکانی ئەم دواییانە، یەکبوون بەتایبەتی یەکبوونی ئەو لایەنە مارکسستانەی کوردستان کە بەرنامەو بۆچوونی سیاسی یان لە یەکتر نزیکە، ئەرکێکی بەپەلەیە.
لەم ڕوانگەیەوە، ئێمە یەکبوونی خۆمان ڕاگەیاند و ئەم کارەشمان بە هەنگاوێک بۆ بەهێزکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بەتایبەتی چەپ زانی و هەروەها تەئکیدمان لەسەر بەردەوامی ئەم ڕێبازە کرد و سەرکردایەتی تازەی حزب ڕاسپێردرا کەلەم پێناوەدا دەست پێشخەری بکا.
ئێمە نازانین ئەو برادەرانە بەناوی کێوە قسەدەکەن و کێ ناوی «کۆمیتەی سەرکردایەتی» لێ ناون؟ چونکە ئەوانەی کارەکانیان ڕاپەڕاندووە و پەیوەندی دۆستایەتی یان لەگەڵ حیزبە کوردستانی و عێراقی و لایەنەکانی دەرەوە پاراستووە، ئەوانە بوون کەلە کاتی دیاریکراوی خۆیدا کۆنفرانسیان بەستووەو متمانەی ڕێکخستنەکانی ناوخۆ و دەرەوەشیان وەرگرتووە، نەک ئەوانەی لەیەکەم ڕووبەڕوو بوونەوەدا خۆیان بەدەستەوە داو چۆکیان دادا. لەمەڕ ئەم یەکگرتنەوەشمان کە«برادەران» ی تورە کردووە دەڵێن: ئێمە کە دوای دوو ساڵ گفتوگۆ و مونازەرە و بە یەکترسەلماندن(کە ئەوانیش هەر بۆ ئەم مەبەستە لە چەند دانیشتنێک دا بەشدار بوون)گەیشتینە ڕادەی یەکگرتن، بێ سێ و دوو یەکبوونی خۆمان ڕاگەیاند کە بۆتە مایەی شانازی کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش و خۆشحاڵی دۆستەکانمان. هەروەها دەڵێن: وەدیهێنانی یەکێتی کاری شۆڕشگێڕانە و قوڵکردنەوەی ڕێبازی چینایەتی لەسەر شانی ئەوانەیە کە بیرو بۆ چونیان ڕۆشنە، نەک کەسانی بێ هەڵوێست و پاکانە کار. ئەم هەنگاوە بە بوونی (پڕۆژەی کاری بەرنامەیی)کە نوێنەرەوەی فیکری داهێنەرانەمانە بۆ پێکهێنانی حیزبێکی یەکگرتووی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستانی عێراق، هەرچەندە گەورەش نەبێ، بەلآم پتەو و بەجێ یەو لەسەر بنچینەی فیکرێکی دروست و بۆچوونی واقیعی دامەزراوە و لە مێژووی بزووتنەوەی کرێکارانی کوردستان دا خاڵی وەرچەرخانێکی گرنگ و پڕ بایەخە، چونکە ئەوە یەکەمین جارە لە مێژووی بزاڤی مارکسستی کوردستاندا دوو ڕێکخستن بە گفتوگۆ و ساخکردنەوەی مەسەلە بەرنامەییەکان، یەکبوونی خۆیان ڕادەگەیەنن و هەنگاو لەڕێی یەکبوونێکی گەورەتر هەڵدەگرن.

[١٩٩١.٦.٢١

# بەهادین نوری:
# ڕیش چەرمووی هەڵگەڕاوە

«ئاڵای شۆڕش» ژ١١و١٢
١٩٩١/١٠/٧

**(١)**

ژمـارە (٢)ی گـۆڤـاری « دیموکـراسـی»، هەڵگری وتارێکی کـاک بەهادین نوری یە بە ناونیشـانی« نەخۆشی دۆگما لـە کوردسـتـان». لە دوتویٚ ی ئەو وتارەدا چـەندین جـار مەفاهیمی وەک «مارکسیزم»،«بانچەپ»، «شـوراکانی١٩٩١ » خراونە ڕوو. بەشـێوەیەکی گـشــتی، ئەم وتارەی کـاک بەهادین نوری ڕەتکردنەوەو دژایەتیـەکی ئاشکراو تەواوی بیروبۆچون و سیاسـەتی کۆمـۆنستی وکرێکاری یەو زۆر بیٚ پەردە داکۆکی لە نەبوونی جیـهانبینـی زانسـتی دەکات بۆ کرێکاران، وە لەپاڵ هـەندێک ووشـەو زاراوەی چەپ دا وەک ناسیونالیستێکی لیبرال خۆی کەشف دەکات.

بۆ ئەوەی ئەو چـەند ڕسـتـەیەی سـەرەوە نەبنە پێش بڕیارو بوخـتـان، داوا لە خـوێنەران دەکـەم لە پێـشـدا وتارەکـەی کـاک بەهـادین لاپەڕە ٦-٩ ی گـۆڤـاری«دیموکـراسـی» دا بخوێننەوە.

سـەرەتا پێویستـە بوتریٚ: ئەگـەر بمانەویٚ بۆ مـەبەسـتێکی سیاسـی جددی (یا تەنانەت ڕۆشنبـیرانەش)، بیـروڕایەکی ڕەخنەگرانـەو ڕۆشنکەرەوانە دەربارەی شـەخسیـەتێک یاخـود دیاردەیەکی سیاسـی بخـەینە ڕوو، لە پێش هـەر شیتـەڵکردنەوەو مونـاقەشـەیەک دا، دیاریکردنی مەوقـعیەتی سیاسـی و تاکتیکی ئەو شەخسیەتە (یا دیاردە سیـاسیە)،

لەگەڵ ڕونکردنەوەی مێژولکەی سیاسی خۆیمان بەسەرا دەسەپێنێ: ئەوەش شێوازێکی زانستانەیەو ڕێگا لە خواربوونەوەی گۆچانئاسای ویژدانی سیاسی دەگرێ و بەوردی دەتوانێ مەبەستی ڕەخنە ڕوونبکاتەوە و «ڕاستی» ـ کە هەمیشە هەوڵ دەدرێ بە شاراوەیی بمێنێتەوە ـ وەک خۆی دەردەکەوێ.

مێژولکەی سیاسی کاک بەهادین نوری لە کوردستان دا زۆر شاراوە نیە، بەتایبەت بۆ ڕوناکبیران و کۆنە سیاسی و پێشمەرگە قەدیمیەکان پیاوێکی ناسراوە. ئەو ماوەی چەند دە ساڵ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی «حیزبی شیوعی عێراق» بووەو چالاکی خۆی بەسیاسەت و تاکتیک و ئایدیولۆژی ئەو حیزبەوە گرێ دابووەوە. دواتر بە حیساب بۆ «ڕادیکاڵ» نواندنێکی فرە تر، لێیان جوێ بووەوە و خەریکی حیزب یا (حیزبۆکە) سازی و ڕەخنەگرتنی ئیسلاحیانە بووە لە «حشع» . دیارە مەبەستی کاک بەهادین بە ڕواڵەت ئەوە بووە خزمەت بە «چەپ» و ڕادیکالیزمێک بکات کە لەتێڕوانینی خۆیەوە، بەهەرحاڵ، ئەو پەیوەندەی کە «حشع» لەگەڵ زەحمەتکێشان و کرێکاراندا هەیەتی و هەزارجار لە «شعره معاویه» باریکترە، کەمێک قایمتر بنوێنێ ... دەنا هێندەش سەری خۆی نەدەیەشاندو زوتر لە تەوەرەی «حشع» دەرباز دەبوو.

حاڵی حازریش بەڕێزیان سەرقاڵی نوسینی وتارو نامەی کراوەو ئامۆژگاری پێغەمبەرئاسان بۆ «لایەنەکان». ئەوە وەک مێژووی سیاسی. مەوقعیەتی سیاسی هیچ کەسێک لە مێژووە سیاسیەکەی جیا ناکرێتەوە. کاک بەهادین نوری لەو ڕێسایە بەدەر نیە، بەو مانایەی کە: تێڕوانین و سیاسەت و پراتیکی

ئێستای ناوبراو لەو پێشینە سیاسیەوە سەرچاوە دەگرێ و خوێنەر خۆی دەتوانێ لە بەرەنجامی پێکگرتنی پێشینە سیاسیەکەی ئەودا لەگەڵ ئەم دوایین وتارەیدا، حوکمێک لەمەر جیهانبینی و سەنگەرە چینایەتیەکەی بدات .... ئێمە چی ترمان نیە عەرزی بکەین جگە لەو ڕوونکردنەوانەش لە خوارەوە چاپ دەکرێن.

(٢)

بەهەرحاڵ قسەو باسی وتاری ناوبراو بە ڕواڵەت سەبارەت بە «دۆگما» یە (ڕاستەکەی «دۆگماتیزم» ە). نوسەر پێ ی وایە «دۆگما» لە کوردستاندا وەک نەخۆشیەک بووە بە **«بەشێکی بنچینەیی لە دابو نەریت و کلتووری ئەم میللەتە، بووە بە بناغەی تیوری خوێندنی ڕۆشنبیران و زانایان لە ماوەی پتر لە هەزار ساڵ دا»**

ناکرێ دەربارەی گشت جەمسەرەکانی وتارەکە قسە بکرێ. بەتایبەت ناکرێ سەبارەت بە نوسرانی ئەم وتارە لەم کاتە ناسکەی جوڵانەوەی کۆمۆنیستیدا لە ئێستاوە حوکمێک پەسەند بکرێت. وەڵامدانەوەی گشت بوعدێکی ئەم وتارە هێندەی بەدەمەوەیە ڕەنگە ـ

ئەگەر لێی بدوێی ــ لە ڕۆژنامەیەکی تایبەتی داجێی نەبێتەوە. وشەو ڕستەکانی وتارەکە لە گشتدا چەپ دەکوتن و ماستاو بۆ ڕاست دەکەن. شتێکی بێسود نیە گەر ئەو ئیدیعایەی سەرەوەمان بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان و هاوڕێیانی شۆڕشگێڕ ڕوون بکەینەوە. بەڵام لێرەدا ــ مادام ناکرێ بەدرێژی لەسەر وتارەکەی بدوێین ــ هێندە بەسە لە چوارچێوەی دیاری کراوی ڕۆژنامەی «ئالای شۆڕش» دا خۆ لەقالب بدەین و سەبارەت بە چەند جەمسەرێکی وەک: ئەلف) باونەمانی مارکسیزم، ب) دۆگماتیزم و جۆری تێگەیشتنی، کۆمەڵە سەرنجێک بخەینە ڕوو.

**ئەلف . باو نەمانی مارکسیزم!**

وەک لە سەرەتاشدا ئاماژەمان پێدا، ناونیشانی وتارو بەڕواڵەت هەموو دێڕەکانی دەبێ بۆ « دۆگما » تەرخان کرابن و ئەو مەقوەلەیە لە کوردستان داڕوون بکەنەوە، بەڵام کاتێ لە خۆێندنەوەی وتار دەبیەوە هەستدەکەی نەء!، مەسەلە کەم و زۆر پەیوەندی بە دۆگماو مەعنا قاموسی و کۆمەلایەتیەکانیەوە نیە و لە بناغەوە قسە لە یەکالاکردنەوەی ئەو مەقوەلەیەوە ناکرێ، بەڵکو کێشەیەکی زۆر لە «دۆگما» گرنگتر و مەتریسدارتر پەیدا بووە کە ئەویش هەبوونی بیرو باوەڕی مارکسیستیە لە ناو لاوەکاندا و بلاوبونەوەی ڤایرۆسی ئەو پەتا «دۆگماتیستی» یەیە کە ڕەنگە گەر وا بڕوات (بە بۆ چوونی کاک بەهادین) چارەنوسی کوردستان باش نەبێ!

کاک بەهادین نوسیویە: **« سەرنج ڕاکێشەرە کە ئەم نەخۆشیە، لە کاتێکدا لەسەر ئاستی جیهانی توشی جۆرە شکستێ بووە ــ بێگومان مەبەستی مارکسیزمە کە لای ئەو توشی جۆرە شکستێ بووە ــ لە نێو کوردەواریدا پەرەی سەندووە، زۆر بەزەقی خۆی دەنوێنێ. بۆ نمونە، لە نێو بزوتنەوەی چەپ و بانچەپەکاندا بەم شێوازانەی خوارەوە دەیبینین: لە وتارو دیراسەو موناقەشەدا نوسراوەکان پڕ دەکرێن لە ووتەو ڕستەی وەرگیراو جارێ لە کتێبی مارکس و ئەنگلس و جارێ لە لینین و جارێ لە فلانە کەسی تر...**

**"..ئەم بارو دۆخەی ئەمڕۆ کێشەکەی خستۆتە بەردەمی کەچی ئەم لەو کتێب و ئەو کتێبی بەر لە سەد ساڵدا چارەی بۆ دەدۆزێتەوە...»**

وای لێهات کاک بەهادین..؟

هێنانەوەی قسەی مارکس و لینین بوو بە بانچەپی؟ ئەی چەپ کێ یە؟

با لە بێزاری خۆمان سەبارەت بەم جۆرە بادانەوە چەپەلانە چاوپۆشی بکەین و دیقەت بدەینە ئەو قسە « کۆن» انەی مارکس و ئەنگلز کە ڕەخنەگری بەڕێزمان بە « دۆگما » و

« نەخۆشی» یان دەزانێ و دەیەوێ بۆچونی زانستانەی ئەوان سەبارەت بە لێکدانەوەی ئابوری سەرمایەداری، دۆزینەوەو خستنەگەڕی ماتیریالیزمی شۆڕشگێڕانە، پتەوکردن و دۆزینەوەی سۆشیالیزمی کرێکاری و دیالەکتیکی ماتریالیستی وەک حەدیس و ئایەت بنرخێنێ.

هەر لێرەدا (بە ڕوخسەت لە کاک بەهادین!)، وەک سەرەتایەک، بۆچونێکی لینین دەهێنینەوە کە زۆر شایستەیە بە زمانی کوردی کاک بەهادین لێ ی وردبێتەوە، بە تایبەت لە حاڵێکدا کە هەم بۆ وەزعی ئێستای ئەو دەگونجێ و هەم لەو بارەشەوە کە تا ئەندازەیەک بناغەی مەسەلەکەمان لە ڕووی چینایەتیەوە بۆ ڕوونتر دەکاتەوە. جگە لەوەش، لینین، ئەو زەلامە کۆنەی کە « زۆر تێگەیشتوانە» (ل٧)بابەتەکانی سەردەمی خۆی لێکداوەتەوە، لەوە دەچێ هەندێ وورده بۆچونیشی بۆ سەردەمی ئێمە بلوێ.

لینین دەڵێ: **« قسەیەکی مەشهورە دەڵێ: ئەگەر مەسەلە بەدیهیە هەندەسیەکانیش لەگەڵ قازانجی زەلامەکاندا ناتەبایی پێک هێنابا، بە تەئکید ڕەت دەکرانەوە... سەرسوڕهێنەر نیە کە دەرسەکانی مارکس، کە ڕاستەوخۆ بۆ ڕووناککردنەوەی فیکری چینی پێشڕەوی کۆمەڵی هاوچەرخ بەکار دەبرێ و ئەرکەکانی ئەم چینە دیاری دەکات وە ـ بەحوکمی گەشەسەندنی ئابووری ـ گۆڕینی ناچاری ڕژێمی هاوچەرخ بۆ سیستمێکی نوێ ئیسپات دەکات ، ناچار بووە هەر شەقاوێکی خۆی لە پێناوی ژیاندا بە نەبەردەوە بهاوێژێ»**

**(لینین : مارکسیزم و تەحریفیەت)**

مارکسیزم « بۆ ڕوناککردنەوەی فکری چینی پێشڕەوی هاوچەرخ بەکار دەبرێ..» و هەر کەس بیەوێ ئەم جیهانبینیە وەک ئایدۆلۆژیاو سیاسەتی کرێکاران بە «کۆن» (واتە نازانستی) یاخود «دۆگم» یا هەر تۆمەتێکی دیکەی لەو جۆرە لە قەڵەم بدات، یەک هۆکار پاڵی پێوە دەنێ ئەویش ئەوەیە: ئەو کێشەو مەسەلانەی لە لایەن پێشڕەوانی چینی کرێکاری جیهانیەوە فۆرمۆلەکراون و شیکراونەوەو چینی کرێکار دژی بۆرژوازی هاندەدەن، وە بۆ کۆمۆنیستەکان وەک بەدیهەیان لێهاتووە، لە بەرژەوەندی سیاسی ئەودا نین وەک کەسێک مەوقعیەتی چینایەتی خۆی دەرک دەکات و دەزانێ قازانجە **ئینسانیەکانی** پرۆلیتاریا لە بەرژەوەندیە **چینایەتیەکانی** ئەو جیاواز و ناتەبان، (لێرەدا ئێمە دیاردەی «ترسنۆکی» و «تەقیە» لە ڕووی سایکۆلۆژی یەوە باس ناکەین!!) وەئەگەر دژایەتی فیکری چینی کرێکار نەکات ئەوا لە بەجێهێنانی ئەرکە کۆمەڵایەتی یەکەیدا وەک بۆرژوایەک یاخود وردەبۆرژوایەک یا (لەخراپترین حاڵەتیدا) وەک ڕۆشنبیرێکی وردە بۆرژوای کۆنەچەپی تازە ڕاست ی قەڵەمنەرم تەمبەڵی کردوە!

بێینە سەر ئەو بیروباوەڕانەی لینین و مارکس و ئەنگلس کە بە قسەی بەهادین نوری « **ئەوان لەکاروباری هاوچەخی خۆیان دواون نەک لە ئایندەیەکی تەواو جیاواز، ڕەچەتەی پزیشکیان بۆ لەرزوتا نەنوسیوە تا بۆ هەموو نەخۆشێک .. کەڵک بگرێ»**!.

ئێمە دوو پرسیاری سادەمان هەیە!

**پرسیاری یەکەم: ئایا ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتیەی مارکس و ئەنگلز و لینین لێی دواون سەرمایەداری بووە یان نەء؟**

**پرسیاری دووەم: ئایا سیستەمی کۆمەڵایەتی عێراق (لەساڵی ۱۹۹۱دا) سەرمایەداری یە یان نا ؟**

ئەمەیە بناغەی مەسەلەو گفتوگۆو موناقەشە کاکی بەڕێز. چونکە نە بە دانانی مەنسور حیکمەت بە « پیاوێکی کتێب دۆستی لە واقیع دابڕاو» (کە هاوڕێ موخالیفەکانیش هەقی قسەی وا بەخۆیان نادەن دژی) وە نە بە شیکردنەوەی فەلسەفیانەی «دۆگما» بە « تێنەگەیشتن لە جەوهەری دیالەکتێک» (ل ۷) ناتوانی بمانخڵەتێنی و شێلمبرۆێشی کۆنەپەرستیمان بە قورگدا بکەیت.

ئێمە وا دادەنێین وەڵامی ئەو پرسیارانە لە لایەن کاک بەهادین نوری یەوە ئیجابین. واتە وای دادەنێین هەم سیستەمی ئەوکات بە سەرمایەداری دادەنێ و هەم بناغەی ئابوری عێراقیش بە سەرمایەداری دەزانێ. بێگومان ئەوەش لە قازانجی ئەودایە چونکە ئەگەر وەڵامی سلبی بێ، قەباحەتەکەی سەد هێندەی دی لەسەر زل دەبێ و دەبێ پاساوی ئەوەش بۆ مێژولکەی شەخصی و سیاسی خۆی وەدۆزێ کە بۆچی نزیک بە پەنجا ساڵ خۆی ناونا بوو « شیوعی»؟ (دیارە تێڕوانینی ئێمە لەسەر شیوعی بوونەکەی هەرچیەک بێ هەقی ئەو پرسیارەمان دەمێنێ)، لە حاڵێکدا تەنیا پێناس بۆ کەسێکی «شیوعی» ئەوەیە کە دژی سەرمایەداری و خاوەندارێتی تایبەتیە.

«ڕەچەتە» مانای چی؟

مارکس و لینین کە ئێستا بەهۆی گۆڕانکاری یەکانی پرستڕویکاو ئەوروپای خۆرهەڵاتەوە بواری ئەوە بەچنگهاتووە بۆرژوازی جیهانی بە ئارەزوی خۆی شڕو وڕیان بکات و کەسانی وەک گۆرباچۆف و بەهادین نوری بە دۆگماو کۆنیان بناسێنن، چی یان وتوە؟

لە بناغەوە قسە لەسەر ئەوە نیە کە ئەو شایی لۆغانەی بۆرژوازی لە ئاستی جیهاندا بەرپای کردوە سیاسەتێکی نەخشەکێشراوی دژی کرێکاری یە، چونکە سەرمایەداران و نۆکەرانیشیان دەزانن ئەوەی لە سۆڤیەت و میحوەری سۆڤیەتدا حوکمی کردوە سۆشیالیزمی واقعی نەبووە، بەڵکە سۆسیالیزمێکی بۆرژوازی بووە کە تەنیا نزیکیەک لەگەڵ سۆشیالیزمدا هەیبوبێت لە «ناو» ە کەیدا بووە، هەروەها قسەش لەوە ناکرێ کە

ئەم تۆپبارانە دعائیە بەهێزەی سەرمایە دژی چینی کرێکارو کۆمۆنیزم (کە لەژێر پەردەی ئیفلاسی « کۆمۆنیزمی ڕووسی» دا دەکرێ) هەزاران ڕۆشنبیری وردەبۆرژوا کە تاکو ئێستا بە ناو کرێکارانەوە خۆیان باداوە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەسڵ و فەسڵی خۆیان و سیمای دژە کرێکاریان دەردەخات ... قسە لەسەر ئەوەیە: ئایا بەڕاستی ئەوانەی دژی ئایدۆلۆژیای کرێکاران و کۆمۆنیزمی زانستی منجەمنج دەکەن چ داهێنان و دۆزینەوەیەکی سیاسی و تیۆری یان پێیە بۆ ووتن؟

[لێرەدا چ بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری جیهانبینی و ڕێبازی مارکسیستی، وە چ بۆ ڕەتکردنەوەی ئیدیعاکەی بەهادین نوری هەوڵدەدەین چەند پرەنسیپ و بنەمای سیاسی بناغەیی کۆمۆنیستی لیستە بکەین و هاوکات چەند ڕستە و وشەیەک بۆ ڕوونکردنەوەیان بخەینە ڕوو. داواش لە کاک بەهادین نوری دەکەین بۆمان ئیسپات بکات ئەو «ڕەچەتانە» ی مارکسیزم لەگەڵ وەزعی عیراق دا ــ یا هەر ولاتێکی سەرمایەداری دا ــ ناگونجێن یاخود ناکرێ بۆ خۆشترکردنی گوزەرانی جەماوەری زەحمەتکێش لە کوردستان پەیڕەوی بکرێن.

## ب . پێنج بنەماکەی مارکسیزم

### ١. حیزبی چینایەتی:

مارکسیزم وەک جیهانبینیەکی هەمەلایەنە ڕوونیکردۆتەوە کە چینی کرێکار بێ دامەزراندنی حیزبێکی سەربەخۆی چینایەتی ناتوانێ بە سەرکەوتن بگات. حیزب، چ بۆ وشیارکردنەوەی سیاسی و ئابووری کۆمەلانی بەرینی کرێکار، وە چ بۆ ڕابەریکردنی خەباتی ڕۆژانە و درێژخایەنیان و مانۆڕدان لە بەرامبەر حیزب و هێزە بورژواییەکاندا، لە حوکمی ئەلف وبێی بنەماکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری دایە.

**(بۆ زانیاری زیاتر: لینین: بەچ دەست پێ بکەین؟، لینین :چ بکەین؟، لینین: هەنگاوێک بۆ پێشەوە دوو هەنگاو بۆ دواوە.)**

### ٢. ململانێ ی چینایەتی:

بێ تێگەیشتن لە ململانێ ی چینایەتی کۆمەڵی سەرمایەداری، بردنە پێشی سیاسەتێکی سەرکەوتوانە لە بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان مەحاڵە. بێ حاڵیبوون لە جیاوازی لە قازانج و بەرژەوەندی توێژ و تاقم و دەستە و چینە کۆمەلایەتیەکانی هەناوی پڕ لە ئەنیاگۆنیزمی سەرمایە، ناکرێ پراکتیکی سەرکەوتوانە بۆ سۆشیالیزم ئەنجام بدرێ و جەماوەری پرۆلیتاریا و چینە زەحمەتکێشەکان لە

یەکسانی واقعی نزیک ببنەوە.

**(بۆ زانیاری زیاتر: مارکس: هەژدەی برۆمێری لویس بۆناپارت، مارکس: شەڕی ناوخۆیی لە فەرەنسادا).**

## ٣. نێونەتەوەیی کرێکاران:

بۆرژوازی لە سەدەی ١٦ و ١٧ وە سنووری دنیای تێکشکاندووە و جیهانی کردوە بە مولْکی خۆی، تەنانەت لەسەردەمی شۆڕشی فەرەنسادا (١٧٨٩) کە بورژوازی دەسەڵاتی سیاسی وەدەست هێنابوو، دروشمی لەم جۆرەش دەبینران: **« بازرگانان وڵاتیان نی یە!»**. لە ڕاستیدا هەرواش بوو. بازرگانی و پیشەسازی ناتوانێ لە چوارچێوەی یەک وڵاتدا گەشە بکا و پەرە بستێنێ بەڵکە پێویستی بە هەموو دنیایە. چینی کرێکاریش زادەی چالاکی و گەشەسەندنی سەرمایەداریە، وە بە هەروەک چۆن بورژوا خاوەنی گشت جیهانە، پرۆلیتاریاش خاوەنی هەموو جیهانە و ڕۆڵەی یەک وڵات نیە. بەڵام بورژوازی بەهۆی باڵادەستیەوە باس لە «برایەتی» جیهانی و نیونەتەوەیی ناکا و لە ڕاستیدا پێویستیشی پێی نیە، چونکە ئەو بە پراتیک ڕۆژانە برایەتی « نیونەتەوەیی» خۆی دەسەلمێنێ (کۆمەکی ئەمریکی بۆ سۆڤیەت، هی خۆرئاوا بۆ ئیسرائیل، هی ئیسرائیل بۆ ئەفریقای خواروو، هتد...) لە بەر ئەوە ناشیەوێت بە ناوهێنانی «برایەتی» ــ کە زۆرتر لە ژێر ناوی قەرز و کۆمەک و پرۆژەی ئابوریدا دەکرێن ــ ببێتە هۆی زەمینەسازی برایەتیەکی قایمتری چینە دوژمنەکەی.

**(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: لینین ـ شۆڕشی پرۆلیتاریا و کاوتسکی هەڵگەڕاوە، مارکس و ئەنگلز: مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست).**

## ٤. دیکتاتۆری پرۆلیتاریا:

چینە دەسەڵاتدارەکان زۆرتر لەدوو ڕێگاوە حوکمی چەوسێنەرانەیان دەسەپێنن: زەبروزەنگ و نەرمی و سازش.

کرێکارانیش بۆ ئەوەی بتوانن لە بەرامبەر هێزی دژە شۆڕشی سەرمایەداراندا ڕابوەستن، بۆ ماوەیەکی کاتی ــ نەک تا ئەبەد ــ پێویستیان بە توندو تیژیە. ئەم توندوتیژیە بەپێی ئایدۆلۆژی ڕاشکاوی کۆمۆنیستی پێی دەوترێ: دیکتاتۆری پرۆلیتاریا. بورژوازی باس لە دیکتاتۆریەت و زەبروزەنگی خۆی ناکات و نابێ کەسیش باسی بکات!

**(بڕوانە:مارکس: ڕەخنە لە بەرنامەی گۆتا،«مانیفست»، لینین: دەوڵەت و شۆڕش).**

**٥. سوشیالیزم (وکۆمۆنیزم):**

کۆمۆنیزم که دەکاتە قۆناغی هەرە پێشکەوتووی کۆمەڵگای سۆشیالیستی و یەکسانی هەمەلایەنەی مرۆڤ لەڕووی ئابوری و سیاسی و یاساییەوە، لە داهێنان و دۆزینەوەی مارکس و ئەنگلز نەبووە، پێشتریش باسکراوەو چ بە خەیاڵی و چ بە مەلموسی بەڵگەی بۆ هێنراوتەوە و کاری لەسەرکراوە: بۆ نمونە نوسراوەکان و هەوڵەکانی تۆماس تورو کامپانیلاو فۆریە و ئەوین . بەڵام مارکس و ئەنگلز داهێنانیان لەو بوارەدا ئەوەیە توانیویانە بەدیهاتنی یەکسانی واقعی مرۆڤ (کۆمۆنیزم) لە بواری تیوری یەوە پێشبینی بکەن و زەمینەی ماددی و ئینسانی ئەو یەکسانیەش لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا دیاریبکەن و بیبەستنەوە بە خەباتی وشیارانە و ئامانجدەرانەی یەک چینی کۆمەڵەوە کە بریتیە لە چینی کرێکار، چینێک کە **تەنیا ئەو** بەرژەوەندی لە نەمانی زوڵم و چەوساندنەوە دایە. **(بڕوانە: ئەنگلس: دژی دۆهرینگ، مانیفست، لینین : دەوڵەت و شۆڕش).**

ئێستا ئێمەو زۆرکەسی تریش دڵنیاین کاک بەهادین نوری ناتوانێ بیسەلمێنێ حیزب بۆ کرێکاران پێویست نیە، ململانێی چینایەتی لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا (بۆ نمونە لە کوردستان دا) پەیدا نەبوە، دیکتاتۆری کرێکاران بۆ سەرکوتی بورژوازی زەرووری نیە و کرێکاران نابێ لە ئاستی جیهانیدا خۆ ڕێک بخەن و ئەنتەرناسیۆنالی کرێکاری دابمەزرێنن، هەروەها، لە هەموان خراپتر، ناشتوانێ لە بواری سیاسی و فەلسەفی و ئابوری یەوە بۆمان ئیسپات بکات یەکسانی واقعی مرۆڤ (کۆمۆنیزم) شتێکی خراپە!!

**ج . جۆری تێگەیشتن لە دۆگماتیزم**

ئەو پرەنسیپانەی لە سەرەوە ڕیزکران، لە بواری سیاسی و عەمەلیەوە، دەکرێ ببنە پێوەرێک بۆ خۆناساندنی کەسانی سەر بە چینی کرێکار لە حاڵی وابەستەبوون پێ یانەوە، وە هەروەها (لە حاڵەتی کاک بەهادین دا) بۆ ناسینی دوژمنانی چینی کرێکار. دیارە مەسەلەکە بەوە کۆتایی پێنایەت زەلامێکی خاوەن ساڵەها «خەباتی ڕادیکاڵ»ی وەک بەهادین نوری لە گۆڤارێکەوە مل دەربێنێ و بە بڵندگۆیەک دا هاوار بکات: مارکسیزم کۆن بوە و هی سەد ساڵ لەوە پێشە! «حیزب» ڕەچەتەیەو«ململانێی چینایەتی» قورئان و حەدیس نیە.

«دۆگما» ئەوە نیە مرۆڤ داکۆکی بکات لە مافی سیاسی و ئابوری کرێکاران و هەڵگری

بیروبۆچوونی کۆمۆنیستی ویەکسانی خوازی بێ، نەخۆشی دۆگما گەر هەبووبێ لە بناغەدا لەناو چینی بورژوادابوە بەتایبەت لە هەناوی ڕۆشنبیرە مێشک کلۆمدراوەکانی سەر بە تەحریفیەتی ڕووسی کە کاک بەهادینی بەڕێز چاکترین (ئەگەر «چاک» بتوانێ لێرەدا مانا بدات بەدەستەوە!!) نمونە و گوێڕایەڵترین کادری بوە لەماوەی دەیان ساڵدا.

ئەو نوسیویە: «بەڵێ مارکس و ئەنگلز و لینین سێ سەرکردەی مەزن بوون، بلیمەتی سەردەمی خۆیان بوون، بەڵام خوا نەبوون و ئینجیل و قورئانیان بۆ خەڵک جێ نەهێشتووە...» (دیموکراسی لا ٨)

مارکس و ئەنگلز و لینین سێ سەرکردەی مەزن بوون، بەڵام تەنیا بلیمەتی «سەردەمی خۆیان» نەبون، چونکە « **سەردەمی خۆیان**» لەگەڵ **«سەردەمی خۆمان»** دا، لە بناغەوە هیچ جیاوازیەکیان نیە.

سەرمایەداری سەرمایەداری یە، ئیمپریالیزم ئیمپریالیزمە و هێندە هەیە فۆرم و شێوازی مەسەلەکان تا ئەندازەیەک گۆڕاون. سەرباری ئەوەش تەحریفیەت گۆڕاوە و لە **سەردەمی ئەواندا** کەسانی وەک برنشتاین و کاوتسکی و مارتۆف و مارتینۆف و بلیخانۆف تێزی ناکرێکاریان پێشکەش دەکرد، بەڵام لەم سەردەمەدا تەحریفیەت لە قاڵب و چوارچێوەیەکی تەواو جیاوازدا دەبینرێ کە تەحریفیەتی ڕووسی قەبەترین و مەترسیدارترین وە لەهەمان کاتدا بێ ئابڕووترین و شکست خواردوترین جۆریەتی.

هەڵبەت لە کوردستانیشدا کەسانی وەک بەهادین نوری پەیدا دەبن کە ساڵەها ئەو تەحریفیەتە وەک میکرۆب بڵاوبکەنەوە و سەرەنجام زۆر بە پەلە و ناشیانە لەو بیروباوە مەسخ کراوە ــ بەڕواڵەت چەپی یە ــ ی خۆشیان پەژیوان ببنەوە.

بەڵێ! ئێمەش تەحریفیمان هەن کە ڕەخنە و تیوری تازەیان دژی مارکسیزم هەبێ، بەڵام بە خۆشحاڵی یەوە (یاخود بەداخەوە!) ڕەخنە و تیۆرەکانی ئەمان هێندە لە هی برا تەحریفیەکانی دیکەیان لە پاشن هەر مەپرسە...

لە هەموو سەیرتر ئەوەیە لە حاڵێکدا ئەو هەموو کاغەز و مەرەکەب و هەیت وهوتە تەبلیغاتیە سەبارەت بە کۆن بون ومردن و فەوتانی مارکسیزم سەرف دەکرێ و دەخرێتە گەڕ دەبینی مردونێژەکان، دوای ناشتنی مارکسیزم، لە گۆڕستان دور نەکەوتونەوە کە « نێژراو» پێش خۆیان لە ماڵێ حازرە و مویەک لەسەری کەم نەبۆتەوە!

مەسەلە چی یە؟ بۆ مارکسیزم نامرێ؟

**حەقیەت یەک جۆرە، بەڵام غەڵەت جۆری زۆرن .** (سیمون دی بوفوار)

کابرای کرێکار (نەک ئێمە و کاک بەهادین) و چینەکەی ئەو بە گشتی، پێویستی بە فەلسەفەیەکە تاکو دنیای دەوروبەری پێ لێکبداتەوە، پێویستی بە سیاسەتێکە تا گوزەرانی ژەقنەبوت ئاسای خۆشتر بکات، پێویستی بە ڕێکخستنی پۆڵاین هەیە تا

دوژمنەکانی پێبناسێ و بفەوتێنێ: ئەو فەلسەفەیە، ئەو سیاسەت و پرەنسیپەی ڕێکخستنی بۆ وەگەڕ دەخات تەنیا لە مارکسیزم دایە و تەنیا ئەو بیروباوەڕە «کۆن» ەیە دەتوانێ لە قازانجی چینی کرێکاردا کۆمەڵ ڕووەو چاککردن و گۆڕانی شۆڕشگێڕانە بەرێ.

جا ئەگەر بورژوا و وردەبورژوا، بەردەوام و ناوبەناو بە پێویستی یان بە ئایدیۆلۆژیەکانی وەک: ناسیۆنالیزم، لیبرالیزم، هیومانیزم، فاشیزم، (یاخود تێکەڵێک لەوانە) دەبێ، ئەوە پەیوەندی بە چینی کرێکارەوە نیەو بۆ کرێکار «**حەقیقەت تەنیا یەک جۆری هەیە**» و ئەویش لە جیهانبینی کۆمۆنیستیدایە کە دەتوانێ زوڵملێکراوی ڕەهای ئەو لابەرێ.

کێ گوتویە مارکس وئەنگلز و لینین خوا بوون و ئینجیلیان جێ هێشتوە؟

هەر خستنە ڕووی مارکسیزم بەو شێوەیە فێڵ بازانەیە. لە مارکسیزم دا هەروەک لە جیهانبینیەکانی دیکەدا، سەرەکی هەیە و ناسەرەکی هەیە، پرەنسیپ هەیە و تاکتیک هەیە.

لایەنگری ئاشتی لەگەڵ بەعس، هەر چەندە جوڵانەوەی کوردستان (لە ١٩٩١ دا) لەبەرچاوی لاواز بێت ناتوانێ پێمان بڵێ: با ڕێککەوتنێکی وەک «برست» لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی دا ئیمزا بکەین و کەرکوک و خانەقین بکەینە قۆچی قوربانی بۆئەوەی ڕژێم هێرشمان بۆ نەهێنێ.

ڕێکەوتنی برست ڕێکەوتنی نێوان بەلشەفیەکان و ئەڵمانەکان بوو. بەڵام ئایا هەیە بتوانێ ئیدیعاو جورئەتی ئەوە بکات و بڵێ با لە کوردستاندا لاسایی ئەو تاکتیکەی بەلشەفیەکان بکەینەوە؟ بێگومان نەخێر.

ئەوە وەک تاکتیک، واتە وەک مەسەلەیەکی لاوەکی کە دەکرێ وەلا بنرێ و لاسایی نەکرێتەوە.

بەڵام دیسان کاک بەهادین مارکسیزم بە قورئان بزانێ یا نەزانێ، حیزب بۆ کرێکار پێویستە، ململانێ ی چینایەتی هەیە و تێگەیشتنی زۆر گیانیە، دیکتاتۆری پرۆلیتاریا پێویستە، ئەنتەرناسیونالی کرێکاری و کۆمۆنیزم بۆ دامەزراندن و هێنانەدی جیهانێکی بێ زوڵم و چەوسانەوە لە هەموو مەسەلەیەک تازەتر و پێویست ترن.

١٩٩١/١٠/٧

# بەیاننامەی ناوەندی سلێمانی ئاڵای شۆڕش
# (ڕووداوەکانی کوردستان و چەند پێشنیارێک)

سلێمانی
١٩٩٢/١/٣

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!
ڕاپەڕینی جەماوەری ئادار بە هاتنەمەیدانی لافاوئاسای خەڵکی چەوساوەو زەحمەتکێش دەستی پێکرد، وە بەهیممەت و جوامێری ئەوان توانرا حوکمدارێتی بەعس لە کوردستاندا بکەوێتە لەرزەو ئازادی و سەربەستییەکی بێ وێنە لە مێژووی گەلی کوردا بەدی بێت .... ئەو **ئازادی** یە ئێستا خراوەتە قۆناغێکی مەترسیدار و هەڕەشەی نەمان و نەهێشتنی ئەو ئازادییە سیاسیانەی بەخوێنی جەماوەری زەحمەتکێش بەدەستهاتون کەوتۆتە ئاراوە؛ دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری کوردستان لەدەست بەعس دەرهێنراوە و زۆربەی دامو دەزگا ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان کەوتونە دەست «بەرەی کوردستانی»، بەو پێیە هەر جۆرە شکستێک یاخود قەیرانێکی هەمیشەیی بەسەر چارەنووسی گەلی کوردا بهێنرێت جگە لە«بەرە» هیچ هێز و لایەنێکی تر ناتوانێ لێپرسراوەتیەکەی لە ئەستۆ بگرێت، بۆیە پێویستە گشت حیزب و ڕێکخراوەکان سەرنج و پێشنیارە عەمەلییەکانیان بە ڕوونی و ئاشکرایی بڵاوبکەنەوە، بۆ ئەوەی لەلایەکەوە هیچ بوارێکی قانونی بۆ خۆبواردن لەو چارەسەرانەی پێشنیار دەکرێن نەمێنێ و لەلایەکی دیکەوە پلەی دڵسۆزی حیزب و ڕێکخراوەکان بۆ جەماوەر لە چوارچێوەی قسەو بەڵێن ڕزگار ببێ و گشت لایەک بکەوێتە ژێر محەکی واقعی

کرێکاران و زەحمەتکێشانەوە، بەتایبەت لەو ڕووەشەوە کە خۆنیشاندانەکانی ئەم دواییەی شارەکانی کوردستان بەڕوونی ئەندازەی ڕاستی و دروستی حوکمڕانێتی«بەرەی کوردستانی» ساغکردۆتەوەو بواری ئەوەشی بۆ«بەرە» (یاخود لایەنێکی بەرە)ڕەخساند مێژوی سیاسی کوردستان دژ بە ڕێکخراوە چەپی و شۆڕشگێڕەکان بە هەڵگەڕاوەیی بنوسێ و تۆپبارانیێکی دعائی بەهێزیان لە دژ بخاتە گەڕ. بۆیە، گرنگیدان و بەواقعی هەڵسەنگاندنی ناڕەزایەتیە جەماوەرییەکان ڕاسترین و شەریفانەترین محەکی شۆڕشگێڕیەتی و دیموکراسیخوازی و دڵسۆزییە بۆ جولانەوەی گەلی کورد: ڕاپەڕین، ڕاپەڕینی ئەو جەماوەرە ڕەش و ڕووتە بووە کە سەرباری ئەوەی ئامادە بوون لە بەرامبەر حکومەتی بەعسدا خوێنی گەشیان فیدابکەن، ئامادەبوون لە مانگرتنە سەرەتاسەریەکەشدا نموونەی لەخۆبوردویی و ووشیاری سیاسی بن، وە خۆنیشاندانی ئەوان دژ بە هەرلایەنێک بناغەو بنچینەیەکی سیاسی هەیە و ناکرێ و ناشێ تۆمەتی ناڕەوای بدرێتە پاڵ.

**جەماوەری قارەمان!**

**خەڵکی وشیار و شۆڕشگێڕ!**

کەس ئیدعای ئەوەی نەکردووە کە لەم سەردەمە جەنجاڵەدا گەلی کورد پێویستی بە دەسەلات و بەڕێوەبەر و«حوکمڕان» نیە؛ خەیالاتی لەو جۆرەش تەنیا بە مێشکی فەوزەوییەکاندا گوزەر دەکا و هەرگیز ناتوانێ ببێتە بەرنامەی سیاسی کەسانێک کە ساڵەهایە بۆسەرخستن گەیاندنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد و وەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسین بۆی تێکۆشانیان درێژە پێداوە. بەلام، هەر مرۆڤێکی ئەم وولاتە بۆی هەیە و ڕەوایە گەر خوازیاری حوکمی عەدل بێ و داواکاری دیموکراسی بێقەیدوشەرت بێ، هەرکەسێکی دانیشتوی کوردستان بۆی هەیە و هەقیەتی پێ لەسەر هەبونی ژیانێکی ئاسودە و بێ تەنگوچەڵەمە دابگرێ. بەڕاست ئەگەر بۆ جێبەجێکرانی ئەو مەبەستانە نەبا، ئایا جەماوەر ئامادەی ئەو هەموو فیداکارییە دەبوون؟ ئەو کێشەو گرفتانەی ڕۆژانە باس دەکرێن و دەخرێنە بەرچاوی لێپرسراوانی بەرە، واقعی ئینکارنەکراون و دەیان و سەدان بەڵگەی ئیسپاتکردنیان لەبەردەستی هەمووان دان: وا باس دەکرێ بارودۆخی جیهانی ڕووە و دیموکراتیزەکردنی گشت بوارەکانی ژیان هەنگاو دەنێ و ئەوەش بۆ سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی شاراوە نیە. هەڵوەشانەوەی سۆڤیەت و گۆڕانکارییە خێراکانی ئەورووپای ڕۆژهەلات کە زۆرتر لەلایەن دەزگا ئیمپریالیستەکانەوە وەک تێشکانی سۆشیالیزم و ئامانجی یەکسانیخوازی کۆمەلانی کرێکار و زەحمەتکێش لەقەڵەمدەدرێ و لە دامودەزگای

دعائی «یەکێتی نیشتمانی کوردستان» یش دا جارەجارەباسی دەکرێتەوە، بە ڕای ئێمە نەک شکستی سۆشیالیزم و ئاواتی بەرابەری ئینسان نیە بەڵکو ــ بە پێچەوانەوە ــ بەڵگەیەکی ئێجگار بەهێزن بۆ ئیفلاس و شکستهێنانی دیکتاتۆریەت و بیروکراتیەت و بلەوەزی و بە زۆر تێکوتانی بیروباوەڕی درۆزنانە بەسەر کۆمەڵگا و چین و تۆژەکانیدا. دابەش بوونەوەی سۆڤیەت و پارچەپارچە بوونی کۆمارە جیاجیاکانی، بەڵگەی ئەوەن هەر سیاسەتێک بەپێی خواست و بەرژەوەندی کۆمەڵانی خەڵک نەچێتە پێشەوە و ڕێگا بۆ ئیمتیازاتی حیزب و تاقەکەسی ئاواڵە بکاتەوە ئەنجامەکەی تێکشکان و هەڵدێرانێکی ئابرووبەرانەیە. خۆنیشاندانی سەرانسەری کوردستان بۆ کۆمەڵێک خواست و پێویستی ڕەواو بەرهەق، بەهەر کێشانە و پێوانەیەک باسی بکرێ و حوکمی لەسەر بدرێ، هەنگاوێکی مەزن و مێژوویی زەحمەتکێشان و هەژارانی کورد بوو لەڕێی بەدیهێنانی دیموکراسیەت و ئازادی و یەکسانی کۆمەڵایەتیدا. حوکمدانی ناڕەوا و تۆمەت دانەپاڵی ئەو ناڕەزایەتیانە حوکمی مێژو ناگۆڕێ و ناتوانێ ناوەرۆکی حەق خوازانەی لەکەدار بکات. حوکمی مێژوو تا ئێستا کەسی نەبەخشیوە و لەمەودواش هیچ کەس ناتوانێ لەمەنگەنەی ئەو بڕیارە ڕزگاری ببێ. جەماوەر سەروەری گشت حوکمێکە و سەپاندنی **یاسای دارستان** بەسەریدا ناتوانێ تاسەر حوکمەکان ڕەتکاتەوە. بێگومان سەرکردایەتی«بەرە» چاک دەزانێ کە هیچ جوڵانەوەیەکی سیاسی لە چاوتروکانێکدا دروست نابێ و خۆ پیشاندانی فراوانی جەماوەریش بۆ خواستە سەرەتاییەکان لە چرکەیەکدا هەڵنەقولاوە: ڕۆژانە دەیان کێشەی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی وەک مۆتەکە ژیان و گوزەرانی جەماوەر دەخەنە ژێر فشاری خنکێنەرەوە و مەودای هەناسەدانیان تەنگ تردەکاتەوە. سەرباری ئەوانەش ئایا ڕەوایە سامانی میللەتێک بفرۆشرێ؟ ئایا جێی شانازیە بەناوی کورد و کوردایەتیەوە دەیان سەرەک جاش و خائین کە دەستیان لە خوێنی کەسوکارەکانی ئێمەدا هەبووە، ئێستا وەک بەرزەکی بانان نەک هەر پیاسە بکەن بەڵکو فەرماندە و کوێخای عەسکەری براو پێشمەرگەکانی ئێمە بن و تەحەکوم لە چارەنوسی شەڕ و پێکدادانی ئێمە و ڕژێمدا بکەن؟

هەر بزوتنەوەیەکی جەماوەری بۆ مەبەستێکی سیاسی یە. خۆ نیشاندان خۆنیشاندانەو لە چوارچێوەی سیاسەتێکی ڕاستگۆیانەدا دەشێ هەڵبسەنگێندرێ و حوکم لەسەر ناوەرۆکە سیاسیەکەی بدرێ، گرنگ ئەوەیە جەماوەری کوردستان دەیان جار لە ساڵانی ڕابردوو سیاسیتر و هوشیارترن و جگە لە بەرژەوەندە کۆمەڵایەتیەکانی خۆیان حساب بۆ هیچ فشار و تۆمەت و هەڕەشەیەک ناکەن؛ ئەم جەماوەرە لە گشت لایەن و حیزبێکی دەسەڵاتدار وشیارترن و مەبەستەکانیان چاکتر حاڵین: ئەگەر ڕەوا نیە سامانی

جەماوەر بە فیرۆ بڕوات و بە خۆڕایی لەدەست بدرێ، ئەگەر ناهەقی و تاوانە نان و ئاوی خەڵک کۆمەڵێک تاوانکار هەڵی لوشن، وە ئەگەر ئەوپەڕی ناعەدالەتیە گەر جەلادە کوردەکانی «خۆمان» بە بەرچاوی جەماوەرەوە لە لایەن چەند حیزبێکی سیاسیەوە پشتیان بگیرێ و پشی پشیان بۆ بکرێ، بۆچی خۆنیشاندانی جەماوەر دژ بەو دیاردە دزێوانەی لایەنەکانی بەرە ئاگایان لێیەتی «ئاژاوە گێڕی» و«پەلە پەل»ە و«تێکدانی ڕۆحی دیموکراتیەت»ە؟هەڵوێستی ڕێکخراوێکی وەک «بەرەی کوردستانی» لە عاست ڕوداوەکانی ئەم دوایەی کوردستاندا ناتوانێ لە دوو حاڵەت بەدەربێ: یا ئەوەتا بە پیر داخوازیە ڕەواکانی خەڵکەوە دەچێت و دان بە گشت ئەو خواستە بەرهەقانەدا دەنێت، یاخود بە جۆرەها بەهانە و ئیبداعاتی یاسایی نوێ لە سیستەمی دیموکراسیەتدا، دەست بە سنگیانەوە دەنێ و هەڕەشەیان لێدەکات.

ئەوەی لە هەموو مەسەلەیەک زیاتر جێی سەرنج وداخەو بەردەوام ژمارەیەکی هەرچی زۆرتر لە تێکۆشەرانی ئازادیخوازو جەماوەری بێلایەن دەخاتە ژێر هەوری بێئومێدی و دوورکەوتنەوە لە کێشە سیاسی و کۆمەڵاتیەکان، شمشێری هەڕەشەو تۆمەتدانەپاڵەکانی یەکێتی نیشتمانیە دژ بە لایەنە چەپەکان، ئەو لایەنانەی هاوشان و هاوکات لەگەڵ جەماوەری ڕاپەڕیودا جوامێرانەترین و قارەمانانەترین ڕۆڵیان لەدەرپەڕاندنی دەسەڵاتی فاشستەکاندا گێڕاوە و هەتاسەریش متمانە پێکراوترین ڕۆڵەی چەوساوەکانی کوردستان دەبن و دەمێننەوە. ئایا بۆچی لە کاتێکدا تەنانەت هێنری کەیسنجەر و دەیان پرۆفیسۆری ئەمەریکاو ئەوروپا زۆر بە سەراحەت ئەو مافە بە خۆیان دەدەن ڕەخنەو لۆمەی سەرانی بەرەی کوردستانی بکەن لەسەر هەندێ سیاسەت و تاکتیک، وە لە کاتێکدا بۆ هیچ لایەک لە لایەنەکانی بەرە تەنگوچەڵەمەی خەڵک و غەدور بێویژدانی بەشێکی زۆر لەکاربەدەستان شاراوە نەبێ، بۆچی دەبێ دەزگا دعائیەکانی بەرە بواری ئەوە بە خۆیان بدەن کە هەستانی جەماوەر و بەشداری کردنی کەسانی دڵسۆز لە نارەزایی دەربڕیندا وەک مووی ناو ماست بە «ئاژاوەگێڕی » و« دەستی حکومەت» و تۆمەتی جۆراو جۆری تر ناو ببەن. مەگەر ئیمپریالیزم چاکتر لەدەردەکانی ئێمە حاڵیە؟ مەگەر کەیسنجەرو جۆرج بۆش باشتر لەوەزعی جەماوەری کوردستان تێدەگەن؟

ئێمە لەو بڕوایەداین نە «سیستەمی نوێی جیهان» ی جورج بۆش کە ئێستا لە کوردستاندا دەهۆڵ و زوڕنای بۆ دەکوترێ، وە نەهیچ نەریتێکی دیموکراسی خۆرئاوایی قبوڵی ئەوە ناکەن لە ئاخروئۆخری سەدەی بیستەمدا بەرەی کوردستانی بگاتە ئەوەی لەبەرخاتری تاقمێک سەرمایەداری چاوبرسی و ڕیاکارو ماستاوچی ـ کە بەردەوام لە پەیژەی دەسەڵاتی سیاسی کوردستان نزیکتر دەکرێنەوە و بە ئاشکرا مەودایان دەدرێ

و تاوانی ئەنفال و پێش ئەنفالیان بیر دەبرێتەوە ـ کوشتاری خوێناوی و تیرۆری سیاسی و ستاندنەوەی ئازادیە سیاسیەکان لە کوردستاندا دەستپێبکات.

جەماوەری کوردستان چاک دەزانن دیموکراسیەت دیموکراسیەتە و بە هیچ بەهانەو پینەو پەڕۆیەک ناکرێ لە چوارچێوەی سیاسەتی حیزبێکدا لە قاوغ بگیرێ، هەر بۆیەش لەو شێوازانەی لە دونیای ئەمڕۆدا بۆ بەدەستهێنانی خواستەکان پەیڕەوی دەکرێ نەترازاون، مانگرتن و خۆپیشاندان و دروشمدان ڕۆژانە لە کونج و قوژبنی دنیاداچەندبارە دەبنەوەو دەکرێنەوە: ئەگەر بەرەی کوردستانی بڕوای بە پرەنسیپی دیموکراسی خۆرئاواییە با بە ئاشکرا ئەوەی بڕوای پێیەتی بیکاتە بڕیار و بە ئاشکرا بە جەماوەری ڕابگەیەنێ، وە ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی«بەرە» بڕوای بە فرەحیزبیە ئەوا ناشێ ئەو فرە حزبیە لە چوارچێوەی« بەرەی کوردستانی» دا لە قاڵب بدات و ئەوەش بە« دیموکراسیەت» ڕابگەیەنێ.... گەورەترین ئیهانە بە شعوری کورد ئەوە نیە ووتاری بەچکە دیکتاتۆرێک لە ڕۆژنامەی «بابل» دا سەبارەت بە مەسەلەیەک چاپ بکرێ، هەروەها ئەوەش نیە کە عەلی حەسەن مەجید ی فاشیست بکرێتە وەزیری دەستە ڕاستی سەدام حسێن، گەرەترین ئیهانە بە شعوری جەماوەری کوردستان ئەوەیە کە ڕێز بۆ عەقڵی سیاسیان دانەنرێ و وەک٢٠ساڵی ڕابردوو ڕەفتاریان لەگەڵدا بکرێ. ئێستا خەڵکی کوردستان لە ئاستێکدا نین بە هەڕەشەو تۆمەت دانەپاڵ چاوترسێن بن و وازبهێنن. خەڵکی کورد پێویستیان بە نان، پێویستیان بە کار، پێویستیان بە ئازادی یە. هەرکەس و حیزبێ نەتوانێ ئەو خواستانەی بۆ دابین بکات دەبێ خۆی بۆ نەفرەتی جەماوەرێکی نزیک بە پێنج ملیۆن ئامادە بکات و ئاشکرایە دەیان ڕادیۆ و ڕۆژنامەش ناتوانن لە درێژماوەدا حوکمڕانیەتی دیکتاتۆریانەیان بە سەردا زاڵ بکاو درێژە پێبدات.

پاراستنی یەکێتی « ڕیزەکانی گەل» یەکێکی تر لەو دروشمە سەرەکیانەیە کە بەردەوام بە گوێی جەماوەردا دەدرێ و ئەوە بیر خەڵکی کورد دەهێننەوە کە بە بێ یەکێتی ڕیزەکانی گەل دوژمن زەفەرمان پێ دەبات. ئەوە حەقیقەتێکی ئاشکرایە، بەڵام ئایا ڕەوایە **لەناو خودی ئەم ڕیزانەی گەل** دا خائینترین و تاوانکارترین زەلام بێ سزادانی شۆڕشگێڕانە لەپاڵ بەرەدا خۆیان قایم بکەن و هەر بە بەشێکیش لە«گەل» دابنرێن؟ بەچ عەقلێک دەکرێ هەموو کورد بەیەک«ڕیز» لەقەڵەم بدرێ کاتێک لەملاوە سەدەها هەزارکەسی کوردستان لە دۆخی هەژاری و برسێتیدا بژین و ئامادەی ئەوپەڕی قوربانیدان بن لە دژی حکومەتی بەعسی سەرمایە، لەولاشەوە تاقمێکی چەند سەدکەسی ببنە ملیاردەر و بەوپەڕی بێشەرمییەوە تفەنگ و تەقەمەنییەکانی خەڵک بەدزی و بە ئاشکرا بە حکومەت بفرۆشنەوە و چەکیان بکەن؟

**«ڕیزەکانی گەل» بە شیعارات قایم نابێت!** ڕیزەکانی گەل ساڵەهایە بەهۆی جیاوازی لە ساماندارێتی و ئیمکاناتی مادیدا شیرازەی لێکترازاوەو بەرەی کوردستانیش لەماوەی حوکمدارێتی خۆیدا فەرق و جیاوازی لە نێوان خەڵکدا سەد هێندەی جاران زیاتر کردووە، بە ئەندازەیەک کە دەوڵەمەندبوون لە کوردستاندا زۆر بە سانایی بەدەست بێ و لەپێوانەی وڵاتە ئەوروپاییەکانیشی تێپەڕێنێ،.... «بەرە»، بەئاشکرا پشتی ئەو سەرمایەدارـ چەکدارانەی گرت کە پێشتر لەپاڵ دەوڵەتی مەرکەزیداو لە سەر خوێنی خەڵک، سەروەتێکی ئەفسانەییان پێکەوە نابو، بەوەش بێگومان «ڕیزەکانی گەل» ئەگەر هەزار هێندەی دیش بانگەوازی بۆ بکرێ خۆی ناگرێتەوە!...

هەرکات یەکسانیەکی نسبی لەناو جەماوەری خەڵکدا بەرقەرار بوو، هەرکات جیاوازی لە ئەرک ومافی کۆمەڵایەتیدا نەما، ئەو دەم نەک «بەرەی کوردستانی» بەڵکو هەر پارتێکی سیاسی دەتوانێ بە دەنگی بەرز هاوار بکات: لە کوردستاندا یەکێتی ڕیزەکانی گەل دابین بووە!! بەدەر لەوە، ڕیزی گەل وەک ئێستا و خراپتر لە ئێستاش لەبەریەک دەترازێن.

**ناوەندی ڕێکخستنی سلێمانی ئاڵای شۆڕش** ڕادەگەیەنێ کە لایەنگری تەواوی ئەو خۆنیشاندانانە دەکات کە بۆ بەدیهێنانی خواستە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیەکان وەڕێدەخرێن، لە هەمانکاتدا بە توندی هەرجۆرە دروشمێکی تێکدەرانە و بێناوەرۆک کە ببێتە هۆی بەتاڵکردنەوەی ناوەرۆکی هەقخوازانەی ناڕەزایەتییەکان (**وەک دروشمی نان بە پەنیر و کەرە ــ بەعس چاکترە لە بەرە**) مەحکوم دەکات و داوا لە گشت جەماوەری دڵسۆز دەکات بواری ئەو جۆرە دروشمانە نەدەن و ڕێگا نەدەن هیچکەس وە بە هیچ ناوێکەوە شیعاری چەوت و بێ واتایان بەسەردا تێپەڕبکات؛ مەترسی حکومەتی بەعس بەردەوامەو گشت جۆرە کێشەیەکی ناوخۆیی کوردستان دەبێ بە گیانی مەسئولانە و شۆڕشگێڕانە چارەسەر بکرێ و بە هیچ کلۆجێک بوار بۆ جاسوس و دەستەکانی ڕژێم نەمێنێتەوە تا لە وەزعی قەیراناوی کوردستاندا تۆوی تەسلیم و بێئومێدی و هەڵەشەیی بڵاوبکەنەوە.

بۆ چارەسەری ئەو گرفتانەی لەم نوسراوەدا ئاماژەیان پێکرا، وە هەروەها بۆ دابینکردنی ژیانێکی ئاسودەتر و ئازادانەتر بۆ خەڵکی کوردستان، ناوەندی ڕێکخستنی سلێمانی **ئاڵای شۆڕش** ئەم پێشنیارانە دەخاتە بەردەم «بەرەی کوردستانی»:

## لەباری ئابوری یەوە

١ـ دابینکردنی کەرەستەی خواردەمەنی و سوتەمەنی ئۆردوگاکان لە ئیمکاناتی بەرەی کوردستانی.
٢ـ دابەشکردنی ئەو ئیمکاناتانەی لە لایەن وولاتانی دیکەوە دێت لە ڕێی نوێنەرانی ڕاستەوخۆ و ڕاستەقینەی خەڵکەوە لە گەڕەک و ناوچە و شارەکاندا بە جۆرێک کە ئەو نوێنەرانە بەرپرسیاربن لەبەردەم خەڵکدا، وە لە کاتی پێویستدا ئامادەبن لە تەلەفیزیۆن و ڕادیۆدا وەڵامدەرەوەی جەماوەربن.
٣ـ سەرفکردنی بەشێک لە ئیمکاناتی بەرە کە لە ڕێی دامەزراوە دەوڵەتی و گومرگەکانەوە بەدەست دێ بۆ دامەزراندنەوەی قوتابخانە و دەزگا پەروەردەییەکان، کە ئێستا لەلایەن خەڵکی هەژارەوە یارمەتی دەدرێن وە لە گیرفانی بەتاڵی ئەوان بە ڕێوەدەچن.
٤ـ دانانی باجێکی قورس لەسەر داهاتی دکتۆرەکان کە ئێستا بەکەڵکوەرگرتن لەوەزعی قەیرانی کوردستان، نرخی بلیتی نەخۆشیان چەند قات زیاد کردووە، لە کاتێکدا ئەوان زیاتر لەجاران نەخۆش دەبینن و زانستەکەشیان هەر زانستەکەی جارانە.
٥ـ دابینکردنی بەنزین و گازۆیل و ڕۆن بۆ ئەو ئۆتۆمبیلانەی بە کرێ ئیش دەکەن و دانانی کرێ یەکی گونجاو کە لە گەڵ وەزعی نالەباری زەحمەتکێشاندا بلوێ.
٦ـ قەدەغەکردنی حەتمی فرۆشتنی داوو دەرمان لە بازاڕدا بە تایبەت ئەو دەرمانانەی لەلایەن وولاتانەوە دەهێنرێن.
٧ـ ڕێگرتنی قەتعی لەفرۆشتنی سەیارە ومەکائن (بەهەر بەهانەیەک) بە ئێران و سزادانی جددی هەر کەسێک سەرپێچی لەو بڕیارە بکات، وە دادگاییکردنی ئاشکرای لە تەلەفیزیۆندا. (پێویستە لەو بوارەدا پەیوەندی بە گشت پێشانگاکانەوە بکرێ و ئینزار بکرێن ئیتر واز لەو جۆرە بازرگانیە بهێنن).
٨ ـ لابردنی گومرگ لەسەر کەرەستەی خواردەمەنی، وەدانانی قازانجێکی زۆر کەم بۆ بازرگانەکانی سەر سنوور(بۆ نموونە ٣٪). بەرە دەتوانێ لەو بوارەدا کەسانێک دیاری بکات کە پێویستیەکانی خوارەدەمەنی لە هەرێمدا پەیدا بکەن و لە ژێر چاودێری ئەنجومەن و شوراکاندا و بە نرخێکی دیاریکراو بیفرۆشنەوە.
٩ـ کەمکردنەوەی پارەی ئاو و کارەبای گەڕەکە هەژارەکان.
١٠ـ دانانی توندترین چاوەدێری لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی مەوادی خواردەمەنی لەلایەن بایەعەکانی سەرتاسەری کوردستانەوە کە ئێستا بوونەتە هێلانەی دزی و

چڵێسی و شاردنەوەی خوارەدەمەنیەکان لە خەڵک. (دەبێ لیژنەیەکی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە دیاریبکرێ کە دەسەڵاتی تەواوی هەبێ و لیستی کامڵی لە بەردەست دابێ).

١١- پەسەندکردنی یاسایەکی پێشکەوتوانە سەبارەت بە پەیوەندی نێوان کرێکاران و خاوەن کارەکان لە کارخانە و کارگەکاندا، وە لێپرسینەوەی لەلایەن نوێنەرانی کرێکارانەوە و دانانی سەعاتی ئیشکردنی گونجاو بۆ ئیشکردن.

١٢- فشارهێنانی دعائی و سیاسی بۆ ڕژێم لەسەر بڕینی معاشی فەرمانبەر و مامۆستا و باقی مووچەخۆران وە سەرفکردنی مووچەکانیان لە داهاتی بەرە.

١٣- دانانی سزای توند بۆ بەرتیل وەرگرتن و ئیلتیزام نەکردن بە خزمەتگوزاری گشتیەوە لە دائرەکاندا.

## لە ڕووی سیاسی و ئیداریەوە

١- دادگایی کردنی گشت تاوانکار و خائین و سەرەک جاشە کۆنەکان کە دەستیان لە خوێنی خەڵکدا هەبووە بە ئاشکرایی.

٢- بەڕەسمی ناسینی شورا و ئەنجومەنە جەماوەریەکان، وە ڕێگرتن لەدەستێوەردانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی حزبەکان بە مەبەستی گۆڕینی ڕێکخراوە جەماوەریەکان بە ڕێکخراوی کارتۆنی بۆجێبەجێکردنی سیاسەتی حزبێک.

٣- دادگاییکردنی بەئاشکرا لە دادگاکاندا لەسەر هەر مەسەلەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە ئاگاداری نوێنەرانی خەڵک.

٤- سزادانی توندی قاچاخچیەکانی ئامرازی کارەبایی و سەیارە و پێویستیە پزیشکیەکان.

٥- دانانی دەزگایەکی جەماوەری بۆ لێپرسینەوە لە درۆ و تۆمەت دانەپاڵی حزب و لایەنەکان لەگەڵ یەکدیدا وە ڕوونکردنەوەی ڕاستیەکان بۆ جەماوەر.

٦- هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری قەدەغەکردنی چالاکی بارەگای ڕێکخراوە سیاسیەکانی دەرەوەی بەرەی کوردستانی، ڕوونکردنەوەی زیاتری سیاسەتی بەرە لەو بارەیەوە لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکاندا.

٧- دانانی کاتێکی دیاریکراو بۆ هەڵبژاردنی« ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان» و ڕوونکردنەوەی شێوازی هەڵبژاردن و دانانی لیژنەیەکی سەرپەرشتی بێلایەن (یا لە هەموو لایەنەکان) بۆ ڕێگری لەدەستێوەردانی لایەنەکان.

٨- بڵاوکردنەوەی بڕیارەکانی کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی بۆ جەماوەر.

٩ـ بڵاوكردنـەوەی ئەو فـایلانەی لە دەسـتگاكـانی ئەمن و ئیسـتـیـخبـارات گـیـراون، وە دانـانی دەزگـــایـەكی تایبـــەت لـە لایەن نـوێنـەرانی جـــەمـــاوەرەوە بـۆ ئەو خـــائـین و خۆفرۆشانەی ناویان لە فایل و نوسـراوە گیراوەكاندا هاتووە و بەڵگەی خیـانەتكارییان ئیسپاتە.

١٠ـ جـەمـاوەریكردنی دەزگـا ئیـعـلامیـەكـانی بەرە و حـزب و لایەنەكـان لە خـزمـەتی بەرژەوەندیە ئابووری و كۆمەلایەتیەكاندا.

١١ـ پەیوەنـد گـرتن لەگـەڵ حـیـزب و رێكخـراوە شـۆڕشگێـڕ و دیموكـراتخـوازەكـانی ئۆپۆزسیۆن لە ئەوروپا و ئەمەریكا و باقی دەوڵەتانی دیكەدا.

**ئالای شۆڕش**

**ناوەندی ڕێكخستنی سلێمانی**

**١٩٩٢/١/٣**

# قریشکەی مۆرا

«کوردستانی نوێ» ژ١٤
١٩٩٢/٢/١٠

لەکاتی نووسینی ئەم دێڕانەدا چەند ڕۆژێک بەسەر دەستپێکی یەکەمین کۆنگرەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دا تێدەپەڕێ. ئەم کۆنگرەیە کەسانێکی لەخۆ گرتووە کە لە مەیدانی سیاسەتدا ئەزموونێکی زۆریان هەیە: چ لە دوژمنایەتی وململانێکردن لەگەڵ حکومەتی بەعس وە چ لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی کوردستاندا.

بە بەستنی ئەم کۆنگرەیەو دەرکەوتن و جێبەجێکرانی بڕیارەکانی، مێژووی بەشێکی کوردو بەشێکی کوردستان ڕووەو وەچەرخانی نوێ و گرنگ هەنگاودەنێ و سەرکەوتنی خەباتی کۆمەلانی خەڵک بەسەر فاشیەت و بەعسیگەریدا، چ لە بواری مێژوویی و چ لە مەیدانی واقعی و پراتیکدا بۆ گوزەرانی جەماوەری زەحمەتکێش، بەڵگەدار ترو هەستپێکراوتر دەنوێنێ.

هەرکەس جۆرە چاوەڕوانیەکی لەم کۆنگرە قەرەباڵغە هەیە، بەڵام ئەوەی زیاتر لە هەر مەسەلەیەک دەشێ چاوەڕوان بکرێ ــ بەڕای من ــ بڕیاری ئەم کۆڕە سیاسیەیە سەبارەت بە دیموکراسیەت لە کوردستاندا، بە واتایەکی تر سەبارەت بە **«ئەنجومەنی یاسادانا**ن» لە کوردستاندا... ئەگەر ئەم جەماوەرە سیاسیە بگەنە ئەو قەناعەتەو بڕیاری ئەوە بدەن کە دەبێ لە وڵاتدا ئازادی و سەربەستی دەسەڵاتدار بێ و هەموان

ئیلتیزام بە سیستمی دیموکراسیەتی پەرلەمانی (جۆری خۆرئاوایی)یەوە بکەن، ئەوا گەلی کورد بە گشتی و هەژارو مسکێنەکانی بە تایبەتی، دەستکەوتێکی هێندە بەرچاویان دەست دەکەوێ کە زیادەڕەوی نیە بڵێین بەشێکی زۆری خوێنە ڕژاوەکەیان بە هەوانتە نەچوە.

بەڵام، نەشیاو نیە گەر جارجارە مێژووی وڵاتانیش، بەتایبەت لەم حاڵەتە مێژوویی و چارەنوسیانەدا تەماشا بکرێن و مێشکی خۆمان بۆ هێندێ ڕووداوی ــ خوانەکردە ــ خراپ و نەگریس پرۆڤە پێ بکەین و ڕابهێنین!

نزیکەی دووسەد ساڵ لەمەوبەر میللەتی فەرەنسا ئەنجومەنێکی دیموکراتیانە هەڵبژێردراوی ٥٠٠ کەسیان هەبوو، ناپلیۆنی «مەزن» کە تازە لە میسر گەڕابۆوە بە هۆی پاشەگەردانی حوکمڕانێتی ئەو دەمەی فەرەنساوە شەخسیەتێکی لە ڕادەبەدەر خۆشەویستی لە وڵاتدا پەیدا کردبوو، بەو هۆیەوە کەڵکەڵەی کودەتاو دیکتاتۆریەت و ئیمپراتۆریەت لە مێشکیدا جینگڵی دەداو هاوشان لەگەڵ تالیرانی فێڵبازو فۆشەی جاسوس دا پیلانی کودەتاو کۆنترۆڵکردنی میللەتی فەرەنسایان داڕشت ... هەروەها هەڵوەشانەوەی (یاخود ئیهانە کردنی) پەرلەمانیان خستە بەرنامەی کارەوەو کارێکیان کرد ژیانی فەرەنسا بۆ دەیەها ساڵ بە پێی ویست و خواستی ئەوان ــ کە خواستی سەرمایەدارە پیشەسازە گەورەکان بوو ــ بکەوێتە ڕێ.

داستانی چۆنیەتی داگیرکردنی ئەنجومەنی ٥٠٠ کەسی لە لایەن ناپلیۆنەوە، فەسڵێکی تایبەت لەو کتێبە گرنگە پێک دەهێنێ کە « تارلە » ی مێژوونوسی مەزن نوسیویەتی. من لێرەدا تەنیا ئاخرین حاڵەت کە چۆنیەتی هێرشبردنە سەر پەرلەمانە لە نزیکی پاریس وەردەگێڕمە سەرزمانی کوردی.

کتێبەکەی «تارلە» ئاوای نووسیوە:

« بە قسەی ئەوانەی لەو دەمەدا شایەتی ڕوداوەکە بوون، لەوکاتەدا کەدەنگی تەپڵەکانی هێرشکردن بە گورجی لە کۆشکی پەرلەمان نزیک دەبوەوە، هەمهەمەیەک لەناو نوێنەرانی ئەنجومەندا بەرز بووەوەو پێشنیاریان دەکرد پایەداری بکەن تاکو هەر لەوێ بکوژرێن.

دەرگا کرایەوەو نارنجۆک هاوێژەکان بەسەرە نێزەی حازرەوە ڕژانە ناو تەلارەوەو بە پەلە بە هەموو لایەکدا بڵاو بوونەوەو لە چاو تروکانێکدا تەلاریان پێچایەوە، گرمەی بەردەوامی تەپڵەکان هەمووانی خنکاندبوو وە نوێنەران بە گشتی هەڵدەهاتن... هەندێکیان لە دەرگاکانەوە و بەعزێکیش بە کردنەوە یاخود شکاندنی پەنجەرەکان خۆیان فڕێدەدایە حەوشە،.. ئەم ڕووداوە هەمووی سێ تا پێنج دەقیقەی خایاند. فەرمان وابوو نوێنەران نەبکوژرێن نەدەستگیربکرێن. ئەندامانی ئەنجومەنی ٥٠٠

کەسی کە لە دەرگاو پەنجەرەکانەوە دەرباز ببوون خۆیان لە بازنەی ئابلۆقەی کۆمەڵە سەربازێکدا دیەوە کە لە هەرچوارلاوە ئابڵوقەی کۆشکیان دابوو. قریشکەی تریشقە ئاسای **مۆرا** کە چەند چرکەیەک گرمووڕی تەپڵەکانی داپۆشیبوو لە گوێ ی نوێنەراندا دەنگی دایەوە کە دەیوت:«ئەم هیچو پوچانە بکەنە دەرێ!»

ژمارەیەکی زۆر لەو نوێنەرانە، هەروەک ئێمە لە ڕێگای یادداشتەکانیانەوە دەیزانین، ئەو نەڕەیەیان تا ئاخری عومر لە بیرنەچۆوە.

گەلی کورد بەگشتی و زەحمەتکێش و چەوساوەکان بەتایبەتی، چاوەڕوانی ئەوەن ڕێگا نەدرێ **« مۆرا » یەکی کورد** بەسەر پەرلەماندا بقریشکێنێ و کارێک بکات یادداشتی ژیانیان نەڕەی لەو جۆرەی زەمانی ناپلیۆن تیایدا دووپات ببێتەوە! ئایا کۆنگرەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کارێک دەکات نوێنەرانی گەل شمشێری «مۆراکان» هەڕەشە لە گیانیان نەکات؟.

# دەربارەی بڵاوکراوەی «شورا»

**«شورا» ژ ١**
**فەبریوەری ١٩٩٢**

ئەم ژمارەیەی «شورا»، یەکەمین بەرهەمی نوسراوی دەستەی «لایەنگرانی دەسەڵاتی جەماوەری» هو هاوکات لەگەڵ بەیاننامەی دامەزران و بانگەوازێک دا بڵاودەکرێنەوە.
دەبو ئەو بانگەوازە ئەرکی ناساندنی ئامانج و ڕێبازی دەستەی ئێمەی ڕونکردباو هیچی بۆ وتن نەهێشتباوە، بە خوێندنەوەی ئەو بەیان وبانگەوازە هەستدەکرێ ئەو ئەرکە تا ئەندازەیەک جێبەجێ کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەربڕینی چەند پاساوێک بۆ خستنەڕووی بڵاوکراوەی «شورا» لە دۆخی ئەمڕۆی کوردستاندا کە هێزە دەسەڵاتدارەکان خەریکن بە بەهانەی نەمانی مەرەکەب وکاغەزەوە گێچەڵ بە ئازادی ڕۆژنامەگەری و ڕادەربڕین بکەن دەتوانێ ئەوە ڕوون بکاتەوە بۆچی جێگای بڵاوکراوەیەکی وەک «شورا» هەر لەسەرەتای ڕاپەڕینەوە لەململانە فیکری وسیاسیەکاندا بەتاڵ بووە ... وە بۆچی دەبوا زووتر مشوری بخورێ. بەم پێیە زانینی ئەوەی مەبەست لە بڵاوکردنەوەی «شورا» و ئامانج وسیاسەتی زاڵ بەسەریدا کامەیە بێ سوود نیە:

**یەکەم:**
«شورا» ئۆرگانی ڕەسمی دەستەی کاتی «لایەنگرانی دەسەڵاتی جەماوەری» یە کە ماوەیەک پێش ئێستا لە ڕێگای بانگەوازێکەوە بوونی خۆی ڕاگەیاند. هەرکەسێکی بەشدار لە چالاکیە سیاسیەکانی ئەمڕۆی کوردستاندا دەزانێ خودی هەڵبژاردنی ناوی «شورا» واتایەکی سیاسی و چینایەتی هەیە و کەسانێک هەڵسوڕانی خۆیان بەو مەفهومەوە گرێبدەن ڕاستەوخۆ نزیکیان بە کرێکاران وزەحمەتکێشانەوە هەستدەکرێ

و دەزانرێ لە بارودۆخی دیاریکراوی ئەمڕۆدا تەنها کەسانێک بەدوای ناوو مەفهومی « شورا » وەن کە لە بەرەی دژی ئیمپریالیزم و سەرمایەداریدان و دەیانەوێ چینە چەوساوەکان خۆیان دەسەڵاتداری خۆیان بن نەک هێزو لایەنەکانی سەرووی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش.

ئامانجی « شورا » لەئامانجی وشیارانە و واقیعبینانەی کرێکاران وزەحمەتکێشان جیاواز نیە، وە جگە لەو ئاسۆیەی خەبات وتێکۆشانی بەردەوامی ئەوان دەیهێنێتە ئاراوە چ ئاسۆیەکی تری ــ لە پێشەوە ــ بۆ خۆی دیاری نەکردووە. چینە چەوساوەکانی کوردستان ساڵەهای ساڵ لە خەباتی بێوچاندا بوون دژ بە حوکمی دیکتاتۆری سەرمایەدارانەی بەعس، ئەو ڕەنج و خەباتە گەیشتە ترۆپکی خۆی... بەڵام بەداخەوە دەرپەڕاندنی حوکمی مەرکەز لە کوردستان بەشێکی زۆر کەمی لە بەروبوومی ڕاپەڕین دایە ئەوان و خواستە کۆمەڵایەتی و ئابوریەکانیشیان بەخێرایی پاشەکشەی پێکرا.
لێرەوە « شورا » دەیەوێ لەهەمان کاتدا کە باوەڕی دژ بە بەعسێتی تا ئەوپەڕی پەرە پێبدات، ئاوێنەی باڵا نوێنی ئاوات و ئامانجە کۆمەڵایەتی و یەکسانیخوازیەکانی جەماوەری بێبەش و چەوساوەی کوردستان بێت و بەو بیرو باوەڕانەیان ئاشنا بکات کە دەتوانن لە ڕێگایەوە سەرکەوتوانەتر و خێراتر دۆست و دوژمنەکانیان بناسن و خواست و ویستەکانیان بەسەردا بسەپێنن و بەرگریش لەو دەسکەوتانە بکەن کە وەدەستیان هێناوە .
هەر ئێستا لە کوردستاندا جۆرەها ڕێکخراوی حزبی و سیاسی خەریکی چالاکین و زۆربەشمان بیستومانە گوایە بەو زوانە حزبێکی تریش بەناونیشانی «پارتی پارێزگارانی کوردستان» دەرگای دوکانەکەی دەخاتە سەرپشت و ملدەداتە «خەبات»!!
ئاشکرایە ئەو جۆرە پارتانە ــ گەر لە کەللەی سەریشیان بدەیت ــ ناڵێن لایەنگری خاوەندرێتی تایبەتی سەرمایەدارین و دژی خەڵکی زەحمەتکێش و چەوساوەن و پاسەوانی بەرقاپی بۆرژوازین. ئەو حزبە بەڕێزانە خاوەنی ئایدۆلۆژیای لە پێشدا ئامادەکراون، خاوەن «پرەنسیپ» و شێوەکاری تایبەت بە خۆیانن و هەرواش دەبن، چونکە گێلکردنی خەڵکی بێبەش و کۆڵەوار لەم هەلومەرجە نوێیەی جیهاندا کارێکی ئاسان نیەو دروشمی بریقدار بە تەنێ بەش ناکاو دەبێ بۆ ئەو مەسەلەیە ــ واتە بۆ کەڵەکەکردنی زیاتری سامان و ڕاپێچکردنی بەلێشاوی زەحمەتکێشان بەرەو نەداری و نەبوونی ــ خۆ ئامادە بکەن و یەکدەنگی دروست بکەن.
«شورا » دەیەوێ لەسەنگەری بەرامبەردا بێ، لە مەترسی کرێکاران و زەحمەتکێشانەوە تەماشای جیهانی دەوروبەری بکات و تەسلیم بە کێشانەو پێوانەی ڕۆژگار نەبێ،

دەیەوێ دوژمنی هەتاسەری مشەخۆری سەرمایەو سەرمایەداری بێت و لەو ڕێبازەدا ئەوەی پێویستە بە ئەنجامی بگەیەنێ.
دیارە ئاواتی مەزنی لەو جۆرە لە تاقەتی دەستەیەکی بچوکی چەند کەسی بەدەرەو لەبناغەدا ئیمکانی خستنە ڕووی مەسەلە سەرەکیەکانی ژیانیش مەحاڵە چ جای دابینکردنی چارەسەری فیکری و سیاسی بۆیان... بەڵام تێکۆشەران دەزانن درێژترین ڕێگا سەرەتا لە چەند هەنگاوێکەوە دەست پێدەکات.

**دووەم:**

بەم پێناسەیەوە، واتە بەهەبوونی ئایدۆلۆژیەکی نیمچە چەسپاو لەناو پێکهێنەرانی «لایەنگرانی دەسەڵاتی جەماوەری» دا کە ئەمڕۆ لە دەوری « پرۆژەی بەرنامەی حکومەتی شورایی» کۆبونەتەوە، بۆچونی زاڵ ئەوەیە کە هەر لایەن و کەسێک خۆی بە دڵسۆزی جەماوەری زەحمەتکێشی کوردستان بزانێ و بیەوێ ئاوات و ئامانجەکانیان نەبێتە دەسکەلای حزبێکی دیاریکراو، دەتوانێ خۆی وەک بەشێک لەم جولانەوە بەرینە دیموکراتیخوازیە بزانێ کە لە کوردستانی شۆڕشگێڕدا قوڵپ دەدات و «لایەنگرانی دەسەڵاتی جەماوەریی» و «شورا» ش خۆیان وەک بەشێکی بچوک و دڵسۆزی تەماشادەکەن: سیکتاریزم و هەڵەشەخوازی تائێستا قازانجی بە زەحمەتکێشان و کرێکاران نەگەیاندوە، لەمەودواش ناتوانێ پێیان بگەیەنێ، هیواداریین گشت لایەنگرانی دیموکراسی جەماوەری و شوراییخواز ئەم بەرهەمە بچوکەی ئێمە وەک بانگەوازێک بۆ یەککگرتن و گفتوگۆ لە بەرچاو بگرن تاکو بواری بەسەرکەوتن گەیاندنی پرۆسەی یەکسانی کۆمەڵایەتی و دیموکراتیزەکردن لە کوردستاندا هەرچی زووترو قایمتر بەرەوپێش ببرێت و زەحمەتکێشانی کوردستان بتوانن شانازی بە ڕابوردووی خەباتیانەوە بکەن و نەهێڵن بەرهەمی خوێنی ئەوان کەسانی تر کەڵکی لێوەربگرێ.
خولیای ئێستای «شورا» ئەوە نیە ببێتە بڵندگۆی تاقمێکی دیاریکراوی خاوەن یەک عەقیدە و یەک هێڵ لەناو خەڵکی زەحمەتکێشدا، خواستی «شورا» ئەوەیە خەڵکی کورد ــ بە گشت چین و توێژەکانیەوە ــ بتوانن ئازادانەو بێ دەستێوەردانی بیرۆکراتیانە تەعبیر لە ویستەکانیان بکەن و ئازادانەو بێ هیچ ڕێگرێکی یاسایی و نایاسایی لەدەوری یەک کۆببنەوە و بڕیاری خۆیان پەسەند بکەن و جێبەجێ بکەن.

# پەرلەمانی کوردستان :
# ئەنجومەنێک یان دو ئەنجومەن؟

«ئالآی ئازادی» ژ ١٤
؟ ١٩٩٢

سەبارەت بە پەرلەمان و شێوازی حوکمرانی یاسایی پەرلەمانیەت، دەکرا لە ماوەی ڕابوردودا دەیان و سەدان وتارو نامیلکە لەلایەن خوازیارانی دیموکراسیەوە چاپ و بڵاو کرابایەوە و خەڵکی کوردستان بیان توانیایە بە شێنەیی لایەنە باش و خراپەکانی حوکمی پەرلەمانتاریزم دەرک بکەن و حاڵی ببن. بەداخەوە ئەم کارە زۆر بەخاوی هەنگاوی ناوەو خاوەنبیرو شارەزاکانمان، وەک جاران، هەر خەریکی مەسەلە لاوەکیەکانن و ئەو کێشە هەرە گرنگ و چارەنوسیەیان جێ هێشتوە بۆ خەڵکی تر !

لەوەدا کە ئێمەمانان بەهۆی تەمبەڵی نوسەرە خاوەن قەڵەمەکانەوە بە ناچاری دەبێ دەستدەینە ڕونکردنەوەی ئەوەی لە تواناماندایە، هەقە کەموکوڕی نوسینەکانمان لە خستنەڕوی مەسەلەکە و فۆرمۆلبەندی زانیاریەکاندا بخەینە ئەستۆی ئەو کەسانەی چاکتر توانای صیاغەکردن و دەربرینی کێشەکانیان هەیەو خۆیانی لێ دەشارنەوە و کاتێک وەئاگادێنەوە دەبینن هەم خۆیان و هەم خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر«کارێکی کراو» دا دەبێ کاڵەک بەئەژنۆیان بشکێنن ...

بەهەرحاڵ ئێستا هەوڵدان بۆ دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان بۆتە بەڵێنێکی سیاسی گرنگی لایەنەکانی بەرەی کوردستانی کە لە سەرەتای مانگی نیساندا دەبێ وەدیبێت و خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنێکی دیموکراتیانەدا دامەزرانی **پەرلەمان** بە چاو ببینن و لەوەدوا، هیچ کەس و لایەنێک بۆی نەبێ بەبێ بریارو یاسای پەرلەمانی هەڵبژێراو بەکەس و لایەنێکی دی بڵێ **پشتی چاوت برۆیە**! ئەمە هەنگاوێک، یان چاکتر بڵێم « بازدان » ێکی سیاسی نەترسانەی هێزەکانی بەرەی کوردستانیە رووەو داهاتویەکی بێتەم ومژتر کە شایستەی پشتیوانی و بە پیرەوە چونە.

بەلام مەسەلەکە تەنیا بە « هەڵبژاردنی پەرلەمان » کۆتایی نایەت. دەیان وسەدان گرفتی یاسایی و رێسایی هەن کە دەبێ سەبارەت بە هەر یەکەیان بە دورو درێژی شت بنوسرێ و جەماوەری سیاسی کورد بتوانن لە پرۆژە جیاوازەکاندا هێڵی خوازیاری خۆیان وەدۆزن و پەیرەوی لێبکەن. ئەمرۆ لە رۆژنامەکاندا تەنیا باس لە لایەنێکی شێوازی هەڵبژاردن دەکرێ کە ئەویش نیسبی و بازنەیی یە ! لە حاڵێکدا ئەو مەسەلەیە سەرەرای بایەخی زۆری تەنیا خشتێکە لە دیواری زەبەلاحی دیموکراسیەت بە گشتی و پەرلەمانیەت بەتایبەتی.

رەنگە زۆر کەس پێیان وابێ ئەم کێشانە هێندە گرنگ نین و شایستەی ئەوەنین لە رۆژنامەکاندا قسەیان لە سەر بکرێ، بەلام بە پێچەوانەوە، زۆر جار ئەو رێسایانەی پەرلەمان لەناوخۆیدا پەیرەویان دەکات هێندە نادیموکراتیانەن کە بەتەواوی خودی پەرلەمان دەخەنە ژێر پرسیارەوەو گرنگیەکەی بەتاڵ دەکەنەوەو دەیکەنە پەراوێزی روداوەکان و زمقی دەسەڵاتدارەکان بۆ پینە و پەرۆی نارەزایەتیەکانی جەماوەر و خلەتاندنیان. دیارە هەر لەئێستاوە حوکمدانی ئەو یاسایانەی ئاگامان لێیان نیە کارێکی چەوت ودور لەوشیاریە، بەلام بەم حاڵەشەوە دەکرێ لەسەر بناغەی هەندێ پروپاگەندەی بیستراو لێرەدا دەربارەی لایەنێکی تری بابەتەکە قسە بکرێ ... ئەویش ئەوەیە: **ئایا پەرلەمانی کوردستان لە یەک ئەنجومەن پێک دێ یاخود لە دوان ؟**

بەرای من بایەخی ئەم مەسەلەیە لە هەڵبژاردنی نیسبی و بازنەیی کەمتر نیە ئەگەر زیاتر نەبێ .

لەدنیای ئەمرۆدا زۆر وڵات هەن ـ بەپێرەوی لە بەریتانیا ـ سیستمی «دو ئەنجومەن» ین و وڵاتیش هەیە تەنها یەک **ئەنجومەنی یاسادانان** ی هەیەو لە رێگای ئەوەوە پرۆژە و لائحە یاساییەکان لە پەرلەماندا پەسند دەکرێن و هێزی یاسا بەخۆوە دەگرن و لە رێگای دەزگا کانی جێبەجێکردنەوە کاریگەریان بۆ خەڵک دەردەکەوێ .

پەرلەمانی ئینگلیزی نمونەیەکی کامڵی دوئەنجومەنی یە و زۆربەی ئەوانەی لایەنگری هەبوونی دو ئەنجومەنن لەم شێوازەی ئینگلستانەوە لە دیاردەکە دەروانن و داکۆکی

لێدەکەن. لە بریتانیا پەرلەمان لە ڕێی دو ئەنجومەنەوە کارەکانی جێبەجێ دەکات: «ئەنجومەنی لۆردەکان» و «ئەنجومەنی گشتی». شیکردنەوەی چۆنیەتی سەرهەڵدانی پەرلەمانی بەریتانیا لە زروفی سیاسی و مێژویی دیاریکراوی خۆیدا زۆر شتی شاراوەو نەزانراومان بۆ دەردەخات، بەڵام لە هەرحاڵدا بەرتەسککردنەوەی دەسەڵاتی پاشا هەر لە سەدەکانی سیانزەو چواردەوە تا ئەمڕۆ کە دەسەڵاتی شا بۆتە شتێکی ڕەمزی و پەرلەمان هەمو دەسەڵاتێکی هەیە، سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە ئەو شێوازە بە درێژایی چەندەها ساڵ و بە پشتیوانیەکی سیاسی و فەرهەنگی زیرەکانەوە هەنگاوی بۆ نراوە و چینە دەسەڵاتدارەکانیش ئەم فۆڕمە دەسەڵاتەیان نەک وەکو نمونەو ئایدیال بەئینگلستان ناساندوە بەڵکو وەک شێوازێکی تەواو سەرکەوتوش لە جیهاندا ڕەواج یان پێداوە.

خوازیارانی پەرلەمانی **دو ئەنجومەنی** پاساوی جۆراو جۆریان بەدەستەوەیە.

بۆ نمونە مۆنتسکیو، نوسەری « ڕوحی یاساکان» دەڵێ: لە ناو هەر وڵات و میللەتێکدا تاقمێک کەس هەن بەهۆی زیرەکی و دەوڵەمەندی یاخود خانەدانیەوە لە خەڵکی تر لەپێشترن و ئەمانە دەبێ نوێنەری تایبەت بە خۆیان هەبێ و ناشێ ئەوانە لەگەڵ هەمو کەس وناکەسێکدا بە یەک چاو سەیر بکرێن. مافزانێکی تر بەناوی **دولولم** پێی وایە ئەگەر دەسەڵاتی یاسادانان لەدەست یەک ئەنجومەندا کۆببێتەوە ئەوا ئەو ئەنجومەنە هەوڵدەدات کوێخایەتی بەسەر دو هێزەکەی تردا ( **ڕاپەڕاندن و دادوەری** ) بکات، بەم واتایەش هەبونی ئەنجومەنێکی تر لە پاڵ ئەنجومەنی نوێنەرانی گەل دا ئەو حاڵەتە « **پاوان خوازی** » یە ناهێڵێ وپارسەنگی نێوان هێزەکان دەگێڕێتەوە ئاستێکی چەسپاو و ڕێک و پێک.

**وینتەر**ی مافناسی ئەڵمانی ڕای وایە ئەنجومەنی « پیران » یاخود بە واتایەکی دی «ئەنجومەنی لۆردەکان و باڵا» وەک داڕێژەری عەقڵ و تەگبیر وایە بۆ سیاسەتی وڵات، لەبەرامبەر ئەویشدا **ئەنجومەنی نوێنەرانی گەل** وەک نوێنەرەوەی ئاوات و ئارەزوەکانی جەماوەرەو، ئاوێتەبوونی ئەو دوانەش لە شوێنێکدا زەمانەتی دابینبونی بەرژەوەندیەکانی میللەت دەکات: کەسایەتیە سیاسی و بەئەزمونەکان لە ئەنجومەنی «باڵا» دا و نوێنەرانی خەڵکیش بۆ ئەنجومەنی گشتی!

لە بەرامبەردا خوازیارانی سیستەمی **یەک ئەنجومەن** ی بۆ پەرلەمان، بەڵگەکانیان بە بەهێزتر دادەنێن و لایان وایە هەبونی دوو دەزگا بە تەواوی نابەجێیە.

**بنیامین فرانکلین** دەڵێ : ئەو وڵاتەی دو ئەنجومەنی یاسادانەری هەبێت وەک عەرەبانەیەک وایە کە دو ئەسپ هەریەکەیان لە سەرێکەوە ڕای بکێشن! هەر ئەسپەو عەرەبانە بەلایەکدا ڕاکێش دەکات و لەئەنجامدا هیچ دەستگیر نابێ... ئاشکرایە

مەبەستی لەوەیە هەبونی دو ئەنجومەن کاریگەری یەکدی ناهێڵن و کاری وڵات پەکدەخەن.

هەندێکی تر پێیان وایە تەنیا یەک ئەنجومەنی نوێنەران دەتوانێ نوێنەری خواستی میللەت بێت، ئەگەر دوان هەبن و هەر دو ئەنجومەنەکەیش ( « باڵا » و « نوێنەران » ) لە سەر لایحەیەکی یاسایی **یەکدەنگ** بن ئەوا دیارە یەکێک لەوان هەر لەسەرەتاوە پێویست نەبوە، خۆ ئەگەر یەکێک لە ئەنجومەنەکان دژی لایەکەی دی بوەستێ، دیارە ئەوە دژی بەرژەوەندی میللەتە و ئەو دەزگا یاسادانەرەی لە دژی بەرژەوەندی میللی بوەستێ دەبێ هەر لەسەرەتاوە پێک نەهێنرێ و ڕێگا لەدامەزراندنی بگیرێ.

بەڵگەی تریش بۆ لایەنگری لە سیستمی یەک ئەنجومەنی هەن و لەوانەیش ئیمکانی چاککردنەوەی هەڵە یاخود ڕێگری لە پیادە بوونی سیاسەتێکی چەوتە. کاتێک لە سیستمی دو ئەنجومەنیدا بڕیارێکی چەوت دەدرێ، توانای ڕاستکردنەوەی زۆر لاوازە.

بۆ پێداگرتن لەسەر ئەم بنچینەیە، **جان ستیورات میل**، نوسەری ئینگلیزی دەڵێ : ئەگەر لە وڵاتێکدا یەک ئەنجومەنی ٦٠٠ کەسی هەبێ ئەوا بۆ ڕەتکردنەوەی لایحەیەک ٣٠٠ ڕەئی پێویستە، بەڵام ئەگەر ئەو ژمارە خەڵکە لە دوو ئەنجومەندا بن ئەوا ڕەئی ١٥٠ کەس دەتوانێ قورسایی ڕەئی ٤٥٠ کەس نەهێڵێ و ئەوەش بێگومان ئەوپەڕی نادیموکراتیەتە.

بۆ پشتگیری زیاتر لە «یەک ئەنجومەن » ی بۆچونێکی دی هەیە کە جەوهەری کێشەکە لە بوارێکی ترەوە دەداتە بەر سەرنج و لێکدانەوە.

تێڕوانینەکەش بەو جۆرەیە : هەبونی دو ئەنجومەن لە چالاکی و هەڵسوڕاوی هێزی یاسادانان کەمدەکاتەوە و هەندێ جار پەسندکردنی یاسایەک زۆر درێژە دەکێشێ و لە گوریسپچڕکێی نێوان دو ئەنجومەندا قازانجی میللەت بیر دەچێتەوە و مەزەندەی ئەوەش دێتە ئاراوە کە تاقمێکی کەم ـ لە کۆتاییدا ـ ڕای زۆربە پوچەڵ بکەنەوە.

**ئەنجام :**

ماوەیەکی زۆر کەم ماوە بۆ هەڵبژاردنی « پەرلەمانی کوردستان ». گومانی تیا نیە هەرچی زوتر ئەو دەزگا یاساییە دامەزرێت زوتر دۆست ودوژمنەکانی خەڵک دەردەکەون و پێشکەوتنی خەڵکی کوردستان لە باری سیاسیەوە مسۆگەرتر دەبێ. بەڵام وەک لە سەرەتاشدا ئاماژەمان پێدا، بێ ڕونکردنەوەی گشت ڕەهەندە یاسایی و سیاسی و فەرهەنگیەکانی کێشەکە، زەحمەتە بەئاسانی عەقڵیەتێکی پێشکەوتوانە لە کوردستاندا بچەسپێ. ڕاستە ئێستا دەسەڵاتداریەکی بەڕەسمی هەڵبژێراو بەپێی « دەستور» مان نیە، بەڵام ئەوە هەرگیز بەو واتایە نیە کوردستان بێ حوکمڕانە وڕوداوەکانی

ئۆتۆماتیکی و بێ بزوێنەر دەچنە پێش: دەستورێکی نوسراو لەلایەن « ئەنجومەنی دامەزرێنەران» ەوە نیە، بەلاّم « دەستورێکی نەنوسراو» هەیە کە ــ بمانەوێ یان نەمانەوێ ــ کوردستان لە سەری بەرێوە دەچێ ومن و تۆ و چەند ملیۆنی وەک من و تۆ لە سایەیدا دەژین. گرنگ ئەوەیە کارێک بکەین رێمان بدرێ لە کاتی دەنگدان بۆ « **دەستوری نوسراو**» دا هەقمان هەبێ و بتوانین چارەنوسی خۆمان و جەماوەر بەرەو داهاتویەکی گەش ببەین . تێپەڕاندنی سەرجەم مەسەلە چارەنوسیەکانی خەڵک بەخشکەیی و لە پشتی پەردەوە دوارۆژێکی باشی نابێ و ئەزمونی میللەتان ئەوەی سەلماندوە .

(*) ئەسڵی ئەم وتارە لە ئەرشیفی تایبەتی خۆمدا پارێزرابو، دوای گەیشتنم بە لەندەن جارێکی تر بە سەریدا چومەوە، لە ڕاستیدا لە بیرم نەماوە بە چ جۆرێک لە «ئالاّی ئازادی» دا بلاوبۆتەوە، هێندە ئەزانم لەگەڵ ئەم دەقەدا جیاوازیان هەیە.

# بانگەوازی ی.ن.ک بۆ چەپ:
# دووڕیانی چارەنووس

« کوردستانی نوێ» ژ ۲۷۵
۱۹۹۲/۱۲/۲۳

دوابەدوای بڵاوبونەوەی وتارەکەی مام جەلال و زنجیرە وتارەکانی« کوردستانی نوێ» سەبارەت بە یەکگرتنەوەی ئەو هێز و گروپە ڕادیکاڵ و چەپی یانەی پێشتر لە یەکێتی نیشتیمانی جیابوونەوە یاخود لە تەوەری خەباتی شاخ دابوون، جووڵانەوەیەکی هەستپێکرا و لەناو کادر و هەڵسوڕانی چەپ دا بۆ وەڵامدانەوەی ئەم دەستپێشکەریە دەستی پێکرد و تائێستا بەردەوام و ڕوو لە خەملین و بەدەستەوەدانی ئەنجامە. هەرچۆنێک بێ سەرکردایەتی **ی. ن. ک** لە زمانی سکرتێری گشتی یەوە ڕایدەگەیەنێ ئامادەی گفتوگۆی فیکری و سیاسیەو تەنانەت (ئەگەر مومکین بێ) ئامادەی یەکگرتن و هاوکاری ڕێکخراوەییە لە چوارچێوەی پرنسیپ و سیاسەتە ڕاگەیەندراوەکانی خۆیدا بە پشتبەستن و تەئکیدکردن لەسەر گۆڕانکاریە نوێ و بەرچاوەکانی ئەم یەک دوو ساڵەی دوایی ناوخۆی کوردستان و عێراق، ئەمەش، بتەوێ و نەتەوێ دەبێ وەڵام بدرێتەوە و بە ڕای ئێمە دوڕیانێکە سەرەنجام ڕێبەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان خستویەتیە بەرچاوی مرۆڤە هۆشیار و شۆڕشگێڕەکانی کورد: یان لەگەڵ کاروانی ی. ن. ک دا بەڕێ کەون و ئەسپی خۆیانی تیا تاو دەن یاخود چارەنووسێکی تر...

بەندە وەک کەسێک کە ماوەی نزیک بە ۷ ساڵ دوور و نزیک لەگەڵ چەپدا وەڕێ کەوتوم و چالاکیم نواندوە، ئێستا وەک مرۆڤێکی ئازادیخواز و سۆشیالیست و پێداگر لەسەر یەکسانی کۆمەڵایەتی، پێشنیار دەکەم هاوڕێیانی چەپ بە گشتی، ئەم دەستپێشکەریەی **ی. ن. ک** بە جیدی وەربگرن و بە چاوی گومان و هەنگاوی تاکتیکیەوە لێی ڕانەمێنن.

ئاشکرایە لە گشت حاڵێکدا «السكوت معناه الرضا» نیە، واتە بێدەنگبون لە عاست ئەم پرۆژە تازەیەدا بەمانای ئەوەشە ناتەوێ لەسەر بیروباوەڕەکەت پێداگریت و کاری

بۆبکەیت، یاخود ــ لانیکەم ــ گفتوگۆی لەسەر سازبدەیت. وەک وتم چاکتر وایە ئەم بانگەوازەی

ی. ن. ک بێوەلام نەمێنێتەوە: چ بەڵێ چ نەء....

**ئەگەر بەڵێ، بۆچی؟ وە ئەگەریش نەء ... لە بەر کام هۆیە؟**

ڕەنگە دەربڕینی ئەم بۆچوونانەی لەلایەن منەوە دەنوسرێن بۆ زۆر گروپ و شەخسیەت و کادیری چەپ لە حوکمی کفر و هەڵگەڕانەوە و داماڵینی توێژی چەپڕەوی دابن. بەلام مرۆڤ ئازادە و بۆی هەیە چۆن بەچاکی دەزانێ عەقڵی خۆی وەگەڕخاو هێڵی سیاسی خۆی دەستنیشان بکات.

خاڵی گرنگ بەلای منەوە ئەمەیە: لەبناغەدا ئەوە بیروڕا مەبدەئی و سیاسیەکانی ئێمە نیە کە ڕەوتی مێژوو دیاریدەکات و ئاقارەکانی دەگۆڕێ ( لینین : شۆڕش فێرمان دەکات)، بەڵکو ئەوە هێزی زەبەلاح و کێوئاسای ڕەوتی مێژوییە کە سەرەتا لە هێزو پەیوەندەکانی کۆمەلایەتیدا خۆ دەنوێنێ و پاشان سیاسەت و تاکتیکەکان دیاریدەکات و دەنەخشێنێ. هەموو شتێک بناغەی هەیە.

بناغەی ئەم هەڵوێستە نوێیەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە چیەوە هاتووە و هۆیەکەی چی یە؟ بێگومان خەڵکی وشیار ئەم جۆرە پرسیارانە دەخەنە بەردەم خۆیان و بۆ وەلام دەگەڕێن.

**ــ ئایا ی. ن. ک لە وەزعێکی دژواری ناوخۆییدا بەسەردەبات و فشاری جەماوەری لەسەرە؟**

**ــ ئایا لە بواری ناوچەییەوە پیلانی تۆقێنەر خراوەتە سەر ئەو حکومەتەی یەکێتی نیشتیمانی بەشێکی بەڕێوە دەبات ؟**

**ــ ئایا هەلومەرجی جیهانی و نێونەتەوەیی هەڕەشە لە مانەوە و سەقامگیربوونی دەسەلاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن و ی. ن. ک دەیەوێ بنکەیەکی جەماوەری بەربلاوتر بۆ حکومەتەکەی دابمەزرێنێ؟**

ڕەنگە جۆرەها پرسیار لەمەڕ ئەم هەڵوێستە نوێیەی یەکێتی بخرێتە مێشکی گروپ و کەسە ڕادیکاڵەکانەوە، بەلام ئاشکرایە هیچکام لەوان ناتوانێ لەبواری مەبدەئی و سیاسیەوە پرسیاری وردتر زانستانەتر لەوانەی سەرەوە لیستە بکات. من پێموایە وەلامی پرسیارەکانی سەرەوە هەموویان « نەخێر» ن ، بەو واتایەی کە لە گشت ئاستەکانی ناوخۆ و ناوچەیی و جیهانی دا وەزعی **ی. ن. ک** ڕوو لە پێش و گەشەسەندنە.

سیاسەتی **«کردنەوەی دەرگاکان بۆ چەپ»** ڕوداوێکی کتوپڕو هەڵەشەکارانە نییە. سیاسەتێکی بیرلێکراوەیە و پەیوەندیەکی توندی بە ستراتیژ و تاکتیکی هێزێکی

خاوەن ئەزموونەوە هەیە کە دوای چەندین ساڵ گەیشتۆتە دەسەڵاتی سیاسی.
یەکێتی نیشتمانی خوازیاری **سۆشیالیزم** ە و ئەوەی لە کۆنگرە و بەرنامەکەیدا پەسەند کردوە و ڕاگەیاندوە، چەپیش ـ بەگشت باڵە « چەپ» و «ڕاست» ە کانیەوە ـ دیسان خوازیاری سۆشیالیزم و کۆمەڵگای بێ چین و چەوسانەوەیە. ئەمەش خاڵی بەیەکگەیشتن و هەرە گرنگی هەردوو لایە. بەڵام خاڵی جیاوازی نێوان **ی. ن. ک** و چەپی بەدەر لە ی. ن. ک لە کوێدایە؟ بە ڕای من **شێوازی گەیشتن بە سۆشیالیزم** ئەو خاڵەیە کە چەپ پێی لەسەردادەگرێ و خاڵی لێکترازان و لێکڕەوینەوەی **ی. ن. ک** و پانتایی یە جەماهیری یەکەیەتی لە چەپ دا. لێرەدا (لە کوردستانی نوێ دا) بواری ئەوە نیە بەدرێژی سەبارەت بە ڕەنگدانەوەی سیاسی دەسپێشکەریەکەی« مام جەلال» لەناو چەپ دا قسەبکەین و ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی وتارەکەی لەناو جەماوەری وشیاری خەڵکیدا بخەینە ژێر کێشانەو پێوانەوە. ئەوەی دەشێ بە خێرایی بخرێتە بەرچاو ئەم سەرخەتە گشتی یانەن بۆ لێدوان کە دەکرێ زیاتر و وردتر باسیان لێوە بکرێ و لە بواری گونجاودا بێینەوە سەریان.

١ـ چەپی ڕادیکالی کوردستانی عێراق، لە ئاستی بەرنامەییدا بڕوای بە هێنانەدی سۆشیالیزم هەیە لە ڕێگای ڕوخاندنی بورژوازی یەوە لە سەرانسەری عێراقدا بە ڕێگای توندوتیژ و قەهراوی و پشتبەستن بە هێزی کرێکاران و بەس.
ئەو گرفتەی دەشێ بخرێتە بنج وبناوان ئەوەیە:
ئەلف) ئایا دامەزراندنی حکومەتی فیدراڵی کوردستان و هەڵبژاردنی پەرلەمان هیچ کاریگەریەکی سیاسی و تاکتیکی ناخاتە سەر چەپ بۆ وازهێنان لە قەنەفەی پڕۆکۆستی «سەراسەری» و شۆڕشی **سۆشیالیستی سەراسەری** لە گشت عێراقدا؟
ب ـ ئایا لە چوارچێوەی هەڵکەوتی جوگرافیایی و سیاسی ٤ ملیۆنی کوردستانی عێراقدا، هاتنەدی سۆشیالیزم لە ڕێگای دیکتاتۆری پڕۆلیتاریاوە و لە هەلومەرجی ئێستای جیهاندا کە نەک هەر«دیکتاتۆری پڕۆلیتاریا » بەڵکو« دیکتاتۆری بورژوازی» یش جێی گاڵتەجاڕی وڵاتانە، مومکین و سەرکەوتووە؟

٢ـ ئەگەر وەڵامی تێزەکانی سەرەوە بە«نەخێر» ێکی سادە کۆتایی پێنایەت، واتە بزوتنەوەی ڕادیکاڵی کورستان پێی وایە دەبێ چارەنووسی خۆی بە چارەنووسی ی. ن. ک ەوە ببەستێتەوە، ئەوا ئەوەی دەمێنێ بۆ پاڵپشتی بەدیهاتنی سۆشیالیزم لە کوردستانی٤ ملیۆنیدا (تەنیا ٤ ملیۆن کەس!)، «دیکتاتۆری پڕۆلیتاریا » نیە، بەڵکو بەڕێخستن و جۆشدانی **بزوتنەوەیەکی سۆشیالیستی** یە لەناو خەڵکدا و بە پشتبەستن

به خەڵک، ئەوەش خواست و داوایەکە گشت چەپ یەکدەنگن لەسەری.... ئاکامی قسە لەوەدایە بزانین ئەو مەسەلەیەی «چەپ» وەک بەدیهە دەیبینێ، ناکۆکیەکی مەترسیداری لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتوە، سویزی وتەنی « بەدیهیترین مەسەلەکان زۆر جار گرنگترینیانن»، وە ئەم مەسەلەیەش دەبێ نەشتەرگەریەکی هەمەلانەی بۆ بکرێ...

دەشێ سەبارەت بەو مەسەلە گرنگە ڕای جۆراو جۆر هەبن، بەڵام لە بیربردنەوەی ئەتمۆسفێری سیاسی و هەلومەرجی ناوچەیی و جیهانی، هەمیشە جەزرەبەی مەرگهێنی بەدواوە بووە.

مەبەست ئەوەیە بڵێین: ئایا ناکرێ لەناو خودی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ی. ن. ک دا کاربکرێ و پاڵپشتێکی ڕەسەن و خاوەن ئیرادە بۆ جەماوەری تێکۆشەر دەستەبەر بکرێ؟

ئەگەر ئەوە مومکینە، چ ڕێگرێک دەمێنێ بۆ بە پیرەوە نەچوونی بانگەوازەکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ ڕادیکاڵ و سۆشیالیستەکان؟

# کورتەیەک دەربارەی
# سیستەمی نوێ ی جیهانی(*)

سلێمانی

جەنیوەری ١٩٩٣

### ١. سیستەمی نوێ:

دوای کۆتاییهاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی و لە جەرگەی شەڕی دووەم و ڕووداوەکانی دواییدا، ڕۆڵی وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەتەواوی وەک وولاتێکی بەهێز بۆ دنیا ساغ بوەو ئیدی لایەنێکی سیاسی جیدی نەما بتوانێ نکوڵی لە قورسایی توانایيە سیاسی و ئابوری و عەسکەریەکانی ئەمریکا بکات، دیارە بۆ وەدەستهێنان و خۆ قایمکردن لەو مەوقیعە تازەیەش لە دنیادا، بەتایبەت دنیای دوای شەڕی دووەم، ئەمریکا توشی چەندین ململانێی سیاسی و عەسکەری هات و لە زۆر کونجو قوژبنی دنیادا زەبری وەشاند وبەڕادەیەکی هەستپێکراویش زیانی بەرکەوت.
ئەمریکا لەشەڕی دووەمی جیهانیدا(١٩٣٩ـ١٩٤٥) هاوشان لەگەڵ سۆڤیەت و بەریتانیادا ڕۆڵێکی گەورەی لە تێکشکاندنی هێزی نازیەت و فاشیەتدا گێڕاو توانی بەهاوکاری لەگەڵ هاوپەیمانەکان هێزی قەبەو ئەهریمەنی میلیتاریزمی ئەڵمانی تێکبشکێنێ. بەڵام هەر دوای کۆتاییهاتنی شەڕی دووەمی جیهانی، ناکۆکیەکی قوڵ و ڕیشەیی لە نێوان ئوردوگای هاوپەیمانانیدا دەرکەوت: لەلایەکەوە سۆڤیەت خۆی وەک

سەرکردەی جەمسەری سۆشیالیزم ناودەناو دەیویست بەو بەهانەیەوە دەست بەسەر زۆربەی ناوچەکانی خۆرهەلات و خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا بگرێ و نفوزی سیاسی و ئابوری بۆ بەرژەوەندە درێژماوەکانی قایم بکات، لەم لایشەوە ئەمریکا و بەریتانیا هەولیان دەدا ڕێگا لە دەسەلات و توانایی و تەشەنەکردنی یەکێتی سۆڤیەت بگرن و بەشێوەی جۆراو جۆر دەمکوتی بکەن و تواناکانی خۆرئاواو ئەمریکا پەرەپێبدەن... بە مەبەستی ئەوەی ئەم ناکۆکیەی خۆرهەلات(واتە سۆڤیەت و پاشکۆکانی) و خۆرئاوا(واتە ئەمریکا و ئەوروپا) نەبێتە مایەی هەلگیرسانی شەڕێکی مەترسیدار و تۆقێنەری گەرم و ئەتۆمی، چەندین کۆنفرەنس و پەیماننامە و پڕۆژە گیران و بەستران و خرانەڕوو کە بەشێوەیەکی گشتی لەدوای شەڕی دووەمەوە تا هەلوەشاندنەوەی سۆڤیەت (١٩٩٢)، بەهەق، بە شەڕی سارد ناوی لێنراو ناوبانگی بلاوبوەوە.

دەشێ لێرەدا بۆ نمونەی ئەو کۆنفرانسانەی لەنێوان خۆرهەلات و خۆرئاوادا بەستران وەتا ڕادەیەک لە گرژی نێوان هەردوو لای کەمکردەوە «کۆنفرانسی هێلنسکی ١٩٧٥» و « کۆنفرانسی ١٩٨٥» ناوبەرین. بۆ نمونەی پەیماننامەکانیش، جگە لە پەیمانی«وارشۆ» و پەیمانی«ناتۆ» کە هەریەکەیان دژ بەوەی تریان ئامادە کراوە، دەکرێ پەیمانی«سالت ١» و«سالت ٢» لە نێوان ئەمریکا و سۆڤیەتدا باس بکەین کە بە پێچەوانەی دوو پەیمانی یەکەمەوە کە سروشتێکی شەڕەنگیزانەیان بە خۆوە گرتبوو، بوونە مایەی دوورخستنەوەی جیهان لە شەڕی کاولکاری و مالوێرانکەر. «پڕۆژەی ماریشال ١٩٤٧» وە «پڕۆژەی ئایزەنهاوەر ١٩٥٧» بە ڕادەیەکی زۆر لە سەریان وتراوە و نووسراوە کە زۆربەی سیاسیەکانی خۆرئاوا(تەنانەت خۆرهەلاتیش) شارەزای بەندبەندی ئەو پڕۆژانەن کە نمونەن بۆ ئەو تێزە سیاسیانەی لەلایەن وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاوە، وە لە جەرگەی شەڕی ساردا خراونە ڕوو. گرنگی هەریەک لەو دوو پڕۆژەیەی دوایی لەوەدایە کە لە لایەن هێزێکی گوشاردەوە ئامادە کراون و لە حالێکدا بوون کە«شەڕی سارد» لەسەروو بەندی دەسپێک و گەرمبوونیدا بوو، وە بۆ تاوتوێکردنی هێزەکانی بەشێک لە جیهان بوون بە تەنیا.

سالی ١٩٩٢ سالی کۆتایهاتن و هەلوەشانەوەی یەکیەتی سۆڤیەت و شەڕی سارد و دەسپێکی قۆناغێکی نوێ یە لە پێوەندی ناودەولەتان. نەمانی« یەکێتی کۆمارەکانی سۆشیالیستی سۆڤیەتی» ڕووداوێکی گرنگ و چارەنووسدانەر بوو وە بەڕادەیەک کاریگەری لەسەر ڕەوتی مێژووی جیهان دادەنێ کە مێژوو نووسەکان ناچارن بەشێکی زۆر لە لێکۆلینەوەکانیانی بۆ تەرخان بکەن. گرنگترین خال بە نسبەت باسەکەوە لێرەدا ئەوەیە: بە هەلوەشانەوەی سۆڤیەت، ئەو جەمسەرە سیاسی و ئابووریەی بۆ ماوەی زیاتر لە ٧٠ سال لە بەرامبەر ئەمریکاو ئەوروپادا ڕاوەستابوو وەگشت پڕۆژەکانی

ئایزنهاوەر و مارشاڵ و ترۆمەن لە دژی خرابوونە گەڕ، دەچێتە خانەی نەبوانەوە و جەمسەری بەرامبەریش کە ئەمریکا سەرکردایەتیەکەی چەندەها ساڵ لە ئەستۆ بووە بە ناچار واز لەو پرۆژە سیاسی و عەسکەریانە دەهێنێ کە دورابیەکی دیفاعی یاخود هێرشبەرانەیان هەبووە و بۆ تێکهەڵچوونی دوو لایەن دەستیان دەدا . وە بەو جۆرە ناچارە کە « تیۆر» ێک یاخود پرۆژەیەک یان «سیستەم» ێک بێنێتە ئاراوە کە بۆ سەرجەم جیهانی ئەمڕۆ بلوێ.

**دیارە ئەو دەمەی دوژمنێک لەبەرامبەردا نەبێ« تفەنگ» یش نرخی خۆی لەدەست دەدا ،** «سیستەم» ێک کە ئاوێنەی باڵانوێنی وەزعی دنیای دوای شەڕی سارد بێت بە گشتی نەک هی لایەنێک دژ بە لایەنێکی تر، پڕۆژەیەک بێ بۆ وەگەڕخستنی توانایی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و ئابووریەکانی جیهان نەک بەهێزکردنی توانابیە عەسکەری و ئەتۆمیەکانی چەند وولاتێک دژ بە چەند وولاتی تر. لەسەر بناغەی ئەو گۆڕانکاریانەی باسکران، لەم چەند ساڵەی دوایی دا«سیستەمی نوێی جیهانی» بیری لێکراوەتەوە. «سیستەمی نوێ ی جیهان» پرۆژەو تێزێکی نوێی وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و خۆرئاوایە بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندە ئایدیۆلۆژی و سیاسی و ئابووریەکانی جیهان دوای شەڕی سارد و نەمانی جەمسەری خۆرهەڵات. ئەم چەمکە نوێیە کە خەریکە لە قامووسی سیاسی جیهاندا بە تەواوی بچەسپێ وەک ئاکامێکی حەتمی شەڕی سارد سەری هەڵداوە و پێوەندی نیە بەو ناکۆکیە جۆراو جۆرانەی ساڵەها بەرۆکی دنیایان گرتبوو. سیستەمی نوێ بۆ گۆڕینی سیما و هەیکەلی وڵاتانە و ئارایشێکی ستراتیژیە کە حکومەتەکانی ئەمریکا و خۆرئاوا دەیانەوێ لە هەناوی ناکۆکی و گرفتەکانی دەسەڵاتدارێتی سیاسی حکومەتە لەرزۆک و لاوازەکاندا بیخەملێنن و سەقامگیری بکەن و جێپێ بە دیکتاتۆرەکان لێژ بکەن.

## ٢. سیستەمی نوێ: پایەکان

پێشتر وترا کە سیستەمی نوێ بۆ ڕێکخستنەوە و خەملاندنەوەی پێوەندە **ئابووری و سیاسی و ئایدیۆلۆژی** یەکانی جیهانە دوابەدوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد و نەمانی جەمسەرێکی ناکۆک لە بەرامبەر وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو ئەوروپادا . بەو پێیەش ـ گەر بمانەوێ نمونەی پڕاتیک بوونی سیستەمەکە لێک بدەینەوە ـ دەشێ بڵێین: هەر ڕژێمێکی سیاسی و هەر تاقمێک دەسەڵات و هێزی حکومەتی لەدەست دابێ، ناچارە لەو سێ جوغزەی سەرەوەدا(ئایدیۆلۆژی ـ سیاسی ـ ئابوری) چوارچێوەیەک بۆخۆی

هەڵبـژێرێت و بەڵگەنەویستــە کـە ناکـرێ لەو تەوەرانـە بەدەر پێناســەیەک بۆ خـۆی دیاریبکات و بچێتە ژێر میکرۆسکۆبی شیکردنەوەوە. بۆ نمونەی پراتیکبوونی ئەو سێ تەوەرەیە، دەوڵەتـی عێراقی ژێر سـایەی بەعس تەماشـا بکەین. ڕژێمی عێـراق لەباری ئایدیۆلۆژی یەوە هەڵگری ناسیۆنالیزمێکی تۆخی عارەبی یە کە بۆ هەر مرۆڤێکی کورد بە تـەواوی ئاشنـایە و لەســەرەتای ســاڵەکـانی کــودەتای بـەعــســەوە چۆتە ئاســتی شـۆڤـێنیـزمـێکی ڕەگــەزپەرسـتـانە و دژی مـرۆڤـانەوە. ئەم ئایدیۆلۆژیەی بەعس، چ لەسەردەستی «میشل عەفلەق » بووبێ یاخود « ئەلیاس فەرەح» وەیان « منیف الرزاز» بەردەوام تیۆریزە کراوە و دەمەزەرد کراوەتەوە... **سەددام حسێن** یش کە لەبواری فیکر و عـەقڵی ناسیۆنالیستیدا چی وای لە تیۆریزانەکانی بەعسێتی کەم نەبوە، ساڵەها ئایدیای پان عـەرەبێتی پەرەپێداوە و شۆڤێنیـزمی بەعسیگەری سەپاندووە و میکرۆبی ڕەگەزپەرستی بڵاو کـردۆتەوە. بەم جۆرە ڕژێمی عێراق سیستـەمەکەی لەسـەر سێ کۆڵەکە دارِشتووە:

**ــ ئایدیۆلۆژی: ناسیۆنالیزم و پان عەرەبیەتی شۆڤێنیستانە؛**

**ــ سیاسی: دیکتاتۆری فاشیستی و تاک حیزبی؛**

**ــ ئابووری: ئابووری تێکەڵ، کەرتی تایبەت، بەشی دەوڵەتی.**

**کۆماری ئیسلامی ئێران یش دەشێ وەک نمونەیەکی تر باسـەکەمـان ڕوون تر بکاتەوە. لە ئێران:**

**ــ ئایدیۆلۆژی: ئیسلامی و شیعەی دوازدە ئیمامی یە؛**

**ــ سیاسی: دەسەڵاتی دەوڵەت و تاک حیزبی و ڕێبەری مەزهەبی یە؛**

**ــ ئابووری: ئابووری ئیسلامی (سەرمایەی دەوڵەت + بازاڕی ئازاد).**

ئێستا چاکە بزانین بناغە سێگۆشەییەکەی سیستمی نوێ کامانەن.
بە پێـوانە لەگەڵ زۆربەی ڕژێمـە دەسـەڵاتدارەکـانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەمـریکای باشور و چەند ناوچەی جیاجیای تریش دا، سیستمی نوێ بە ئاشکرا ناکۆکە و لەگەڵ مەنهەجی ئەو وڵاتانەدا نایەتەوە. خاڵی دەستپێکردنی «سیستەمی نوێ ی جیهانی» کە پانتـاییـە ئایدیۆلۆژیەکەی دیاری دەکـات ـ دیموکـراسیـەتە. جیـهـانبـینی سـەرلەنوێ دارِێژراوی ئەمـریکا پێی وایە هـەر مرۆڤـێک بۆی هەیە بەسـەربەستی ئـەو خواسـتـەی دەیەوێت دەربیبڕێت و ڕێگە لە ئازادیە شـەخـسیـەکان و ئارەزووەکـانـی نەگیرێ. **مـافی مـرۆڤ** لە دیدگـای سیـستـەمی نوێ وە دەبێ بپارێزرێ و نکوڵی لە هیچ بەندێکی ئەو جارِە جیـهـانیە نەکرێ کە لە لایەن ڕێکخراوی نەتـەوە یەککگرتوەکانەوە برِیاری لەسـەر

دراوە و پەسەندکراوە. پاراستنی مافی نەتەوەکان و دانـنان بە مافی چارەنووسیاندا خشتێکی دی لە دیواری دیموکراسیەتی سیستەمی نوێ پێکدەهێنێ. ئاشکرایە زیندوکردنەوەی نەریتە دیموکراسیەکان و گەڕانەوە بۆ شێوازی کلاسیکی دیموکراسیەت و جیهانبینی مرۆڤپەرستانە، جگە لەوەی هەنگاوێکی ئیجابیە بۆ ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرە سەپاندنێکی فیکری لەلایەن دەستەوتاقم و حزبەکانەوە، دانانی لەمپەرێکی خاوەن مێژوویشە لەبەردەم دیدگا چینایەتی و شۆڕشگێڕیەکاندا، بەتایبەت ئەو ئایدیۆلۆژیانەی شیکردنەوەکانیان بۆ دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان لەسەر بناغەی دابەشبوونی کۆمەڵگا بە چین و توێژی جیاوازو ململانێ چینایەتیەوە بنیات دەنێن. بەپێی ئەو زانیاریانەی تا ئێستا سەبارەت بە«سیستەمی نوێ» دەست کەوتوون، نابێ لە هیچ کونجێکی ئەم دونیایەدا جیاوازی بخرێتە نێوان مرۆڤەکان و ڕەگەزەکانەوە لەسەر بنچینەی دیانەت و ڕەگەز و زمان و پێست ... هەر بەو پێیەش، جۆرە دەوڵەتێک جێی ڕەزامەندی «سیستەمی نوێ» یە کە ئاین بە تەواوی لێی جیابوبێتەوە و بە تۆمەتی بەشداربوون لە کۆمەڵێکی سیاسی و حزبیدا کەس سزا و ئازار نەدرێ.

«فرە حیزبی» تەوەرەیەکی تری سیستەمی نوێی جیهانیە و مەرجی بەشداربوون و وەرگرتنی پلەی ئەندامێتی لە جەمسەری ئەم سیستەمەدا، دانـنان و کارپێکردنی فرە حیزبی یە لە حاڵەتەکانی ئۆپۆزسیۆنی و دەسەڵاتدارەتیدا و لە چوارچێوەی پڕاتیکە سیاسیەکاندا. دیارە هەر بەو پێودانگەش ڕادانی گشتی و نهێنی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران و پەرلەمان لەسەر بناغەی جێگیربوی دیموکراسیەتی پەرلەمانی، ئەو پایەو بناغە سیاسیەن کە لە سەرتاسەری دنیادا«سیستەمی نوێ »لای جەماوەرە ژێر چەپۆک و سەرکوتکراوەکان خۆشەویست ترو پێویست تر دەکات.

ژێرخانی ئابووری «سیستەمی نوێی جیهانی» بازاڕی ئازادە. خاڵی سەرەکی و بناغەیی لە شێوە بەرهەمهێنانی بازاڕی ئازاددا، تێرکردنی گەروی بازاڕو خستنە مامەڵەی شمەکە مادیەکانی ژیان و پێداویستیەکانی مرۆڤە لەسەر کۆڵەکەی سوودی زیاتر بۆ ئەو دەزگا و دامەزراوە تایبەتیانەی لەلایەن خاوەن کارخانە و کارگەکانەوە بەرهەمهاتوون. بەپێی ئەو یاسایە، گشت شتێک ئازادە: خاوەن کارگە و کارخانە لەوەدا سەربەستە چەند بەرهەم بێنێ و چەندی لێ پاشەکەوت بکات، چەندیشی لێ بفرۆشێ و بخاتە بازاڕەوە. کرێکاریش لەجێی خۆی، بۆی هەیە کار بکات یان کارنەکات و بە بێکاری وەمێنێ و کەس فشاری بۆ نەهێنێ! لەیەک وشەدا: میکانیزمی«کڕین و فرۆشتن» بە سەرتاپای پێوەندە کۆمەڵایەتیەکاندا زاڵە و مۆری خۆی بەسەریاندا دەچەسپێنێ، بە ئەندازەیەک کە«دەوڵەت» لەم ڕژێمەدا تەنها ڕێکخەرێکی

یاساییەو جگە لەو جوغز و مەودایەی خودی پێوەندە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان بۆی دروستدەکەن ناتوانێ کاریگەرییەکی زیاتر دابنێ و لە ڕێگای ناسروشتیەوە شوختێک لە جەستەی میکانیزمەکە بدات و کاری تێبکات. هەر بەو شێوەیەش، لەم بازاڕەدا هەمووو دیاردە ئابووریەکان لەسەر کۆڵەکەی یاسایەکی نهێنی کە وەک دەستێکی غەیبی کۆمەڵگا دەجولێنێ دەچێنە پێش و کالاکان دابەش دەکات و لە شوێنی خۆیاندا جێیان بۆ دەکاتەوە. بۆ نمونە، سەرجەم ئەو دیاردانەی خوارەوە لە بازاڕی کڕین و فرۆشتنی سەربەستدا بە شێوازێکی میکانیکی ـ یان چاکتر بڵێین ـ «ئۆتۆماتیکی» لە چالاکیدان و داینەمۆی سەرتاپای سیستەم دەخەنە گەڕ لەهەر شوێنێک دا بێت:

**ـ چ شتێک پێویستە بەرهەمبهێنرێت و چەندی لێ بەرهەم بهێنرێ؛**

**ـ چ جۆرە تەکنیکێکی بۆ بەکار بهێنرێ؛**

**ـ چەندی لێ بەکاربهێنرێ و چەندی لێ پاشەکەوت بکرێ؛**

**ـ کێ دەبێ بەکاری بهێنێ؛**


**ـ تواناییەکانی بەرهەمهێنان و هۆکارەکانی بەرهەمهێنان وە هێزی مرۆیی لە چ حاڵەتێکدا و لە کام بەشی بەرهەمدا دەبێ بکەونە گەڕ؛**

**ـ کام تەکنیکە فڕێ بدرێ و چ ئامێرێک دەبێ جێ ی بگرێتەوە؟**

بەو پێیە، ئەو یاسا ئابووریانەی سەرەوە بە جۆرێکی عەفەوی لە هەناوی بازاڕدا کاری خۆیان دەکەن و بە فۆرم و سیمایەکی ئێجگار تێکچڕژاو و ئاڵۆزەوە لەنگەری کۆمەڵ لە ئاستێکی دیاریکراودا ڕادەگرن، وە بە پێچەوانەی ئەو سیستەمە ئابووریەی لە ڕوسیای سۆڤێتی و خۆرهەلاتی ئەوروپادا ساڵەها درێژەی کێشاو کاری لەسەرکرا وە لەوێدا تەنانەت بەرهەمهێنانی پارچە پەنیرێکیش دەدرا بە دەوڵەت تا داڕێژەرانی سیاسەتی ئابووری بڕیاری لەسەربدەن، لە بازاڕی ئازاددا خودی **بازاڕ** بڕیار دەدات و نرخ بە پێی ڕۆژ دیاری دەکات. بەو جۆرە ئەگەر لە ساڵەکانی چارەکی دووەمی ئەم سەدەیەدا ئابووریزانێکی وەک«جان مینارد کینز» (١٨٨٢ـ١٩٤٦)خولیای ئەوە بوو لە وولاتە گەورە و پێشکەوتوەکاندا «دەوڵەت» دەست بخاتە کاروباری ئابووریەوە و بە پێی هەلومەرج ئاقاری بۆ دیاری بکات، ئەوا لەسەروبەندی کۆتایی سەدەی بیستەمدا و بە هاتنەئارای «سیستەمی نوێ»، دەوڵەت و ئۆرگانەکانی دەسەلاتی سیاسی بە شێوەیەکی گشتی دەبێ خۆ لە میکانیزمی بازاڕ بکێشنەوە و ئەزمونیش سەلماندی کە پرۆسێسی بەدەوڵەتیکردنی ئابووری ئەگەر لە هەندێک فرسەتی مێژوویشدا دەسکەوتی بەدوای خۆیدا ڕاکێشابێ (وەک بیستەکان و سیەکان لە سۆڤیەت) ئەوا لە درێژماوەدا تێکشکان و پاشەکشێی مسۆگەر و ناچاریە و میکانیزمی« سروشتی» و جێگرتووی

**بازاڕ،** شوێنپێ بە چەسپاوترین و قایمترین بەرنامەی ئابووری دەوڵەتی لێژدەکات. بەم پێیەش، پایەکانی سیستەمی نوێ ی جیهانی بەمجۆرە داڕێژراون:

**ـ ئایدیۆلۆژی: دیموکراسیەت**
**ـ سیاسەت: پلوڕالیزم (فره حیزبی)**
**ـ ئابووری: بازاڕی ئازاد**




- ئازادی ڕێکخراوە و حزبایەتی
- ئازادی ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنی
-ئازادی بیرو ڕاو ئایین
- دان نان بەمافی چارەنووسی گەلاندا
-ڕێزگرتن لەمافی مرۆڤ.

-پێشبڕکێی حیزبی
-پەرلەمان
-دەستور.
-هەڵبژاردن.

- کۆنترۆڵ کردنی ئامڕازەکانی بەرهەم هێنان لە لایەن سەرمایەداری تاکەوە.
- بەرهەم هێنانی کاڵاکان بۆ بازاڕ(واتە قازانجی زیاتر).
- پشێوی لە بەرهەم هێنان و دابەش کردندا.
- هەبوونی قەیران . ڕکود . گەشە.
- بێ کاری(مزمن ـدەوری)
- بەرکارهێنانی تکنولوجیا بە بەرنامە

(*) ئەم وتارە لە لایەن بەشی ڕاگەیاندنی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی یەوە بە شێوەی نامیلکە چاپ و بڵاوکرایەوە.

# ونبوونی کوردەکانی پاکستان

## ( بیرەوریەکی کورت )

«کوردستانی نوێ» ژ ٣٥٩
١٩٩٣/٥/٩

ماوەیەکە چەند کەس لە هاورێ رۆشنبیرەکانم تێم ئاڵاون تا ئەو زانیاریانەی سەبارەت بەکوردە پاکستانیەکان لەمێشکمدان بیانخەمە سەر کاغەزو وەک ووتارێک ( یان زنجیرە ووتارێک ) بلاویان بکەمەوە. بێگومان ئەو کارە ئەرکێکی پێویست وگرنگە و رەنگە زۆر شتی شاراوەو تازەی بۆ خوێنەرانی کوردستان تێدابێت.

راستیەکەی من بۆ دووساڵی تەواو (٢٦مایسی ١٩٨٩ تا ٢٠مارتی ١٩٩١) لە بلوچستانی پاکستاندا وەک پەنابەرێکی سیاسی کورد، لەژێر چەتری پاراستنی UNHCR دا لەگەڵ نزیکەی دووهەزار کوردی ئاوارەو پەنابەری تردا ژیام و بەدەستپێکی راپەرینە مەزنەکەی ٩١، لەغەم و ژانەکانی ئەوان دابرام و تێکەڵ بەرووباری سەرەکی ئازارەکان بوومەوەو گەرامەوە کوردستانی ئازادکراو.

لێرەدا پێویستە ناونیشانی ووتارەکە روونتر بکرێتەوە کە سەبارەت بە «کوردەکانی پاکستان» ە، ئەویش بەو حوکمەی لەپاکستاندا جگە لە ئاوارەکانی خۆمان کوردی تریش هەن.

رەنگە بۆ خوێنەری «کوردستانی نوێ» سەیر بێ پێی بڵێین لە پاکستان و ئەفغانستان زیاتر لە ٤٠٠ هەزار کورد دەژین کە زمانەکەیان « براوی ـ براهوی ـ و بلوچی» یەو خۆیان لە من و تۆ بە کوردتر دەزانن و تەنانەت نازناوی زوربەشیان هەر «کورد» ە، وە هەر لە ئەندام پەرلەمانی ویلایەتەوە بیگرە تا دەگاتە سەرۆک حیزبی ناسراوو رۆژنامەنوسی هەڵکەوتو، لە ناویاندا هەیەو ئەوانەشیان کە هەستی نەتەوەییان سەر رێژەی کردوەو دەیانەوێ وردوو درشت بەکوردایەتیەکەیان بزانن، بەخەتێکی گەورە لەسەر دەرگای ماڵەکانیان نووسیەوە « فلان کورد»، بۆ نمونە «سەردار دینارخان کورد» کە سەرەک هۆزی کوردەکانی پاکستان و ئەفغانستان و هندستانە وای کردوەو خەڵکە

سـیـاسـی و ناسـراوەکـانـی پاکسـتـانیش هەر بەو ناوەوە دەیناسن. هەروەهـا «مـیـر عـەبدولرەحـمـان کـورد» یش کـە سـیـاسـەتمەدارێکـی ناسـراوی ویلایەتی بلوچسـتـانە بەهەمان شێوە ڕەفتار دەکات.

ئەم کوردانەی پاکستان پێیان وایە لە دێر زەمانەوە لەوێ نیشتـەجێن و ئەگەر کەسێک بیـەوێ لەڕووی مـێژووییـەوە ڕاسـتـیـەکـانیـان بۆ ڕونبکاتەوەو بڵـێت : ئێوە لەسـەردەمـی شـاعـەباسـی سـەفـەویدا کـراونەتـە سـپـەری حکومـەتی شـاهـەنشـای ئێـران دژ بە هۆزە ئەفغـانی و تاجیکیـەکان لە پێناوی پاراسـتنی سەڵتەنەتی ئێراندا، وە کراونەتە قـەڵغانی هەڕەشـەکـانی سـەر ئێران، زویر دەبن و دەڵێن: نەخـێر ئێمە چەند هـەزار سـاڵە لێرەین و ئەسڵەن خەڵکی تری ئەم وولاتە غەریبەن و لەوەتەی دنیا دنیایە کورد هـەر لەم دەربەندی « بۆلان» و « خوزدار» و « مەچ» ە دا ژیاوە (ئەوانە ناوی چەند شـوێنێکی جوگـرافیـایی کوردەکانی پاکستانە).

بەڵام ـ بەداوای لێـبوردنەوە لە خوێنەران ـ ئەم وتارە سـەبارەت بەو کوردانـە نیـە کـە بەقسـەی خۆیان چەند هـەزار سـاڵە لە پاکسـتـاندا دەژین، بەڵکو سـەبارەت بەو پەنابەرە لێقەومـاوو دەربەدەرانەیە کە لە نـاوەڕاستـی سـاڵی ١٩٨٨ و سـەرتای سـاڵی ١٩٨٩ دا لە ئێرانەوە ترازاونەتە پاکسـتـان و بـەندەش وەک کەسـێک لەوان دوسـاڵ هـاوبەشـی خـەم و دەربەدەریان بووم.

دڵنیـام زۆر کـەس دەزانێت کە بەرئەنجـامی ئـەنفـالی بەدناوو هێرشـی زەبەلاحی سـاڵی ١٩٨٨ بۆ سـەر هـ پ ک چەند تەئسـیـری سلبی کردە سـەر چارەنوسی گـەلی کـورد. بۆ ڕونکردنەوەی ڕەهـەندەکانی ئەو زەبرەی حکومـەتـی بەعس لەو یەک دووسـاڵەدا لەمیللەتی ئێمـەی داوە پێویسـتـیـمـان بەسـەدان ووتـارو دەیان کتێبە کە بەداخـەوە تاکو ئێسـتـا زۆر کەمیان لێ نوسراوە.

ئاشکرایە وەسـتـانـی شـەڕی عێـراق و ئێران ئەو دەرفـەتەی بـەڕژێم دا هـەرچی دەیەوێ بیکات و بەکورتی کورد بکاتە ئاردی ناو دڕک ، وە بەکردەوەش کەمی پێنەکردین.

یەکێک لە ئاکـامـە سیاسـیـەکـانی ئەنفالی ١٩٨٨ ، دوورکـەوتنەوە و تـەرەبوونی چەندان هـەزارکەس لە ڕۆڵەکانی گەلی کورد بوو، هـەر لە پاکستان و هندستان و چین ەوە بیگرە تـا دەگـاتەوە سـوید و نـەرویج و ئینگلیـسـتـان و ئەمـەریکا ، شـوێن نەبوە پێی کـوردی عێراقی نەیگاتێ و پشتێی دەربەدەری تیا نەکاتەوە.

پەنابەرانی کورد لەپاکسـتـان لەهەموو شتێک بێ بەشن. ئەوە بۆ پێنج سـاڵ دەچێت ئەو ژمـارە مـرۆڤـە لەوپەڕی بێدەرەتانی و دەربەدەریدا دەژین. قـوتابخـانە نیـە بۆ خـۆیان و زارۆڵەکـانیان، ئیمکاناتی ژیان لەوپەڕی کەمیدایە و دەنگ هەیە یارمەتیـەکەی UN یش لەو کـەسانە بڕاوە تەمـەنیان لە ١٨سـاڵ سـەروترە؛ ناتوانن هیچ جۆرە زمانێکی گرنگی

دنیــا بەئاســانی فـێــر ببن، دەرچون بۆ وڵاتێکی ئەوروپایی کــە ژیان تا ئەندازەیەک مـسۆگەر تربێت، چۆتـە ئاسـتی مـەحـاڵەکانەوە، لەکاتی هێرشی هـاوپەیمانان بۆ سـەر عـێـراق، وە لەو دەمــەدا کـە عـێـراق بەدرۆ (یان بەڕاست!) ئاڵای ئـیـسـلامـچـێـتی بەرزکردبۆوە، هێرشی خـەڵکی دواکەووتوی پاکسـتـان بەناوی ئیسـلامەتیـەوە بۆ سـەر پەنابەرانـی کـورد نـیـعـمـەتێکی تری ئاوارەیی بوو!.. لە ڕوداوەکـانی ئەو دەمـەیدا چەند کەسێک لێدانیان خورادو دوو ماڵیش سوتێنران.

سەرباری هەموو بەدبەختیەک کە ئێستا بۆ پەنابەری کورد لە پاکسـتان خوڵقاوە لەوەدا کــە گـشت دەروازەکــانی ئاســودەیی و ژیانـی مـرۆڤــانەیان لەســەر داخـراوە، ڕێگای گەڕانەوەش بەهەمان جۆر لێیان سەخت و ئەستەم کراوەو وەک تاقمی ناو دورگەیەکیان لێهاتوە کە بەهیچ کلۆجێک نەتوانن پەیوەندی لە گەڵ دنیای بەدەرلەخۆیان بگرن.

چوونە ئەورپا بە بـەهـانەی « ڕیسـەتلمنت» واتە نیـشـتـەجـێکران، لێیـان قـەدەغـەکراوە و دوای پێنج ساڵ ڕەنگە هەرتامیشی نەمابێ.

کوردە ئاوارەکانی پاکسـتان پێویستیان بەیارمەتی مرۆڤانە هەیە. ئایا ڕەوای هەقە لە سـەدەی بـیسـتـەمـدا مـرۆڤ بەناچاری واز لـە مـیللەت و خـاکی خـۆی بهێنێ و ببـێـتـە نیشتـەجێ و هـاوزمـانی گەلێکی تر؟ ئایە ڕەوایە ڕێکخـراوە مرۆڤ دۆسـتـەکانی کـورد و ئەوانەی باس لە مـافی مرۆڤی کورد دەکەن تا ئێسـتا تاقـە ووشـەیەکیـشیـان سـەبارەت بەو پەنابەرانە نەنوسیوە؟

چما ناکرێ حکومـەتی هەرێمی کوردستان داوا لە نووسینگەی کوردستانی UN بکات چارەیەک بۆ کوردە ئاوارەکانی پاکسـتـان بدۆزێتـەوە؟ ڕاسـتـە خـۆمـان لە کوردسـتـان گـرفـتـمان زۆرن، بەڵام گـرنگە لـەم کاتە نـاسکەدا خـوشک وبرا لێقـەوماوەکـانی خـۆمـان بیرنەچێتەوە...

# دەربارەی مێژوونووسی ـ هیگڵ
## (پێشەکی بۆکتێبێک)

**سلێمانی**
**١٩٩٤/١/١٦**

چەند مانگێک پێش جیاکردنەوەی بەشی هوشیاری و ڕوناکبیری لە مەڵبەندەکانداو شەرعیەت پێدانی وەک بەشێکی سەربەخۆ و خاوەن بەرنامەی کار، ئێمە (ئەو هەڤاڵانەی لە ڕاگەیاندنی مەڵبەنددا خەریکی کاری فکری بوین)، لە زنجیرەیەک دانیشتنی ڕەسمی و نارەسمی ناوخۆماندا ئەوەمان دووپات دەکردەوە کە پێویستە بۆ ئەم دۆخە نوێیەی **ی. ن. ک** و کوردستان، شتی نوێ بنووسرێ و بوترێ و ئامادە بکرێ. کەسمان لەسەر ئەو مەسەلەیە جیاوازیمان نەبوو، بۆیەش هەر هەڤاڵە ئەرکی ئەوەی لە ئەستۆ گرت کە خەریکی ئەنجامدانی بەرنامەیەکی تایبەت بێت بۆ ئیش و کاری فیکری خۆی تا لە کۆبوونەوەکانی بەشەکەدا (کە ئەودەم سەر بە ڕاگەیاندن بوو) بە پەسندی سەرجەم هەڤاڵانی بگەیەنێ و بۆ بڵاوکردنەوە ئامادەی بکات. هەر لەو سەروبەندەدا نامیلکەی **«کورتەیەک دەربارەی سیستەمی نوێی جیهانی»** مان ئامادەکرد کە هەرچەندە زۆر بە پەلەو کورت ئامادە کرابوو، بەڵام لەلایەن مەکتەبی ڕێکخستنی بەڕێزەوە زۆرباش هەڵسەنگێنرا و کردیانە بڕیار دەبێ لەسەرجەم مەڵبەندەکاندا بڵاوی بکەینەوە.

بێگومان هەر شتێکی «تازە» باش نییە، ئەوە مەسەلەیەکی بەدیهیە و پێویستی بە لێدوان نیە، بەڵام ترسان لە خستنەڕووی شتی نوێش بەڕاستی زۆر لەوە خراپترە. بۆچونەکەی ئێمە سەبارەت بە ئامادەکردنی شتی نوێ، وەک باس کرا، بووە بەرنامەیەکی شەخسی دەبوا هەرکەس خۆی بەدوایەوە بێ و ئەرکی بۆ بکێشێ. ئەوەبوو هەر لەو ڕوانگەیەوە (هەرچەندە ڕەنگە وەک «بدعە» لەقەڵەم بدرێ!) ئەم چەند لاپەڕەمان لە کتێبێکی **هیگڵ** ەوە کرد بە کوردی بەو هیوایەی سوودێکی هەبێ بۆ هەڤاڵانی ڕێکخستن و سەرجەم خوێندەوارانیش شتێکی تازەیان کەوتبێتە بەردەست.

لێرەدا بەپێویستی ئەزانم چەند ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بەم وەرگێڕانە و ئامانج لێی بخەمەڕوو:

١ــ وەرگـێڕانـی نووسـینی **هیگڵ** بۆ سـەر هـەر زمـانێکی زینـدووی دنیـا خـۆی لـەخـۆیدا موجـازەفەیەکی ئەدەبی و فیکریە، خۆ ئەگەر ئەو هـەوڵە بۆ کردنە کوردی نوسینی هێگڵ بێ ئەوا گرفتـەکە سـەدهێندە زیاتر ئەنوێنێ و وەرگێڕ دووچاری جـۆرەها چـەرمەسـەری ئەکات. زمـانی کوردی لەڕووی مـەفاهیـمی فەلسـەفی و زاراوەی فکری هێگڵی یەوە هیچ هەنگاوێکی نـەناوە، قامـوسێکی زانسـتی لـەبەر دەسـتدا نیـە کە بتـوانێ ڕێنیشـاندەری وەرگێڕان بێ بۆ کاری فەلسـەفی و فیکری، پێشینەیەکی واش کە زۆربەی نووسـەرانی کورد لە سەر دەقێک (لەباری فەلسەفەوە) یەکدەنگ بن لە ئەدەبیاتی نوسراوی کوردیدا نیە، بە کورتی جگە لە هـەوڵەکانی حەمید عەزیز، لە کورددا کەس بەلای دەقی نووسینی هێگڵ دا نەچووە، چ بـە وەرگـێـڕان بێ یاخـود بە نـووسین، بۆیـەش ئەرکی وەرگـێـڕی نووسـینی هێگڵ بۆ سـەر زمـانی کـوردی (کـە بە دانپـیـانـانی هـەمـوو شـارەزایـان هێگڵ خـۆشـی لە نووسـیندا پڕگرفت و ئـاڵۆز نووسـە) ئێـجگار قـورس و ڕچەشکێنانەیە، بەو حاڵەشـەوە، بە مەبەستی ئەوەی بیرکردنەوەی دیالەکتیکی و عەقڵانی هێگڵ لە کەلێنێکی هەرچەند بچووکیشـەوە بێت بە خوێنەری کورد پێشکەش بکرێ، ئەم چەند لاپەڕەیەمان ئامادەی چاپ کرد.

ئەم چەند لاپەڕەیەی دەیخوێننەوە بەشێکە لە کتێبێک ناونیشانەکەی بە فارسی بریتی یە لە **«عقل در تاریخ»** (واتە عەقڵ لە مێژوودا)، وەرگێڕانەکەی ئێمەش (٢٠) لاپەڕەیە لەو کتێبـە کە زەمینە خـۆشکردنە بۆ بـابەتی ئەسـڵی کە «مـێـژووی فـەلسـەفی جـیـهـان»ە و ناونیشـانی ئەم بەشـەش بریتـیە لە «جـۆرەکـانی مـێـژوونووسـین». هێگڵ لەم سـەرەتایەدا هـەوڵـئـەدات تـەعریفـێکی فـەلسـەفی لە ڕوانگـەی خـۆیەوە بۆ جـۆرەکـانی مـێـژوو نووسـین بخاتەڕوو وە دەیکات بە سێ بەشـەوە کە دوایین جۆری مێژوو نووسی لە دیدگای ئەوەوە **«مێژووی فەلسەفی جیهان»** ە. ئەو کەسـەی بتوانێ دراسـەی ئەو کـتێبـە گرنگە بکات ــ بەبڕوای ئێمە ــ بە تەواوی لە فەلسەفەی هێگڵی ئاشنا ئەبێت.

بەهەرحاڵ، مـەبەسـتمانە لێرەدا بڵێین لە زمـانی فارسیشدا نووسـینی هێگڵ هێندە زۆر نین. جگە لـە «عقل در تاریخ» (هێندەی من ئاگـام لێ بێ) تا ئەم سـاڵانەی دوایی تاکـو (١٩٨٩) تەنها (خدایگان و بندە) و (مقدمەای بر زیبائی شناسی) لە خودی هێگڵـەوە کرابوونە فارسی. دیارە لە زمانی عەرەبیدا مەسەلەکە زۆر جیاوازە و کەم کتێبی هێگڵ هەیە نەکرابێتە عەرەبی.

٢ــ بە حکومی زۆر هۆی جیاواز، لە ئەوروپای سەدەی ١٨ و ١٩ دا ئیمکانی ئەوە هەبوو درەختی «فـەلسـەفـە» و فیکری گشتگیر بێ ئاودانی حزب و دەوڵەت و هێزە بە حیساب «دنیـایی» یـەکـان یش نەشـونما بکات و بـەرهـەمی هەبێ. نموونە لەسـەر ئەو ڕاسـتـیـە

زۆرن: فیختە، فیورباخ، هێگڵ، کانت... ئەم فەیلەسوفانە ئەگەر نەکەوتبنە بەر ڕق و قینی بەگ و پادشا و میرێکی ئەو زەمانەی ئەڵمانیاوە، زۆر سادە ئەیانتوانی نەک هەر ئایدۆلۆژی فەلسەفی خۆیان فۆرمەلە بکەن، بەڵکو لەڕووی ئیداری و سیاسی یەوە کورسی زانکۆکانیشیان پێ دەبەخشرا و بە ڕێزەوە باس دەکران. بەڵام دۆخی کۆتایی سەدەی بیستەم لە کوردستاندا وێدەچێ جیاوازیەکی بناغەیی لەسەردەمی هێگڵ و فیورباخ و هاوەڵەکانی هەبێ، لێرە، بێ پشتگیری و کۆمەکی حزب و تاقمی پێشڕەوی کۆمەڵ، زۆر زەحمەتە فیکری فەلسەفی و لێکدانەوەی هەمەلانەی شتەکان و دیاردەکان بتوانێ لە بەهاری پڕ ئاشوب ولافاوی بەستەڵەکی سەدان زستانیدا، ڕێچکەیەکی ئارام و بێقرە بۆخۆی وەدۆزێ.

ڕەنگە هیچمان نەتوانین لەو بارەوە وەکو شاعیری ئازادیخواز و گەورەی سەدەی ١٩ی ئەڵمان، هانریش هاینە، مەسەلەکە ڕوون بکەینەوە. ئەو لەودەمەدا نووسیویەتی:

**« فەلسەفەی ئەڵمانی شتێکی مەزنە، کارێکە پەیوەندی بە هەموو توخمی مرۆڤەوە هەیە و تەنها دورترین نەوەکانمان دەتوانن حوکمی ئەوە بدەن ئایا ئێمە لەسەر ئەوەی کە پێش ئەنجامدانی شۆڕش فەلسەفەی خۆمان گەیاندۆتە چڵەپۆپەی تەواوی خۆی، شایستەی ستایشین یاخود مستەحەقی لۆمەین. بەڕای من میللەتێکی فیکرساغی وەکو میللەتی ئەڵمان دەبوا سەرەتا لە ڕیفۆرمە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانەوە دەستی پێ کردبا ئینجا خەریکی فەلسەفە بێ، بەڵام دەبینین تەنیا دوای کاملکردنی فەلسەفەیە کە ئێمە توانیومانە خەریکی شۆڕشی سیاسی بین: فیکر لە پێش کردارەوەیە، هەر وەک چۆن بروسکە لەپێش هەورەگرمەوەیە، بەڵام هەورەگرمەی ئەڵمانیش هەرچۆنێ بێ هەر ئەڵمانیە، ئەم هەورەگرمەیە لە سەرخۆیە و وردە وردە پێشڕەوی دەکات، بەڵام سەرئەنجام دەتەقێتەوە و ئەو دەمەش بە بیستنی قریشکەیەک کە لە مێژووی جیهاندا لە وێنەی نەبیسترابێ ئەوە تێبگەن کە هەورەگرمەی ئەڵمانی سەرەنجام بە مەبەستی خۆی هەر دەگات».**

مەبەستی هاینە ئاشکرایە. دەیەوێ پاساوی مەسەلەیەک بدات کە خۆشحاڵە لێی!! بەڵام بێگومان ئەوەی بۆ شاعیری ئەڵمانی جێی شانازیە، بۆ ئێمەی کوردی کۆتایی سەدەی بیست جێگەی بیرکردنەوەی قوڵ و هەوڵی درێژخایەنە: چی بکەین تا بناغەیەکی فیکری وا داڕێژین لەگەڵ ڕیفۆرمە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانماندا بگونجێ؟ کام شێوازە فکریە دەتوانێ مێشکی نەوەی داهاتوو پەروەردە بکات؟ ئەو نەوەیەی نە لە شۆڕشدا بەشداری کردوە و نە ئیمکانی ئەوەش هەیە سەرجەم ئەزمونەکانی شۆڕشی کوردی بۆ لێ بدرێتەوە تاکو لە هەستانەوەی کورد حاڵی ببێ؟ کام فیکری قاڵبگرتووی

عـەقـڵانی دەتـوانـێ سـەرچـاوەی داهێنانی سـیـاسـی و ئەدەبی بێ بۆ نـەوەی سـیـاسـی و ئەدەبی ئەمڕۆ و سبەینێ:

هێگڵ یا شپینگلەر؟

فیورباخ یاخود هایدیگر؟

مارکس یاخود گارودی؟

کـورد تەکانێکی مـێژوویی وای بـۆ پێشـەوە هاویشـتـووە کە پاشـەکشـەی مـەحـاڵە. ئاشـکرایە ئەوە سـەرەتایە بۆ زۆر هەنگاوی پێـویست تر. بەڵام دیسـان ڕێککردنی هەنگاوەکان و ڕیزکردنی عەقڵەکان لە ئاقاری بزاوتنی مێژووییدا، لە ئاقاری چۆمی بەفرکەی سەدەی بیست و بیست و یەکەمدا، مەسەلەیەکە بەڕاستی پێویستی بە بیرلێکردنەوە و تێڕامانە.

هەنگاومان ناوە بێئەوەی خۆمان بۆ هەنگاوەکانی ترمان بە تەواوی ئامادە بېینین؛ بیر لە قـریشکەی «هاینە» دەکەینەوە بێئەوەی ڕیزەکـانی خـۆمـان لێک هەڵواربێ و پاککردبێتەوە و هێگڵ و شپینگلەرمان خستبێتە سەنگەری شایستەی خۆیانەوە!

# نیکسۆن: جیهانی واقعی
# (ناساندن)

سلێمانی
١٩٩٤/١٠/١٠

ڕیچارد نیکسۆن یەکێکە لەو سیاسەتمەدارە دەگمەنانەی لە ئاستی جیهانیدا لێکۆڵینەوە و ناکۆکی زۆر لەسەر هەڵسەنگاندنی کەسایەتی پەیدا بووە. تاقمێک پێیان وایە کەتنی **واتەرگیت** ی نیکسۆن ئەوە دەهێنێ تاهەتایە بە تێکدەر و فێڵباز ناو ببرێ. دەستەیەکی دی لەسەر ئەو باوەڕەن گەر نیکسۆن نەبا گەرمبوونەوەی پەیوەندیە سیاسیەکانی ئەمریکاو چین خەیاڵێکی وەدینەهاتو بوو... بەهەرحاڵ، کەسانی وەک جیاب و گیڤارا بە تاقە دوژمنی مرۆڤایەتی یان لە قەڵەم داوە و «برتراند ڕاسل» یش بە «**چەپەڵترین نوێنەری سەرمایەداری**» ناوی بردووە.
دیارە ناشێ پێمان وابێت ڕای سەرانی کۆشکی سپی و پاشکۆکانی لەبارەی نیکسۆنەوە وا سلبی بێت ... بۆ نمونە، **هێنری کەیسنجەر** لە گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەنووسیدا سەبارەت بە نیکسۆن دەڵێ: « تاکو پێش ناسینی نیکسۆن، پێم وابوو سیاسەتمەداران کەسانی نەخوێندەوار و خەڵک تەفرەدەرن کە لە زانستی سیاسەت دا تەقەی سەریان دێت، بەڵام دوای ناسینی ئەو، لەو هەڵەیە دەرباز بووم!».
قسە و باس سەبارەت بە لایەنەکانی شەخسیەتی سیاسی نیکسۆن و ڕۆڵی ئەو لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا دوای بوونی بە سەرەک کۆمار و لە شەڕی سارد دا، دەیان و هەزاران لاپەڕەی لەسەر نووسراوە و دەنووسرێ. گرنگ ئەوەیە دوا بەدوای کەتنی «واتەرگیت» یش کە گلۆڵەی کەوتبوە لێژی و نزیک بو بە تەواوی لەبیربچێتەوە، بە نووسینی چەند کتێبێکی گرنگ بۆ سەران و شارەزایانی سیاسەتی ئیسپات کردەوە کە نیکسۆن تا دوا ساتی مەرگ کەسێکی پێوستەو دەبێ گوێی لێبگیرێ و مەیدان چۆڵ ناکات. نمونەیش بۆ ئەوە ئەو حەوت کتێبەن کە دوای لابرانی لە سەرەک کۆماری نووسیونی و بە قسەی یەکێک لە نووسەران بە باشترین بەڵگە نووسراوەکانی قۆناغی شەڕی سارد دادەنرێن.
ئەوەی لەم وتارەدا دەیخوێنیتەوە فەسڵی یەکەمی کتێبێکی **ڕیچارد نیکسۆن** ە سەبارەت

به وەزعی دنیا لە ڕوانگەی خۆیەوە کە دەتوانین بڵێین لە هەمان کاتدا ڕوانگەی بەشێکی خاوەن دەسەڵاتیش لە هەیکەلی دەسەڵاتی ئەمریکا پێک دەهێنێ.

دیارە خوێنەر دەزانێ ـ یان لامان باشە بزانێ ـ کە بیروڕای سیاسی نیکسۆن نەبوونە هاندەرمان بۆ وەرگێڕانی ئەم وتارە، ئەوەی هاندەری سەرەکی بووە نیشاندانی لێکدانەوەی ورد و دیالەکتیکیانەی وەزعی جیهانە کە نیکسۆن توانیویەتی بە شێوەیەکی گونجاو پەیویستبوونی دنیا بەیەکەوە ڕوونبکاتەوە و لە کاکڵەی ئەوەشدا بۆچوونی تازە و پێشنیاری عەمەلی بخاتەڕوو وە ئاسۆیەک بۆ سیاسەتمەدارانی وڵاتەکەی نیشان بدات، هەروەها توانایی بەرچاوی نیکسۆن یش لە شیکردنەوەدا بۆتە هۆیەک هەوڵدەین خوێنەران لە چۆنیەتی دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی سیاسی وڵاتە گەورەکان لە لایەن کۆنە سیاسیەکانەوە ئاگادار بکەینەوە.

ڕەنگە وتنی ئەو ڕاستیەش بێجێ نەبێ گەر بڵێین هیستریای دژە سۆسیالیستی نیکسۆن گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی گۆرباچۆفیش بە کۆمۆنیست بزانێ و ڕقی لەوەش بێ ژمارەیەک لێکۆڵەرەوە لەناو زانکۆکانی ئەمریکادا باس لە مارکسیزم بکەن، بەڵام ئەوە کەم تا زۆر لەو حەقیقەتە ناگۆڕن کە دیدی جیهانی ئەو لە زۆربەی شیکردنەوەکانیدا بۆ وڵاتە یەککگرتووەکان، وەک وڵاتێکی زلهێزی سەرمایەداری، عاقڵانە دێتە بەرچاو و سروشتی «سۆسیالیست» بوونی سۆڤیەتیش کە نیکسۆن زۆر پێی لەسەر دادەگرێ بەو واتایەیە تاکو ئێستەیش، بەداخەوە، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی نەیتوانیوە بەدیلێکی واقیعی بخاتە بەرچاو کە جێگەی ڕەخنە نەبێت و بە کردەوە سۆسیالیزمی بەرجەستە کردبێت و یەکسانی کۆمەڵایەتی لەناو مرۆڤەکاندا پیادە کردبێت.

بۆیە دەبینین هەزاران نووسەری وەک نیکسۆن بە چەپ و ڕاستدا ئەزموونی سۆڤیەت بە سەروچاوی مرۆڤایەتیدا ئەدەنەوە و وەک سۆسیالیزمی واقعی تف و نەفرەتی لێ دەکەن... بە کورتی لەگەڵ ئەو ژمارە دەستکەوتە کەمانەشدا کە ئەزموونی سۆڤیەتی هێناونیە ئاراوە، دەتوانین بە گشتی بڵێین نوێنەرانی سەرمایەداری خۆرئاوا زیاتر لە سەرحەق دێنە بەرچاو لەو ململانێیە سەرکەوتووانەی کە سەرمایەداری دەوڵەتی (یان سۆسیالیزمی سۆڤیەت)و سەرمایەداری نادەوڵەتی خۆرئاوا بۆ ماوەی زیاتر لە ٧٠ ساڵ پێوەی خەریک بوون. دەکرێ زۆرشت سەبارەت بە لەحنی حەماسی و خۆشبینانەی نوسەری «جیهانی واقیعی» فۆرمۆلە بکەین، بەڵام باشترە خوێنەران خۆیان ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرن و بە دوای بۆچونەکانی نیکسۆن دا بگەڕێن.

# پەیمانی هەشتەم: ئەرک و چاوەڕوانی
## (لە پەراوێزی دوایین ڕێکەوتنی یەکێتی و پارتی دا)

«کوردستانی نوێ» ژ ٨٦٠
١٩٩٤/١٢/١٢

سەرەنجام، دوای هەوڵ و کۆششێکی چەند مانگی و لێک ترازانێکی نیسبی پەیوەندیە سیاسیەکانی نێوان یەکێتی و پارتی، **ڕێکەوتنێکی نوێ** لە دایک بوو کە بە شێوەیەکی ڕەسمی و بە ئامادەبونی زۆربەی لێپرسراوانی حیزبی و سیاسی کوردستان و ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، لە پەرلەمانی کوردستاندا ڕۆژی ٢٤ی تشرینی دوەمی١٩٩٤دا نرخێنراو هەڵسەنگێنرایەوە و قسە و باسی جۆراو جۆری لەسەر کراو «مژدە»ی بەسترانی بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ڕاگەیاندرا.

ئەم پەیمانە نوێ یە، بە لەبەرچاوگرتنی وەزعی ئاڵۆزو قەیراناوی کوردستان، لە پێش هەر شتێک دا ئەرکی ئەوەی کەوتبووە ئەستۆ کە باری نائاسایی کوردستان بە مێژوو بسپێرێ و دەروازەیەکی نوێ بۆ نێوانی یەکێتی و پارتی بکاتەوە، بۆیەش بە جۆرێک دارێژراوە کە سەرەتا لە کێشە گشتی و مەترسیدارەکانەوە دەستپێدەکات و دواتر دێتە سەر مەسەلە گرنگ و حکومیەکان و، سەرئەنجام کۆمەڵێک بڕیار بەدەستەوە دەدات کە بە شێوازێکی دیاریکراو، وردتر لە جاران پەیوەندیە سیاسیەکانی یەکێتی و پارتی گوزارشت لێدەکات و، لە زۆربەی مەسەلە گرنگ وچارەنووسیەکاندا بە ڕاشکاوی بۆچوونی ئیسپاتی دەخاتە ڕوو.... دواتریش، لە شێوازی پێکهێنانەوەی کابینەی حکومەتەوە تادەگاتە مەسەلە ئەمنی و ئابووریەکان کێشەیەک ناهێڵێتەوە کە بە خاڵێک ـ یان خاڵێکی پەراوێزی ـ لێی نەدوابێ و بە کۆنکرێتی بڕیاری هەردوولای بۆ فۆرمۆلە نەکردبێ.

ئەگەر ئەم پەیمانە بتوانێ لانیکەم ئاشتیەکی سەقامگیرتوو لە کوردستاندا جێگیر بکات، یاخود بە ئەندازەیەکی پێویست جدیەت بدرێ بە جێبەجێکرانی لەلایەن هەردولاوە، دەتوانرێ بە پەیمانێکی سەرکەوتوو (بە پێوانە لەگەڵ پەیمانەکانی

پێشووتر) دابنرێ، چونکه بەدیهیه ئەگەر پەیمان و ڕێکەوتنەکانی چەند ساڵی ڕابردوی نێوان یەکێتی و پارتی ڕێوشوێنی خۆیان گرتبا و جێبەجێکرابان ئەوا «پەیمانی هەشتەم» فەلسەفەیەکی بۆ هاتنەمەیدان پێ نەدەبوو.
بەهەرلێکدانەوەیەک بێ، ئیجابیەتی ئەم پەیمانە بۆ هەمووان ڕوونە و لە دۆخی چەند مانگی ڕابردوی کوردستاندا نەبوونی ڕێکەوتنێکی لەو چەشنە دەبووە جێگای ڕەخنە و گازاندە، بە تایبەت لەو ڕووەشەوە کە ئەم جارەیان لێپرسراوانی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار ئەو حەقیقەتەیان زۆر بە ئاشکرا ڕاگەیاند کە «شەڕ» ڕەفتارێکی نەفرەتلێکراوە و دەبێ بنبڕبکرێ، هەروەها مەسەلەکە گەیشتۆتە ڕادەیەک بڵێن :
**«زەرورەتی ئاشتی لەو ئاستەدایە کە پێویستە پەنابردنەبەر چەک ببێتە وەهمێکی تۆقێنەر و ڕوانینێکی بێزاراو و قێزلێکراو»**( سەرەتای پەیمانەکە)
بەو جۆرە، دەستنیشانکردنی بناغەی کێشەی نێوان یەکێتی و پارتی بەو ڕاشکاویەی باسکراوە، بەو واتایەیە کە نیازی ئاشتی و زەرورەتی چەسپاندنی، لە مێشکی لێپرسراواندا گەیوەتە ئەو ڕادەیەی قسەکانی **کاک کۆسرەت** لە هۆڵی پەرلەماندا زیاتر لە گوێ دا بزرنگێتەوە:

**« ئومێدەوارین لە داهاتودا هەمو خەڵکی کوردستان چۆن ئەمڕۆ دڵیان خۆشە بە ڕاگەیاندنی ئەم ڕێکەوتننامەیە، لە کارکردن و ڕەنگدانەوەیشدا هەموو لایەک هەست بکەن بە ڕاستی ئەو ڕێکەوتنە مێژووییە ڕێکەوتنێکی ڕاستەقینەیە».**

ئومێدخواستن بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان هەروا بە دڵخۆشی بمێننەوە ئەو واتایەشی هەیە کە ئەگەری لێکترازانی ئەم ڕێکەوتنەش، وەک ئەوانی پێشوو لە ئارادایە، دەنا **سەرۆکی حکومەت** و یەکێک لە بەشدارانی داڕشتنی ئەو ڕێکەوتنە بەو شێوازە سەبارەت بە مەسەلەکە نەدەدوا، بە تایبەتی کاتێک دەڵێ: **« لە کارکردن و لێکدانەوەیش هەموو لایەک هەستبکەن بەڕاستی ئەو ڕێکەوتنە مێژووییە ڕێکەوتنێکی ڕاستەقینەیە»**... دیارە لێرەدامەبەست لە«هەموو لایەک» خەڵک نیە، چونکە پێشتر ڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ خەڵک کرابوو، ڕاستیەکەی مەفهومی «هەموو لایەک» هەردوو حزبی دەسەڵاتدارە کە گومان دەبرێ هەست نەکەن بەوەی ئەو ڕێکەوتنە ڕێکەوتنێکی ڕاستەقینەیە!
هەبوونی دو دڵی بەرامبەر بەم ڕێکەوتنە مێژووییە لە واقیعدا هەق و بەرهەستە و لە کەس ناشاردرێتەوە، ئەوە ڕاستیەکەو لەناو خودی هۆڵی پەرلەماندا لە زمانی کەسانێکی ڕیش سپی سیاسەتەوە بیسترا، وە گوێگرتنی گشت ئامادە بووانیش بەو

جددیەتەی لە پەرلەماندا بیندرا بۆ کاک عەزیز محەمەد، بەڵگەی ئەوە نەبوو وتەکانی ئەو سوعبەت و قسەی خۆشن (کە بە ڕواڵەت لەسەرەتاوە وا دەهاتە بەرچاو)، بەڵکو ئەوەیان دەرخست قسەکانی ناوبراو **قسەی دڵ** ی زۆربەی هەرە زۆری خەڵک و بەڕێزانی ناو هۆڵی پەرلەمان بوو. بۆیە زۆر پێویستە شارەزایان و نووسەران و سیاسەتمەدارانی میللەتەکەمان بە چاوێکی دووربینی و مرۆڤانەوە سەرنج بدەنە ئەم ڕووداوە سیاسیەو ئەو هۆیانەی گومان لە شکستهێنانی زیاد دەکەن دەستنیشان بکەن و بخەنە بەرچاو تا میللەتی کورد دوایین وزەو ئیمکاناتی خۆی بخاتە گەڕ لەو کارەساتە خەماویانەی چەند مانگی ڕابردوو نزیک نەکەوێتەوە و دووچاری زەلیلی و شکستی مێژوویی لەوە زیاتر نەبێ.

زۆر مەسەلەی گرنگ و چارەنووسی لە پێوەند لەگەڵ «ڕێکەوتنی هەشتەم» دا دەلوێ بخرێتە بەرباس و لێکدانەوە: **شەڕ و ئاشتی، زەمینەکانی شەڕ، هۆیەکانی بنبڕکردنی، دیموکراسیەت، مافی مرۆڤ، چارەنووسی مێژوویی کورد دوای نەمانی شەڕو باری ئابووری کوردستان** و... بەو ئومێدەی کەسانێک پەیدا ببن هەروا چاوەڕێ ی «زەمان» نەبن بە تەنیشتیاندا تێپەڕێ و پێیان وابێ موعجیزەیەک پەیدا دەبێ وگرفتی کورد لە کوردستانی عێراقدا چارەسەر دەکات.

هیچ موعجیزەیەک لەئارادا نیە... تاقە هیوایەک ببێتە هۆی چاککردن و ڕزگارکردنی مرۆڤی کورد لەم تراژیدیە دەستکردەدا هیممەتی ئەو کەسانەیە دەیانەوێ وەزع بگۆڕن و بۆ ئەو مەبەستەش پشتێنیان قایم کردوەو بڕیاریان داوە کۆڵ نەدەن. چارەنووسی سیاسی کورد لە کوردستانی عێراقدا ئەوە دەهێنێ هەریەک لە ئێمە زۆر بە ووردی و قوڵی بیری لێ بکەینەوە: تێبگەین کە نغرۆبوونی ئەم کەشتیە بە مانای نغرۆ بوونی **«یەک کەشتی»** نیە، بیر لەوە بکەینەوە ئەو متمانەیەی سێ ملیۆن و نیوکەس بەخشیویانە بە حزبەکانی ئێمە هەروا بە هەوانتە لە دەستی نەدەین، لە فیکری ئەوەدابین وەزعی مرۆڤی کورد لە بارەی عەدالەتی ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە ئەوە دەهێنێ زۆر شت بە زۆری ئاگر و ئاسن و یاسا بچەسپێنین و ڕێگا نەدەین تاقمێکی دیاریکراوی کۆمەڵگەی کوردستان بە کەیفی خۆی تام و لەزەت لەهەرچی خوا داویەتی بکات و زۆربەی خەڵکیش لە کێڵگەکانی دانەوێڵەدا بە دوای چەند دەنکە گەنمێکەوە وێڵ و سەرگەردان بن، تەگبیر لەوە بکەین ئەو هێزە شەڕخوازەی ئێستا لە کوردستاندا دروست بووە و خوازیاری شەڕ و خوێنڕێژیە بێدەنگ بکەین و دەسەڵاتی سیاسی یان لێ وەستێنین و ڕادەیەک بۆ سەلاحیەت و بڕیاریان دابنێین، هوشیاربین لەوەی کە ئێمە خەڵکی سیاسی و جددین و دەتوانین ئەوەی دەمانەوێ بیکەین ئەنجامی بدەین،

هەوڵدەین بە کردەوەش لە دژی ئەو بازرگان و سەرمایەدارانەی کوردستانیان بۆ خەڵک کردۆتە دۆزەخ وەک شمشێرێکی تیژ ڕاست ببینەوە و گوێ نەدەینە هەراو هۆریای «دیموکراسی» بەتاڵ کە جگە لە زیانی میللەتی کورد تا ئێستا دیاریەکی تری پێ نەبووە.

بەو هیوایەی «پەیمانی هەشتەم» لە ئاستی چاوەڕوانیەکانی خەڵکدابێت و ئەرکەکانی خۆی وەدی بهێنێت.

# حاجی قادر و پەیامی مێژوویی ونکراو

«کوردستانی نوێ» ژ٣٨(چاپی لەندەن)
١٩٩٧/٩/٢٢

ئێوارەی یەکشەممەی ڕابردوو، مەڵبەندی ڕۆشنبیری کوردی لەندەن، کۆڕێکی بۆ سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیری کورد کاک سەلاحیدین موهتدی لە هۆڵی کوردستان ڕێکخست. کۆڕەکە تایبەت بو بە کوردایەتی لە شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی داو لە لایەن کاک ئەسعەد نەقشبەندی و خاتوو پەروینی موشیروەزیری یەوە پێشکەش کرا.
کاک سەلاح بە زمانێکی ئەدەبی و بە قووڵبونەوەیەکی هەمەلایەنەی سیاسی و فەلسەفی لە حاجی، وە پێکەوە ژیان و ئاوێتەبونێکی زیاتر لە ٤٠ ساڵی درووني، حاجی قادری بە ئامادە بووان ناساند... داستانی ژیانی حاجی و ڕێبازی سیاسی و چۆنیەتی پەروەردە بوونی ئایدیۆلۆژیای «کوردستانی بوون» لە هەناوی حاجی دا، بەشێکی چڕوپڕی باسی کۆڕەکە بوون.
کاک سەلاح مەبەستی نەبوو باس لە وردەکاریە ئەدەبیەکانی حاجی و سەجع و قافیەی شیعرەکانی بکات. بۆیە یەکسەر چووە سەر کرۆکی مەسەلەکە: **کوردایەتی مۆدێرنی حاجی قادر**.
ئەم بابەتە دەبوو ساڵەها پێش ئێستا باس کرابایە، بەڵام کاک سەلاح دەستپێشکەری کرد و بابەتەکەی خستەوە بەرباس و پرسیارو وەڵام و دوو سەعات ئامادەبووانی سیمینار، چ لە عاست لێکدانەوە وردەکانی کاک سەلاح و چ لە عاست دەنگی خاتوو پەروین دا کە جارجار شیعری حاجی دەخوێندەوە کش و مات بوون. بە قسەی ژمارەیەک لە ئامادە بووان، تا ئێستا لە کەم کۆبونەوەی سیاسی و ئەدەبیدا بێدەنگیی لەم بابەتە بینراوە.
سەبارەت بە دابەشکرانی کوردستان و وەزعی ئەمڕۆی کورد بە دەست دوژمنەکانیەوە، هەروەها کوشتن و بڕین و تواندنەوە، ئیهانە و سووکایەتی پێکردن و برسیکردن، سەرباری ئەو هەمووانەش هەلومەرجە دژوارەکانی ناو کورد خۆی... کاک سەلاح بە زمانی حاجی و حاجی قادر بە زمانی کاک سەلاح مهتدی لەم سیمینارەدا دوان و ڕایانگەیاند: کوردایەتی مۆدێرن بە هیچ جۆرێک ئەوە نیە ئەمڕۆ لەگۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا مەیداندارە، بەڵکو شتێکی ترو بابەتێکی ترە. ئاواتێکە کە لە ساڵی ١٧٨٩

و ساڵانی دواییدا له فەرەنسا هەزاران کەس، لەوانە **کامیل دیمولن و رۆبسپێرو مارا** به شانازیەوە ملیان بۆ خستە ژێر«گیوتین » ەوە... ئاواتێک کە پێی دەوترا: **«ئازادی، یەکسانی، برایەتی»** نەک **ژێردەستی و چەوسانەوە و براکوژی.**
زمان و دوانی کاک سەلاح لەم سیمینارەدا به دڵی حاجی قادر بوو، رێکو ڕەوان کە بەڕاستی« شیرینتر بوو لە هەنگوین». ڕەنگە زۆرمان لە خۆمان بپرسین: چما لە نێوان «کوردایەتی مۆدێرن» ی حاجی قادر و«کوردایەتی باو» یاخود« تەقلیدی» دا جیاوازی هەیە؟ موهتەدی لە بەرامبەر ئەم پرسیارەدا بێوەڵام نەبوو. بۆ سەلماندنی ئەم جیاوازیە، چەندین شیعری توندی حاجی کردنە بەڵگەو ئاشکرای کرد حاجی پێش نزیکەی ١٥٠ ساڵ پرۆژەیەکی گشتی و هەمەلانەی وای فۆرمۆڵە کردوە ئەگەر گوێی لێ گیرابایە یان پێڕەوی کرابا کارەسات نەدەگەیشتە ئەم ڕادەیەو چارەنووسی سیاسی کورد بە ئاقارێکی ئێجگار جیاوازتردا هەنگاوی دەنا.
موهتەدی لەم بوارەدا ناوی هیچ حیزب و گروپ و لایەنێکی کوردستانی نەهێنا. بەڵام لە هۆڵی سیمینارەکەدا کەس نەبوو لە حاجی و خاوەن سیمینار حاڵی نەبووبێ!
ئەوەی ئاقارێکی زۆر عاتیفی بەخشیە ئەم کۆڕە ئەدەبی و سیاسیە، شیعرەکانی حاجی بوو بە دەنگی خاتوو پەروینی موشیروەزیری. حاجی لە ژیانیدا تکاو ڕجای لە کەس نەبوە و پاڕانەوەی لاعەیب بووە. بەڵام پێدەچوو لە حاڵەتی ئەم کۆڕەدا حاجی قادر پێش چەند ساتێک تکاو ڕجایەکی گەرمی لە خاتوو پەروین کردبێ و پێی وتبێ: « **ئەگەر شیعرەکانم ئاوا ناخوێنیەوە، تکایە مەیانخوێنەوە!».** بۆیە ئەویش بە دڵی حاجی شیعرەکانی دەخوێندەوە. بایەخی ئەدەبی وسیاسی سیمیناری «حاجی قادر» لە کۆمەڵگای کوردی لەندەن دا کەموێنە بوو ئەگەر نەڵێین بێوێنە بوو: موهتەدی بە زمانی عەقڵ و فیکر پەیامێکی مێژوویی گومکراو و ڕەسەنی ڕوون کردەوە کە ماوەیەکی دوورو درێژە هەقی باسکردنی هەیە و کاتی گەیاندنی هاتووە.

# هەڵبژاردنی ئێران و «هەڵبژاردن» ی کورد

« پەیام» ژ٢ (لەندەن)
١٩٩٧/١٠/٢

ئێران وولاتێکی گەورەیە و کوردستان، چ ئازاد بێ چ ژێردەست، ناچارە فایلێکی قەبە بۆ پەیوەندی و تێڕوانینەکانی خۆی لە بەرانبەر ئەو وولاتە پەنجا ملیۆن کەسیەدا بکاتەوە. شۆڕشی ١٩٧٩ ی ئێران وەچەرخانێکی مەزنی لە پەیوەندیە سیاسی و جیوپۆلیتیکیەکانی ناوچەکەدا پێک هێنا. سەرەکیترین دیاردەی ئەو وەرچەرخانە، گۆڕانی ئێران بوو لە پایەگایەکی قایم و تۆکمەی خۆرئاواو ئەمەریکاوە بۆ سەنگەرێکی دژایەتیکردنی بەناو «شەیتانی گەورە».

ناوەڕۆک و کاکڵەی ئەو سیاسەتەی سەرانی شۆڕش لە دوو دەیەی ڕابردوودا بەرامبەر خۆرئاوا گرتیانە پێش، لە حەقیقەتدا چی بووەو کاردانەوەی خۆرئاواو ئەمەریکاش لە عاست ئەو سیاسەتە تازەیەدا چ شێوەیەک بووە، جێگەی باسی ئێمە نیە و ناتوانێ لەم چەند ڕستەیەدا جێگای ببێتەوە، ئەوەی دەشێ لێرەدا بوترێ ئەوەیە: پەیوەندی ئێران و خۆرئاواو ئەمەریکا لە ماوەی هەژدە ساڵی ڕابردوودا سروشتی نەبووە و بەردەوام « شعرە معاویە» ی بیر سیاسەتمەداران و شارەزایان و لێکۆڵەرەوان هێناوەتەوە. ئەم حاڵەتەش، بێگومان، لەبەرژەوەندی گەلانی ئێراندا نەبووە و زەرەرمەندی یەکەم لەو نێوەدا چینە زەحمەتکێش و ڕەنجدەرەکانی ئێران بوون.

لەسەرەتای مانگی ئایاری ئەمساڵدا ئێران هەڵبژاردنێکی پەرلەمانی گرنگ و چارەنووسی بەخۆیەوە بینی. لە کاتێکدا زۆربەی هەرە زۆری ئایەتوڵڵا و حجەالاسلام مەلا پلە یەک و دووەکان دەیانویست سەرۆکی شورای ئیسلامی، ناتقی نوری، لە هەڵبژاردندا دەربچێت و پۆستی سەرۆک کۆماری وەربگرێ، وە لەم بوارەدا تەنانەت ڕێبەری مەزهەبیی وڵاتیش (خامنەیی) ناڕاستەوخۆ ڕایگەیاند کە ناتقی نوری

شایستەی **سەرۆک کۆماری** یە... ئا لەو کاتەدا، بێ لەبەرچاوگرتنی ئامۆژگاریە جۆراوجۆرەکان، بیست ملیۆن کەس دەنگیان دا بە هەڵبژاردنی د. محەمدی خاتمی کردیانە سەرۆک کۆماری ئێران. هەڵبژاردنی ئێران بەو جۆرەو لە کاتێکدا هەردوو باڵی توندڕەوی ئیسلامی، خامنەئی و نوری و، بەناو لیبرال، ڕەفسنجانی و خاتمی، لە ململانێیەکی ئاشکراو نهێنیدان بۆ وەرگرتنی پۆستە گرنگەکان و ئاژۆتنی ئێران بەرەو ئەو دنیایەی دەیانەوێت، نەک هەر سەرنجی ڕۆژنامەنووس و میدیای جیهانی ڕاکێشا، بەڵکە تەنانەت ڕیزەکانی ئۆپۆزسیونی ئێرانیشی بەرەو ژاوەژاوو هەراو هۆریایەک برد کە ڕەنگە تا ماوەیەکی درێژ نەتوانن پێناسێکی تازە بۆ سیاسەتەکانیان بدۆزنەوە.
پوختەی باس دەشێ ئاوها بێت: لە کاتێکدا ئێران لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا لە پەیوەندیەکی ناکۆکدا ژیاوە لەگەڵ هێزە هەرە گەورەکانی دنیاو پاڵپشتیی ئەوانی لەگەڵدا نەبووە؛ لەکاتێکدا ئێران بە ئاشکرا دوو فراکسیونی ناکۆکی سیاسی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە و هەر یەک لەو دوو باڵە بە دەیان ڕۆژنامەو گۆڤار بۆ داکۆکیکردن لە بیرو باوەڕەکانیان بڵاو دەکەنەوە؛ لە کاتێکدا جەماوەری ئێرانی بە پێچەوانەی باڵی دەسەلاتدارەوە، (بە وتەی د. محەممەد ندوشن) «سەرۆکی کتێبخانەی نیشتمانی» دەکەنە سەرۆک کۆمار و گوێ بە ڕێنوێنیەکانی ڕێبەر نادەن، وە لە بارێکدا کە ئێران بە تاوانی تیرۆریزم و میکونۆس لەژێر فشارێکی نێو نەتەوەییدا لە مەنگەنە دراوە، توانیان لەسەر هەڵبژاردنی خاتەمی یەکدەنگ بن و لانیکەم تا ئێستا سەرجەم باڵ و هێزە ناکۆکەکان لەسەر پابەند بوون بە سەرۆک کۆماری ئەوەوە متەقیان لێ نایەت. کەچی کورد لە کوردستانی عێراقدا لەگەڵ ئەوەشدا کە پشتیوانی هێزە گەورەکانی دنیایان لەگەڵدایە و هاوکاری جەماوەری خەڵکیان بەدواوە بووە و سەدان ڕۆشنبیرو تێکۆشەر (لەبەر ناسکی وەزعەکە!) نایانەوێ سەنگەریان لێ بگرن، ناتوانن لەسەر دانانی سیاسەتێک یەکدەنگ بن کە هەموو لایەک قبوڵیان بێ و کورد لە مەینەتی و ڕەزیلی و کولەمەرگی ڕزگار بکات و کۆتایی بە خوێنڕشتن بهێنێت.
ئەگەر کەسانێک پێیان وابێ ناکۆکییەکانی ناو ئێران هێندەی ناکۆکییەکانی ناو کوردستان قووڵ و ڕیشەدار نین، لەڕاستیدا زۆر خراپ کێشەیان لێکداوەتەوە.
لە حاڵێکدا ناکۆکییەکانی وولاتی ئێمە تەنیا لەکاتی شەڕدا هەڵدەتۆقن و هیچ فەیلەسوفێک ناتوانێ فۆرمەلەیان بکات و دورایەکانیان دیاری بکات، ململانێی دەسەلات لە ئێراندا زۆر ووردتر و سیاسیانەتر چۆتە سەر ڕووی ڕۆژنامەکان و هەر لایەنە بۆچونی تایبەتی لە مەڕ سیاسەتی دەرەوە، سیاسەتی ئابووری، سیاسەتی فەرهەنگی و ... بە کاملی خستۆتە ڕوو.
بە هەرحاڵ، ئەگەر کورد نەیەوێ لەوە زیاتر لە ئۆقیانووسی ململانێی ناوخۆییدا غەرق

ببێ و حیزبەکانیش نەیانەوێ لەوە زیاتر چارەڕەشی بکەن، دەبێ و پێویستە بیر لە زەمینەیەکی نوێ بکرێتەوە بۆ ئاشتی و ڕێککەوتن.

دوو ساڵ و چەند مانگێکمان ماوە بگەینە سەدەی بیستویەکەم، زۆر شەرمە بۆ سیاسەتمەداری کورد بیر لەوە بکاتەوە تەنیا لەشکرەکەی خۆی ژێر نەکەوێ و هیچ لە فکری ئەوەدا نەبێ ئەو گوندەی خەریکە قارەمانێتی تێدا دەنوێنێ بەرگەی پێکدادانی چەند ساڵەی دوو لەشکری چلێس ناگرێ.

هەڵبژاردنی ئێران سەلماندی ئێرانییەکان دەزانن کێ هەڵدەبژێرن؛ سەرانی دەسەڵاتداریش زانیان چۆن گوێ بۆ ئەو هەڵبژاردنە شل بکەن، «هەڵبژاردن» ی کورد تا ئێستا لەسەر شەڕو حاڵەتەکانی شەڕە، پێداگرتنە لەسەر خواستی دەسەڵاتدارانی کورد نەک ئەوەی میللەت بیری لێ دەکاتەوە و خەونی پێوە دەبینێ کە بریتیە لە: **ئاشتی و ئاسایش، ئازادی و ژیانێکی دوور لە بەعس و برسێتی**.

# کوردستانی عێراق:
# «سەرۆکپەرستی» و ئاسۆی تاریک!

«پەیام» ژ٣و٤(لەندەن)
١٩٩٧/١١/١٠

ئەو فرسەتە ئاڵتونیەی شەڕی ئەمریکا و هاوپەیمانان بۆ حیزبە ناسیونالیستە تەقلیدیەکانی کوردستانی خوڵقاند، لە گشت ڕوویەکەوە ناوەڕۆک و کانزای ئەم حیزبانەی بە خەڵک و دەرودراوسێ و جیهان ناساند: چۆنیەتی «خەبات» لە دژی بەعسییەکان، چۆنیەتی «بەڕێوەبردن» ی کاروباری خەڵک، شێوازی دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەت؛ کە لە یەکەمیاندا بە «ماچ» درێژەی پێدرا و لە دووەمیاندا بە سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکانی ١٩٩٢و، لە سێیەمیشیاندا بە دزی و ساختەکردن لە پەنجە مۆری کاغەزەکانی هەڵبژاردن و لە هەمووشیان خراپتر: لە دابەشکردنی پەنجا بە پەنجای کورسییەکاندا. سەرئەنجامیش «شاکار» ی حیزبەکانمان خۆی دەرەوشاندەوە: **شەڕی ناوخۆیی.**

گەڕان بەدوای ئەوەدا **کێ بۆ یەکەم جار** لەشاری قەڵادزێ و لە گەڕەکی «هێرۆییەکان» تەقەی لە تفەنگەکەی هەڵساند: عەلی حەسۆ میرخان و پاسەوانەکانی یان مام جوتیارو خزمەکانی، هەر بە ئەندازەی ئەوە گرنگە بزانین **پێش شەڕ** ژمارەی ئەو عەشیرەت و «پیاوماقوڵ!» انەی لە هۆڵەکانی قەڵاچوالاندا کۆدەکرانەوەو گوێیان لە چۆینییەتی ئاوەدانکردنەوەی مزگەوتەکانیان دەگرت، ژمارەیان زۆرتر بووە یاخود ئەو فەرماندە عەسکەری و کۆنە موستەشارانەی لە شیلادزێ و ئاکرێ وە سەردانی سەلاحەددینیان دەکرد و لە ژوورە کەشخەو داخراوەکاندا لەگەڵ سەرۆک دا «وتووێژ» ی جۆراوجۆریان ئەنجام دەدا و وێنەی یادگارییان دەگرت!

ئەگەر لەو زەمینە سازییە سیاسیەش بترازێین و ئاکامەکەی بە هەڵایسانی شەڕی ١ ی

مایسی ١٩٩٤ دابنێین، ئەوا دەزانین لە هاوینی ١٩٩٦ وە هێزەکانی ئێران بانگهێشت کران بچنە سەر شاری کۆیە و دەست بوەشێنن. کوژرانی سەد کەس یا نەکوژرانی هیچ کەس، تۆزقاڵێک لە ناوەڕۆکی «هەنگاو» مکە ناگۆڕێت و دەری دەخات کە «کانزا» ی ڕێگە پێدەران هێندە ڕەق و تۆکمە نەبووە و نیە.

پارتی دیموکراتی کوردستان کە پێی وابوو لەسەرەتای هەڵایسانی شەڕەوە غەدری لێکراوە، وای دەردەخست، لانیکەم بە ڕوواڵەت، بۆ سازکردنەوەی پەرلەمان تەنانەت ئامادەی «چەپرەوی» کردنیشە! بۆیە فرانسۆ حەریری فەرمووی: ئامادەین ئەگەر لەگۆڕەپانی ئاژەڵفرۆشتنیشدا بێت بۆ مەسەلەی پەرلەمان دانیشتن بکەین!

پارتی حاڵەتی «نە ئاشتی نەشەڕ» ی درێژە پێدا و گرووی لە چۆڵکردنی هەولێر گرت، یەکێتیش، بە حوکمی کانزاکەی! گوێی لەم داوایە نەگرت و لێکدانەوەی هەڵەی بۆ خواستی پارتی خستە ڕوو وە بە لەخۆ باییبوونی لە قەڵەمدا. بۆیە یەکێتی ویستی ئەم «غرور» ەی پارتی بشکێنێت و بێگوێدانە پرنسیپە باسکراوەکان و پەیوەندیە سیاسیەکانی ناوخۆی و ناوچەکە و هاوسەنگیە نێونەتەوەییەکان، هێزێکی گەورەی لە کێلێ وە بەرەو مەهاباد، شنۆ، کێلەشین ـ سیدەکان بەڕێ کرد و چاوەڕێی بروسکەی شکاندنی کەللەی ڕەقی«دوژمن» بوو!

پارتی ئەم خیانەتەی ناحەزەکانی بە فرسەتێکی زێڕین بینی: خۆی بە خەتی سووردا دا و«مشکورا» سەددام و حەرەس جمهوری هێنایەوە پایتەختی هەرێم.

بازنەی شەڕی سەرۆک و سەرکردەکان بەم جۆرە لە خولانەوەدایە: ڕۆژ بەڕۆژ هەنگاوەکانی خیانەت و چوونە نێو زەلکاوی نەگەڕاوە خێراترو، ڕافتارەکان نزمتر و، ڕەوشتەکان ڕەزیلانەتر سیاسەتەکان ئاشکرا تر دەبن.

لەملاوە لەشکری تورک و فڕۆکەی نوێ بۆ سەر«دوژمنان» ی پارتی! لەولاوە یەکێتی و هاوکاریی ئێران و سەرلێشێواوی ستراتیژی و تاکتیکی ....

بەم جۆرە گشت گرووپ و حیزب و سەرۆکێک: دەنگ، ڕەنگ و قەڵافەتی وەک منارەی نێو داتەپیوو لەبەرچاوە، تەنیا تاقمێک لە نێوان بەرداشی حیزبە خاوەن «سەرکردە» کاندا هەبوونی نییەو کەسایەتیی وونکراوە و حیسابی«هیچ» ی بۆ دەکرێت : گەلی کوردو کوردستان و ئاواتەکانی ئەو جەماوەرەی کە خوێنی خۆی بە دڵفراوانییەوە، چەندین ساڵ بۆ ئەم حیزبانە و بە ئامانجێکی دی کردە کاسەوە.

ئەم تراژیکۆمیدیایە دەبێت (وە پێویستە) کۆتایی پێ بهێنرێت.

ئەم ئاسۆ تاریکەی لە سەرەتای دەستپێکی شەڕی ناوخۆیی حیزبەکانەوە باڵی ڕەشی بەسەر هەمووواندا کێشاوەو ژیانی لە کوردستاندا خستۆتە گیانەڵاوە، ئەگەر لەوەندێکی

بەهێـز لە بەرامبـەریدا ڕاست نەکرێتـەوە و ڕێگەی پێ نەگـیرێت، بەرەو تاریکتـر بوون دەچێت.

ئەگەر چارەنووسی کوردستـان بەو سـەرۆکـانەوە گرێ درابێت، وەزع لە سێ حـاڵەت تێناپەڕێت: **شەڕی ناوخۆیی، نۆکەریی وڵاتان و ڕێککەوتن لەگەڵ جەللادەکان.**

**دەکرا** لەماوەی ئەم حـەوت سـاڵەدا کوردستـان بە تەواوی لە عێراق جیـابکرایەتەوە و حکومـەتێکی سـەربەخـۆ ڕەفتـاری تێدا بکردایە و دانپـانانی دنیـای مـسـۆگـەر بکردایە. «سەرۆک» ەکانمان هیچیان بۆ ئەوە نەکرد...

**دەکرا** لە مـاوەی ئەم حـەوت سـاڵەدا ئازادییـەکی نموونەیی لـە کوردسـتـاندا بەرقـەرار بووایە و لـە هـەناوی ئەو ئازادیەدا مـیللـەت خـۆی چارەنووسـی سـیـاسـی خـۆی دیاری بکردایە و بەدوای خـەونەکانی خـۆی بکەوتایە. « سـەرۆک» ەکانمان ئازادییـان لێ زەوت کرد...

**دەکرا** لەمـاوەی ئەو حەوت سـاڵەدا هـەزاران پرۆژەی ئابووری وەگـەڕ بخـرایە و برسێتی لە ڕەگـەوە هـەڵبکەنرایە. سـەرۆکـەکـانمـان و حـیـزبەکـان کـەرەسـتـەو ئامـێـرەکـانی ئاوەدانکردنەوەیان ئاودیو کرد و لە کاریان خستن.

**دەکراو دەکرێت** سەرۆکەکانمان، دوای ئەو پەنجا ساڵ «خەبات» ەی لە خزمەتی میللەتدا ئەنجـامـیـان داوە، هـیـلاک ببـونایە و خـەریکی نووسـینەوەی یاداشـتـەکـانی ژیانی «تێکۆشـەرانە» یان بـوونایەو ڕێگایان بە کـەسـانی تر بدایە بێنە سـەر شـاشـەی تەلەفـیـزیۆنەکان و لەجـیـاتی ئەوان کـەسـانی تر لەخـزمـەتدا بوونایە، بەڵام نـەیانکرد و نایکەن و واز ناهێنن.

سـەرۆکـپـەرسـتی ئەو مـیکرۆبەیە لە جـەسـتـەی هـەمـوواندا ڕەگی داکوتـاوە، تروسکەی ڕووناکی بـۆ ئاسـۆی لێڵ و تاریکی کـوردسـتـان، لە لابردن و وەلاخـسـتنی«سـەرۆک» ەکاندایە.

لە کوشتنی ڤایرۆسی خۆشـویستنی بێهودەی کەسانێکدایە کە هیـچیـان بۆ خـەڵکی ڕەشوڕووت و ستەمدیدەی کورد لە باردا نەبووە و نییە.

# کورد و کۆتایی مێژوو
## (ئاوڕدانەوەیەک لە فۆکۆیاماو هاینە)

«کوردستانی نوێ» ژ ٣٨ (لەندەن)
١٩٩٨/٢/٦

ڕەنگە لەم ساڵانەی دواییدا کەم کتێب هێندەی «کۆتاییهاتنی مێژوو»ی فرانسیس فۆکۆیاما دەربارەی نووسرابێ و لێی کۆڵرابێتەوە. کتێبی«کۆتایی مێژوو» ی نووسەی ئەمریکی ـ بە ڕەچەڵەک ژاپۆنی ـ لە بناغەدا، دوای داڕمانی یەکێتی سۆڤیەت و هەڵوەشاندنەوەی سۆشیالیزمی ڕووسی، وەک هەوڵدانێکی تیۆری و ئایدیۆلۆژی فۆرمۆلە کرا تا بتوانێ پێناسێکی تازە بۆ سیستمی سەرمایەداری و دیموکراتی لیبراڵی هەڵقولاو لەو سیستمەوە بخاتە ڕوو؛ واوەتر لەوەیش: پێناسەکردنی دیموکراتی لیبراڵی سەرمایەداری وەک کۆتایهاتنی مێژوو! واتە گەیشتنی کۆمەڵگای مرۆڤ لە درێژەی پێشکەوتن و هەنگاونانی بەردەوامیدا بەو قۆناغ و مەنزڵگایەی ـ بەناچار ـ پێی دەگات.

فۆکۆیاما، بەوردبینی ئەو کەسانەی دەنوسن و خوازیاری ئەوەن لە لایەن هەموانەوە نووسین و بۆچوونەکانیان بە جدی وەربگیرێ، تا لەتوانایدا بووە بۆی لواوە لێکدانەوەیەکی وردو ڕاستگۆیانەو ئەمینانەی لەسەر ئەو بیرو باوەڕە هەرە گرنگ و بایەخدارە ئەنجام داوە کە، بەهەق، پێی وایە تیۆریە تازەکەی ئەویش توانای

تێکشکاندن و فەوتاندنی نیە: **مارکسیزم**. تەنانەت لە پێشەکی نووسینەکەیدا پەنا دەباتە بەر لێکدانەوەی مارکس و لە حاڵێکدا دەیەوێ پێمان بڵێ کە **دیموکراتی لیبراڵی** دوایین قۆناغی مێژووی کۆمەڵگای مرۆڤە، دەیسەلمێنێ ئەو بۆچوونەی لە هیگڵ و مارکسەوە وەرگرتووە، چونکە بە بڕوای ئەو، ئەو دوو پێتۆڵ و هەڵکەوتووە، یەکەمیان بڕوای بەگەیشتنی کۆمەڵگای مرۆڤ هەیە لە دوا قۆناغیدا بە «کۆمەڵگای شارستانی بۆرژوازی» و دووەمیان بە «کۆمەڵگای سۆشیالیستی یەکسان».

فۆکۆیاما لەم کتێبەیدا بە درێژی لە **هیگڵیزم و مارکسیزم** دواوە و وەک چاوەڕوان دەکرێ، لەنێوان ئەو دوو کەسەدا هیگڵ هەڵدەبژێرێ؛ بەڵگەشی بۆ وەلانانی مارکس و بایەخدانی بە هیگڵ، خودی تیۆریەکەی مارکس نیە، بەڵکو «ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت»ە. بەو شێوەیەو بە بۆچوونی ئەو، تیۆریەکەی هیگڵ لەمەڕ«کۆمەڵی بۆرژوای شارستانی» توانیویەتی لە ماوەی سەدو پەنجا ساڵی ڕابردوودا بەسەر بۆچوونە فەلسەفی و کۆمەلآیەتیەکانی تردا زاڵ ببێ و پێشبینیەکانی هیگڵ سەرکەوتنیان وەدەست هێناوە و ئەوانەی **مارکس** ی قوتابی ــ لەکردەوەدا دوای ڕمانی سۆڤیەت ــ شکستیان هێناوە.

فۆکۆیاما، دوای تێگەیشتنی لە گەورە پیاوانی وەک هیگڵ و مارکس و سۆشیالیستەکانی فەرەنسا، ڕای وایە سەرجەم گەلانی دنیا، بە شێوەیەکی حەتمی و ناچاری، بەسەربەستی و ئاواتی سیاسی و ئابووری دەگەن. جیاوازی مەسەلەکە لە نێوان ئەم و پێشینەکانیدا لەوەدایە کە فۆکۆیاما سیستمی سەرمایەداری و دورابیە سیاسی و ئایدیۆلۆژیەکانی (وەک پلورالیزم و ئازادی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەگەری و دادوەری و پەرلەمان..) بە «کۆتایهاتنی مێژوو» یاخود «وەدیهاتنی خواستی مێژوو» دەبینێ و ژمارەیەک لە زانایان و فەیلەسوفەکان ــ کە بەلای ئەوەوە نەگبەتی ڕووی تێ کردون ــ پێیان وایە «مێژوو» زیاتریش درێژە دەکێشێ!

(٢)

بەدەر لە زانستی یان نازانستی بوونی تیۆرەی نووسەری ناوبراو، جێگەی بایەخ ئەوەیە بزانین لەکاتی خۆیدا ــ دوای ڕمانی سۆڤیەت و بلۆکی ڕۆژهەلآت ــ کتێبی«کۆتایهاتنی مێژوو» ی فۆکۆیاما بە ئەندازەیەک سەرنجی جیهانی ڕاکێشا کە خودی ئەویش چاوەڕێی نەدەکرد. بەلآم بە حوکمی گۆڕانکاریە بە پەلە و ناکۆکەکانی ژیانی سیاسی دنیا و بەحوکمی سەرهەڵدانەوەی ناڕەزایەتیە سیاسی و چینایەتیەکان لە ئاستێکی فراواندا و لە سەرتاسەری جیهان، نەک هەر تیۆری ناوبراو وەک چەتری فەلسەفەی ئەمریکی ــ خۆرئاوایی تایبەتمەندێتی خۆی لەدەستداو قسەی تری بەسەردا هێنراو کەوتەوە ژێر فشاری ڕووداوەکان و بنی کتێبخانەکان، بەڵکە نوسەرێکی تری خاوەن

کورسی و ناسراوی وەک ساموئیل هانتینگتۆن ڕایگەیاند: نەک تەنیا مێژوو کۆتایی نەهاتووە بەڵکو تازە بە تازە خەریکین پێ دەنێینە «ململانێی شارستانیەتیەکان» ەوە.
هانتینگتۆن، بە شێوازێک بۆچوونەکانی لەبارەی پێکدادانی فەرهەنگ و شارستانیەتەکانەوە ڕێک خستبوو کە لە سەرانسەری دنیادا تیۆریە نوێیەکەی ئەو، لە ئاقارێکی تەواو جیاوازدا، دەنگی دایەوە و هەڵڵای پەیدا کردو کاردانەوەی جۆراو جۆری بۆ دروست بوو[٢] ، تەنانەت وتاری بناغەیی نوسەری ناوبراو بەناونیشانی«ململانێتی شارستانیەتەکان» خۆی کێشایە ناو گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردستانەوەو کاتی خۆی لە یەکێک لە ژمارەکانی بڵاو کراوەی «خەبات» دا بڵاوکرایەوە.
لەکۆی ئەو هەوڵ و کۆششە تیۆری و فەلسەفیانەدا کە بەشێک لە خەڵکی ئەم دنیایە خۆیان پێوە خەریک کردووەو دەکەن، یەک تاقە ئامانج لەبەردەمدایە: **خۆشگوزەرانی ئابوری و ئازادی سیاسی و سایکۆلۆژی**... بەو پێیە، ڕەنگە گونجاو بێ بڵێین، فۆکۆیاما، وەک مرۆڤێکی ئەمریکایی ساڵەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم کە وڵاتەکەی لە لوتکەو ترۆپکی مەزنی و شکۆدا دەبینێ، هەقیەتی پێی وابێ«مێژوو» کۆتایی پێ هاتووە، یان، بەو لێکدانەوەیەی خودی ئەو لای پەسەندترە «ئامانجی مێژوو» وەدیهاتووەو لەمەودوا«هەنگاو» ی مێژوویی تر(وەک شۆڕشەکانی ١٧٨٩و١٩١٧) نانرێن.. چونکە ئەمریکا سەرۆک و گەورەی جیهانەو لە گشت ڕوویەکەوە تێرو تەسەلەو فۆڕمی حوکمڕانی ئەمریکا ـ بە وتەی ئەو ـ بۆتە شێوازی حوکمڕانی نموونەیی جیهان و سەرجەم گەلان، بیانەوێ یان نەیانەوێ، هەر لەو ڕێگایەدا هەنگاو دەنێن. یان ، بە داڕشتنێکی تر، دەبێ هەنگاو بنێین!
فۆکۆیاما هەقیەتی و بۆی هەیە جەخت لەسەر تێفکرینی خۆی بکات و تەنانەت، گەر بۆی بکرێ قەناعەتیشمان پێ بکات، بەڵام لەوەدا کە ئیمکانی ئەو گریمانەیە وەک مەحاڵ دێتە پێش چاو، هەقمانە بڵێین: لە کاتێکدا شەمەندەفەری تێکۆشانی چارەنووسدانەری کورد هێشتاش نەجووڵاوە و پێی نەناوەتە مەیدانی تێکچڕژانی مێژوویەوە، بەو پێیە، ئەگەر جووڵاو گوژمی بەستەوە ناچارە لەگەڵ پێنج بەرەی درندەو ڕێگردا ڕووبەڕوو ببێتەوە و سەرتاسەری بیابانێکی سامناک ببڕێ و لە نەبەردێکی«مان ونەمان» دا ناسنامەی ژێرپێخراوی بدۆزێتەوە، پێویستە بزانرێ ئێمەی دوور لە ئازادی هێشتا نەگەیشتووینە «سەرەتای مێژوو» ... ئێمەی کورد، هێشتا لە قۆناغەکانی ژێرکەوتنی مێژووییداین و لە قۆزاغە پێچراوین و ڕێگا نادەن و ڕێگا نەدراوە پشتمان ڕاست بکەینەوە بۆ پەلامارێکی پێویست و ناچاری.
سەرچاوەکانی ئەو ڕێگرتن و بوارلێگرتنە زۆرن. بە گومانی زۆر کەس، هەندێکیان لە

خودی ئەو بە هەشتەوە هاتوون و دێن کە کاک فۆکۆیاما بە کانگای «کۆتایی مێژوو»ی لێکداوەتەوە و لەباری ئایدۆلۆژییەوە پڕوپاگەندەی بۆ کردووە. **بۆ ئێمە** «سەرەتا» ی مێژوو دەبێ دەست پێ بکرێ. **بۆ ئەوان** «کۆتایی» بە مێژوو هاتووە و هەر لایەش هەقیەتی لەسەر بۆچوون و لێکدانەوەی خۆی پێدابگرێ، بەو مەرجەی «کۆتایی» «سەرەتا» نەخوات و ڕێگەی لێ نەگرێ!!

**پەراوێز:**

١ـ نهایه التاریخ. فرانسیس فۆکۆیاما. ترجمه وتعلیق الدکتور حسین الشیخ. دار العلوم العربیه.
٢ـ بۆ ئاگادار بوون لە ناوەرۆکی وتارەکەی"هانتینگتۆن" دەکرێ سەیری ژمارەکانی گۆڤاری «إطلاعات سیاسی - إقتصادی» چاپی تاران. ژ ٩٦ـ ٩٧و دواتر بکرێ.

# دەریامان ناوێ !
## (کورتە وەڵامێک بۆ کاک مەحمود ڕەزا)

«کوردستانی نوێ» ژ٤٨(لەندەن)
١٩٩٨/٣/٥

کاک مەحمود ڕەزا لە وتارێکی نوێی سەکۆی ئازادی «کوردستانی نوێ» دا، سەبارەت بە «کورد» و«عێراق» و«ناوچەکە» و«ئەگەرەکانی ئاینده» چەند بیروڕایەکی تازەی خۆی بۆ دارشتووین. لە ناواخنی وتارەکەدا نووسەر دەریدەبڕێ کە ئەم بیروڕایانەی زۆریش«تازە» نین و ڕیشەی کۆنتریان هەیە. ئەوانەی وتاری ناوبراویان خوێندبێتەوە دەزانن گشت ئەو وشانەی خستوومنەتە ناو کەوانەی بچوکەوە، واتە بەم جۆرە:«کورد،عێراق، ناوچەکەو ئەگەرەکانی ئاینده» هەموو پێکەوە ناونیشانی وتارەکەی مەحمود ڕەزان و پێموایە گەر کەسێک بیەوێ دوای ڕێچکەی نووسەر و وتاری ناوبراو بکەوێ و لەسەر هەر یەک لە زاراوە و مەفهومەکان شت بڵێ، فارس گوتەنی:« **مثنوی صد من شود**»...

ئەوەی زیاتر سەرنجی منی ڕاکێشاو پێشتر لە هیچ بڵاوکراوەیەکدا بەو ڕاشکاوییە نەمدیبوو، دانپیانانی نووسەری وتار بوو لەمەڕ ئەوەی کە ئەو، زۆر لای باشە گەر حکومەتی تورک کوردستانی عێراق داگیر بکات و گوایە بە لێکدانی هەر دوو بەشی کوردستان ـ باکوور و باشوورـ کۆڵێکی قورس لە کۆڵی بزووتنەوەی«کوردایەتی» دەبێتەوە!.

کاک مەحمود ڕەزا، بە وتەی خۆی بەڵگەی زۆری بۆ ئەم«فکرە» تازەیەی هەن. بەڵام لای باشە جارێ تەنیا یەک دانەیمان پێ بڵێ:«ئەویش ئەوەیە کورد لە ڕێگایەوە بگاتە سەر دەریا»!(بڕوانە کوردستانی نوێ چاپی دەرەوە. ژمارە ٤٧ ل ٧).

بێگومان خەیاڵی گەیشتن بە «دەریا» خەیاڵێکی تازەی ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی گەلی کورد نیەو وپێناچێ نوسەریش لەو ڕوانگەیەوە تەعبیری لە فکرەیەکی نوێ کردبێ. ئەوەی تازەیە، وەک وتم، ڕاشکاوی و بێپەردەیی دەربڕینەکەیە لەلایەن کەسێکی وەک کاک مەحمود ڕەزاوە و هەوڵدانە بۆ تیۆریزەکردنی مەسەلەکە لە چوارچێوەیەکی فیکری و بەناو«لۆجیک»ی دا. ڕەنگە ناشیرین بوەستێ گەر مرۆڤ هەوڵدات لە ئاستی شیکردنەوە و گفتوگۆی سیاسیدا باس لە سیستمی سیاسی و ڕەفتاری حکومەتی

تورکیا بکات دژ بە کورد، چونکە فاشیەت و نەژادپەرستی و ڕاسیزمی حکومەتی تورک نەک هەر بۆ خەڵکی کورد لەسەرجەمی کوردستاندا ڕوون بۆتەوە، بەڵکە خودی پێشکەوتنخواز و ئازادیخوازەکانی تورکیاش ساڵەهایە شەرمی لێدەکەن و بەرەنگاری وەستاونەتەوە و لەسەری ڕاپێچی زیندان ئەکرێن. تەنیا لەیەک حاڵەتدا دەشێ باس لە کۆنەپەرستی و دڕندەیی حکومەتی ئەنقەرە بکرێ: لەو کاتەدا بویستریٚ لە ناواخنی قسەکاندا بەرەنجامی سیاسی وەربگیرێ و خەڵکی کورد هۆشیار بکاتەوەو وا لە جەماوەری کوردستان بکات لە هەر کوێیەک بن بەرەنگاری ببنەوە و پاشەکشەی پێ بکەن. سروشتیە ئەو ڕاستییانەی سەرەوە بۆ کاک مەحمود ڕەزا لە ڕۆژ ڕوونترن و کاتێک پیاوێکی وەک **ئیسماعیل بێشکچی** ئەو ڕاستیانە بزانێ، ناکرێ گومانی ئەوە هەبێ نووسەرێکی کورد دەرکی پێ نەکردبن.

بە هەرحاڵ، جگە لەو واقیعە سیاسییەش، بە بڕوای نووسەری ئەم وشانە، حکومەتی تورکیا لە سۆنگەی زۆر هۆکارو پاڵنەری مێژوویی و سیاسییەوە بە ئاسانی دەستبەرداری کورد نابێت و وازهێنانی لە یەخەی کورد و دانپیانانی ئەوەی کە کورد میللەتێکی جیاوازە و دەبێ سەربەخۆ بێت، یان، وەک کاک مەحمود دەخوازێ، «کۆنفیدرالیزم» بە ڕەسمی بناسێ، ئێجگار ئەستەمتر و دوورترە لە واقیع لە چاو چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عێراقدا، من پێم وایە:

١ـ لەبەرئەوەی ناسیۆنالیستە پان تورکیستەکان هەمیشە خەیاڵی ئیمپراتۆریەتی ٥٠٠ ساڵەی عوسمانلی یان لە مێشکدا گینگڵ دەدات و تەنیا میللەتی کوردیان لە ژێر چەپۆکدا ماوە تاکو هەیبەتی شۆڤێنیستی ئەنقەرەی پێ تێربکەن و خەیاڵی لە دەستچوونی ئیمپراتۆری پێ بمرێنن، لەبەرئەوەش کە ژێردەستەکردنی گەلی کورد لە لایەن دەستەڵاتدارانی تورکەوە خوێنێکی زۆری تێ چووە، مەزەندەی ئەوە هەیە ـ ئەگەر ڕژێمی تورکیا هەمان سیستمی ئێستا بێت ـ سەربەخۆبوون و جیابوونەوەی کورد لە حوکمی تورک و پان تورکیزم خوێنێکی فرەتری پێویست بێ و دانان بە هەبوون و ئازادی گەلی کورددا لەڕیزی کارە مەحاڵەکانی شۆڤێنیزمی پانتورکیست دا بێت ... گەورەیی کوردستانی ژێردەستی تورکیاش پاروەکە گەورەترو ئازادییەکە دوورتر دەخاتەوە.

٢ـ گەر ئێستا چەند وڵاتێکی گەورەی دنیا بۆ چەند مەبەستێکی خۆیان بێنە سەر ئەو ڕایەی بە جیددی باس لە کورد بکەن و بڵێن کورد لە تورکیا هەقی سەربەخۆبوونی هەیە و پێویستە تورک واز لە داگیرکردنی خاکی کورد بهێنێ، زۆر نزیکە یەکێک لە شێوازەکانی حکومەتی ئەنقەرە بۆ پوچەڵکردنەوەی ڕای وڵاتە گەورەکان، باسکردن بێ

له پەیمانی« لۆزان».. پەیمانێک کە بە ئەنقەست ئەوروپا و خۆرئاوا کوردیان تیا کردۆتە خاکی ژێر پێی تورک. دڵنیام کاک مەحمود دەزانێ مەبەستم لە چییە: تورک بە پشتیوانی و هاوکاری وڵاتە سەرمایەدارە گەورەکان کوردی لە ژێر چنگدا ماوەتەوە. ئایا ئەگەر ئەنقەرە، جگە لە باکوری کوردستان، بەشی باشووریش داگیر بکات و پەیمانێکی وەک پەیمانی شوومی«لۆزان» داگیرکردنەکەی دان پیابنێ و مۆر بکات، چارەسەرکردنی مەسەلەی ئازادی و سەربەخۆیی کورد بۆ ئێمە(وە بۆ نەوەکانمان !!) ناچێتە ئاستی مەحاڵەوە؟.. بە تایبەت گەر ئەوروپا و ئەمریکاش لە پشت داگیرکردنەکەوە بن و ئەوەش بە واتای بە «تیرۆریست» ناسینی هەرجۆرە ئۆپۆزیسیۆنێکی کوردی بێ؟

٣ـ ئایا ناسیۆنالیزمی عەرەبی (سوریا، میسر، فەلەستین....) لە عاست پرۆژەیەکی وادا هیچ کاردانەوەیان نابێ؟ چما ناسیۆنالیزمی عەرەب کە ئێستا داکۆکی لە تاوانکارێکی وەک سەدام دەکات و چاوپۆشی لە سزادانی ئەکات، لە بەرامبەر پارچەپارچەکردنی «البوابە الشرقیە» دا متەق ناکات؟

٤ـ ئەی ئێران و ململانێی مێژوویی سەفەوی و عوسمانلی و شیعە و سوننی؟هەروەها ئەمنی ستراتیژی ئێران و ترسان لە پالهاویشتنی تورک؟

٥ـ کاک مەحمود ئەڵێ چوارساڵ پێش نوسرانی ئەم وتارەیش لە گۆڤاری «سیاسەتی دەولی» دا ساغیکردۆتەوە کە ئەمریکا و بەریتانیا و خۆرئاوا بە دڵ لەگەڵ هەڵوەشانی عێراقدان. هەروەها دەڵێ لەو وتارەیدا هەوڵیداوە بیسەلمێنێ دابەشبوونی عێراق و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە قازانجی ئەمریکایە!. لە ڕاستیدا گەر نووسەر پێش چوارساڵ یان زیاتر، هەرچییەکی نووسیبێ و وتبێ، ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین و هەستی پێدەکەین ئەوەیە کە ئەمریکا و خۆرئاوا ڕایان لەگەڵ «هەڵوەشان» ی عێراقدا نیە و دوای تێپەڕبوونی چوار ساڵیش بەسەر پێشبینیەکی وەدینەهاتوودا، ڕەنگە خوێنەرانی«کوردستانی نوێ» ش گوناح بن هێندە هیلاک بکرێن و هەڵوەدای ژمارە کۆنەکانی گۆڤاری«سیاسەتی دەولی» بکرێنەوە!. بە هەمان شێوە، دەبینین ئەو دیراسەیەی تیایدا سەلماندوویەتی دامەزراندنی حکومەتی کورد لە« قازانج»ی ئەمریکایە بەرەنجامێکی پراتیکی نەبووە و ئەمریکا وەک فیلی خەوتوو هەر لە خەیاڵی«هندستان»ی خۆیدایە!!

کاک مەحمود نووسیویە:

**«ئەگەر کورد لەناو خۆیدا یەکگرتوو بوایە، ئەگەر جەنگی نێوان یەکێتی و پارتی نەبوایە، ئەگەر کورد لە ئاستی ناوەوە و دەرەوە یەک هەڵوێست بێ، بێگومان دەبووە خاوەنی قەوارەی خۆی»** کەواتە مەسەلەکە بێئومێدیە لە وەزعی«باشووری کوردستان»

نەک ڕاخستنی فەرشی سوور بۆ داگیرکەرانی« باکوری کوردستان»!. عەرەب دەڵێن: «الغريق يتشبث بكل حشيش»، بەڕاستی جێگەی داخە پیاوێکی تێکۆشەرو نووسەرێکی ماندووی وەک مەحمود ڕەزا دوای دەیان ساڵ هیلاکی بگاتە ئەو قەناعەتەی دوابەدوای ئەو وشانەی لەسەرەوە نووسراوە، بڵێ: **« زۆر ئاساییە گەر ئێستەش بیڵێمەوە، لە یەکدانی دووبەشی کوردستان ئەگەر بە داگیرکردنیش بێت لە لایەن تورکیاوە نەک بە خراپ نازانم، بەڵکو پێم وایە ئەگەرێکی قورس لە کۆڵ کورد ئەکاتەوە»**

حەیف !!

مخابن بۆ ئەو کەسانەی لە دەریای بێبنی نائومێدیدا ڕەچەتەی نەگونجاو و تێکدەرانە بۆ نەوەکانی دوای خۆیان بەجێ دەهێڵن و درکاندنی ئەم بیروباوەڕە خراپانەش بە بوێری دەزانن و بە تەنگ ئاوات و هیوای چەندین ساڵەی خۆشیانەوە نین... هەڵبەت پێویستە لە کۆتاییدا ئەوەش بڵێین: ئەگەر ئەو«ئەگەر» ەی کاک مەحمود بە باشی دەزانێ بچێتە ئاستی پراتیکەوە و کورد بگات بە«ئاوات» و دەستی بە دەریاش بگات، چ قازانجێکی وای لێناکات چونکە کورد چ کەرەسەیەکی دەریایی نیە بەکاری بێنێ و سوودی لێ وەربگرێ. مەگەر تەنیا بۆ یەک شت پێویستیمان بە دەریا هەبێ: بۆ خەباتی سیاسی و چەکداری و پارتیزانی دژ بە حکومەتی تورکیا!.

بە بڕوای من گرتنەبەری ئەو جۆرە خەیاڵانە نغرۆ بوونە لە بێ هیواییدا.

ئێمەیەک نەمانتوانیبێ و نەتوانین لە ناو چوار ملیۆن کەسدا هیچ بە هیچ بکەین، هەقمان نییە خوازیاری داگیرکرانی وڵاتەکەمان بین و کێشە بۆ نەوەکانی دوای خۆمان دروست بکەین؛ سەرەڕای ئەوەش، ئەگەر فراوانتر سەیری مەسەلەکە بکەین، ئایا کەسانێک نەتوانن لەناو میللەتێکی سی ملیون کەسیدا واتایەک بۆ خەباتی سیاسی و فیکرییان بدۆزنەوە و سی ملیون کەسیان پێ کەم بێ بۆ ململانێ و خوازیاری گۆڕانی داگیرکەران بن، هەقە پێیان بوترێ مرۆڤی ڕاستگۆ و هوشیار؟

ئێمە دەریامان ناوێ چونکە خەونێکی کەروێشکانە و ناواقیعیە و بەو چەند کیلۆمەترە چوارگۆشە وشکاییەش دەکرێ شت بکرێ و ئەنجامی هەبێ. گرنگ خۆمانین.

# حزبی کۆمۆنیست، ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان(*)

«پەیام» ژ٧(لەندەن)
١٩٩٨/٥/٧

ئێوارەی ٤ی نیسـان، «هۆڵی کوردسـتـان» ی «مـەڵبـەندی ڕۆشـنبـیری کورد»، دەنگێکی گەرمتر و گفتوگۆیەکی سەرنجڕاکێشتری لەچاو ئەو کۆڕانەدا تێدا بەرپابوو کە چەندین جاریتر حیزبە جۆراوجۆرەکانی کوردسـتـان و نوێنەرەکانی لە هەمـان هۆڵدا سـازیان دابوو.

دوای تێپەڕینی چەندین دەیە لە ملمـلانێی بێکۆتایی و بێـهودەی حیزبە سـیاسیـەکانی ناوگۆڕەپانی دەسـەڵات لە کوردسـتـانی عێراقدا، کەسانێک خـەریکی هاتنەپێشـەوەی مـەیدانی سـیـاسین کە بەحوکمی هوشـیـاری و بەرنامـەی سـیـاسـیـان ناکرێ و ناشێ گوێیان بۆ ڕانەگیرێ: ئەوکێشـانەی کە ئەم گروپە جیدی و بڕوابەخـۆبوانەش دەیخـەنە بەر باس و لێکۆڵینەوە کێشـەی بچـوک و بێبـایەخی پەراوێزی کۆمـەڵگا نین، بەڵکو ئەو گرفـتـە ژیانی و چارەنووسیـانەن کـە دەیان سـاڵە گـەلی کورد بەدوای چارەسـەریاندا گەڕاوە و تا ئێستاش ڕەنج بەخەسار بووە.

تاهیر حەسـەن، ئەندامی مەکتـەبی سیاسی حیزبی کۆمـۆنیستی کرێکاری عێراق، لە ئێوارە کۆڕی « هۆڵی کوردستـان» دا کە زیاتر لە ٢٠٠ کـەس گـوێیـان هـەڵخـستـبـوو بۆ وشـەی نوێ و « تەسـەوراتی نوێ بۆ دنیای کورد»، ڕایگەیاند: تاقە چارە بۆ ڕزگارکردنی کـۆمـەڵگـای کـوردسـتـان لە بێناسنامـەیی، لە بێـیـاسـایی و لە بێـچـارەنووسی و لە هەڵواسران بە تاریکیەوە، ئەوەیە کە میللەتی کورد هەوڵدات لە ریفراندومێکی ئازادا و لەژێر چەتری UN دا خۆی لە حکومـەتی عێراق جیا بکـاتەوە و «کیان» ێکی نیشـتـمانی پێکبێنێ و وەک حکومەتێکی سەربەخۆ ڕەفتار بکات.

سـەرەتا بۆ سـازکردنی زەمـینەیەکی فکری و دانانی کـاریگەری لەسـەر ئامـادەبووان، تاهیر بەوردی و درێژی لەسەر هەڕەشەوگرفتی ئەم دوایییەی نێوان ئەمریکاوعێراق دواو جۆری سیستمی زاڵمانە و ئمپریالیستی ئەمریکای شیکردەوەو تاوانەکانی ئەو رژێمەی لە یابان و ڤێتنام و شوێنەکانی تردا دەستنیشـان کرد و درکاندی بە بڕوای ئەو ئەگەر رژێمی عێراق خاوەنی دەیان چەکی بەکۆمەڵکوژی کیمیایش بێت هێندەی ئەو جبەخانە گەڕۆکەی ئـەمریکا مەترسیدار نییە کە ئێستاکە لە «کەنداو»دا مۆڵدراوە و بەڵگەشی بۆ قسەکانی ئەوە بوو کە لەماوەی ٧ ساڵی رابوردودا ئابلۆقەی ئەمریکا و جیهان بۆ سەر عێراق بۆتە مایەی فەوتانی نزیکەی ملیۆن و نیوێک مرۆڤی بێتاوان و نەخۆشکەوتن و پەککەوتنی یەک لەسەر پێنجی منالانی عێراق بەگشتی.

بە بڕوای تـاهیـر، ئەمریکا و دنیـای خـۆرئاوا هەوڵیـاندا لەکـێشـەی ئەم دواییـەدا ئاو بەئاگردا بکەن و لەم بـوارەدا رۆڵی کـوفی عـەنان بەشـێوەیەکی ئەفسـانەیی گەورەکراو وەک «قارەمان» رێزی لێگراو بەمەش زەمینەیەکی لەبار بۆ چاککردنەوەی پەیوەندیەکانی دنیا و عێراق سازبۆوە... هەر لەو روانگەیەشەوە ـ بێگومان ـ ئایندەی گەلی کوردستان لە عێراقدا بەهۆی هەبوونی بەعسەوە تاریکتر دەنوێنێ چونکە شەڕی نێوان حیزبەکان بواری ئازادی هـەمـەلانەی سـیـاسـی فـەوتاندوە و گـوزەرانی خـەڵکیـشی تادوایـین پلە داشکاندوە.

هەروەها ــ بەوتەی تاهیرـ هیچکام لە حیزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستان ــ کە گوایە خۆی لەگەڵیان دواوە و زمانی تاقیکردونەوە ـ ئامادە نین لەم بازنە داخراوەی ئێستای کوردستـان تێبپەڕن، وە توانایی فیکریی و عەقڵی رێبەرانی کورد لە هاوکێشەی «شەڕ ــ گفتوگۆ» لەگەڵ بەعس، وە شـەڕی ناوخۆ و پەیوەندیکردن بە ئێران و تورکیـاوە زیاتر نیە و ئەوەش لە بناغـەدا گەورەترین هۆکاری «تراژیدیای کورد» ەو حیـزبی کۆمۆنیستی کـرێکاری عێـراق لەو گـۆشـەیەوە و بەهـۆی ئەو ڕاسـتـیـانـەوە گەیوەتە ئـەو قـەناعـەتەی دروشـمـی «جـیـابوونەوەی کـوردسـتـان لـە عـێـراق » بەرزبکاتـەوە و لەسـەرانسـەری کوردستان و دنیادا خەڵکی بۆ سازداو هێزی بۆ کۆبکاتەوە.

تاهـیـر حـەسـەن، بۆ بەدیهـاتنی ئەم ئامـانجـە سـیـاسـیـە، لەزۆربەی فـاکت و بیروباوەڕەکانیدا لەسـەر یەک دیاردەی گرنگ تەئکیدی دەکردەوە کە بریتی بوو لە « **ئیرادەی خەڵک**».

بە بڕوای ئەو و حزبەکەی، تەنیا هێزێک کە لە ئێستا و داهاتوودا دەتوانێ چارەنووسی رەشی خـەڵکی زەحـمـەتکێش بەرەو باشـتـر بەرێ و ڕوناکی بکاتەوە «ئیـرادە»ی ئەو خـەڵکانەیە کـە بڕیار دەدەن دوای ئامـانجـەکانی خـۆیان بکەون و خـوازیاری ژیانێکی باشـتـر و گـوزەرانێکی مـرۆڤـانـەترن؛ وە بۆ لۆمـەکـردن و ریسـوا کـردنی ئۆپۆزسـیـۆنی

عێراقی ـ کە هۆکاری بەشێک لە بەدبەختییەکانی خەڵکن ـ وتی: **«ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، لەمسەری چەپی بۆرژوازییەوە تا دەگاتە ئەوسەری ئیسلامی توندڕەو، بەر لەدەستپێکردنی شەڕی ٩١، ئەو جاڕوجەنجاڵەی ئەمریکا سازیدا بێهۆشیکردن و چوون یەکسەر لەبەردەم سەفارەتەکانی ئەمریکادا لێی کەوتن، پەیمانیاندا کە ئەمان گوێڕایەڵن و خوازیاری ئەوە بوون بزانن ئەگەر سەدام رووخا ئەمان چیان بەردەکەوێ».**

هەروەها وتی: **«ئۆپۆزسیۆنی عێراق هەر ئەوکات، بۆ ئەوەی بتوانێ بەدیلی سەدام بێ، تەحالوفاتی خۆی درووست کرد، بەڵام هەموو بەشەرێکی عاقڵی ئەو زەمانە دەیزانی کە ئەمریکا نیازی رووخاندنی سەدامی نییە».**

«ئەمریکا دەیەوێ عێراق ملبدات بە پاراستنی بەرژەوەندیەکانی و کلک وگوێی ئەم رژێمە عەسکەرتارە بکات»..

وە بەنیسبەت ئۆپۆزسیۆنی عێراقییەوە وتی:

«بێنفوزترین و بێپایەترین ئۆپۆزسیۆنە لە عێراقدا ئەگەر ئۆپۆزسیۆنی کوردی لێدەرکەی».

کۆڕی تاهیر حەسەن، لە «هۆڵی کوردستان» ی لەندەن دا چ جۆرە وشە و زاراوەیەکی تیادا بەکارهێنرابێ و بەشداربووانی چەند کەس بووبێ و جدیەتی گفتوگۆکان تا چ ئەندازەیەک بوبێ (زیاتر لە ٢٠ کەس بەشداری گفتوگۆکانی کۆتایی بوون و کۆڕەکە لەسەر خواستی ئامادە بووان سەعات و نیوێک درێژ کرایەوە)، وە نوێنەری حیزبی کۆمۆنیست تا چ رادەیەک توانیبێتی تەعبیر لە بۆچوون و سیاسەتی حیزبەکەی بکات، شتی گرنگ و وردن، بەڵام لەوانە هەمووی گرنگتر ئەوەیە بزانین چارەنووس (وە ئێستای) کوردستانی عێراق لە مەترسیدایە و چوار ملیۆن مرۆڤ کە تاوانەکەیان تەنیا ئەوەندەیە زمانی کوردیان لە باووباپیرانەوە بۆ ماوەتەوە، خراونەتە ناو کەشتییەکی بێ ئەرزاقەوە و چەند کەس بوونەتە سەوڵ لێدەرو لێخوڕی ئەم کەشتییەی کە نازانن لە کوێی دەریادان، وە دەریا کوێیە و بەرەو کوێ دەئاژۆن و لەوەش مەترسیدارتر، ئەم چەند کەسە بەردەوام بێگوێدانە وەرگەڕانی تەواوی کەشتییەکە، سەر و پۆتەڵاکی یەکدیش دەکوتنەوە!

خاڵی نوێ و بایەخدار ئەوەیە کە کۆڕی تاهیر حەسەن نیشانیدا لەناو ئەم کەشتییەدا چەند کەسێک پەیدابوون و خوازیاری ئەوەن: با بەو ئاقارەدا بڕۆین و بەو ئاقاڕەدا نەڕۆین کە چەند ساڵە پیایدا دە ئاژۆن!

حەوت ساڵە دە ئاژۆن و هیچ!

بیست ساڵە دە ئاژۆن و هیچ!

پەنجا ساڵە دە ئاژۆن و هیچ!

ڕەنگە پڕۆژەی « جیابوونەوەی کوردستان» لەڕێگای ریفراندومێکی ئازادەوە تا ئاستی پراکتیک زەحمەتی زۆری بوێت، لەگەڵ ئەوەدا ئیمکانی جێبەجێکرانی لە ریزی **مەحاڵات** دا نیـە، بەڵام پێـدەچێ هـەوڵی زیاتر بۆ ئەوە پێـویست بێ کـە دەسـەڵاتدارانی کـورد بگەیەنرێنە ئەو بڕوایەی لانیکەم مـەسـەلەی «جـیابوونـەوەی کوردسـتـان» (کـە ئاواتی هەمووانە) وەک «بابەتی قسـەلێکردن» قبوولْ بکەن و لێیبکۆڵنەوە و بیری لێبکەنەوە و سەرەنجام: هەوڵی بۆ بدەن!

چما چارەنووسی کورد لە کاتی هـەوڵدان بۆ «جیابوونـەوە» لەوەی کە ئێستا هەیە و تیایدا دەژین خراپتر دەبێ؟.

(*) ئەم وتارە یەکەمجار بە ناونیشانی « جیابونەوەی کوردستان لە کۆڕێکی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا» بڵاوکرایەوە.

# عوسمانی و کورد:
# له هەڵلوشینی سامانەوە بەرەو فەوتاندنی زمان

«هەتاو» ژ۱۲۳( لەندەن)
جون ۱۹۹۸

**«تەپڵ کوتەکان ئیزنیان خواست دەست پێبکەن، بەڵام پاشا وتی جارێ. سەرەتا چاوەشی هەموو ئاڵاکان بێنن، ئینجا کە هەموو هاتن پێی گوتن: بپەڕێنەوە ناو سوپا و با عەسکەرەکان«فەتحی شەریف» بخوێنن. ئەوانەی نایزانن«ئیزاجائە» بخوێنن. چاوەشەکان بە ناویاندا دەگەڕان و دەیانگوت:« خەزاییەکان! بزانن و ئاگاداربن، ئەمڕۆ ڕۆژی کەربەلایە، ئەو دوژمنەی بەرامبەرتانە دوژمنی گیان و دینتانە. ئەمانە یەزیدین. بڕوبیانووی تیا نەماوە. ئەمڕۆ ڕۆژی عوسمانییە»**
**(سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی: ل ۲۵٦-۲۵۷)******

ئەوەی لە سەرەوە نوسراوە، دەقی نووسینی ئەولیا چەلەبی، مێژوونوس و گەڕیدە و مەحرەمی سوڵتانی عوسمانییە لە سەدەی حەڤدەهەمدا، لە کاتێکدا کە سیستمی فیوداڵی، لە سەرتاسەری ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، بە هەموو شێوازێک دەپارێزرا و داکۆکی لێدەکرا. لەو سەردەمە و ڕۆژگارەدایە کە یەکێک لە دڵسۆزەکانی سەقامگیربوونی دەسەڵاتی گەلی تورک بە سەر گشت ناوچەکانی بندەستی عوسمانیدا بە ناوی « مەلیک ئەحمەد پاشا »، هەوڵدەدا بە کەڵەگایی و گونگەورەیی، میرنشینی بتلیس تاڵان بکا و **میرعەبداڵخان**ی کورد بشکێنێ و لە باری ئابووری و سایکۆلۆژیەوە جەزرەبە بوەشێنێ، وە هەروەک لە تۆمارەکەی ئەولیادا دیارە، زەمینەیەکی ئێجگار دور لە ڕاستی و حەقیقەت بۆ تاڵانکارییەکەی ساز بکات.
عوسمانیەکان بە حوکمی تازەییان لەو ئیقلیمەدا کە توانیبوویان خۆیانی تیادا بکەن بە خاوەنماڵ، لە عاست هەر هەوڵێکی خۆبەهێزکردنی ئابووری یان خۆقایمکردنی

سـیاسـیدا، بە ڕەقـترین شێـواز وەڵامیـان داوەتەوە. عوسـمـانـی و نەوە یەک لەدوای یەکەکانی ئەو بەڵا شـوومـە نەژادپەرسـتیـە، ئامادە نەبوون کەمـترین و بێبـایەخـترین سەربەخۆیی و بڕوابەخـۆبوونی ئیقلیمی لە کورد قبوڵ بکەن و ڕێگایان نەداوە زیاتر لەو مـەوداو بازنەیـەی «ئەوان» دەیانەوێ کەس پێ بتـرازێنێ. عەبداڵ خـانی مـیـری بتلیس، نمونـەیەکی هەڵکەوتووی حـوکـمـدارێتی دەرەبەگـی کـوردییـە لەو ئان و سـاتەدا کـە دەرەبەگـایەتـی لە سـەرتاسـەری ئێـران و توران و شـوێنەکـانـی تردا لە برەو و گـەشـە سەندندایە، لەرزۆکبوون یان تۆکمەبوونی ئـەم میرنشـینـە و میرنشینە هاوچەشنـەکانی تری کورد، وەک دواتر لێی دەدوێین، نەبەستراوە بە توانایی ئابووری و سیاسی یاخـود کارامەیی لە بەڕێوەبردنی سنووری میراتیەکەدا، وە تەنانەت پەیوەندی بە پێشکەوتنی فـەرهـەنگی و«خـواناسی» یشـەوە نیـە کـە ــ بۆ نموونە ــ عـەبداڵ خـان نموونەیـەکی لێهاتووی ئـەو بوارەشـە، بەڵکە تەنیا و تـەنیا بەسـتـراونەتەوە بە ئـەندازەی دڵڕاگرتن و ملکەچی سیاسی و ئابووری بۆ سوڵتانی عوسمانی و نوێنەرە بوغراو چڵێسەکانی وەک ئەحمەد پاشای ناوبراو..

ئەولیـا چەلەبی، لە سـەفـەری نگریسی ئەم ئـەحـمـەد پاشـا یەدا بۆ جـێبـەجـێکردنی سیـاسـەتەکانی عـوسـمـانلی لـە کوردسـتـانـی سـەدەی هەڤدەهەمدا، بەشداركراوە و بە وردی و پوختـی ڕووداوەکانـی بۆ تۆمارکردووین. خـۆشبـەخـتانە ئەو نەهاتوە وەک نظام الدين شـامی نـوسـەری « سـەرکـەوتننامـە» هەرچی لەسـەر دەسـتی ئاغـاکەی ڕوویدابێ پاساوی بدات وهەوڵدات بـەڕاستی دابنێ و خوێنەرانی کتـێبـەکەی بەرە و ئەو ئاقارە بەرێ گـوایە ئەوەی ڕوو دەدات ڕەوایە [1]، ئەولیـا، تەنیـا تـا ئەو جێگایە وەدوای نەریتی عـوسـمـانی کـەوتوە کـە ئوسـوڵ و ڕەسـمـیات کـەسـێکی وەک ئـەو ناچار دەکـات لێی تێنەپەڕێ، تەنانەت لـە شوێنێکدا، کاتێک دەیانـەوێ ٧٠٠ کورد بەزەبری شـمشـێر سـەر ببڕن، مێژوونووسـی بە ویژدان، بە هۆکاری ئاییـنی بێت یاخود ئینسـانی، داکۆکییـەکی مەردانە لە یەخسیرکراوەکان دەکات و زۆربەیان ئازاد دەبن. لەوانەیە، لە بناغەدا، هۆی بوێری و غیرەتی ئەولیا لە تورک بوونیـەوە سـەرچاوەی گرتبێ کە بە ئاشکرا بێمنەتی کردووە لە هـەر چەشنـە سـازشێکی نامـەبدەئی و نەخـوازراو، هـەر لەو کاتەدا ترس، یان ڕاسـتر بڵێین وەچۆکداهـاتنی نووسـەری ئێرانی «سـەرکەوتننـامـە» چەند سـەدە پێشـتر بۆ تەیمورلەنگ ی خزمی ئەولیا، ئەوە ساغ دەکاتەوە کە ئەمەی دواییـان ــ واتە نظام الدين ــ لە نەژادێکی جیـاوازە و ناچـارکراوە بۆ مـانـەوە و خـۆشیـرین کردن، قـەڵاچۆکردنی خەڵکی ئێران لە لایەن تەیمورەوە بە عیبرەت و پەندی زەمانە ببینێ و لێکبداتەوە!

بە هـەرحاڵ، وەک دواتر نـوسـەری «سیاحـەتنامـە» ڕونتری کردۆتەوە و مـامۆسـتا سـەعید ناکـام یش ئـامــاژەی پێ کــردووە، هۆی بنـچــینـەیی پەڵپگرتن بە مــیــری بـتلیس و

لەشکرکێشی بۆ سەری، ئەو خەونە نیە کە «ئەحمەد پاشا» دیویەتی و گوایە چەند ساڵێ پێشتر« ئیبشیر پاشا» دوای گەڕانەوە لە گرتنی بەغدا لەلایەن عەبداڵ خانەوە پێی نەگوتراوە « غەزات پیرۆزبێ!» و ئەم مەسەلەیە بیر نەچۆتەوە تاکو سەرلەنوێ سەری هەڵداوەتەوە و چۆتەوە خەونی «ئەحمەد پاشا» و لە خەونیدا داوای تۆڵە سەندنەوەی لێکراوە!... ئەم حاڵەتە، یاخود ڕونتر بڵێین ئەم دەربڕینە«ئایینی»ە بۆ پاساودانی«شەڕ» بەڕادەیەک پووچ و بێناوەرۆک هاتۆتە بەرچاو کە خودی ئەولیاش جیدی وەری نەگرتوەو ناڕاستەوخۆ لێی بێزارە.

بەڵام بناغەی شەڕفرۆشییەکە شتێکی ترە و پێدەچێ هەڵلوشینی ملک و ماڵ و سامان، ڕەگ و شادەماری مێژوویی شەپۆلە ئاژەڵی و قرکەرەکانی ئۆقیانوسی عوسمانی بێ. وردبوونەوە لە سەرجەم هۆکاری هاتن و سەقامگیربوون و گەشەسەندن، وە سەرەنجام کزبوون و هەڵوەشانەوەی عوسمانی فیوداڵ لە ئاسیای خۆرئاوادا بە ڕونترین شێوە پەیوەندیەکانی کورد و داگیرکەران لە چەند سەدەی ڕابردوودا لێکدەداتەوە و قسەکەی جیۆڤانی دپیانوکارینی سەبارەت بە ڕەچەڵەکی عوسمانی ساغ تردەبێتەوە کە وتویە:« ئەم تاقمە هەرچیان بەر دەست بکەوێ دەیخۆن» (٢)

بەم پێیە، وەک لە ووردبوونەوەی زیاتری مێژووی چەند سەدەی ڕابردوودا دێتە بەرچاو، ئەو گومانە خۆی دەچەسپێنێ کە تاریکترین و سامناکترین خاڵی تراژیدی لە مێژووی کورددا لەو شوێنەوە دەست پێدەکات کە یەکێک لە خێڵەکانی مەغۆل، بەهۆی کەمبوونەوەی گژوگیاو برسێتی و زاوزێی فرەوە، ناچاربوون سنورەکانی خۆیان بشکێنن و بەرەو خۆرئاوا ڕەو بکەن و وەدوای جێگەیەکی ئاوەدانتر و ئەمینتردا بگەڕێن.

کۆچی مێژووی تاقمێک لەگەڵی مەغۆڵ و هاتنی بەرەو پێدەشتە دەوڵەمەند و ساماندارەکانی ئێران و کوردستان، ئەگەر بۆ پاشاکانی ئێران و گەلانی تری ناوچەکە لە نەفامی سوڵتان محمدی خوارزم ەوە سەرچاوەی گرتبێ و سەربڕین و ڕیش تاشینی بازرگانانی مەغۆل لە شاری «ئەترار» پەڵپە سیاسیەکەی بێ، دوای دوو سەدە کۆتایی پێهاتووە. ڕاستە لەم دووسەد ساڵەدا سەدان هەزار کەس ملیان پەڕێنراوە سەدان شاری جوان و ئاوەدان کراون بە کێڵگەی گەنم و جۆ، بەڵام پاشان، سنووری هەر میللەت و قەڵەمڕەوی هەر فەرهەنگێک لەبەر چاو بووە. کورد، جگە لەوەی کراوەتە پێخوستی ڕەوە ترسناکەکانی سەدەی دوانزە و سیانزە، دواتر، بە زەحمەت توانیویە لە ماڵی خۆیشیدا هەناسە بدات (٣)

بەمجۆرە، گیرسانەوەی خێڵێکی دەسەڵاتداری تورک و هەوڵیان بۆ پەلهاویشتن لەو شاخ و داخانەدا کە چەندین سەدە پێشتر میللەتێکی دی بە ناوی کوردەوە تیایدا

ئەژیا، خاڵێکی وەرچەرخانی سەلبییە بۆ کورد، بە پێچەوانەشەوە بۆتە خاڵێکی ئیجابی و بەرزیی بۆ حوکمڕانی پێنجسەد ساڵەی عوسمانی و ئەو بنەچەیەی عوسمانلی لە پەنای کوردەوە و لە وڵاتی کورددا دایانمەزراند و سەقامگیریان کرد. بێگومان لەم سەردەمەدا، حاڵیبون لە تێکەڵبونی شەپۆلەکانی مرۆڤ و جێگۆڕکێی سنوورەکان لە چەندین سەدەی ڕابردودا دژوار و سەختە و بیرکردنەوەش لەو سنورە «نەژاد» یانەی پێکهاتوون بێهودەترە، بۆیە گەر کەسێک بیەوێ لێکۆڵینەوەی دروست و گونجاو لە مەڕ بندەستی گەلی کورد ئامادە بکات و بخوازێ لە هەناوی بۆچونەکانیەوە ڕێگاچارەیەکی لەبار و تێڕوانینێکی ڕووناک بۆ دەربازبوون لەو دۆخە نالەبار و شەرمهێنە پێشنیار بکات، لەگەڵ ئەوەدا کە پێویستە توخنی باوەڕە زاڵ و دیفاعیەکانی ناسیۆنالیزمی گەمژەی کوردی نەکەوێ، ناچارە ڕاستییە مێژووییەکان وەک خۆیان چۆنن ئاوا بهێنێتە بەر باس و توێژینەوە، جگە لەوەش، ڕاستییە مێژووییەکان، یان ڕونتر بدوێین، ئەو دیاردانەی چەندین سەدە بە سەریاندا تێپەڕیووە و سەقامگیر بوون، ئیمکانی گۆڕینیان نیە دەبێ وەک «مێژوو» سەیربکرێن و تەماشاکردنیان بە چاویلکەی «سیاسەت» بەرەو دنیای خەیاڵ و سەرلێشێواویمان دەبات و دەمانکات بە هاوڕێی گیانی دۆنکیشۆت ی قارەمان!!

ئەوەی دەشێ بۆ حاڵیبوون لە واقیعی ئەمڕۆی کورد ـ بەتایبەتی لە باکوور ـ لێی بکۆڵینەوە، لەوەدا خۆی دەنوێنێ بزانین: بۆچی لەو سەردەمەدا کە سیستمی فیوداڵی ڕێزی دەگیرا و وەک بناغەی حوکم قبوڵ کرابوو، تورکانی عوسمانی نەگەیبونە ئەو ڕادەیەی بیر لە فەوتاندنی فەرهەنگی کوردی بکەنەوەو سەری ڕمبەکانیان زیاتر بۆهەڵلوشینی سامانی ئابوری و بەرژەوەندیە ڕاستەوخۆو ڕۆژانەکان بو؟ وە ئەوەش تێبگەین کە لەکام پرۆسەی سیاسی و مێژوییدا عوسمانیەکان ( وەک فیۆدال) وە ئەتاتورکیەکان (وەک بۆرژوا ) چونە سەر ئەو قەناعەتەی کە نەک هەر هەبونی میرنشین و ئەمارەتی کوردی بۆ ئەوان زیانی هەیە، بەڵکو خودی «کورد» وە لەوێشەوە «زمان» ی کوردی دەبێتە ڕێگر و لەمپەر بۆ هەیبەتی عوسمانی و ئەتاتورکی و ڕەنگە (بە مەزەندەی ئەوان) لە لەمپەریش تێ بپەڕێنێت و بچێتە ئاستی مەترسی و«بەڵای چارەنەکراوە»وە.

لێکۆڵینەوەی بابەتێکی وا، دیقەتێکی فرەتری پێویستە و لەم مەودا کورتەدا کە نووسەری ئەم دێڕانە بۆ خۆی هەڵبژاردوە جێگەی نابێتەوە، بەڵام بۆ نەپسانی بابەتەکە و بە دواداچوونی ئەو ڕاستیەی باسکرا، واتە ملدانی تورکی عوسمانی بۆ هەبوونی حکومەتی میرنشینی و فیوداڵی و پاشان دژایەتیکردنی هەمە لایەنەی عوسمانی بۆ کورد و هەوڵدانی بۆ فەوتاندنی فەرهەنگی کورد و تەقەلادانیان بۆ تواندنەوەی کورد، بابەتێکە ئاو زۆر دەکێشێ و ساغبوونەوە لەسەری

دەتوانێ ستراتیژی ئەوڕۆی دەسەڵاتدارانی بورژوای ئەنقەرە وردتر ڕوون بکاتەوە. ئەم وتانەی مەلیک ئەحمەد پاشا کە دوای کۆتایهاتنی داوەت و میوانداری شاری بتلیس، لەناو خێوەتێکی دوقۆڵیدا بە «عەبداڵ خان» ی وتوون جێگەی سەرنجن و تا ئەندازەیەک ڕاستیەکان ڕوونتر دەکەنەوە؛ مەلیک ئەحمەد بە عەبداڵ خان دەڵێ:**« نەکەی بە قسەی دوڕوو شۆفاران دەماری کوردایەتی خۆت گرژ بکەیت و کارێکی خراپت لێ ڕوو بدات، ئەرکی سەرشانی خۆت بەتەواوەتی بەرامبەر سوڵتانی عوسمانی بەجێ بێنە، دەنا ئەم برایەت قسەی ڕاست و ڕەوانە: ئەوەندەی تۆسقاڵێک لە جادەی ڕاستی و ئایین لابدەیت خۆت توشی زیان دەبی.» (سیاحەتنامە:ل١٥٠)**

بەم جۆرە زۆر پرسیار بۆ ئێمە دەورژێن:

ـ «دەماری کوردایەتی» چییە و لەو ڕۆژ و سەردەمەدا چ مانایەک دەبەخشێ؟

ـ ئەو کارەی دەبێ بەرامبەر سوڵتانی عوسمانی ئەنجام بدرێ چییە؟

ـ جادەی ڕاستی و ئایین... زیانەکانی عەبداڵ خان!..

پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکانی سەرەوە بە کامڵی لە مێشکماندا ساغ بکەینەوە، دەزانین لەو سەدەمەدا، بەحوکمی ئەوەی هەستی ناسیونالیستی لەناو کورددا نەگەیشتبوە ڕادەی بیرکردنەوە لە«دەوڵەتی میللی» و «کیانی نەتەوەیی»، **«دەماری کوردایەتی»** عەبداڵ خان، جگە لە«کەللەڕەقی بەرامبەر سوڵتان و باج نەدان» یان بەواتایەکی تر، «کەڵەوەکێشی سیاسی و ئابووری بازنەی بچوک لەگەڵ بازنەی گەورەدا» شتێکی تر نیە. تۆمەتی «ناسیۆنالیست» دژ بە عەبداڵ خان، وە هێنانەوەیادی کە ئەو ـ واتە عەبداڵ ـ «تورک» نیە، لە بناغەدا بۆ شکاندنی غرور و هەیبەتی شەخسی عەبداڵ خان ە وەک«مرۆڤ» ێک نەک وەک کوردێک، چونکە عەبداڵ خان پێشتر، لافی«کوردایەتی» لێنەداوە و خوازیاری دەرکردنی دەسەڵاتی عوسمانی نەبووە لە ناوچەکە تاکو نوێنەری سوڵتان بە تۆمەتی ناسیۆنالیستی پەڵپی پێ بگرێ... کاکڵی مەسەلەکە لەوەدا خۆ دەنوێنێ بزانرێ، هەر لەو ساتەدا کە عوسمانی و سیستمی فیوداڵی ئیمپراتۆری «میرنشین» یان لا پیرۆز بووە، تەنیا تا ئەو جێگایە لایان پیرۆزە کە شکۆ و مەوقیعی ئەوان نەخاتە ژێر پرسیارەوە.

تورک بە هەق خۆیان بە میوانی بانگنەکراوی ئەو جێگایە دەزانن کە تیایدا نیشتەجێن و بەو پێیە بۆ ئەوان گرنگترین شت هەوڵدانە بۆ ڕاگرتنی سومعەی عوسمانی: **« دەماری کوردایەتی عەبداڵ خان»**، بەهانەیەکی سیاسی بێناوەرۆکە، هەم نوێنەری عوسمانی و هەم خانی کورد، هەردوکلا، دەزانن مەسەلەکە لەو سەدەمەدا پەیوەندی بە« نەژاد» ەوە نیە، **چونکە واوەتر لە نەژاد**، پاراستنی بەرژەوەندیە ئابورییەکانی چینی حوکمڕانی« ئال عوسمان» ە کە بە هەزار ئەفسانەو سیحری ئاینی و نەژادی زەمینەی

بۆ سازدەکرێ. بەدبەختی عەبداڵ خان و لەشکرکێشی تورکی عوسمانی بۆ سەری، بناغەکەی لە دەوڵەمەندی ناوبراوەوە هاتوە نەک لە ناسنامەی نەتەوەییەوە، ئەم ڕاستییە، خودی ئەولیا چەلەبیش کەم و زۆر بە نوسینەکەیەوە دیارە و سامان و سەروەتی خان یش بە جۆرێک تالان دەکرێ کە نووسەری « سیاحەتنامە» خۆی شەرم دەیگرێ و لە وەسفی کتێبخانەکەی عەبداڵ خان دا سەری سوور دەمێنێ، وە لەسەر دڕاندنی چەند کتێبێک لە لایەن خەڵکی نەزانەوە شتی سەیر دەگێڕێتەوە...

بەو پێیە، بەتالانبردنی سامانی ئابووری میرنشینێکی کورد، دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە گشت بەهانەکانی نوێنەری عوسمانی لەمەڕ کوردایەتی و ئایین و ئەرک ، هەموویان بۆ درکاندنی دوایین ئاگادارین کە بریتیە لە **« شەڕ»: شەڕ لەسەر سامان!**

نوێنەری سوڵتان، جگە لەو هەڕەشەیەی پێشتر باسمان کرد و بە هۆیەوە میرنشینی بتلیس توشی گێژاو بوو، زۆر« ئامۆژگاری» تریشی وتون. نوسینەوەی ئەو وشانە چاکتر مۆخی تێفکرینی عوسمانیمان پێ دەناسێنێ:

**« لە سەر دەسخەتی موبارەک ( واتە سوڵتانی عوسمانی ) من سەرداری گەورەو فەرمانڕەوای بێ سنورو دەستوری موکەڕەمم »... « جا خانی برام، بزانە کە من وەرزێڕێکی عوسمانیم و تەنیا موتەسەریفێکی ئەیالەتی وان نیم، من زاوای سوڵتان مرادم».(سیاحەتنامە ل ١٥٠)**

پێداگرتنی ئێمە لەسەر نەبوونی ئیدەی ناسیۆنالیستی لای عەبداڵ خانی کورد و لەشکرەکەی، وەک ڕاستیەکی مێژوویی، دوو ڕاستی دەردەخات. **یەکەمیان**: ڕێنەگرتنی عوسمانیەکان لە سەدەکانی دەسەڵاتدارەتیاندا لەهەر چەشنە فەرهەنگێکی جیاوازی میللی، تا ئەو شوێنەی ئەم ئازادیە زیان بە کۆشکی ئیمپراتۆری نەگەیەنێ؛

**دووەم:** بەگژاچوونەوە و دەمەقاڵێی کورد و سەرانی کورد لەگەڵ عوسمانیەکان بناغەی میللی و نەتەوەیی نیەو ئەوەی بەلای بنەماڵە خاوەن دەسەڵاتەکانی کوردەوە گرنگ و بایەخدار بوە « **قەڵەمڕەوی میرنشین»** بووە نەک **« قەڵەمڕەوی میللەت».**

ڕەنگە وەڵامی چەکدارەکانی ناو قەڵای بتلیس دوای شکانی سوپای عەبداڵ خان زیاتر ئەو بۆچوونە ئیسپات بکات، هەرچەندە وەڵامی چەکدارەکانی کورد سەربازیانەیە و بە ڕواڵەت زۆر «ئەمرۆیی و ناسیۆنالیستی» یش دەنوێنێ.

کاتێک لەشکری عوسمانی داوای کلیلی قەڵاو خەزێنە لە کوردەکانی ناوەوەی قەڵاکە دەکەن، بە وتەی مێژوونوس، ئەوان بەم جۆرە دێنە قسە: **« قەڵا، قەڵای خانە. عوسمانی چ هەقێکیان بەسەرەوە هەیە؟ ئەگەر ئەم قەڵایە هی عوسمانی بوایە هێزی عوسمانی تێدا دەبوو. ئێمە هەمومان پیاوی خانین»**

**(سیاحەتنامەل٢٥٠)**

ئەوانە وشەو زاراوەی ٣٤٤ ساڵ پێش ئێستان. ساڵی ١٦٥٤ی زایینی!
کەس پێشمەرگەی کورد و کوردستان، چەکداری ئازادی و یەکسانی و سەربەخۆیی نیە و بەحوکمی مێژوو نەدەکرا بیر لە ئیدەیەک بکرێتەوە کە ئیمکانی جێبەجێکرانی نەبێ:« هەموومان پیاوی خانین»!! بەدیهیە کە ڕۆژگار ئەوجۆرە وەڵامانەی لە بێخ و بنەوە گۆڕیون. تێگەیشتن لە وەڵامی چەکدارەکانی ناو قەڵاش زەحمەت نیە، ئەوان ناکۆکی نەتەوەیی بە فۆرمی ئەمڕۆی نابینن و لە بناغەدا، دەسەڵاتدارانی عوسمانیش نەیان ویستوە« نەژاد و نەتەوە» لەو سەردەمەدا بکەنە پێوانەیەکی ڕەسمی بۆ حوکمڕانی و دەسەڵات چونکە هێنانە ئارای باسی میللەت لەو سەردەمەدا، ئەگەری ئەوەی دەهێنا گۆڕێ کە سەرهەڵدانی کەسێکی وەک«محەمەد عەلی گەورە» و مرۆڤی لەو چەشنە ساڵەها بێنە پێش و قەوارەی ئیمپڕاتۆریەت هەڵبوەشێنن.. بۆیە کاتێک عەسکەری عوسمانی ( ڕەنگە ئەویش هەر کورد بێت !) داوای کلیلی خەزێنەو قەڵا دەکات، خەزێنەدار و کلیلداری کورد ئەوەی بە خەیاڵدا نایەت کە کەسێک، یان لەشکرێک دەیەوێ بەناوی گەلێکی ترەوە غەدری لێ بکات. ئەوەی ئەو دەیبینێ ناکۆکی و ململانێی بەینی دوو سنووری جوگرافیاییە: یەکێکیان بریتییە لە ناوچەی بتلیس و ئەوی تریان ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانیە کە چوارچێوەکەی ئەفسانەیی و نادیارە و بۆ کابرای کلیلدار ڕۆشن نییە ئەم زەبەلاحە لە کوێ دەستپێ دەکات و لە کوێ کۆتایی پێدێت.
ڕەوتی گۆڕانی سیاسەتی دەسەڵاتدارێتی تورک لە قۆناغی« سامان دزین» ەوە بۆ قۆناغی « فەوتاندنی نەژاد» لە کوردستاندا، یەکێکە لە چەمکە هەرە ون و دیراسەنەکراوەکانی مێژووی کورد. بەدواداچون و دۆزینەوەی ڕەهەندە ئاڵۆز و نادیارەکانی ئەو سیاسەتەی میللەتێکی سی ملیۆنی بە ژێردەستی هێشتۆتەوە، هەوڵی ئێجگار زیاتری گەرەکە وەک لەوەی ئێستا دەبینرێ.

* سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی: وەرگێڕانی سەعید ناکام بەغدا، ١٩٧٩
(١) بۆ ئاگاداری زیاتر سەبارەت بە شێوەی نووسینی « ظفرنامە» سەیری پەراوێزی وتارە بە نرخەکەی د. ایرج وامقی بکە: اطلاعات سیاسی ـ اقتصادی ژمارە ١٢٠-١١٩، ایران در استانە ورود تیمور بتاریخ ل٥٢ـ٢٠٤
(٢) « تاریخ تمدن» ویل دیورانت: جلد ٤، بخش اول، عصرایمان ـ لاپەڕە ٤٢٩
(٣) د. ایرج وامقی: «ایران در استانە ورود تیمور بتاریخ».. بە ورودی باس لە تواندنەوەی مەغۆل دەکات لە فەرهەنگی ئێراندا.

# تایتانیک:
# ڕاستییەکان بە شیعر!

« پەیام» ژ٨(لەندەن)
١٩٩٨/٧/٨

دەڵێن گوایە جیمز کامیرۆن، نووسەر و دەرهێنەری فیلمی «تایتانیک»، بۆ سازکردنی فیلمەکەی و ئامادەکردنی سیناریۆی دڵدارانە و تراژیدیانەی ئەو فیلمەی لە مێژووی سینەمای جیهاندا ڕێکۆردی تێچوون و فرۆشتنی شکاند، ئیلهامی لە ڕۆمانی عاشقانە و کارەساتباری «لەگەڵ بادا ڕۆیشت»ی **پیرل باک** وەرگرتووە و ویستویە لەو داستانە ئەویندارى و کۆمەڵایەتیە، گێڕانەوەیەکی نوێ بە هۆی ڕووداوێکی واقعییەوە برازێنێتەوە و دنیای ڕوو لە سەدەی بیست ویەکەمی پێ بهێنێتەوە هۆش.
هەروەها گوایە دەرهێنەر، ساتێک دەزانێ ئامادەکردنی فیلمەکەی زیاد لەو ئەندازەیەی تێدەچێ کە چاوەڕێی کردووە؛ لە دەرهێنانی پەشیمان نابێتەوە و واز لە « ماف» ی « نووسەری سیناریۆ» دەهێنێ و تەنیا بە « هەقدەست» ی «دەرهێنەر» ی قەناعەت دەکا و نایەوێ پرۆژەکەی بە ناکاملی بمێنێتەوە! (المشاهد السياسي بی. بی. سی)
ڕۆژنامەی «حیاە» یش لە یەکێک لە ژمارەکانیدا نارەزایی ئەنجومەنێکی لوبنانی بە درێژی بڵاو کردبۆوە لەسەر ئەوەی «تایتانیک» کاتێکی زۆر کەم و دیمەنێکی یەکجار خێرای بۆ فەوتانی ٢٥ سەرنشینی لوبنانی تەرخان کردووەو بە «یاالله» یەک جێی هێشتوون!
« تایتانیک» قسەوباسی زۆر و جۆراوجۆری هێنایە پێشەوە، وە گومان دەبرێ ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤ لە ئاخروئۆخری سەدەی بیستەمدا وای کردبێ بیرکردنەوە لە فیلمێکی لەو بابەتە بە مێشکی دەرهێنەرێکی ئینگلیزدا گوزەر بکا و ئەو جەنجاڵە کۆمەڵایەتی و جەماوەرییە ساز بکا کە سازی کرد و تا ڕادەی قسەوباسی ناو جادەو کۆلان لە شارێکی وەک لەندەن ی پایتەختی بریتانیادا گفتوگۆی لەسەر بکرێ و کاریگەریی سۆزداری و جۆراوجۆر بخولقێنێ.

ڕاستە فیلمی تایتانیک کابرایەکی ئینگلیز بە ناوی جیمز کامیرۆن نووسیویەو بەرهەمی هێناوە و دوو کەسی تر بە ناوی لیۆناردۆ دی کاپریۆ (لە ڕۆڵی جاک دورسۆندا) و کیت ونسلت (لە ڕۆڵی رۆزدا) کەسە سەرەکییەکانی ڕووداوەکانن، بەڵام لە جەوهەردا ئەگەر بە ناخی ڕووداوەکانی تراژیدیاکەدا قووڵ ببینەوە، تەنانەت ئەگەر قووڵیش نەبینەوە، تێدەگەین فیلمی تایتانیک مەیدانێک نییە بۆ دەرخستنی هەستی ناسیونالیستی و زیندووکردنەوەی یادی سەرنشینەکان بە واتای ڕاستەقینەی «زیندووکردنەوەی یاد»، بەڵکو زیندووکەرەوەی ئەو هەستانەیە کە پێدەچێ شارستانێتی خۆرئاوا پێویستی بەوە بێ جارجارە وە بیری بهێنرێتەوە و چاویان پێدا بخشێنێتەوە.
زیاتر لەوەش «تایتانیک» فیلمێکی «جیهانی» یان «ئینسانی» یە بە واتای تەواوی وشەکە و دەربڕی بەشێک لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتووی هەر کەسێکمانە لە ژیانی تایبەتی و سیاسی و کۆمەڵایەتیماندا، تابلۆیەکی ئاوێنەئاسا و هونەرمەندانەیە لە ژیان و گوزەرانی مرۆڤگەلێکی زۆرتریش کە بە دەست ئازارەکانی چارەنووس و دڵداری و زوڵمی چینایەتی و ئاین و غەدداری و چڵێسی چینی بۆرژوازی دەسەڵاتدارەوە دەناڵێنن و ناڵاندویانە.
تایتانیک فیلمێکی سادە و ساکاری سینەمایی نیە تا سەرنجی ئێمە بە لای ئەوەدا ڕابکێشێ گوایە کامیرۆن دەکاتە خاوەنی ١٥٠ ملیۆن دۆلار و مەزەندەی ئەوە هەیە دەوڵەمەندتریشی بکا و کۆمپانیاکانی فۆکس و پارامونت سڵاوی بۆ دەکەن!
**گرنگ** بە لای زۆربەمانەوە ئەو ڕەهەندانەی فیلمەکەیە کە بە لای کۆمپانیاکانی فۆکس و پارامۆنتەوە « گرنگ» نین، ئەویش واتا ئینسانی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی تایتانیکە وەک سەرکەوتووترین فیلم لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٨دا.
فیلمی تایتانیک سەرگوزەشتەی یەک چاخ لە ژیانی مرۆڤ لە سێ سەعاتدا بەیان دەکا و بە جۆرێکیش بەیانی دەکا کە ڕەقترین دڵ و خۆگرترین سەرنج لە بەرانبەریدا ناتوانێ کاردانەوەی نەبێ و خۆ بە دەست شارەزایی و وەستایی هونەریی دەرهێنەرەوە نەدا و ئافەرینی رۆز و جاک نەکا.
هەر چییت بووێ لە شتە بناغەییەکانی ژیان لە تایتانیکدا هەیە:
* چارەنووس و قەدەر و ڕۆڵی «ڕێکەوت» لەو نێوانەدا؛
* گەنجی و پیری؛ سنورداربوونی تەمەنی مرۆڤ: مردن...
* خۆشەویستی و عیشق بە واتا هەرە سادە و قووڵ و مرۆڤانەکەی؛
* مۆسیقا و کاریگەری لە کاتی تەنگانە و خۆشیدا؛
* ئاین و بناغەی پێوەلکانی مرۆڤ پێیەوە: ترس...
* ململانێی سەخت، بێکۆتایی و هەمیشەیی نێوان مرۆڤ و سروشت... دەریا...

* بوغرایی چینی دەسەڵاتدار و بۆرژوا و بەکۆیلەڕاگرتن و سووکایەتیپێکردنی بە چینی هەژار؛
* متمانەبەخۆبوونی هەژاران لە خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاریدا؛
* ئازایەتی لە کاتی مردندا، لە کاتی لێپرساویدا؛
* کوێری و لەخۆڕازێتی بۆرژوا لە نەدیتنی «دەریا» و ئۆقیانووس و ئاژۆتنی تایتانیک بێ ڕەچاوکردنی مەترسییەکانی ڕێگا؛
* سادەیی چینی هەژار، کەشخەیی و فەنتازیای بۆرژوا و... تاد
تایتانیک ئەنسکلۆپیدیای ژیانی مرۆڤە لە دەربڕینی مەسەلەکانی چارەنووس و خۆشەویستی و سیاسەتدا، وێنەکێشێکی شارەزایە بۆ نوێکردنەوەی ئەو دیمەنانەی وەفا و خۆشەویستی نێوان ئینسانەکان دەگەشێننەوە و زیندوو دەکەنەوە.
بەیاننامەیەکی ڕاشکاوی هونەرییە دژ بە عەنتەریاتی بۆرژوازیی جیهانی کە دەیەوێ جیهان وەک تایتانیک بە هۆی کوێری و مەستییەوە لە ئۆقیانووسی ئۆزۆن دا نغرۆ بکا!
جیمز کامیرۆن و لیۆناردۆ و کیت وینسلت، بە هۆی ئەو ڕۆڵە مەزنەی لە خوڵقاندنی تایتانیک دا دیویانە، لە دنیای ساڵی ١٩٩٨دا خۆشەویستترین و ئازیزترینن لە دڵی هەموو ئەوانەی خوازیاری جیهانی خۆشەویستی و گۆڕان و ئازادیین.
ئەوان بوون بە نەغمەیەکی سیحراوی لە بیابانێکی وشک و بێ سێبەردا.
ئەوان بوون بە مایەی حەپەسان و واق وڕمان..

# عەدالەتی سێدارە

**«کوردستانی نوێ» ژ ۱۹۵۰ (سلێمانی)**
**۱۹۹۸/۹/۱۶**

گشت دیاردەیەک لەم گەردونە مەزنەدا بە پێی یاساو ڕێسایەک بەڕێگادا دەڕواو درێژە بە ژیانی خۆی ئەدات: چ سروشت وچ کۆمەڵ، شانبەشان بەپێی سیستمێک دەجوڵێن و بەرەو «کامڵبوون» هەڵدەکشێن کە لادان لێی دەبێتە تەگەرەدانان بۆ ئەو یاسایانەی کە سەرپێچیکردن لێیان بازدانە بەرەو تیاچون و فەوتان. بە پێی ئەو لێکدانەوانەبێت کە توخمی مرۆڤ تا ئەمڕۆ بە «شیکردنەوەی زانستی» ناوزەدی کردوون، جیاوازی سەرەکی لە نێوان یاساکانی سروشت ویاساکانی کۆمەڵدا لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە یاسا سروشتیەکان خۆبەخۆ وجودیان هەیەو لەوێدا تەنەکان و گازەکان هەریەک لە مەداری ئەبەدی وهەتاهەتاییدا سەرقاڵی درێژەدانن بە ڕەوتێکی نادیارو بێکۆتایی، بەڵام لە نێو کۆمەڵگادا یاساکان زۆربەیان دەستکردن و قابیلی چەشنەها گۆڕانکاری و پاشقول لێگرتنن.

کوشتنی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە، بە پێی ئەو توانایيە عەقڵیە بێت کە دوسەد ساڵێکە خودی ئینسانەکان بە تەواوی لە سەری ساغ بونەوە، وە بەپێی ئەو بڕیارانە بێ کە ناویان لێنراوە «یاسا» و بۆ پاراستنی مانەوەی مرۆڤ دارێژراون، ڕەفتارێکی دڕندانەو نائینسانیەو دەبێ ڕێگای پێ بگیرێ: دەیان وڵاتی سەر ئەم گۆی زەویە لەو یاسایانەدا کە لە نێو خۆیاندا پەسندیان کردون مافی کوشتنی «مرۆڤ» یان بە هەر بەهانەیەک لە کۆمەڵگاکانی خۆیان سەندۆتەوەو بەوە گەیشتوون کە مرۆڤ بەرهەمی دەوروبەریەتی: ئەگەر تاوانێکی لێ ڕوویدات پێویستە ئەتمۆسفیرە سیاسی وکۆمەڵایەتیەکەی دەوروبەری سزا بدرێت نەک ئەو کەسەی بەرهەم وشیلەی ئاوهەوایەکی تاوانپەروەرو خنکێنەرە.

بەو حاڵەشەوە، تاقمێک بنیادەم لەناو کۆماری تورکیادا، چەند مانگێک پێش ئەوەی خۆری سەدەی بیستویەکەم تیشکی زێڕین بەسەر وڵاتەکەیاندا پەخش بکاتەوە، بڕیاریان داوە عەبدوڵائۆج ئالان ی کورد، بە پێی یاسایەک لە سێدارە بدەن کە هاوفکرێکی خۆیان نزیکەی نیوسەدە لەوەو پێش دایڕشتوە و بە پێی ئەو «یاسا» یە نەک هەر هەبونی کلتوری و مێژوویی، بەڵکو تەنانەت هەبونی سروشتی و ماددی بیست ملیۆن ئینسان ئینکار دەکرێ و وا لە قەڵەم دەدرێ گوایە ئەو خەڵکەی ئۆجئالان

ئیدیعای داکۆکی له خواستەکانیان دەکات، لەبەر هەژاری و نەبونی سەریان لێ تێکچووەو خۆیان لێ بۆتە قەومێکی تر!

بۆ ئەو کەسانەی ڕێکەوتی ژیان و سروشت وایکردوە لەو ناوچەیەدا لە دایک بىن کەدەورو بەریان هەموو بە کوردی ئەدوێن و بەو بۆنەیەوە پەیوەندی عاتفی و مێژوییان بەو«کورد» انەوە زیاترە، «یاسا» ی ناوبراو بۆ لە سێدارەدانی ڕێبەرێکی کورد، یاسایەکی ڕەق و ناعادلانەیە.

ناعادلانەیە چونکە لەگەڵ حەق و حەقیقەت ودانانان بە مافی ئینسانەکانی تردا ناگونجێ، ناعادلانەیە چونکە سەرچاوەکەی لە ڕق وقینی ڕەگەزپەرستی وکۆنەپەرستیەوە هەڵقولاوە، ناڕەوایە چونکە خودی پرۆسەی «سێدارە» ڕەفتارو نەریتێکی نامرۆڤانەو دڕندانەیەو پێویستە بەتەواوی بەرەو مۆزەخانەی سەردەمە کۆنەکان ڕەوانە بکرێ ...

سێدارە نەک توانای جێبەجێکردنی «عەدالەت» ی نیەو ناتوانێ عەرەبانەی لە قورچەقیوی یاسا ئینسانیەکان لە تورکیادا ڕزگار بکات، بەڵکە خۆی ڕەمزی ناعەدالەتی و بێویژدانی و گومڕایی وخۆ بەزلزانینی ڕاسیستیە.

بڕیاری ئۆجئالان بۆ هەڵپەساردنی شەڕی پارتیزانی و ملدانی خۆی و پارتەکەی بە یەک دەنگ بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە، هەنگاوێکی ئێجگار هۆشمەندانەیە کە سەرجەم دەرگاکان لە لایەنگرانی« یاسای سێدارە» دائەخات و ڕایان دەکێشێتە ناو گۆڕەپانێکەوە کە جگە لەملیۆنان خەڵکی بێچەک وتورە، تفەنگبەشانێکی تێدا نابینرێ: گۆڕەپانێک کە ئیدی مەسەلەکان تیایدا ڕوون و ئاشکران وهەرکەس شوێنی خۆی بە چاکی دەزانێ ...

**پارتی کرێکاران** بەو بڕوایە گەیشتوە ئیتر لە قۆناغی کامڵ بووندایە وپێویستی بە بەرەی شاخ نەماوەو تێکۆشانی جەماوەری ناوخۆو هەندەران وچالاکی بە گوڕی میدیاو دیبلۆماسی دەتوانن شوێنی ئەو بەرەیە پڕ بکەنەوە...

خاڵی تەوەرەیی لەم نێوانەدا ئەوەیە بزانین ئاقاری سیاسەت و لێکدانەوەی لێپرسراوانی تورکیا بەرەو چ بڕیارێک لە هەنگاوناندایە: ئایا دەتوانن لە هەلومەرجی وڵاتەکەی خۆیان تێبگەن وچارەسەر بۆ گرفتەکانی بدۆزنەوە؟ ئایا دەتوانن لەوە بگەن کە میللەتی کورد لە تورکیاو دەرەوەی تورکیا هەمان میللەتی پێنج ساڵ لەوەوبەر نیەو دەیان قات چاوکراوەترە ؟ ئایا لە تواناییاندایە بزانن کە بڕیاری ئۆجئالان بۆ ئاشتی هی ئەمڕۆ نیەو لە ١٩٩٢ وە دەستی پێ کردوەوهۆکاری سایکۆلۆژی لە پشتەوە نیە ؟

پێشبینی گۆڕانکاریە سیاسیەکان لە وڵاتێکی پڕ لە قەیراندا ئاسان نیە. ئەوەی شایستەی لێدوان و دوبارەکردنەوەیە ئەو ڕاستیەیە کە گەلی کورد ناشێ بە سێدارە

وەلامی بدرێتەوەو هەوڵدان بۆ سەپاندنی بلەوەزی نەژادی و پشتگوێخستنی خواستەکانی میللەتی کورد جگە لەتوند و تیژیەکی نەخوازراو بەرەنجامی چاکتری لێ هەڵناوەرێ.

ئایندەی تورکیاو کورد لە مەودای قابیلی پێشبینیکردندا لەوەدا خۆی نابینێتەوە کە بزانرێ کام لەو دووبەرە دژ بە یەکە وزەی زیاتری تیایە بۆ درێژەدان بە توندو تیژی، بەڵکە لەو شوێنەدایە ئاخۆ کاملا دەتوانێ بێ بەکارهێنانی شمشێر درێژە بە ڕێبازەکەی بدات: تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە گەلی کوردەوە هەیە، هەقانیەت و ڕەوایی خواستەکانی بۆ وەدەستهێنانی ژیانێکی ئازادانە، دەتوانێ تا ساڵەهای ساڵ بڵێسەی ڕاپەڕین بە درەوشاوەیی ڕابگرێ و ژێرکەوتووی مەیدان تەنها ئەو سیاسەتمەدارە سەرلێشێواوانەن کە پەتای ڕەگەزپەرستی و خۆبەگەورەزانینی «نەتەوە» وحکومەت بواری بینینی ڕاستیە هەرە بەدیهیەکانی ژیانی لە بەرچاو ونکردون .

سەرەنجام ئەگەر شەڕنەکردن و خۆڕاخستن بۆ قەمچی دوژمن نەیتوانی دەردەکان دەرمان بکات و ڕەوایی مەسەلەکەیان بۆ ڕوون بکاتەوەو کارەساتەکان پێش پێبگرێ، ئەوا هەمان ئەو ڕێچکە کلاسیکیە دێتەوە ناو مێشک کە ڕەگەزی مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە لە سەری ڕۆیشتوەو ئاسان نیە بتوانێ بە ئامۆژگاری کەسانی وەک مەسیح و گاندی و ئۆج ئالان دەستبەرداری ببێ: سێدارە ، شەڕ ، شمشێر ، تفەنگ ...

«عەدالەتی ئینسانی» ـ گەر لە بناغەدا مەفهومێکی واهی قابیلی قسە لێکران بێ ـ زیاتر لە پێنج هەزار ساڵە لە بن «عەدالەتی سێدارە» دا نقەی دێ، ئەگەر پێشکەوتنێک لە ژیان و گوزەرانی مرۆڤەکاندا ڕووی دابێ و مێژوو چەند تەکانێکی دابێ بەرەو باشتربوون، ئەوا لە سایەی سەری تێگەیشتن لەو ڕاستیە بوە کە مرۆڤ لە هەمان کاتدا کە «ئینسان» ە و خۆی وەک «سیدالمخلوقات» تەماشا دەکات، ڕەگ و دەمارو خوێنی دڕندەو ئاژەڵ تیایدا ئێجگار زیندوون و وزەحمەتە بتوانێ لە مەودایەکی کەمی چەند هەزار ساڵی دا لە نەریتی باوەگەورەکانی خۆی لابدات، هەر بۆیە تا ئەمڕۆش نەریتی زەبروزەنگ بە ڕێزلێگیراوی لە پشت هەموانەوە جێی بۆ ڕاخراوە .

ئەگەر شانسی کورد هێنای و سەلما کە هەموان ـ واتە : تورکیا، ئەمریکا ، ئەوروپا ـ ملکەچی ئەو شتەن کە ناوی لێنراوە « عەدالەتی ئینسانی»، ئەوا ئەرکی هەموانە بە یەک دەنگ هاوارکەین : بمرێ نەریتی کوشتن لە هەر لایەکەوە بێ !

تێبینی: ناونیشانی ئەم وتارە لە ڕۆژنامەی تایمزی بەریتانیەوە وەرگیراوە.

# «ئاشتی» لەچوارچێوەیەکی نادیاردا!
## (لە پەراوێزی رێکەوتنی واشنتۆن دا)

«پەیام» ژ۱۱
۱۹۹۸/۱۰/۱۱

دوای چوار ساڵ شەڕ و خوێنرێژی، سەعات دوو دە دەقیقەی ۱۷ی ئەیلول، جەلال تاڵەبانی و مەسعود بەرزانی لەبارەگای وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا، بە مەبەستی رێکەوتن و ئاساییکردنەوەی وەزعی کوردستان، یەکتریان بینی. لەم کوبونەوەیەدا زەمینەی تەواو بۆ ئیمزاکردنی ئەو پەیمانە سازدرا کە بۆ سبەینێ دوانیوەڕۆ هەردوولا لە «هۆڵی پەیمانەکان»دا ئیمزایان کرد و دوای نیو سەعات، خاتوو مادلین ئولبرایت لەبەردەم رۆژنامەنووسەکاندا سەرکەوتنی رێکەوتنەکە (و ئەمریکا)ی راگەیاند.

ئەمە دیمەنێکە لەو چیرۆکە دورو و درێژەی کە چوار ساڵە چەندین جار دووبارە بۆتەوە و گوێمان پێی ڕاهاتوە و دوور نیە جاری تریش گوێمان بە «رێکەوتن» ی نوێی لەو بابەتە بزرینگێتەوە...

گومان لەوەدا نیە کە «ئاشتی» نێوان یەکێتی و پارتی، لە هەلومەرجی ئێستای کوردستانی عیراقدا، دیاردەیەکی ئیجابیە و پێویستە هەوڵبدرێ تا ئەوشوێنەی ئیمکان هەیە درێژە بکێشێ، بەڵام ئەم «ئاشتی» یە تا ئەو ئەندازەیەش جێی زەوق و هەڵپەڕکێ نیە مرۆڤ پێی وابێ ئیدی ژیانی خەڵکی کوردستان بەهۆیەوە بازدەداتە قوناغێکی نوێی مێژوویی‌یەوە و ماوەتە سەر ئەوەی جەماوەری کورد خۆسازدەن تا لەبەرهەمە کەموێنەکانی تام بکەن!

خەڵکی کوردستان حەوت ساڵ پیش ئێستا خۆیان ڕاپسکاند و قوربانیان دا بۆ ئەوەی ئازادی و یەکسانی و ژیانێکی دوور لە برسێتی و شەڕ وەدەست بهێنن، تازە بەتازە، دوای چوار ساڵ شەڕی حیزبە «سەرکردەکان»، « مژدە» و «بەڵێن» ی ئەوەیان دەدرێتی کە ئاشتی سەقامگیر دەبێ!

ڕەمڵ لێدان سەبارەت بە ئایندەی ئەم ڕێکەوتنە نوێیەش هێندە زەحمەت نیە، هەرچەندە لەم کاتانەدا «ڕای گشتی» وای پێ باشە قسە دەربارەی لایەنە ترسناکەکان نەکرێ...

هێنده بەسە بڵێین: لەو حاڵەتەدا کە پارتی دیموکرات پێی وابێ بە ملدانی بۆ ئاشتی جوامێریەکی زۆری نواندوە و یەکێتیش سکرتێری گشتیەکەی بە «نصیر السلام العظیم» دابنێ، بۆ زۆرکەس دەردەکەوی ئاوەکە، هێندەش کە باس دەکرێ «ڕوون» نیە.
بەدەر لەگشت ئەو مەسەلانە، ئەگەر بەچاوێکی ئێجگار گەشبینانەشەوە تەماشای کێشەکە بکەین و وایدانێین مەسەلەی «ئاشتی» سەریگرتووە و بە وتەی بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی «لاپەڕە خەماویەکە داخراوە»، دیسانیش گیروگرفتێکی مەزن و پرسیارێکی زۆر جدی روبەڕوی حیزبە پێکهاتووەکان دەبێتەوە کە بریتییە لەوەی: ئایا چارەسەرێکیان بۆ چارەنووسی سیاسی کوردستان لە بەرنامەدایە؟
ئایا پێیان وایە «فیدراڵی» چارەسەری گرفتەکان دەکات و ململانێی کورد لە پێناوی مافی بەرابەر و یەکساندا لەو چوارچێوەیەدا وەدی دێت؟
ئەزموونی شەشساڵی رابووردو دەریخستووە کە «فیدراڵی لە چوارچێوەی عیراقدا» تەنیا ئەو میوە و شیرینیانەی لێدەکەوێتەوە کە چەند ساڵە لێی کەوتۆتەوە: شەڕ، برسێتی، راگواستن، تەعریب، تیرۆر، هەڕەشەی بەردەوام، بێ یاسایی و هتد...
خواستی «جیابوونەوەی کوردستان» لە حکومەتی مەرکەزی خەریکە ببێتە خواستێکی بێ گەڕانەوە... ئەو حیزبەی بیەوێ لە میللەتەکەی دانەبڕێ پێویستە باشتر بیری لێبکاتەوە و لەچوارچێوەیەکی نادیاردا نەخولێتەوە...

# ئۆج ئالان:
# بەرەو هەنگاوی ورد و بەرنامەدار!

«کوردستان» ژ٧(بەرلین)
١٩٩٨/١١/٢٠

دوابەدوای دەرچوونی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان بەڕێز عەبدوڵا ئۆجەلان لە سوریا و گەیشتنی بە ڕۆما، کێشەی گەلی کورد بە جۆرێکی یەکجار جیاواز لە جاران ڕوبەڕوی دنیای«شارستانیەتی» بۆتەوە و وەک بومەلەرزەیەک بۆتە هۆی تێکدانی میزاجی پاوانخوازی دەسەڵاتدارە کۆنەپەرستەکانی پانتورکیست و پشتیوانە جیهانیەکانی. دەنگدانەوە خەباتی گەلی ئێمە کە بە هۆی پەیوەستبونیەوە بە خەباتی ئازادیاخوازنەی باکووری کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستانەوە هاتۆتە ئاراوە، لە چەند سەرچاوەیەکەوە ڕێچکە دەبەستێ کە شایستەی لەسەروەستان وبایەخپێدانە و دەشێ گرنگترینیان لە سێ خاڵدا پوختە بکەینەوە:

١ــ فراوانی باکوری کوردستان و بایەخی ئەم گەورەییە لە ئاستەکانی جوگرافیای سیاسی و جیۆپۆلۆتیکی و ئیقلیمی و جیهانیدا.

باکووری کوردستان نەک تەنها لە ڕووی جوگرافیەوە فراوانترین بەشی کوردستانی دابەشکراوە، بەڵکو لە ڕووی دانیشتوانیشەوە زۆرترین ژمارەی لە خۆیدا هەڵگرتووە. بیست ملیۆن مرۆڤ ! هیچ شارەزاو سیاسەتمەدارو دەوڵەتێکی سەرگۆی ئەم زەویە ناتوانێ ئەم ژمارەیە بێبایەخ ببینێ و لە کاتی جمان و توڕەبونیدا لۆکە لە گوێی بئاخنێ و بەلایدا تێپەڕێ. شایانی سەرنجە بزانین کە لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا، کاتێک شۆڕشی مەزنی فەرەنسا دەستی پێکرد و بناغەکانی دەرەبەگایەتی

لەسەرتاسەری ئەورووپاو جیهان دا خستە لەرزەوە و بوە سەر مەشقێکی بێوێنە لە مێژووی توخمی مرۆڤ دا، ژمارەی دانیشتوانی ئەو دەمەی وڵاتی فەرەنسا وەک ئێستای باکوری کوردستان، بیست و چوارملیۆن کەس بوو، بایەخی ژمارە و چەندایەتی مەسەلەیەکی حاشا هەڵنەگرە و سەرتاسەری جیهان ئەم ڕاستیە دەبینن.

٢ـ گەورەیی و بایەخی دیاردە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان لەوکاتانەدا زۆرتر بەرجەستە دەبێ کە توخمی « هوشیاری» تیایدا چەکەرەی کردبێ و ئەم هوشیاریە بوبێتە هێزی مادی و لەناو چەندێتیەک دا حاڵەتێکی چلۆنایەتی پێکهێنابێ، بە واتایەکی تر، بە تایبەت کە قسە لەسەر خەباتی ڕزگاریخوازانەی میللەتێک بێت، ئەم حاڵەتی هوشیاری یە بۆ ئازادی و یەکسانی چوبێتە ئاستی یەککگرتنی مرۆڤەکانەوە و بەرز بوبێتەوە تا ڕادەی حیزب وەک ئامرازی خەبات؛ لە باکووری کوردستان دا، بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە، لە بەرامبەر فەساڵی حەپەساوی پان تورکیست و فاشیستە دڕندەکانی ئەنقەرەو ئەستەنبولەوە، هێزێک گەشەی کردووەو ناوبانگی لەناو گەلدا بەرز بۆتەوە کە دەیەوێ لە ڕیشەو بنج و بناغەوە گەلی کورد لەبندەستی و زوڵمی شۆڤێنیستە جۆراوجۆرەکان دەربهێنێ و لەوەش گرنگتر، کۆتایی بە ڕۆژی سازشکاری بهێنێ. ئەم یەککگرتنی هۆشیاری و کارامەییە سیاسیە لەسەر دەستی پارتی کرێکارانی کوردستان بەدیهاتووە و چ بەڵگەو دیکۆمێنتێک نیە پێچەوانەکەی بسەلمێنێ. ئاوێتە بوونی چەندایەتی گەل لەگەڵ چلۆنایەتی و هۆشیاری حیزبێکی سیاسی ڕادیکاڵ، بە ووتەی شارەزایان دەشێ گەورەتر لە موعجیزەش بخولقێنێ.

٣ـ گۆڕانی بارودۆخی جیهان لەم چەند ساڵەی دوایدا بە تەواوی دەبێتە تەواوکەری هاوکێشەکەی سەرەوە. هەرچی چۆنێک بێت ئێستا ئەوە بۆ هەموان ئاشکرا بووە کە سەردەمی کۆنەپەرستی ڕاستڕەوانەی ڕیگانیزم وتاتشەریزم لە ئەمەریکاو بەریتانیا پەیوەندی بە مۆزەخانەی سیاسەتەوە هەیە و هاتنەوە مەیدانی «چەپ» ــ هەرچەندە ناڕادیکاڵ ــ لەسەرجەم وڵاتەکانی ناوەڕاست و خۆرئاوای ئەورووپاو تەنانەت بە هێزبوونەوەی سەرلەنوێی لە ڕووسیاش داــ ڕاستیەکە هەمووان لە بەرچاویانە، هەروەها شکستی کەڵەگایی و«عەنتەریاتی سەدامی» و هەڵتۆقینی باڵی «چەپ» لە هەناوی حکومەتی ئیسلامی ئێران دا و لە ناو خودی قەڵاکەی ئیمام دا، بەڵگەن بۆ سەرهەڵدانەوەی خواستە مرۆیی و ژێرپێخراوەکانی ملیۆنەها ملیۆن ئادەمیزادی پشت گوێخراو.

تاوانی ئێمە نیە گەر لە ناو ئەم ئۆقیانوسە مرۆیی و پڕ هۆشیاریەدا تاقمێک جەنەڕاڵی عەسکەری و گەوجی تورک دەیانەوێ ئیهانەی کەرامەتی مرۆڤانەی کورد بکەن. تاوانکارو دڕندە ئەوانەن کە بە هەزاران شێوەی ناتەبا لەگەڵ عەقڵی مرۆڤ دا،

دەیانەوێ تاوێرەکە بە هەوراز هەڵگێڕنەوە و لە ناوبانگ و ڕێزی بزووتنەوەی ئەو میللەتە کەم بکەنەوە کە بۆ سەرەتایترین مافی مرۆڤانەی خۆی تێدەکۆشێ کە مافی ئازادی و بەرابەری و یەکسانی یە.

مێژوو لە پێشڕەویەکی جیدی و بەردەوامدایە، بەڵام ئەم پێشڕەوی و جوڵانەوەیە جەبری و ئیلاهی نیە و تاقە هێزێک کە دەتوانێ ئەم مێژووە بجوڵێنێ کۆمەڵانی خەڵکی ئازادیخواز وتێکۆشەری کوردستانن لەناوەوە ودەرەوەی وڵات.

لە حاڵی حازردا عەبدوڵا ئۆجەلان ی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کورستان بۆتە سەری ڕمب بۆ گەلی کورد و چقڵی چاوی فاشیستەکان، داکۆکی لە مان و ژیان و ئازادی و سەربەرزی ئاپۆ، داکۆکیە لە مافی ژیان وئازادی بۆ گەلی کورد. بێدەنگیش واتای بێدەنگبونە لە بەرامبەر مافی ئازادی و یەکسانی هەمووان...

لەکەم وەرچەرخانی مێژوییدا گەلی کورد وەک ئێستا بۆی لواوە داکۆکی لە مەسەلە ڕەواکەی بکات لە ڕێگای داکۆکی لە تاقە یەک کەسەوە... ئەزموونی کەم میللەت وەک ئێستای ئێمە دێتە بەرچاو و ئەم ڕاستیەش خەباتی ئێمەی ئاشکراتر و ڕوناکتر کردۆتەوە.

وەرن با کارێک بکەین میللەتان لەوە زیاتر بە چاوی عەشیرەت و خێڵ لێمان نەڕوانن و بە بەرنامە داکۆکی لە هەبوونی خۆمان بکەین.

# ئۆج ئالان:
# هەنگاوێک بۆ پێشەوە...

١٩٩٨/١١/٢٨
(بۆ یەکەم جار)

قەیران و کێشە سیاسی و مێژووییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و گرفتی گەلی کورد لە جەرگەی کێشە ئاڵۆزەکانی ناوچەکەدا بەتایبەتی، سەر لەنوێ خەریکن مەیدانی چالاکی سیاسی و میدیا داگیربکەنەوە. ئەگەر لە مەسەلەی ئاڵۆزکراوی گەلی فەلەستین و گەمەی دوو هەفتەی دوایی عێراق و ئەمریکاوUN خۆ ببوێرین، یەکسەر دەگەینەوە سەر تێکۆشانی بەشێکی گەلی کورد لە پارچەیەکی کوردستانی دابەشکراودا: باکوری کوردستان دژ بە حوکمی تورکیا بۆ ئازادی و سەربەستی..

ئیزندانی عەبدوڵا ئۆجەلان لە سوریا و تەکاندنی ناوبراو لەسەر بەڕەی دەشتی بیقاع، بەئەندازەیەک دامو دەزگا ڕاستڕەو و کۆنەپەرستەکانی تورک و عەرەبی زیت و سەرخۆش کردووە کە مرۆڤ لەیەکەم سەرنجدا وا هەستدەکات ڕۆژی قیامەتی کورد دەستی پێکردوە.

ڕۆژنامەی«حیاە» دوای گیرانی ئۆجەلان لە ڕۆما، لەلاپەڕەی یەکەمی و بە دێڕی گەورە نوسیبوی:**« غادر موسکو بجواز سفر مزور وانقرە تصر علی تسلمە»** ، «الحیاە» وشەی « مزور» ی خستۆتە ناو پڕانتزەوە بۆ ئەوەی خوێنەرانی واتێبگەیەنێ ئاپۆ و سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆنی کوردی تورکیا، لە گشت حاڵێکدا مرۆڤی نایاسایی و دژ بە عورفی دیپلۆماسین و بە کورتی: «تیرۆریست» ن!!

هەمان ڕۆژنامە، بۆئەوەی شێوازی «لیبراڵ»ی ئینگلیزی لە سیاسەت و پڕوپاگەندەدا پاراستبێ و چەکوشی خۆی هەم لە ناڵ دابێ و هەم لە بزمار، لە لاپەڕەی شەشەم دا پێکگرتنێکی زیرەکانەی بڵاوکردۆتەوە لەسەر دوو حاڵەت: ئایا ئۆجەلان« سەرکردەیەکی سەرنجڕاکێشە» یاخود« پیاوکوژە»؟... بەو جۆرە بە ڕادەیەک خۆیان لە ئەسڵی مەسەلەکە کە بریتیە لە ئازادی چارەی خۆنوسینی بیست ملیۆن مرۆڤ لە تورکیادا کە

خـوێنـەر لە باشـتـرین حـاڵ دا سـەرنجی هەرلای «سـەرۆک» و«حـیـزب» و«پیـاو کـوژ» و«ئاشـتـیخـواز» دا قـەتیس دەبێ و مرۆگـەلی بندەست و زوڵملێکراویش بەحـاڵی خـۆیان جێ دەهێڵرێن...
بەڵام پێش وتنی هەر قسەیەک دەربارەی ڕەفتار و شێوازی «جیهانی عەرەب» بە گشتی و حوکمڕانانی تورکیا دژ بە کێشـەی گـەلی ئێمـە بە تایبـەتی، پێویسـتـە سـەرێک لە«برایان» ی سـوری بدەینەوە کـە پێیان وابـو دەرکردنی ئاپۆ لە سـوریا دەبێتـە هۆی پاشـەکشـەو لاوازکـردنی پارتی کـرێکاران... بێگومـان ئەمـەش بۆ جـاری هەزارەم ئەو حـەقیقـەتەی ئیسپات کردەوە کە لە پاڵ تۆخترین ناسیۆنالیزمی ڕادیکاڵی عەرەبیش دا(چ جـای ئیسـلامی دوانزە ئیـمـامی یان جـەندرمـەی تورک) هەوڵدان بۆ **ئازادی کورد** فیکری بێبناغەو پوچە. ناسیۆنالیزمی عەرەبی سوریش، بەحوکمی هەڵقولانی لە کاتی پڕ بەرەکـەتی«بەعس»ە وە، سنوور و ئاسـتـەنگەکـانی دیارن و کـێـشـەی کـورد تا ئەو جێگایە بۆ ئەوان واتا و مەفهومی خۆی دەپارێزێ کە ماوەی بەکارهێنانی«ئێکسپایەر» نەبووبێ و قـابیلی سـودلێـوەرگرتن بێ... بە هـەرحـاڵ، سـەرەنجام «برایانـی سـووری» ئەرکی« دۆسـتایەتی» یان بە جوانی ئەنجامدا و بەچەند قسەیەکی پاشـاو شازادەکانی کەنداوو سـەردانی وەزیرێکی میسـری ( میسـر ئەو شوێنەیە دیالۆگی کـوردی ـ عەرەبی لێ دەکرێ!) خۆیان لەژێر باری فـەرتەنەکە دەرکێشاو تەنانـەت دوو قسـەی خێـریشیـان دەربارەی«هـەق» ی کورد لە تورکیا نەفەرموو...
ئەی لای ئاپۆ چ باسە؟
بێشک لە ناو سەرکردە سیاسیەکانی کورددا ئاپۆ شوێنێکی تایبـەتی هەیە. ئێستا ئاپۆ ـ بە هـەق یان بە ناهـەق ـ مرۆگـەلێکی فرە لەدەوری ئالاون و بە قـیبلەی ئومێدی گـەلی کورد و وەدیهاتنی خـواسـتـە بەرهـەق و ڕەواکـانیـانی دەزانن و لە شـەخسـیـەتی ئەودا ئایندەیەکی ڕوون دێتـە بەرچاویان.. ناسـۆری کـوردی باشـور بێکۆتاییـەو هـەرجـۆرە وەرچەرخـانێک لە سـیـاسـەتە چەسـپـاوەکـانی تا ئێسـتـای ئاپۆدا و بازدانـی زیاتری بەرەو«ڕاستڕەوی»، بۆ کوردی باشـورلە «نسکۆی ٧٥ » گـەورەتر وسامنـاکتـر دەنوێنێ... ڕاسـتـە ئاپۆش وەک هـەرکـام لە ئێـمـە مـرۆڤـە و دەکـەوێتـە ژێر کـاریگـەری ڕەشـەبای سـیاسـەت و گۆڕانکاریە مێژوویەکانەوە، وە هـەر بەو حـوکمـەش ناتوانێ لە ژێر گـورزو فشـاری خـۆرئـاوا بەسـەلامـەتی ڕزگـاری ببێ، بەڵام دیسـانیـش ئەگـەر بیـەوێ دەتوانێ کـارێک بکات لە ئێش و ئازاری گـەلی کـورد دورتر نەکـەوێتـەوە و تـەعبیـر لە خـواسـتی ملیۆنەها ئینسانی ژێر چەپۆک و بەشخوراو ئازادی لێسەنراو بکات و ببێتە ڕەمزیان.
ئێـسـتـا دۆخـێکی تایبـەتی هـاتۆتە ئاراوە و ئاپۆ نـاچارە بیـربکاتـەوەو ڕێچکـەیەک هەڵبژێرێ: «خـۆرئاوا » خـوازیاری نەرمیەو تا ئەوکاتەی بەتەواوی بۆیان ساغ نەبێتـەوە

کەسێک مل بە سیاسەتی گشتی ئەوان دەدات، بەچاوی تیرۆریست و«هەڵگەڕاوە» لێی دەڕوانن؛ بە پێچەوانەشەوە تائەو شوێنەی سەرکردەیەکی کورد داکۆکی لە خواستی بەرهەق و ڕەوا کردبێ لەلایەن خۆرئاوا(و ئەمریکا)وە پشتگوێ خراوە. بەکورتی، پەیوەندی سیاسی«خۆرئاوا» و« سەرکردە» ی ناسیۆنالیستی کورد پەیوەندیەکی پێچەوانەیە: تەنها کاتێک خۆرئاوا سەرکردەی کورد بە ڕەسمی ئەناسێ کە ئەم سەرکردەیە خواستی ئازادی و سەربەخۆیی و مافی دیاریکردنی چارەنوسی کورد بە ڕەسمی نەناسێ و گوێی لێ بخەفێنێ و خوازیاری «وحدەی وطنی» بێت....

«ئەوان» دژ بە تێکچوونی سنورەکانن!

سەرمایەدارە خاوەن دەسەڵاتەکان بە سنوورەکانی ئێستا ڕازین و ئەوەش واتای سیاسی و پراتیکی زۆری لێ دەبێتەوە.... هەر لەم ئاقارەدایە کە هێرشی ڕۆژنامە گەورەکانی عەرەب و تورکیا واتای خۆیان ئەدەن بەدەستەوە. ڕاستە پەلاماری نوسەرە ڕاسترەوەکان دژ بە ئاپۆ بێئامان و بێویژدانانەیە، گەروا نەبوایە کاک ئەمیری تاهیری ناچار نەدەبو بە ئاشکرا و لە سەنگەری «پاراستنی سنوورەکان» و ئامۆژگاریکردنی حکومەتی تورکیاوە بنوسێ: «ان حزب العمال الکردستانی...حرکه انصار شیوعیه تستهدف تحطیم الکمالیه» هەروەها: «ان ذالک کله سیجعل من اوجلان شهید القومیه الکردیه رغم انه اممی شیوعی یبغض القومیه باعتبارها«نزعه بورجوازیه» » (الشرق الاوسط ـ ٩٨/١١/٢٤)

بێگومان ئەو قسانەی سەرەوە لە بێخ و بنەوە ناڕاستن و ڕشتنی بەنزینن بەسەر ئاگری قینەبەرایەتی وەهمی (یان واقیعی) دنیای بەرژەوەندیپەرستی سەرمایەداری خۆرئاوا وPKK دا و هەوڵدانی نوسەرە بۆ بازرگانی بە کەرامەتی ئینسانی گەلێکی ستەم لێکراوەوە. لەگەڵ ئەوەشداو سەرەڕای چالاکی ڕۆژنامەنوسە بێویژدانەکانی پاریس و لەندەن و هەوڵدانیان بۆ هەڵگێڕانەوەی ڕاستیەکان دژ بە گەلی کورد، هەقە جارێکی تریش ئێمە ئەو ڕاستیە دوبارە بکەینەوە و بسەلمێنین کە مام جەلال تاڵەبانی پێش زۆر کەس ئاقاری ڕووداوەکانی لێکدەداتەوەو تێدەگات. مام جەلال لەوەڵامی پرسیاری غسان شربل ی سەرنوسەری گۆڤاری«الوسط» دا کە **«ئایا ئاپۆ مارکسیست بوە»**؟ بەم جۆرە وەڵامی داوەتەوە:

ـ کانوا یدعون الماركسیه اللیلینیه، والان لایدعون هذا!

(الوسط ژ٣٥٥ــ ١٩٩٨/١١/١٦)

لە ماوەی پانزە ساڵی ڕابوردودا زۆر ڕوداوی گەورە لە جیهان دا هاتنە ئاراوە: شۆڕشی تەکنۆلۆژی و ئینفۆرماتیک، بلەوەزی تاچەریزم و ڕیگانیزم، شکستی مۆدیلی

ڕووسی سۆشیالیزم و سەرەنجام هەڵوەشانەوەی بلۆکی قەبەی بەناو سۆشیالیستی سۆڤیەت وهتد.. ئاپۆش گۆڕانی بەسەردا هاتوە: ئەویش لەم ئۆقیانوسە مەزنەدا نەیتوانیوە خۆی لە شەپۆلە گەورەو سامناکەکان بپارێزێ، تەنها یەک خولیا لە مێشکی ئەودا بەنەگۆڕی ماوەتەوە: ئازادی کوردستان...

ئاپۆی نوسەری« **تایبەتمەندیەکانی تێکۆشەری شۆڕشگێڕ»(١٩٨٥)** هەرگیز ئاپۆی نوسەری**« با لە کێشەکانمان تێبگەین و ببینە هێزی چارەسەریان»(١٩٩٤)**نیە!.

ئایندەی ئاپۆ و حیزبەکەی هەرچی چۆنێک بێت و تەنانەت ئەگەر ئیتالیا و ئەوروپا گشت نەریت و یاسا چەسپاوەکانی خۆیشیان سەبارەت بە«مافی پەنابەری» و«مافی میللەتان» فڕێ بدەنە دەریای ڕەشەوە، مسقاڵێک لەو ڕاستیە کەم نابێتەوە کە گەلی کورد لە ژێر دەستی حکومەتی فاشیستی و عەسکەری تورکیادا پێویستی بە ئازادی و سەربەخۆیی هەیە و تا بەدەستهێنانی ئەو خواستەش وازناهێنێ... ئەگەر وای لێکدەینەوە کۆچی ئاپۆ لە سوریە هەنگاوێک بوە بۆ پێشەوە، دەبێ دان بەوەشدا بنێین کە «ڕۆما» دوو هەنگاو زیاترە بۆ پێشەوە. خۆرئاواو خۆرهەلات تەنیا لە ڕووی « شوێن» ە وە لێک جودانین بەڵکە لە ڕووی « کات» (و سەدەم)یشەوە گەلێک لەیەکتر دوورن!...

پێویستە لەسەرمان ڕووبەڕووی هەر پلانێک بوەستینەوە کە دژ بە خەباتی حەقخوازانەی گەلی کورد لە تورکیا ئەنجام دەدرێت.. ئەرکێکی مرۆڤانە و پێشکەوتنخوازانەیە گەر هەوڵدەین ژیان و ئازادی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان لە ئاقاری داکۆکی لە مافی ژیان و ئازادی و سەربەستی گەلی کورددا پارێزراو بێت... دەبا ئێمە قۆڵی لێهەڵماڵین و ئەمجارەش ــ وەک سەدان جاری تر ــ نەهێڵین بارەکە بەلای گەلدا بشکێتەوە و سەرکردەکان بواری ئەوەیان بۆ بڕەخسێ و بڵێین: میللەت لەکاتی تەنگانەدا پشتی تێکردین!

هەموو شتێک بەستراوەتەوە بە جوڵەی کۆمەلانی خەڵکەوە لە ئەوروپا و کوردستان ... پێویستە بەر بە شالاوی شەقاوەیی تورکیای فاشیست بگیرێ.

# بەرەو «پەیام»ێکی باشتر!

«پەیام» ژ١٤
١٩٩٩/١/٨

برایانی دەستەی بەڕێوەبەر!
سەرەتا بە بۆنەی هاتنی ساڵی نوێوە پیرۆزبایی گەرمتان لێ دەکەم و هیوادارم لەم ساڵە نوێیەدا چالاکانەتر و بەگوڕتر هەنگاوەکانی «پەیام» بەرەوپێش بەرن.
وام بە باش زانی بەبۆنەی هاتنی ساڵی نوێوە، وەک رێزگرتنێک لە هەوڵ و کۆششی ئەو خوشک وبرایانەی لە «پەیام»دا هیلاکیان بینیوە و دەبینن، ئەوپەڕی خۆشەویستیم دەربڕم و هاوکات لەگەڵ ئەو خۆشەویستییەدا بۆ چاکترکردنی ڕەوتی «پەیام» چەند بیروڕایەک پێشکەش بکەم. هەروەک خۆیشتان ئاگادارن من یەکێک بووم لە خوێنەرە هەڵوەداکانی پەیام و خۆشحاڵم لەوەدا کە توانیومە لە دوانزە ژمارەی ڕابردوودا شەش وتاری بچووک بڵاو بکەمەوە و وەک دڵسۆزێکی بڵاوکراوەکە خۆم ببینمەوە.
«پەیام» لە ساڵی ڕابردوودا و لە ڕەوتی بڵاوکردنەوەی دوانزە ژمارەدا، توانی جێگای خۆی بە باشی لەناو جەماوەری کورد لە هەندەران و کوردستاندا بکاتەوە و سەرنجیان ڕابکێشێت، ئەم ڕەوتە پڕ لە ئومێد و سەرکەوتنەی «پەیام» پێویستی بە هەنگاوی باشتر و وردتر و کاریگەرترە. دیارە لەم دنیایەدا هەرکەسە جۆرە بیروباوەڕێکی هەیە سەبارەت بە چۆنیەتی پێشخستنی کارەکان و گەیاندنی «پەیام»ەکان. من خاوەن بیروڕای تایبەت بە خۆمم و حەزم کرد لەم بوارەدا و بەو بۆنەیەی لە سەرەوە ئاماژەم پێکردووە، چەند سەرنجێکی خێرا دەربارەی باشترکردن یاخود «کاریگەرتر» کردنی پەیام بنووسم.
دیارە لە گشت حاڵێکدا هیواو ئاواتی من ئەوەیە گەلی کورد ئازاد و سەربەخۆ بێت و ئەگەریش سەربەخۆیی بۆ ئێمە میوەیەکی قەدەغەکراوە و نابێت دەست بۆ درەختەکەی بەرین، ئومێدم وایە ئەو دەزگا و دامەزراوە و بڵاوکراوانەی لە هەندەران خەریکی کاری فیکری و فەرهەنگین، باس لەو ژینگە بێ ئازادییە و لەو ستەمە بەردەوامە بکەن و دەرۆستی ژیان و گوزەرانی گەلی کورد بن و خەریکی بن.

ساڵی ٩٧ و ٩٨ کە «پەیام» تیایدا بڵاو دەبووەوە، ساڵی خۆناساندن و خۆقایمکردن بوو. بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین «پەیام» سەرنجڕاکێشترین بڵاوکراوەی ئەوروپا بووە (لە فۆڕمی ڕۆژنامەدا) کە جگە لەو وڵاتەی لێی چاپ دەبێت (بریتانیا)، لە زۆر کونج و قوژبنی تری دنیاشدا خوێنەری بۆ پەیدا بوون و لە سنە و مەریوانەوە تا دەگاتەوە ئوستralیا و نیوزیلاند خەڵکی ئاوارە و نیشتەجێی کورد بە دیتنی خۆشحاڵ بوون.
بەڵام ـ ئەمەش بەشێکە لە سەرنجەکان ـ هەر ئەوەی کە بڵاوکراوەیەک بە حوکمی وشکهەڵاتنی پێدەشتی فیکری کوردی، «سەرنجڕاکێش» و پڕ خوێنەر بێت بەس نیە و بە بڕوای من دەکرێت بەزۆر شێوازی تریش گۆمی مەنگ و قەوزاوی ئەندێشەی کوردی ببزوێنرێت.
ئەز لە خوارترەوە بە خێرایی و بە شێوەیەکی گشتی سەرخەتی ئەو لایەنانەی بۆ باشترکردنی پەیام بە پێویستیان دەزانم دەنووسم و ئاشکرایە دەگونجێت کەسانی تر ڕای جیاوازیان لە پێشنیارەکانی من هەبێت و ئەوەش دیاردەیەکی سروشتییە، ناسروشتی ئەوەیە کەس ڕای خۆی دەرنەبڕێت و چاوەڕوانی موعجیزە بکەین بۆ ئەوەی فریای کورد بکەوێت و ژیانمان لە ناوەوە و لە هەندەران چاک بکات. لێرەدا سەرنجەکانم دەڵێم و هەقە ئەوانی تریش هی خۆیان بڵێن و «پەیام» دەوڵەمەندتر و خۆشەویستر بکەن.
بەبڕوای من وا باشتر و کاریگەرترە کە:

*** «پەیام» بڵاوکراوەیەکی ئامانجدار بێت؛**
کۆچکردنی بەشێک لە خەڵکی کوردستان بۆ هەندەران بۆتە واقیعێکی بەرچاوی هەمووان. ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە و ئەم ڕاستییەش چەندین لایەنی چاک و خراپی لە خۆدا هەڵگرتووە. یەکێک لە لایەنە هەرە باشەکانی هەبوونی خەڵکی کوردستان لە ئەوروپا و هەندەران، چاوکرانەوەیانە بە پێشکەوتنەکانی دنیای نوێ و لەوەش گرنگتر بەرهەستبوون و بەردەستبوونی دامەزراوە سیاسیە دیموکراتیکەکانی ئەوروپایە بۆیان (یا بۆمان).
لە کوردستان (ی چوار پارچە)دا نەدەکرا ئەم دیاردانە ببینین. دیارە ئاوارەیی وکۆچی کورد بۆ ئەوروپا دەمێکە دەستی پێکردووە، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا ڕەهەندێکی یەکجار فراوانتری بە خۆوە گرت و هەر بەو شێوەیەش پێویستبوونی بڵاوکراوە و گۆڤار و ڕۆژنامە لە لایەن ئەم شەپۆلە مرۆییە گەورەیەوە و بۆ ئەوان، پێویستییەکی پلە یەکە.
ئەوەی جێگەی تێڕامان و بیرلێکردنەوەیە ئەوەیە کە: هەر لەو کاتەدا کە چەندین ساڵە ئەم کۆچە بەردەوامە و تادێت زیاتر قەرەباڵغ دەبێت، زۆربەی بڵاوکراوە و ڕۆژنامەکانی

هەندەران هەوڵ دەدەن سروشتێکی ««بێ ئامانج» و «ناسیاسی» یانەیان هەبێت و سیمای «بێلایەن» بە خۆوە بگرن و بە لای کێشە سیاسییەکان و حیزبەکاندا تێپەڕن و جارجارە ـ بۆ ئەوەی چێشتەکە بێ خوێ نەبێت ـ وتارێکیان لەسەر بڵاو دەکەنەوە.
من لەو بڕوایەدام کۆچی ئێمە بۆ هەندەران و هۆکارەکانی کۆچکردنەکە و گشت مەسەلە پەیوەندیدارەکانی تر بە گرفتی گەلی کوردەوە، هەموویان بناغەی «سیاسی» یان هەیە و پێویستە بە شێوازێکی سیاسیانە و ئامانجدارانە بیریان لێ بکرێتەوە و چارەیان بۆ وەدۆزرێت.
بۆ نموونە: ناکرێت و ناشێت هەر لەو مانگەدا کە زیاتر لە بیست ژن و منداڵ لە ئاوی نێوان تورکیا و یۆناندا دەخنکێن و بەبێ کەسی و زەلیلی گیانیان لە دەست دەدەن، ئێمە خەریکی ئەوە بین لە «پەیام» دا شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت شی بکەینەوە و گیانی ئاوارەکانمان بکەینە مەسەلەیەکی لاوەکی؛ زۆر نەگونجاوە لەو کات و ساتەدا کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەپاڵ حکومەتی تورکیادا فشار بۆ پ.ک.ک دەهێنێت، ئێمە لە «کوردستانی نوێ»(ی چاپی لەندەن) دا خەریکی ئەوە بین وتارەکانی ڕۆژنامەی «تورکیش دەیلی نیوز» بکەینە کوردی!
دیارە من قەت لەگەڵ ئەوە نیم «پەیام» دەرگای خۆی لەسەر نووسینی جۆراوجۆر و بیروباوەڕی جۆراوجۆر دابخات، وە لەو بڕوایەدا نیم دیکتاتۆریەتی فیکری بتوانێت هیچ بە هیچ بکات، بەڵام هەقە ئێمە کێشە سەرەکییەکانمان لە ناسەرەکییەکانمان جیا بکەینەوە، یاخود لانیکەم بواری زیاتر بۆ ئەو نووسینانە بڕەخسێنین کە سیمایەکی ڕەخنەگرانە یان ئەکادیمی سیاسی وە یاخود قاودەرانەیان هەیە. پێویستە ئەوەمان لە بیر بێت کە گەلی کورد تاقە میللەتە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ئازادی و سەربەخۆیی نیە. زۆر گرنگە ئێمە ـ وەک میللەت ـ لە هەلومەرجی سەردەمی خۆمان حاڵی بین و چارەسەر بۆ کێشەکانی وەدۆزین.
گرفت و تەنگوچەڵەمەکانی گەلی کورد، گرفت و تەنگانەی سیاسین. هەر بۆیەش چارەسەری گرفتەکان دەبێت سیاسیانە و لە ڕێگای لۆژیکی سیاسەتەوە وەڵام وەربگرێتەوە. ئێمە گەلێکی ستەملێکراو و دابەشکراوین، ئەو ستەمەی لە ئێمە دەکرێت بنچینەیەکی سیاسیانەی هەیە و ناشێ تەنیا **بە زەبری کولتور** و بەرهەمی ئەدەبی بە گژیدا بچینەوە. زۆر بایەخدارە بۆ ئێمە لە کاری ڕۆژنامەگەریدا، لە بناغەوە و وەک میتۆدۆلۆژی، خۆمان بۆ ئەوە ساز بکەین ئەگەر بەرهەمێک لەگەڵ زەوقی فیکریماندا نەگونجا و دژی بوو، فرێی نەدەین، باشترە واز لەو بیروبڕوایە بهێنرێت کە دەڵێت: **سیاسەت بێ سەرنجامە!** چونکە بمانەوێت یان نەمانەوێت سیاسەت و کاری سیاسی ڕابردووی ئێمەی دیاری کردووە و ئاییندەشمان دیاری دەکات.

مێـژوو لە ڕەوتی خۆیدایە و کـەس ناتوانێت ئیـسپـاتـی بکات کام بیـروڕایە بە تەواوی ڕاستـە و کـام ڕاست نیە، هەر بۆیەش ڕەخسـاندنی بوار بۆ ئایدۆلۆژیا جیـاوازەکان دەسکەوتێکی گەورەیە بۆ هەمووماں.

کـەواتە، یەکـەمین پێـشنیـاری من لەوەدا پـوختـە دەبێـتـەوە: بۆ ئەوەی «پەیام» ڕۆڵێکی جدیتر لە ژیان و گوزەران و چارەنووسی خەڵکی کوردستـاندا بگێڕێت، **پێویستە زیاتر خۆ لە کێشە سیاسییەکان** بدات.

*** بایەخی بەردەوام بدات بە ژیانی پەنابەران؛**

ژمـارەی گشت ئەو کەسـانـەی لە کـوردسـتـانی عـیـراقـەوە هـاتوونـە هـەندەران بە تەواوی نازانرێت. ئاشکرایە ژمارەکە زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کـەسـە، ئەوەش ژمـارەیەکی زۆرە و ئەگەر کوردی ئێران و تورکیاشی بخرێتە سەر، لە ملیۆن تێدەپەڕێت.

هەمـوومـان دەزانین زۆر وڵات لە دنیـادا هـەن ژمـارەیان ناگـاتە یەک ملیـۆن. کـەواتە، لەبەرچاونەگرتنی گیروگرفتـە سـەرەکی و ژیانیـەکانی گـەلی کورد لە هەندەران، وەک هەڵاتن وایە لە لێپـرسـراوەتی و چۆڵکردنی ژێر ئـەو تابووتەیە کـە گـیـان و هەست و نەستی ئێمەی لە ئاوارەییدا تیا دەبرێت بۆ گۆڕستان. هەواڵی جۆراوجۆر لەسەر ژیانی ئاوارە و پەنابەری کورد لە ئاسمانی ئەوروپادا دێن و دەچن:

** پێرێ ٢٠ ژن و منداڵ لە قەراغ دوورگەیەکی یۆنانیدا خنکان؛

** لە نزیک ئامۆنیا، قاچاغچی دوو کەسیان بە چەقۆ کوشت؛

** ژن و مێردێک دوای دوو سـاڵ هەبوونی پەنابەریی سیـاسی لە ئەڵمـانیا، کۆرپە دوو مانگییەکەیان ڕەفزی بۆ هاتەوە!

** هەفتەی پێشوو ١٩ کەس لە «هۆم ئۆفیس»وە بڕیاری گەڕانەوەیان درا بۆ ئەڵمانیا و هۆڵەندا، چونکە لەوێ پەنجەمۆریان هەبووە؛

** لە شـارێکی سنووری فرەنسا، هەر پەنابەرێک بگیرێت دوای تێـهـەڵدانێکی باش "ئازاد" دەکرێت و... .. تاد..

مـەسەلەکە گەورەیە، مـەترسییەکی بەردەوامە و ڕووی لە هەمـووانە... نەک هەر «پەیام» بە تەنیـا دەرەقـەتی نایەت، بەڵکە ئەگـەر تەنانەت چەندین بڵاوکـراوەش لە یەک کـاتدا وەگەڕ بخرێن، ناتوانن ڕەوتی ئەم هێرشە دژی پەنابەری و «ئەوروپا سەنتەر» یە بگرن. گرفتەکە پێویستی بە ڕێکخستنی زیاتر و ناڕەزایی بەکۆمەڵ هەیە و ئەوەش، لەم وەزعە نەفسیـەی کوردی عیـراقدا وەک ئەوە وایە هەقایەتی تراژیدی ڕۆستـەم و زۆرابیـان بۆ بگێڕیتـەوە: هـەمـوو بێزار، هەمـوو سـەرقـاڵی کێشـە شـەخسـیـەکان و بە گشـتی وڕی

خۆقایمکردن لە قوژبنی کرێکاری و بەرژەوەندیە تینبۆهێنراوەکاندان. بێگومان ئەوانەی پەساپۆرتیان لە باخەڵدایە ڕای جیاوازیان لەسەر مەسەلەی پەنابەری تازە و ئەوانە هەیە کە لە زۆنگاوەکانی **ئەنیز** و جەنگەڵەکانی **ڤێریێ** و **ئەسکەندەرپۆلی** دا گیریان خواردووە ونانە ڕەقیشیان دەست ناکەوێت بیخۆن!

ئەگەر ئەو عەقڵییەتی «چیم بە سەرەوەیە؟» یە بپەڕێتەوە ناو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیش، بەڕاستی ئیدی کێشەکە دەبێتە کارەسات و تراژیدیای فیکری و سیاسی.

من لەو بڕوایەدام «پەیام» دەتوانێت باشترین ڕۆڵ ببینێت لە ئاستی چەند مەسەلەیەکدا:

١- هوشیارکردنەوەی پەنابەرانی کورد لە سەرتاسەری دنیادا بە مافەکانی خۆیان؛ (ناساندنی بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤ و یاسا پەیوەندیدارەکانی تر...)

٢- داکۆکیکردنی یاسایی و سیاسی لە مافی پەنابەران بە نووسینی وتار و بڵاوکردنەوەی ئاگاداریی ڕێکخراوە پەنابەریەکان؛

٣- قاودانی ڕەفتارە راسیستی و دژەپەنابەریەکان لە هەر کوێیەک هەبن؛

٤- بڵاوکردنەوەی وتاری ئەکادیمی و گشتی لەسەر کێشەی ئاوارەیی گەلی کورد و هۆکارەکانی؛

٥- بەهاناوەچوونی ئاوارەکانی تورکیا و یۆنان و ئاشکراکردنی ناوی ئەو کەسانەی بازرگانی بە ژیانی خوشک وبراکانمانەوە دەکەن و نایانگەیەننە شوێنی مەبەست (وەک لە ژمارە ١٢ی پەیام دا باسکراوە) وە ناساندنی تاوانباران بە یاسا، چ لە ناوخۆ بێ یان لە ئەوروپا؛

٦- بەشداربوونی «پەیام» وەک دامەزراوەیەکی فەرهەنگی لە ڕێکخستنی ناڕەزایەتیەکانی پەنابەران و ئاوارەکاندا لە کاتی پێویستدا...

بە کورتی دەکرێت هەر لاپەڕەیەکی «پەیام» ببێتە ئاوێنەیەک بۆ نواندنەوەی ژیانی کولەمەرگی و لێقەوماوی گەلی کورد و ڕاوەستان لە بەرانبەر ئەو کولەمەرگیەدا...

«پەیام» دوانزە ژمارەی رابردووی زۆر بە سەرکەتوویی و شانازیەوە چاپ و بڵاوکردەوە. بە شانازی دەزانم بۆ خۆم کە توانیومە هێندەی بوارم هەبێ هاوکاریی بکەم و نووسین و راپۆرتی بۆ ئامادە بکەم؛ لەمەو دواش بەوپەڕی هیواوە ئامادەم هاوکاری بکەم و چاوەڕێم «پەیام» بە ئەندازەیەک سیاسی و جیدی لە مەسەلە سەرەکیەکان بدوێ کە تەنانەت لێپرسراو و «سەرکردە» و «وەزیر»ەکانی ناوەوەش ناچاربن وتارەکانی بخوێننەوە و حساب لە سەر هەر وشەیەکی بکەن.

زۆر گرنگ نیە ئێمە بلاو کراوەیەکمان هەبێت و دەردەدڵ و خەفەتەکانمانی تیادا

بنووسین. کەم بایەخە بنیادەم هەوڵی ئەوە بدات لە خەیاڵاتی ڕۆمانتیکی ڕابردوودا مەلە بکات و ئاگـــای لـە دنیـــای دەوروبـەری و «واقــیــعـی» نەمـــێنێت و، لای ئازایـەتی و هونەرمەندی بێت کە بڵاوکراوەیەکی «جوان» و بێهەڵەی چاپی هەبێت.
گرنگ و بایەخدار ئەوەیە لـە ژیان و گوزەرانی خـەڵکی کوردستـاندا، لە پێشکەوتن و هۆشیـارکردنەوەیاندا ئاگادار و بەشدار بین و بەردەوام ئاگامان لە گۆڕانکاریەکانی پەرلەمان و حکومـەت و پەیوەندی حیـزبەکانی کوردستـان بێت و لە وەرچەرخانەکانی کوردستانی تورکیا غافڵ نەبین و بشـزانین کوردستانی ئێران بەرەو کوێ دەچێت و لەو بارەیەوە شارەزاترین کەسی ئەو بەشانەی کوردستان بهێنرێنە قسە و وتاریان لێ داوا بکرێت. جێی شانازیە لە پاراستنی مافی برا ئاوارەکانماندا ڕۆڵمان هەبێت و ئەوەی بۆمـان دەکرێت لـە گـەیشتنیـان بە جـێگەیەکی ئاسـایش لە ئەوروپا درێغی نەکـەین. باشـترە هـەوڵ بدەین بە هـۆی «پەیام»ەوە درەختێک بڕوێنین کە هەتاهەتایە بە گەشـی و سەوزی و قایمی وەمێنێ. ئەگینا زۆر بڵاوکراوەی تر هاتوون و ڕۆیشتوون.

تێبینیەک لە «پەیام»ەوە: ئەم وتارەی سەنار مستەفا بۆ ژمارەی سەرەتای ساڵی نوێ نووسرابوو، بەڵام بە داخەوە کاتی خۆی چاپ نەکرا.

# لە ئەفغانستانەوە بۆ كوردستان:
# نیگەرانی لە «دێو» ی كوردی!

**«كوردستانی نوێ» ژ٦١( لەندەن)**
**فەبریوەری ١٩٩٩**

گـۆڤـاری ئەكـادیمـی «زانیـاریە سـیـاسـی و ئابوریەكـان» ی چاپی تاران، لە دوایین ژمـارەیدا(١٣٣ ـ ١٣٤ ئۆكـتـۆبەری ١٩٩٨) چەند وتارێكی سەبارەت بە كێـشـەی ئەم دواییەی نێوان تاقمی دەسەڵاتداری «تالیبان» لە ئەفغانستان وكۆماری ئیسلامی ئێران، لە تێڕوانینێكی وردی ئەكادیمیەوە بڵاوكردۆتەوە. نوسەرانی ئەم وتارانە لە كەسە شارەزاكانی بواری سیاسەتی ناوچەیی و دەوڵەتانن و لە زانكۆكانی ئێران و دەرەوەی ئێراندا مامۆستا و خوێندكارن. لێرەدا بۆ زانیاری زیاتری خوێنەران ناونیشانی سێ وتاری ئەم ژمارەیەی گۆڤارەكە لە سەر مەسەلەی ئەفغانستان و ناوی نووسەرەكانیان دەنوسینەوە:

**ـ قەیرانی ئەفغانستان و سیاسەتی ناوچەیی ئێران. دكتۆر هۆشەنگ نور ئەحمەدی. سەرۆكی بنكەی لێكۆڵینەوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە زانكۆی ڕاتگرز.**

**ـ قەیرانی دیپلۆماسی ئێران و ئەنجامەكانی: ئەفغانستان لە خرۆشانەوە بۆ كارەسات. دكتۆر پەروێز ورجاوند.**

**ـ دەسەڵاتداربوونی تالیبان لە ئەفغانستان و ئاسایشی نەتەوەیی كۆماری ئیسلامی ئێران. قەدری نەسیری مشگینی. لێكۆڵەرەوە لە سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیژی و خوێندكاری دكتۆرای زانستە سیاسیەكان.**

ئەوەی لەو وتارانەی سەرەوەدا سەرنجی مرۆڤ ڕادەكێشێ، دوایین بەشە لە وتارەكەی مشگینی: **دەسەڵاتداربوونی تالیبان و ئاسایشی نەتەوەیی ئێران.**

پێویستە لێرەدا ئەوە بۆ خوێنەران ڕوون بكرێتەوە كە هەوڵدان بۆ كورتكردنەوە یاخود تەنانەت ناساندنی وتارەكەش زیاتر لەوەی لە خوارەوە هەوڵمان بۆ داوە كارێكی بێهودەیە، چونكە نووسەری وتاری ناوبراو بە ئەندازەیەك شارەزایی لە نووسینی بابەتەكەیدا نیشان داوە و چۆتە ناو وردەكاریەكانەوە كە ناكرێ بەشێك لە نووسینەكە لە سەرجەم بەشەكانی تری جیا بكرێتەوە. ناوبراو سەبارەت بە زۆر مەسەلەی

پەیوەندیدار بە تالیــبــان ە وە دواوە و مــەبەســتی خــۆی بۆ خــوێنەرانی گــۆڤــار ڕوونکردۆتەوە. بۆ نموونە لە بارەی ئەم مەسەلانەوە بە درێژی قسەی کردوەو هەوڵی داوە بە بەڵگە ساغیان بکاتەوە:

** پێگەی کۆمەڵایەتی و ئەندێشەی سیاسی «تالیبان»!

** هەڕەشە ئەمنیەکانی «تالیبان» دژ بە بەرژەوەندە نەتەوەییەکانی کۆماری ئیسلامی!

** ئەگەری سیناریۆکانی ناو ئەفغانستان و ڕێ وشوێنەکانی کۆماری ئیسلامی...

بەو شێوەیە هەست دەکرێ لە دووتوێی وتارێکی ئەکادیمی و سیاسیدا، زۆربەی ئەو گــرفــتــانەی پەیوەندیان بە قــەیرانی ئەم چەند مــانگەی دوایی نێــوان ئێــران و ئەفــغــانســتــانەوە هەبووە لێکدراونەوە. بەڵام ئەوەی جــێگای ســەرنجــە و ڕەنگە بۆ ئێمەمانان شتێکی تازە بێ، ئەو ئەنجامگرتنەیە کە نووسەر لە دوایین بەشی وتارەکەدا سەبارەت بە کوردستان بە گشتی و کوردستانی عێراق بە تایبەتی دەیخاتە بەردەم خوێنەران ــ بەتایبەت سیاسەتمەداران و لێپرسراوانی ئێران. مشگینی لە بەشی« **ئەگــەری سیناریۆکان**» دا، پێنج سیناریۆی جۆراوجۆری بۆ گروپی ناوبراو لیستە کردوون و لە زۆربەی حاڵەکاندا حزبی تالیبان بە کوانوویەکی قەیران دەزانێ بۆ ئێران و سەرجەم ئەو لایەن و دەوڵەتانەی دەتوانن لە بەهێزکردن یاخود لاوازکردنی پێگەی تالیباندا ڕۆڵ ببینن ڕیز دەکات و لێیان دەدوێ. ئەوەی لە دوایین بەشی وتارەکەیدا بۆتە هۆی بەستنەوەی ناوەڕۆکی لێکدانەوەکانی بە کوردستانەوە ئەم وشانەن:

***«... سەرەڕای گشت ئەو گۆڕانکاریانە، لێپرسراوانی دەزگا سیاسی و ستراتیژیەکانی ئێران بە دڵنیاییەوەو بە ئەزموون فێر بوون کە هەڕەشەی سەرەکی و مەترسیدار بۆ ئێران لە خۆرئاوای ئێرانەوەیە و لە عێراقەوە دێ. دروستکردنی سەرقاڵی لە خۆرهەڵاتدا سیاسەتێکە بۆ کێشکردنی سەرنجی ئێران ڕووەو خۆرهەڵات و بەس، کە بۆ خافڵاندنیەتی لەو وەرچەرخانە ستراتیژیانەی لە سەرووی عێراقدا و تا ئەندازەیەک لە تورکیادا خەریکی دروستبوونن».*** **(إطلاعات سیاسی إقتصادی ١٣٣ــ ١٣٤ل ٢٤)**

هەموو دەزانین «خۆرئاوا »ی ئێران و«سەرووی عێراق» و «تورکیا» مەبەست لە کوێ یە !.. تۆ بڵێی«وەرچەرخانی ستراتیژی» لە کوردستاندا خەریکی ڕوودان بێ و خودی میللەتی کورد و حزبەکانی لێ ئاگادار نەکرابنەوە؟!!

سعدی فەرموویەتی:

**تو بر اوج فلک چە دانی چیست**
**کە ندانی کە در سرایت کیست ؟**

# سەرۆكی ڕۆمانسی و ڕێبەری «واقیع بین»

«كوردستانی نوێ» ژ٦٢(لەندەن)
١٩٩٩/٣/٣

دوو هەزار ساڵ زیاترە كە گفتوگۆو ناكۆكی لەسەر چۆنیەتی پێناسەكردنی «سەرۆك» و«حوكمڕان» ی وڵاتێك درێژەی هەیە. بەشێكی زۆر لەو تیۆری وشیكردنەوە جۆراوجۆرانەی لە ساڵ و سەردەمە جیاوازەكاندا پێشكەش بە توخمی مرۆڤ كراون، تا ئەمڕۆش، كێشەكەیان بە یەكلانەكراوەیی بە جێهێشتووە و چارەسەری كاربڕو دوایین بڕیار ـ بەناچاری ـ دراوەتەوە دەست كۆمەڵانی خەڵك: نموونەش بۆ ئەو هەوڵە تیۆریانە و چوارچێوەدانان بۆ« مرۆڤی شیاو بۆ ڕێبەری» ئێجگار بەرچاون و وەك بەڵگە لەبەردەستدان.

ئەفلاتون لە چەند فەسڵێكی جیاجیای«كۆمار» دا(كتێبی چوارەم، بەشێك لە پێنجەم، كتێبی شەشەم و نۆهەم)، بەڕادەیەك لەگرێ كوێرەكە نزیك كەوتۆتەوە كە بە وتەی كارڵ پۆپەر «تیایدا خنكاوە».

** كام مرۆڤ شایستەی ڕێبەرییە ؟

** كام ئایدیۆلۆژیایە دەبێ لە كەللەی ڕێبەردا بێ ؟

** چ جۆرە ستراتیژێك پێویستە خەیاڵی شەو و ڕۆژی ڕێبەر بێ ؟

ئەوانە پرسیاری بناغەیی و بە ڕواڵەت بێوەڵام، یان چاكتر بڵێین وەڵامنەدراوەی بارودۆخی بندەستی و پارچە پارچەبوونی كورد و وڵاتی كوردستانن. سەرەڕای گشت

ئەو ئاڵۆزیەی مەزندە هەیە لە پێناسەکردنی ڕێبەر و بە تایبەت سەرۆکی گەلێکی وەک کورددا بێتە پێشەوە، دەکرێ، بە هەمان شێوازی زۆربەی گەلانی ئەوروپا، گەلی کوردیش چوارچێوەیەک بۆ ئەو کەسە دابنێ کە دەیەوێ وەک نوێنەری گشت گەل تەماشای بکات.

بە وتەی مێژوونووس و لێکۆڵەرەوەی ناوداری ئینگلیز **ئەدوارد هالت کارر**، سەرەڕای هەوڵی دەیان پسپۆڕ و پێتۆڵ، تا ئێستاش کەس نەیتوانیوە وەک «هیگڵ» وەسفی ئەو کەسە بکات کە دەشێ گەلێک یاخود میللەتێک وەک ڕێبەر و کەسایەتی مێژوویی ڕێزی لێبگرێ و خۆی بۆ فیدا بکات. پێناسە کلاسیکیەکەی هیگڵ بەم جۆرەیە:

***«مرۆڤی مەزنی سەردەمێک ئەو کەسەیە دەربڕی خواستەکانی زەمانی خۆی بێ، بە سەردەمی خۆی بڵێ ئەو خوازیاری چیەو بە کردەوەش بیسەلمێنێ..»***

(ئی. هـ. کارر: مێژوو چیە؟ چاپی تاران ل ٨١)

پوختتری بکەینەوە: کەسێک دەتوانێ بانگەوازی «مرۆڤی مەزن»ی بۆ جاڕ بدرێ کە نوێنەری ئەو هێزانە بێ خوازیاری شتێکن و دەکرێ لەڕێی ئەوەوە خواستەکان وەدەست بخەن.

لە کوردستانی لای خۆمان، بە تایبەت دوابەدوای بەسەرچوونی چەپ ایەتی مۆدێلی ڕووسی و چینی و هەڵکردنی گڤەی « سستەمی نوێی ئەمریکایی»، ئەگەر کەسێک ئامانجێکی مرۆڤانە و یەکسانخوازانەی تەنانەت لە ناو هاوڕێ کۆنەکانیشدا باس بکرادایە، بە مرۆڤێکی«ڕۆمانسی» و خەیاڵخواز و گەلحۆ لەقەڵەم دەدرا... بەڵام وەک دەڵێن « دنیا زۆرتری ماوە لەوەی لێی ڕۆیشتووە»، ئاووهەوای جیهان تاسەر بە یەک باردا نابێت و وای لێدێت سنووری نێوان«واقیع بین» و «ڕۆمانسی» بە دەیان ئەفلاتونیش تەعریف نەکرێ. حاڵی حازر، مەسەلەکە واوەتر لە کێشەیەکی تیۆریە!..

# سازش نەکردن
# لەسەر پرەنسیپ

« المشاهد السیاسی» ژ١٥٧(لەندەن)
١٩٩٩/٣/٢٠

دوای خوێندنەوەی وتاری « **هەموو دنیا تەعدام لێدەکات**» ی هەژیری تەیموریان، لام باش بوو هەندێ وشە بۆ ڕەتدانەوەی ئەو شتانە تۆمار بکەم کە نووسەر سەبارەت بە عبدالله ئۆجەلان و «لاواز»ی شەخسیەتی ئەو خستونیە ڕوو.

بێشک ئەو ڕۆشنبیرانەی لەگەڵ بزووتنەوەی کوردیدا ژیاون و بەشداریان تێدا کردوە و شیرینترین ساڵەکانی تەمەنی خۆیان لەژێر سایەی سەرکردایەتیە سازشکارەکاندا بەفیڕۆداوە، ئیمکانی نیە هەمان ڕاو بۆچوون و لێکدانەوەی هەژیریان هەبێ سەبارەت بە «کەسایەتی» عەبدوڵا ئۆجەلان، چونکە ئەوەی لە «ئاپۆ» دا سەرنج ڕادەکێشێ وە پلەی ڕێبەری مێژوویی بۆ دابین دەکات، لە هەڵبژاردنی شێوازە تاکتیکیەکەی دژ بە حوکمەتی تورکیاوە سەرچاوە ناگرێ کە خەباتی چەکداریە، هەروەها لە قەبارە و ژمارەی کتێب و وتارە زۆرەکانیشیەوە نایەت کە پڕن لە وشەی ناجوان، بەڵکو دەقاودەق لە کەسایەتی بەهێز و ئاسنینی ئەوەوە هەڵقوڵاوە کە سەرەڕای تێپەڕینی بیست ساڵ بەسەر ململانێی ئەو لەگەڵ حکومەتی تورکیادا، هەمیشە دروشمی « **سازش نەکردن لەسەر پرەنسیپ**» یەکێک بوە لە گرنگترین کۆڵەکەکانی سیاسەتی ئەوو «کەسایەتی» ەکەی، ئەمەش بێگومان پێچەوانەی بۆچونی هەژیرە کە سەبارەت بە لاوازی شەخسیەتی ئەو قسە دەکات.

من وەک ڕوناکبیرێکی کورد و وەک مرۆڤێک، هەقم هەیە پرسیار لە نووسەر بکەم: ئەو شکڵ و سیفات و ڕەفتارانە چین کە دەبێ لە «شەخسیەت» ی کوردی جێی ڕەزامەندی حکومەتی تورکیادا هەبن لە تورکیاو شوێنی تریش؟

وەڵام بێگومان ئەمەیە: شەخسیەتێکی بێ ناوەڕۆک، بێ قەوارە و بێ شەخسیەت!

# ئاشتی لە «کەپکی حەمەدئاغا»!(*)

(*) «کوردستانی نوێ» ژ٦٣(لەندەن)
١٩٩٩/٤/١

ئەگەر لەم دنیا شەش ملیار کەسییەدا مرۆڤ یەکێک بێت لەو تاقمە چل ملیۆنیەی پێی دەوترێ «کورد»، زۆر شت لە بنیادەمەکانی تری جیا دەکاتەوە.. سادەترین و بەرهەستترین جیاوازی ئێمە لەوانیتر، بەتایبەت ئەگەر قسە لە بواری سیاسەت و ژیانی ئازاد بێ، جۆری «بیرکردنەوە» مانە. ئێمە وەک میللەتی کورد بە ناچاری لەوانیتر جیاین، ئەم جیاوازیەش نە ئێمە دروستمان کردووە و نە بەرهەمی ڕەفتاری ئاگاهانەی ئێمەشە: پرۆسەکە پرۆسەیەکی مێژوویی دوورو درێژە و لە چەندسەد ساڵێکدا دروست بووە و زۆر بنەما و بنچینەی هەبوون و بەردەوامیش کۆڵەکەی جیاوازییەکانمان زۆرتر دەبن.

هەرچۆنێک بێت ئێمە میللەتێکی چەوساوە و زۆرلێکراوین. بەڵام کارەسات هەر ئەوەندە نیە، واتە بەوە کۆتایی نایەت بڵێین: ئێمە چەوساوە و زوڵملێکراوین. ئەو ڕاستیە هەموو دەیزانین. مەسەلەکە ــ بە تایبەت بۆ ئەوانەی خۆیان بە قەڵەم بەدەست و «پێشڕەو»ی کۆمەڵ دەزانن ــ ئەوەیە:

لە کوێوە تەماشای ئەم زوڵملێکراوی و چەوساوەییە بکەین و چۆن زنجیری گرفتەکان بپسێنین ؟

گرفت مەسەلەی چۆنیەتی هەڵبژاردنی«سەرەکی» ەکانە ( إختيار الأولويات). بۆ نموونە هەر ئێستا لە ژیانی میللەتی کورددا ژمارەیەک کێشەی سەرەکی و جیدی هەن و خۆیان سەپاندوە، نوسەر و ڕۆژنامەنووسی کورد لە هەڵبژاردنی هەر کام لەوانە

دەستەپاچە و حەپەساوە و کەمجار دەتوانێ بە باشی«یەکەمین» کێشە هەڵبژێرێ و چەند قسەیەکی بە سوودی تیا بکات، کامیان:

** دیکتاتوریەت لە عێراق و چارەنووسی کورد؟

** شەڕ و «ئاشتی» نێوان یەکێتی و پارتی ؟

** ڕفاندنی ئاپۆ لە لایەن تورکیا و جیهانی دیموکراتی یەوە ؟

** داخستنی مێد تی ڤی بە فشاری حکومەتی تورکیا ؟

** .......

کێ دەتوانێ بیسەلمێنێ هەرکام لەو گرفتانەی سەرەوە پێویست ناکات هەزاران وتاری لەسەر بنووسرێ ! گومانی تیا نیە کە ڕوونکردنەوەی ڕەهەندو دورایی هەرکام لەو مەسەلانە پێویستی بە عەقڵی ئێجگار کامڵ و قەڵەمی زۆر ئازاو نەترس هەیە. بەڵام مەخابن ! هەموو چاومان لێیە ئێمە لە کوێین و«ئەوانیتر» لە کوێن. لە ئەوروپا بۆ بچووکترین دیاردەی هونەریی و سیاسیی وفەنتازی، سەدان گۆڤارو بڵاوکراوە چاپ دەبن و ئێمەش...!!

بە هەرحاڵ، من ئەمجارە دەمەوێ چەند دێڕێک لەمەڕ«ئاشتی» نێوان یەکێتی و پارتی عەرز بکەم و لە نەریتی گشتی ڕۆژنامەگەری لابدەم کە هەمیشە تەماشای شوێنە ڕووناکەکان دەکات. دیارە ئێمە لە کوردستان دوورین و هەواڵ و دەنگ و باسە سیاسیەکان یان لە ڕێگای برادەر و ناسیاو، یاخود لە ڕێگای «کوردستانی نوێ» و«المنارالکردی» یەوە دەبیستین. بەپێی وتارێک کە بە ڕێکەوت ئێمەش بەردەستمان کەوت و لە چاپی سلێمانی«کوردستانی نوێ» دا بڵاو بۆتەوەو کەسێکی شارەزا و پسپۆڕی ناو جەنگەڵی سیاسەت لە وێندەرێ پێشکەشی کردووە، دواین تەسەوری ئێمە لەسەر«ئاشتی» نێوان هەردوولا دەکرێ بەم جۆرە بێ:

**« سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەتی کاتی ش، تا ئێستا هیچ ڕێککەوتنێک لەئارادا نیە، پارتی سوورە لەسەر ئەوەی بە گوێرەی سەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢(وەک خۆی دەیخوێنێتەوە) پێک بێت، یەکێتییش لەسەر هەڵبژاردنی ١٩٩٢ و سەرئەنجامەکانی ڕای جیاوازی هەیە، بۆیە گەیشتنە چارەسەر ئاسان نیە. بۆ هەڵبژاردنی تەموزی ١٩٩٩ش ...، مەترسیی هەیە کە هەموو لایەنەکان سەرەنجامی هەڵبژاردنەکە قبوڵ بکەن و ئیلتیزامی پێوە بکەن»..**

**(تەحسین قادر. کوردستانی نوێ ـ چاپی سلێمانی ـ ژمارە١٧٩٤)**

دەفەرموو!.. دوای نزیکەی حەوت مانگ لە ڕێککەوتنی واشنتۆن، تازە بە خێرێ «خوێندنەوەی جیاواز» هەیە لەسەر هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢!!

ئەوەی کە بۆچی پارتی دیموکراتی کوردستان بەو جۆرە تێڕوانینە تەماشای میللەتی

کورد و چارەنووسی و بەڵێنی« ئاشتی» ئەکات، گۆمێکە لە توانای ئێمە بەدەرە بتوانین پڕ بە چاوان لێی بنواڕین، چ جای مەلەی تێدا بکەین... هێندە هەیە دەکرێ یەک شت ڕوون بکەینەوە، ئەویش ئەوەیە: بە پێی ئەزمموونی هەموو دنیا و گشت میللەتان، هەر کاتێک دوو لایەنی ناکۆک ویستبێتیان بە دڵ ڕێکبکەون، قەت پێویستیان بەو هەموو ڕەسمیات و پرۆتۆکۆلات و «گەڕانەوە بۆ مێژوو» ە نەبووە.

کاتی خۆی (پێنج ساڵ لەمەو بەر!) ، «کەپکی حەمەدئاغا» لە نێوان ئێمەو پارتیدا کرابووە «کراسەکەی عوسمان»، هەر ڕۆژە بەدەست لایەکمانەوە بوو.. شەڕی لەسەر دەکرا و خوێنی لەسەر دەڕژا... وای لێهاتبوو کە ئیدی بە ناوهێنانی کەپکی حەمەداغا یەکسەر تارمایی شەڕ هەموو لایەکی دەتەنی... پێشمەرگەی ئێمە و پارتی لەو شوێنە سەختەی «بانی هەریر» چەند سەد مەترێک لێک دوور بوون... هەر بۆیەش شەڕی«کەپک» شەڕێکی بێهوودە و ترسناک و تفت بوو.. بەڵام سەیر ئەوە بوو، یان با بڵێین خۆشترین شت ئەوە بوو، هەر کات لە ڕادیۆکانەوە دەنگی ڕاگرتنی شەڕ دەبیسترا و بڵاو دەبوۆوە کە یەکێتی و پارتی ڕێکەوتوون، یاخود کاک مەسعود مام جەلالی دیوە و مەکتەبی فلان، فلان مەکتەبی دیوە، ئیدی پێشمەرگە چاوەڕێ نەبوون لە شوێنێکی ترەوە بڕیاری «ئاشتی» یان بۆ بێت، خۆیان، یەکسەر بێ پرسکردن بە هیچ لێپرسراوێکی یەکێتی و پارتی، لە ناو ڕەبایەی لایەکدا کۆدەبوونەوە و بە قۆریە ڕەشەکانیان دەستیان دەکرد بە چا لێنان و گێڕانەوەی قسەی خۆش..

** ئاشتی لە دڵەوە و ئاشتی بێ پرۆتۆکۆڵ !

** ئاشتی لە پێناوی میللەت و سەرفرازیدا، نەک بۆ بەرژەوەندی حزبایەتی..

** ئاشتی بۆ کورد و، ئاشتی لە پێناوی دروستکردنی پێگەیەکی قایمتر بۆ کورد.

(*) یەکەمجار ئەم وتارە بە ناونیشانی« شەڕو«ئاشتی»» بڵاوکرایەوە.

# بۆنی شۆڕش .. بۆنی سیانید

«کوردستانی نوێ» ژ٦٤(لەندەن)
١٩٩٩/٥/٤

«تذکرەالأولیاء» ناوی یەکێکە لەو کتێبە ناسراوانەی کە زانا و شاعیرو سۆفی ناوداری ئێرانی فریدالدین عطار نیشاپوری لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی هیجریدا نوسیویە و بڵاوی کردۆتەوە.
ئەم نوسینە بێوێنەیەی عطار هاوکات لەگەڵ بایەخە مێژوویی و ئەدەبیەکەیدا، تا ئەندازەیەکی زۆر لە کەش و وەزعی سیاسی و نەفسی سەردەمە کۆنەکان ئاگادارمان دەکاتەوە و دەتوانێ زەینمان لەم کۆتایی سەدەی بیستەمەوە بەرەو سەدەکانی سیانزە و دوانزە و تەنانەت تا سەدەی حەوتەمی زاینیش بەرەودوا بباتەوە و وێنەیەکی ئاوێنە ئاسای سەردەمە گەش و تاریکەکان بخاتەوە بەر دیدەمان.
بۆ نموونە لە«تذکرە الأولیاء» دا هاتووە کە لە عطار دەپرسن: «ڕۆژگاری ئەمڕۆ و سەردەمی پێغەمبەرت چۆن دێتە بەرچاو؟»
ئەویش ئەفەرموویە:«ڕۆژگاری پێغەمبەر ڕۆژگارێک بوو کە دار و بەرد بۆنی دڵی لێدەهات، ئێستاش سەردەمێکە « دڵ» بۆنی دار و بەردی لێ دێ».

پرسیار: ئایا بەڕاستی ڕۆژگاری ئێمە جیاوازیەکی زۆری لەسەردەمی عطار هەیە؟
کێ لەسەر ئەو بڕوایە نیە کە سالانی ڕابوردوومان، تەنانەت لە ژیانی تاک تاکی خۆشماندا سەدەمی گەشیی و هیوا بوون و ئێستا ڕەوتی ڕووداوەکان پێچەوانە بۆتەوە؟
سالانی کۆتایی حەفتاکان، دوا بەدوای ئاشبەتاڵ بکەین بە نموونە: هەر شوێنێک دەچوویت بۆنی شۆڕش، بۆنی شادیی لێ دەهات، خەڵک دەیانگوت:
ـ ئا ئا خۆیانن، پێشمەرگەن و پەیدا بوونەوە...
ـ بەڵێ! شەڕێکی چاکیان لە گەرمێن دەست پێکردۆتەوە...
ـ ڕادیۆکەت کردەوە لەسەر شەپۆلی فلان؟..
دوای شکانێکی گەورە، هیوایەک پەیدا ببۆوە.. هەرلایەک دەچوویت، ئارەزووی

بەرەنگاریی، هیوای سەرکەوتن، ئومێدی ژیانێکی ئازادانەتر و هاتنەدەر لە ژێر پۆستاڵی دوژمندا، وەک گوڵاو ئاوپژێنی ڕۆحی ئینسانی دەکرد..

عەتاری نەیشاپوری ش دەردەکەی ئێمەی هەبووە.

سەردەمی پێغەمبەر، سەردەمی بڵاوبوونەوەی ئیسلام و هاتنە ئارای بیروباوەڕێکی نوێ بوو.

ئیسلام لەو سەردەمەدا پڕاوپڕی وشەکە«شۆڕش» بوو. شۆڕش بوو دژی نەریتە کۆنەکان و ڕاپەڕین بوو بۆ گۆڕینی ژیانی خەڵک لە مەیدانی سیاسەت و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئابوریشدا.

خەڵک ئومێدیان هەبوو..

دار و بەرد بۆنی «دڵ » ی لێ دەهات..

ژیان بەرەو پێشکەوتن و ڕوو لە هەژان بوو..

بەڵام سەردەمی «عطار» سەردەمی مەغۆل بوو، ڕۆژگاری ئێمە بوو!..

ئێستاش سەردەمی مەغۆلە... ڕۆژگاری جەنگیزخان و تۆلۆی خانە دژ بە ئازادی.

سەردەمی تاریکییە: نەک هەر بە گشتی و لەدەرەوە دژ بە کورد، بەڵکو لە «ناوەوە» ش، لە هەناوی خودی میللەتی کورددا نوێنەرانی مەغۆل دەستبەکارن و سیاسەتەکانی دوژمن پیادە دەکەن.

* ئەوانەی ژیانیان بۆ دژایەتی داگیرکەرانی کوردستان بە تەواوی تەرخان کردبوو لە مەیدان وەدەرنران و وەدەردەنرێن و ڕاپێچی زیندان دەکرێن..

* ئەوانەی فزەی ناڕەزاییان دژ بە کوردە ڕەفتار مەغۆلەکان لە دەم دەرچێ ئاوارەی وڵاتان دەکرێن و ژیانیان لە مەترسیدایە.

* ئەوانەی دەیانویست و دەیانەوێ لە سەردەمی تاریکستاندا ببنە چرای ڕووناکیی، **لە ترسان و لە برسان** بێدەنگییان کردۆتە سیاسەتی ژیان..

بەڕاست ئەم بێدەنگیە چی یە ؟!

بۆنی چی لێ دێت؟... دار و بەرد؟.. زەلکاو؟..

نوسەرێکی کورد، لە هەموان چاکتر لەم بێدەنگی و «بۆن» ە حاڵی بوە.

پێی وایە بێدەنگیی و چاوەنواڕیی ئەم سەردەمە، بۆنی سیانیدە!..

بۆنی سیانید..

بەیانی «کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان»

# دەربارەی شەڕی پارتی و پ.ک.ک *

لەندەن
١٩٩٩/٥/٨

خەڵکی تێکۆشەری کورد!
کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بە نیگەرانیەکی زۆرەوە ڕادەگەیەنێ کە جارێکی تریش حکومەتی تورکیا شاڵاوێکی دڕندانەی بە چەندین هەزار عەسکەر و تۆپ و جبەخانەوە بۆ سەر باشوری کوردستان دەست پێکردۆتەوە. بەهانەی حکومەتی تورکیا بۆ ئەم شاڵاوە نوێ یەی، وەک چەندین جاری تر، لەناوبردن و فەوتاندنی ئەو هێزانەی پارتی کرێکارانی کوردستان ە کە وەک هەموو لایەکتان ئاگادارن سیاسەتی ئاشتیان هەڵبژاردوە و بڕیاریان داوە کە بەپێی عەقڵ و مەنتیقی سەردەم لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستاندا هەڵسوکەوت بکەن و شەڕی چەکداری یان بە تەواوی ڕاگرتووە.
هێرشی ئەمجارەی کاربەدەستە شەڕخوازەکانی ناو حکومەتی تورکیا هەر ئەنجامێکی هەبێ، لە بناغەوە ئەوە دەردەخات کە ـ بەداخەوە ـ تا ئێستاش باڵی شەڕخواز و عەسکەرتاری کۆماری تورکیا سیاسەتی قڕکردن و بێدەنگکردنی کوردی لا پەسندە و نایانەوێ گوێ بۆ بانگەوازی ئاشتی لەگەڵ کورد بگرن و ڕێز بۆ خواستی سەرجەم ئاشتیخوازانی جیهان دابنێن.
بەڵام ئەوەی ئێجگار جێگای داخ و کەسەرە و هەرگیز قابیلی بەخشین نیە ئەوەیە کە لەم شەڕە نائینسانی و بێ بناغەیەدا پارتی دیموکراتی کوردستان، بێ سڵەمینەوە لە هیچ جۆرە بەهایەکی ئینسانی و کوردانە، بێ لەبەرچاوگرتنی گشت ئەو ڕاگەیاندنانەی کە سەرکردایەتی پ. ک. ک بۆ ئاشتی ڕایگەیاندوون و بە کردەوە کەسێک لەژێر ئاڵای ئەواندا ئامادەی شەڕ نیە، بڕیاری داوە کە دەستی دوژمنانی ئازادی و سەربەستی کورد ڕابکێشێ و ڕاوی کورد و ئازادیخوازان بۆ کاربەدەستانی تورکیا بە دڵسۆزیەوە بە ئەنجام بگەیەنێ و حکومەتی تورکیاش ئەو ڕەفتارە بکاتە بەهانە بۆ فەوتاندنی کورد و سوککردنی جوڵانەوەکەی.
سیاسەتی شەڕکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان دژ بەو کچ و کوڕە لاوانەی کە بۆ

ئازادی کورد و کوردستان سەرتاپای تەمەن و تەنانەت ژیانیشان کردۆتە قوربانی، ناچێتە خانەی هیچ لێکۆڵینەوەیەکی سیاسیانەوە جگە لەوەی کە بە [..........]گەورە لە قەڵەم بدرێت.

لەم بۆنەیەدا، کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان (نێوەندی بریتانیا) داوا لە سەرجەم حزب و ڕێکخراو و شەخسیەتە سیاسیەکان دەکات کە بە هەر شێوەیەک بۆیان دەکرێ ڕێگا لەم شالاوی بێ ویژدانی و کوردکوژیە بگرن و نەهێڵن خوێنی کورد بە دەستی کورد بە ناهەق برژێت.

داوامان لە سەرجەم جەماوەری گەلەکەمان ئەوەیە بەهوشیاریەوە بەرامبەر پیلانی شەڕخوازانەی عەسکەرتارەکانی تورکیا و هاوکارەکانی لە پارتی دیموکراتی کوردستان دا ڕابوەستن و دڵنیا بن کە سیاسەتی [ ...] و شەڕفرۆشی جگە لە شکست و ریسوایی ئەنجامێکی تری نابێت.

هیوامان وایە ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی گەلی کورد لە هەر شوێنێکی دنیادا هەن بە دەنگ بانگەوازی کۆنگرەی نەتەوەییەوە بێن و هاوکاری سەرانی پارتی و حکومەتی تورکیا بە توندی مەحکوم بکەن و لە هەر ڕێگایەکەوە کە بە گونجاوی دەزانن ناڕەزایەتیان بگەیەننە دەزگا دەسەڵاتدارەکانی پارتی و لەم ڕەفتارە چەوت و زیانبەخشە دوریان بخەنەوە.

کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان (نێوەندی لەندەن)
٢٠٠٠/٥/٨

* لەکاتی نوسینی ئەم بەیانەدا چەندکەس لە ئەندامانی کۆنگرە ئامادەبون و بە ڕەزامەندی ئەوان نێردرا بۆ MED T.V

# گفتوگۆ سەبارەت بە «بەیان»ی کۆنگرە

**میدیا تی ڤی**
**۲۰۰۰/۵/۹**
**پەیوەندی تەلەفۆنی**

**میدیا تی ڤی: ئێوارە باش. تکایە سەبارەت بە بەیان ی کۆنگرە وکۆبونەوەی لەندەن بۆمان بدوێن.**

**وەڵام** : بەڵێ. بێگومان ئامانجی کۆبوونەوەی ئێمە سەبارەت بەو وەزعەی کوردستانی باشوور بوو کە شەڕ تیایدا دەستی پێکردووە لە نێوان هێزەکانی حکومەتی تورکیا دژ بەو پێشمەرگانەی پارتی کرێکارانی کوردستان کە گوایە ئێستا لە ناوچەکەدا ماون و شەڕیان ڕاگرتووە لەناو حکومەتی تورکیادا، وە هاوکاریکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ حکومەتی تورکیا بۆ لابردنی هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان. کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لێرە کۆبۆوە، وە سەبارەت بەوە بەیاننامەیەکمان بڵاوکردوە بۆ ڕای گشتی و دەمانەوێ ئەو ڕوداوە مەحکوم بکەین و ئەوەی بۆمان بکرێ، بەهەرشێوەیەک، ڕای گشتی کوردستان ئاگادار بکەینەوە لێرە (لە دەرەوە) و لەناوخودی کوردستانیش کە بەرامبەر بە ئەو وەزعە تازەیەی خوڵقاوە ئەوەندەی بۆیان دەکرێ مەحکوومی بکەن و ڕاوەستن لە بەرامبەر وەزعەکە.

**میدیا تی ڤی: نەخشەی داهاتووتان لەوبارەوە چی یە؟**

**وەڵام:** نەخشەی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ئەوەیە کە ڕای گشتی کوردستان ئامادە بکات بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەوکەسانەی دەیانەوێت ئەو پرۆسە ئاشتیە لە ناو بەرن کە پ. ک. ک ڕایگەیاندوە، یاخود هێزەکانی ئەوان بفەوتێنێ لە نەوچەکەدا.
ئێستا جگە لەو بەیاننامەیەی بڵاومان کردۆتەوە، خەریکی ئەوەین لەناو بریتانیا ئیمزای ئەو کەسایەتیە سیاسیانە کۆبکەینەوە کە ئامادەن ئەو ڕەفتارانەی پارتی دیموکراتی کوردستان مەحکووم بکەن، وە دەنگیان لێ وەربگیرێ بۆ ئەوەی قورسایی شەخسیەتی خۆیان لەبەرامبەر ئەو هێزە کۆنەپەرستانە ڕابگرن کە دەیانەوێ ئەو کۆمەڵە پێشمەرگەیەی کورد کە ئێستا شەڕیان ڕاگرتووە دژ بە حکومەتی تورکیا لەناو بەرن.
جگە لەوەش کۆنگرە لە بەرنامەی دایە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا کۆبوونەوەیەکی فراوان ئامادە بکات بۆ خەڵک لە بریتانیا و ڕاستیەکانیان بۆ ڕوون بکاتەوە سەبارەت بە وەزعی ئێستای کوردستانی باشوور و ئامادەیان بکات تا بەرامبەر بەو وەزعە تازەیە ڕابوەستن، دەنگی ناڕەزایەتی خۆیان بگەیەنن بە حزبەکانی کوردستان کە هاوکاری هێزەکانی تورکیا نەکەن.
بە نیسبەت هێزەکانی باشووری کوردستان، بە پێی هەواڵەکانی ئێستا کە گوێم لە تەلەفزیۆنەکەی ئێوە بوو، پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاستەوخۆ بەشداری کردووە، وە لە چەند ساڵی ڕابردووشدا ئاگادارین کە بەشداریان کردووە. وە لەو بارەیەشەوە هەڵوێستی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان و خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان بەرامبەر بە پارتی بەڕاستی هاڵوێستێکی ڕوونە، یاخود ئەبێ ڕوون بێ. ئێمە وەکو کۆنگرە، یا من وەکو ئەندامێکی کۆنگرە بەڕاستی ئەوە مەحکوم دەکەم و زۆر بەداخەوەم کە چاومان لێیە و ئەبینین حیزبێکی سیاسی کوردی لە کوردستانی عێراق دا بەرامبەر بە براکانی خۆی بەبێ هۆ، بەبێ هیچ پاساوێکی سیاسی، بەبێ هیچ پاساوێکی مێژوویی دەست هەڵبڕن و تەقە بکەن دژی براکانی خۆیان، لەکاتێکدا حکوومەتی تورکیا شتێکی بۆ کورد نەکردووە وە هیچ بەڵێنێکی نەداوە بە کورد لە کوردستانی تورکیادا.
وە ئەم شەڕەی ئەکرێت و پارتی دیموکراتی کوردستان دەیکا بەرامبەر بە پ. ک. ک جگە لە ناپاکی ــ بەڕاستی بەداخەوەم کە ئەو قسەیە دەکەم ــ هیچ مەعنایەکی تری نیە. بەپێی هەواڵەکان کە گوێمان لە تەلەفزیۆن بوو من نازانم داخوا یەکێتی نیشتمانی کوردستان تا چ ئەندازەیەک بەشداری کردوە، وە پێم وانیە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە پێی ئەو بەرنامەیەی کە هەیەتی، بەپێی ئەو بەرنامەیەی کە ئیعلانی

کردووە ئامادەیی ئەوەی هەبێ دەست لە براکانی خۆی بوەشێنێ، وە هیچ پاساوێک نیە ئەوە بکات.

لەبەر ئەوە من پێموایە بە نیسبەت ئێمەوە زوە بڕیار لەوە بدەین، یاخود باس لەوە بکەین کە «یەکێتی چی دەکا بەرامبەر بەو وەزعە؟». من وەکو ئەندامێکی کۆنگرە، وە وەک کادیرێکی یەکێتی کە چەند ساڵان تیایدا ئیشم کردوە هیوادارم شەڕ نەبێت و براکانی خۆمان لەوێ ژیانیان دابین بێت، وە حکوومەتی تورکیا پێمان خۆش نەبێ چونکە ئێمە دڵنیاین دوژمنانی کورد پێیان خۆشە کورد کورد لەناوبەرێ.

لە چەند ساڵی ڕابردووشدا بینیمان کاتێک پارتی دیموکراتی کوردستان لەشکری حکوومەتی بەعسی هێنایەوە بۆ شاری هەولێر، لێپرسراوانی ئەمریکا بەچاوی سوک سەیری ئێمەیان دەکرد و دەیانگوت کەوا کورد میللەت نیە و موشەخەساتی میللەتی تێدا نیە، لەبەر ئەوە دوژمنانی کورد خۆیان پێمان خۆش دەبن کاتێک کورد لەگەڵ کورد شەڕ بکات و لەناوی بەرێت.

# دەربارەی شەڕی ناوخۆی کوردستان

**میدیا تی ڤی**
**بروکسل**
**١٩٩٩/٥/٩**

**پرسیار: وەزعی کوردستان لە پشێوی دایە، ئەو دۆخە چۆن دەبینن و چۆن لێکی دەدەنەوە؟**

**وەڵام** : دیارە پرسیارەکەی جەنابت پەیوەندی بە کوردستانی بەشی عیراقەوەیە. بە بڕوای من چەند ئاستەنگێکی بناغەیی هەیە لە کوردستانی عیراقدا. یەکێک لەوانە جێنەکەوتن و جێگیرنەبونی کلتورێکی سیاسی ئازادیخوازانەیە؛ دووەمیان نەبونی ستراتیژێکی نەتەوەیی دیاریکراوە کە گەلی کورد لەسەری بڕوا، یاخود حزبەکانی کوردستانی باشوور و ئەو پارتانەی دەسەڵاتیان هەیە لەسەری بڕۆن.

بەداخەوە تا ئێستاش ستراتیژێکی یەکگرتوو نیە بۆ ئەوەی گەلی کورد بەرەو چارەنووسێکی ڕۆشن بەرێ. ئەمە دوو ئاستەنگە. بە ڕای من جگە لەوانە ئاستەنگێکی تریش هەیە کە ئەکرێ بە بایەخەوە وەربگیرێ، ئەویش ئەوەیە کە چینێکی شەڕخواز دروست بووە لەناو حیزبە سیاسیەکانی کوردستاندا، ئەو چینە خوازیاری ئەوەیە وەزعی کوردستان وەکو خۆی بمێنێتەوە واتە : شەڕ ـ ئاشی، ئاشتی ـ شەڕ... وە هەلومەرج بەو شێوەیە بەردەوام بێ.

دیارە چەند ساڵێکی دیاریکراوە من لە ئەوروپام. کاتی خۆی لە کوردستان بووم و ئەتوانم شاهێدی بدەم کاتێک شەڕی یەکەمی نێوان یەکێتی و پارتی دروست بوو، بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی لە کوردستان نەبوو. دیارە من نامەوێ پاکانە بۆ کەس بکەم، چونکە ئاشکرایە کاتێک شەڕ لە کوردستان سەری هەڵدا هەرکەس بە ئەندازەیەک مەسئولیەتی تێدایە، بەڵام ئەو لە کوردستان نەبوو لەبەر ئەوە ناکرێ ئینسان بڵێ مام جەلال تاڵەبانی مەسئولی ڕاستەوخۆیە بۆ شەڕی ناوخۆ یاخود کەسێکی تر.

وە بە هەمان شێوە شاهیدی ئەدەم لە شەڕەکانی یەکەمدا کە لە ساڵی ١٩٩٤ دروست

بوون، دەفتەری ئەو بەرقیانە گیرا کە کاک مەسعود بارزانی بۆ لێپرسراوەکانی ناوچەی ڕانیەی کردبون کە ئەودەم کاک ئازاد قەرەداغی و کاک مستەفا چاوڕەش بوون. هەموو بەرقیەکانی بۆ ئاشتی بوون. داواکاری ئاشتی بوو. وتبووی بەڕێزان تکایە چارەسەری کێشەکان بکەن بە ئاشتی، با ئاشتی بێ... بەو شێوەیە ئەگەر وەکو شەخس تەماشای شتەکان بکەین، دەکرێ بڵێین ئەوان مەسئوول نین، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوانە سەرۆکی کوردن و سەرۆکی حیزبەکانی کوردستانن، ناکرێ ئێمە گلەیی لەوان نەکەین.
دیارە من مەبەستم ئەوە نیە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی وەکو یەک تەماشا بکەم، دەمەوێ بڵێم لە ناو حیزبەکاندا توێژێک هەیە، توێژێکی سیاسی هەیە کە لە ڕووی ماددیەوە بەرژەوەندی لەمانەوەی شەڕدایە، ئەبێ ئەو تاقمە بێدەنگ بکرێ، ئەو چینە ئەبێ سەرکوت بکرێ . ئەگەر ئاشتی بچەسپێ هێندێک کەس لەناو حزبەکاندا جێگەی خۆیان وەک ئەندامی سەرکردایەتی و ئەندامی مەکتەبی سیاسی و وەزیر لە دەست ئەدەن. بەو شێوەیە بەرژەوەندی ئابووری لە دەست ئەدەن. بۆیە من پێموایە ئەو ستراتیژیە ئەکرێ ڕێبەرانی کورد لەوێ بیدۆزنەوەو دۆزینەوەشی شتێکی زۆر گرنگ و قووڵ نیە!

**پرسیار: لە باشووری کوردستان دوو حکومەت هەیە، ئایا پرۆژەیەکی ئاشتی هەیە بۆ ڕێکخستنیان؟**

**وەڵام** : بەڵێ، پرۆژەی ئاشتی (تا ساڵی ١٩٩٦) هەشت پرۆژە هەبو! ئێستا بێگومان دوای واشنتۆن زیاتریشی کردووە بۆتە ٩ و ١٠. پرۆژەی ئاشتی زۆرە، بەڵام جێبەجێکردنی پرۆژەکانی ئاشتی تا ئێستا بە خاوی ئەچێتە پێشەوە. بەپێی دوایین هەواڵەکان و ئەوەی لە سەتەلایتی کوردسات، یاخود هی پارتیەوە گوێمان لێ ئەبێت ڕوداوەکان بەرەو خۆشی ناچێت.
پرۆژەکانی هەن پرۆژەی ڕوونن واتە هەموو کەس ئەزانێ خەڵکی کورد لە کوردستانی عیراق چی ئەوێ، وە میللەتی کورد لە هەموو کوردستاندا چی ئەوێ. بەڵام گەیشتن بەو ئامانجە **چۆنە** ئەمە مەسەلەیەکە دەبێ حیزبەکان بیری لێ بکەنەوە و حیزبەکان بۆی بچن، وە بەتایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان کە بەداخەوە تا ئێستا بەشێوەیەکی باش نەچۆتە پێشەوە بۆ ئاشتی وەکو من ئاگادارم.
بۆیە دەکرێ ئێمەش داواکاربین و چاوەڕێ بین ئەوانیش بەرەو پێشەوە بێن بۆ ئاشتی، چونکە گەلی کورد ناتوانێ چاوەڕێ بێ تا ڕۆژی قیامەت سەرۆکەکانی بەرنامەی ئاشتی بۆ دابنێن و خۆیان جێبەجێی نەکەن.

**پرسیار : بەرنامەیەک باس دەکرێ بۆ کۆنفرانسی ئاشتی، ئێوە چۆن دەفکرن لەو بارەیەوە؟**

**وەڵام** : وەکو جەنابت دەفەرموی برادەرانی کۆنگرە بە درێژی قسەیان کرد لەسەر کۆنفرانسەکە، بەڵام باش بوونی کۆنفرانسێکی نەتەوەیی، کۆنفرانسێکی ئاشتی، پێویستی بە قسەلێکردن نیە. واتە: کۆنفرانسی ئاشتی زۆر پێویستە بۆ کورد. بەڵام پێویستە ئەو حیزبانەی لە کوردستانن و ئێستا لەناو خۆیان دا شەڕیانە، یاخود شەڕیان بووە، یاخود ئێستا لەگەڵ پ. ک. ک دا جارجارە گرفت دروست دەبێ، بێنە پێش بۆ کۆنفرانسەکە.

بە ڕای من تاقە ڕێگا بۆ ئەوەی کۆنفرانسی ئاشتی سەربگرێت، ڕەخنەگرتنە لە حیزبەکان لە ڕێگای ڕاگەیاندن و لە ڕێگای سیاسیەوە تا بێنە پێشەوە چونکە وەکو عەرزم کردی مەسەلەی ئاشتی و پێویستی ئاشتی بۆ کورد قسەلێکردنی ناوێ.

بەیانی «کۆمیتەی یەکگرتوی کورد» دەربارەی:

# ڕفاندنی ئوج ئالان (*)

لەندەن
١٩٩٩/٥/٢٧

«کۆمیتەی یەکگرتووی کورد لە بەریتانیا» بە ئەرکی دەستبەجێ خۆی زانی خەڵکی کوردستان وئاوارەی کورد لە هەندەران بە گشتی لە بیرو ڕاو بۆچوونی نوێی سەبارەت بە گۆڕانکاریە تازەکانی کوردستان و ناوچەکە ئاگادار بکاتەوەو تا ئەو شوێنەی وەرچەرخانە سیاسیەکان پەیوەندیان بە کوردو کوردستانەوە هەبێ ئاسۆیەکی دیاریکراوتر بۆ دڵسۆزانی ئازادی کوردستان بخاتە بەر چاو .

** « کۆمیتەی یەکگرتووی کورد » هەر لە سەرەتاوە لە سەر بنچینەی داکۆکیکردن لە مافی پەنابەرێتی بەڕێز عەبدولا ئۆج ئالان و گەیاندنی کێشەی کورد بە ئاستی کۆنفرەنسێکی نێونەتەوەیی پێکهات. بەشێک لە ئەندامان و پێکهێنەرانی ئەم کۆمیتەیە نوێنەری ئەو دەزگاو دامەزراوە کوردیانەن کە بە ڕەسمی لە بەریتانیا خەریکی هاوکاری و پشتگیری خەڵکی پەنابەرن یاخود کەسانی چالاک و هەڵسوڕاوی ناوکۆمەڵە کلتوری و ئەدەبیەکانی کوردن لەم وڵاتە .

** لە ماوەی یەک ساڵی ڕابوردودا کە دنیا شایەدی دەرکران و سەرلەنوێ دەرکرانی سەرۆکی پارتی کرێکاران بوو لە لایەن وڵاتە خۆرهەڵاتی و خۆرئاواییەکانەوە هەتا قۆناغی ڕفاندن و دادگاییکردن وحوکمدرانی ئاپۆ بە ئیعدام، « کۆمیتەی یەکگرتووی کورد» دەیان چالاکی گرنگ و بەرچاوی لە سەر ئاستی ناوخۆو ئەوروپادا بە ئەنجام گەیاندو سەرەنجام دەرکەوت کە ئاوارەو پەنابەری کورد لە بەریتانیا ئەوەی لە باردا

هەیە کـە لە کێشـەیەکی گەورەی وەک دەرکـران و ڕفـاندنی بەرێز ئۆج ئـالاندا، بڕیاری دامـەزرانی کـۆمـیـتـەیەکی هاوکـاری بدات و گەشـەی پێ بکات و بە قـایمـی ڕایبگرێ و بەرەو هەنگاوی گورجوگۆڵتریش ئامادەی بکات .

** ئەندامان و هەڵسـوڕاوانی ئەم کۆمیتەیە، هەرلە سـەرەتاوە ئەرکەکانی بەردەمـیان بە جـیـددی وەرگـرت : کـەم شـوێنی ڕەسـمی و نـاڕەسـمی هەیە ئەنـدامـانی ئەم کـۆمـیـتـەیە بواری قسـەکردنیان بۆ قـازانجی کورد تیـادا بۆ ڕەخسـابێ و ئامـادەی نەبوبن؛ هەر لە کۆڕو کۆبوونەوە و مـەراسـیـمـە کوردیەکانەوە بیگرە تا دەگـاتەوە هۆڵە جیـاجیـاکـانی وێسـتمنسـتەر و کۆنفرەنسی حـزب و گروپە سـیاسـەکانی بەریتـانیا....، هەڵسـوڕاوانی «کۆمیتە» بەوپەڕی لەخۆبوردوییەوە و بێماندوبوون بەشـداریان کردوەو ڕای خۆیان وەک دەسـتـەیەکـی تەباو هاوفکر لەسـەر گـرفـتـە سـەرەکـیـەکـانی مـیللەتی کـورد  بە هەمـوان ڕاگەیاندووە.

** ئێسـتاش دوای ئەوەی کە گشت هەوڵەکانی میللەتی کورد و دۆستەکانی لە ناوخۆو هەندەران بۆ تەسلیم نەکرانەوەی عەبدوڵا ئۆج ئالان بەفیرۆ چوون وحکومەتی تورکیاش سـەرشـێـتـانە بڕیاری ئیعدامـی بۆ پەسند کـردوە ، وە هەروەهـا دوای ئـەوەی کـە ئاپۆ و پارتی کرێکاران بڕیاری دورخستنەوەی هێزەکانیـان داوە لە خـاکی تورکیاو مـەزندەی ئەوە لە ئـارادایە کـە ئەو بڕیارە کـاریگەری چارەنووسـیی لەسـەر ژیان و چـارەنووسی کورد لە تورکیـاو ناوچەکەدا دابنێت، پێویستی ئەوە هاتۆتە پێشـەوە کە « کۆمـیتـەی یەکگرتووی کورد » یش وەک هەر دەستەیەکی تر کە لە ئاست کێشەکانی کورددا خۆی بە لێپرسراو دەزانێ، بیرو باوەڕو بۆچونەکانی بە ئاشکرا دەربڕێ...

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستیانەی لە سەرەوە وتران «کۆمیتە» دوایین تێڕوانینی  لە مەڕ کێشەکان بەو جۆرەی خوارەوە ڕادەگەیەنێ.

** یەکەم : دەوڵەتی تورکیا بە حوکمی پێداگرتنی  سەرۆک و لێپرسراوەکانی لە سەر ئەو دەستوور وسیاسەتانەی کە هەر لە بنچینەوە دژ بە گەلی کورد ئامادەکراون، وە بەو هۆیـەوە کـە دژایەتیکردنی هەبوون وکـەسـایەتی کـورد لـە تورکـیـا بۆتـە نەریتـێـکی «مێژوویی» وچەسپاو ، هەروەهـا لـە ئاکامی ئەوەشـدا کە پێداگرتن لە سەر سیاسـەتی نەژادپەرسـتی دژ بە کـورد لـە لایەن هەرکـام لـە حـیـزبە گـەورەکـانی ئەو وڵاتـەوە بۆتە مـەرجی «سـەرکەوتن» و دەنگهـێنان لە پەرلـەمـاندا، بادانەوەیان بەرەو سـیـاسـەتێکی دیموکراتانەو ئینسانی کە تیایدا مافەکانی ٢٠ملیۆن کەس لە گەلی کورد دیاری بکرێ بە ئاسان نایەتە بەر چاو،... وە لەمەودای قابیلی پێشبینی کردندا ئاسۆیەکی ڕوناک بۆ گەلی کورد لەو وڵاتەدا لە ئارادا نیە، تەنها هیوایەک کە دەری ئەخات دیواری ئاسنینی

ڕەگەزپەرستی لە تورکیا درزی تێکەوتوە، لەو شوێنەوە سەرچاوەدەگرێ کە بزانرێ فشاری ئەمریکاو خۆرئاوا لەسەر دەوڵەت لە زیادبوندایەو کاریگەری وبەردەوامی ئەم فشارە، هەناسەدانی سەرانی تورکیا لە ئاستی جیهانی و ناوخۆییدا زەحمەتتر دەکات.
** حکومەتی وڵاتە یەککگرتوەکانی ئەمریکا سەرۆک و بەڕێوەبەری دنیای سەرمایەداریە، وتەبێژ و نەخشەداڕێژەرو جێبەجێکەری زۆربەی ئەو سیاسەتانەیە کە نەک تەنیا لە تورکیاو کوردستان بەڵکو لە سەرجەم کونج وقوژبنەکانی ئەم گۆی زەویەدا خەریکی ڕودانن. حکومەتی ناوبراو هەر لە سەرەتاوە بە ئاشکرا ڕایگەیاندوە کە دژی پێکهاتنی دەوڵەتی کوردیە و لایەنگری مانەوەی سنورە دەستکردەکانە لە نێوان ئەو وڵاتانەی کوردیان بەسەردا دابەشکراوە. هەروەها لە ئاستی ڕەسمیشدا سەدان جاریان بە دنیا وتوە کە ئەوان پارتی کرێکارانی کوردستان و سەرۆکەکەی بە تیرۆریست دادەنێن ولایان باشە وەک گروپی تیرۆریست لە لیستەی ڕەشدا جێگایان بۆ دیاری بکرێ .
** ئەوروپا کە زیاتر لە سەدەیەکە خۆی بە دایەگەورەی دیموکراسی وئازادی توخمی مرۆڤ ناساندوە، ئێستا بە نیسبەت کێشەی گەلی کوردەوە کەوتۆتە دوڕیانێکی مێژوویی وپڕگومانەوە: ئایا خەریکی چەسپاندنی نەریتە بەرزو بەهادارەکانی مافی مرۆڤ بێت وداکۆکی لەو یاسایانە بکات کە لەشوێنی تری هەمان ئەم دنیایەدا شەڕی گەورەیان لە سەر بەرپا دەکات و خوێنیان لە پێناودا دەڕێژێت یاخود ملکەچی خواستی ئەو بازرگانە چەکفرۆش وبەرژەوەندپەرستانە بێت کە قازانجی خۆیان هەزاران جار لە ڕوحی میللەتان وعەدالەتی ئینسانی لا پیرۆزترە : ئەوروپای کۆتایی سەدەی بیستەم لە گرفتی ئێمەدا دەریخست کە هەرچەندە توانایی جیاکردنەوەی ڕاستیەکانی هەیەو دەزانێ تەرازووی ڕەوایی و ناڕەوایی بە کاملایەدا خوارە، بەڵام لە ئاقار هێزی زەبەلاحی وڵاتە یەککگرتوەکانی ئەمریکادا توانایی هەر جۆرە سەرپێچیەکی لە خۆی سەندۆتەوەو جگە لە مۆرکردنی ئەو کاغەزانەی لە لایەن براگەورەی واشنتۆنەوە پێی دەگەن چی وای بۆ بڕیاردانی سەربەخۆی ئیقلیمی نەهێشتۆتەوە، [هەموو ئەوەش لە کاتێکدایە کە دوای سی ساڵ هەوڵ وگوریسپچڕکەی «ئەورروپاخواز» و ئابوریزانەکانی ئەم قاڕەیە، تازە بە تازە کۆرپەی هاوبەشیان لە فۆرمی « یۆرۆ» دا خەریکی پەیابون وسەقامگیربوونە.] بە گشتی ڕۆڵی ئەوروپا لە کێشەی ڕەوای کوردستانی باکووردا تا دوایین ئەندازە خیانەتکارانەو پرەنسیپ فرۆشانە کەوتە ڕوو .
** وڵاتە ئیقلیمیەکان (ئێران ، سوریا و« جیهانی عەرەب » بە گشتی ) لە تەنگوچەڵەمەی کورددا بەو جۆرە ڕەفتاریان کرد کە لێیان چاوەڕێ دەکرا : ئەم وڵاتانە کە بە گشتی هەرکامیان بە دەست کێشە ناوخۆییەکان وئۆپۆزیسیۆنە یاسایی و

نایاسایـیـەکـانیـانـەوە گیـرۆدەن وپاراسـتـنی کـورسـیـەکـانـی دەسـەڵات وبـەرژەوەندیە سیـاسیـەکانی ناوخۆ و سنورەکـانیـان لەگەڵ ئیـسـرائیل دا لـێ بۆتە بەڵایەکی زەبەلاح، هەرگیز ناشێ ئومێدی هاوکاری وپشتیوانیان لێ ڕەچاو بکرێ، وە لە کاتێکدا نزیک بە زۆربەی دانیشـتوان و جـەماوەری ئەو وڵاتانە لە ڕێگای خـۆنیشـاندان ودەربـڕینی سـۆزی هـاودەردیەوە (نامـەی بە کـۆمـەڵ، مـەزبەتە...) ڕەفتـاری حکومـەتی تورکـیـایان مـەحکوم کـرد، هیـچکام لـەو دەوڵەتانـە ئامـادە نەبوون بە **نامــەیەکی ڕەســمی** ش بە ئاشکرا هەڵوێست وەربگرن و چەتەگـەری و ڕفـاندنـی سـەرۆکـێکی کورد بـە نایاسـایـی دابنێن، تاکە هەڵکەوت لە ناو هەمواندا کۆماری لیبیا بوو کە وەک هەمیشە پێی لە سـەر مافی چارەی خـۆنوسین بۆ گـەلی کـورد داگـرتەوە. شـایـانی باسـە کـە خـۆنیـشـاندان بۆ ئازادکـرانی عـەبدوڵا ئۆج ئالان لە ئێـران گـەیشـتـە ڕادەی کـوژرانـی دەیان کـەس و لە لوبنان یش چەند جارێک هەزاران کەسی بۆ کۆبونەوە.

* لە ئاستی کوردستـانی دا گەلی کورد بـە دوو شێوەی جیاواز ڕوبەڕوی پیلانگێڕی و ناعەدالـەتی وڵاتە زلهێزەکان و دەوڵەتە داگیرکەرەکان بۆوە: لە لایەکەوە خۆنیشـاندانی سـەدان هـەزار کەسی ناو وڵاتە ئەوروپیـەکان و خـودی تورکیـا و شـارەکانی ئێران و دەستبەسـەراگرتنی سـەفارەت و نوێنەرایەتیـەکانی ئیـسرائیل و یۆنان ودەیان چالاکی تری کورد لە هەمـوو پارچەکانی کوردستـانی دابەشکراودا ، ئەو ئومێدەی خستەوە ناو دڵی هەمـوان کـە ئیـرادەی کورد بۆ داکـۆکی لە مـافـە سـەرەتاییـەکانی و هـەوڵدان بۆ وەدیهێنانی ئەو مـافـە ژێرپێـخـراوانە بۆتە ڕاسـتیـەکی حـاشـالێنەکراو بۆ جیـهـان، ئەم دیاردەیە بە ئەندازەیەک یـەکیـەتی و تەبایی پێوە دیار بوو کە وەزیری دەرەوەی ئەمـریکا خاتوئۆلبرایت بڵێ « ئەمریکا لای سەیرە گەلی کورد ئاوا بە یەکدەنگ دیفاع لە عەبدوڵا ئۆج ئالان بکات!»، لەملاشەوە حزبە سیاسیە گەورەکانی کوردستان (بە تایبەت یەکێتی نیشـتیـمانی و پارتی دیموکرات) ناکۆکیـەکـانیـان درێژە پێدا و شـەڕی ناوخـۆیان لە پێناوی دەسـەڵاتدا بەبەردەوامی هێشتـەوە.... ئەوەش لە کاتێکدایە کە لە کوردستـانی عیراقدا زەمینەیەکی مێژوویی و فرسـەتێکی کەموێنە بۆ سـەقـامگیرکردنی هـەرجۆرە بڕیارێک لە قـازانجی خـەڵکی کـوردستـاندا لـە ئارادایەو سـازکـردنی دەسـەڵاتدارەتی دانپیـانـەنراوی ناوچەیی وحـزبی، **تەنیـا دیاردەیە کـە لەگـەڵ ئەم دۆخـە ئاڵـتـوونی و کـەموێنەیـەدا نایەتەوە.** جێگەی داخی زۆرە کە پارتی دیموکراتی کـوردستـان لەوەش زیاتر شـوڵکی لێ هەڵکێشـاوەو پێیـوایە گەلی کـورد لەوەش خـراپتری قـابیلە، بۆیە تا دوایین قۆناغی هاوکاری وتەبایی لەگەڵ هێزەکانی تورکیای دوژمندا سـازاوەو، گیـانی دەیان و سـەدان پێشـمـەرگـەی کـوردی لـەمـدیوو ئـەودیوی سنورە دەسـتکردەکـانی کوردستاندا پێشکەش بە خوانی سوڵتانە ئەتاتورکیەکان کردوە.

پارتی، بە پێچەوانەی هەموو نەریتێکی نەتەوەیی ونیشتیمانیەوە، هەروەها بە پێچەوانەی ڕەوت و لافاوی تورەیی هەموو کوردو زۆربەی گەلانی جیهان و تەنانەت لە بەرامبەر ڕای دۆستانەو تازەگۆڕاوی میدیای جیهانیشدا لە ئاقار میللەتی کورد و کێشەی ئاپۆدا، پێی لەسەرئەوە داگرت کە لەگەڵ میللەتی خۆی نەبێ و[......]، ئا لەو زروف وهەلومەرجە قەیراناوی و پڕگرفتەی ناوچەکەو جیهاندایە کە عەبدوڵا ئۆج ئالان لە زیندانی ئیمراڵی بانگەوازی ئاشتی پەیتا پەیتا دوبارەدەکاتەوە و سەرەنجام داوا دەکات بە مەبەستی سەقامگیرکردنی ئاشتییەکی هەمیشەیی «هێزی چەکدار» ی پارتی کرێکارانی کوردستان بەرەو ئەودیوی سنورەکانی تورکیا مل بنێن و تورکیا بە جێ بهێڵن.

ئێمە وەک «کۆمیتەی یەککگرتووی کورد» لەسەر ئەو باوەڕەین کە بانگەوازەکانی سەرۆکی پ ک ک هەر لە سالانی پێشوەوە بە جیددی وەر نەگیراون و دانەپاڵی تاوانی خیانەت بە سەر عەبدوڵا ئۆج ئالاندا بڕیارێکی ناعادلانەیە و بڕیاری دادگاش سەبارەت بە ئیعدام لەوە ناهەقترو نارەواترە.... گەلی کورد لە تورکیا پێویستی بە هەڵمژینی هەوایەکی تازەو ئازادو خاوێن هەیە، ڕێگرتن لەو هەوا تازەیە ئینکارکردنی سەرەتاکانی ژیانێکی شارستانیە کە لە سەردەمی ئێستادا کەمکەس دەتوانێ لاری لە جێبەجێکردنیان هەبێ.
بڕیاری هەڵپەساردنی خەباتی چەکدارانە لە لایەن **پ ک ک** وە ئیمکانی ئەوە دێنێتە ئاراوە کە هەم حکومەتی تورکیا بتوانێ هوشیارانەتر چاو بە سیاسەتە کۆنەکانیدا بخشێنێتەوە و هەم بواری ئەوەش دەڕەخسێنێ کە دنیای بە حساب «عەدالەت»ی ئەمریکایی و خۆرئاوایی بە شیکردنەوەیەکی تازەترەوە تەماشای برینی سەدان ساڵەی کورد لە ناوچەکەدا بکەن. هەروەها وەستاندنی خەباتی چەکدارانە بەو مانایەشە کە پارتی کرێکاران ئەو متمانەیەی بە خۆی پەیدا کردووە ئیدی دەتوانێ لە بوارەکانی تری خەبات بۆ ئازادیدا هەنگاوی مەزنتر بنێ و پێشرەوی بکات و ئەوەی میللەتی کورد لە تورکیادا پێویستی پێیەتی بۆی وەدی بهێنێ .
لە بەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیانەی سەرەوە ئێمە داوا لە گشت دڵسۆزانی ئازادی خەڵکی کوردستان دەکەین کە:
یەکەم : بەوپەڕی تواناوە لە هەر هەوڵ وکۆششێکی نارەزایەتی و یاساییانە کەدژ بە حکومەتی تورکیا لە ئەوروپادا ئەنجام دەدرێت بەشداری چالاکانە بکەن و ڕێگای ملوڕی دیکتاتۆرەکان دژ بە کورد بگرن؛
دوەم : بەردەوام لەگەڵ «کۆمیتەی یەککگرتوی کورد» دا لە پەیوەندیدا بن تا بتوانین بە

هەموان هاوکارییەکی چالاکانەتر بۆ ئازادی کوردستانی تورکیا وەڕێ بخەین؛
سێهەم : بە هەر شێوازێک دەتوانن هاوکاری کۆمیتەی یەکگرتو بکەن و وتارو نوسراو بۆ بڵاوکراوەکانی بەڕێ بکەن و هاوکاری ماددی پێشکەش بکەن.

**(*) «کۆمیتەی یەکگرتووی کورد» دوای هاتنی ئۆجئالان بۆ ڕۆما بە مەبەستی داکۆکیکردن لە کێشەی باکور هاتە ئاراوە. ئەندامەکانی ئەم کۆمیتەیە زۆرتر لەو کەسە چالاکانە پێک هاتبو کە لە کۆمەڵە کوردیەکانی بەریتانیادا کارمەندو خۆبەخش بوون، هەندێ جار کۆبونەوەکانی زۆر قەرەباڵغ و هەندێ جاری تریش بەشی ئەوەی نەدەکرد بڕیاری تیا وەربگیرێ، ئەم بەیانە لەو سەروبەندەدا نوسراو بڵاوکرایەوە... ئەو دێڕانەی پەیوەندیان بە پارەی هاوبەشی ئەوروپاوە هەیە، ئیدەی کاک دارا محەمەد جەمیل ن، ئەو ڕستانەش کە لە نێوان کەوانەی بەم جۆرەن [...] و بە بەتاڵی دانراون، هەندێ وشە بوون کە بە باشم نەزانی چاپ بکرێنەوە.**

# سپارتاکۆس
# لە قەفەزی شوشەییدا

«کوردستان» ژ۱۱، بەرلین
۱۹۹۹/٦/۱۲

سەرەنجام، ئەو هەناسەیەی ماوەی چەند مانگ بو لە سنگی هەمواندا پەنگی خواردبۆوە، بە دەرکەوتنەوەی عەبدوڵا ئۆج ئالان لە ناو قەفەزی شوشەییداو ڕاوەستانی ئازایانەی لە بەرامبەر فەساڵی بێویژدانی دنیای سەرمایە و چڕوچاوی شەرمگرتووی جەللادانی «دادوەر» دا، بواری هاتنە دەرەوەی بۆ ڕەخساو سەرلەنوێ گرفتە چارەنەکراوەکان وروژمیان هێنایەوە ناو زەین:

* ئاپۆ چی لێ دەکرێ ؟

* ئێمە بۆ وامان لێ دەکرێ ؟

* «عەدالەت» چیە وکێ دەتوانێ دابینی بکات ؟

ئەوانە پرسیاری بنچینەیین و هەر کەسێکی بەشدار لە ویژدانی ئینسانیدا ڕۆژانە بۆی دوبارە دەبنەوەو، ئەو غەدرەی لە سەرۆکی **پ . ک . ک** کرا سەدان جاری تر لێی دەوروژێننەوە .

*****

ئەگەر دیاردەکان دەستەبەندی بکەین و بمانەوێ سەرنجێکی خێرا لەمەڕ دۆخەکە فۆرمۆلە بکەین ، سێ حاڵەت خۆ دەخەنە بەرچاومان:

ـ جیهان ؛

ـ تورکیا (و هاوچەشنەکانی )؛

ـ کورد .

جیهانی دوای شەڕی ساردو سەرکەوتنی نەریت و ئەخلاقی سیستمی پولپەرستی سەرمایەداری، وە دەمانچە لەخۆ بەستنی ئەمریکا بۆ کوێخایەتی وپاسەوانی ئەم دنیایە، سیما و ڕێچکەو ئاقاری **خودی ژیان** مان لە سەر ئەم گۆی زەویەدا پێ نیشان دەدات: دنیای ئەمڕۆ دنیایەکی بە تەواوی ئەمریکایی، بۆگەن، ناعادلانەو خنکاو لە ناو زەلکاوی «ئاسایشی نەتەوەیی» یەک بە یەک ی حکومەتە بێویژدانەکانی ئەورپاو هاوپەیمانەکانی دایە .

حوکمڕانانی تورکیاش زۆر وردتر لەوەی ئێمەمانان لە سەری ئەدوێین، شارەزایانی هەمان خۆرئاوا و میدیاو دەزگا ناحکومیەکان لە بارەیەوە دواون وڕیسوایان کردوە وکردەوە فاشیستی و ڕاسیستی ودیکتاتۆریەکانیان یەکالاکردۆتەوە .

لە سەرتاسەری مێژووی چەند سەدساڵەی تورکیای ئیمپراتۆری و کۆماری دا، هەرگیز کورد، بۆ **تاقە یەک ڕۆژیش** هەناسەیەکی خۆشیی هەڵنەمژیوە:

هەزاران هەزار کوژران وفەوتێنران ...

هەزاران هەزار شاربەدەر و ئاوارەکران ...

بە ملیۆن ڕاگوێزران وسوکایەتیان پێکرا ....

ویژدانی دەسەڵاتدارە ئەمریکی و خۆرئاواییەکان بە جۆرێکە کە ڕوداوەکانی ئەم «دنیای کورد» ە نابینن و ئەوەیان لا چاکترە جارێ گیرفانەکانیان پڕترو چەکەکانیان بازاڕی گەرمتر بێ.

لەو سێ حاڵەتەی سەرەوەدا «کورد» بابەتی سەرەکیەو کێشەکان لەدەوری ئەو دەخولێنەوە.

« دنیا » ئەو جۆرەیە دەیبینین ...

دوژمن بەو چەشنەیە لەئیمراڵی چاومان لێیەتی ...

لەم ناوەداو لەناو خۆماندا تەنیا کەسانێک دەیانەوێ خۆڵ بکەنە چاوێ کوردەوە کە داوای «عەدالەت» لە دوژمن ئەکەن ولێیان دەپاڕێنەوە بۆ ئەوەی بەبەزەییەوە ڕەفتارمان لەگەڵدا بکات.

حکومەتی تورکیاو پشتیوانە جیهانیەکانی، بە ئاشکرا، بە ڕۆژی ڕوون و بێ پێچ و پەنا پێمان دەڵێن: داواکردنی هەق لە لایەن ئێوەوە «خیانەتی مەزن» و «تاوان»ە ...

بەڵام ئاپۆی ناوقەفەزی شوشەیی، سەرەڕای نزیکبونی چەند مەترێک لە **مەرگ و نەمان** ەوە، خەڵکی ناو قەفەزە ئاسنینەکەی لە بیر نەچۆوەو بە دەنگێکی دلێرو ئازایانەوە ڕایگەیاندەوە:

ــ کێشەی کورد نابڕێتەوە و خوێنی زیاتر دەڕژێ ..

ـ ئامادەین ئاشتی بکەین ..
ـ ڕوسیاو یۆنان وئیتالیاو.... لە بەرامبەر یاسای نێودەوڵەتیدا بەرپرسیارن..
ئاپۆ داوای لێبوردنی لە حکومەتی تورکیا و لە «دنیای سەرمایە» و هێزە دەسەڵاتدارەکان نەکرد، داوای بوردنی لە کەسوکاری شەهیدان وبێدەسەڵاتەکان کرد، سەرلەنوێ پێی لەسەر خەبات وتێکۆشان وملنەدان بۆ زوڵم و زۆر داگرتەوەو، بێسڵ، بێتێکچوون وبێ پێچ و پەنا ڕایگەیاند: دەبێ تورکیا و «یاسای نێودەوڵەتی» لێیان وەپرسرێ وخۆیان چاک بکەن...
سپارتاکۆس لە ناو قەفەزی شوشەیی شدا هەر بەردەوامەو دەزانێ چ پەیامێک بۆ کۆیلەکان ڕەوانە بکات !
ئێمە چی بکەین ؟....

# بەخێر بێی ناتۆ!

**«کوردستانی نوێ» ژ٦٦**
**١٩٩٩/٧/٧ ، لەندەن**

کۆتایی هاتنی هێرشی کتوپڕ وبروسکەئاسای وڵاتانی ئەوروپایی وئەمریکا بۆ سەر یۆگۆسلاڤیای پێشوو، مەسەلەی کوردی جارێکی تر خستۆتەوە بەر باس. ئەگەر بە لای ڕای گشتی ئەوروپاو ئەمریکاشەوە نەبێ، ئەوا بۆ خودی گەلی کورد، ڕوداوو کارەساتەکانی کۆسۆڤۆ بە ڕوونی ئەو سیناریۆیەی هێنایەوە بیر کە نۆ ساڵ پێش ئێستا بەعس لە کوردستانی عیراقدا میللەتێکی ئاوارەی کێوان کردو ڕەوی سنوری وڵاتانی پێکردن.

سیناریۆی **کۆسۆڤۆ** بە ڕادەیەک لە سیناریۆی **کوردستان**ەوە نزیکە ئەگەر تەنانەت نوسەرەکانی ڕۆژنامەی «گاردیان» یش باسیان لێوە نەکردایە، دیسان بۆ زۆربەی خەڵکی کورد ئاشکرا بوو کە **جگە لەوان** خەڵکی تری بەدبەخت یش لەم دنیایەدا پەیدا ئەبن: لە هەردو حاڵەتدا وڵاتێکی فرە نەتەوە لە ئارادایە؛ لە هەردو حاڵەتدا سەرۆکێکی فاشیستی ڕەگەزپەرست دەسەڵاتی سیاسی هەڵدەسوڕێنێ؛ لە هەردولا میللەتی کەمژمارە و بندەست قەلاچۆ دەکرێ؛ لە هەردو ناوچەدا کۆچ وکۆچبار ملیۆنی ویەکجارییە و کەس متمانەی بە «سەرۆک» نەماوە؛ لە هەردوکلا بەخێرهێنانی ئەمریکا و ئەوروپا لەچڵەپۆپەدایە.

ڕەنگە زۆربەمان ئەو دیمەنەمان دیبێ کە زۆربەی دەزگاکانی هەواڵنێری جیهانی بۆ دەیەمین جار پەخشیان دەکردەوەو سەرلەنوێ بڵاویان دەکردەوە: کۆمەڵێک لێقەوماوی کۆسۆڤایی، دوای گەڕانەوەیان بۆ شاری پرشتینا و شادبونەوەیان بە شارێکی وێرانکراو، لەحاڵێکدا کە زەوق وشاگەشکەیی «گەڕانەوە» بە دەم وچاویانەوە دیارە، بە گەرمی ئەم دروشمە نیشانی کامێراکە ئەدەن: «بە خێر بێی ناتۆ»!، وە

وێنەگرە«بێلایەن»ەکانیش بێئەوەی کەس پێیان بڵێ، ئەو دیمەنە زۆر سەرنجیان ڕادەکێشێ و وەک هەنگیان لە دارا دۆزیبێتەوە جارێک و سەدجار نیشانی دەدەنەوە تاکو لە زەینی هەمواندا بە زیندوویی ڕایبگرن .
هەڵگرتنی دروشمی «بە خێر بێی ناتۆ» لەلایەن دانیشتوانی ئەلبانی نەژادی یۆگۆسلاڤیای پێشووەوە زۆر واتای لە پشت خۆیدا شاردونەوە : لە سەرەتادا ئەوە دەبەخشێ کە دانیشتوانی ئەلبانیایی کۆسۆڤۆ تا دوا هەناسە لە حوکمی دیکتاتۆری میلۆسۆڤیچ بێزارن و نایانەوێ لە سێبەری ئەودا ژیان بەسەر بەرن؛ دووەم حاڵەتیش ئەوە دەردەخات کە کۆسۆڤاییەکان ناتۆ بە سوتێنەری ماڵ وحاڵی خۆیان نازانن و زیاتر لەوەش، بە ڕزگاریبەخشی وڵاتەکەیانی دەبینن !
دەکرێ زۆر شت سەبارەت بە دیاردەی کۆسۆڤۆ بوترێ، بەڵام با لێرەدا بێینەوە سەروکاری جیاوازیەکانی گەلی کۆسۆڤۆ لەگەڵ کێشەی کوردو ئنجا بچینەوە بۆلای سەرۆکی ناتۆ!
بەرچاوترین جیاوازی لە نێوان بەشێک لە کورد و ئەلبانیەکانی کۆسۆڤۆدا ئەوەیە کە ئەوان ئاوارەی لای براکانی خۆیان کران، بەو واتایەی کە حکومەتی ئەلبانیا، سەرەڕای دەستکورتی و بێ نانی نەدەکرا وەک ئەوەی خاتو تانسۆ چیلەر لەگەڵ کورددا نواندی ــ بەدۆشکە وجەندرمە سەرسنوورەکانی تەلبەند کردو ڕێگای هەلاّتنی داخست ــ ڕێگا لە ئەلبانیەکانی باکوور بگرێ؛ هەروەها ئەوەشە کە لە گشت حاڵێکدا میللەتی ئەلبان وەک کورد نیە: ئەگەر لە چوارچێوەی یۆگۆسلاڤیاشدا هەقی بەئازاد ژیانی پێ ڕەوا نەبینن ــ وە لەوەش ناچێ ــ ئەوا ئەلبانی وەک میللەت «چوارچێوە» یەکی بۆ خۆی پێکهێناوە و خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆیە.
جیاوازیەکی تری نێوانمان لەوەدایە کە گەلی ئەلبانی لانی زۆر لە دوو وڵاتدا بەشکراوەو گرفتەکەی نەبۆتە گرێیەکی مێژوویی، بەڵام ئێمە لە هەمان کاتدا کە لە پشتیوانی ناتۆ بۆ گەلەکەمان لە کوردستانی عیراقدا هەست بە خۆشحاڵی دەکەین، بەهەمان ڕادە ناچارین تووڕەو دڵتەنگ بین لەوەی ئەمریکا و وڵاتانی تری ناتۆ سەرۆکی پ ک ک تەسلیم بە حکومەتی تورکیا بکەنەوەو بروسکەی پیرۆزباییش بۆ حکومەتی تورکیا بنێرن لەو بۆنەیەدا .**ئەگەرعەدالەت خەریکی جێبەجێ بونە دەبێ بۆ هەموان وەکویەک بێ و ناکرێ ناتۆ بەو مەرجە پشتیوانی کوردی عیراق بکات کە بەگژ براکانی خۆیاندا بچن**. کورد یەک میللەتە وجیاوازی لە نێوان داگیرکەرانی کوردستاندا نابێتە هۆی جیاوازی لە هەبونی کورددا وەک میللەتێکی دیاریکراو و خاوەن بەرژەوەندیەکی هاوبەش لەو دنیایەدا کە هەموان وەک «میللەت» سەریان پێکەوە ناوە.
ئەمریکا سەرۆکی ئێستای دنیایەو گێڕانەوەی کۆسۆڤاییەکان بۆ وڵاتی خۆیان و

هەوڵدان بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتیەکی هەمیشەیی لە بەلکان ـ ئەگەر تەنانەت فاکتەری جیۆپۆلەتیکیش لە پشتیەوە بێ ـ سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ بەرنامەی «پاراستنی مافی مرۆڤ» کە یەکێکە لە بنەماکانی «سیستمی نوێی جیهانی» ئەمریکایی. بەڵام لە کۆنەوە سەبارەت بە ڕۆڵی دادوەر وتەیەک هەیە، ناوەرۆکی وتەکەش لەوەدا پوختە دەبێتەوە کە« دادوەر» لەگەڵ «خوێ» دا پێکگیراون. چونکە وەک دەزانین مادەی خوێ توانایی‌یەکی باشی هەیە بۆ ڕاوەستان لە بەرامبەر بۆگەنبون دا، بۆیەشە هەمیشە لە دژی «گەنین» کەڵکی لێوەرگیراوە.

ئەمریکا لە دنیای ئەوڕۆدا دەیەوێ ڕۆڵی **خوێ** ببینێ وڕێگا لە قەیران و فەرتەنە جیهانیەکان بگرێ . کارێکی پیرۆزە ... بەڵام ئەوەی پیرۆز نیە و بۆ ئێمە جێی گومانە ئەوەیە خودی«خوێ» یەکە بۆگەن بێ ولە باتی چارەسەری گرفتەکان ببێتە کوانوی ئاژاوەی زیاترو گەنین ی زیاتر.

پێشینیان وتویانە : **ئای لەو ڕۆژەی کە خوێ بگەنێ!**

# «بەعەقڵانیکردنی سیاسەت» یان ملکەچی بۆ زۆرداران؟!

«پەیام» ژ١٦
١٩٩٩/٧/١٦، لەندەن

لە ژمارەی پێشوی «پەیام»دا، وتارێکی دووقۆڵی کە لە لایەن کاک پشکۆ نەجمەدین و قەرەنی قادری یەوە نوسراوە، بڵاوکراوەتەوە. بە بینینی ئەو وتارە، ئینسان ڕاستەوخۆ دەتوانێ هەست بەوە بکات کە تا چ ئەندازەیەک ڕۆشنبیری کورد لە ناخی ناخەوە بێئومێد و بیهیوا بوە توانای لە بننەهاتوی خەڵکی ڕەشوڕوتی کوردستان و تا چ ڕادەیەک هیلاکیە شەخسی و تایبەتەکان لە ناو بزوتنەوەی چەکداری کوردستانی عیراق و ئێران دا گروپێک لە ڕۆشنبیرانی بەرەو تاریکستانی پاسیفیزم و بەرچاولێڵی مێژوویی ئاژواوە. وتاری ناوبراو، هەم لەو ڕوانگەیەوە شایستەی وەڵامدانەوەیە کە «نموونە»ی جۆرە بیرکردنەوەیەکی باوە لە ناو ڕۆشنبیرانی ئێران وعیراقدا و هەم لەو ئاقارەشدا کە خودی «دووقۆڵی» نوسرانەکەی مەعنای جۆرە ڕیزبەندیەکە لە بەرامبەر جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانەو هەقخوازانەی کورد لە بەشی باکووری کوردستاندا. جگە لەوانەش، خودی ناونیشان وسەردێڕی **« تراژیدیای ئۆجەلان: ئیحساساتی ناسیۆنالیستی یان بە ئەقڵانیکردنی سیاسەت»** جۆرە پیکەنینێکی ئاشکراو بێوەفایانەیە بە ڕیشی ڕێبەر و تێکۆشەرانی بزوتنەوەیەک کە لەسەرتاسەی مێژووی دورو نزیکی کوردستاندا هیچکاممان نموونە و هاوچەشنیمان نەدیوە. بزوتنەوەیەک کە سەرەڕای هەبونی کەموکورتی لە هەندێ شێوازی ڕێکخراوەییدا، لە مەودایەکی

مێژوویی کوردتدا بەڕادەیەک ئیدەی ڕزگاری ئینسانی کوردی لە ڕەگوڕیشەوە گۆڕی و لە سەرتاسەری جیهاندا خستە سەر زار و زمانان کە بێ پیاهەڵدان دەتوانین بڵێین بێوێنە بووە. حەتمەن، هەرکام لە نووسەرانی وتاری ناوبراو و خوێنەران دەزانن مەبەست لە «ئیدەی ڕزگاری ئینسانی کورد» چیە؛ چونکە کەس نییە نەزانێ لە سەرانسەری کوردستاندا تاقە حیزبێک کە داخوازی سەربەخۆیی کوردستانی گەورە بوبێ جگە لە پارتی کرێکاران وئۆجەلان کەسی تر نەبووە بەدەر لە حیزبە ڕادیکالەکانی تری وەک کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق، هیچکام لە حیزبە گەورەکانی تری کوردستان (وەک حیزبی دیموکرات، یەکێتی نیشتیمانی، پارتی دیموکرات) تا ئێستاش لە ئاستی بەرنامەدا نەیانتوانیوە لە فیدراڵی و پاراستنی سنوورەکانی دەوڵەتی داگیرکەر واوەتر بچن. وە ئەگەر کەسێک شکست و داتەپینە هەمەچەشنە و بەردەوامەکانی «سەرکردە» ڕەنگاو ڕەنگەکانی باشوور ناچاری نەکردبێ لە بەرامبەر سەوزترین درەختی بەهاریشدا چاویلکەی ڕەش لە چاو بکات، دەتوانێ بە ڕوونی کاریگەری پرەنسیپەکانی پارتی کرێکاران و خۆشەویستی قوڵی کۆمەڵانی خەڵک لە هەر چوارپارچەی کوردستاندا بۆ ئاپۆ و حیزبەکەی ببینێ. بە دڵنیاییەوە دەتوانین خۆ قەناعەت پێ بهێنین کە هەردوو نووسەر ناتوانن هاتنەمەیدانی سەدان هەزار کەس لە هەندەران بۆ پشتیوانی لە پارتی کرێکاران، وە خۆ بە کوشتدانی دەیان کەس لە شارەکانی کوردستانی ئێران و تورکیادا و هاتنە سەرجادە و خۆسوتاندنی خەڵک لە کوردستانی عیراقدا سەرچاوەکەی بە «ئیحساسات» و «نائەقڵانیبون» بدەنە قەڵەم و لە بناغەدا ناتوانن بڕیاری وا بدەن: سی ملیۆن ئینسان خاکەکەیان دابەش کراوە، نیوەیان تەنانەت مافی نووسین و قسەکردنیشیان لە بوارە ڕەسمیەکاندا نیە، ئەوانی تریش کاک پشکۆ و کاک قەرەنی دەتوانن لە هەرکەسێکی تر باشتر وەسفی حاڵیان بکەن! چ لە عیراق (کاک پشکۆ) وەچ لە ئێران (کاک قەرەنی). بە کورتی: میللەتێک لە ژێر زەبری ئاگر و ئاسندا بە کۆیلەیی هێڵراوەتەوە و، لە هەلومەرجی ئێستای جیهانیشدا جگە لە خەبات و تێکۆشان بواری ڕێگاکانی تری بە تەواوی لە ڕوودا داخراوە، وە حیزبێک پەیدا بوەو بە ئاشکراو بێ سڵکردنەوە لە زۆری و بە هێزی دوژمنانی ئازادی گەلی کورد بانگەوازی ئازادیخوازی ئەداو داواکارە گەلی کورد وەک گەلانی تری جیهان مافە ڕەواکانی خۆی وەربگرێ. هەروەها ئامادەیە بۆ ئەو داواو خواستە بەرهەقە خوێن بدا و بێشک ئامادەیە لەسنووری شەڕی بەرامبەردا «خوێن»یش بڕێژێ.... چ عەیبێک لەو بەرنامەیەدا هەیە؟ کەموکوڕیەکەی چیە و کوێی ناڕاستە؟

من دواتر دێمە سەر کرۆکی ڕەخنەی نووسەران لەمەڕ پارتی کرێکاران و بە بەڵگەوە

چەند ڕاستییەک دەخەمە ڕوو، بەڵام ئەگەر وەک پێشەکیش بێت، خۆشە بزانین «ڕەخنە»ی ناتەباکان لەگەڵ سیاسەتەکانی پ ک ک دا لە چ ئاستێک دایە و ئەم ناتەباییە چ ئاکامێکی زیانبەخشی بەدواوەیە .

## بۆچی ئیمراڵی بوو بە دوا هەواری کۆچی ئۆجەلان؟

ئەو پرسیارەی سەرەوە پرسیاری من نیە. پرسیاری کاک پشکۆ نەجمەدین و کاک قەرەنی قادرییە. لەڕاستیدا، ئەگەر بمانەوێ سەر لە خۆمان تێک نەدەین و لە وتاری ئەو دوو نووسەرە بەڕێزە شتێکی وامان دەستگیر ببێ کە شایستەی ئەوەبێ بەر ددانی بخەین و هەرچی چۆنێک بوە وەڵامێکی بدەینەوە، پێویستە لە سەر وەڵامی ئەوان بۆ ئەو پرسیارە گرنگە بوەستین و ئەوەی خستویانەتە ڕوو شیی بکەینەوە. هەڵبەت پێویستە لێرەدا ئەوە بە خوێنەران بڵێین کە وتاری نابراو ڕاستیشی زۆر تێدان، بەڵام تاقمە ڕاستیەک کە وەک دەڵێن «كلمه حق يراد بها الباطل»، بەو مانایەی کە برادەرانی نووسەر سەرتاسەری ئەو ڕاستیانەی لە مەڕ «سیستمی نوێی جیهانی»، «حکومەتی تورکیا»، «حیزبە دەسەڵاتدارەکانی تورکیا»، و «هەڵبژاردن لە تورکیا» باسیان کردوون و هیچ کەس ناتوانێ ئینکاری لە ڕاستی و دروستیان بکات، بەرەنجامی شکستخوازانە وەردەگرن. بۆ نموونە ئەوان لە بەشی سەرەتای وتارەکەدا «وەسف» ێکی سیستمی نوێی جیهانی یان کردوە کە ڕەنگە کەمکەس توانیبێتی تائێستا وەسفی ئاوا واقیعی بۆ ئەو سیستمە کردبێ، نووسیویانە: **« لە سیستمی نوێدا جەنگ، زەبروزەنگ، تیرۆری نێو دەوڵەتی، جینۆساید و سوکایەتی پێکردنی ئینسانەکان بە شێوەیەکی بەربڵاوتر بەردەوامن، هێزی باڵادەستی .. ئەم سیستەمە پێودانگ و پرانسیپێکی دیاریکراوی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ گرفت و کێشە خوێناویەکانی جیهانی سەردەم دا نیە، ئێستا بۆ ئەو، ئیدی ناسنامەی کوژراوەکان هیچ نرخ و بەهایەکی نیە، بەڵکو بکوژەکان و هەڵوێستی ئەوان لە سیستەمەکە خۆی گرنگن! بۆ ئەو ... کورد، ئەلبان، سرب، عەرەب، فارس، ئەفغان چ مانایەکیان نیە، بەڵکو ئەوە میلۆسۆڤیچ، سەدام، ئەجەوید، خاتەمی، تالیبانەکان و هەڵوێست و جێگای ئەوانە لە سیستمەکەدا کە بڕیار لەسەر ڕەوت و شێوەی هەڵوێستەکانی «سیستەم» لە ناوچە گڕگرتوەکاندا ئەدەن.» (پەیام ی ژمارە ١٥)**

### چەند پێناسێکی دروست و هەمەلایەنەیە!

کەسێک ئەو وشانەی سەرەوە و ژمارەیەکی تریش لە شیکردنەوەی لەو بابەتە لە وتارەکەدا ببینێ، بێ هیچ شک و گومانێک ئێجگار زۆر سەری سوڕدەمێنێ کاتێک ببینێ نووسەرانی وتار لە بری وەرگرتنی بەرەنجامی ڕادیکالانە و شۆڕشگێڕانە لەو

واقیعە سیاسیەی جیهانی ئەمرۆ، وە لە بری بەرنامەدانان و پشتگیری بۆ ئەو هێزەی کە بەبەرچاوی هەموو ئینسانەکانی ئەم گۆی زەویەوە غەدری لێ ئەکرێ، وە لە جیاتی ئەوەی لانیکەم خشتێک لە دیواری ئەو هێرشە پۆلیسیەی لە لایەن ئەو «سیستەمی نوێ»یەوە کراوەتە سەر پارتی کرێکاران زیاد نەکرێ و هەڵمەتێکی «فیکری» رۆشنبیرانی کوردیشی نەچێتە پاڵ، ئامۆژگاری ئەوە ئەدەن بە گوێدا کە ئەبوایە پارتی کرێکارانی کوردستان پێشتر وە لە چەند ساڵی رابردوودا وازی لە خەباتی چەکداری بهێنایە و خۆی بکردایەتە «حیزبێکی بێچەکی مەدەنی گونجاو لەگەڵ سەردەم دا».

ئەسڵ و بناغەی وتاری نووسەرانی بەرێز ئەو پێشنیارەیە. ئەگەر سەد جار وتارەکەی کاک پشکۆ نەجمەدین و کاک قەرەنی قادری لە «پەیام»ی ژمارە پانزەدا بخوێنیەوە و ئەمدیوو ئەودیوی بکەیت، لەو پێشنیارە «عاقڵانە»یە زیاتر هیچی ترت بەرچاو ناکەوێ و سەروبنی وشەکان و دێرەکان لەخزمەتی ئەوەدان کە بەخوێنەری کورد بڵێن: پ ک ک خۆی وای لە خۆی کرد، نەیانتوانی لەگەڵ دنیای ئەمرۆدا خۆیان بگونجێنن، کەللەرەق وعینادن و ئاقیبەتی کەسێکیش کە بە گوێی «رۆشنبیر» ە پیتۆڵەکانی میللەتی خۆی نەکات ئاوا دەبێت!

ئەمەیە وەفای ئینسانی و ئەخلاقی ئێمە بۆ کەسێک کە خودی «سیستەم» دان بە توانایەکانیدا ئەنێت و وەک سەرسەختترین دوژمن لەگەڵیدا رەفتار ئەکەن؟ ئەمەیە پێشنیاری سیاسی و عەمەلی و «عەقڵانی» بۆ گەشەپێدانی راپەرین لەکوردستانی تورکیادا؟ ئاوایە پاراستنی غرور و کەرامەتی سیاسی ئینسانێک کە بۆ ئیهانەکردنی هەموومان **وە لە سەر مافەکانی ئێمە** وەک تاوانباری جەنگ پیشانی دنیا ئەدرێ؟

ئەگەر لەلایەنی سیاسی مەسەلەکەش واوەتر برۆین و بچینە سەر روکاری لۆجیکیی و مێژوویی ونموونەش بۆ برایانی نووسەر پەیدا بکەین، دەتوانین تا ئەندازەیەکی باش تێبگەین کە «بۆچی ئیمرالی بو بە دوا هەواری کۆچی ئۆجەلان». بەڵام جارێ با لە سەرەتاوە کەمێک خەریکی ئەگەر و«ئەگەر»ە مێژووییەکانی نووسەرانی «عەقڵانی» بین.

دیارە پێویست ناکات لێرەشدا دیسان ئەوە بهێنینەوە یادی هەمووان کە وتاری ناوبراو بە شێوەیەک نووسراوە ئەگەر خوێنەر زۆر بە وریاییەوە دیقەتی نەدات مەزندەی ئەوە هەیە سەری لێ تێک بچێ و هەر لەو کاتەدا کە پێشنیاری «ئاشبەتاڵی چەکدار»ی پ ک ک ی دەخرێتە بەردەم، کەمێک دواتر ئەوەشی وەک بەشێک لە فلیمێک کە کۆنترۆڵکردن و جوڵاندنی جارێکە بە دەست تەماشاچیەکەیەوە بێت نیشان دەدرێت کە گوایە **«ئەگەر ئۆجەلان چەند مانگێکی دیکە بواری مانەوەی لە رۆما بۆ رەخسابا و کەمێکیش هێمنتر و پشودرێژتر با، رەنگە رۆژگار و چارەنووسی وەها وەرنەگەرابا و ئێستا ئاسۆیەکی رونتر بۆ دۆزی کورد لەو بەشەی کوردستاندا روو لە دەرکەوتن بایە.»**

کـەواتـە، بەم حـسـابەیان بێت مـەسـەلەکـە «چەکـدار» بوونی پ ک ک نیـە، بەڵکو «پشـوکورتی» و «شپرزەیی» ئاپۆ بـوە و لەوانەش زۆر گرنگتر وە بەپێچـەوانەی «تێز»ی «ئاشبـەتاڵی چەکداری»یەوە، بـە قسەی نووسـەران، دڵڕەقی «سیستمی نوێ ی جیـهان» بوو کە «بواری نەدا ئاپۆ چەند مانگێکی تر هەلی مانەوەی لە ڕۆما بۆ بڕەخسێ» !!

برایانی نووسەر لە عاست ئەو کێشەیەی پەلاماریان داوە، خاوەنی وەڵامێکی تێر و پڕ و هەمەلایەنە نین. لە لایەکەوە بە حوکمی ئەوەی گوایە « ئێمە لەم سەردەمەدا لە دنیایەکی بە قـەفەزکراوی پۆلاڕێژدا دەژین»، پێشنیاری نیوە تەسلیـمبونێک بە ئەو دنیـا پۆلاڕێژە دەکەن، لـە لایەکی ترەوە دڵی خـۆیان بەوە دەدەنەوە کـە چەند پلارێک لە ئـاپۆ بدەن و بە نەفەسکورت و شـپرزە لە دەفتـەری «عەقلانیـەت» دا جێگای بۆ بکەنەوە و وانیـشـان بدەن کە ئیحـتیـمالی ئەوە هەبوە «سیـستـم» بواری چەند مانگێکی ترمانەوە لە ڕۆمـا بە ئاپۆ ڕەوا ببینێ، پاشان ئاواتی ئەوە دەخوازن کە ئاپۆ بواری مانەوەی لە ڕۆما بۆ بڕەخسایە و سـەرەنجام یەکسـەر: «ئاسـۆیەکی ڕوناکتـر بۆ دۆزی کورد لەو بەشـەی کوردسـتـاندا ڕووی لە دەرکەوتن» بکردایە!

بەو جۆرە دەبینین «نووسـەران» لە هـەموو حـاڵەتەکاندا، بناغەی بیرکردنەوە و سیـاسـەت و تاکتـیکیـان بۆ ئازادی کـوردسـتـان ئەو شـتـە نییـە کـە جاران پێی دەوترا «کۆمـەلانی خـەڵک»، یان «هێـزی جـەمـاوەر» یاخـود شـتـی تری لەو بابەتـە، بە بڕوای ئەوان دوو ڕێگا لەبەردەم دا هـەبوون و هـەن بەم جۆرەی خوارەوە:

**** ئاشبەتاڵی چەکداری وە خۆکردنە ئۆپۆزیسیۆنی قانونی؛** (بێ سوعبـەت ئیسمـاعیل بێشکچی و لەیلا زانا کاری «ناقانونی» یان کردبوو؟)

**** سواڵکردنی ئازادی کورد لە لوتف و بەزەیی «سیستمی نوێی جیهان»وە؛** («ئەگەر» ئاپۆ بواری مانەوەی لە ڕۆما بۆ بڕەخسایە!)

من لێرە بەدواوە هەوڵ ئەدەم لەسەرئەو دوو تەوەرە سـەرەکییەی ئاماژەمان پێ کردون، وە بە گرێدانەوەی بناغەی «عەقلانیەت»ی نووسـەران دەربارەی «ئەگەر»ە جۆراوجۆرەکان چەند ڕایەک فۆرمۆلە بکەم، بەو هیوایەی ئەم گفتوگۆیە دەرگایەک بێ بۆ هاتنە ناوەوەی کەسانێکی زۆرتر.

## «ئەگەر» وا بوایە وا نەدەبوو!

لەسـەرجـەم مێژووی توخـمی مرۆڤدا مەسـەلەی «ئەگەر»ەکان لە شیکردنەوەی ڕووداوە گـەورەکانی مـێژووی کۆمـەڵگای ئینسـانیدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە. هەر نووسـەرە و هـەر مێژوونوسـە، هـاوکات لەگـەڵ ئەوەدا کە دوبارەی کردۆتەوە ئەو وەک نووسـەر و ئەم

وەک مێژوونووس بێلایەنە و تەنیا دیاردەکان هەڵدەسەنگێنێ، هەوڵی داوە ڕوداوەکان بەو جۆرەی خۆی تێیان ئەگات، بەو جۆرەی ئەو بە باشی ئەزانێ، وەتا ئەندازەیەکی زۆر بەو جۆرەی کە لەگەڵ بەرژەوەندە سیاسی و کۆمەلایەتیەکانیدا ئەگونجێ دیاردەکان تاوتوێ بکات و لە «قەفەزێکی پۆلاڕێژکراو» ی ئەدەبیدا پێشکەشی بکات. مەسەلەی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە وازهێنان لە ڕوداوە سیاسیەکان بە گلەییکردن لە دنیا و هەڵڕشتنی فرمێسکی دایکانە بۆ میللەت و بەتاوانباردانانی «کوژراو»، نەک هەر ناتوانێ دەردێک دەرمان بکات، بەڵکە مەزەندە هەیە کارەساتەکە بەرەو خراپتر و خراپتر پالبنێ. لە حالەتی ڕوداوی گەورەدا، بە تایبەت لە دۆخی ئەمڕۆی هێرش بۆ سەر پ ک ک دا، گرنگ ئەوەیە کە خاوەن بیریش وەک «مێژوونوس» وەدوای ڕوداوەکان بکەوێ و پڕوپاگەندە و هەراو هۆریای زاڵمان و دەسەلاتداران بێهۆشی نەکەن. بە واتایەکی تر، پێویستە ئەو کەسەی خۆی بە ڕەخنەگری شەخسیەتە مێژوویەکان دەزانێ، بە دوای «هۆکار»ی بنچینەییدا وێڵ بێ و لەوێدا تەفسیری ڕوداوو کارەسات وگۆڕانکاریەکان ببینێ، چونکە پرۆسەی مێژووییش جگە لە ڕیزبەستنێکی مەنتقی و دیالەکتیکی هۆکارەکان و بە ئەنجام گەیشتنیان لە خاڵێکی دیاریکراودا ناتوانێ پێناسێکی تری هەبێ. **هیرۆدۆت** (ی ناسراو بە باوکی مێژوو) لە سەرەتای کتێبەکەیدا ئامانجی لە نووسینی مێژوو ئاوا وەسف کردووە: « تۆمارکردنی یادی ڕەفتارو کردەوەی یۆنانەکان و بەربەرەکان، بەتایبەتیش وە بە چاوپۆشین لە هەر شتێکی تر هۆکار ی تێکهەڵچونی ئەو دوانە لەگەڵ یەک » [(١)]

« هۆکار»ی لە خۆنەگرتنی ئاپۆ لە لایەن ولاتە ئەوروپاییەکانەوە چی بوو؟ وە دواتر تەسلیمکردنەوەی ئاپۆ بە تورکیا لە کوێوە سەری هەڵدا؟ ئایا بە هۆی ئەوەوە بوو کە دەستی قەدەر نەیهێشت چەندمانگێکی تر لە ڕۆما بێت؟ ئایاحکومەتی ڕوسیا نەیدەزانی ئاپۆ لەسەر هەقە؟ ئایا ئەسڵی مەسەلەکە لەوەدایە کە کاک پشکۆ و قەرەنی درکاندویانە و ئەوەیە کە پ ک ک و ئاپۆ ئامادە نەبوون و ئامادە نین واز لە خەباتی چەکداری بهێنن؟ بە بڕوای من خستنە ڕووی مەسەلەکان بەو ڕوونیەی سەرەوە باشتر لە یەکدیمان نزیک دەخاتەوە.

لە ساڵی ١٨١٥ دا ناپلیۆن بۆناپارت لە شەڕی واترلۆ دا تێکشکاو تەمەنی سیاسی و ئیمپراتۆری کۆتایی پێهات، ئایا هۆیەکەی لە نەشارەزایی ناپلیۆن و «ناعاقلانە» ڕەفتارکردنی و نەگەیشتنی ژەنراڵ «گرۆشێ» وە بوو بۆ مەیدانی شەڕ یاخود هۆکاری تر لەپشت سەرکەوتنی هاوپەیمانانەوە بوو؟[(٢)]

لە ساڵی ١٩١٧دا مهاتما گاندی لە ناوچەی «چامپاران»ی سەر بە ویلایەتی بیهاری هیندستان خەریکی عەریزەنووسین و شایەدی وەرگرتن بوو لە جوتیارە برسیەکانی

ناوچەکە بە مەبەستی داکۆکی لێکردنیان دژ بە خاوەنموڵکە ئینگلیزەکان، دادگا بە ڕەسمی ئاگاداری کرد ناوچەکە بە جێبهێڵێ و لە دادگا ئامادە بێت و گاندی سەرپێچی کرد، [٣] ئایا هۆی دادگاییکردنی گاندی لەوەوە هەڵقوڵاوە کە ناوبراو هەڵەشەیی کردبوو وە ببوە هۆی «ڕەشەکوژی» لە هیندستاندا؟ (نووسەران دەڵێن پ ک ک ڕەشەکوژی کردوە!)

ڕەنگە ئەو دوو نموونە مێژوییەی سەرەوە بەس بن بۆ ئەوەی لە عاست پرسیارە بناغەییەکەدا هەڵوێستە بگرین و تێبگەین کە: ئایا هۆکاری شکست و پاشەکشێکان، یان چاکتر بڵێین، هۆی سزادانی «لاواز» لەلایەن «بەهێز»ەوە، لە هەڵەی خودی لاوازەکەوە هاتووە یاخود هۆ و پاڵنەر و بناغەی تر هەن. ئەوە ئەسڵ و بنچینەی مەسەلەکەیە و بە چاکی مەعنای «ئەگەر»ەکانی کاک پشکۆ و کاک قەرەنی لێکدەداتەوە.

بگەڕێینەوە لای ناپلیۆن و گاندی. بە بڕوای زۆربەی شارەزایانی هونەری شەڕ، ناپلیۆن لە شەڕی «واترلۆ»دا نەک هەر هەڵەی جەنگی نەکردووە و دوچاری سەرلێشێوان نەهاتوە و ئەو فاکتەرانە نەبوونە هۆی ژێرکەوتنی، بەڵکو ــ لەگەڵ ئەوەدا کە لە شەڕی ناوبراودا شکستی خوارد ــ درەخشانترین و زیرەکانەترین نەخشەکانی خۆی لەو شەڕەدا بەکار بردوەو شارەزایان تاکو دەیان ساڵ دواترسەرنجی ئەو نەخشانەیان داوە و ئەزمونیان لێ وەرگرتوە[٤]. ئایا گاندی هەڵەی کرد کە بە گوێی دادگای ئینگلیزی نەکرد و ناوچەی جوتیارەکانی بەجێ نەهێشت ؟ ئایا دەشێ کەسێک بەتەمای ڕێبەری خەڵک بێ و بیەوێ لە بندەستیی دوژمن دەریان بهێنێ، هەوڵبدا سیاسەت وجۆری خەباتەکەی بەپێی خواستی دوژمن دابڕێژێ؟

وەک دەزانین، ئێستاش ئەوساش و تائەبەد فرەنساییەکان ناپلیۆن بە فەخر و سەربەرزی وڵاتەکەیان دەزانن [٥]. دنیا و هیندستانیش، گاندی وەک پێغەمبەرێک چاولێدەکەن و ملنەدانی ئەو بۆ ئینگلیز و بەربەرەکانێی دژ بە ئیمپریالیزمی ئینگلیز تا قیامەت ڕەمزی کۆڵنەدان و سەرکەوتنە.

بەڵام ڕەنگە هەر لەدوای ئەو وشانەی سەرەوە نووسەران لێمان بپرسن: جا چی؟ ناپلیۆن شکاو گاندی کەوتە زیندان، مانگا مرد و دۆ بڕا، چ بەرەنجامێکی سیاسی و عەمەلی لەو قسانەوە بەدەست هات؟...

ئالێرەدایە کە پێویستە ئەوانەی خوازیاری گۆڕین و شکاندنی دیوارەکانی زیندانی سیاسەتن و نایانەوێ ببنە برغویەک لە مەکینەی زەبەلاحی میدیای «سیستەم»دا، وەدەنگ بێن و بڵێن: شکست و ژێرکەوتن لە شەڕدا، وە گیران و ئەشکەنجە لەو کاتەدا کە ناچاریت داکۆکی لە عەدالەت بکەیت، ڕوداوی ئاسایی و پێویستن و بەشێکی لە جیابوونەوە نەهاتوی پرۆسە مەزنەکەی سەرکەوتنن. کاتێک هێزێکی گەورەتر لەو

هێزەی تۆ فەرماندەیی دەکەیت لە ئارادایە، کاتێک (بۆ نموونە) دوژمنەکانت بەهەمان چەک و ئازوقەوە دەجەنگن کە تۆش پێی دەجەنگیت و تەنانەت دەتوانن هەزار هێندەی هێزەکانی تۆ لەشکر پێکەوە بنێن، «شکست » بەرەنجامێکی حەتمیە و هەلاتن لێی مەحاڵ... ئایا دەکرا ناپلیۆن لە یەک کاتدا دەرەقەتی هەردوو سوپای ئینگلیز و پروسیا بێت کە هیچکامیان نیوهێندەی لەشکری فرانسە هیلاکی شەڕی نەبینیبو وە سێهێندەی هەمان لەشکر «یەدەک»ی لە پشتەوە بوو؟ ئایا دەشێت بوترێ پێویست بوو گاندی واز لە جوتیارەکان بهێنێ و بگەڕێتەوە سەر کاروباری پارێزەریەکەی جارانی؟.... ئەوانە کۆمەڵە پرس و ڕایەکن دەشێ تەنیا لە حەنەحەبەشێیەکی بێزەنتیانەدا باس بکرێن، ئەگینا تەسەورکردنی ناپلیۆن کە پێش «واتەرلۆ» مل بە چوون بۆ سەنتهیلانە بدات، یان ئەوەی کە گاندی بە هەڕەشەیەکی ئینگلیزەکان جوتیارە لێقەوماوەکانی چامپاران وەل بکات، بە تەواوی لە لۆجیکی لیکۆڵینەوەی مێژوویی و سیاسییەوە دوورە.

## جەللاد و قوربانی: بەرەو پەیوەندیەکی دۆستانە!

نووسەرانمان ڕایان وایە کە «ئەگەر ئۆجەلان ساڵێک پێشتر بانگەشەی بۆ ئەو پرۆژەیە کردبا ـ مەبەست پرۆژەی ڕۆمای ئاپۆیە ـ و بەکردەوەش حیزبەکەی بکردایەتە حیزبێکی بێچەکی مەدەنی لەگەڵ «سیستەم»دا گونجاو ... وە ببایەتە ئۆپۆزیسیۆنێکی قانونی و ئەوجا بۆ ئەوروپا سەفەری کردبا ...»

هەروەها ڕاشیان وایە: «حیزبەکانی تورکیا، بە ڕاست و چەپیانەوە، بە ئیسلامی و نائیسلامیانەوە هیچ بەرنامەیەکیان بۆ کێشەی کورد پێ نییەو کورد وەکو نەتەوەیەک جێگایەکی لە کن ئەوان نییە!»

هەروەها: «کێشەی تورکیا کێشەی نێوان سیکولاریزم و ئیسلامیزمە، کێشەی نێوان شۆڤێنیزم و بزووتنەوەی کوردە» (تکایە تەماشای وتاری ناوبراو بکەن لە «پەیام»ی ژمارە ١٥)

چی ماوە تا ئێمە بیڵێین؟! پێیان وایە لای حیزبەکانی تورکیا «بە چەپ و ڕاستەوە» کورد هیچ جێگایەکی نییە؛ دەزانن کێشەی تورکیا کێشەی نێوان پانتورکیزم و ڕاسیزمی دەوڵەتی و گەلی کوردە، بەلام لە بەر خاتری «سیستم» و خۆ گونجان لەگەڵ «قەفەزی پۆلاڕێژکراو»دا پێشنیاری چەکدانان و ئاشبەتاڵی پێشمەرگە بلاو دەکەنەوەو، عەبدلا ئۆج ئالان بە کەمپشوو و شپرزە لە قەڵەم ئەدەن و بە ویقارێکی فەیلەسوفانەوە ئامۆژگاری خەڵک دەکەن تا لە سەرەڕۆیی بە دووربن و زۆرتر خەریکی «کشاندن»ی دیواری زیندان بن نەک هەوڵدەن بۆ «شکاندن»ی شیشە ئاسنینەکان.

بە بڕوای من ئەو بیرکردنەوانەی سەرەوە لە بێخ و بنەوە پوچ و بێبناغەن، چ لە باری

شیکردنەوەوە و چ لە مەیدانی پراتیک و نموونەی واقعی و بەردەستدا، لەبەر کۆمەڵێک هۆو پاساوی قەناعەت هێنەر:

**یەکەم** : نوسەران وەک خەڵکی تری ئەو دنیایە ئاگایان لێیە کە فەلەستینیەکان لە ساڵی ١٩٤٨ ەوە خەریکی خەبات و قوربانی دانن، هەزاران کوشتە وبریندارییان داوەو زیانێکی کەمویێنەیان لێکەوتوە، وە حەتمەن دەشزانن کە هەڵوێستی ئەمریکاو ئەندامەکانی تری «سیستم» لە بەرامبەر ئەواندا چۆن بووە و جگە لەتۆمەتی «تیرۆریست»، تاکو ئەم ساڵانەی دوایی هیچ نازناوێکی تریان پێ ڕەوا نەبینیون، بەڵام خەباتی گەلی فەلەستین و ئاوارەکانی لە کڵپە نەکەوت و درێژەی کێشا، «سیستم» دیسانەوە گوێی لێ خەفاند و وەلیکردن. سەرەڕای ئەوەش ساڵەها درێژەیان بە خەبات دا و کۆڵیان نەدا.... سەرەنجام خواکردی و سەرانی بزووتنەوەی فەلەستینی بە گوێی بەرنامەدارێژەکانی کوردیان کرد و خۆیان وەپاڵ «سیستم» داو «خەباتی چەکدار»یان وەلانا، وە دەروازەیەکیان لە ئۆسلۆ و واپیلانتەیشن و قاهیرە لێکرایەوە کە مەگەر هەر ئیسرائیلیەکان خۆیان دوای ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەی ئاشتی لە سایەی ئەمریکادا وەسفی بکەن: **«تەماشاکردنی سەدان لاپەڕەی پەیمانەکە، بواری گومان ناهێڵێتەوە کە... سەرکەوتنی ئیسرائیل موتڵەق و ژێرکەوتنی فەلەستینیەکانیش بێتام بووە»** [٦]، دیارە پێویست ناکات لێرەدا ڕاپۆرت لە سەر ژیانی فەلەستینیەکان بنووسینەوە، نووسەران خۆیان دەتوانن زەحمەت بکێشن و لە تەلەفزیۆنەوە ڕۆژانە تیلە چاوێکیان بدەنێ.

**دووەم** : حیزبە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران (کۆمەڵەو حیزبی دیموکرات) بیست ساڵە خەریکی ئەوەن «دەروازەیەک» بۆ کورد بکەنەوە و مافەکانی بۆ وەربگرن، وە نزیکەی پێنج ساڵ زیاترە بە کردەوە «ئاشبەتاڵی چەکدار» یان کردووە و لەو ماوە دورودرێژەدا تفەنگەکانیان لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا ــ بە هۆی جۆراوجۆرەوە ــ پێویستی بە خاوێنکردنەوە نەبووە، «سیستم» چ ئافەرینێکی بەو حزبانە بەخشی؟ ئایا «سیستم» هەشت ملیۆن کورد لە کوردستانی ئێران نابینێ؟ ئایا پێیان وایە ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە کوردستانی ئێراندا «تیرۆریست» ەو تەگەرە بۆ ڕیفۆرمەکانی محەممەدی خاتەمی و باڵی «ڕادیکال» درووست ئەکات؟ جگە لەوانەش، مەگەر هەر لە ژێر سێبەری «سیستم» دا نەبوو کە دکتۆر عەبدالڕەحمانی قاسملو و دکتۆر شەرەفکەندی تیرۆرکران و زیاتر لە دووسەد کەسی تر لە کادر و پێشمەرگەی حیزبە سیاسیەکان لە کوردستانی عیراقدا فەوتێنران؟ ئایا سیستم نەیدەتوانی و ناتوانێ لەمپەرێک بۆ ئەو تیرۆرە دەوڵەتیە، لانی کەم لە وڵاتە ئەوروپیەکاندا دابنێ و دەروازەیەک بۆ ئازادی خەڵکی کوردستان بکاتەوە؟

بەڕواڵەت ئەوانە کۆمەڵە پرسیارێکن وادەزانرا هەر لە پێشەوە وەڵامەکانیان ئاشکرایە و بەتایبەت نووسەران لە خەڵک باشتر لێیان حاڵین، بەڵام وەک لە ژمارە پانزەی پەیام دا دەردەکەوێ، پێویستە سەرلەنوێ ئەو ڕاستیە بۆ ئەوان و زۆری تریش بوترێتەوە کە: وڵاتانی سەرمایەداری ئەوروپای خۆرئاوا بەگشتی، وە حکومەتی وڵاتە یەککگرتوەکانی ئەمریکا وەک کوێخای سەرمایەداری جیهان بەتایبەتی، چ پێش ڕاگەیاندنی پرۆژەی «سیستمی نوێ ی جیهان» لە لایەن ئەمریکاوە وە چ دوای ئەوە، بەرژەوەندییە ئابوری و سیاسی و ستراتیژیەکانیان لە مانەوەی ئەو سنوورە سیاسی و ئیقلیمیانەدا ئەبیننەوە کە هەر ئێستا لە بەینی ئەو وڵاتانەدا کێشراون کە گەلی کوردیان بەسەرا دابەشکراوە، هیچ جۆرە سازشێک، هیچ جۆرەبەڵێن و پەیمانێکی «نهێنی» حزبێکی کوردی و تەنانەت هەر جۆرە پەیوەستبونێکی ئاشکراش بە «سیستمی نوێی جیهان»ەوە ــ لە بابەتی وتارەکەی مام جەلال لە پەرلەمانی بریتانیا لە ١٩٩٢دا ــ ناتوانێ شوختێک لە «دیواری چین»ی ستراتیژی سەرمایەداری دەسەڵاتداری ئەوڕۆی دنیا بکات: ئەوان بە کردەوە ئەمڕۆ بەرژەوەندەکانیان لەگەڵ (وە لە مانەوەی) ئێران و تورکیا و عیراقدا پارێزراوە و ئامادە نابن و ئامادە نین لە دۆخێکی وەک ئێستادا و لە حاڵەتی ئێستای شۆڕشی کوردستاندا حازرێک بدەن بە قەرز، تەنانەت ئامادە نین کەمترین هاوکاری گەورەترین حزبی کوردستان بکەن ئەگەر بزانن بە مسقاڵ نیەت وئیدیعای «تجزئە»ی هەیە. **بەرنامەی «سیستم» لە هەلومەرجی ئێستادا** بەرامبەر بە گەلی ئێمە ئاوایە و ئەگەر کەسێک بە بەڵگەوە دەتوانێ دژ بەو ڕاستیەی سەرەوە قسە بکات، مەیدان مشک نەیخواردوە. تاکە فاکتەرێک کەئیمکانی ئەوە هەیە بتوانێ سەرجەم هاوکێشە سیاسی و ستراتیژیەکان لە ئەوروپا و ئەمریکادا بە قازانجی گەلی ئێمە بگۆڕێ، جگە لە هاتنە مەیدانی هەمەلایەنەی خودی خەڵکی کوردستان لە بوارە جیاجیاکانی خەبات دا( فیکری، سیاسی، عەسکەری، دیپلۆماسی میدیا و هتد..) ناتوانێ شتێکی تر بێ، گۆڕان و نەرمی لە سیاسەتی وڵاتە گەورەکاندا، یاخود دڵڕەقی و پێداگرتن لەسەر ئەو سیاسەتانەی کورد بە کۆیلەیی دەهێڵێتەوە تەنها لەو شوێنەوە سەرچاوە دەگرێ داخۆ ئەم میللەتە تا چ ئەندازەیەک ئامادەیە قوربانی بۆ مەسەلەکەی بدات، وە لە هەمان کاتدا تا چ ئەندازەیەک هێزی ئەوەی هەیە بەرژەوەندە چەسپاوەکانیان بخاتە مەترسیەوە ... ئەوروپا و دنیای سەرمایەداری ئەزموونێکی زۆریان سەبارەت بە خەباتی گەلان دژ بە خۆیان وە خەباتی چینە زەحمەتکێشەکان لە پێناوی ئازادیدا لا کۆبۆتەوە، ئەوان ئازادی بە کەسێک ڕەوا نابینن کە ئامادە نەبێ لە پێناوی ئەو ئازادیەدا قوربانی بدات، گوێ لە کەسێک ڕاناگرن کە هەموو حیکمەتی سیاسەتمەداریەکەی ئەوەبێت کە «کورد»ە و گوایە گەلەکەی دابەشی چوار وڵات کراوە، ئەوروپا و ئەمریکای بورژوا ئەگەر

ئاگایان لە چۆنیەتی دابەشکران و بندەستی گەلی ئێمەش نەبوبێ بەچاکی ئاگایان لە مێژووی خۆیان هەیە و دەزانن ئەو ئازادیەی کە بەدەست هاتوەو ئێستا ئەوان لە بەرهەمەکەی دەخۆن، بە هەوانتە پەیدا نەبووە و بە سوواڵ و سەدەقەی «ڕۆشنبیران» لە زەویەوە هەڵنەتۆقیوە، هەر لە بەرنامەکانی خوێندنی سەرەتاییەوە تا پلەی زانکۆ، دەخوێنن و پێیان دەخوێندرێ کە خوێنێکی زۆر بۆ ئەو ئازادیە ڕژێنراوە و کەسانێکی زۆر قارەمان و بلیمەت ملیان چۆتە ژێر تەور و گوریسی خنکاندنەوە و بە هەزارانیش لە شەڕی دەستەویەخەدا گیانیان لە دەستداوە.

**«عەقلانی» و «ناعەقلانی»: سەرنجێکی تازە لە مەسەلەیەکی کۆن.**

خۆشبەختانە قسەکردن لە مەسەلەی عەقلانی و ناعەقلانی بە ئەندازەی بابەتی «ئاشبەتاڵی چەکدار» پێویستی بە درێژەدان و پێچەقاندن نییە: مەسەلەکە ڕوون و ئاشکرایە تا ئەو ڕادەیەی بڵێین «أظهر من ألشمس». بە بڕوای من ئەم کێشەیە ئێجگار کۆنە و ئەو «کۆن»یەش بوارێکی باش دەڕەخسێنێ تا وردتر لە مەسەلەکە نزیک ببینەوە. ئەگەر لە چۆنیەتی هەڵسەنگاندنی «شەڕی چەکدار»دا «سیستم»ی سەرمایە پێوەرێکی چەسپاوی نییە و زیاتر بکوژەکان و هەڵوێستی ئەوان لە سیستم مەبەستە، (بۆ نموونە ئەمریکا و خۆرئاوا ڕەشەکوژی تالیبان و ئیسلامیەکانی ئەفغانستانی یان بە تیرۆر دانەدەنا چونکە پەساپۆرتەکەی ئەوان مۆری «بەرژەوەندی هاوبەش»ی لەگەڵ «سیستم»دا لێدرابوو!) ئەوا لەم مەسەلە بە ڕواڵەت «فیکری» یەشدا، دەسەڵات و ئایدیۆلۆژیا و نەریت و ئەخلاقیاتی چینە دەسڕۆیشتوەکان بەتەواوی دیارە و خودی ئەو دوو مەقوەلەیە ـــ تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بە بەرژەوەندە سیاسیەکانەوە هەبێت ـــ لە بنچینەوە تەعبیر لەو ڕاستیە ئەکەن.

تەماشاکردنی ڕابردوو و ئێستای ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤ ئەو ڕاستیەمان چاکتر پیشان دەدات : لە خێزانێکی عەشایریدا هاوسەرگرتنی کوڕ یان کچ دەبێ بە ڕەزامەندی باوک و دایک بێ و پێچەوانەی ئەوەش کارێکی «ناعاقڵانە» یە؛ لە وڵاتێکدا کە ڕژێمەکەی شەرعی ئیسلام بە بناغەی قانون حساب بکات داواکردنی ئازادی خۆشەویستی کارێکی «ناعاقڵانە»یە؛ لە هەرێمێکدا کە ئازادی ئینسان و گوزەرانی ڕۆژانەی بەسترابێتەوە بەئەندازەی ڕێزگرتنی ئەو کەسە لە بنەماڵەی «سەرۆک»، ئاشکرایە ڕەخنەگرتن لەچوارچێوەی دیاریکراو بەدەر، جگە لە «ناعاقڵانە» بوون ئێجگار مەترسیداریشە؛ لە سایەی حکومەتی ڕۆمای سەردەمی کۆیلەییدا ڕەفتاری سپارتاکۆس لە دژی خاوەن کۆیلەکان و سیستمی کۆیلایەتی بەتەواوی «ناعاقڵانە»یە؛ لەسێبەری سیستمی سەرمایەداریدا هەر جۆرە سەرپێچیەکی کرێکار لە فەرمانەکانی

خاوەنكار بۆ زیادكردنی كرێ بێگومان «ناعاقڵانە» و گێرەشێوێنانەیە... بە كورتی بیبڕینەوە: مەسەلەی ئەوەی كە فلاَن كردار عاقڵانەیەو ئەو كردەوەیەی تر عاقڵانە نییە، كێشەیەكی نیسبی یە و بەتەواوی گرێدراوە بە بەرژەوەندی ئینسانەكان وچۆنیەتی تێڕوانینی ــ هەڵە یان ڕاست ــ یان بۆ ئەو بەرژەوەندیانە، ئەگەر ئەمڕۆ بە بۆچونی نووسەرانمان «ئێمە لە دنیایەكی پۆلاڕێژكراو» دا ئەژین و «شەڕ» ناعاقڵانەیە، من دڵخۆشیان ئەدەمەوە بەوەی كە ئەو دنیا پۆلاڕێژكراوە تەنها لە سنووری «سیاسەت» دایە و نا توانێ بپەڕێتەوە بۆ دنیای «منطق »، چونكە ئێستا دوای گیرانی ئاپۆ و تێكەیشتنی گەلی كورد بە گشتی لەوەی كە دنیای ئەمریكی هیچ ڕێزێك بۆ ئازارەكانی سی ملیۆن بەشەر دانانێ، ئەگەر لە كەمئەزموونترین گەنجی كوردیش پرسیاری عەدالەتی ئەم دنیایە بكەیت، دەتوانێ بەدرێژی سەبارەت بە دوفاقەیی، نائەخلاقی، و « ناعەقلاَنی» بوونی سیاسەتی ئەمریكا و خۆرئاوا وتارت بۆ بخوێنێتەوە... بەرژەوەندی «ئێمە» وەك میللەت (تەنانەت وەك ئینسان) لەگەڵ بەرژەوەندی «ئەوان» دا وەك زلهێز و جەندرمەی جیهان و خاوەن سەرمایەی لە ژمارنەهاتوو ناكۆكە و بە مسقاڵە زەڕەش، لە ئاستی لۆجیكی و یاسای زاڵ بە سەر ژیان و ویژدانی ئینساندا، پەیوەندی بە عەقلاَنی و ناعەقلاَنیەوە نییە. بەلاَم گەر لەوە بترازێ و «یاسای دارستان» پیادە بكرێ و نووسەرە بە هەڵوێست و خاوەن كەسایەتیەكانی كوردیش بەو جۆرە پاساوی ناعەدالەتی سەرمایە بدەنەوە كە گوایە پێویستە لە بری دژایەتیكردن و ڕیسواكردنی سیستم «خۆی لەگەڵدا بگونجێنین»، ئەوا ئێمە هەر بەم شێوەیە دەبین كە هەین و ئەگەر خۆمان مشوری ژیان و چارەنووسی میللەتێك بەو پێوەرە بسپێرین كە بە «حی علی الصلات» لە بەرژەوەندیماندا نییە و تەنانەت لە دژیشمانە، بە هەق دەبێ فاتیحا بۆ ئایندە بخوێنین!

(١) كتێبی «مێژوو چیە؟» نووسینی: ئەدوارد هالت كارر، وەرگێڕانی بۆ فارسی: حسن كامشاد، ل ١٣٠ تهران ٢٥٣٦، خوارزمی.

(٢) « ناپلیۆن » نووسینی: ی. و .تارلە، وەرگێڕانی بۆ فارسی: محمد قاضی، ل ٤٦٤و لاپەڕەكانی دوایی. تهران ١٣٦٤ خوارزمی.

(٣) بۆ ژیانی گاندی دوو كتێب لە بەردەستدابوون :«گاندی و پەیڕەوانی ڕێبازەكەی» نووسینی ود مهتا وەرگێڕانی بۆ فارسی محمود عنایت. ل ١٨٠. تهران ١٣٦٣ انتشارات هفتە. ئەویتر: رومن رولان. مهاتما گاندی ل ٣٥ و لە ڕاستیدا هەموو كتێبەكەی ڕولان لەسەر ژیانی گاندی بایەخدارە. چاپی تاران (شەشەم )١٣٦٦، روزبهان.

(٤) تارلە «ناپلئون» ل ٤٦٠

(٥) نووسەرانی «مێژووی شارستانیەت» (سەردەمی ناپلیۆن، بەرگی یانزە، ل دەسپێك) بە كەڵكوەرگرتن لە ئەنسكلۆپیدیای بریتانی دەڵێن: تاكو سالاَنی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم ئەو نووسراوانەی سەبارەت بە ناپلیۆن نووسراون گەیشتۆتە سەدهەزار بەرگ .

بڕوانه «تاریخ تمدن» (عـصـر ناپلئـون) ویل و اریل دورانت، جلد یازدهم، تهـران ۱۳٦۷. چاپ پنجم. هەروەها بۆ ئاشنابوون سەبارەت بە ڕۆڵی پێشکەوتنخوازانە و مێژوویی ناپلیۆن لە ئەوروپادا، کتێبی «تارلە» بە تایبەت لاپەڕەکانی کۆتایی ٤٩٠ و دواتر .. هەروەها وتەکانی مارکس لە سەرەتای کتێبی بە ناوبانگی «هەژدەی برمێر لویس بۆناپارت» دا (سەرەتای فەسڵی یەکەم)

(٦) ئەوە قسەی میرون بنفنیستی یە لە ڕۆژنامەی «هأرتس»ی ئیسرائیلیدا. بۆ ئاگاداری وردو هەمەلایەنە دەربارەی ڕێکەوتنی ئیسرائیل و فەلەستینیەکان ومەسەلەی «تیرۆریزم» و خەباتی عادلانە و سەرجەم ئەو گرفتانەی دوچاری کێشەی ئێمەشن، دوو کتێبەکەی ئەدوارد سەعید باشترین و ڕەسەنترین سەرچاوەن، ئەو وتەیەی لە وتارەکەشدا نەقڵمان کردوە لەوێ وەرگیراوە، بڕوانە: ادوارد سعید: اوسلو ۲»: سلام بلا ارض، ل ۲۸ و ۲۹ ـ دارالمستقبل العربی بیروت ۱۹۹٥، هەروەها کتێبەکەی تری: ادوارد سعید: «غزه ـ اریحا» سلام امریکی. تقدیم محمد حسنین هیکل. بیروت ۱۹۹٥.

# ڕفاندنی ئۆجئالان:
# هۆکار و ئەنجام

«الزمان» ژ٤١٥
١٩٩٩/٨/٣١، لەندەن

**پرسیار: هۆکاری گرتنی ئۆجئالان ڕێک لەم کاتەدا لە چیدا ئەبینی؟ بۆچی تورکیا پێشتر هەڵنەستا بە ئەنجامدانی هەوڵی لەو جۆرە؟**

**وەڵام:** ناتوانرێ وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە پێش ئەوەی تەماشای مێژووی ناوچەکە بکرێ... یەکێک لە هۆکارەکانی تۆخبونی ناسیۆنالیزم لای چینی دەسەڵاتداری تورک ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئازادبونی ئەو میللەتانەیە کە لە ژێر چەپۆکی ئەواندا بوون وەک وڵاتانی عەرەب و ناوچەی بالکان.

تورک لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا وەک عەرەب و بیزەنتی و یۆنانەکان خاوەنی مێژوویەکی دێرین نین، ئەوان لە سەدەی یانزەوە هاتونە ناوچەکەو بە هۆی قبوڵکردنی ئاینی ئیسلام و بەرگریکردن لێی، وە هەروەها بە هۆی بەکارهێنانی توندوتیژیەوە دەسەڵاتی خۆیان سەپاندوە. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە بە پێچەوانەی ئێستاوە لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا کورد ئازادیەکی بەرچاوتریان هەبوو، ئەو سەردەمە کورد خاوەنی «ئەمارەت» بوون کە لە باری سیاسی و ئابوریەوە سەربەخۆبوون لە پایتەخت، هەروەها کورد بۆی هەبو بە زمانی خۆی بدوێ... بەڵام سەرجەم ئەم مافانە دوای دامەزرانی دەوڵەتی نوێ ژێرپێ نران.

کورد زۆر بە جیدی پشتی ئەتاتورکی دامەزرێنەری تورکیای نوێیان گرت لە سەر ئەو بەڵێنانەی پێیدابون سەبارەت بە مافە نەتەوەییکان و بەشدارکردنیان لە دەسەڵات، بەڵام ئەو بە زوویی لێیان هەڵگەڕایەوەو پشتی کردە ئەو بەڵێنانەی دابویە پارت و گروپەکانیان... لە ڕاستیدا پەیدابوون و گەشەسەندنی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد لە تورکیادا کاردانەوەیەکی سروشتیە بۆ ئەوە زوڵمەی تورکیا بەڕێوەی دەبات دژ بە کورد ومافە نەتەوەییکانیان، لە بەر ئەوە تورکیا پارتی کرێکارانی کوردستانی بە تیرۆریست

ناو ئەبرد تەنانەت کاتێک ئەم پارتە لە هەفتاکاندا هێشتا دەستی نەدابوە خەباتی چەکداری و سەرقاڵی خەباتی جەماوەری بوون.
مێژووی نوێش زۆر شتمان پێ دەڵێ دەربارەی زەوتکرانی مافەکانی کورد لە تورکیا. بۆ نمونە لەیلا زانا ی ئەندام پەرلەمانی تورکیا تەنیا لە بەرئەوەی ویستی لە پەرلەماندا بە زمانی نەتەوەیی خۆی بدوێت گیراو بڕیاری زیندانکرانی دەرچوو، هەروەها ئێستاش نوسەری تورک « ئیسماعیل بێشکچی» لە زیندانێکی تورکیادا هێڵراوەتەوە چونکە کتێبێکی لە سەر کورد نوسیوەو بە میللەتێکی « داگیرکراو» لە قەڵەمی داون. بەڵگەی تەواو لە سەر ئەوە هەن کە تورکیا هەبوونی کورد ڕەتدەکاتەوە و نایەوێ لە پەرلەماندا وەک «کورد» نوێنەرایەتی بکرێن، بە واتایەکی تر ڕێگا لە ئازادیان دەگرێت کە مافێکی ئینسانیە. هەر لە سەر ئەم بنچینەیە سروشتیە کە تۆمەت بخاتە پاڵ ئۆجئالان و پارتی کرێکاران و سرجەم کوردەکانی تورکیا.
زۆر جار ڕۆژنامەنوسان و شارەزایان لە کاروباری کوردیدا تێبینی ئەوە ناکەن کە پارتی کرێکارانی کوردستان تەنیا بزوتنەوەیەکی چەکداری نیەو بەس، بەڵکو لە ڕاستیدا بزوتنەوەیەکی سیاسیە بە گشت ڕەهەندە سیاسی و یاسایی و مێژوییەکانیەوە، وە ئەو خەباتی چەکداریەی یکک ئەنجامی دەدات بەشێکە لە خەباتێکی فراوان کە ئەم پارتە ئەنجامی دەدات، وە تاوانبارکردنیشی بە «تیرۆریست» سادەکردنەوەی مەسەلەکەیە و چارەسەری کێشەکە ناکات، بە تایبەتی چونکە تورکیا بە هۆی نەبونی دیموکراتیەکی ڕەسەنەوە، هەر جوڵانەوەیەکی تایبەت بە کورد ئەگەر تەنانەت لە چوارچێوەی پەرلەمانی تورکیاشدا بێت و کوردێک لە هەڵبژاردندا سەربکەوێت بە بزوتنەوەیەکی«تیرۆریست» دادەنێ، دەسەڵاتدارانی تورکیا جگە لە خۆیان ئازادی بە کەس ڕەوانابینن و مافی کوردیش لەو بارەوە پێشێل دەکەن.
هەروەها تێبینی دەکرێت گیرانی ئۆجئالان لە ئەنجامی ڕێکەوتنی تورکیاو سوریادا هاتەدی کە بە هۆی گوشاری تورکیاوە سوریا ناچار بوو ئوجئالان لە سوریاو لوبنان دەربکات، ئەوەیش دوای سەردانی وەزیری دەرەوەی میسر عەمر موسی بۆ دیمەشق کە لەوێ توانی سوریەکان ئیقناع بکات بە دەرکردنی ئوجئالان.

**پرسیار: بەڵام ئەو هۆیانە چین کە وای لە سوریا کردبو ڕێگە بدات بە عەبدلله ئوجئالان و پارتەکەی کە لە نێوان دیمەشق و بیقاع دا هاموشۆ بکات و لە بیقاعیش نیشتەجێ ببێ ؟**

وەڵام: هۆیەکەی لەو ناکۆکیانەوە دێت کە لە نێوان تورکیاو سوریادا هەن لە سەر زۆر

شت. بە داخەوە  لە هەمان ئەو ساتەدا کە سوریا ئیدیعای یارمەتیدانی کورد دەکات لە تورکیا بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی، مافی کورد لە سوریا دەخاتەپشتگوێ و ژێرپێی دەنێ.

**پرسیار: ئەو بەخشیشەی سوریا لە بەرامبەر دەرکردن و تەسلیمکردنەوەی ئوجئالان بە تورکیا وەریگرت چی بو؟**

وەڵام: سوریەکان دەڵێن ئاشتیان لەگەڵ تورکیا پێ باشەو نایانەوێ لە سەر ئوجئالان لەگەڵ تورکیا توشی شەڕ ببن.... بەڵام ڕاستی مەسەلەکان شتێکی ترە چونکە پلانێکی فراوانتر هەیە بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست... هەروەها بەشداربونی دیمەشق لە گفتوگۆکانی ئاشتیدا لەگەڵ ئیسرائیل.

**پرسیار: چۆن ناوەرۆکی ئەو توخمە تازانە هەڵدەسەنگێنی کە لە بەرگریەکەی ئۆجئالاندا بەرامبەر دادگا خرانە ڕوو ؟ بە تایبەت چونکە ئەوە یەکەم جار بو شتی واهی لە سیاسەتی پارتی کرێکاراندا بوترێن؟**

وەڵام : ئەوەی ئوجئالان لە بەردەم دادگادا وتی جاری پێنجەمە سەبارەت بە قبوڵکردنی چارەی ئاشتیانە بۆ مەسەلەی نەتەوەیی لە تورکیا دەیڵێت... هەر لە ساڵی١٩٩٢ ەوە، واتە لەو کاتەوە کە تورگوت ئوزال سەرەک وەزیران بوو تا پێش گیرانی، ئۆج ئالان چوار جار هەوڵیداوە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی تورکیا بکات کە هەمویان شکستیان خواردو ئاکامیان نەدا بە دەستەوە، ئەوەیش چونکە حکومەتی تورکیا دان نانێت بەوەی بیست ملیۆن کورد کەڵک لە مافەکانیان وەربگرن. بە واتایەکی تر، دەسپێشکەری ئۆجئالان لە ئیمراڵی بۆ چەکدانانی پارتی کرێکاران و دەستدانە خەباتی سیاسی پێداگرتن بو لە سەر چارەسەری ئاشتیانە، بە تایبەت لە هەلومەرجێکدا کە ئیمکانی ئەو خەباتە لە ژێر سێبەری پەرلەمانی کوردستان لە بروکسل و کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان کە لەم دواییانەدا لە ئەوروپا دامەزراوە باشتر هاتۆتە ئاراوە.

**پرسیار: ئایا پێت وایە ئۆجئالان وەک تاکتیک پاشەکشەی کردوە؟**

**وەڵام:** بەهیچ کلۆجێک مەبەستم لەوە نیە. پاشەکشەی ئۆجئالان نە تاکتیکیەو نە عەسکەری، بەڵکو پاشەکشەیەکە لە سەر بناغەی بڕوابوون بەپێویستی چارەسەرێکی

ئاشتیانە بۆ مەسەلەی نەتەوەیی کورد لە تورکیادا هاتۆتە ئاراوە.

**پرسیار: ئایا پێت وانیە خستنەڕووی پرۆژەی ئاشتیانە لەلایەن سەرکردەیەکی «شۆڕشگێڕ» ەوە لەو ساتەدا کە لەژێر چەپۆکی دەسەڵاتدایە، پرۆژەکان بایەخیان لەدەست دەدەن و لە هەمان کاتدا وەک سەرکردەش بێبەشی دەکەن لە «شانازی» شەهیدبون وەک پاڵەوانێکی تراژیدی؟**

**وەڵام:** پێموایە ئەم ئەنجامگرتنە پێشوەخت بێ، وە نایشارمەوە کە ئەوە مەسەلەیەکی وروژاوە بۆ لێدوان لەنێو کورددا لە ناوخۆ وهەندەران، وە لەم گفتوگۆیانەدا بیروڕای جیاواز دەخرێنە ڕوو سەبارەت بە پێکهاتەی پارتی کرێکارانی کوردستان و چۆنیەتی هەڵبژاردنی سەرۆک.
زۆربەی شارەزایانی کێشەی کورد لەسەر ئەوە یەکدەنگن کە لەناو پارتی کرێکاران دا دیموکراسیەت نیە و سەرۆک دەپەرسترێ و بەپیرۆز دەزانرێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێبینی دەکەین کە سەرۆکی تر هەبوون و هەمان سیفاتیان تیا هەبوە کە لە ئۆجالان دا هەیە و بوشن بە ڕەمز بۆ میللەتەکانیان، وەک گاندی و جمال عبدالناصر. پرسیارەکە ئەوەیە: ئێمە بە چ پێوانەیەک دەپێوین و لەکام گۆشەنیگایەوە سەرنجی مەسەلەکە دەدەین.
من لەسەر ئەو بڕوایەم کۆکردنەوەی هەموو دەسەڵاتەکان لە دەستی عبدالله ئۆج ئالان دا یەکێکە لە هەڵەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، بەڵام سەندنەوەی هەموو دەسەڵاتەکانیش لە ساتێکدا ئەو لە زیندانە و لە مشتی دوژمن دایە، هەڵەیەکی ترە کە هیوادارم ڕوو نەدات، بەتایبەت چونکە هەر ساتێک تورکیا بیەوێت ئیعدامی دەکات.

**پرسیار: ئایا پێت وانیە ئەو شێوازەی ئۆجئالان بۆ داکۆکیکردن لەخۆی گرتیە بەر شوێن و پلەی ئەو لەناو حیزبی کرێکارانی کوردستان و گەلی کورد دێنێتە خوار؟**

**وەڵام:** لەو بڕوایەدام شێوازی داکۆکی لەخۆ کردنی ئۆجالان هەرگیز پێوانە ناکرێ لەگەڵ پیلانی ڕفاندنەکەی. چونکە ئەو ڕفاندنە ئیهانە بو بۆ گەلی کورد و لەژێرپێنانی مافی مرۆڤ بوو. بەشێوەیەکی گشتی قسەکانی ئۆجالان و دەستپێشکەریەکەی لە دادگادا جێگای مشت و مڕن.

**پرسیار: جۆر و سرووشتی ئەم مشت و مڕانە چۆنە؟**

**وەڵام:** ڕایەک هەیە دەڵێ ئۆجالان لەکاتی دادگاییکران دا هەندێ پرۆژەی نەرمی بۆ دیالۆگ خستنە ڕوو کە هەوڵی ئەدا لەڕێی ئەوانەوە سەرنج و سۆزی کەسایەتیەکان و سەفیرەکان و ڕۆژنامەکان و ڕای گشتی و خەڵکی سادە ڕابکێشێ، وە بە بڕوای ئەمانە ئۆجالان لەو مەسەلەیە سەرکەوتو بوە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش ڕۆژنامەکان تاوانباریان کرد بە «تەسلیم بوون» و سەرنجیان نەدایە لایەنەکانی تری قسەکانی کە تیایدا تورکیای بە لێپرسراوی شەڕ دانا دژ بە کورد، وە داوای کرد مافە نەتەوەییەکانیان بدرێتێ لە چوارچێوەی سیستمێکی دیموکراتی ڕاستەقینەدا.

**پرسیار: ئایا شێوازی داکۆکی لەخۆکردنی ئۆجالان بۆتە هۆی دانانی کاریگەری لەسەر پارتی کرێکارانی کوردستان وەک بنچینەیەکی ڕێکخراوەیی، یاخود بۆتە هۆی داڕوخان لەناو حیزب دا لە ڕووی عەسکەری و سیاسیەوە؟**

**وەڵام:** بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ ئەو سیناریۆیەی ئۆجالانی پێ دەستگیر کرا.
سەرەتا لە سوریا دەرکرا و ناچار کرا بچێت بۆ ڕوسیا و ئینجا ئیتالیاو پاشان وڵاتی تر و لە کۆتاییا گواستیەوە بۆ کینیا، ئەمەش لەبەر چاوی هەموو جیهان وە بەشێوەیەکی ئستفزازی.
حکومەتەکانی دنیای «شارستانی» هاوکاری ئەویان ڕەت کردەوە سەرەڕای ئەوەی کە بە قسە داکۆکی لە مافی مرۆڤ دەکەن. ئەوەش بوە هۆی ئەوەی سەرجەم کورد سۆزیان بۆ ئۆجالان و حیزبەکەی بجوڵێ کە خۆی لە ناڕەزایەتی دەربڕینی دەیان هەزار کەسدا بینیەوە لە سەرانسەری دنیادا دژ بە ڕفاندنەکەی. ئەمە لە کورتماوەدا. بەڵام لە دیدگایەکی درێژماوە و ناوەندیدا، بەتایبەت گەر پارتی کرێکاران قۆناغی گواستنەوە لە خەباتی چەکداریەوە بۆ خەباتی سیاسی تێپەڕێنێ، ئەودەم دامەزراوە سیاسیەکانی لە هەندەران بایەخی گەورەتر بە خۆوە دەگرن، وەک پەرلەمانی کورد کە لە برۆکسل ی پایتەختی بەلجیکا و «کۆنگرەی نەتەوەیی کورد» کە سێ مانگ پێش ئێستا دامەزراوە و جگە لە پارتی کرێکاران، یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان یش تیایدا بەشدار بوون و عەبدوڵا ئۆجالانیان وەک سەرۆکی فەخری بۆ کۆنگرە هەڵبژاردوە.
هەرچی چۆنێک بێت ناتەبایی هەن، بەتایبەتی لە دەرەوەی کوردستان، وە لەناو پارتی کرێکارانی کوردستان دا پێش گیرانی ئۆجالان و دوای ئەوەش.

**پرسیار: دەستپێشکەری ئاشتی ئۆجالان لە زیندانی ئیمرالّی یەوە چ ڕەنگدانەوەیەکی هەبو لەسەر هێزە عەسکەریەکانی حیزب لە کوردستان دا؟**

وەڵام: ئیمکان هەیە ئەو هێزانە بمێننەوە لە ناوچە سنوریەکانی تورکیا و عیراق وە یان تورکیا و ئێران کاتێک لە تورکیا پاشەکشی دەکەن و واز لە ململانێ ی چەکدار دەهێنن. وە دەکرێ تەسەوری ئەو فشارانەش بکرێت کە دەچێتە سەر هێزەکانی پارتی کرێکاران لە حالّەتێکی وەهادا، بۆ نمونە فشاری پارتی دیموکراتی کوردستان لە عیراق بەهۆی ناکۆکی نێوان ئەم دوو حیزبەوە. وە هەروەها مەزندەی پەیدابوونی فشاری ئێرانیەکان دژ بەم هێزانە دوا بەدوای ڕاگەیاندنی چەند لێپرسراوێکی ئێرانی کە وتویانە ناهێلّن پ ک ک بچنە خاکی ئێرانەوە. بەلاّم من لەو بڕوایەدا نیم ئەو تەنگ و چەلّەمانە ببنە هۆی داڕوخانی سیاسی لە ناو پارتی کرێکاراندا سەرەڕای پەیدابوونی هەندێ سەرەداوی سەلبی دوای دەسپێشکەریەکە لەسەر ئاستی سیاسی و فیکری لەناو خۆی حیزب دا.

کوردستان دەتوانێ جێگای ئەو ئەندامانەی پارتی کرێکاران ببێتەوە چونکە کورد بە یەک زمان قسە دەکەن و فەرهەنگێکی هاوبەشیان هەیە ولە پێناوی ئامانجێکی هاوبەش دا تێدەکۆشن.

**پرسیار: ئایا گوشاری حکومەتەکانی سوریا و تورکیا و ئێران بۆ سەر پارتی کرێکاران وا دەکات ئەم حیزبە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی عیراقی دا بکات؟**

**وەڵام:** ئەوە وەک شتێکی مەحالّ دەبینم لەبەر زۆر هۆکار.

سەرەتا ئەوەیە کە پارتی کرێکاران ناچار نیە بڕیارێکی وا بدات چونکە پانتایی یەکی جوگرافی زۆر هەیە کە دەتوانێ تیایدا وەمێنێ چ لە کوردستانی تورکیا یاخود لە کوردستانی عیراقدا، هەروەها ئەم حیزبە حیزبێکی ئۆپۆزیسیۆنە لە مەودایەکی دوورو درێژدا و ئەزمونێکی باشی هەیە لەو بوارەدا و خۆی ئامادە کردوە بۆ هەموو گۆڕانکاریەکان.

**پرسیار: کاردانەوەی حکومەتی تورکیا بۆ دەستپێشکەریەکەی ئۆجالان چۆن تەسەور دەکەیت؟**

**وەڵام:** حالّی حازر حکومەتی تورکیا لە ناوخۆدا سەرقالّی ئستفزازکردنی پارتی

کرێکارانە پێش ئەوەی سەرقاڵی هەر مەسەلەیەکی تر بێ. ئەوەش لەبەر چەند هۆیەک کە گرنگترینیان قەناعەتپێکردنی دنیایە بەو شێوازەی کە ئۆجالانی لە کینیا پێ ڕفێندرا، یاخود ڕفاندنی سویسالی جێگری ئاپۆ کە هاونیشتمانیەکی ئەڵمانیە لە دەوڵەتێکی ئەورپای خۆرهەڵات دژ بە یاسا ناودەوڵەتیەکان.
ڕاستیەکەی ئەوەیە حکومەتی تورکیا مەبەستیەتی بەو ئستفزازانە پارتی کرێکاران ناچار بکات ڕەدی بداتەوە بەشێوەیەکی خوێناوی و ئینجا تاوانبارکردنی ئەوان بە «تیرۆریست» بچەسپێنێ.

**پرسیار: کێ دەبێتە سکرتێری پارتی دوای ئۆجەلان؟**

**وەڵام**: پێم وانیە پارتی کرێکارانی کوردستان تەسەورێکی هەبێ سەبارەت بەو «جێگرەوە» ی دەچێتە شوێنی ئەو. وە ئەندامانی ئەو حیزبە تا ئێستاش لەو بڕوایەدا نین حوکمی ئیعدام دژی سکرتێری ئەوان جێبەجێ دەبێ. بەڵام دیارە یەک لەم دوانە دەچنە شوێنی سکرتێر لە حاڵی جێبەجێبونی حوکمی ئیعدام دا: یان عوسمان ئۆجالان یاخود جەمیل بایک.

# کورد و ساڵی دوو هەزار

«پەیام» ژمارە٢٣و٢٤
١٩٩٩/١٢/١٥
«الزمان» ١٩٩٩

**یەک:**

لێکدانەوەی پەیوەندیی نێوان کورد و سەدەی تازە، یاخود کورد و سەدەی بیستویەک، کارێکی هاسان نیە. بەتایبەتی و سەرەڕای گشت هۆکارە لاوەکییەکانی تر، چونکە میللەتی کورد تێڕوانینێکی ڕۆشن و ڕوونی لەسەر سەدەی بیست یاخود سەدەکانی ڕابوردوو نەبووە و ئەم نەبوونی چاویلکە و تێڕوانینەش بۆ ڕابردوو وایکردوە میللەتی ئێمە بە نائامادەییەکی نیسبییەوە و بە جۆرێک لە حاڵەتی « وڕ» ییەوە ڕوبەڕوی سەدەی نوێ ببێتەوە. ڕەنگە زۆر بە چڕکراوەیی بتوانین لە چاوخشاندنێکی خێرادا بە بیست سەدەی ڕابوردوودا بڵێین: لە دەرەوەی کورد و چەند شەقاوێک لەولا ئەشکەوتە جادووییەکەی ئێمەوە، «ئەوانی تر»، وە بە زمانێکی ڕوونتر، ئینسانەکانی تر، نەک هەر توانیویانە سنوری نەتەوەیی و ئازادیی بێوینە و جۆرێک لە یەکسانی بنیات بنێن و سەقامگیر بکەن، بەڵکە توانیان دوو دەسکەوتی تری یەکجار مەزن، هاوشان لەگەڵ ئەوانەدا بخەنە گەڕ کە بریتی بوون لە: **میکرۆسکۆب و تەلیسکۆب!**

ناوهێنانی تەلیسکۆب و میکرۆسکۆب بۆ گەیاندنی ئەو ڕاستیەیە بە خۆمان کە دنیای بەدەر لە ئێمە شەقاوی زەبەلاحی هاویشتوون... ئەم کێشەیە لە هەمان ساتدا کە ڕاستییەکی بەرهەستە، هێما و مەجازە بۆ حاڵیبوون لەوەی کە ئەو دوو ئامێرە، تواناییان لە کەناڵی دەسەڵاتی زانستی ڕووت ترازاوە و بۆ نموونە ئەگەر سەرنج لە هەرکام لە زانستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی تریش بدەیت، دەبینی کۆپییان لێ گیراوە و ئامێری «دیقەتدان» و«گەورەکردن» و «نزیکخستنەوە» سازکراون و ڕێگای زانست و مرۆڤ لە پێشکەوتندا فرکەی بووە... ڕەنگە هێنانەوەی نموونەی سەرکەوتوو لەو بوارانەدا بیسەلمێنێت کە چ میکرۆسکوبە «تەجرید» ییەکەی مارکس لە کاری شیکردنەوەی ئابووریدا و، چ دۆزینەوەی یاسای «بەکێشکردن» لە فیزیکدا لە لایەن

نیوتنەوە، یاخود شیکردنەوەی دەروونی لە لایەن سیگمۆند فرۆیدەوە، بەردەوامبوونی ئەو ڕەوتە فرکانفرکانێیەی دۆزینەوە و پێشکەوتن و خۆشترکردنی ژیانی مرۆڤ بووە کە سەرتاسەری ئەو دووسەد ساڵەی دوایی مێژووی دنیای ــ بە تایبەت لە ئەورووپادا ــ پێی نەخشاوە و ڕەوتی بەکارهێنانی «هابڵ» ی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی سروشت، لە گشت بوارەکانی ژیانی ئینساندا بەرجەستەتر کردووە.

**دوو:**

بە وەرچەرخانی زەمان ڕووەو هەزارەیەکی نەدیتراو، ئەوەی زیاتر لە هەر فشارێکی تری سیاسی و کۆمەڵایەتی دەتوانێت لەم بۆنە نوێیەدا ئینسانی کورد عەزێت بدات، تێگەیشتنە لەو حەقیقەتە بەرهەستەی کە ئێمە لە ماوەی ئەو چەند هەزار ساڵەی ڕابردوودا تەنیا ئازایەتییەک کە نواندبێتمان ئەوە بووە کە «هەبین»، هەبین وەک هەبوویەکی فیزیکی و دەعبایەکی وا کە سەردەمانێک ئەرستۆ ناوی ناوە گیانداری «عاقڵ» . گومان لەوەدا نییە کە وشیاریی بەکۆمەڵی ئێمە هەندێک بەدیهەی بۆ ساغ بوونەوە: دەزانێت کە پێوانەی تەمەن و پێشکەوتن بۆ مرۆڤی تاک بە «ساڵ» حساب دەکرێت و، تەمەن و ڕسکانی «میللەت» لە تەرازووی «سەدە»دا دەپێورێت و، هەر بەو پێیەش تەکانی گشت کۆمەڵگای مرۆڤ لە پێوانەیەکی دوورودرێژتردا خۆی دەبینێتەوە کە بە «هەزارە» یاخود «چاخ » ناوی ڕۆیشتووە.

ئەگەر وەک مرۆڤی «تاک» لە خۆمان بڕوانین، تا ئەندازەیەکی باش لە «تاک» ەکانی تری مرۆڤ نزیک کەوتوینەوە و جیاوازیی نێوان دوکاندارێکی مامناوەنجی کورد لە شاری لەندەن لەگەڵ هاوسێ ئینگلیزەکەی هەر لەوەدا خۆی نیشان دەدات کە ئەوەی یەکەمیان سەرەڕای بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە کێڵگەی کەممەودا و چەندین ساڵەی شەخسیدا، شوێنێکی لەبار و گونجاوی بۆ هۆڵیدەی ساڵانەی دەست ناکەوێت، بەتایبەت کە ڕۆژانە هەواڵی کوشتن و ئیعدامی هاونیشتیمان و هاوزمانەکانی خۆی لە کوردستان بەرگوێ دەکەوێت. بەو جۆرە، لەکاتێکدا کە توخمی مرۆڤ لە ساڵی دووهەزاردا ماڵئاوایی لە ساڵێکی دیاریکراو (ساڵی١٩٩٩) و سەدەیەکی پڕ لە پێشکەوتن و کارەسات (سەدەی بیستەم) دەکات، خواحافیزە لە پارچەیەکی هەزارساڵە لە مێژووی خۆیشی دەکات کە ناوی نابوو هەزارەی دووەم: یەکدگیربوونی سێلانەی تەوقیتی دروستکراو (ساڵ و سەدە و هەزارە) لە لایەن ئەو ئاژەڵە هۆشمەندەوە کە بە کردەوە بۆتە خاوەنی ئەستێرەی «زەوی»، دەشێ بە جیا لە هەر مرۆگەلێکی تر، کورد زیاتر لە مەفهومی «کات» نزیک بخاتەوە .

***سێ:***

بەجێمانی کورد وەک میللەت لە ڕەوتی گشتیی میللەتانی تر لە پێوانەیەکی سەدەییدا و بە دیقەتدان لە تێپەڕبوونی دووهەزار ساڵ بەسەر دروستبوون و پێکهەڵپێکی میللەتانی دنیادا (زۆر لە دوای ئێرانی هەخامەنشی و یونانی پێرکلێسەوە)، وە بە دیاریکراوی لەو دەمەوە کە باپیرانمان لە بەرزاییەکانی شەنگار و هەکاریەوە بەردەفڕکێیان لەگەڵ کەزنەفۆن و لەشکرەکەیدا کردۆتە سەرەتای هەوڵدان بۆ پەیداکردنی ناسنامە، بەدەر لە هەر حاڵەتێکی تر، ئەوە ساغدەکاتەوە کە نەوەی هەر سەدەیەک لە سەدەکانی دووهەزارەی ڕابردوو، ناچارکراوە هەرچی زیاتر لە خەیاڵی مانەوە و داکۆکیکردن بێ لەو هەلومەرجەی ڕەشەبای ژیان لە ناوچەکەدا دژ بە کورد سەپاندویەتی، هاوشان لەگەڵ ئەو وەزعە دەرەکیەدا، بەهێزترین تەلیسکۆب ناتوانێت لە ئاسمانی مێژووی کورددا ئەوە ساغ بکاتەوە کە سەران و دەسەڵاتدارانی ئێمە ــ بە پێچەوانەی شاعیر و هونەرمەندەکانەوە ــ هۆشمەندانە و ئازایانە هەوڵیان داوە تەوقی نەعلەتی و ژێردەستەیی لە شانی خەڵک و هەژاران دابماڵن و گوزەرانێکی ئاسوودەتر بۆ نەوەکانی دوای خۆیان فەراهەم بکەن، ئیدەی «کاتی نییە» و «لەسەرەخۆ»، بە ڕاددەیەک ــ وە بە ئەنقەست ــ لە کارێژەی سەری دەسەڵاتداری کورددا سەقامگیر بووە کە خواستی ئازادی و سەربەخۆیی و ژیانی خۆشتر، کە ئەو هەموو فەرتەنەیەی لە ئاستی جیهانیدا سازداوە، بوونەتە کێشەگەلێک لە هەزارەی سێیەمدا بەخێرێ خۆیان بۆ گورج دەکرێتەوە.

**چوار:**

جیهانی ساڵی دووهەزار ــ بێگومان ساڵانی دواتریش ــ جیهانێکە بەتوندی و تۆکمەیی لەسەر هەرەمی دووهەزار ساڵی پێشتر بنیات نراوە: ئەفلاتوون و ئەپیکۆرس تەنیا لەو ڕووەوە بە کلاسیک و کۆن ناو دەبرێن چونکە مەودایەکی زەمانی درێژ لە «ئێمە» دوور کەوتوونەوە، عیسای ڕزگاریبەخش ــ کە لە دایکبوونی ئەو بۆتە سەرەتای پێوانەی ساتەکانی ژیان ــ هەر لەبەر ئەوە لای هەندێک بەسەرچووە چونکە دوو چاخ لە لەدایکبوونی تێپەڕیوە، بەدەر لەوانە، هەڵکەوتووەکانی یۆنان بۆ مرۆڤی ئەمڕۆ پایەیان لە ڕۆسۆ و ستیوارت میل کەمتر نییە و « **ئامۆژگاریی لە بناری کێو**» ی عیساش بۆ لایەنگرانی مەسیحایەتی، ئێستاش تازە و نوێیە. عەقڵی مرۆڤ وەک پارچەیەک ئاوریشمی لەپچڕاننەهاتوو ڕۆژانە لێی چنراوە و لێی دەچنرێت و ئەوەی لەو بوارەدا قابیلی فەوتانی فیزیکی و جێگۆڕەیە «نەوە» یەک لە دوای یەکەکانی خێڵی مرۆڤایەتین.

جگە لە شۆڕشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سێ سەدەی ڕابردوو، شۆڕشی تەکنەلۆژیا و ئینفۆرماتیکی دوو دەیەی دوایی سەدەی بیستەم، فۆرم و ناوەڕۆکی جیهانی لە ڕەگەوە

هێنایە گۆڕان و وەرچەرخان. ئێستا قسەیەکی زۆر باوە کە دەڵێن: دنیا بۆتە گوندێکی بچکۆلە. دنیا گوندێکی بچکۆلەیە و ئەگەر بتەوێت لەگەڵ کەسێکی ئەوسەری ئاوایی بدوێیت، وا دەکەیت بە «قولە»یەک تێت بگات، کۆمپیوتەر و دەسگاکانی گەیاندن ئەو کارەیان کردووە و ڕادەی پەیوەندیگرتنیان لە ئاستی «قولە»ی دێهاتیش واوەتر بردووە و، لەو ڕێگا نوێیەوە پێشکەوتنی ئاستی ژیانی مرۆڤ و ڕادەی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری لە وڵاتە مۆنۆپۆڵەکاندا دەیان قات زیادی کردووە.

بەڵام، بە هەمان شێوەی کە هاتنی سەرمایەداری لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا نەیتوانی ئەو عەدالەتە کۆمەڵایەتی و هەمەلایەنەی خۆی بانگەشەی بۆ کردبوو وەدی بهێنێت، شۆڕشی تەکنەلۆژیای کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای هەزارەی سێیەم، مادام بە دەست هەمان سیستمی بەرهەمهێنان و بەڕێوەبردنەوە بێت، ناتوانێت عەدالەت و ئازادی بە واتا ڕاستەقینەکەی لە دنیادا سەقامگیر بکات. پەیوەندی گەلی کورد لەگەڵ هەزارەی نوێدا، بە دیاریکراوی لەم خاڵە لاوازەی سیستمی بەڕێوەبردنی دنیاوە دەست پێ دەکات، ئەو سیستمەی کە بەشی هەرەزۆری نەگبەتی و غەدرەکانی مێژووی کورد لەسەر دەستی ئەو بەرنامەیان بۆ داڕێژراوە و جێبەجێ کراون. کارەساتەکانی لۆزان و مهاباد و ئاشبەتاڵ و هەڵەبجە و ئیمراڵی لە فەسڵە هەرە زەق و بەرجەستەکانی ئەو کتێبەن کە بە کردەوە تا ئێستا یەک لە سەدیشی نەخراوەتە سەر کاغەز و پاڵەوانی سەرەکیش لە سیناریۆی خوێناویی کورددا جگە لەو وڵاتە پێشکەوتووانەی چارەنووسی ئێستای دنیا هەڵدەسوڕێنن، لایەنێکی تر نیە.

پارسەنگنەبوون و هاوتانەبوونی گەشەسەندنی تەکنەلۆژیا و عەدالەت، بێجگە لەو بەڵایانەش کە قۆناغی کۆڵۆنیالیزم بە دنیای بەخشی، لە ئاستی ئەوروپادا نەماوەتەوە و بۆ گشت کونج و قوژبنێکی دنیا ترازاوە. بۆ نموونە، هەر ئێستا و لەژێر سێبەری هەمان ئەم سیستمە دنیا داگرەدا، «سەرۆک» یاخود نوێنەری سەرۆکی کورد، هەر لەو شەوەدا کە خەریکی هەڵدانی شەرابی چەندین ساڵە و گفتوگۆیە لەگەڵ هاوەڵە ژەنراڵەکانی لە ئەستەنبوڵ و ئەنقەرە، دەتوانێت لە ڕێگای مۆبایلە ٧٩ گرامییەکەیەوە زەرورەت و ئیمکانی لەناوبردنی ئەو تاقمە پێشمەرگەیەی کورد بە سەران و لێپرسراوانی مەیدانی لە ناوچەکانی مەسیف و ئاکرێ بسەلمێنێت کە لە یەکێک لە ئەشکەوتە ترسناکەکانی ناوچەی خواکورکدا بە دیار ئاگرێکی بێ پشکۆوە ــ بە مەبەستی ڕزگارکردنی کوردستان!ــ هەڵکوڕماون و چاوەڕێن بزانن «سیستم»ی دڕندەی سەرمایەداری و قازانجپەرستی چ بڕیارێک لە چارەنووسی کورد و سەرۆکەکەیان دەدات.

چەقی قورسایی سەرجەم مەسەلەکە، واتە مەسەلەی چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی کورد

لەگـــەڵ ســـاڵی نوێ و هـەزارەی نوێدا لەوەوە ســـەرچاوە دەگــرێت ئاخـــۆ حـــیـــزبە سیاسییەکانی کورد و پێشڕەوەکانی بە چ چاویلکەیەک دەڕواننە سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی دنیا: ئەگەر پێیان وابێت سەردەمی ئێستاش سەردەمی چۆکدانەدانە و وەک ئەو ڕۆژگارەیە کە باپیرانمان سەنگەریان لە سوپای کەزنەفۆن گرتبوو، ئەوا هیوای گەیشتن بە ئازادی و یەکسانی و سەربەخۆیی لە سەرەتاکانی هەزارەی داهاتوودا مسۆگەر و حەتمیە. ئەگەر لەسەر ئەو باوەڕەش بن کە زەمان زەمانی عەدل و ئازادیە و «ئاڵای کوردستان» لەسەر سینییەکی ئاڵتوونی لە لایەن پنتاگۆنەوە پێشکەشمان دەکرێت (یان کراوە) دەبێت چاوەڕێ بین لە هەزارەی چوارەمدا ــ بە مەرجی ڕوونەدانی کارەساتی سروشتی و کەونی! ــ دەرویەکی خێر لە ڕووی هەمووان وەکرێت.

### له پەراوێزی سزادانی هلمۆت کۆل دا:

# یادێک له «پەرلەمانی کوردستان»

«پەیام» ژمارە٢١
٢٠٠٠/٢/٨، لەندەن

بایەخدانی سەرنجڕاکێشی میدیای ئەوروپایی بە بەرتیلوەرگرتن و کارە نایاساییەکانی ڕاوێژکاری پێشووی ئەڵمانیا لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکانی ساڵانی ڕابردوودا و سزادانی، سەرەڕای بە هەق بوون و ڕەوایی، تا ئەندازەیەک وەک دیاردەیەکی پڕئومێدی سەدەی نوێ دێتە بەرچاو.

ئەگەر مەسەلەی سزادانی سەرۆک و لێپرسراوی یەکەمی وڵاتێک بۆ دانیشتووانی بەشێکی ئەوروپا، هەر لە زەمانی «ماگنا کارتا»ی ئینگلیزەوە بۆتە ڕێسا و نەریتی ژیان، ئەوا بۆ ئێمەی کورد بە هەق «سەرنجڕاکێش» و پەندئامێزە.

هەموو هەواڵەکە لەمەدا خۆی دەبینێتەوە: کابرایەکی سیاسەتمەداری ناسراوی ئەڵمان، لەو هەوڵانەیدا کە بۆ سەرخستنی حزبەکەی و خۆی داونی، بە خشکەیی چەندین ملیۆن مارکی (گوایە نزیکەی ملیارێک!) وەک بەخشیش و یارمەتی وەرگرتووە و بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ئاڵمانیای فیدراڵیش، جگە لە مەبلەغێکی دیاریکراو (کەمتر لە ملیۆنێک دۆلار) گشت کەسایەتی و حزبێک پێویستە « ناو»ی ئەو بەخشیشدەرەی بدرکێنێ کە لە کاتی خۆهەڵبژاردندا یارمەتی لێ وەردەگرێ تاکو دەوڵەت لە لای خۆیەوە جگە لە حساباتە ئابوورییەکان ـ کە پشتیوانی گەرمی لێ دەکات ـ حساباتە ئەمنی و ستراتیژییەکانی ئەو جۆرە بەخشینە حاتەمیانەش لێک بداتەوە و فایلی تایبەت بۆ هەردوولای یارمەتیدەر و یارمەتیوەرگر، لە سەرووی ڕادەی دیاریکراوەوە ، بکاتەوە.

مەسەلەکە لەم قۆناغەیدا ئەوەیە و کەڵەوەکێشی کۆل بۆ **ئاشکرانەکردنی** ناوی ئەو زەلامانەی پارەیان بەخشیوە بە بەڕێزیان و پارتی دیموکرات مەسیحی، بە تەواوی لە کارێکی بێهوودە و گوماناوی دەچێت.

تا ئێرە چوارچێوەی لێقەومانەکە ڕوونە و هەموو کەس لێی حاڵییە، تەنانەت ئێمەی کوردیش دەتوانین بیر لەوە بکەینەوە کە دەکرێت سەرۆک و دەسەڵاتداری لای ئێمەش **بە**

**هۆی پەرلەمان و دادگاوە** لێی بپرسرێتەوە و داوای حساباتی سیاسی و دارایی کۆن و تازەی لێ بکرێت و زیاتر لەوەش، لە ڕێگای فشاری ئازادانەی میدیاوە بنچوبناوانی زۆر «شت»ی پێ بدرکێنرێت و بە کورتی: لە کاتی سەرپێچیکردندا سزا بدرێت.
بەڵام لەوەدا کە ئێمە لەو چوار دەسەڵاتەی بە کردەوە سەدوپەنجا ساڵە لە ئەورووپادا حوکم دەکەن ( **وەک: پەرلەمان، دادوەری سەربەخۆ، میدیای ئازاد، کابینەی حکومەت)** تەنیا ئەوەی دوایی‌مان بە هەزار و یەک سەقەتی و ئیفلیجی و دابەشبوونەوە بە نسیب بووە، جارێکە واز لە «دادگای سەربەخۆ» و « میدیای ئازاد» دەهێنین و یادێک لەو دامەزراوە پەرلەمانیە دەکەینەوە کە بە کردەوە لە ساڵی ١٩٩٢دا تەکانی بۆ درا و پاشان بە زوویی حزبە گەورەکانی کوردستانی عیراق، بە هۆی (وە بە بەهانەی) شەڕەوە لە دامەزراندنی پەژیوان بوونەوە و تێک و پێکیان دا.
دەسگایەک کە سەرەڕای لاڵی و زمانبەستراوی و ملکەچی ناچاری ئەندامەکانی بۆ خاوەن دەسەڵاتەکانی هەردوو حزب، لە دەنگدانی خەڵکی کوردستاندا بۆ دامەزرانی، **خودی سەرۆکەکان** یش تەزووی ترس لە هێزپەیداکردنی ئەم بارەگا پڕ کادرەیان کەوتبووە دڵەوە و هەر بۆیەش لە یەکەم هەنگاودا بە پیر هەر ڕەشەبا و تۆفانێکەوە چوون کە توانای کوژاندنەوەی ئەم تروسکە هیوابەخشەی تیا بەدیبکرێت. ڕاستە باڵەخانەی « **ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان**» لە هەولێری ساڵی ١٩٩٥دا بە ئەندازەی کۆشک و باڵەخانەکانی وێستمنستەر و شۆنبرۆن خاوەنی پێشینەی مێژوویی و سیاسی نەبوو، بەڵام بۆ کورد، واتە بۆ ئەو کەسانەی چاوەڕێ بوون لەناو ژوورە ئاوەدانکراوەکانی ئەو خانوە زلەدا بیرێک لە چارەنووسی سیاسیان بکرێتەوە و بڕیارێک بۆ خۆشترکردنی ژیانیان بدرێت، زۆر جێگای داخ بوو کە بۆیان دەرکەوت سەرکردەکانیان هێشتاش لە داڵغەی «پەرژینەکەی من» و «پەرژینەکەی تۆ» دان و شایستەیی ئەوەیان تیا نیە وەک لێپرسراو لە زمان و فەرهەنگ و مێژوو و سیاسەتی یەک میللەت پێکەوە هەنگاو بنێن و لە تاقمگەری دوور بکەونەوە.
ئەوەش شەرمەزارییەک بوو بۆ ئەوان... وە دنیاش زۆر بە جوانی ئاقاری شەڕی تاقمە حزبیەکانی ئێمەی لە زاکیرەی خۆیدا تۆمار کرد: لەبەر چاوی ئەوان و بەپێی ئەزموونێک کە لە وڵاتە پەرلەمانیەکاندا هەیە، «کۆشکی پەرلەمان» شوێنی کۆبوونەوەی نوێنەرانی ڕەسمی خەڵکە و بە هیچ جۆرێک نابێت پیرۆزی و سەروەریی ئەو جێگایە **بە هیچ بەهانەیەکەوە** بشکێنرێت، لەسەر ئەو بناغەیە، هەڵکوتانی تاقمێک چەکدار لە هەڤاڵانی **لەشکری تایبەت** بۆ داماڵخاسکردنی سەرۆکی پەرلەمان لەو چەکە بێوێنەیەی (دەسگای بێسیم !) لەناو کۆشکی پەرلەماندا وەگەڕی خستبوو، لێدانی خەنجەری یەکەم و کاریگەر بوو بۆ سەر دڵی ئەو ئەسپەی کە لە بیابانێکی بێسێبەردا بە

بارکراوی و لغاوکراوی سووکایەتی پێ دەکرا...، وە داوەتکردنەوەی هەڵەشەکارانەی جەللادە خوێنمژەکانی بەعسیش بۆ ناوەندی هەرێم و ڕێگەدانی ئازادانە ـ یان ناچاری ـ یان لە لایەن پارتیی دیموکراتی کوردستانەوە **بۆ بەرزکردنەوەی ئاڵای بەعس لەناو بینای پەرلەماندا**، تەقاندنی فیشەکی گیانکێشان بوو ڕووە و کەللەسەری «پەرلەمان» ی کوردستان.

لە بیابانێکی وشکەڕۆدا ...

لە کەشێکی گومانلێکراودا ...

لە هەلومەرجێکی «زێڕین»دا...

سەرکردە سیاسییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی بەشی عیراقدا بە دەستی خۆیان، بە ئیمانی تەواوەوە بە ڕێبازەکەیان و بە متمانەی کامڵەوە بە ڕەوایی هێنانی لەشکری ئێران و عیراق لە دژی یەکتری، یەکەمین ئەزموونی نیوەدیموکراسی ناوچەکەی خۆیانیان فەوتاند.

بەهەرحاڵ جێگای خۆیەتی لێرەدا بگەڕێینەوە سەر کێشەی کۆل و بیروڕای گۆڤاری «تایم» ی ئەمریکا لەسەر کەتنەکەی.

گۆڤاری ناوبراو کێشەی **هلمۆت کۆل** ی لە ئاستی«بەرتیلخواردن» واوەتر بردووە و ڕادیکالانەتر سەرنجی داوەتە بناغەی قەیرانی سیاسیی ئێستای ئاڵمانیا.

ژمارەی کۆتایی کانوونی دووەمی «تایم»، لە کۆمەڵێک وتاردا گرفتەکەی لەگەڵ **«دەسەڵات»** و «**مانەوە لە دەسەڵاتدا بۆ ماوەیەکی درێژ**» شەنوکەو کردووە و هلمۆت کۆل ـ لەو ڕوانگەیەوە ـ هەر لەوەدا تاوانبار نیە کە حزبەکەی خۆی لە ڕێگای بەرتیلخواردنەوە بەهێز کردووە، بەڵکە لەوەشدا جێی سەرکۆنە و لۆمە بووە کە ١٦ ساڵی ڕەبەق بە هۆی دزی و فزیەوە، وەک لێپرسراوی یەکەم چالاکیی سیاسی نواندووە و **بواری نەداوە دەسەڵاتی سیاسی بە شێوەیەکی قانوونی جێگۆڕە بکات** ....، جۆزیف جۆف، یەکێک لە نووسەرەکانی تایم، بۆ ئیسپاتکردنی نایاسایبوونی ڕەفتارەکانی کۆل گەڕاوەتەوە بۆ وتەی شارەزایان و لە سەرەتای وتارەکەیدا نوسیویە: « لۆرد ئەکتن، پیتۆڵ و سیاسەتمەداری مەزنی بریتانیایی، بەم وتەیەی کە وەک پەندی لێ هاتووە ناوی ڕۆیشتبوو: **«دەسەڵات ئینسان گەندەڵ دەکات، دەسەڵاتی موتڵەقیش بە جۆرێکی موتڵەق گەندەڵی گەشە پێ دەدات»، وە ئەگەر تەماشای داتەپینی لەسەرخۆ و ئازاراوی کۆل بکەین، دەتوانین یاسای سەرەوە بەم جۆرەش دەستکاری بکەین: «مانەوە لە دەسەڵاتدا بۆ ماوەیەکی درێژ، زیاتر لە فەسادی موتڵەق فەساد بڵاو دەکاتەوە.»** (گۆڤاری تایم، ل٣١)

بۆ خوێندەواری کورد ـ هەروەها بۆ نەخوێندەواری کوردیش !ـ لێکدانەوەی ئەو

هەقایەتەی سەرەوە مانایەکی ناخۆش و پڕئێشی بە دواوەیە: «هلمۆت کۆل» ی ئەڵمانی کە سەردەمانێک وەک قارەمانی نیشتمانی بە هۆی گێڕانی دەوری کاریگەر لە یەکخستنەوەی دووبەشی ئاڵمانیادا شانازی پێوە دەکرا، دوای دەرکەوتنی چەند کارێکی نایاسایی و دژ بە بەرژەوەندیی گشتی، دەسگاکانی میدیا کردویانەتە «شەرمەزاری نیشتمانی» و لەناو دیموکرات مەسیحیەکان خۆشیاندا فراکسیۆنی جیاجیا لە دژی ئەو هەڵوێست دەگرن و خۆیان بە ڕیسوای خەڵکی وڵاتەکەیان دەزانن چونکە حیزبەکەیان و سەرۆکەکەی گزی لێ کردوون!

پەرلەمانی کوردستان لە کوردستانی عیراقدا، دوای خەباتێکی درێژ و ڕشتنی خوێنێکی زۆر، لە مایسی ساڵی ١٩٩٢دا بە ڕەسمی و لە ڕێگای دەنگدانی ڕاستەوخۆی جەماوەرەوە دامەزرا.

دامەزرا بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەیەک بۆ دانانی یاساکان و هێزێکی کاریگەر بە دەست کۆمەڵانی خەڵکەوە تا داکۆکی لە مافەکانیان بکات؛ پێکهات بۆ ئەوەی ببێتە بڵندگۆیەک وەک هەر پەرلەمانێکی ئەو دنیایە هەر گزی و فزی و بەرتیلخواردنێک لەناو دەسەڵاتداراندا سەر هەڵ بدات ڕیسوای بکات؛

دەنگدرا بۆ ئەوەی ئەم پەرلەمانە یاسا سەروەر بکات و لە کاتی پێویستدا ڕادەیەک بۆ دەسەڵاتی ئەبەدی سەرۆکەکان دابنێت و **سەکۆی ئازاد**ی جەماوەری ئازادیخواز و حەقخواز بێت...

ئایا ئێوەش لەو بڕوایەدانین کە هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆی یەکێتی و پارتی لە بناغەدا بۆ لێدانی ئەو سەکۆ گرنگەی دەسەڵاتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بووبێت؟

**ئایا هەق نییە ئێمەش قسەکانی لۆرد ئەکتن بۆ سەرۆکەکانی خۆمان بە ڕەوا بزانین لە ئاست ئەوەدا کە هیچ دەسەڵاتێک لە سەرووی خۆیانەوە قبوڵ ناکەن و دان بە هیچ دەسەڵاتێکی «نەتەوەیی» لە ئاستی کوردستانی عیراقدا نانێن و بە تەمای دامەزراندنی دوورگەی دیموکراسی و یۆتۆپیایین لە چەند شار و شارۆچکەیەکی دیاریکراودا؟**

بە ڕاست ئەگەر لە ئەڵمانیاش پەرلەمانێکی ئازاد و دادوەرییەکی سەربەخۆ نەبووایە، دەکرا بیر لە سزادانی هلمۆت کۆل ی فیلەتەن بکرێتەوە؟

# فیدراڵی یان سەربەخۆیی؟

گۆڤاری «رفراندۆم» ژمارە ٢
ئەپریل ٢٠٠٠ ،لەندەن

**پرسیار: گۆڤاری «ڕفراندۆم» سەربەخۆیی کوردستانی عێراقی خستۆتە بەردەم خەڵکی کوردستان تا هەڵیبژێرن، بەڵام لە وەزعی دەولی ئەمڕۆدا هەنگاوێکی عەمەلی کە پەرلەمانی کوردستانیش دیاریکردوە فیدرالیزمە، ئایا پێتان وانییە فیدراڵیەت بۆ قۆناغی ئێستا عەمەلی بێت و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە تواناداا نیە؟**

**وەڵام:** لە وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوەدا: «ئایا فیدراڵیەت عەمەلیە و سەربەخۆیی لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا عەمەلی نیە؟»، پێویستە کەمێک بە کورتی سەبارەت بە زەمینەی پرۆژەکان قسە بکرێ. بەم واتایەش دەشێ ئەوە قبوڵ بکەین: هەرجۆرە گرفتێکی سیاسی و فەهەنگی کە لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا دێتە پێشەوە «چارەسەر» ی جیاوازیش بەپێی جەمسەرگرتنی چینەکان و ئاستی فەرهەنگی گشت کۆمەڵگا، دێنە ئاراوە.

سەرەتا دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە چ چارەسەری «فیدراڵی»، واتە مانەوەی کوردستان لە چوارچێوەی عێراق دا، وە چ پرۆژەی «سەربەخۆیی» و تەنانەت پرۆژەی سەدامیانەی « ژێردەستی» گەلی کورد بۆ بەعس، هەر کامیان تەماشابکەیت چارەسەری جیاوازن کە لە لایەن حزب و سیاسەتمەدارە جیاوازەکانەوە خراونە ڕوو بۆ وەڵامدانەوەی ئەو کێشانەی لەهەلومەرجێکی مێژوویدا لەناو میللەتێکدا سەریان هەڵداوە. کورد لە کوردستانی عێراقدا ژێر دەست و پلە دووە. لەماوەی حەفتاوهەشت ساڵی ڕابردودا غەدری زۆری لێکراوە، ماڵی سووتاوە و داگیرکراوە. لەباری سیاسیشەوە لکاندنی کورد بە «کیان»ی عێراقەوە سیاسەتێکی زۆرەملێی ئینگلیز بوە بۆ بەرژەوەندیە کۆڵۆنیالیەکانی.

ساڵی ١٩٩١ ڕاپەڕینێکی گەورە لە کوردستان وعێراقدا ڕویداوە کە هەیبەتی حکومەتی

مەرکەزی بەتەواوی لەق کردووە. لە ئەنجامی ئەو ڕاپەڕینەدا حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان، بەبێ ڕاپرسی گەل و بە ڕای چەند کەسێکی بیانی لایان باش بوە کەلە چوارچێوەی «فیدراڵی»دا پەیوەندی خۆیان لەگەڵ مەرکەز دابمەزرێنن.
ئەوەی کە حیزبەکانی یەکێتی و پارتی و چەند حیزبێکی تر پێیان باشە پەیوەندی گەلی کورد لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا بەشێوەی «فیدراڵی» بێت، نەک هەر بەڵگە نییە بۆ سەرکەوتوویی و «عەمەلی بوون» و بە سوود بوون، بەڵکو دەشێ لە بناغەدا زیانبەخشبوونی ئەو بڕیارە چاکتر دەربخات.
ڕەنگە بۆ ئەندامێکی پلە باڵای هەرکام لە حیزبەکانی کوردستان کە «فیدراڵی»یان بڕیارداوە مەسەلەی پەیوەندی «فیدراڵی» یان «سەربەخۆیی» بایەخێکی عەمەلی و ژیانی زۆری نەبێ، بەتایبەت کە ئەوانە هەرکات بیانەوێ لەڕێگای دامودەزگای وڵاتانی دراوسێوە دەتوانن سەفەری هەندەران بکەن و پێویستیان بە «پەساپۆرت» ێکی ڕەسمی و دانپیانراوی دەولی نیە کە کورد لە کوردستان دا هەیبێ، هەروەها لەباری یاسایشەوە ئەوان خۆیان دەسەڵاتداران و بۆیان گرنگ نیە چ یاسایەک لە کوردستان دا دەسەڵاتدارە.
ئەوانەی بەلایانەوە مەبەستە چارەنووسی کوردستان دەربکەوێ و وەک «کیان» ێک لە ئاستی دەولیدا بناسرێ، چین و توێژە زەحمەتکێشەکانی کوردن. ڕوونتر بڵێین، زۆربەی خەڵکی کوردستانن.
خەڵکی کوردستان دەیانەوێ:

*** بە پەساپۆرت هاموشۆی وڵاتان بکەن؛**
*** وەک خەڵکی وڵاتێکی سەربەخۆ ئاڵوگۆڕی شمەک لەگەڵ دراوسێکاندا بکەن، نەک لەلایەن نوێنەری حیزبێک چارەنوسی ژیانی خەڵک کۆنترۆڵ بکرێ؛**
*** ناسنامەیان هەبێ و بتوانن بۆ خوێندنی باڵا بە ڕەسمی بچنە وڵاتان؛**
*** لەباری سیاسیەوە ژیانیان مسۆگەر بێ و پاراستنیان بچێتە ژێر دەسەڵاتی یاسا دەوڵەتیەکانەوە؛**
*** لە دەستی حکومەتە ڕەگەزپەرست و دڕندەکانی عێراق ڕزگاریان بێ؛**
*** هەلومەرجی نائاسایی کوردستان بە بەهانەی «وەزعی ناسک» وهاتنەوەی بەعسەوە کۆتایی پێبێ و بەهانە بەدەست حزبەکانەوە نەمێنێ تا بەو هۆیەوە زەمینە یاساییەکانی دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەت دوا بخەن.**

بەوجۆرە دەبینی هۆکارەکانی مانەوەی وەزعی ئێستا لە ژێردەستی حزبەکان و

هێشتنەوەی کوردستان بە «فیدراڵی» کەم نین! ئەم حیزبانە فیدراڵییان بڕیارداوە چونکە فیدراڵی بۆ ئەوان باشە و سوودی لێ وەردەگرن. هەموو شتێک بۆ ئەوان هەیە: **حکومەت، پەرلەمان، پارە و ئمکانات و سەفەر و خوێندنی باڵاو هتد...** بەڵام کۆمەڵانی خەڵک بە حوکمی یاسا لێی بێبەشن چونکە کوردستان لە هەمان کاتدا کە ئازادە، ئازادیش نیە و «فیدراڵی» یە!

واژەی «**وەزعی دەولی ئەمڕۆ**» واژەیەکی ڕوون نیە. بەو واتایەی کاتێک ئێمە واژەی «وەزعی دەولی ئەمڕۆ» بەکار دێنین دیار نیە مەبەستمان چییە. ئەگەر مەبەست لەوەیە کە بە قسەی هەندێ لە دەوڵەتان نابێ کورد جیابێتەوە، ئەوە ڕاست نیەو زۆر بەڵگەهەن کە وڵاتانی ترو گەلانی تر لایەنگری جیابونەوەی کوردن. ئەگەر مەبەست لەوەیە کە «وەزعی دەولی ئەمڕۆ» کامڵ نەبوەو پێویستی بە «زەمان» ی زیاترە، هەقە بزانین ئەو سەقفە زەمانیە چەندە؟ ئایا تاکو ساڵی ٢٠٥٠یە، یان تاکو ناوەڕاستی هەزارەی سێهەم؟

چاوەڕێی گۆڕانی حکومەتی ئەمریکاین یاخود دەمانەوێ ژاپۆن ببێتە سەرۆکی جیهان؟

لە ڕاستیدا مەسەلەکە زیاتر «ذاتی» یە پێش ئەوەی «بابەتی» بێت، واتە کێشەکە پەیوەندی بە عەقڵ و ئیدراک و ئیرادەی سیاسەتمەداران و کۆمەڵانی خەڵکەوە هەیە. لە پەنجاکانی ئەم سەدەیەدا دکتۆرمحەمدمصدق دەستی دایە خۆماڵیکردنی نەوتی ئێران، هەرچەندە سەری خۆی لەو پێناوەدا دانا، بەڵام نەوتی ئێرانی خۆماڵی کرد وگشت هێزە جیهانیەکانی ئەودەمیش لەدژی وەستابوون.

گەلی کورد پێویستی بەوە هەیە وەک گەلێکی خاوەن«قەوارە» لەم دنیایەدا بژی. ئەم بوونە خاوەن «قەوارە» یەش دەبێ خودی گەلی کورد بڕیاری لێبدات ئاخۆ خوازیاریەتی یان نا نەک «وەزعی دەولی ئەمڕۆ». چما کاتێک خەڵکی تەیمووری خۆرهەڵات ویستیان لە ئەندەنوسیا جوێ ببنەوە بیریان لە « وەزعی دەولی» کردەبۆوە؟ کاتێک من برسیمە و پێویستیم بە نانخواردن هەیە بۆم گرنگ نیە خەڵکی تر ڕایان لەسەر نانخواردنی من چۆنە. کاتێکیش گەلی کورد پێویستی بە ئازادیە نابێ دیواری چینی « وەزعی دەولی» بۆ قوت بکرێتەوە. جگە لەوەش، کام دەوڵەت لە دنیای ئەمڕۆدا ئامادەیە لەخۆڕایی و بێئەوەی داوات کردبێ مۆری جیابوونەوە لە عەریزەی داواکاریەکەت بدات؟

ئەگەر سەرانی کورد لە عیراق، بێ گەڕانەوە بۆ ڕای میللەت، وە بێ ڕوونکردنەوەی ڕەهەندەکانی مەسەلەی فیدراڵی و سەربەخۆیی، هەرەمەکی فیدراڵی هەڵبژێرن، ئەوە تەنها لەگەڵ زەوق و عەقڵ و بەرژەوەندەکانی ئەواندا گونجاوە دەنا گەلی کورد پێویستی بە صیغەیەکی کامڵتر و تێروتەسەلتری ئازادی هەبوە و هەیە.

« پەرلەمانی کوردستان» یش کە لە نامەکەدا هاتووە گوایا بڕیاری فیدراڵی داوە،

پەرلەمانێکی هێندە تۆکمە و قایم و خاوەن نەریتی دیموکراسی و مێژوویی نەبوە و نیە.
جارێ ئەم پەرلەمانە لە ساڵی ١٩٩٤ بەدواوە کە شەڕی ینک و پدک هەڵایساوە بایەخی بۆتەوە سفرو هیچکەس ناتوانێ «هەبوون» یشی ئیسپات بکات، ئەگەر هەشبێ ئەوا لەباری یاساییەوە ماوەکەی بەسەرچووە. وە هەر ئەم پەرلەمانە لە ژێر سایەی بەعس و عەسکەری بەعس دا توانی بەشێک لە ئەندامەکانی کۆبوونەوە بکەن و بە حساب «شەرعیەت» بۆ خۆیان بکڕنەوە!
لە ساڵی ١٩٩٢یشدا کە ئەم پەرلەمانە دامەزرا و بڕیاری فیدراڵی پەسند کرد، لە سەدا نەوەدی ئەندامانی ئەم پەرلەمانە نەیدەزانی هۆی پەسندکردنی ئەم بڕیارە چیبوە. بڕیارەکە زیاتر لەلایەن کاک مسعود بارزانی و مام جەلالەوە پەسند کراو و زۆر زیادەڕەویە گەر وا دابنرێ ئەو بڕیارە لە ئەنجامی پرۆسەیەکی درێژی گفتوگۆو لێکۆڵینەوەی یاسایی و ئەکادیمیەوە هاتۆتە ئاراوە.
هەر بەو شێوەیەش، بڕیارێک لەلایەن سەرۆکی دوو حیزبەوە پەسند کرابێ (وە خودی ئەوانیش چۆن چۆنی ڕێزی ئەو فیدراڵیەیان گرتووە بۆخۆی مەسەلەیەکە!!) نەک ناتوانێ بە بڕیارێکی سەرکەوتو بۆ گەلی کورد هەڵبسەنگێنرێ بەڵکو زیاتر لەکەدار دێتەبەرچاو. مەسەلەی گونجان یان نەگونجانی «فیدراڵی» و «سەربەخۆیی»، پێش هەر شتێک، **بە ئەندازەی ئاگایی و هوشیاری گەلی کورد لە یەکسانی ئینسانی و عەدالەتەوە گرێدراوە.**
سەرۆکە نەتەوەییەکان نایانەوێ کورد لە ئێستا زیاتر بیر لە یەکسانی بکاتەوە و بیەوێ وەک گەلانی تر بژی. چونکە ڕەنگە ئەو بیرکردنەوەیە پێویستیی «هەبوون» ی ئەوانیش بەرەو گومان بەرێ. کەواتە وا چاکترە کورد لە عیراق هەر لە چوارچێوەی «زیندان» دا وەهێڵرێ چونکە بۆ حزبە تەقلیدییەکان وا باشە لە باشترین حاڵەتدا خەڵک **بیریان** هەرلای بەعس و هاتنەوەی بەعس و مەخمور و کەرکوک و شوێنە تەعریبکراوەکان بێ نەک لە سنووری دەوڵەت و سەربەخۆیی و ئەو دەسکەوتانەی دەکرێ لەوێوە وەدەست بێن. لەسەر ئەو بناغەیەیە کە گۆڤاری «ریفراندۆم» هەوڵدەدات «سەربەخۆیی» کوردستانی عیراق ببێتە داواکارییەکی جەماوەری و پراتیک بکرێ.

# دەربارەی وەزعی کوردستانی باشور

میدیا تی ڤی
پانیل ـ بروکسل
٢٠٠٠/٥/٢٨

**[ بەشداران: د. موسا کەڤاڵ ، د. یوسف زەنگەنە، عەلی قازی، ب. دڕەیی]**

**پرسیار(فەیسەل داغلی): لە باشوری کوردستان دا چ بەرژەوەندیەک هەیە بۆ شەڕی ناوخۆیی، پارتەکان بۆچی وادەکەن؟ ئەو مەسەلەیە چی یە؟**

**وەڵام:** بەڵێ وەکو دوێنێش{لە بەرنامەیەکی تردا} قسەم کرد، پێموایە لە کوردستانی عێراق بەداخەوە توێژێکی سیاسی دروست بووە لەناو هەردوو حزبەکەدا، هەم لەناو یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و هەم لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان دا. من بە دیاریکراوی قسە ئەکەم، نامەوێ بەشێوەیەکی گشتی بدوێم... لەناو حیزبەکان دا چینێک هەیە خوازیاری شەڕە و شەڕی پێ خۆشە. لە دنیاش دا ئێمە دەبینین کەسان و خەڵکانێک هەن لە هەموو وڵاتان بەرژەوەندیان لە هەبوونی شەڕدایە. ئەمە لە وڵاتە گەورەکان و بچووکەکانیشدا ئەبیندرێ.
بۆ نمونە لە عێراقی ئێمەدا، قەت بە قازانجی خەڵکی عێراق نەبووە هەشت ساڵ شەڕ لەگەڵ ئێران بکرێ. قەت لە بەرژەوەندی خەڵکی عێراق نەبووە کوێت داگیر بکرێت. بەڵام ئەو شەڕەی لەگەڵ ئێران یاخود لەگەڵ کوێت دا کرا توێژێکی کۆمەڵایەتی، تاقمێک، یاخود خێزانێک پێی باش بووە کە بکرێ.
بەم شێوەیە پێموایە سێ هۆی بنچینەیی هەیە بۆ درێژەکێشانی شەڕ لە کوردستانی عێراق دا. خۆشبەختانە ئێستا شەڕ نیە... بەڵام بە پێی هەواڵەکانی «کوردستانی نوێ»ی ئەمڕۆ و ڕۆژنامەی پ. د. ک کە بەناونیشانی «کوردستان ئۆبزێرڤەر»

بڵاودەبێتەوە، زۆر بەداخەوە هەواڵەکان ڕووی لە ناخۆشیە. هۆکاری مەسەلەکان، یەکەمیان هەبوونی ئەو توێژە شەڕخوازەیە کە بەرژەوەندی لە هەبوونی شەڕدایە. من بۆ خۆم لەوێ بووم، فەرماندە بووم لە بەشی عەسکەری، لێپرسراوەتی جۆراوجۆرم هەبووە لە یەکێتیدا، ئەتوانم تاک تاک ناوی کەسەکان بەرم... هەن بەرژەوەندیان لە هەبوونی شەڕدایە... ئەمە لە حزبەکەی بەرامبەریشدا هەیە.

ئێمە ئەگەر بمانەوێ بگەڕێین بۆ ڕیشەی مەسەلەکان ئەبێ بچینە سەر شتە وردەکان. قسەکردن لەسەر شتی گشتی و دیاردەی «عام» ئێمە ناگەیەنێتە چارەسەر، شتی گشتی هەموو کەس باسی دەکات... هۆیەکان یەکێکیان هەبوونی ئەو توێژە شەڕخوازەیە، خاڵێکی تر نەبوونی کلتورێکی جێکەوتووی سیاسی و دیموکراتیە، وە نەبوونی ستراتیژێکی نەتەوەییە لە کوردستانی عێراقدا. ئەمانە هەریەکەیان بە ئەندازەیەکی تایبەت بایەخی خۆیان هەیە، ئەتوانین بڵێین **نەبوونی ستراتیژ** ئەبێتە هۆی دروستبوونی **توێژە ئابوریەکە**، ئەو تاقمەی کە حەزی لە شەڕە.

وە هەبوونی ئەو تاقمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی شەڕ بە بەردەوامی بمێنێ، ئەمرۆ هەیە سبەینێ نیە، سبەینێ هەیە دوو ڕۆژی تر نیە. یەعنی وەزعی کوردستانی عێراق بە شێوەیەکی گشتی هەمیشە لە حاڵی نەچەسپاویدا دەمێنێتەوە.

ڕەنگە بە لای هەندێ کەسەوە سروشتی نەبێ ئێستا من لە تەلەفزیۆنێکی کوردییەوە بە تایبەت لە مێدیا تیڤی یەوە قسە بکەم، لەوانەیە هێندێک لەو برادەرانەی کوردستان پێیان وابێ ئەمە «ئامۆژگاری»یە، دیارە ئەمە ڕەئی تایبەتیە. من وەکو ئینسانێکی کورد، وەک کەسێک گرفتی میللەتەکەم هەست پێدەکەم، حەقم هەیە قسە بکەم و بۆچونی خۆم بڵێم.

پێموایە دەکرێ بە دوای ڕیشەی مەسەلەکاندا بگەڕێین بۆ ئەوەی چارەسەرێکی دروست بدۆزینەوە، ئەوە شتێکی مومکینە، دیارە میللەتەکانی دیش شەڕی ناوخۆییان بووە. لە ئەمریکا کاتی خۆی بووە، لە فرەنسای کاتی شۆڕش داهەبووە، لە سەردەمی کرۆمۆیل لە بریتانیاش هەبوە، بەڵام کۆتایی پێهاتوە و چارەسەری بۆ دۆزراوەتەوە.

واتە هەبوونی شەڕی ناوخۆیی لە کوردستان جگە لەوەی کە فەرهەنگەکە بەو شێوەیەیە کە باسم کرد، شتێکی مەحاڵ نیە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە و حزبەکان بگەنە ئەنجامێکی باش لە ئایندەیەکی نزیکدا، وە من پێموایە درەنگە، زۆر درەنگە!!... واتە وەکو هەڤاڵان [پێشتر]باسیان کرد ٩ ساڵ ١٠ ساڵە کوردستانی عێراق ئازادە بەڵام زۆربەی «کات» ەکە بە شەڕ ڕۆیشت! ئەمە ژیانی میللەتی ئێمە بەرەو گەندەڵییەکی مێژوویی و کارەسات دەبات، وە ئایندەی کورد بەرەو نادیارتر ئەبات. پێموایە ڕاستە، ئەکرێت لە ناوخۆی کوردستانی عێراقدا، بە شێوەیەکی سەربەخۆش بیر لە ئاشتی

بکرێتەوە، بەڵام «پەیوەندی» هەیە لە نێوان کوردستانی عێراق و بەشەکانی تری کوردستاندا، کاتێک ئەتوانرێ لە کوردستانی عێراقدا ئاشتیەکی هەمیشەیی سەقامگیر بکرێ کە بیر لە بەشەکانی تری کوردستانیش بکرێتەوە. بە ڕای من کاتێک مرۆڤ ئەتوانێ خواستێکی مامناوەنجی بەدەست بێنێ کە خواستی گەورەتری هەبێ. کاتێک داواکاریەکی گەورەت نیە ناتوانی داواکاریەکی مامناوەنجی بەدەست بێنی.
ئەو خواست و ستراتیژیە ئەبێ بژیێتەوە لەناو کوردستانی عێراقدا. من ئێستا وەک ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ( **ک. ن. ک)** قسە ئەکەم نەک وەک ئەندامێکی حزبی، ئەبێ ئەو هەستە نەتەوەییەی هەیە گەشەی پێبدرێ و زیاد بکرێ بۆ ئەوەی میللەت بتوانێ خواستەکانی وەدەست بێنێ. ئیتر ئەوە سەدەی بیستویەک یش خەریکە ئەڕوا....، ناکرێ چاوەڕێ بین تا ڕۆژی قیامەت سەرکردەکان یاخود حزبەکان و ئەو چینە کۆمەڵایەتیەی کە ئێستا دروست بووە وبەرژەوەندی لە هەبوونی وەزعی ئێستادایە بڕیار بدەن. ئەگەر دواتر ڕێگام بدەن بە بەڵگەوە قسەکانی کاک سامی عبدالرحمن و کاک فەرەیدون عەبدولقادر باس ئەکەم.

**پرسیار: وەک ڕۆشنبیرێکی کورد و ئەندامی ک. ن. ک، ڕای ئێوە لەسەر «کۆنفرانسی ئاشتی» چیە؟ پێشنیارتان چیە؟**

**وەڵام:** پێشنیاری کۆنفرانس لەلایەن بەڕێز کاک عوسمان ئۆجەلان ەوە کراوە، بەڵام پێشنیارەکە بە تازەیی دووبارە کراوەتەوە، وەکوو عەرزم کردن هەر کەسێکی کورد لە حیزبە کوردیەکان پێشنیاری بکا، بە تەسەوری منیش وەکوو ئەندامێکی **ک. ن. ک** باشە و زۆر پێویستە.
پێمـوایە زەرورەتی کۆنفرانسی ئاشتی پێویستی بە ئیسپاتکردن نیە، واتە ئاشتبوونەوەی کورد و یەکبوونی کورد شتێکە دەبێ وەکو بەدیهی وەربگیرێت. واتە پێویست نیە مرۆڤ قسە لەسەر ئەوە بکات ئایا کورد پێویستی بە ئاشتی هەیە یان نیە، بۆیە دەکرێ ئەوە وەک هەنگاوێکی زەرووری بۆ ئەم قۆناغەی کە ژیانی ئێستای کوردی تێدایە بەجدی وەربگیرێت.
«کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان» پشتیوانی لەو کۆنفرانسە ئەکات بە هەر شێوەیەک بۆی بکرێ. جا ئیتر بە بەشداربونی ئەندامانی کۆنگرە بێت یاخود هەر شتێکی تر لەڕووی تەکنیکی یاخود لەڕووی فکری و سیاسیەوە. کۆنگرەی خۆی وەک دەستگایەک ئەبێ بۆ پشتیوانیکردن لە کۆنفرانسی کورد بۆ ئاشتی.
کۆنفرانسی ئاشتی بۆ ئەکرێ؟ لەبەرئەوەی ئێستا ئاشتی نیە لە کوردستان دا...

کاتێک ئاشتی هەبێت پێویستی بەوە ناکات ئێمە کۆنفرانسی ئاشتی ببەستین، وەکو دکتۆر موسا کەڤاڵ باسی کرد، نێوانی حزبەکانی کوردستانی عێراق بەو شێوەیەیە کە من سەرەتای قسەکانم ئیشارەتێکی بچووکم پێدا، وە دوایین پێشهات ئەوەیە کە سامی عبدالرحمن زۆر بە تەئکیدەوە ئەڵێ: پارتی نارازیە لەوەی کە بەرێز مام جەلال تاڵەبانی خۆی کردۆتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان. کاک فەرەیدون عبدالقادر یش لەقسەکانی ئەمرۆی «کوردستانی نوێ»دا باسی ئەوە دەکات کە مەسەلەی داهات گرنگە... دیارە کاتێک ئێمە باس لە ئاشتی دەکەین و باسی ناکۆکی حزبەکان دەکەین، ناتوانین لە سفرەوە باسی بکەین، واتە بابەتەکە لە «سفر» ەوە دەست پێ ناکات و پێشینەیەکی کۆنی هەیە. ئەگەر باسی شەڕی دوایین بکەین ئەوا لە ساڵی٩٤وە دەستی پێکردووە، ئەگەر باسی کۆنتریش بکەین، کۆنتریش هەر هەبووە، لەبەر ئەوە ناکرێ لە مێژووە کۆنەکەیەوە باسی بکەین بەڵکو لە دوایین «خاڵ» ەوە کە مەسەلەی ئەمرۆیە باسی دەکەین کە بریتیە لە: داهاتی کوردستان، وە سەرۆکایەتی کردنی کوردستان.

بە بۆچونی من هەردووک مەسەلەکە ڕاستیان تێدایە: واتە ئێمە وەکوو مرۆڤی کورد دەتوانین لەسەر هەردوو مەسەلەکە ڕەئیمان هەبێ. داهاتی کوردستان هەقە بدرێتەوە بە خەڵکی کوردستان، وە پێوستە حزبێکی تایبەتی دەستی بەسەردا نەگرێت و بە شێوەیەکی زۆر عادلانە چارەسەر بکرێت. بەهەمان شێوەش قسەکەی کاک سامی عبدالرحمن و برادەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان یش حەقانیەتی تێدایە لەوەی کە « ڕەوا نیە سەرۆکی حزبێکی سیاسی لە کوردستانی عێراقدا پێش ئەوەی هەڵبژاردن بکرێ خۆ بکاتە سەرۆکی کوردستانی عێراق»، چونکە ئەگەر وابێ ئیتر مەوزوعی هەڵبژاردن مەفهومی نامێنێ: **کاتێک** ئەم ململانێ یە لەسەر دەسەڵاتە، **کاتێک پێش ئەوەی ململانێ لەڕووی یاساییەوە بە ئەنجام گەیشتبێت** تۆ خۆت ناو نابێت «سەرۆک»، ئەوا پێداگرتن دژی ئەوە حەقانیەتی تیا هەیە.

پێموایە ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە و ئەکرێ لەسەر ئەوە دەنگی خۆمان بگەینینە خەڵک و ئەو کەسانەی لێپرسراون لە کوردستان و گوێیان لە قسەکانمان هەیە، چونکە ئەم کێشەیە بەڕاستی کێشەیەکی جدیە. هەقانیەت لەنێو هەردوو بابەتەکەدا زۆر هەیە. ئێمە ناتوانین لە سفرەوە دەست پێبکەینەوە و مێژووی دوور و درێژ و کتێب بخوێنینەوە بۆ ئاشتی حیزبەکانی کوردستانی عێراق، بەڵام لەم نێوەدا پێوەندی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستانیش مەوزوعێکی زۆر بایەخدارە کە پێویستە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە.

جاران ئەوترا **پارتی کرێکارانی کوردستان** هاتۆتە ناو خاکی کوردستانی عێراق و لەوێوە شەڕ ئەکات دژی حکومەتی تورکیا، ئەوە بەهانەیک بوو، ئێستا پارتی

کرێکارانی کوردستان ڕایگەیاندوە بۆ هەموو دنیا، وە دنیاش ئاگای لێیە کە ئەوان شەڕ ناکەن دژی حکوومەتی تورکیا، وە ئامادەن خەباتی خۆیان بەشێوەیەکی سیاسی بەرنە پێشەوە؛ بۆیە هیچ پاساوێک نیە بۆ ئەوەی حزبێکی دیکەی کوردی بەگژیاندا بچێت وهەوڵدات ئەوان لەناوبەرێ.

ئەز وەک ئینسانێکی نەتەوەپەرست قسە ناکەم، بەڵکو وەک مرۆیەکی هەقخواز، وەکو ئینسانێک کە بڕوای بە عەدالەتی ئینسانی هەیە ئەدوێم ... لەو ڕوانگەیەوە کاتێک کەسێک دەڵێ من شەڕ ناکەم لەدژی تۆ وە ئامادەم ئاشتی بکەم لەگەڵ تۆ، تۆش ئیتر دەبێ ئاگات لە **ئەو** بێت. بۆیە هیچ پاساوێک نیە بۆ بەردەوامبوونی شەڕ لەبەینی پارتێکی کوردی لە کوردستانی عێراق و پارتێکی تری کورد کە ئەویش بە هەمان زمان و فەرهەنگ و کولتورەوە درێژە بە ژیانی ئەدات.

لەبەر ئەوە ـ ئەگەرڕێگام بدەی ـ پێموایە دەکرێت ئەم کێشەیە کۆتایی پێبێت بە شێوەیەکی ئاشتیانە لە چوارچێوەی کۆنفرسێکدا.... وە «کۆنفرانسی ئاشتی کورد» لەم چوارچێوەیە دەرناچێ. واتە ناتوانێ باسی مەسەلەکانی داهاتووی دوور بکا لە پەنجا ساڵی داهاتوودا بەڵکو باسی ئەو شتانە ئەکات کە ئێستا لە کوردستان دا هەن و پێوستە چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە. وە بە ڕای من ئەو کۆنفرانسە لە ئوکسجین زەرورترە بۆ مرۆڤی کورد و پێویستە بەرەوپێش بچێ و ئیشی بۆ بکرێ. سەبارەت بە قسەکانی کاک یوسف زەنگەنە[دەربارەی دیموکراسیەت] حەز ئەکەم بڵێم: لە دنیای ئێستادا کە دنیای خۆرئاوا دەستی بەسەردا گرتووە لەڕووی فکری و فەرهەنگی کلتوریەوە ڕێگایەک دۆزراوەتەوە بۆ چارەسەری گیروگرفتەکان کە بریتیە لە ڕێگای پەرلەمانتاریزم وهەڵبژاردن.

ئێستا ئیتر کورد چاوی کراوەتەوە... ئێمە گوێ لە هێندێ کەس ناگرین لە کوردستان یاخود لە وڵاتێکی تر تاکو فێری دیموکراسیمان بکات، چاومان کراوەتەوە، گوێمان کراوەتەوە. لەجیاتی ئەوەی گوێ لە وتەی هەندێ کەس بگرین کتێبەکانی **جان ستوارت میل** دەخوێنینەوە لەسەر دیموکراسی. جا ئەگەر ئەو ئازادیەی ئەوان باسی دەکەن بەشێوەی پەرلەمانتاریزم و گەڕانەوە بۆ ڕای خەڵک بێ، ئەوکاتە ئیتر گرفت نامێنێت. لەبەر ئەوە هەر ڕێگایەکی تر جگە لە ڕێگای پەرلەمانتاریزم و ڕێگای هەڵبژاردن حەتمەن ئەنجامی خراپی ئەبێ.

# نامەی کراوە بۆ
# م . س یەکێتی نیشتمانی کوردستان(*)

لەندەن
٢٠٠٠/٧/٢١

بۆ مەکتەبی سیاسی **یەکێتی نیشتمانی کوردستان** ی بەڕێز
سڵاوی گەرم...
بەداخێکی زۆرەوە بیستمان لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لەناو شاری سلێمانی بەهۆی باری نائاسایی و تێکهەڵچونەوە چەند کەس لە ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و دوو پێشمەرگەری ئاسایش کوژران، وە زیانێکی تری گەورە بەرجەستەی خەڵکی کوردستان کەوتۆتەوە.
ئێمە وەک ئەندامی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە پێویستمان زانی ڕای خۆمان لەسەر ئەو وەزعەی ئێستا لە ئارادایە بنووسین کە دوا بەدوای ڕووداوەکان و وردبوونەوە لە ئێستا و ڕابوردوی کێشەکان لامان گەڵاڵە بوە:

**یەکەم:** ئێمە بەتەواوی پشتیوانی لە شارەوانی سلێمانی دەکەین بۆ چۆڵکردنی شار لە هێزی چەکدار، هەروەها ئەو بڕیارە بە هەنگاوێکی دروست ئەزانین و هەر لایەنێک دژی ئەو بڕیارە بوەستێ یاخود وەستابێ بە ناشارستانی لەقەڵەم ئەدەین و بەلامانەوە مەحکومە.

**دووەم:** لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە زۆر ناڕازین لەوەی لەکاتی گفتوگۆی هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ نوێنەرانی حیزبی کۆمۆنیست تەقە لە ئەندامانی حیزبی ناوبراو کراوە و چەند کەس کوژراون، هەروەها گرتنی لێپرسراوانی حیزبی ناوبراو لەکاتی گفتوگۆدا و ڕاگەیاندنی ئەوەی کە دەبێ حیزبی ناوبراو بچنە ناوچەی پارتی و ناوچەی یەکێتی چۆڵ بکەن، بە تەواوی دژ بە پرەنسیپی ئازادی ڕادەربڕین ئەزانین و لایەنگری ناکەین.

**سێهەم:** ئێمە هەر جۆرە هەوڵدانێکی نایاسایی و بەدەر لە دەسەڵاتی دادگا بۆ بێدەنگکردنی ئۆپۆزیسیۆن بێ پاساوی مەعقول، بە ڕەفتارێکی ناشارستانی و بەسەرچوو ئەزانین و پێمان وایە سیاسەتی پاوانخوازی لەگەڵ بەرژەوەندی باڵای میللەتی کورددا نایەتەوە و دەبێ ڕێگای پێ نەدرێ و بەرنامەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەو مەسەلانەی بەڕوونی دەستنیشان کردووە.

**چوارەم:** بە شەرمی دەزانین بۆ خۆمان ـ وەک ئەندامی یەکێتی ـ هەر لەو کاتەدا کە حزبە نەتەوەیی و چەپەکان فشاری هەمە جۆریان دەخرێتە سەر، گروپ و ڕێکخراوە کۆنەپەرست و وابەستەکان بە کەیفی خۆیان بە کوردستاندا تەراتێن دەکەن و کەس یەخەیان پێ ناگرێ.

**پێنجەم:** ئێمە دڵنیاین بێدەنگبوونمان لە ئاست هەر جۆرە سیاسەتێکدا کە لە کوردستان دا پیادە دەکرێ، دەبێتە نیشانەیەکی مەترسیدار بۆ نەمانی گیانی پێشکەوتن و ئازادیخوازی ،چ لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان دا یاخود لەناو گەلی کورددا بە گشتی، بۆیە داواکارین و پێشنیار دەکەین کە کێشە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ناوخۆ و پارتە نەتەوەییە ڕاستەقینەکاندا بە زمانی دیالۆگ و گفتوگۆ چارەسەر بکرێ و خوێنرێژی و براکوژی حەرام بکرێ.

(*) ئەم نامەیە لە کاتی بڵاوکرانەوەیدا جگە لە ناوی من، ئیمزای کاک سابیر کۆکەیی و کاک فەرەیدون کونجرینی یشی لە سەر بوو.

# دەربارەی شەڕی ناوخۆیی

میدیا تی ڤی،
پانێڵ ـ بروکسل، ٢٠٠٠/٩/٣٠

**[ بەشداران: حاجی ئەحمەدی، مەسعود ئویسال ]**

**پرسیار:**
**بەڕێز حاجی ئەحمەدی دەڵێ ئەو شەڕە بناغەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شەستەکان، ئێوە لەناو یەکێتیدا بەرپرسیاربوون، هەم ڕاگەیاندن هەم چەکداری هەم سیاسی، بڕوای ئێوە چیە؟**

**وەڵام** :
قسەکانی کاک حاجی ئەحمەدی لەڕووی مێژووییەوە ڕاستن، واتە ئەم ململانێیەی ئێستا لەنێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستاندا هەیە پێشینەیەکی کۆنی هەیە، بەڵام من نامەوێ لاپەڕە کۆنەکانی مێژوو هەڵدەمەوە و بگەڕێمەوە بۆ ڕابوردویەکی زۆر کۆن. من لە ساڵانی دواترەوە دەست پێدەکەم، وە بەڕێکی لەم شەڕەی ئێستاوە کە لە کوردستاندا لە نێوان یەکێتی و پارتیدا هەیەو لە ئاکامی ڕێکنەکەوتنی یەکێتی و پارتیەوە سەری هەڵداوە.
ئەگەر یەکێتی لەگەڵ پارتی ڕێککەوێ، ئەگەر کێشەکانی نێوان ئەم دوو حیزبە گەورەی کوردستانی عێراق کەمبێتەوە، ئەگەر پەرلەمانێکی سەربەخۆ، پەرلەمانێکی دیموکراتی لە کوردستانی عێراق دروست ببێ، ئەگەر حکومەتێکی سەربەخۆی یەکگرتوو لە کوردستانی عێراقدا هەبێ... یەکێتی نیشتیمانی کوردستان پێویستی بەوە نابێ شەڕ لەگەڵ پ. ک. ک بکات، وە پێویستی بەوە نابێت پەیوەندیەکانی خۆی **لە ئاستی ناوچەییدا بگەێنێتە ئاستێک** کە پێویستی بەو شەڕە هەبێت.
وەک عەرزم کردن ناگەڕێمەوە بۆ مێژووی زۆر کۆن، ڕەنگە ئەگەر پێویست بکات لە کاتی تردا قسە لەسەر ئەو مێژوە بکەین، ئەوەش ئەکرێ، بەڵام ئێمە، یاخود وەکو خودی خۆم وەک ئەندامی **کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان**، وەک لێپرساوەتی سەرشانی

خۆمان پێمانوایە ئەو شەڕە لە قازانجی گەلی کورد نیە: دەکرێ بوەستێ و ئیمکانی ئەوەش هەیە بوەستێ، وە ناکرێ ئێمە بڵێین ئەو شەڕە پێویستە چونکە پێویست نیە! واتە دەکرێ چارەسەرێکی بۆ دابنرێ لە ڕێگای کۆنگرەی نەتەوەیی یەوە، لە ڕێگای کۆمیتەی ئاشتی یەوە، لە ڕێگای خەڵکانی خێرخواز و چاکەخوازەوە. کەواتە ئەو شەڕە شەڕێک نیە بڵێین پێویستە بکرێت وە یەکێتی ناچارە بیکات!
لەو تێڕوانینەوە پێموایە دەکرێ چارەی بۆ بدۆزرێتەوە و ڕێگای پێ بگیرێ، وە بە زوترین کات بوەستێ و خوێنی کورد بە دەستی کورد نەڕژێ.

**پرسیار:**

**ئێوە دەڵێن ئەگەر یەکێتی و پارتی ڕێککەوتبان ئەو شەڕە نەدەقەوما، بەڵام ئەو دو حیزبە هەریەکەیان ئەوی دی تاوانبار دەکەن بە نزیکیی لە حکومەتی عێراق و نایانەوێ فیدراڵی دابمەزرێ، پارتی حەفتەی پێشوو بەیانێکی بڵاو کردەوە کە لەگەڵ حکومەت لە فیدراسیۆنێک دا بن، ئێوە چۆنی دەبینن؟**

**وەڵام:**

بەڵێ من ڕام وایە. کاتێک ڕام وایە خواستیشم وایە، وە خواستی کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستانیشە وابێ، واتە: پەرلەمانێکی یەکگرتوو هەبێ، حوکمەتێکی یەکگرتوو هەبێ، ئاشتی هەبێ لە کوردستاندا. شەڕی یەکێتی و **پ. ک. ک** لە ئاکامی ڕێکنەکەوتنی ئەو دوو حیزبەی کوردستانی عێراقەوە سەریهەڵداوە. من نازانم ئەوەی پارتی سەبارەت بە فیدراسیۆن ئەیڵێ تا چ ئەندازەیەک قابیلی جێبەجێبوونە. دەبێ ئەوە دابنرێ بۆ داهاتوو ئاخۆ ئەوە دەکرێ یان ناکرێ.
لەو ڕوانگەیەوە پێموایە دەکرێ ئەو دوو حیزبە ڕێبکەون، وە ئەگەر پارتی لەگەڵ حکومەتی عێراقیشدا ڕێبکەوێ ئەوە سیاسەتی خۆیەتی. من نازانم ئاخوا ڕێئەکەوێ یان نا، بەڵام بە ڕای من ئەو قسانەی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە دەکرێ حەقیقەتی شتەکان نیە، واتە لەودیوی دەزگای ڕاگەیاندنەوە شتی تر هەیە.

**پرسیار:**

**ئێوە دەمێکە یەکێتی نیشتیمانی دەناسن، ڕاتان چیە لە سەر ئەو پروپاگەندانەی بڵاودەکرێنەوە؟ ئێوە چۆن لەوە حاڵی دەبن؟**

**وەڵام:**

بە نسبەت پروپاگەندەوە، دیارە پروپاگەندەیەکی زۆر ناخۆش هەیە لە تەلەفزیۆنەکانەوە

دژ بە یەکتری کە دیاردەیەکی زۆر نابەجێیە. من پێموایە پروپاگەندەی ناڕاست، پڕوپاگەندەی دوور لە هەقیقەت، لایەنێک کە ناهەقە بڵاوی ئەکاتەوە، واتە تەرەفێک پێویستی بە پڕوپاگەندەی ناڕاستە کە لەسەرهەق نیە. بۆیە ئێستا کە شەڕ ڕەوایی تیانیە، واتە کوشتنی ئەو برا کوردانەی لە کوردستانی تورکیاوە ڕویان کردۆتە کوردستانی عێراق هەق نیە، ڕەوا نیە، ئەبێ حاڵەتێکی پڕوپاگەندەیی خەستوخۆڵی بۆ دروست بکرێ گوایە ئەمانە لەلایەن حوکمەتی بەعسەوە پشتیوانی ئەکرێن، گوایە ئەمانە لە فلان شوێنەوە پشتیوانی ئەکرێن. ئەمەش بۆ ئەوەی هاوسۆزی خەڵکی کوردستانی عێراق بۆ هەبوونی ڕاپەڕین، بۆ هەبوونی شۆڕش، بۆ هەبوونی هەر بزوتنەوەیەکی ڕێفۆرمخوازانە لە کوردستانی تورکیادا کەمبێتەوە و نەمێنێ.

من وای تێئەگەم وە بەداخەوەم.... دیارە لێکدانەوەی تەواوی لایەنەکانی ئەم پڕوپاگەندەیە لە کاتێکی وەک ئێستادا ئیمکانی نیە. وەپێموایە ئەو شەڕی پڕوپاگەندەیە سومعەی کورد لەبەرچاوی یەکتری زۆر خراپ ئەکات. کاتی خۆی لەگەڵ برادەرانی تری کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە بەریتانیا سەردانی کەسانی پەرلەمانمان کرد، قسەی یەکەمیان ئەوەبو: کورد خۆی لەناو خۆیدا گرفتی هەیە. واتە ئەگەر کورد لەناو خۆیدا گرفتی نەبێت ئەتوانێ لە ئاستی جیهانیدا کێشەکانی زۆر باش بەرەو پێشەوە بەرێت.

بەو شێوەیە وەکو کاک ئۆیسال یش فەرمووی ئەگەر ئێستا لە کوردستانی عێراقدا هەموو پێشمەرگەی «پ. ک. ک» کۆتاییان پێ بهێنرێ پ. ک. ک کۆتایی پێنایەت: شۆڕشی کورد لە کوردستانی تورکیا کۆتایی پێنایەت، بزوتنەوەی مرۆڤەکان بۆ ئازادی کۆتایی پێنایەت...

ئەم شەڕەی لەوێ دەستی پێ کردووە، بناغەکانی وەکو پێشتر باسم کرد ئەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی مەیلێکی دیموکراتی، مەیلێکی ئازادی خوازانەی هەڵقوڵاو لە خەڵکەوە بۆ ئەوەی وەزعی کوردستان بەرەو سەقامگیربوون بەرێ. من لاموایە وەزعی جیهانیش زۆر زۆر نالەبارە بۆ ئەم شەڕە. ئەگەر تەماشای وەزعی عێراق بکرێت لە چەند ڕۆژی پێشوودا فرۆکەی ڕووسی و ئیتالی و فەڕەنسی و ئەردەنی و یەمەنی خواروو لە بەغدا نیشتونەوە. ئەم وەزعە وا دەکات عێراق بە گورجی ڕووەو هەستانەوە بڕوا تاکو وەزعی خۆی بینا بکاتەوە، ئەمە، جگە لە حزبەکان، لە قازانجی کوردیشدا نیە بە گشتی. ڕای من وایە دەکرێ بیر لەو لایەنەی وەزعەکە بکرێتەوە کە لە ئاستی عێراقیدا خەریکە ڕووبەڕووی چی ئەبینەوە! وایدەبینم **پ.ک. ک** مەترسی نیە بۆ سەر یەکێتی، هەروەکو کاک کانی یەڵماز یش ڕوونی کردەوە، پەیوەندیش هەبووە، ئەم پەیوەندیانە بە ناهەق پچڕاون، بە ناهەق کۆتاییان پێهاتووە و بەرەو ئەو وەزعە ڕۆیشتووە. بە ڕای من ئەم شەڕە لەڕووی عەسکەریەوە زۆر چارەنووس ساز نیە، بەڵکو لەڕووی سیاسی و سۆزەوە

مەترسیدارە: کوردی باکوور لەگەڵ کوردی باشوور لێکدەترازێنێ.... ئیتر وایلێدێ بیرکردنەوە لە یەکگرتنەوەی کورد زۆر زەحمەت دەبێ. ئیتر کورد وەکو ئاردی ناو دڕکی لێدێ، واتە ئێمە قەت ناتوانین بڵێین کورد یەک میللەتە یاخود یەک میللەت بووە... ئەبێتە کێشە و گیروگرفت لە بەشەکانی کوردستانداو هەتاهەتایە وەکو شەڕی نێوان یەکێتی و پارتی ئەمێنێتەوە.

**پرسیار:**

**حەز دەکەم لەسەر خاڵێک بوەستم. ئێوە وتتان ئەم شەڕە سایکۆلۆجی میللەتی ئێمە خراپ دەکات، لەسە ئەو مەسەلەیە دو ڕۆژ پێش پانێلێک هەبوو ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی مەلا بەختیار وتویە « ڕەنگە تەقەوەستان هەبێ بەڵام ئێمە لەگەڵ پ ک ک ئاشتی ناکەین.»**

**وەڵام:**

با ئەوەیان ببێ، با شەڕ وەستان ببێ، با خوێنی ئینسانەکان بە ناهەق نەڕژێ، ئەو کاتە با ململانێی فیکری، ململانێی سیاسی ــ ئەگەر هەیە ــ بکرێ، بۆ نمونە ئێستا لە وڵاتی بەریتانیا ململانێیەکی بەردەوام هەیە کە سەد ساڵە بەردەوامە لە نێوان دوو حیزبە گەورەکەدا: پارتی کۆنەپارێز و پارتی کرێکاران. ئەم ململانێیە هەیە. بەردەوام ڕەخنە لە یەکتری ئەگرن، بەردەوام یەکتری ڕیسوا ئەکەن و قسە ئەکەن. بەڵام بۆ بەرژەوەندی میللەتی خۆیان ئەیکەن وکەسیش کەس ناکوژێ.

واتە لە کوردستانی گەورەشدا یان لە کوردستانی عێراق دا ئەگەر کاک بەختیار قسەی کردووە یاخود کەسێکی تر ئەو بڕیارەی داوە لەسەر مەسەلەی ئاشتی، گرنگ تەقە وەستانە... گرنگ ئەوەیە شەڕ نەکرێ، خوێن نەڕژێ.... باقی مەسەلەکانی تر با بەردەوام بێ... هەر کەسێکی ئازادیخواز پشتیوانی لەوە ئەکات کە ململانێیەکی سیاسی لە ئاستێکی فراواندا لە بەرچاوی جەماوەری خەڵک هەبێ. ئەگەر پ. ک. ک عەیبێکی هەیە، کەموکوڕیەکی هەیە ــ کە حەتمەن حزبی گەورە کەموکوڕی هەر هەیە ــ با باس بکرێ. **گرنگ ئەوەیە ئەم ململانێیە نەگاتە ئاستی خوێن ڕشتن، نەگاتە ئاستی ئەوەی ئینسانەکان لەباری فیزیکیەوە لەناو ببرێن. ئەوە مەسەلەیەکی گرنگە.**

دێمە سەر خاڵێکی تر کە پەیوەندی بەوەوە هەیە کەسێک پشتیوانی لە بەڕێز ئۆجەلان ناکات، کەسێک پشتیوانی لە فلان سەرۆکی کورد ناکات لە کوردستانی عێراق، کەسێک پشتیوانی ناکات لەڕێبەرێک لە کوردستانی ئێران، ئەمە گرنگ نیە. گرفتی بنچینەیی ئەوەیە ئایا تۆ مەسەلەی کورد لە کوردستانی تورکیا بە ڕەسمی ئەناسیت؟ کورد لە کوردستانی تورکیا هەوڵدەدات بۆ ئازادی، هەوڵدەدات بۆ ئەوەی زمانی

قسەکردنی بە ڕەسمی بناسرێ، هەوڵدەدات بۆ ئەوەی بە کوردی بخوێنێ، تەلەفزیۆنی کوردی هەبێ و ئەو هەقە دیموکراتیانە وەدەست بێنێ کە ئێستە لە ئاستی دنیادا هەن. تۆ وەک کوردێک لە کوردستانی عێراق ڕەئیت چیە بەرامبەر ئەو خواستانە؟ پشتیوانی لێ دەکەی یان ناکەی؟

**خاڵی گرنگ ئەوەیە.**

مەسەلەی گرنگ ئەوە نیە تۆ تاقە خاڵێک دەستنیشان بکەیت بۆ سەری ڕەمبەکەی خۆت و کەسێک بکوتیت، ئەمە دیارە ماستەکە مویەکی تیادایە،... دیارە کێشەکە شتی تر لە پشتیەوەتی بۆیە تۆ ئەتەوێ حیزبێک یان کەسێک بکوتی: شۆڕشێک لە ئارادایە، جوڵانەوەیەک هەیە، تۆ پشتیوانی ئەو جوڵانەوەیە ئەکەیت یا ناکەیت؟

من بە لای خۆمەوە شتەکان وا ئەبینم. منیش ڕەخنەم هەیە بەرامبەر پ. ک. ک، منیش ڕەخنەم هەیە بەرامبەر ی. ن. ک، بەڵام من چەندین ساڵ لەناو ی. ن. ک دا بووم و ئێستاش ئامادەم بۆ هەر شوێنێک کە پێویست بێ لە بەرامبەر دوژمنانی گەلی کورددا وەک پێشمەرگەیەک ئامادە بم لە هەر پارچەیەکی کوردستان.

**پرسیار:**

**لە کاتێکی وەک ئێستاش دا ئێوە ئامادەن خزمەت بکەن؟**

**وەڵام:**

من دژی ئەوەستم وە تا دوایین توانایی خۆم قسە ئەکەم، ڕائەوەستم لە بەرامبەریدا چونکە بڕوام وایە کە ئەم شەڕە ناڕەوایە و ناهەقە، زەروری نیەو یەکێتی زیانی تیا ئەکات. هەر کەس بۆچوونێکی هەیە بەرامبەر حزبەکەی خۆی. من پێموایە ئەبێ ئەم شەڕە بووەستێ، وە نەوەستانی زیانێکی گەورە ئەدا لە ئێستاو چارەنووسی گەلی کورد.

**پرسیار:**

**بە بڕوای ئێوە گەر ئیمکانی خەباتی سیاسی لە ناوچەکەدا بەو شێوەیەیە کە کاک حاجی ئەحمەدی باسی کرد (خەباتی پارلەمانی) بۆچی یەکێتی و بەڕێز مام جەلال لەو ئاقارەدا هەوڵ نادەن و حەرەکەت ناکەن؟**

**وەڵام:**

بەڵێ. بێگومان بەڕێز مام جەلال کۆششی کردوە لەو ئاقارەدا، وە ئێستا وەزعی

کوردستانی عێراق وەکو وەزعی کوردستانی تورکیا و کوردستانی ئێران نیە. لە ساڵی ١٩٩١بەدواوەوە کوردستانی عێراق ئازادە، وە کۆمەڵانی خەڵک پشتیوانیان کردووە لە یەکێتی و پارتی و حزبەکانی تر کە هاتوونەتە سەر کار و ئێستا دەسەڵاتدارن. هەلومەرج لێرە جیاوازی هەیە لەگەڵ بەشەکانی تری کوردستاندا، ئەوکاتەی یەکێتی و پارتی پەیوەندیان باش بوو، پێکەوە هەڵبژاردنی پەرلەمانیان ئەنجامدا کە بوو بە جێگای ئومێدی خەڵک، وە بوو بە جێگای سەرنجی هەموو دنیاش. واتە هەموو وڵاتانی دنیاش، ئەوانەی بایەخ دەدەن بە کێشەی کورد زۆر بە سەرنجەوە هاتنە پێشەوە. لە بەرئەوە تا ڕادەیەک ئەتوانم بڵێم گەر هەوڵبدرایە هەنگاوی باشتری بۆ بنرێ، وە لە هەمووی گرنگتر و بناغەیی تر گەر شەڕی نێوان یەکێتی و پارتی هەڵنەگیرسایە ــ کە بەداخەوە هەڵگیرسا و ئێرە جێگای باسکردنی وردەکاریەکانی نیە ــ بێشک ئێستا وەزعی کوردستانی عێراق زۆر زۆر بەرەو پێشەوە چووبوو، وە تەسەور ئەکەم لە ئاستی جیهانیشدا ئەکرا باس لە دانپێدانرانی ئەو پەرلەمان وحکومەتە بکرێ کە ئێستا بەداخەوە دابەشی دوو بووە.

دوایین هەوڵەکان بۆ باشترکردنی گرفتی کوردستانی عێراق لە چەند ڕۆژی پێشوودا، گەر لە وەزعی شەڕی یەکێتی و پکک دوور بکەوینەوە و هەنگاوێک بچینە ئەولاترەوە، ڕۆژنامەی «الحیاه» گفتوگۆی کردبوو لەگەڵ بەڕێزان مامجەلال و کاک مەسعوود بارزانی دا. کاک مەسعود ئەڵێ ئێمە چارەنووس و ئایندەی کوردستانی عێراق لەوەدا ئەبینین کە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا چارەسەر بکرێ بە مەرجێک ئەوان ئیعتیراف بە فیدراڵی بکەن. واتە ئەوان چارەسەری کێشەکە بەو شێوەیە ئەبینن. بێگومان من بۆچونێکی ڕونم نیە ئاخۆ پارتی چۆن ئەم شتەی فۆڕمۆلە کردووە... وە تا چ ئەندازەیەک بڕوایان پێیەتی....، من لە دوورەوە ناتوانم مەسەلەکە بنرخێنم، بەڵام بۆچونم وا نیە کە حکومەتی عێراق بتوانێ یا بیەوێ ئیعتیراف بە فیدراڵی بکات.... وە لە هەمان لاپەڕەدا بەڕێز مام جەلال گفتوگۆی لەتەکدا کراوە، باسی ئەوە ئەکات کە یەکێتی بڕوای بەوە نییە حکومەتی عێراق فیدراڵی بدات.. هەروەها مام جەلال ئەڵێ ــ منیش بڕوام وایە ــ ئەبێ حکومەتی عێراقی بڕوخێنرێ، لابچێ و سیستەمەکەش بگۆڕێ.

**پرسیار:**

**داخوازی ئەمریکاش ئەوەیە؟!**

**وەڵام :**

بەڵێ، ئەمریکاش دەڵێ، بەڵام بۆچوونی یەکێتی جیاوازی هەیە لەگەڵ بۆچوونی ئەمریکا

بۆ کێشەکە، چونکە ئەمریکا دەمێکە ئەڵێ ئەبێ بڕووخێ، لە ساڵی ١٩٩١ دا کە شەڕی کوێت دەستی پێکرد، ئەوان نەیان ڕوخاند!! یەعنی نەیان ویست بیڕووخێنن. ئەگەر بیانویستایە ڕووخاندنی ئیمکانی هەبوو. بەڵام ئەوان نەیان کرد.
بەڵام ئەو تێڕوانینە لە کوردستانی عێراق بەهێزە بۆ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕەسمی بناسرێ. ڕای منیش وایە کە بەبێ گۆڕانی حکومەتی عێراق ئیمکانی ئەوە نیە ئازادییەکی ڕاستەقینە بۆ خەڵکی کوردستانی عێراق وەدیبهێنرێ.

**پرسیار:**

**ئێوە ڕای خۆتان لەسەر شتەکان وت، بەڵام خەڵکانێک هەن دەڵێن: دوای ئەوەی کوردستانی عێراق ئازادبوو، بێئومێدی بڵاوبۆتەوە، وە هەندێ کەس خوازیاری هاتنەوەی بەعسن نەک دەسەڵاتداری حیزبەکان!**

**وەڵام:**

من لەگەڵ بەشی دوایی ئەم خەبەرە نیم کە خەڵکی کوردستان حوکمەتی بەعسیان بوێت و حیزبەکانی تریان نەوێت. ئەو حیزبانەی ئێستا لە کوردستان حاکمن، سەرەڕای ئەو مەسەلانەی باسمان کرد، سەرەڕای ئەو گرفتانەی کەبەداخەوە ــ زۆر بەداخەوە ــ هەن، خەڵکی کوردستان ئەوانی دەوێ. ئەوان خەڵک دەنگی بۆ داون، خەڵک هێناونیە سەرکار، خەڵک ئیعتیرافی پێ کردوون، خەڵک ئەوانی خۆش نەویستایە دەنگی بۆ نەئەدان. وە لەم ماوەیەدا لە ناوچەی یەکێتی هەڵبژاردنی شارەوانی کراوە کە خەڵکی کوردستان لە ناوەوەو دەرەوە ئاگایان لێیەتی، خەڵک بە شێوەیەکی دیموکراتی دەنگیان داوە، وە دەنگی داوە بەو کەسانەی ویستونی وە سەرەنجام دایانناون.
لە سەر ئەو بنچینەیە ئەو لێکدانەوەیەی باسی ئەوە دەکا گوایە خەڵک دەیەوێ حوکمەتی بەعس بێتەوە بەڕاستی بۆچونێکی ڕاست نیە، چونکە حکومەتی بەعس دوژمنێکی خوێنخۆری کوردە. ئەو حکومەتە سەدان هەزارکەسی لە خەڵکی کوردستان کوشتووە، وە هەرگیز تەسەور ناکەم ئیمکانی ئەوە هەبێت خەڵکی کوردستان بتوانێ لەگەڵ ئەو حکومەتەدا بژی.

**پرسیار:**

**من وەکو سایکۆلۆژی دەڵێم، ئێستا مانگانە ٥٠٠ تا ٦٠٠ کەس کوردستان جێ دەهێڵن، ئایا ئەوە بێ هیوایی نیە؟**

**وەڵام:**

ئەوە بەشێکی تری مەسەلەکەیە، ئەوە ڕاستە کە خەڵکی کوردستان بێئومێدبوون لە سیاسەتی ئەم حیزبانە و شەڕی ناوخۆیی، وە بێئومێدبوون لە ئاشت بوونەوە دوای ٥٥ کۆبوونەوەی نێوان یەکێتی و پارتی، هەروەها لەوەش کە کۆبوونەوەکانی ئاشتی ئەنجامی نیە، بێگومان لەوەزعی واهیدا خەڵکی کوردستان بێ ئومێد ئەبێ. وە کە ئەشبینێ شەڕ لە لابەلاوە دەست پێئەکات، ئەوەش بە هەمان شێوە کاریگەری ئەبێت و خەڵکی کوردستان بێهیواتر دەبێت وە حەتمەن ئەوە کاریگەری بناغەیی هەیە بۆ کۆچی خەڵک بۆ هەندەران.

لەسەر پرسیارەکەی جەنابت سەبارەت بە نامەی مام جەلال بۆ ئەحمەد سەزەر.

پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی سەرۆکێکی کورد پەیامێکی داوە بە سەرۆک دەوڵەتێکی تر، وە وتویە ئێمە وادەکەین و بەڵێنی داوەتێ بۆ هاوکاری.

منیش ئەمەم نەبیستووە. بەڕاستی ئەمە یەکەم جارە ئەیبیستم، بەڵام من باوەڕێکم هەیەو پێموایە هەر ئینسانێک، هەر حزبێک وە تەنانەت هەر دەوڵەتێکیش لەم دنیایەدا لە ڕاست و چەپەوە دەورە دراوە. لە قۆڵی « ڕاست» ەوە، واتە لەقۆڵی ڕاسترەوەکان و کۆنەپارێزەکانی خەڵکەوەو، لەقۆڵی«چەپ» یش کە دەکاتە لایەنی خەڵک و زۆربەی میللەت. بەلێکدانەوەیەکی ئاینی، گشت ئینسانەکان کەوتونەتە نێوان بەرداشی هێزەکانی خێر و شەڕەوە: لایەک خێرە و لایەکی دی شەڕە... مرۆڤی دەسەڵاتدار ئەگەر توانی پارسەنگی ئەم خێر و شەڕە ڕابگرێ ئەتوانێ خزمەتی خەڵک بکات، ئەتوانێ بەرەوپێشەو بڕوات، ئەتوانێ ببێتە جێگای ئومێدی کۆمەڵانی خەڵک، ئەتوانێ شتێک بکات. ئێمە لە دەوڵەتەکانی ئەوروپادا ئەوە ئەبینین: دەوڵەتەکانی ئێستای ئەوروپا سەربەخۆن لەڕووی سیاسیەوە، وە توانیویانە چەپ و ڕاست ڕازی بکەن. ڕەنگە من لەگەڵ ئەوە نەبم وەکو شەخسی خۆم، بەڵام ئەم واقیعە ئەبینین. واتە هەوڵدراوە لە بەینی خێر و شەڕدا پارسەنگ دروست بکەن.

ئەگەر ڕێبەرێکی کورد ویستی ئەم پارسەنگە بەلای لایەنی شەڕدا خوار بکا، وە حسابی زۆرتر بۆ لایەنی ڕاسترەو بکاو پێی وابێ ئەم لایەنە ئەیخوات یاخود لەناوی ئەبات، وە یان ئەتوانێ زیانێکی زۆری لێبدات، ئەمە ئیتر بۆخۆی جۆرێکە لە غەڵەت. من وای ئەبینم.

ئەگەر تەماشای وەزعی ئێرانیش بکرێ لە بەینی هەردوو فراکسیۆنی چەپ و ڕاستدا ئەم حاڵەتە بەڕونی ئەبینرێ. هەندێ لە ڕۆشنبیرەکان وایان بە سەرۆک کۆمار ووت. ووتیان: هێزی خێرو شەڕ هەیە لە وڵاتەکەدا، ئەگەر تۆ بتەوێ لایەنی هێزی خێر بگری ئەبێ گوێ بۆ کۆمەڵانی خەڵک بگری.

ئەم حـاڵەتەی مـن دەیبـینم، خـەڵکی تریش دەتوانن بیـبـینن، هەمـو کـەس لە نێـوان دو هێزەکەدان: هێزی چاکەو هێزی خراپە. ئەم تەجروبەیە ڕۆژانە دەبینرێ، ڕەنگە ئینسان لە بنەماڵەی خۆیشیدا ئەم حاڵەتە ببینێ. بە کورتی هەمیشە ئەو گرفتانەی لە ژیاندا بەرەو ڕووت دەبنەوە دەری ئەخـەن تا چ ئەندازەیەک حـیـسـاب بۆ چەپ دەکـەی یان حیساب بۆ«ڕاست» ئەکەی. ئەگەر ئینسان ململانەیەکی بینی ولە دەروونی خۆیا زانی کام لا هەقەو لایەنگری لێ نەکرد، بەڕاستی ئیتر ئەوە بێویژدانی یە.

**پرسیار:**

**کەواتە ئێستا ئێوە هەڵوێستی ڕۆشنبیری کورد چۆن دەبینن؟**

**وەڵام:**

ڕۆشنبیری کورد لە دووریان دایە. ئینسانی بێویژدان هەیە مەسەلەکان ئەبینێ ـ ئەگەر مەبەست لەو وەزعەیە ئێستا لە کوردستان هەیە بەڵێ خەڵکێکی بێویژدان هەیە ـ بەڵام قسە ناکات، ڕەئی خۆی ناڵێ، جیا لەوەی کە ئەترسێ یا لەبەرئەوەی بەرژەوەندی لەوە دایە، یا بۆئەوەی پێی بڵێن کوڕی باشە و بۆ فەترەیەکی تر ڕێزی لێبگرن. **بەڵام کەسێک بیـەوێ هەڵوێستی مێژوویی هەبێ وخۆی بە خـاوێنی بپارێزێ، با گلەیی لێبکرێ، با بە تاقــەوە بکەوێتــەوە، با گـۆشــەنشین بێ بـەڵام هەق پێـویسـتی بـە ووتنە... لەو کـاتەدا پێویستە هەق بوترێ کە ئیتر ناهەق ی شالاوی هێناوە و کۆمەڵانی خەڵک پڕوپاگەندەی ڕاگەیاندن تۆپبارانیـان دەکات و ئەم تۆپبـارانەی ڕاگـەیاندن خـەڵکی وورکـردووە. لەو کاتەدا پێویستە ڕۆشنبیر قسە بکات کە تۆپبارانەکە زۆر خەستە... ئەو کاتەیە کە دەبێ ئینسـانی ڕۆشنبیـر ڕەئی خـۆی بڵێ. کۆمـەڵانی خـەڵک ئەوکاتە پێویستیـان بە مرۆڤی ڕۆشنبیرە نەک لەو کاتانەدا کە ژیان خۆش و چەسپاوە و ئاژاوە نیە.**

# سەرکوتی چەپ
# لە هەرێمی سلێمانی

گۆڤاری «ڕیفراندۆم» ژمارە٣
ئۆکتۆبەر/ ٢٠٠٠

**گۆڤاری «ڕیفراندۆم»:**

**لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا چەند ڕووداو ڕوویدا کە بریتی بوون لە هێرش بۆسەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و فشار بۆسەر حزبی زەحمەتکێشان و داخستنی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان و ئاخر ڕووداویش دەرکردنی بزوتنەوەی دیموکراسیخوازان بوو لەلایەن یەکێتی نیشتمانی یەوە لە هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان لەسەر هەڵوێستگرتنی لەسەر کوژانی پێنج ئەندامی ح ک ک ع وە ئێستاش شەڕ لەگەڵ پ ک ک بەردەوامە، ئایا سەرچاوەی ئەم سیاسەتەی یەکێتی کە دژ بە ئازادی سیاسی حیزبەکان گرتویەتیە پێش چیە؟ ئایا یەکێتی نیشتمانی بە چ شێوەیەک مامەڵەی لەگەڵ ئەو نارەزایەتیانەدا کردووە کە لەدەرەوەو ناوەوەی ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی دژ بەو سیاسەتانەی بەرپابووە؟**

**وەڵام :**

سەرەتا دەبێ ئەوە ڕوون بکەمەوە کە من ئەندامی یەکێتی نیشتمانی کوردستانم. ڕەنگە لە ناو یەکێتی نیشتمانیدا پێوەرێکی دیاریکراو نەبێت بۆ «ئەندام» بون، بەڵام بە حوکمی ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٣ بە دواوە تاکو ئێستا(واتە لە دوای هەڵوەشانەوەی ئاڵای شۆڕشەوە ) لێپرسراوەتی جۆراوجۆرم هەبوە لە ناو یەکێتی دا، ناشێ خۆم لەو بزوتنەوەیە داببڕم کە بە گشتی پێی دەوترێ «یەکێتی نیشتیمانی کوردستان». بەو واتایە، واتە لەو ڕوانگەیەوە کە من سەر بە ئاڵای شۆڕش بوم و دواتر کارم لە ناو یەکێتیدا کردوە، دەردەکەوێ کە سەر بە باڵی چەپی جوڵانەوەکە بوم چ لە ناو یەکێتی یاخود لە دەرەوەی یەکێتیدا، وە هەوڵم داوە وەک هەڵگری بیرو باوەڕی چەپ کارو چالاکی بنوێنم. ئەو پێشەکیەم بۆیە باسکرد تاکو بە خوێنەران بڵێم کە لە ناو یەکێتیشدا هەر لە سەرەتاوە تاکو ئێستا کەسانی چەپ و دیموکراتخواز هەبوون و ئێستاش هەن و وەک هەموانیش ئاگادارن، ئەزمونی « ئاڵای شۆڕش »، سەرەڕای شکستخواردنی، دیارگەیەکی هەبوونی ئەو مەیلە چەپڕەوی و ئازادیخوازیە بو لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا.

تا ئێره باس له «چەپ» دەکەم لەناو ی ن ک دا و دواتر بەچەند ڕستەیەک پێناسی ئەم «چەپ» ە دەکەم و دێمە سەربالّی «ڕاستڕەو» لەناو ینک دا که له سالانی ١٩٨٢ بەدواوه ئیدی به شێوەیەکی گشتی دەسەلاتدار بوەو تا هاتووه هەر دەسەلاتی زیاتر بوه و هۆیەکەشی ڕەنگه له بناغەدا بگەڕێتەوه بۆ ئەوەی ـ جگه له هۆ ئیقلیمی و جیهانیەکان ـ چەپی ناو یەکێتی هەرگیز جگه له منجەمنج و بۆلەبۆلی دیوەخان و قسەو قسەلۆکی ژووره داخراوەکان نەیتوانیوه خۆی وەک جولانەوەیەکی ڕەسمی و خاوەن پێشنیار بخاته بەر چاوی کۆمەلانی خەلک، وه ڕێکخستن بەرەو دووڕیانێکی سیاسی پال پێوەبنێ... ئەوەی به ئەزمونی « ئالای شۆڕش» ناوی چۆته مێژووەوه، جگه له ڕەوتێکی ناکاملی ڕەخنەگرتنی سیاسی و هەلەشەکاری فیکری ـ که ئێمەش مەودایەکی ژیانمان تیا ڕۆیشت ـ هیچی تر نەبوو، وه بەرهەمەکەشی ئەوەیه ئێستا له یەکێتی دا دەبینرێ و له باشترین حالەتیدا ڕیسواکردنی «ڕەخنه» و «چەپایەتی» یه.

به ئەزموون دەرکەوت که پێکهاتەکەی چەندین سالەی یەکێتی نەک هەر نەیتوانی و نایەوێ ئەو ئامانج و ئاواتانه بەدی بهێنێ که لەبەرنامەو دروشمەکانیدا بانگەوازی بۆ کردوون، بەلکه له خالی پێچەوانەی ئەو دروشم و بەرنامەدا ڕادەوەستێ، بۆیه من له زۆر جێگەی تریشدا هەولمداوه حەقیقەتی کەسه ڕاستڕەوەکانی ینک دەربخەم و به خەلکی بناسێنم.

ئینجا بێمەوه سەر کرۆکی وەلامەکەی ئێوه که نەدەکرا پێش باسکردنی ئەو ڕاستیانه سەبارەت به پێکهاتەی ینک لێی بدوێم، بەتایبەتی لەو ڕووەوه که وەلامدەرەوەی پرسیارەکەی ئێوه کەسێکی ئەکادیمی نیه بەڕێکەوت هاتبێته سەر وەلامدانەوەی پرسیارێکی سیاسی.

بڕوای من وایه ینک له پرۆسەیەکی چەندین سالەدا پشتی کردۆته خواستەکانی زۆربەی زۆری کۆمەلانی خەلک و بالی ڕاستڕەو له ناو ینک دا لێپرسراوه بەرامبەر بەزۆربەی ئەو گۆڕانکاریانەی له مەیدانی سیاسی کوردستاندا ڕوودەدەن.

ئەوەی بۆچی ینک ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی پڕبووه له پشێوی و له چەند لایەکەوه دەستیکردوه بەسەرکوتی ئۆپۆزسیۆن، هۆیەکەی دەگەڕێتەوه بۆ چەند سەرچاوەیەک که دەکرێ بەم شێوەیه لێی بدوێین ...

خەلکی کورد له کوردستانی عێراق چەند« گرێ» یەکیان هەیه که پێویستیان بەکردنەوەیه:

** خەلکی کورد لەو ناوچەیەدا « ئینسان» ن و بەو هۆیەوه پێویستیان بەژیان و گوزەرانێکی خۆشترو هەلومەرجێکی ئابوری لەبارتره.

** خەڵکی کورد بەشێکن لە «میللەتی کورد» کە بەسەر چەند وڵاتی ناوچەکەدا دابەشکراوەو لەو ڕۆژەوە کە بزوتنەوەی ناسیونالیستی و هەقخوازانە لەم هەرێمەدا چەکەرەی کردووە، ئەم ناوچەیەش بەشێک بوە لەو جوگرافیایەی کە خواستی یەکگرتنەوەو سەربەخۆیی تیایدا زیندو بوە، بەو واتایە خواستی یەکگرتنەوەی کوردو سەربەخۆیی کوردستان، وە هەر لەو ئاقارەدا سۆزو هەستی نیشتمانپەروەری ــ بەتایبەتی لەوکاتەدا زەبروزەنگ لە ئارادایە ــ لەتوندی لەهەڵچونداية.

** جگە لەوانە، کوردستان بە عێراقەوە بەستراوەو لەگشت حاڵێکدا ئەم بە عێراقەوە نووسانە پێویستی بە بیرکردنەوەو چارەسەر هەبووە، بەتایبەت لەو ئاقارەدا کە حوکمی بەعس لای هیچکام لە لایەنەکان (گەلی کورد، حزبە سیاسیەکان، دنیا) قبوڵ نیە و ڕەتکراوەتەوە وە حاڵەتی « نائارامی» بۆتە وەزعێکی چەسپاو کەناشێت بە لایەکدا نەخرێت.

بەکورتی:

١ــ خەڵکی کورد ئینسانن و پێویستان بە گوزەرانێکی خۆشتر و ژیانێکی مۆدرێن هەیە؛

٢ــ خەڵکی کورد بەشێکن لە میللەتێکی گەورەتر کە پێ ی دەوترێ «کورد» وە ئاواتی مێژوویی وەدینەهاتووی هەیەو بۆی تێدەکۆشێت.

٣ــ کورد لە عێراقدا لە هەلومەرجێکی نائارامیدا بەسەر دەبەن و ژیانیان بە چارەنوسێکی نادیارەوە بەستراوەتەوە...

ئەو سێ حاڵەی سەرەوە دۆخی واقیعین و هیچ حزب و کەسێکی سیاسی ناتوانێ وەلایان بنێ.

وەڵامی پرسیارەکەش لێرەوە دەست پێ دەکات: باڵی دەسەڵاتدار لەناوی ینک دا ستراتیژێکی ڕوون و ئاشکرای لە عاست هیچکام لەو سێ پرسیارەدا نیە، ئەگەر وای دانێین حزبەکانی وەک حزبی کۆمۆنستی کرێکاری و پارتی کرێکارانی کوردستان و حیزبی زەحمەتکێشان و بزوتنەوەی دیموکراسی خوازان هەریەکەیان بەشێوەیەک تەعبیر لە یەکێک لەو خواستانەی سەرەوە دەکەن، تێدەگەین کە بنج و بناغەی هێرشی «هەڤاڵان» لەکوێوە سەرچاوە دەگرێ!!

لەبەر ئەوەی هەڤاڵانی ئێمە شانیان داداوەتە سەردەسەڵاتێکی نایاسایی ــ واتە هەڵنەقوڵاو لە ئیرادەی گشتی خەڵکەوە ــ دوو شتیان بەلاوە زۆر سەرەکیە کە بریتین لە:

**دەسەڵات و سامان.**

ئەوان پێیان وایە هەموو حوکمڕانێک وای کردوەو دەبێ ئەوانیش وابکەن... وە بیستویانە گوایە لە ئەمەریکاو تورکیا وئێرانیش (بەتایبەت باڵی ڕەفسەنجانی!) هەرسەرقاڵی ئەوەن!.

بۆیە بەناچار ئاگایان لە خواستە قوڵ و ڕیشەدارەکانی خەڵک نەماوەو ئەگەر ئاگاشیان لێی بێت خۆی لێ گێل دەکەن و وا نیشان دەدەن ئەوەی نەیارەکانیان لەو بارەوە دەیڵێن گێرەشێوێنی یە!

یەکێتی لەبەرامبەر ئەو سێ « گرفت» ە ی باسمان کرد وەڵامی نیە. وەڵامیان بۆ چاککردنی ژیانی خەڵک و هەوڵدان بۆلابردنی ئابلۆقە ئابوریەکان (هی پارتی وعێراق و دنیا) ئەوەیە خۆیان و تاقمێک لە نزیکەکانی خۆیان بکەن بە خاوەنی سەروەت و سامان، بێگومان ئەمەش لەکۆمەڵگادا ڕەنگدانەوەی دەبێ و مێژووش نیشانی داوە کە شۆڕشی زۆر گەورە لە بەرامبەر «سامان کۆکردنەوە» ی دەسالآتداراندا هاتۆتە ئاراوە. بەرامبەر بە مەسەلەی نەتەوەیی و میللی لە ئاستی کوردستانیدا، ینک ساڵەهایە بێدەنگە و پێی وایە گەر ئەمەریکاو خۆرئاوا وتیان کوردی تورکیا جاری نۆرەی ئازادیان نەهاتووە، ئیتر ئەوە ئایەتی قورئانەو دەبێ پێشمەرگەی پکک لە کێوەکانی ئاسۆس و قەندیل لە برسان بمرن. هەروەها نەبوونی بەرنامەی ڕۆشن لە بەرامبەر حکومەتی ناوەندیدا وایکردوە گروپ و ڕێکخراوی لیبرال و دیموکراتخواز (بەهەر لێکدانەوەیەک) سەرهەڵدەن و بەدوای وەڵامدا بگەڕێن. بە بڕوای من بەگژاچونی چەپەکان و لەوانەش حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق هەوڵدانە بۆ بێدەنگکردنی خواستی عەدالەتی ئینسانی و ئابووری سەرەڕای بێدەنگکردنی ئەو هەوڵانەی بۆ ڕۆشنکردنەوەی چارەنوسی کوردستان دەدرێن.

وە لێدانی پ ک ک ش هەوڵێکی بێهودەیە بۆ خۆگونجاندنی زیاتر لەگەڵ ئەمەریکاو تورکیا، وە نوسانی زیاترە بەسەروەت و دەسەڵاتی ناوچەییەوە بۆ درێژەدان بە ململانێ لەگەڵ پارتی دیموکراتدا، وە دەمکوتی بزوتنەوەی دیموکراسیخوازان و زەحمەتکێشان هێرشە بۆ سەر هەر منجەمنجێکی لیبرالی لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئەو برایانەدا کە جگە لە پەرژینی بەردەمیان ئەملاولای خۆشیان بە چاکی نابینن.

بەو جۆرە پێموایە ئەگەر چارەنوسی ئۆپۆزسیونی سیاسی و « دەرەوە» ی یەکێتی نیشتمانی بەو جۆرە بێ، لە ناوخۆی یەکێتیدا لەوە باشتر نابێ.

# بەرەو کۆنگرەی نوێ...

«پەیام» ژمارە٢٩و٣٠
٢٠٠٠/١١/٢٦، لەندەن

نزیکەی دە ساڵ بەر لە ئێستا، لە وتارێکدا کە ئەودەم بۆ ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» ئامادە کرابوو، نووسەری ئەم وتارە هیوای خواست کە کۆنگرەی یەکەمی «یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان» بتوانێت بڕیارێکی گونجاو سەبارەت بە دامەزراندن و پشتگیریی «پەرلەمانی کوردستان» پەسەند بکات، وە لە هەمان وتاردا گومانی دەربڕی بوو کە ئەو پەرلەمانەی لە کوردستاندا پێکدێت تاسەر خۆی بگرێت و هەڵنەوەشێتەوە. ئەودەمی کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی نیشتیمانی کۆتایی بە کارەکانی خۆی نەهێنابوو وە سێ مانگ دوای کۆنگرە بوو کە پەرلەمانی کوردستان هەڵبژاردنی بۆکرا.
پێشبینیەکەی من لە وتاری ناوبراودا ئەوە بوو کە بە هۆی سەقامگیرنەبوونی گیانی دیموکراسیەت و ئازادیخوازی لە کوردستاندا و لەناو یەکێتیدا، مەزەندە هەیە فەرماندەیەکی عەسکەری ـ نموونەی **ناپلیۆن** و ژەنراڵ **مۆرام** باس کردبوو ـ هەڵبکوتێتە سەر پەرلەمان و ببێتە هۆی لە کارخستنی. داوام کردبوو یەکێتی ڕێگا لە کارەساتی وا ناخۆش بگرێت!...
بێگومان زۆر جێگای خەفەت و زوخاوە دوای تێپەڕبوونی دە ساڵ لە ژیانی میللەتی کورد، یادی ئەو پێشبینیە بکەمەوە کە ـ **دیسان زۆر بە داخەوە** ـ ڕاست دەرچوو: پەرلەمانی کوردستان لە ململانێی ناشارستانیانەی نێوان سەرانی یەکێتی و پارتیدا، لە کاتێکدا شاری هەولێر بە دەست هێزەکانی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستانەوە بوو، سەری نایەوە و تیاچوو.
با سەرەتای وتارەکەی ساڵی ١٩٩٢تان جارێکی تر بێنمەوە بەر زەین:
**«بە بەستنی ئەم کۆنگرەیە و دەرکەوتن و جێبەجێکرانی بڕیارەکانی، مێژووی بەشێکی کورد و بەشێکی کوردستان ڕووەو وەرچەرخانی نوێ و گرنگ هەنگاو دەنێت و سەرکەوتنی خەباتی کۆمەلانی خەڵک بەسەر فاشیەت و بەعسیگەریدا، چ لە بواری مێژوویی و چ لە مەیدانی واقعی و پراکتیکدا بۆ گوزەرانی جەماوەری زەحمەتکێش هەستپێکراوتر دەنوێنێت.**
**هەرکەسە جۆرە چاوەڕوانییەکی لەم کۆنگرە قەرەباڵغە هەیە، ئەوەی زیاتر لە هەر**

**مەسەلەیەک دەشێت چاوەڕوان بکرێت ـ بەڕای من ـ بڕیاری ئەم کۆڕە سیاسیەیە سەبارەت بە دیموکراسی لە کوردستاندا، بە واتایەکی تر سەبارەت بە «ئەنجومەنی یاسادانان» لە کوردستاندا.**
**ئەگەر ئەم خەڵکە سیاسیە بگەنە ئەو قەناعەتە و بڕیاری ئەوە بدەن کە دەبێت لە وڵاتدا ئازادی و سەربەستی دەسەلاتدار بێت و هەمووان ئیلتیزام بە سیستمی دیموکراسیەتی پەرلەمانی (جۆری خۆرئاوایی)یەوە بکەن، ئەوا گەلی کورد، بەتایبەتی هەژار و مسکێنەکانی، دەسکەوتێکی هێندە بەرچاویان وە دەست دەکەوێت کە زیادەڕەوی نییە بڵێین بەشێکی زۆری خوێنە ڕژاوەکەیان بە هەوانتە نەڕژاوە».**
**«کوردستانی نوێ ژمارە١٤» ١٩٩٢/٢/١٠.**

لیژنەی باڵای سەرپەرشتیی کۆنگرە، دەیان بابەتی گرنگی بۆ سەرجەم ڕێکخستنەکانی ئەورووپا و هەندەران لە لیستەیەکدا ناردووە تاکوو بە پێشنیار و بۆچوونی خۆیان لە کەناڵەکانی ڕێکخستنەوە بیگەیەننە دەزگا پەیوەندیدارەکان و قسەی لەسەر بکەن.
من وەک دە ساڵ پێش ئێستا، جگە لەو قسانەی سەرەوە کە لە «کوردستانی نوێ»دا، **لە کاتی کۆنگرەی یەکەمدا و پێش دامەزراندنی پەرلەمان** بڵاوم کردونەوە، شتێکی تازەم نیە زیادی بکەم بۆ کۆنگرەی نوێ!
بە پێوانە لەگەڵ هەبوونی پەرلەمان و دەزگای یاسادانەردا، هەر جۆرە پرسیار و مەسەلەیەک سەبارەت بە دۆخی کوردستان، لاوەکی و بێبایەخە.
بێگومان ئەوە نیشانەیە بۆ لێقەوماوی زۆربەی گەلی کورد و نالایەقیی سەرۆکەکانی کە دوای تێپەڕینی دە ساڵ، دیسان ئەو خواستانەی لە وتارێکدا باسکراون بایەخیان مابێت و بەسەر نەچووبن.
ڕەنگە زۆربەی هاوڕێکانم لەناو یەکێتیدا بە «یەهودا»م دابنێن و پێیان وابێت هەقە پارتی بە هۆکاری سەرەکی لەناوچوونی پەرلەمانی کوردستان دابنرێت.
بەڵام وەڵامی من هەر ئەوەیە کە لە وتارەکەی ١٩٩٢دا وردتر باسم کردووە و لێرەشدا یادی دەکەمەوە.
ئەوەی لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا «یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان» بۆ گەلی کوردی ئەنجامداوە، زۆر کەمترە لەوەی دەکرا یەکێتیی نیشتیمانی ئەنجامی بدات و پرۆژەکانی ئەو بە حیزبەکانی وەک زەحمەتکێشان و سوسیال دیموکراتیش ئەنجام دەدران.
چ حیکمەتێک لەوەدایە پارەی میللەت لە کەناڵی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە وەربگیرێت و جادە و پارکی لە وڵاتێکدا پێ بنیاتبنرێت کە یاسا و دەسەلاتی یاسای تیادا بنیات نەنراوە؟

دروستکردنی جاده و پارک و دابەشکردنی برنج و ڕۆن کاری ڕۆتینی هەر حکوومەتێکە لە سەرەتاییترین قۆناغەکانی دروستبوونیدا...

ئەرکی یەکێتیی نیشتیمانی ئەوەیە کە ئەو پێشڕەوییە مێژووییەی لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا بانگەوازی بۆ کرد جێبەجی بکات، بگەڕێتەوە سەری و خۆی بە مەسەلە چارەنووسییەکانی میللەتەوە خەریک بکات.

گەلی کورد پێویستی بە ئامرازەکانی قسەکردن هەیە: پەرلەمان، هەڵبژاردن، دەنگدان، ئازادیی بیرورا و حزبایەتی، دەبێت یەکێتی ئەوانەی بۆ زامن بکات.

گەلی کورد پێویستی بە ناسنامە و گەیشتن بە ئامانج هەیە: سەربەخۆیی، کیانی دیاریکراو، سنووری ڕۆشن، چارەنووسی ڕووناک، ئاییندەی پێشبینیکراو، ئاسایشی مسۆگەر.

ئەگەر یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان ئومێدی بە مانەوە و درێژەدان بە ڕێبەریی میللەت هەیە، پێویستە خۆی لە قاوغی ناوچەگەرێتی و عینادی حزبایەتی و بەرژەوەندیی تاقمێک «سەرکردە» دەرباز بکات و سەنگەری خۆی لەناو میللەتدا دیاری بکات: کەس ناتوانێت لەنێوان دوو کورسیدا دابنیشێت!

کاتێک دە ساڵ لە تەمەنی میللەتێک تێپەڕی بێت و تازە بە تازە حیزبی «ڕادیکال»ی ئەو میللەتە لە ڕیزی ئەو پرسیار و مەسەلانەدا کە دەیەوێت ئەندامەکانی بۆ کۆنگرە لێی بدوێن «یاسا» و «پەرلەمان» و «دادگا»ی لابەلایی باس کردبێت، گومان دەبرێت دوای دە ساڵی تریش دیسان ئەم قسانەی لێرەدا کران تازەیی خۆیان لە دەست نەدەن!...

# کۆنگرەی دوەم:
# ئاودانی درەختەکان

٢٠٠٠/١٢/١٤
(بۆ یەکەم جار)، لەندەن

زۆر جێگای خۆشحاڵیە کە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بڕیاری داوە کۆنگرەی دوەم ساز بکات. هەروەها مایەی دڵخۆشیە ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» ش دەیەوێ بە کردنەوەی دەلاقەیەک بۆ دەربڕینی بیروڕای جیاواز، زەمینەی سەرکەوتنی کۆنگرە مسۆگەرتر بکات.

بەڵام وەرن با یەکسەر بچینە ناو کرۆکی گیروگرفتەکانەوە.

نۆ ساڵ بەسەر گیرانی کۆنگرەی یەکەم دا تێپەڕیوە، وە لەماوەی ئەم نۆ ساڵەدا دەیان ڕووداوی گەورە و بچووک، چەندین شەڕ و پێکدادان لە کوردستان و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ی. ن. ک دا ڕوویان داوە و بە حوکمی دەسەڵاتداربوونی یەکێتی لەو ناوچانەدا، مێژووی ئەو بەشەی کوردستان بەبێ «یەکێتی» نانوسرێتەوە... بەو پێیە دەکرێ ئامانجە ڕاستەقینەکانی ئەم کۆنگرەیە کە باشترکردنی وەزعی یەکێتی و خەڵکی کوردستانە بەڕاشکاوی قسەیان لێ بکرێ و لە بێژینگ بدرێن.

بە بڕوای من تێپەڕبوونی نزیکەی ٩ ساڵ بەسەر کۆنگرەی یەکەمدا، لێدوانی خۆشبینانە سەبارەت بە ئامانج و ئاسۆکانی کۆنگرەی نوێ تا ئەندازەیەک دەکاتە زیادەڕەوی. هەڵبەت من ئەو زیادەڕەویەم بە کەمێک لۆمە و ڕەخنەوە لە وتارێکی تردا

(پەیام ـ چاپی لەندەن) دەربڕیوە و دیسـان هیـوام خـواسـتـوە کـۆنگرەی دوەم ــ وەک کۆنگرەی یەکەم ــ پەرلەمان بۆ کورد زیندوو بکاتەوە، گیانی یاسا و پلورالیزم وەژێنێ و گەلی کورد بکاتەوە خاوەنی دامودەزگای چەسپاوی سیاسی و لە چارەنووسی نادیار ڕزگاری بکات...

ئەوەش بەجێگای خۆی.

ئەوەی لەم کـۆنگرەیەدا گـرنگیـەکی تایبـەتی هەیە و دەشێ بایەخی زۆری پێ بدرێ، بە پلەی یەکـەم بـایەخـدانـە بە خـودی هەبوونی «کـۆنگرە» وەک پرەنسـیـپـێکی حـزبی و دەسەلاتێکی بالای سیاسی، دەسەلاتێک کە سەرجەم «پەیڕەوی ناوخۆ» کانی دنیا بە بەرزترین ئۆرگان ناوی دەبەن.

ئەوەی کـە دوای نۆ سـالْ ئەندامـێکی حـزبی نامـەیەکی بۆ بنێردرێ و لـەگـەلْ نامـەکـەدا لیستـەی کێشـە ئالْۆز و پڕگرفتـە فیکری و سیاسیـەکانی یەک «دەیە»ی بۆ لێدوان بۆ ڕەوانە بکرێ (ئەویش بە قورسایی گشت ئەو گـرفـتـانەی پارتێکی سیاسی کوردی لە خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا هاتونە ڕێی!!) کارێکی هێند جیدی و مەعنادار نایەتە بەرچاو.

کادری حیزبی وەک درەخت وایە و پێویستە لەکاتی خۆیدا ئاو بدرێت.

ناکـرێ داوا لە درەخت بکرێ بە سـەوزی وەمـێنـێ ــ یان لەوەش زیاتر ــ داوای بەرهـەمی باشی لێ بکرێ کاتێک «خاوەن» وەک پێویست بە ئەرکی خاوەنبون هەلْنەستابێت.

کۆنگرە ئاوە بۆ درەختی حیزب.

با بیهێنینە بەرچاوی خۆمان.. دوای ٩ سالْ بڕیارە درەختی حیزب ئاو بدرێت!

کاتێک وەبیریان هاتۆتەوە درەختەکە ئاو بدەن کە هاواری تینوێتی دەمێکە بەرز بۆتەوە و کەس ڕووی تێنەکردوە.

سـاتێک بیریان لە هەلْپاچینی لق و پۆپە زیادیەکانی درەخت کردۆتەوە کە ئیدی لق و **پۆپە بێکەلْکەکان بەشێکی قەدی دارەکەشیان داڕزاندوە و هەلْوەراندوە** .

کادری حیزبی ناتوانێ دوای نۆ سالْ وەلامدەرەوەیەکی سەرکەوتوی گشت ئەو گرفتانە بێت کـە ڕێبـەری حـیـزب لە دەیەیەکـدا تێی پەڕاندوون، مـێـشکی مـرۆڤ بەرگـەی ئەوە ناگرێ... وە لەو سـاتـەدا کە ئۆرگانەکانی حیـزب مەیدانی گفتـوگـۆو بیروڕاگـۆڕینەوە نەبوون لەسـەر مەسـەلە جۆراوجۆرەکان و لە دەرەوەی قەلای حزبیش نەتوانرێ متمانە بە ڕۆژنـامــە «بێــلایەن» و لایەنگرەکــان بکرێ بـۆ نرخــاندنی ڕووداوە مــێــژوویی و نامـێـژووییەکـان، هۆلْی کۆنگرە ناتوانێ ببـێـتە هـێلانەی لەدایکبـوونی سـیاسـەت و بەرنامەیەکی جیاواز لەو سیاسەت و پراتیکەی بڕوای بە دەسالْ یەک جار کۆنگرە هەیە!

بێـئـومـێـدی دیاردەیەکی زیانبـەخـشـە، هـەر بۆیەش کـوژاندنەوەی چرای هیـواکـان لە بەرامبەر کۆنگرەی دووەمدا کارێکی شیاو نیە.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئایندەیەکی ئێجگار بەرین و دەستلێنەدراوی لەبەردەمدایە. دەشێ خەریکبوون بە ڕابردووەوە بدرێتە دەست مێژوونووسە بە حەوسەڵەکان، بەڵام حەیفە گەر ئایندەش وەک ڕابردوو ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێت.
ڕاستە درەختی حزب لە ڕادەبەدەر تێنوێتی چەشتوە، بەڵام هێشتاش ئیمکانی ئەوە هەیە ئاوێک بکرێتەوە بە ڕەگو ڕیشەکانیدا و زیندوو بکرێتەوە و گیانی ڕادیکالیزم وعەدالەتخوازی بڕژێتەوە ناو خوێنی دەیان و سەدان و هەزاران.

# دەربارەی شەڕو ئاشتی

میدیا تی ڤی
٢٩/١٢/٢٠٠٠، (پەیوەندی تەلەفۆنی)

**پرسیار:**
**ئێوە وتارێکتان لە «پەیام» دا بڵاوبۆتەوە تیایدا ڕەخنە لە ی ن ک دەگرن. وەزعی کوردستان چۆن دەبینن و چی پێشنیاردەکەن بۆ ئاینده. ئەرکی ی ن ک چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**وەڵام:**
سەرەتا.... پیرۆزبایی ساڵی نوێ لە خەڵکی کوردستان دەکەم کە چەند ڕۆژی دیکە دەست پێدەکا.
ئەو وتارەی لە «پەیام» دا نووسراوە سەبارەت بە وەزعی کوردستانی عێراق، لە ڕاستیدا بە یادی وتارێکی تر نووسراوە کە دەساڵ پێشتر بۆ پەرلەمانی کوردستان نوسراوە، واتە یادی ئەوەم کردۆتەوە کە پەرلەمانی کوردستان لە ١٩٩٢ دامەزرا بەڵام بەداخەوە لە ساڵانی دواتردا فەوتا. ئاواتی من و هەزارانی وەکی من لە دەرەوەی کوردستان ئەوەبو (وە ئێستاش ئەوەیە) کە حکومەتێکی سەربەخۆ و پەرلەمانێکی سەربەخۆو یەکگرتوو لە کوردستان دروست هەبێت و بە شێوەیەکی یاسایی وەزعی کورد لە کوردستانی عێراق دا بەڕێوە بەرێت.
ئەو ئاواتە ئاواتێکی زیندووە و هەزاران کەسی تر ئیشی بۆ دەکەن.
ئەوەی ئێستا لە کوردستاندا پێی دەڵێن حکوومەتی «فیدراڵی» کوردستان (لە هەولێر یا

سلێمانی) بەڕاستی جورئەتێکی زۆری دەوێ ناوی بنێی«حکومەت»، چونکە یەکەمین سیفەتی حکوومەت ئەوەیە کە پەرلەمانێکی قانوونی لە پشتیەوەبێ. واتە پەرلەمانێک هەبێ لەو حکوومەتە بپرسێتەوە. ئەگەر ئەو حکوومەتە سەرپێچیەکی کرد یاخود هەنگاوێکی نا کە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی خەڵک دا نەگونجا، ئەو پەرلەمانە بتوانێ لێی بپرسێتەوە.

بەداخەوە ئێستە لە کوردستاندا پەرلەمان نیە، وە کابینەی هەولێر و سلێمانی هەردووکیان خۆیان ناو ناوە حکوومەت... وەزعەکە بەو شێوەیە دەڕوا... وە لە حاڵەتی نەبوونی پەرلەماندا، لە حاڵەتی نەبوونی دەزگایەکی یاسایی چەسپاودا کە بتوانێ لە دەزگای جێبەجێکردن بپرسێتەوە وەزعەکە بەو شێوەیە دەڕوا کە ئاگامان لێیە: هەر ڕۆژە بەرەو خراپتر و خراپتر. ئیرادەی خەڵک، ویستەکانی خەڵک، داخوازییەکانی خەڵک لە ڕێگای دەزگایەکی یاساییەوە ئیبراز ناکرێ، تاقمێ خەڵک، گرووپێک خەڵکی سیاسەتمەدار لە بەشەکانی کوردستان دا، لە هەولێر و سلێمانی، بڕیاردەدەن و بڕیارەکان جێبەجێ دەکرێت و چارەنووسێکی ڕوون دیار نیە.

بە بڕوای من ئەوە سەرەکیترین هۆیە بۆ ئەوەی وەزعی کوردستانی باشوور بەرەو خراپتر بچێ و شەڕی لەو جۆرەی تیا سەرهەڵدات بەرامبەر **پ. ک. ک** وە لە نێوان یەکێتی و پارتی یشدا درێژە بکێشێ و بەرەو چارەسەر نەچێ.... نەبوونی پەرلەمان و نەبوونی ئیرادەی کۆمەلانی خەڵک لە پەرلەمانێک دا، لە دەزگایەکی یاسایی دا، خۆی هۆیەکی بناغەییە بۆ درێژەکێشانی وەزعی ناجێگیر لە کوردستانی عێراقدا، وە هەوڵنەدان بۆ دامەزراندنەوەی پەرلەمان، هۆیە بۆ دروستبوونی شەڕی خوێناوی لەنێوان هێزەکانی کوردستاندا بە هەموو شێوەیەک. وە پێموایە (گەر بێمە سەر خاڵێکی گرنگ) لە هەواڵەکانی دەرەوەدا باس دەکرێ کە **پارتی کرێکارانی کوردستان** بڕیاری داوە بکشێتەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە داوای لێکراوە. ئەوە بە قەناعەتی من هەنگاوێکی زۆر باشە، وە هەنگاوێکە خزمەت دەکا بە ئاشتی لە ناوچەکەدا. بەڵام وەکو کاک کەمال ڕانیەیی ئیشارەتی پێدا و قسەی لەسەر کرا، حاڵەتێک هەیە ڕوون نیە. واتە سیاسەتی حیزبەکان ڕوون نیە. ئەو شوێنانە کوێن کە دەبێ **پ. ک. ک** بکشێتەوە بۆی؟

من شارەزای خاڵ بە خاڵی ناوچەکانم: بەرد قەڵشیو، شێنێ، زینوی کورتەک، زینوی ئەستێرۆکان ، بناری قەندیل ... کوێ یە؟

دەبێ سەرکردایەتی **ی. ن. ک** ڕوونی بکاتەوە بۆ خەڵک ئەو شوێنانە کوێن؟ وە پێویستە ئەگەر خاڵەکان دیاریکران، بە ئاگاداری وئامادەبوونی خەڵک و حزبە ناوبژیوانەکان (خۆشبەختانە لە کوردستان حیزبی ناوبژیوان کەم نین!) شوێنەکان دیاری بکرێن، وە

ئەوان بزانن ئەو خاڵانە کوێن. سبەینێ ئەگەر گریمان پکک سنووری خۆی شکاندو لەو شوێنەی بۆی دیاریکرا تێپەڕیکرد، باس بکرێ. یاخود ئەگەر ینک یا هێزێکی تر چووە سەر پکک دیسان بۆ خەڵک ڕوون بێ خاڵەکان کوێیە کە لەسەری پێکهاتون... هەروەها ئایا ئەو شوێنەی پێویستە پکک بۆی بگەڕێتەوە شاری دیاربەکرە؟ ئەستەمبولە؟ کوێیە؟ زۆر پێویستە ئەو خاڵە لەڕووی مەبدەئەوە ڕوون بکرێتەوە.

وڵاتێکی وەکو سوریا کە هەموومان ئاگامان لێیە توانی١٥-١٦ ساڵ پکک و ڕێبەری پکک لەخۆی بگرێ، بۆچی ئێستا حزبەکانی ئێمە لە کوردستانی عێراق نەتوانن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ئەو هێزانە لەخۆیان بگرن: لە ئەشکەوتەکاندا جێگایان بکەنەوەو وەکو پارتەکانی تری کوردستانی ئێران کە کاک یەشارقایا باسی کرد. ئێستا زۆر باشە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە لەوێن.... وە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک خەباتی سیاسی خۆیان دەکەن. ئەمە هەقە بە پکک ش ڕەوا ببیندرێ، وە هەقە ئەوانیش لە شوێنەکانی خۆیاندا بمێننەوە تاکو دۆخی سیاسی تورکیا بەلایەکدا دەکەوێ.

لێرەدا دەتوانین ئەوە بڵێین کە پ ک ک لە سەرانسەری جیهان و تورکیادا لە حاڵەتێکی هێرشبەرانەدان، هەر شتێکیان بوێ لە خەباتی جەماوەری و خەباتی قانوونی ئەتوانن بەڕێوەبەرن، بەڵام لە کوردستانی عێراقدا لە حەڵەتی بەرگریدان. بەرگری لە مانەوەی خۆیان دەکەن، بەرگری لە هەبوونی خۆیان دەکەن. پێویستە ئەو هەقەیان پێ ڕەوا ببینرێ و دەستی وڵاتەکانی تر، دەستی دوژمنانی گەلی کورد تێکەڵ بە کێشەکە نەکرێ. چونکە ئاوا ئاڵۆزتر دەبێ. لەو حاڵەتەدا هەڵوێستی کەسانی وەکو ئێمە بەڕاستی بەرەو ئەو لایەنە ئەشکێتەوە کە بە هیچ جۆرێک داکۆکی لەو حزبانە نەکەین وە خۆمان لەوان بەدوور بگرین.

دیارە پ. ک. ک حیزبێکی بچووک نیە چەند کەسێکیان لێ بکوژرێ و دەریان کەن لە ناوچەکەو بڵێن بچن بۆ ناوچەیەکی تر لە کوردستان. وە پکک حیزبێکی خۆشەویستە لە کوردستان و سەرانسەری جیهاندا و هەقە ئەو خۆشەویستیە پکک ش تەقدیری بکا....، خەباتی چەکداری کە ئێستا پکک خەریکیەتی لە کوردستانی عێراقدا هێندێک تایبەتمەندێتی هەیە، سەرەکیترین دیاردەی خەباتی چەکداری ئەوەیە کە بە«کات» و «شوێن» دوە نەبەستراوە. شێوەکانی تری خەبات وەکو مانگرتن یاخود خەباتی ئایدیۆلۆژی کات و شوێنیان دیاریکراوە.

بۆ نموونە کەسایەتیەکی گەورەی وەک ئیسماعیل بێشکچی کە خەباتی ئایدیۆلۆژی کرد لە دژی حکوومەتی تورکیا، خۆی بە تەنیا باجی خەباتەکەی دا چونکە کات و شوێنی «خەباتکار» دکە دیاریکراو بوو. خەباتی مانگرتوەکانیش بە هەمان شێوە لەو ماوەی

پێشوودا که ٢١ کەسیان لێ کوژرا، کاتەکەی خۆیان هەڵیان بژاردووە و بۆ خۆیان قوربانی ئەو بڕیارەیان دا، لە خەباتی چەکداریدا جگە لەو کەسانەی بڕیاری لێ ئەدەن کەسانێکی تری بێتاوان کە بەشدار نین لە بڕیارداندا ئەبنە قوربانی چونکە خەباتی چەکداری پێویستی بە جوگرافیایە، پێویستی بە شوێنە و«کات» یش دیاریکراو نیە.
واتە ئەو کەسەی خەباتی چەکداری دەکا دژ بە حکومەتێک ناتوانێ بڵێ من لە ماوەی چوار مانگدا خەبات دەکەم و پاشان وازی لێ دێنم. کات و شوێن بە تەواوی ونە. **لەبەر ئەوە پێویستە پکک بیر لەوە بکاتەوە هەنگاوە سیاسیەکانی و مانەوەی لە هەر شوێنێکی کوردستان دا، عێراق یا تورکیا، بە کەمترین زیان تەواو بن بۆ خەڵک** .

# دەربارەی «کۆنفرانس» ی ڕیفراندۆم(*)

گۆڤاری«ڕیفراندۆم» ٤
جەنیوەری ٢٠٠١

**پرسیار:**
**بەرنامەی کاری کۆنفرانس ڕیفراندۆم چۆن دەبێت؟ چ کەسانێک دەتوانن بەشداری کۆنفرەنس بکەن؟**

**وەڵام:**
دیارە مەبەستتان لە « بەشداریکردن» لە کۆنفرانسدا ئەو لایەنەیە کە پەیوەندی بە قسەکەرەکانەوە هەیە، دەنا لایەنەکەی تری «بەشداربوون» لە کۆنفرانسدا ڕوونەو ئەویش ئەوەیە :« هاتن بۆ هەموانە»! بێگومان پێویستە سەبارەت بە بەشداریکردنی وتاربێژەکانی کۆنفرەنس ڕونکردنەوەی پێویست بدەین.
وەک دەزانن ئێمە گۆڤارێک بەڕێوە دەبەین بەناوی «ڕیفراندۆم». ئەم گۆڤارە وەک بەناوەکەیدا دیارە بۆ مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراوی سیاسی دامەزراوەو لە پێناوی ئەو مەبەستەدا هەوڵدەدات و چالاکی دەنوێنێ.
هاتنەکایەی گۆڤاری «ڕیفراندۆم» خۆی لەخۆیدا بەو واتایەیە کە کەسانێک هەن بەو وەزعەی ئێستا لە کوردستانی عێراق هەیە ڕازی نین.
دەڵێن لە کوردستان «حکومەتی فیدرالی» هەیە، دەڵێن دەسەڵاتی سیاسی لەوێندەرێ بۆتە «ئەمری واقیع» و شتی لەو بابەتە. ئێمەی بەڕێوەبەرانی گۆڤارەکە لەسەر ئەو باوەڕەین کە وەزع لە کوردستانی عێراق تا دواپلەی « هەڵواسراو» ی، پێ لە بۆشایی و لاوازو قابیلی هەڵوەشان و فەوتانە.
ئێمە خوازیاری ئەوەین وەزعی کوردستانی عێراق لەو دۆخەی ئێستاوە بگۆڕێ بۆ دۆخێکی «چەسپاو» و سەقامگرتوو لە گشت ڕوویەکەوە... وە هەر لەو ئاقارەدا وابیر دەکەینەوە کە ڕاپرسی خەڵک بۆ کۆتاییهێنان بەم وەزعەو چونە سەر هێڵی وەزعێکی تر لە گرەوی ئەوەدایە کە لەژێر سایەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا و بە چاودێری

دامودەزگا جیهانیەکان و شارەزاکان، «ڕیفراندۆم» ێکی سەرتاسەری لە کوردستاندا ئەنجام بدرێ و چارەنوسی خەڵک لەباری سیاسیەوە یەک قەڵەمبازی گەورە بۆ پێشەوە بچێ: واتە ساغ ببێتەوە ئاخۆ خەڵکی کورد لە عێراق دەیانەوێ لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا بمێننەوە یاخود دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێکبهێنن. ئەنجامدانی ڕیفراندۆمێکی لەو جۆرە و سەرکەوتنی، زەمینەیەکی ئێجگار گونجاو دەخوڵقێنێ بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکانی تری وەک: بێیاسایی، شەڕی ناوخۆ، ڕەشەکوژی ژنان و کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی تر.

ئەوە وەک گۆڤاری «ڕیفراندۆم» و بەڕێوەبەرانی.

بەڵام لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا بە ئەزموون دیمان کە **جگە لە ئێمە** کەسانێکی زۆر هەن لە ئاستی جیاجیای بیرکردنەوەدا بۆ چارەسەری وەزعی کوردستانی عێراق لەگەڵ ئێمە هاوڕان یاخود زۆر نزیکن لە بۆچوونەکانی ئێمەوە، ـ یان ئەگەر بکرێ وردتری بکەینەوە ـ ئێمە لەوانەوە زۆر نزیکین! کەسانێکمان ناسیوە ساڵەهای ساڵ خەباتی بۆ ئەو مەسەلەیە کردووە کە ئێمە بە دوایەوەین و دەتوانێت وەک سیاسەتمەدارێک باس لەو خەباتە بکات و لەو کۆنفرەنسی ڕیفراندۆمدا بۆچوونەکانی بە جەماوەر بڵێ، نوسەرمان ناسیوە لەباری ئەکادیمیەوە چاکتر لە ئێمە ڕەگوڕیشەی مەسەلەکانی کۆڵیوەتەوەو ساغکردۆتەوە، شارەزامان دیوە خۆی لە حاڵەتی« ڕیفراندۆم» دا و لە وولاتی هاوشێوەی وەک کوردستاندا بەشداری کردوەو خاوەنی ئەزمونەو دەتوانێ کەڵک بەو مەسەلەیە بگەیەنێ کە ئێمە پێمانوایە ڕێگاچارەیەکی سەرکەوتووە!

هەروەها چەندین خاوەنبیرو شارەزاو سیاسەتمەداری تریش هەبوون کە خۆیان، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆی خۆیاندا بەو ئەنجامانە گەیشتبوون کە ئێمە وەک خەڵکانێکی سیاسی ـ بەجیا لەوان ـ پێی گەیشتبووین.

بەو جۆرە کۆنفرانسی« ڕیفراندۆم» مەیدانێکە بۆ بەشداری ئەو کەسانەی سەبارەت بە چارەنووس و ئێستای کوردستانی عێراق خۆشبین نین و دەیانەوێ فکرێک لەو دۆخە لەق و پڕ مەترسیە بکەنەوەو وەک هەنگاوی سەرەتایی لە کۆنفرانسی«ڕیفراندۆم» دا بەشداردەبن و ڕای خۆیان بە هەموان ڕادەگەیەنن و هێندەی بکرێ هەوڵدەدەن پشتیوانی خەباتی ڕەوای گەلی کورد بکەن بۆ ئازادی و سەربەستی.

(*) کۆنفرەنسی گۆڤاری «ڕیفراندۆم» لە ڕۆژی ٢٠٠١/٢/١٠ بە بەشداری ژمارەیەک کەسایەتی کوردو بیانی لە هۆڵێکی زانکۆی لەندەن بەڕێوەبرا.

# شۆڕشی بەرد

**جەنیوەری٢٠٠١**
**گۆڤاری«ریفراندۆم» ٤**

چەندین مانگ بو تا دەهات ئەوە ساغتر دەبۆوە کە ململانەی نێوان گەلی فەلەستین و حکومەتی ئیسرائیل بەرەو پێکدادان و تەقینەوە دەچێ: ماندوکردنی جەماوەری فەلەستین بە گفتوگۆی بێهودە و پاشقولگرتنی سیاسیەوە؛ دامەزراندنی کەمپی نوێ بۆ جولەکە لە ناوچە جیاوازەکاندا و خۆدزینەوە لە هەر سازشێکی بنچینەیی کە بتوانێ زوڵم و ناهەقی دژ بە فەلەستینیەکان کۆتایی پێبهێنێ.... ئەمانەش جگە لەو ڕاپەڕینە بێوێنەیەی لە ئارادایە نەدەکرا کاردانەوەیەکی تری لێ ڕەچاو بکرێ.

وردبونەوە لەسەرچاوەی ئەم گرفتە مێژوویی و ئاڵۆزەی حکومەتی ئیسرائیل بەرەو دوو جیهان و دوو کانگای ئێجگار لێک جیاوازمان دەگێڕێتەوە کە هەرچەندە لەڕووی «کات» و «شوێن»ەوە بەڕواڵەت هەزاران کیلۆمەتر و چەندین سەدە لێک دوورن، بەڵام خوێندنەوەی سیاسەتەکانی حکومەتی ئێستای ئیسرائیل بەبێ ناسینەوەی ئەو دوو فاکتۆرە ناتوانێ ئەنجامێکی دروست بخاتە بەردەم.

دەشێ لەو بڕوایەدابین ئەو دوو کانگایە بریتین لە: **تەورات و ئەمریکا!**

سەرەتا گوێ لە تەورات بگرین:

**« بەناو میللەتاندا چاو بگێڕن و سەرنجدەن و بە توندی سەرسوڕماوبن، چونکە لە سەردەمی ئێوەدا کارێک دەکەم ئەگەر تەنانەت پێشتریش پێتان زانیبێ هەر باوەڕ ناکەن. چونکە ئیدی ـ لەمەودوا ـ ئەو میللەتە عەبوس و توڕەیە، واتە کلدانیەکان دنە ئەدەم تا ئەو مڵکەی هی ئەوان نیە داگیری بکەن. ئەوان سامناک و تۆقێنەرن... ئەسپەکانیان لە پڵنگ چوستتر و لە گورگی شەو خێراترن... سوارەکانیان وەک هەڵۆ کە وێڵی خواردنە**

**شالاو دەبەن... هەموویان بۆ زوڵمکردن دێن..»      « تەورات، کتێبی حەبقوق» [١]**

هەروەک زۆربەی خەڵکی ئەم دنیایە ئاگایان لێیە و دەتوانن ئاگایان لێبێ، حکومەتی ئێستای ئیسرائیل حکومەتێکە لەسەر بنچینەی «ئاین» بنیاتنراوە، واتە لەسەر بناغەی ئەوەی کە گەلی ئیسرائیل خاوەنی ئاینێکی تایبەتن بەخۆیان ـ نەک لەسەر کۆڵەکەی زمان یاخود مێژوو وە یاخود خاکی هاوبەش ـ وە ئەم ئاینەش مافی ئەوەیان دەداتێ بەوشێوەیەی «تەورات» و «تلمود» دیاریان کردوە رەفتار لەگەڵ جیهان و دنیای بەدەرلە خۆیان بکەن.

لەگەڵ ئەوەدا کە گەلی ئیسرائیل وەک هەر میللەتێکی تری ئەم دنیایە مافی ژیان و نیشتەجێبونی هەیە و نکوڵیکردن لەو مافانە خۆی لەخۆیدا چاونوقاندنە بەرامبەر ڕاستیە سیاسیەکانی دنیای نوێ، وتنی ئەوەی کە پێکهاتەی سیاسی وحکومی ئێستای ئیسرائیل ڕەنگدانەوەیە بۆ جێگیربوونی ئەو مافە سەرەتاییانەی گەلان لە ژیان و نیشتەجێ بووندا، یاخود کردەوەکانی حکومەتی عەسکەرتاری ئیسرائیل سەقامگیربونی عەدالەتی هاوچەرخە و ڕزگارکردنی میللەتی موسایە لەژێر چەپۆکی دوژمنە خەیاڵیەکانی ئەواندا، لە ڕاستیەکان زۆر دورمان دەخاتەوە.

سەرانی دەوڵەتی ئیسرائیل، وە بەڕێوەبەرانی کاروباری سیاسی ئەو چەند ملیۆن مرۆڤەی باب و باپیرانیان هەزاران ساڵ کراونەتە پێخوستی دەسەڵاتدارانی ئاینە گەورەکانی تری وەک ئیسلام و مەسیحیەت و لە دۆزەخێکی هەمیشەییدا ژیانیان بردۆتە سەرو فیرعەونە جۆراوجۆرەکانی مێژوو هەریەک بە چەشنێک ماسولکەی لەواندا تاقیکردۆتەوە، نەیانتوانیوە تا ئێستاش لەو جوغزە عەقڵی و فیکریە، وە لەوجۆرە لێکدانەوانە ڕزگاریان ببێ کە «تەورات» بۆ گەلی ئیسرائیلی دیاری کردوە.

مەترسی هاتنی «کلدانیەکان» و «ئەسپە پلنگ ئاساکانیان» بۆ میللەتێک کە رەێبەرە سیاسیەکانیشی ــ بەهەر هۆیەکەوە بێ ــ نەیانتوانیبێ و نەیانەوێ چوارچێوەی ئایدۆلۆژیان لە ژێر چەتری لێکدانەوە ترسێنەرەکانی تەورات ڕزگار بکەن، هەمیشە تارماییەکی نزیک لە ڕاستیە.

بۆچی؟

چونکە« هەموویان بۆ زوڵم دێن»!!

ڕێبەرانی ئیسرائیل، لەماوەی چەندین ساڵی رابوردوودا، نەک توانایی ئەوەیان لەخۆ نیشان نەدا کە دەتوانن شیکردنەوەیەکی نوێتر لە تەورات پێشکەش بە گەلی ئیسرائیل بکەن و مافی گەلی فەلەستین (تۆ بڵێ کلدانیەکان!) بە ڕەسمی بناسن، بەڵکە بە پێچەوانەوە لە دوایین هەفتەکانی دوایین «ڕێکەوتن»دا گەڕانەوە سەر «ڕیشە» و سەرچاوە کۆنەکە و پەنایان بردەوە بەر ئەشکەوتی پڕ لە ترس و تۆقینی تەورات و

هاتوهاواری پێغەمبەرە قین ئەستورەکانی [2]؛ ئەشکەوتێک کە سەرەڕای بەردەوامبوونی سامناکترین ململانێکانی ژیان تیایدا، دیوارەکانی بە تۆکمەترین و سەرنج ڕاکێشترین ڕستەوکۆپلەی شیعرئاسا سەبارەت بە «لافاوی دوژمن» و «کوشت و بڕ»، «زەبر و زەنگی دەسەڵاتدارانی بابل» و «یەخسیرکرانی میللەتی جوو» ڕازاوەتەوەو جێی سەرنجە کە بۆچی دوای چەند هەزار ساڵ ناکرێ ئەم دنیا ئەفسوناویە بەرەو مۆزەخانەی مێژوو ڕەوانە بکرێ..

چ ڕێگرێک لەبەردەم ئەم مەسەلەیەدایە؟

چ هێزێکە دەیەوێ گەلی ئیسرائیل هەمیشە لە داڵغەی **داکۆکی و هێرش** دا بژیێ و بەردەوام لە دڵەخورپەی «پەلامارداران»دا بە بێئۆقرەیی جینگل بدات؟

کام دەوڵەتەیە خوازیاری سەروەری لێکدانەوە بێبناغەکانی چەند هەزار ساڵ پێش ئێستایە و دەیەوێ هەم گەلی ئیسرائیل و هەم دراوسێکانی لە ڕق و قینێکی بێبناغەدا بەسەر بەرن؟

گومان لەوەدا نیە کە ڕێگری پێشکەوتنی سیاسی ئیسرائیل جگە لە بیروباوەڕە ئاینیەکانی خودی «گەلی هەڵبژاردە» ناتوانێ لە وڵاتی ئەمریکا بەدەر بێ.

قسەکردن سەبارەت بە هەبوونی گوشاری جالیەی جولەکەی ئەمریکی لە ململانێی ئیسرائیل ـ فەلەستین دا، وە قەبەکردنی ڕۆڵی ئەوان لە ڕەسمکردنی سیاسەتی ئەمریکادا بەرامبەر بە ناوچەکە و فەلەستینیەکان، بە ئەندازەیەک چەوت و خڵەتێنەرە کە ئەوسەری دیار نەبێ، وە وەک ئەوە دێتە پێشچاو کە بڵێین: بۆچوونی مودێرن و هاوچەرخ و سکۆلار لە بەڕێوەبردنی حکوومەتی ئیسرائیل دا بەهێزترە لە ئایدۆلۆژیای دینی و بەسەرچوو.

مەسەلەکە لەئاست ئەمریکادا بە تەواوی «نائاینی»یە و ئەگەر بمانەوێ ڕێکوڕاست پێناسەی بکەین دەڵێین: بەرژەوەندی ئابووری و قازانجی مادیە و بەس.

سەرەڕای ئەوەش، خوێندنەوەی «سەردەمی دێرین»(تەورات) لە «دنیای نوێ» دا ـ بە زمانی ئینگلیزی ـ چاوەڕێ دەکرێ جیاوازبێ لەو ئەنجامگیریەی لە دەقی«عیبری» یەوە هەڵدەهێنجرێ!

بەهەرحاڵ، لە ئەمریکا جولەکە هەن. ئەمە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، بەڵام ڕێژەی ئەم جولەکە سیاسیانەی ئەمریکا بە پێوانە لەگەڵ سەرجەم چینی دەسەڵاتداری سەرمایەداری ئەمریکادا چەندە و، قورسایی سیاسی و دیپلۆماسیان لە چ ئاستێکدایەو، لە هەموو ئەوانەش گرنگتر «هەقانیەت» ی پێداگرتنی ئەوان بۆ بەرگریکردن لە عەقڵیەتی « تەورات» ی لە چ پلەیەکدایە، ناڕۆشنە. لێرەدایە کە دەشێ هەمووان بە سەرنجێکی پڕ لە گومانەوە تەماشای میدیای جیهانی بکەین کە ڕۆڵی

«جوەکانی ئەمریکا» تا ئەو ئەندازەیە زل دەکات و دەیەوێ بێعەدالەتی لە سیاسەتی ئەمریکادا بداتە پاڵ ئەوان؛ هەروەها پێویستە دیقەت لەو دیاردەیەش بدرێ کە بۆچی دەبێ برا ئایینیەکانی باراک و نەتەنیاهۆ لە کۆشکی سپی و پنتاگۆن هەمیشە لەبیری ئەوەدابن کە لەشکری کلدانی و سوپای فیرعەون ئێستاکەش خەریکی پەلاماری «گەلی هەڵبژاردەن»..

ئەمەیە کە بنچینەی زانیاری درۆی جیهانی سەرمایەداری لەسەر بنیاتنراوە.

لێرەدایە کە ناشێ بەسەر کێشەکەدا باز بدرێ و قەناعەت بەوە بهێنین کە سەرجەم چینی دەسەڵاتداری ئەمریکا ـ کە تا ئێستا لەسەر پێودانگی هیچ عەقڵیەتێکی ئاینی خۆی ڕێکنەخستووە ـ تەسلیم بە باوەڕو جیهانبینی بەشێک (بە هەر قەوارەیەک) لە پێکهاتەی چینی سەرمایەداری خاوەن دەسەڵاتی جولەکە بوبێ.

لە ڕاستیدا سەرمایەدارانی ئەمریکا (بە هەموو ئایین و ئایینزاکانیەوە) ئەوە بە باشترین فرسەت دەزانن کە هەردوو گەلی عەرەبی فەلەستینی و جولەکەی ئیسرائیل بکەنە قوربانی بۆ مەرامە ماددی و ئابوریەکانی خۆیان، وە بناغەی سیاسەتی ئیمپریالیستی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و سەرووی ئەفریقادا لەسەر تێکهەڵچوونی بەردەوامی ٧–٨ ملیۆن ئینسانی بێتاوان دابڕێژن، وە لەو بێنە و بەرەیەدا بازاڕەکانی چەک و تەقەمەنی هەرچی گەرمتر ڕابگرن و خودی حکومەتە ئۆتۆکراتەکانی ناوچەکەش لەو حاڵەتەدا بهێڵنەوە کە تاکو ئێستە بە خشکەیی لەسەر ژیان و گوزەرانی کۆمەڵانی خەڵک درێژەیان بە حوکمدارێتی دەسەڵات داوە.

ئەو ڕاستیە تاڵەی کە « **ئیسرائیلیەکان ناتوانن مل بەوە بدەن کە ڕۆڵیان وەک قوربانی بچێتە ژێر پرسیارەوە»، یاخود « دەیانەوێ براوەی شەڕ بن،... ناتوانن قبوڵ بکەن کە داگیرکردنی خاک، میللەتێکی تری کردۆتە قوربانی... لای ئەوان جگە لە خۆیان کەسیتر قوربانی نیە»** [٣]، زیاتر ئەو سیاسەتە ئاشکرا دەکات کە پشتیوانە گەورەکەی ئیسرائیل دەیەوێ بە بەهانەی هەبوونی گروپێکی جولەکەوە حەقیقەتی پراتیکە سیاسیەکەی بشارێتەوە.

کۆمەکی دەوڵەتی سەرمایەدارانی ئەمریکا (بە فراکسیۆنی جولەکەشەوە) بۆ حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ئیسرائیل لەبەر خاتری هاوار و ناڵەی پێغەمبەرە لێقەوماوەکانی وەک زەکەریا و حەبەقوق و دانیال نیە، بەڵکو لە پێناوی درێژەپێدانی کێشەیەکدایە کە بەهەر ئاقارێکدا لێی بڕوانی تاکو ئێستا لە بەرژەوەندی ئەمریکا تەواو بوە:

حکومەتەکانی ناوچەکە لە جاران ملکەچ تر؛

هەڵڕژانی چەک وەک هەمیشە خێراتر و بە لێشاوتر؛

گەلانی ناوچەکە بێدەنگ تر و سەرکوت کراوتر؛

فڕکەی وزە و نەوت بۆ بازاڕەکانی ئەمریکا لە هەموو کات بە لرفەتر.
جا گەر لەم ناوەدا چەند کەمپنشینی ئیسرائیلی بە لوغمێک گیان لەدەستدەدەن یاخود ٢٠٠ فەلەستینی بەهۆی گوللەوە مەراسیمی تەعزیەیان لە مزگەوتەکاندا بۆ ئامادە دەکرێ، بەلای چینی خاوەن سەرمایەی ئەمریکاوە مەسەلەیەکی لاوەکیە و خودی ملدانی «گشت» حکومەتی ئەمریکا بۆ پرۆژەی گریمانەیی «جوەکانی ئەمریکا» لەمەڕ دژایەتی ئاشتی و بەردەوامکردنی داگیرکردنی خاکی فەلەستینیەکان، دەریدەخات کە هاوڕێ و برا دینیەکانی گەلی ئیسرائیل لە ولاتی ئەمریکا و سەنتەرەکانی دەسەلاتدا، هەزاران جار بێویژدانترن لە باقی سیاسەتمدارەکانی تری ئەمریکا، چونکە ـ **مارکس** وتەنی ـ ئاشکرایە کە **«ناسیۆنالیزمی پوچی یەهودی، ناسیۆنالیزمی بازرگانێتی و نەتەوەچێتی مرۆڤی پارەدارە بە گشتی»** (٤)!
کۆتاییهاتن بە بارودۆخی پڕ لە ناڕەوایی و کوشتوکوشتار لەسەر«خاکی پیرۆز» لەلایەن حکومەتی ئیسرائیلەوە دژ بە گەلی فەلەستین، وە هەروەها وەستاندنی شۆڕشی «بەرد» لەلایەن جەماوەری بێدەرەتانی عەرەبی ناوچەکە، لە گرەوی ئەوەدایە کە گەلی ئیسرائیل بەوپەڕی هوشیاریەوە هەوڵدات خۆی لەژێر ڕکێفی تەورات ڕزگار بکات و ئەمەش خۆی لەخۆیدا پێشمەرجە بۆ دەربازبوون لە هەژموونی ولاتە یەککگرتوەکانی ئەمریکا و بەهانەی «پشتیوانی برا ئاینیەکان».

(١) بڕوانە «کتاب مقدس.عهد عتیق» کتێبی حەبەقوق پێغەمبەر، ل ١٠٥٤ چاپی فارسی ئینگلستان ١٩٩٦.
(٢) بۆ شارەزایی زیاتر سەبارەت بە ئاینی جو، ئیسلام و مەسیحیەت، بڕوانە: تولدی دیگر، د. شجاع الدين شفا چاپی ئەمریکا.
(٣) گفتوگۆی محمود درویش لەگەڵ لوموند ١٢ ئەپریل ١٩٩٥ (گۆڤاری «آرش» ژمارە ٤٩)
(٤) مارکس: مەسەلەی یەهود.

# دەربارەی ئاشتی لە نێوان یەکێتی و پارتی

میدیا تی ڤی
٢٠٠١/١/٢٢، پەیوەندی تەلەفۆنی

**پرسیار: ئێوە بڕیاری پارتی و یەکێتی لە جڤینی سلێمانی سەبارەت بە ڕێکەوتن چۆن دەنرخێنن؟**

**وەڵام:** ڕێکەوتنی ینک و پدک هەموو کاتێک بەلای خەڵکی کوردستانەوە شتێکی باش بووە، وە کارێکی زۆر خۆش دەبوو گەر ڕێکەوتنی ئەوان لە کوردستانی عێراق لەسەر حیسابی کورد خۆی نەبوایە. بەڵام ئێستا کە ڕێکەوتنەکە بەرەو پێش دەڕوات و بڕیارە دانیشتن بکرێ لە قەڵاچۆلان وسلێمانی، بە ڕای من خەڵکی کوردستانی عێراق زۆریان پێخۆشە ئەو دوو حزبە لە یەک نزیک ببنەوە و پەیمانەکانی واشنتۆن و پێشتر زیندوو ببێتەوە.
خەڵک چاوەڕێی ئەوەن ناکۆکیەکانی نێوانیان چارە بکرێت و گرفت نەمێنێت، ئەوەش چونکە بە قازانجی خەڵکی کوردستانە کە لە نێوان ینک و پدک گیروگرفت نەمێنێت. وە من وای بۆ دەچم ڕێکەوتنی نێوان ینک و پدک لە قەناعەتی زاتی و دەرونی حزبەکانەوە نەبێت، وە لە دنیاشدا هەر وایە و دەکرێ بڵێین ئاساییە... ئەو حزبانەی لە نێوانیاندا ناکۆکی هەیە لەبەر بەرژەوەندی گشتی خەڵک ڕێکدەکەون، بڕیاردەدەن پێکەوە ڕێکەوتن بکەن وەک ئەمریکا کە لەو ماوەی پێشوودا جیاوازی هەبوو لە سەر کێشەی هەڵبژاردن و پاشان ڕێکەوتنەوە.
پێویستە ئەو ڕێکەوتنەی یەکێتی و پارتی بە هەموو جۆرێک پشتیوانی لێبکرێ لەلایەن خەڵکەوە، لەلایەن حزبەکانی کوردستانەوە بە گشتی و لە لایەن ئێمەشەوە. وە هەوڵبدرێ سەقامگیر ببێ، چونکە ئەم ڕێکەوتنە لە قازانجی خەڵکی کوردستانە.

**پرسیار: بەڕێز دڕەیی، ئێوە هەڵوێستی یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکرات بەرامبەر بە پارتی کرێکاران چۆن دەبینن؟**

**وەڵام:** وەک پێشتر باسم کرد، بناغەی مەسەلەکە لای من ڕێکەوتنی یەکێتی و پارتیە. من لەسەر ئەوە قسە ناکەم کە ینک و پدک بۆ بەرژەوەندی گەلی کورد چیان کردووە و چیان لەباردایە و ئەتوانن چی بکەن. بە بڕوای من ئەگەر لە کوردستانی عێراقدا ئاشتی هەبێ، بۆ خەڵکی کورد باشە، وە ئەگەر شەڕ نەبێت بۆ خەڵکی کورد باشە، ئەگەر حزبەکانی کورد لەوێ ناکۆکیەکانی خۆیان بە ئاشتی چار بکەن شتێکی باشە. وە پێموایە ئەگەر یەکێتی و پارتی ڕێککەون بەناچار ئەبێت ملدەن بۆ **یاسا** لە کوردستانی عێراقدا. وە ناچارن بۆ ئەوەی ناکۆکیەکان چارەسەر بن و نەگەنە ئاستی تەقینەوە مل بدەن بە سیغەیەکی هاوبەش کە پێی دەوترێت «یاسا» وەک لە دنیادا هەیەو ئەو لایەنانەی ناکۆکن ناچارن مل بدەن بە پلاتفۆرمێکی هاوبەش.

تا ئێستا لە کوردستان ئەوە نەبووە، بۆیە ئومێد دەکرێ ئەم ڕێکەوتنە و ئەم نزیکبونەوەیە ببێتە هۆی سەروەری یاسا.

من زۆر خۆش بین نیم، بەڵام هیوادارم وای لێبێ.

سەبارەت بەوەش کە هەڵوێستی ینک و پدک بەرامبەر بە پارتی کرێکاران چیە، وەزعەکەمان دیوە. هەڵوێستی هەر دوو حیزبەکە لە ساڵانی ڕابردوودا ئاشکرایە. هەروەها بە نزیکبونەوەی ئەوان و تورکیا دەردەکەوێت کە بڕیاردانی ئەوەی « پارتی کرێکاران» تێرۆریستە شتێکی تازە نیە، چونکە حزبەکانی کوردستان بە پراتیک شەڕیان لەگەڵدا کردووە و بە گژی داچوون. **بۆیە پێموایە ئێستا کاتی ئەوەیە پارتی کرێکارانی کوردستان خۆی چاوێک بە سەر سیاسەتەکانیدا لەو ناوچەیەدا بگێڕێتەوە، وە بیر لەوە بکاتەوە کاتێک هەردوو حیزبی گەورەی کوردستانی عێراق یەککەوتوون، ئیتر ئەو «پەیام» ە وەربگرێت کە وەزعی ناوچە گۆڕاوە و دوای ئەم کۆبوونەوانە قۆناغێکی تازە لە کوردستانی عێراق دەست پێدەکات.** بۆیە پێویستە سەرکردایەتی پکک بیری لێبکاتەوە و حسابی بۆ بکا چونکە ئەم دوو حیزبە، وەک ساڵانی ڕابردوو مەزەندە هەیە شەڕ دەستپێبکەنەوە دژی، وە پێویستە خەڵکی کوردستانی عێراق نەکرێتە مەیدانێک بۆ ململانێی حیزبی، واتە ململانێی حیزبەکانی کوردستانی عێراق لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان. من حەز دەکەم ئەمەش بە بینەرانی تەلەفزیۆنەکەتان عەرز بکەم: بە دڵنیاییەوە هیچ بەشێک لە بەشەکانی کوردستان بە ئەندازەی خەڵکی کوردستانی عێراق مەینەتی و زەحمەت و زوخاوی شەڕی براکوژی و چەکداریان نەدیوەو نەچەشتوە.

# دەربارەی کۆنگرەی دووەم

میدیا تی ڤی
٢٠٠١/٢/١، پەیوەندی تەلەفۆنی

**پرسیار: تکایە ڕای خۆتان سەبارەت بە کۆنگرەی دووەمی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بۆ بینەران ڕوون بکەنەوە.**

**وەڵام:** وەک ئاگادارن کۆنگرە کۆتایی نەهاتوە... وە کۆنگرە لە ڕۆژەکانی یەکەمدا هەندێک هەنگاوی نا وەک هەڵبژاردنی سکرتێری گشتی، وە پێشنیارکردنی چەند هەڤاڵ بۆ سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. بۆیە هێشتا پێشبینیکردنی سیاسەتەکانی دوای کۆنگرە زووە، وە زەحمەتە بزانین یەکێتی چی بڕیاردەدا بۆ دوای کۆنگرە. بەڵام ئەوەی بۆ من ئاشکرایە ئەوەیە کە کۆنگرە لە کۆنگرەیەکی ئاسایی ناچێت، بەڵگەش ئەوەیە کە لە ڕۆژی یەکەمەوە سکرتێری گشتی هەڵبژێردراوە، ئەوە شتێکی نائاساییە لە کۆنگرەی حزبە سیاسیەکانی دنیادا... ئەمە شتێکە وەکو «بەیعە»، واتە بەڵێن تازەکردنەوە بۆ سەرۆک، ئەمەش لەگەڵ سرووشتی یەکێتی لە ساڵانی ڕابوردوودا نەدەگونجا. وە ئەوەی بیستراوە لە کۆنگرە ئەوەیە دەیانەوێ دوژمنێکی وەهمی دروست بکەن بۆ یەکێتی و خەڵکی کوردستان. گوایە پارتی کرێکارانی کوردستان هەوڵیداوە گرفت بۆ یەکێتی دروست بکات.
بە بڕوای من ئەوە شتێکی ڕاست نیە. وە بۆچونم وایە کە پارتی کرێکارانی کوردستان دەیەوێت میللەتی کورد و حزبە سیاسیەکانی بەڕێوەبەری خەڵک لە کوردستانی عێراق گیروگرفتیان نەبێ لەو ئاقارەدا کە خزمەت بە گەلی کورد بکەن.
کەلێنێکی زۆر گرنگ لە کۆنگرەدا دەبینرێت ئەویش ئەوەیە کە سەرجەم کۆنگرە و بەڕێوەبەرانی کۆنگرە وا دەردەخەن شتێکی «مەجهول» لە ئارادا نییە، لە کاتێکدا زۆر شتی شاراوە هەن و بۆ خەڵکی کورد نادیارن : بۆ نمونە سیاسەتی تورکیا بەرامبەر بە گەلی کورد...
بە شێوەیەکی گشتی ئایا ئەگەر ئەمریکا هێزەکانی پاراستن لە ئینجەرلیک لابەرن

تورکیا چ دەکات؟ ئایا تورکیا فشار دەهێنێت بۆ ئەمریکا دیفاع لە گەلی کورد بکات؟ بێگومـان ئەوە شـتێکی شـاراوەیە و کـەس ناتوانێ زەمانەت بکات تورکیا بـەرگری لە گـەلی کـورد دەکـات، وە بـەرگـریکردنـی تورکـیـا و ئەوەی ئێـسـتـا هـەیە تەنـهـا بۆ دژایەتیکردنی پکک و لەناوبردنی بزووتنەوەی ڕزگـاریخـوازانـەی گـەلی کـــوردە لە کوردستانی باکوور.

هەروەها کـۆنگرە باس ناکـات پێـویسـتـە چی بکرێت بـەرامـبـەر ڕژێمی بەعس وە بەرنامەیەکی ڕۆشن نیە لەو بارەیەوە، جگە لەوانەش سیاسەتی ئەوروپا ــ وە تەنانەت ئێـرانیش ــ بـەرامـبـەر بە گـەلی کـورد چیـە وچۆنـە هیـچـیـان ڕون نین و وێناچێ بە شـێوەیەکی ڕێکوپێک باس بکرێن و تێـڕوانینێکی ڕوون هـەبێ لەعـاست ئەو مـەسـەلە گرنگانە.

چاوەڕوانـی خـەڵک و کـەسـانـی وەکـو من لە کـۆنگرە ئـەوەیە بتـوانێ بە شـێـوازێکی دیموکراتیـانە بچـێتە پێـشـەوە، وە بیـر لە ئایندەی گـەلی کورد بکاتەوە، وە بزانن کە ڕزگارکردنی گەلی کورد و بەدەستهێنانی ئازادی زیاتر بۆ گەلی کورد تەنها لەوەدا نیە کـە سـەنگەر دابنێن لە «جـەبەل حـەمرین» یاخـود لە سنوورەکانی نێوان حکومـەت و یەکێتی، بەڵکو لەوەشدایە کە سـەنگەرەکانی دیبلۆماسی بگوازنەوە بۆ وڵاتانی ئەورپا، ئێستا بەشـێکی زۆری گەلی کورد لە ئەوروپا ئـەژی کـە خـۆی دەدات لە سـەدان هـەزار کـەس، پێویسـتـە ئەم خـەڵکە وەکار بـخـەن و وەگـەڕیان بخـەن بۆ ئەوەی فـشـار بێنن بۆ حکوومـەتەکانی ئەوروپا و ئەمریکا و لەو ڕێگایەوە بزاڤی دبلۆمـاسی بەهێـز بکرێ بۆ ئەوەی لە ڕێی «ڕیفراندۆم» دوە مـافی چارەنووس بۆ گەلی کورد زیاتر مسـۆگـەر بکرێ، وە ئەوەی ئێستا هـەیە بەرەو پێش ببرێ و هـەوڵبدرێ دەستکەوتەکانی گەلی کورد زیاتر بکرێ.

من چاوەڕوانیم لـە کـۆنگرە زۆر نیـە، وە ڕۆژی یەکـەم دەریخـست ئینسـان ناتوانێ چاوەڕوانی زۆری لە کۆنگرە هەبێ. هیوای من ئەوەیە کۆنگرە بڕیار بدا یەکێتی لەگەڵ گەلی کورد بە گشتی و حزبەکانی گەلی کورد لە کوردستانی باکوور وەکو پکک، وە لە کوردسـتـانی عـێراق وەک پدک بە ئاشتی و بە برایانە کێـشـەکان چار بکات، وە ئەو هەلەی هەیە هەتا هەتایە نامێنێ و لە دەست ئەچێ، بۆیە پێویستە کۆنگرە بە جدی بیر لـەوە بکاتەوە لـەگـــەڵ پکک بە زمـــانی برایانە وە لە ڕێگـای «کـــۆنگرەی نـەتەوەیی کـــوردسـتـــان» دوە کـێـشـــەکـانی خـۆی چارە بکا و کـۆنگرە بە ڕەسـمی بناسێ، وە لەبەرخاتری تورکیا دوژمنایەتی وەهمی بۆ خۆیان دروست نەکەن.

**درێژەی گفتوگۆ لە ئێوارەی ٢٠٠١/٢/٩**

**پرسیار: کۆنگرەی ی ن ک کارەکانی کۆتایی هێنا، بەڕێزتان چۆن پرۆسەی کۆنگرە دەبینن؟**

**وەڵام:** سەبارەت بە کۆنگرەی دوەم هێندێک ڕاو بۆچونم لا دروست بوە حەز دەکەم بۆ بینەران و گوێگرانی تەلەفزیۆنی ئێوەی بڵێم [بەڵام لە سەرەتادا دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە بە شێوەیەکی گشتی لە کاتی کۆنگرە و کۆنفرانسەکاندا، وە لە کاتی هەڵبژاردندا لە سەرتاسەری دنیادا جۆرە حاڵەتێکی «**چەپ**» ی دێتە ئاراوەو هەموو ئەندامەکان و شەخسیەتە سیاسیەکان وا خۆدەردەخەن کە خەڵکی چەپ ن!]

بەهەرحاڵ من سەرنجم لە چەند خاڵێک دا کۆکردۆتەوە بەرامبەر بە کۆنگرەی دووهەمی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.

یەکەم رەهەند بەلای منەوە ئەوەیە کە «کۆنگرە» خۆی لەخۆیدا ڕووداوێکی ئیجابی و باشە چ لە ناوچەکەدا و چ لە کوردستاندا و چ لەناو یەکێتی شدا. بە بڕوای من لەناو یەکێتی دا زیندوێتی دروست دەکاتەوە وەک چۆن لە هەر حیزبێکی تریشدا دروستی دەکا، لە کوردستانیش ئەو حاڵەتە پێکدەهێنێ کە بڕیاری شەڕ و ئاشتی هەر چۆنێک بێ بەدەست تاقەکەسێکەوە نەبێت و لە دەستی کەسێک بێتە دەرێ، وە هەموو ئەندامانی کۆنگرە مەسئول بن بەرامبەر بەبڕیارەکانی شەڕ و ئاشتی.

وە لە ناوچەکەشدا دوژمنایەتیکردنی هەرێمێکی دیموکراتی (ئەگەر بەڕاستی دیموکراتی بێ) زۆر زەحمەتترە و ئەگەر خەڵک لە ژیانی سیاسیدا بەشدار بن دەتوانن باشتر سۆزی دنیا بۆ لای خۆیان ڕابکێشن.

دوەم خاڵ بەلای منەوە ئەوەیە کە خودی «پرۆسەی کۆنگرە» دیاردەیەکی شارستانیە. هەبوونی کۆنگرە دەری دەخا کە گەلی کورد لەسەردەمی تەیموریلەنگ و خەلیفەکانی بەغدادا ناژی، وە بەشداربوانی هەستدەکەن ڕای ئەوان بێنرخ نیە و کەسێک بە عەنتەری بە ناوی ئەوانەوە قسە ناکات، وە بە کردەوەش بۆیان ساغ دەبێتەوە کە دەتوانن لە چارەنووسی خۆیان و میللەتەکەیاندا ڕاو بۆچوون و قسەیان هەبێ.

خاڵی سێیەم بە ڕای من ئەوەیە کە کۆنگرە هێندێک گۆڕانکاری لەناو یەکێتیدا ئەنجامدا بەوەی کە هێز و متمانەی دایە ئەو کەسانەی پێشتر **بەکردەوە** دەسەڵاتیان هەبوو بەڵام لە ئاستی ڕەسمی و حزبیدا لەو دەسەڵاتە بێبەش بوون.

بەو جۆرە هێندێک کەسی نوێ چوونە پێشەوەی ڕیزەکان و هێندێک کەسیتر کە بە کردەوە زۆر لە رەهبەریەوە نزیکبوون وە کۆنگرە و ئەتموسفێری دەرەوە و ناوەوەی کۆنگرە بە تەواوی ئیبرازی کردن، کەوتنە پێشەوەی ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.... دیارە من نامەوێ لێرە ناوی کەس بەرم.

خاڵی چوارەم و گرنگ خاڵێکە زۆر سەرنجی من ڕادەکێشێت ئەوەش ئاشکرا نەبوونی ستراتیژە. دیارە یادکردنەوەی هەڤاڵە کۆنەکانی یەکێتی و باسکردنی ڕۆژانی «چەپ»یّتی کۆن لە یەکێتیدا، ناکاتە ڕوونبونی ستراتیژیەت. بەڕای من ئەو کۆنگرەیە هەتا ئێستا دەرینەخستووە ڕای چیە لەسەر حکومەتی عێراق، لەسەر ئابلۆقەی ئابوری عێراق لەسەر کوردستان وە لەسەر چارەنووسی کوردستانی عێراق، وە لەسەر فیدراڵیەت و مافی چارەنووس و ئازادیە دیموکراتیەکان، لەسەر حکومەت و پەرلەمان، لەسەرپەیوەندی لەگەڵ حزبە کوردستانیەکانی تری وەکو پکک.

ئێستا لە کوردستانی عێراقدا لە هەر کەسێک بپرسن سەبارەت بە ئایندەی کوردستان، ئەڵێ چارەنووسی کوردستانی عێراق دیار نیە. لەبەر ئەوە نابێ و ناکرێ کۆنگرەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش بەلای ئەم مەسەلەیەدا تێپەڕێ و پێی وابێ گەر مەسەلەکە باس نەکات و چارەنووسی کوردستان ساغ نەکاتەوە (جا فیدراڵی بێت، یان ڕیفراندۆمی بۆ بکرێ، یا هەروا بمێنێتەوە) کێشەکە چارەسەر بووە. نەبوونی بڕیارێکی ڕۆشن سەبارەت بە مەسەلە ستراتیژیەکان و کێشەکانی کورد لەناوخۆیدا، کەموکورتیەکی یەکجار گەورەیە کە قسەی ئەوانەی ئەڵێن کۆنگرەی دووەمی یەکێتی وەکو کۆنگرەی حیزبی لێبەری بریتانی وایە پشتگیری ناکات، من هیوادارم ئەم کۆنگرەیە بڕیارنامەی ڕوون و ئاشکرای هەبێ بەرامبەر بە کێشە پرانسیپی و ستراتیژەکانی کورد لەناو خۆیدا وە بە شێوەیەکی ئاشکرا بە خەڵکیان بڵێ.

**پرسیار:**

**لە کۆنگرەدا ژمارەی ژنان کەم بوون، ڕاتان چیە؟**

**وەڵام:**

ئەوە زۆر شتێکی سەرنجڕاکێش بوو، هەستدەکەم لەناو یەکێتیدا ئەوە سەرنجڕاکێشە کە نیسبەتی ژن کەم بو. لە واقیعدا ئەمە کەموکوڕیەکی زۆر گەورەیە.

پێمـوایە ئەوەی دواتریش لە ناو کۆنگرەدا باسکراوە ـ گوایە دەبێ لە کۆنگرەی سێهەمدا نیسبەتی ژنان ببێتە نیوەی سەرکردایەتی، یاخود نیوەی کۆنگرە ـ ئاوات خواستنە بۆ ئایندەی یەکێتی نیشتمانی و بۆ ئایندەی کۆنگرەو دیسان ئەو بۆشاییە گەورەیە پڕ ناکاتەوە کە ئافرەتانی کوردستان لەناو سەرکردایەتی یەکێتیدا نەبن، وە ئەو دیاردەیە لایەنی شارستانی و لایەنی پێشکەوتنخوازی و ئاقاری ئەو بە حیساب «سۆسیال دیموکرات» یەی باسیدەکرێت زۆر کەمڕەنگ دەکاتەوە.

# دەربارەی «ڕیفراندۆم» لە کوردستان (*)

«هاوڵاتی» ژ۱۳
«ڕیفراندۆم» ژ۵ ، فەبریوەری۲۰۰۱

**پرسیار:**
**تۆ وەک ئەندامی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان مەوقعی لێپرسراوەتی دیارت هەبوە لەناو یەکێتی دا، ئێستاش بەشێکی لە هەڵگرانی پرۆژەی «ڕیفراندۆم» ، ئایا ئەم چالاکی نواندنەت لەگەڵ ڕیفراندۆم دا ناکۆکی دروست ناکات لەنێوان سیاسەتە ڕاگەیەندراوەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان؟ بەتایبەت لە دوا کۆنگرەیاندا کە جەخت لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق ئەکەن؟**

**وەڵام:**
ڕاستە من ئەندامی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستانم و هیوادارم هەروا بمێنم. بەڵام دوای لێدانی چەپەکان من وازم لە گشت لێپرسراوەتیەک هێنا کە دواترینیان، یان باشتر بڵێم یەکێک لەو لێپرسراوەتیانەی ڕەسمیەتی پەیدا کردبو لێپرسراوەتی «ڕێکخستنی بەریتانیا » بوو.
من ئەندامی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستانم بەڵام ئەندامێکی ناڕازیم. ناڕازیم لە زۆر شت بەڵام ناڕازی نیم لە «هەموو» شتێک. واتە پێموایە ئێستاش ی. ن. ک چوارچێوەیەکە دەکرێ قسەی تیا بکرێ و هەرچۆنێک بێ خەباتی تیابکرێ و یاخود ئەگەر وردتری بکەمەوە، چوارچێوەیەکە دەکرێ مرۆڤ لەناویدا هەڵوێستی

«ئۆپۆزیسیۆنی» هەبێ.
هەبوونی ئۆپۆزیسیۆن لەناو حزب و لەناو میللەتدا، بەمەرجێک بەڕاستی ئۆپۆزیسیۆن بێ و قسەی هەبێ، بەهانەگر نەبێ، دڵسۆز بێ و پرۆژەی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەبێ، لە هەموو شتێک پێویست ترە. تەنانەت ڕام وایە کە بەبێ هەبوونی ئۆپۆزیسیۆن خودی وشەی «دیموکراسی حزبی» یاخود «دیموکراسیەتی دەسەڵات» زاراوەی بێمەعنا و نامەفهومن.
لێکدانەوەی من سەبارەت بە وەزعی کوردستان و دنیا و ناوچەکە لە ١٥ــ ١٦ ساڵی ڕابردوووەوە منی وەک کەسێکی ئۆپۆزیسیۆنی بارهێناوە. ئەمەش بە دیاردەیەکی سروشتی ئەبینم، وە دڵنیام ئەگەر ڕێبەری یەکێتی قەناعەتی بە هەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی حزبی ئاشکرا هەبێ زیان ناکات. بەهەرحاڵ من ڕای ڕەسمی سەرکردایەتی سەبارەت بەخۆم ــ بۆ نموونە لەڕێی نامەیەکەوە ــ نازانم، بەڵام بیروڕا نارەسمیەکان ( کەڕەنگە لە ڕەسمیەکەوە دوور نەبن) زۆربەیان لێم بە گلەیین. گرنگ ئەوەیە من بڕوام بەو ڕێگایە هەیە و ئامادەش نیم سوێند بۆ کەس بخۆم کە «**کوڕی باش**» م و «**دڵسۆز**» م. ڕابردووی سیاسیم ئەوانە باشتر ڕوون دەکاتەوە.
سەبارەت بە خواستی ڕیفراندۆم مەسەلەکە زۆر سادەیە. من لە ساڵی ١٩٩٣دا کە مام جەلال بانگەوازی بۆ چەپەکان بڵاوکردەوە تا لە ی.ن.ک دا یەککگرنەوە، وتارێکم بۆ «کوردستانی نوێ» نوسی و لایەنگریم لە بۆچونەکانی ئەو کرد و بە گەرمی جەختم لەسەر کردنەوە. لە هەمان وتاردا باسی ئەوەم کردبو کە دەکرێ واز لە «سەرانسەری» بهێنرێ و هەوڵدەین لە کوردستاندا شتێ بە شتێ بکەین، واتە خەڵکی کورد خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن. وە وەک بیرم مابێ بیروباوەڕی «سەرانسەریبون» و خۆ بەستنەوە بە عیراقم ناونابوو «قەنەفەی پرۆکۆست».
[ئەو دەمی کە من وتارەکەم نووسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دانەمەزرابوو، وە منصور حکمت یش وتاری سەبارەت بە چارەنووسی کوردستانی عیراق نەنوسی بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی وەک دەڵێن من «تیۆری زان» ێکی هەمەکات نەبوم و نیم، نەمتوانی لەوە زیاتر دوای مەسەلەکە بکەوم و لەو دۆخەدا هەر ئەوەندەم پێکرا؛ دواتر لەناو یەکێتیدا چومە بەشی عەسکەری و خەریکی شەڕی شاخەوشاخ بووم و نەک هەر «تیۆری»، بەڵکو تەنانەت دەبوا **کوردستان** یش لە ڕەبیەکانی «خۆمان» و «خۆیان» دا ببینمەوە. ئێستا وەزعەکە گۆڕاوە و خەڵک زۆرباش چاویان کراوەتەوە.
**مەنسور حیکمەت** لەو ساڵانەی پێشوودا مەسەلەی چارەنوسی کوردستانی عیراقی لە وتارێکدا شیکردبۆوەو پێشنیاری ڕیفراندۆمی کردبو. پاشان حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق «ڕیفراندۆم» یان وەک دروشم هەڵگرت. بە بڕوای من ئەوە هەنگاوێکی

جار بوه چەپەکان دروشمی لایەنە ڕاستەکانیان قۆستۆتەوە (وەک بەلشەفیک کە بەرنامەی سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکانیان کرد بە هی خۆیان) بەهەمان شێوەش دەکرێ حیزبە دەسەڵاتدارەکانیش شت لە چەپەکانەوە فێر بن، **من دروشمی ڕیفراندۆم تاکو دوایین پلە بەڕاست ئەزانم چونکە لەگەڵ خواستەکانی گەلی کورد و یاسا نێودەوڵەتیەکاندا ئەگونجێ، ڕەنگە لەباری تاکتیک و سیاسەتەوە قسەی تر هەڵبگرێ، بەڵام وەکو «پرەنسیپ» پێموایە قابیلی ڕەتکردنەوە نیە.**

لەم خاڵەوە من دوای ئەم دروشمە کەوتوم و لە سیاسەتی گشتی یەکێتی ترازاوم. بەڵام ئەگەر کەسێک پێی وایە ئەمە «ناکۆکی»یە لەگەڵ حزب و نەریتی سیاسی یەکێتی، دەبێ ڕێگایەکی تر نیشان بدات بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی لەناو حزبێکدا خاوەنی فکری جیاوازن بتوانن ئازادانە ڕای خۆیان بە خەڵک بڵێن و ببنە جێگای متمانە... وە لەو کاتەدا کە ڕەوتی ژیان بوار بۆ بیروباوەڕیان دەڕەخسێنێ، باشتر هیواکانیان باس بکەن و جێبەجێ بکەن.

دوو خاڵی تری پەیوەندیدار بە پرسیارەکەوە ڕوون دەکەمەوە: دەوری من لەناو ینک دا و هەبونی موقع و بڕیاری دواکۆنگرە.

ڕاستە من لەناو یەکێتیدا موقعی حیزبی و عەسکەریم هەبووە ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت من و کەسانی تر هەست بکەین لەناو ی. ن. ک دا ڕێڕەوی مەسەلەکان بەگشتی لەگەڵ خواستی ئێمە دەڕوات ... بۆیە پێویست دەکات خۆمان کەنار بگرین تا بتوانین بەو خۆدورخستنەوەو ڕەخنەگرتنە گۆڕان ــ یاخود لانیکەم هیوایەک بە گۆڕان ــ دروست بکەین.

ئەوەش کە لە دوایین کۆنگرەدا جەخت لەسەر یەکپارچەیی خاکی عیراق کراوەتەوە یەک زەرەش لە هەقانیەتی خواستی ڕفراندۆم کەم ناکاتەوە... دەکرێ یەکێتی نیشتیمانی ئەم قۆناغە وا لێک بداتەوە کە ناشێ باس لە جیابوونەوە بکرێ ــ هەرچەند ڕیفراندۆم بە واتای جیابوونەوەش نیە ــ بەڵام مەبەست ئەوەیە کە «پرەنسیپ» ی رفراندۆم و مافی خەڵک بۆ بڕیاردانی چارەنووسیان بەڕەسمی بناسێ و دژایەتی نەکات، تاکو ئەگەر دنیا سوڕا و زەمەن فرسەتێکی باشتری هەڵخست عەقڵی میللەت بە کێشەکە نامۆ نەبێت. ئەم مەسەلەیە زۆرتر هەڵدەگرێ... هەروەها ئەگەر کۆنگرەش بۆچەندەمین جارجەختی کردبێتەوە، دیسانیش ئەوە ڕەت ناکاتەوە کە لەناو ڕێبەری یەکێتیدا خەڵکانێک هەن ڕایان جیاوازە، بۆ نموونە کاک نەوشیروان لە یەکێک لە کتێبە چەند بەرگیەکەیدا بە ڕاشکاوی داکۆکی لە سەربەخۆبونی کوردستان کردووە و هیواخوازە کە ئەو عیراقە دەسکردە بۆ بەرژەوەندی میللەتەکانی ناوی شەق و پەق ببێ.]

**پرسیار:**

**ئایا بەشداری جەماوەریی فراوانی کوردستان لە هەڵبژاردنەکاندا نیشانەی پەیوەستبونی جەماوەر بەو دو حیزبە سەرەکیە و بەرنامەیان بۆ چارەسەری کێشەی کوردستان ـ بۆ نمونە فیدرالی ـ ناگەیەنێت؟**

**وەڵام:**

گومانی تیا نیە ئەو دو حیزبە سەرەکین و خەڵک پشتیوانی کردوون. بەڵام ئەوەی کە حزبێک سەرەکیە و خەڵک پشتیوانی لە دروشمەکانی کردوە یاخود پشتیوانی ئەکات نابێتە پاساو بۆ ئەوەی هەر ئیدە و فکرەیەکی تر لەناو کۆمەڵگادا سەری هەڵدا، ببێتە کفر و دادگای لێکۆڵینەوەی بۆ دابنرێ. من دەتوانم لە مێژووی جیهان و ناوچەکە و کوردستان زۆر نمونەت بۆ بهێنمەوە سەبارەت بەوەی کە حزبە گەورەکان دروشمیان هەڵگرتووە و «خەڵک» وەدوایان کەوتون و پاشانیش **بۆ هەمان خەڵک** ڕوون بۆتەوە ئەو دروشمە لە بنچینەوە غەڵەت بوە.

هەمومان دەزانین دروشمەکانی وەک «عروبەت» ی صدام حسێن، «شەڕ شەڕ تاکو نەهێشتنی فیتنە لە جیهان دا»ی ڕێبەرانی ئێران لەکاتی شەڕی یەکەمی کەنداودا، وە هەروەها دروشمی «براگەورەیی ئەڵمانی» هیتلەر و تەنانەت سیاسەتی داکۆکیکردن لە « تاقە وڵاتی سۆسیالیستی جیهان» کە حزبە شیوعیەکانی دنیا هەڵیان گرتبو بۆ بەرگری لە سۆڤیەت، هەموویان دروشمی قەبە و گرنگ و چارەنوسساز بوون و هەزاران هەزار کەس بونەتە قوربانی بۆیان و بە ملیۆن کەسیش بوونە سەربازی جێبەجێکردنیان. بەڵام ئایا وەڵام ڕوون نیە؟ ئایا ئەو دروشمانە ڕاست بوون؟ ئایا عروبەتی صدام بەڕاستی عروبەیە و بۆ خزمەتی میللەتی عەرەبە؟ ئایا ئێران توانی فیتنە لە جیهاندا بنبڕ بکات؟ ئایا هیتلەر براگەورەیی خەیاڵیی ئەڵمانی بۆ پراکتیزە کرا؟ وە هەروەها ئایا سۆڤیەت سۆسیالیست بو کە ئەو هەموو داکۆکیە بێمەعنایەی لێ دەکرا؟

پێموایە بەلای هەموانەوە ڕوونە کە کۆبۆنەوەی خەڵک لە دەوری دروشمێک ڕاستەوخۆ بە واتای **بەرهەق** بونی ئەو دروشمە نیە. لەو ئاقارەدا پێویستە سەرجەم کێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانیش لێکبدرێنەوە و حسابیان بۆ بکرێ. [لە کات و سەردەمی خۆیدا زۆر کەسی چەپ و دیموکراتخواز دژ بەو دروشمانەی باسمکردن ڕاوەستان. وە ڕەنگە هەزاران کەسیش گیانیان لەدەست دابێ دژ بەو دروشمانەی کە ڕەوتی مێژوو ساغیکردەوە دروشمی بێکەڵک بوون و خێریان بۆ مرۆڤایەتی نەبوە.

گرنگ ئەوەیە بزانین لە گشت کات و سەردەمێکدا بەرامبەر بە شیعاری زاڵ، کەسانێکی

نارازی هەن و ڕەتی دەکەنەوە. من یەکێکم لەو کەسانەی ئەگەر پشتیوانی بۆ فیدراڵی لە ئێستاش زیاتر بێ هەر بە درووشمێکی بێسوودی دەزانم، نەک لەبەر ئەوەی فیدراڵیم پێ خراپە (کە هەرگیز پێم خراپ نیە) بەڵکە لەبەر ئەوەی کە پێموایە فیدراڵی لە عیراقداو لە هەلومەرجی هەبوونی بەعس و هاوشێوەکانی بەعسدا نەگونجاوە، نەزیفی کورد هەر ئێستا لەژێر سایەی «فیدراڵی» دا بەردەوامە و ڕاست نیە گەر بڵێم بە تەنها من ئەو نەزیفە ئەبینم: ٤٠٪ زیاتری خاکی کوردستان لە کۆنترۆڵی بەعسدایە، تەعریب بەردەوامە، ئیرهابی بەعس درێژەی هەیە و بەوجۆرە من تێناگەم فیدراڵی «یەکلایەنە» لەو شوێنانەی ئەمریکا و ئەوروپا دەیپارێزن چ واتایەکی هەیە؟ واتە ئەم «فیدراڵی» یە سەقەتەش خۆی لە خۆیدا سەقامگیر و ئەبەدی نیە..

کەواتە پشتیوانیکردنی خەڵک لەو دروشمانە پشتیوانیەکی خۆڕسک نەبوە، واتە خەڵک بە زگماک لەگەڵ شیعاری فیدراڵیدا گەورە نەبون، بەڵکە چەند کەس لە ڕێبەرانی کورد و دواتر حیزبەکان ، شێوەیەک لە شێوەکانی پێکەوە ژیانی ئیداری دوو گەلی کورد و عەرەبیان بە چارەسەری «فیدراڵی» لا باش بوەو توانایی سیاسی و فکری و پێشینەی مێژوویی ئەوان لە سیاسەتدا بۆتە پاڵپشت بۆ سەرخستنی ئەو بەرنامەیە و لەم دواییانەدا هێزی عەسکەریش بەکارهێنرا تا سەرکوتی ئەوکەسانە بکات باس لە ڕیفراندۆم و جیابونەوە دەکەن. کەواتە مەسەلەکە مەسەلەی هەڵبژاردنێکی ئاگاهانە نیە لە پرۆسەیەکی دیموکراتیکدا بەڵکو مەسەلەی بەرژەوەندیە حیزبی و شەخسی و سیاسیەکانە کە بڕیار لە جۆری دروشم و تاکتیکەکان دەدات. من دڵنیام زۆرکەس پێیان وایە گەر میللەتی کورد ئازادی هەبێ دەنگ دەدات بە جیابونەوە، وە ئەوانەش جیابونەوە لە بەرژەوەندی خۆیان نابینن.]

**پرسیار:**

**تۆ وەک ڕۆشنبیرێک ئاگاداریت لەسەر ڕەوتە جیهانیەکانی ئەمرۆ هەیە، پرۆسەی ریفراندۆم زۆرتر وەک خەیاڵێکی خۆش دەبینی یان وەک هیوایەک کە بەدیهاتن و پراتیکبوونی بە مومکین دەبینی تا ئەو ڕادەیەی کە بکرێ بە بەرنامەی خەبات لەم ڕۆژەدا؟**

**وەڵام:**

من هیچ گۆڕانکاریەک لە دنیای ئەمڕۆدا بە مەحاڵ نابینم. بێگومان لە سەردەمی تەیمورلەنگ یاخود هارونەرشیددا باسکردنی فیدارالی و ڕیفراندۆم بۆ گەلی کورد قسەی پوچ بوون چونکە دنیای ئەو ڕۆژە و مەفاهیمەکانی ئەو سەردەمە شتی لەو بابەتەی نەهاتبوە ناوەوە. دنیای نوێ یاخود وەک جەنابت ئەڵێی «**ڕەوتە جیهانیەکانی**

**ئەمڕۆ** » کەلێن و درزی زۆریان کردۆتەوە بۆ قسەکردن و داواکردن لەژێر سایەی مەفاهیمەکانی خودی خۆیاندا. بۆ نمونە ئەگەر هەیئەتێکی کوردی کە لەچەند حیزبی دەسەڵاتداری کوردستان پێک هاتبێ و دیداری هەرکام لە سەرۆک دەوڵەت یاخود سکرتێری نەتەوە یەکگرتوەکان بکات و سەبارەت بە ریفراندۆم، سەربەخۆیی، فیدراڵی، مافی مرۆڤی کورد، مافی کلتور، مافی هاموشۆ و پەنابەری، مافی ژیان و کەرامەت لەگەڵیا بدوێ، بە دڵنیاییەوە دەزانین کە وەڵامی بەرامبەر سەرسوڕمان و حەپەسان نابێ بەرامبەر بە وەفدەکە چونکە مەفاهیمەکان خۆیان مەفاهیمی خۆرئاوایی و بە واتایەکی تر «جیهانی»ن. کەواتە، قسە لەسەر ئەوە نیە فلان داواکاری کاتی هاتوە یان نەهاتوە، چونکە مەسەلەکە بۆ دنیای ئەمڕۆ ــ لەئاست ڕیفراندۆم داــ ئیدی کۆن بوە و چاکترە بڵێم بۆتە خواستێکی بەدیهی، مەسەلەکە زیاتر ئەوەیە: ئەو داوایە چەندی خەڵک لە پشتە و توانایی چەند حزبی لەگەڵدایە؟

بەوجۆرە ئێمە لە مێژووی مرۆڤدا دەبینین زۆر خواست لەپێشدا «خەیاڵ» بون کەچی پاشان بونە واقیع. نمونە زۆرن: ڕاپەرینی کوردستان، ڕاپەرینی ئێران، ڕمانی سۆڤیەت، چوونی مرۆڤ بۆ سەرمانگ، دۆزینەوەی سەدان ئامرازی نوێی گواستنەوە و گەیاندن. ئەوانە هەمووی تەنانەت بۆ بەشێک لە بەشدارانیشی سەردەمانێک نامومکین هاتونە بەرچاو بەڵام پاشان دەرکەوتوە کە دەکرێ سەربکەون. ئەوەش کە ریفراندۆم ببێتە بەرنامەی خەبات، بە لای منەوە ئەوە یەکێکە لەو مەسەلانەی گرنگی پێ دەدەم و خۆمی بۆ هیلاک دەکەم. وە سەرکەوتنی ئەو مەسەلەیەش بە هێڵێکی ڕاست و بێگرێ وگوڵ نابینم و دەتوانم بڵێم زیاترلە وەرچەرخانە سیاسیە ناوچەیی و جیهانیەکاندا فرسەتی جێبەجێکرانی فەراهەم دەبێ و پراتیک دەبێ. وە بێگومان تا ئەو کاتەی حزبە گەورەکانی کوردستان لە دژی بوەستن وەک ئەوە وایە مرۆڤ ئاسنی سارد بکوتێ. بەڵام ئەگەر حزبە گەورەکانیش بزانن خواستی ڕیفراندۆم خەڵک لە خۆی کۆدەکاتەوە و سەرنجی کەسانێکی زۆر لە «نوخبە»ی بە دواوەیە و هەروەها ئەگەر لە ڕێگای کەسانی وەک ئێمەوە بێ یان لە کەناڵەکانی خۆیانەوە، بزانن ئەوروپا و ئەمریکا لە ئاستی حکومی و ناحکومی دا ڕێگری خواستەکە نین، ئەوا بێگومان کێشەکە دەگۆڕێ و ئەوەی کە مەحاڵ دەهاتە بەرچاو دەبێتە شتێکی مەلموس و بەرهەست.

بەم لێکدانەوەیە، گرفتەکە زیاتر لە ئاستی «ذاتی» و فیکریدایە نەک لە ئاستی بابەتی. چونکە دنیای ئەمڕۆ دەرگای لە هیچ خواستێکی سیاسی ــ تەنانەت ئەخلاقیش ــ دانەخستووە تاکو خواستی میللەتێکی گەورەی وەک کورد پشتگوێ بخات.

[**پرسیار:**
**ڕیفراندۆم وەک بیروڕاو وەک پرۆسە لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستەوە خراوەتە ڕوو وە ئێستاش ئەوان سەرپەرشتی زۆربەی چالاکیەکان دەکەن. تۆ جێگای خۆت لەم هاوکێشەیەدا چۆن دەبینی لە کاتێکدا ئەندامی حیزبێکی تریت و هەڵگری بیروباوەڕێکی تریت؟ وە ئایا دەکرێت پرۆژەی ڕیفراندۆم لە چوارچێوەی ئەم حیزبە بچێتە دەرەوەو فراوان بکرێت بۆ پرۆژەیەکی سەرتاسەری چەپی کوردستان؟**

**وەڵام:**
ئەگەر مۆڵەتم بدرێ لە کۆتایی پرسیارەکەوە دەست پێدەکەم ودەڵێم: دەتوانێ نەک هەر بکرێ بە پرۆژەی سەرجەم چەپی کوردستان، بەڵکو دەشێ ببێ بە پرۆژەی چەپ و ڕاستی کوردستان و سەرجەم پارتە سیاسیەکان.
ڕاستیەکەی حەز ئەکەم ئەوەتان عەرز بکەم کە هەستی دەمارگرژی حزبی لەمندا زۆر لاوازە، وە من هەمیشە بە گومانەوە دەڕوانمە شتە هەرە چەسپاوەکان، لەوەش زیاتر، پێموایە لەدۆخی کوردستاندا دەمارگرژی حیزبی زۆر زیانبەخشە.
بۆیە دەبینی لە زۆر مەسەلەدا لە بەرامبەر سیاسەتی ڕەسمی یەکێتی دا قسەم کردوە و قسە ئەکەم.
ئەریک هوبزباوم کە مێژوونووسێکی ناسراوی چەپی ئینگلیزیە، لەو کتێبەدا کە سەبارەت بە ناسیونالیزم نوسیویەتی و دەیەوێ ناسیونالیزم وەک دیاردەیەکی «مێژوویی» بنرخێنێ، خواستی ئەوەی دەربڕیوە تەسەوری کەسێک بکەین کە لە یەکێک لە ئەستێرەکانی ترەوە دێت و دەیەوێ لێکۆڵینەوە لە سەر گۆی زەوی بکات، دەبینێ ئەوانەی لەسەر ئەم زەویە ژیاون هەموویان ئینسان بوون بەڵام بە حوکمی «نەتەوە» لێکدابڕاون و بەگژیەکداچوون و سەدان ساڵ بونەتە هۆی دواکەوتنی یەکتری.
بە بڕوای من بۆ مەسەلەی چارەنووسی سیاسی گەلی کورد پێویست ناکات مرۆڤ بچێتە سەر ئەستێرەیەکی تر و تەماشای زەوی بکات. ئەوەی پێویستە ئەمەیە: **خۆی لە دەمارگرژی حزبی ڕزگار بکات و هیچی تر**. پێویست ناکات هۆکارەکانی کەللەڕەقی حیزبی باس بکەم کە زۆربەیان ڕەگیان لە بەرژەوەندی تاکەکەسی و ماددی دایە، بەڵام ڕزگاربوون لەو نەخۆشیە و بیرکردنەوە وەک میللەت یاخود وەک مرۆڤێکی بەرپرسیار لەناو میللەت دا دەمانگەیەنێتە زۆر شت کە یەکێک لەوانە مەسلەی ڕیفراندۆمە.
ئەوەی خۆم چۆن لەو هاوکێشەیەدا ئەبینم پێشتر باسکرا، من نزیکیەکی زۆرم لەگەڵ یەکێتی و لێپرسراوەکانی و ئەندامەکانیدا هەیە. وە بێگومان هەست بە هەنگاوە باشەکانیان دەکەم و لە دڵەوە پێم خۆشە. بەڵام من وابەستەی هیچ بەرژەوەندیەکی

دەسەڵات و شتی تر نیم تاکو ڕێگام لێ بگرێ ئەو شتانە نەڵێم کە بڕوام پێیان هەیە، وە قەناعەتە سیاسیەکانم لەگەڵ هیچ دەسەڵات و هێزێک دا ناگۆڕمەوە، تا ئەو کاتەی لە کوردستان بووم لە هێز و دەسەڵات یش بێبەش نەبووم و کەسیش پاڵی پێوە نەناوم دور بکەومەوە، ئەگەر هەندێ وردە گیروگرفتی لێدەرچێ، ئەوەی ویستوومە نوسیومە و وتومە و ئەوەی ئێستاش لە ئەوروپا درێژەی پێدەدەم دژ بەو پێشینەیەی خۆم نیە بەڵکو درێژەکێشانی ئەوە...

ئەگەر ئێستا قسەکانی من توندترن مەسەلەکە ئەوە نیە دورترم. وە مەسەلە ئەوەش نیە بوبمە ئەندامی حزبێکی تر. مەسەلە ئەوەیە زروفی سیاسی کورد، وە دۆخی ناوچەکە و کوردستان بە گشتی قسەی لەوجۆرەی دەوێ و پرۆژەی لەوجۆرەی دەوێ، وە ئەگەر بزانم خۆگونجانی من لەو «هاوکێشە» یەدا کە ئەگەر ئەندامی یەکێتیم نابێ قسە لە هیچی تر بکەم ئەوا بێگومان نەک واز لە حزب، بەڵکو کوردستانیش جێئەهێڵم و دەچمە ناو قاوغی بیروباوەڕەکانی خۆمەوە.

حزبی کۆمۆنیست لەپشت ڕیفراندۆمەوەیە. ئەوە ڕاستە. بەڵام حیزبی کۆمۆنیستیش وەکو من داکۆکی لە فکرەیەک دەکات کە کەسێکی تر، مارکسیستێکی تر، لە وڵاتێکی ترەوە ئەو فکرەیەی باس کردوە. ڕاستە مەنسور حیکمەت لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق زۆر نزیکە بەڵام بەهەرحاڵ ئەو ڕێبەری حیزبێکی چەپی ئێرانیە، وە بەلامەوە زۆر ئاساییە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق و دکتۆر محمود عوسمان و لۆتا هیدسترۆمی سویدی و لۆرد ئێڤبری و زۆری تریش داکۆکی لەو فکرەیە بکەین کە پێی دەوترێ «ڕیفراندۆم»، هەروەک چۆن ئاساییە حزبەکانی کوردستانیش داکۆکی لە فکرەی فیدراڵی دەکەن کە ئەویش فکرەی خۆیان نیە و لە یەک دوو سەدە لەمەوپێشەوە لە ئەمریکا و ئەوروپاوە داڕێژراوە و کەسێکی تری وەک حیمکەت دایڕشتوە.

هەڵبەت پێویستە ئەوەش بڵێین کە فکرەی «ڕیفراندۆم»یش لە بناغەدا ئەوروپیە و حیکمەت تەنیا لە وتارێکدا پێشنیاری کردوە و داکۆکی لێکردوە.

حیزبی کۆمۆنیست وەکو پرۆسە داکۆکی لێدەکات بەڵام وەک ئاگادارن لە بریتانیا من ئەندامی بەڕێوەبەری گۆڤاری «ڕیفراندۆم»م و بۆ هەر ژمارەیەکی شتم ئامادە کردوە، وە لە کۆنفرانسی یەکەمدا کە لە زانکۆی لەندەن بەسترا و ئێوەش ئاگادارن، زۆر کەسیتر هاتنە پشت داکۆکیکردن لێی ی. بەهەرحاڵ، ڕەنگە هەرکەسە بۆ جۆرە مەبەست و لێکدانەوەیەک بیەوێ باس لە ڕیفراندۆم بکات، بەڵام من گومانم لە دڵسۆزی کەس نیە لەسەر دروشمە سیاسیە ڕاستەکان.

من ئەندامی یەکێتی نیشتمانی کوردستانم. ڕاستە. وە داکۆکی لە ئایدیەی ڕێفراندۆم ئەکەم، ئەوە چ زیانێکی بۆ یەکێتی هەیە؟ بە بڕوای من هەر حزبێک بیەوێ هەموان وەک

یەک بیر بکەنەوە حزبێکی توتالیتارە و دەبێ ڕێگای پێ بگیرێ، وە لەو قەناعەتە دام یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەتوانێ زۆر بە ئاسانی لە مەسەلەیەکی وا گەورە تێ بگات و هەمومان دەزانین لە ڕێبەری یەکێتیدا کەسانی زۆر بە توانا هەن. من لەسەرەتاوە چەپ بووم و ئەگەر هەڤالان منیان قەبوڵ بوە لەکاتی خۆیدا هەروا کارم لەگەڵ کردوون و لەمەودواش هێندەی بکرێ وەک چەپ قسە ئەکەم و پێموایە ئەو حزبەی ئەندامم تیایا ئەگەر پێشنیاری عاقڵانە و باشی بۆ بکرێ ڕەتی ناکاتەوە.
«ڕیفراندۆم» فکرەیەکی بەهێزە و ئیمکانی هەیە زۆر بە گورجی ببێتە فکرەیەکی جەماوەری و حزبی.]

(*)
١ـ پرسیارەکانی ئەم گفتوگۆیە لە لایەن کاک عەدنان عوسمان ەوە ئامادەکراون. کاک عەدنان نوێنەری هەفتەنامەی « هاولاتی» یە لە ئەوروپا.
٢ـ ئەو بەشانەی لە نێوان دو کەوانەی بەم جۆرە [ ...] دانراون، نە لە «هاولاتی» و نە لە «ڕیفراندۆم» دا چاپ نەکراون!... وە بێگومان من لە کاتی خۆیدا پرسیارم لە هیچ لایەکیان نەکرد لە هۆی بلاونەبونەوەی، هەرچەندە بە هەمو حوکمێک دەبا«ڕیفراندۆم» بلاوی کردباوەو لێرەدا ناچار نەبم ئەم وشانە بنوسم، حەتمەن هەردولایان دەقە ئەسڵیەکەیان لاماوە...

# تیرۆری فرەنسۆ:
# هۆشدارێک بۆ هەموان

«پەیام» ژ ۳۲
مارس۲۰۰۱

تیرۆری فرەنسۆ حەریری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەو شێوە ئاشکرایە لەناو شاری هەولێردا، زەنگێکی مەترسییە بۆ هەمووان.
ڕەنگە وشەی «هەمووان» بە ئەندازەی پێویست واتاکەی ڕۆشن نەبێت، بەڵام ڕێگا بدەن پێش ئەوەی سەبارەت بە هەبوونی مەترسی بۆ سەر هەریەکەمان بدوێین، بە چەند ڕستەیەک باس لە تیرۆر و کاری تێرۆریستی بکەین، بەڵکو لەو ڕێچکەیەوە سەرنجی خوێنەران بۆ چەند مەسەلەیەکی گرنگی تریش ڕابکێشین.
سەرەتا دەبێت بزانین چ کەس و لایەن و هێزێک پێویستی بە کاری تیرۆریستی هەیە!؟
لە یەکەمین سەرنجدا ئەوە دێتە بەرچاو کە تەنیا ئەو لایەن و هێزە دەست دەداتە کاری تیرۆریستی کە شەرعیەتی سیاسی و ئەخلاقی لە خۆیدا نابینێتەوە و لەوە دڵنیا بووە کە زۆربەی خەڵک لەگەڵ ئەودا نین.
تیرۆر کاری ئەو کەس و لایەنانەیە کە لە ڕێگا یاسایی و قبووڵکراوەکاندا شکستیان خواردووە و یەک ڕێگا لە بەردەم خۆیاندا دەبیننەوە بۆ خۆنواندن، ئەویش پەنابردنە بۆ خەنجەر وەشاندن لە پشتەوە.... لە کاتی ناخافڵ و دوور لە چاوی خەڵک.
دنیای ئەمڕۆی ئازادی و سەروەریی یاسا، تاکو دوایین پلە لە بەرانبەر کاری تیرۆر و تیرۆریستیدا وەستاون و دەوەستن.
ئەگەر قسەیەک هەیە دەبێت بە ئاشکرا بکرێت و ئەگەر کەسێک تاوانکارە دەبێت دادگای خاوەن دەسەڵات حوکمی لەسەر بدات. تیرۆر و کوشتن نەک تەنیا قازانج بە

پرۆسەی عەدالەت و گەشەی سیاسیی کۆمەڵ و پێشکەوتنی میللەت ناگەیەنن، بەڵکو بە پێچەوانەوە: سەر لە میللەت دەشێوێنن و ڕاستییەکان ون دەکەن و ئاڵۆزی سیاسی و ڕوحی بڵاو دەکەنەوە.
تێرۆری فرەنسۆ حەریری، بە گشت ئەو واتایانە، کارێکی مەحکوم و دژی دیموکراتیە و دژی ئەو پرۆسەی سەقامگیربوونەیە کە سەرجەم کوردستانی عیراق چەند ساڵێکە بە ڕەوتی کیسەڵ هەنگاوی بۆ دەنێت.
کوژرانی فرەنسۆ حەریری لەناو شاری هەولێر، بە پێچەوانەی زۆربەی ئەو تیرۆرە سیاسیانەی لە چەند ساڵی ڕابوردوودا ڕوویانداوە و مەزەندە هەیە لە وڵاتی تری هاوشێوەی کوردستان و لە هەلومەرجی وێکچوودا ڕوو بدەن، لەجیاتی ئەوەی بەڵگە بێت بۆ پشێوی سیاسی لە ناوچەکەدا، بەڵگەیە بۆ هەبوونی بارێکی سەقامگرتوو.
دەکرێت لە باری ستراتیژی و سیاسیەوە دەیان ڕەخنە و لۆمە ڕیز بکرێن و پێشکەش بە حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بکرێن، بەڵام لەوەدا کە تەقەکردن لە فرەنسۆ حەریری هەوڵ و ئامرازە بۆ تێکدانی ئەو سەقامگرتوویە سیاسییەی لە هەردوو بەشی سلێمانی و هەولێردا هاتۆتە کایەوە، نابێت گومان هەبێت. واتە: دوژمنانی ئازادی گەلی کورد هەستیان بە هەبوونی پێشکەوتنێکی سیاسی لە کوردستاندا کردووە و، لەم دۆخە تایبەتەی ئێستادا کە زەمینەی تەبایی و یەکگرتنەوە بەرەو ڕەخسان دەچێت، فرەنسۆ حەریری دەکەنە قوربانی تاکو وا دەربخەن پشێوی لە ناوچەکەدا درێژەی هەیە!
ئەوەی جێگای سەرنجە لە تێرۆری فرەنسۆ حەریری دا، وەک هەر کارێکی تێرۆریستی تر، هەبوونی تەمومژ و نادیاریە لە گومانبردن بۆ بکوژ و تاوانکارەکان. بەڵام لەگەڵ گشت نادیارییەکدا، سەرنج و هەستەکان بەناچاری ڕوو لە دەرەوەی کوردستان دەکەن و هەوڵ دەدەن لەوێندەرێ جێپێی ئەم تاوانە بدۆزنەوە. عەقڵ نایبڕێت حزب یاخود گرووپێکی کوردی، غیرەتی کاری لەو جۆرە لە خۆیدا پێک بهێنێت و هەوڵدات ئاواتە نیوەناچڵەکانیش بە بادا بدات...
مردنی ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندیی حزبێکی گەورەی کورد لە کوردستانی عیراق بە ڕێگای تیرۆر، پێش هەر شتێکی تر، ئەوە دەسەلمێنێ کە ئاشتیی ناوخۆو تەبایی و حکوومەتی یاسا و جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی دەبنەوە هۆی دامەزراندنی پەرلەمان، لە گشت کاتێک پێویستترن.
ئەم تێرۆرە بە تەنیا دژ بە حزبێکی سیاسیی کوردی نەبوو بەڵکو دژ بە «هەمووان» بوو، بە حیزب و «حکوومەتەکان» و جەماوەری دابەشکراو بەسەر ناوچە جیاوازەکاندا، وە لێدانی زەنگی مەترسی بوو بۆ گشت ئەوانەی گوێیان هەیە بۆ بیستن و چاویان هەیە بۆ بینین .

پێویستیی مەحکومکردنی ئەم تیرۆرە، بەدەر لە لایەنە ستراتیژیەکەی و ئاکامە سیاسییەکانی لە پێوەند لەگەڵ هەلومەرجی ناوچەیی کوردستاندا، لەو ڕوانگەیەشەوە بایەخی تایبەتی خۆی هەیە کە هەمووان بزانن: ئەگەر کوشتنی کەسێکی وەک کاک فرەنسۆ حەریری بەو شێوەیە جێبەجێ بکرێت و یاساشکێنی و لەژێرپێنانی مافەکانی مرۆڤ تا ئەو ڕادەیە وەگەڕ بخرێن کە دەسەڵاتدارانی پلە یەکیش بگرێتەوە، دەبێت حاڵی ئەو تێکۆشەرە دیموکراتخواز و ڕادیکال و مرۆڤدۆستانە چۆن بێت کە ئامادەن بەشێکی زۆری تەمەن و توانای خۆیان لە پێناوی سەروەریی یاسا و لەناوبردنی «یاسای جەنگەڵ» دا سەرف بکەن!؟

# دەربارەی مفاوەزات

« هاوڵاتی» ژ٣٢
٢٠٠١/٧/٢٢

**پرسیار:**
**جارێکی تریش دەنگوباسی گفتوگۆی نێوان پارتەکانی کوردستان و ڕژێم هاتۆتە ئاراوە، ئایا بە بڕوای ئێوە ئەم گفتوگۆیە ئیمکانی بەسەرکەوتن گەیشتنی هەیە لەگەڵ بەعسداو دەشێ بەرهەمێکی بۆ کورد هەبێ؟**

**وەڵام :**
من لەو بڕوایەدایەم هەلومەرج زۆر گۆڕاوە. ناکرێ بڵێین «بەتەواوی» گۆڕاوە بەڵام وەرچەرخانی زۆر لەسیستمی سیاسی دنیا و ناوچەکەو کوردستاندا هاتۆتە ئاراوە.
بێگومان ئەم گۆڕانکاریانە کاریگەری خۆیان لەسەر گشت دیاردە سیاسیەکان دادەنێن. تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە«دیالۆگ» ی نێوان پارتەکانی کوردستان و ڕژێمەوە هەیە، پێموایە ڕەتکردنەوەی کارێکی قازانجبەخش نیە، لەبەر چەند هۆیەک:
**یەکەم:**
ڕای ئەو وولاتە عەرەبیانەی پیان وایە ــ بێگومان بە هەڵە ــ دەکرێ ڕژێم مافی ئازادی و دیموکراسی بۆ کورد بەڕەسمی بناسێ؛
**دووەم:**
ڕەتکردنەوەی « گفتوگۆ» لەگەڵ ڕژێمی مەرکەزیدا لەو حاڵەتەدا کە «سەربەخۆیی» ڕانەگەیەنراوە و حزبەکانیش زەمینەی ئەو مەسەلەیان نەڕەخساندوە لەباری ناوچەیی و جیهانیەوە زیانبەخش دەبێ؛
**سێهەم:**
قبوڵکردنی دیالۆک لە کاتێکدا ڕژێم پێشنیاری کردبێ بەو واتایە خودی ڕژێمیش قبوڵیەتی کێشەیەک هەیە و پێویستی بە چارەسەرکردنە. واتە ئەمجارە دەکرێ لەسەر بناغەی ئەوە دیالۆگ بکرێ کە پارتەکانی کوردستان ئێستە بە شاخەوە نین تاکو هەر «

شــەرعیــەتـی شـۆڕشـگێـڕانە» یان هەبێ، بەڵکو لەشـاردان و خــەڵکی کـوردسـتــان پشتیوانیان دەکات و «شەرعیەتی یاسایی» یان هەیە.
لەلایەکی ترەوە، ئەگەر مـەسـەلەکە پەیوەست بکەین بە خـودی مـیللەتی کـوردەوە، ئەم ڕژێمـە دیالۆگ بکات یان نەکات، فـیدراڵـی و تەنانەت ئەگەر سـەربەخـۆی یش بۆ کورد بەڕەسمی بناسێ هـەر ڕژێمێکی تاوانکارەو هەقی سزادانی هـەیە. ئەوان خـوێنی ٣٠٠ هەزار مرۆڤی کوردیان لە ئەستۆیە. بەڵام **دنیای سیاسەت** مەسەلەکە بەشێوەیەکی تر لێک دەداتەوە و پێویستە ئێمەیش خۆمان لەوەزعی دنیا گورگە نەکەین.
خاڵێکی گرنگ لەئارادایە ئەویش هەڵوێستی ئەمریکایە لەسەر مەسەلەی عێراق، وە ئەم هەڵوێسـتـەی ئەمـەریکا بێگومـان دەبێ ڕەنگدانەوەی لای حـزبەکـانی کـوردسـتـانیش هەبێ... ئەگـەر لە یەک ڕسـتــەدا مـەسـەلەکـە کورت بکەینەوە دەشێ بڵـێین: ئەمـەریکا خــوازیـاری مــانەوەی ڕژێمــە!، ئەوەش بـە واتای ئەوەیـە کــە هـەوڵـەکــانی ســـەددام بۆ بەرزکردنـەوەی پلەی قـوسـەی کـوڕی و جێگوڕە لە ڕژێمـدا، هەوڵدانن بۆ هێشـتنەوەی ڕژێم دوای سەرۆکی نەخـۆش، وە هـەموویان شـتی بیرلێکراوەن و تاکو ئێستا ئەمەریکا ناڕەزاییەکی جیدی بۆ ئەو مەسـەلەیە نیشان نـەداوە. کەواتە پرۆژەی « دیالۆگ» ی ڕژێم لەگــەڵ کــورد زیاتـر لەوەی ــ وەک جــاران ــ پرۆژەیەک بـێ بۆ منـاوەرەو کــاتکوشـتن، پرۆژەیەکە بۆ«مـانەوە» یاخـود لـەباشـترین حـاڵەتیدا، هەوڵێکە بۆ قـایمکردنی زەمـینەی سیاسی قوسەی.
چاوەڕێکردنی ئەوەی شـتێ لە ڕژێم هەڵوەرێ بۆ کـورد، کارێکی بێسودە، بەڵام لۆجیکی سیاسەت شیکردنەوەی جیاواز دەدات بەدەستەوە. من بڕوام وایە پارتەکانی کوردستان دەکـرێ دە سـاڵ گـفـتـوگـۆ لەگـەڵ ڕژێمـدا درێژە پێـبـدەن و نـەشگەنە هیـچ. واتە هـەر لەبناغەوە بۆ ئەوە دیالۆگ بکەن بۆ ئەوەی دەریبخـەن «ئامادەی دیالۆگن» نەک گەیشتن بەشتێک چونکە «ئیختیار» ەکەی تر، واتە **گفتوگۆنەکردن** لەم زروفەدا کە هـەموان ــ بێ جـیـاوازی ــ لەگـەڵ مـانـەوەی ڕژێمـدان زیانبـەخـشـیـەکـەی ئاشکرایە و ڕەنگە ڕای دەوروبەرو هەندێ وڵاتی عەرەبی و گەورەش لەسـەر کورد خراپ بکات.
کەواتە: گفتوگۆ لە پێناوی گفتوگۆدا بۆ **نەگەیشتن** بە ئەنجام، بۆچی؟
چونکە ڕژێمی بەعس ئەگەر لـە گفتوگۆکانیشدا ڕاستگۆ بێت و دیموکراتانە بجوڵێتەوە دیسان مەحکومەو بۆ گەلی ئێمە قابیلی قبوڵ نیە.
گفتوگۆیەکی جیدی و ئاشکرا دەتوانێ ڕای دنیا بەلای کێشـەکەماندا زیاتر ڕابکێشێ بەمەرجێ خواستی کورد لانیکەم ڕیفراندۆمێکی هەمە لایەنە بێت بۆ گشت گەلی کورد.

# ئارچەر لە سێبەری یاسادا

«هاوڵاتی» ژ٣٤
٢٠٠١/٨/٥

ڕەنگە شتێکی سەیر نەبێ گەر زۆربەمان ـ ئێمەی کورد ـ نەمان زانیبێ ئەو کۆمەڵە خێرخوازییەی دە ساڵ پێش ئێستا لە بەریتانیا بەناوی «کەمپەینی ڕاستی سادە» وە دامەزرا و توانی لە ئاهەنگێکدا بۆ پشتیوانی کورد ٥٠ ملیون بینەر لە خۆی کۆبکاتەوە، لەلایەن جێفری ئارچەرەوە دامەزرابوو.
دوای گشت ئەو ساڵانەو تێپەڕینی قۆناغێکی ئێجگار سەخت لە ژیانی میللەتی ئێمە، تازە بەتازە خەریکە ئەوە ساغ دەبێتەوە کە قرۆشێک لەو ٥٧ ملیون پاوەندەی لەو هەوڵەدا کۆکراوەتەوە، بۆ گەلی کورد سەرف نەکراوە.
لێپرسراوەکانی ئەودەمەی بەریتانیا دەڵێن:«بەڕاستی گەلی کورد خراپی لەگەڵ کراوە».
٥٧ ملیون پاوەند پارەیەکی کەم نیە، هەربۆیەش حکومەت و میدیا سەرلەنوێ گومانیان لە جێفری ئارچەری دۆستی کورد پەیداکرد لەوەی کە ئەو خێرەی بە گەلی کورد کرابوو ساتار پاتار کردبێ، سەرباری درۆکردنی ئەو لەگەڵ دادگادا و مەحکومبوونی بە چوار ساڵ و زیندانکردنی.
لە سۆنگەی ئەو کێشانەوە، زیادەڕەوی نیە گەر بڵێین لەماوەی چەند مانگی ڕابردوودا کەم مەسەلەی تری کۆمەڵایەتی بە ئەندازەی «مەسەلەی ئارچەر» سەرنجی نوسەران و خوێنەرانی ڕۆژنامەکانی بەریتانیاو کۆمەڵگای بەریتانی ڕاکێشاوە.
خودی مەسەلەکە زۆر سادەیە: پیاوێکی ناسراوو خاوەن جێوڕێی سیاسی و کۆمەڵایەتی (و ئابووری)، دوای چواردە ساڵ گومان، لەسەری ئیسپات دەبێ کە لەگەڵ ئافرەتێکی لەشفرۆشدا خەوتوەو بەشاردنەوەی ئەو ڕاستیە، هەوڵیداوە ڕێگری لە بەردەم عەدالەت دا دروست بکات و تەنانەت لەڕێگای یاساوە پارەیەکی زۆر لەو ڕۆژنامەیەش وەربگرێ کە لەساڵی ١٩٨٧دا مەسەلەکەی لە قاو دابوو. ئێستا، دوای نێردرانی بۆ زیندانی«بیلمارش»، گلۆڵەی ئارچەر بە ئەندازەیەک کەوتۆتە لێژی کە کابرایەک بەناوی

ویلسۆن لە ڕۆژنامەی «ئیڤنینگ ستاندارد» دا سەرکۆنەی دەکات و دەڵێ:
« ئارچەر لە بناغەدا پیاوێکی نەخوێندەوار بوو بۆیە ویستی خۆی بکات بە نوسەر..»
« ئەو ویستی ببێ بە کۆنەپارێزێکی لێهاتوو، چونکە لە بنچینەدا کەسێکی لێنەهاتوو بوو....
« زۆر بەسادەیی دەستخەتی ئارچەر لە دەستخەتی مەیمونێکی زیرەک دەچێ کە بیەوێ لاسایی مرۆڤێکی تر بکاتەوەو قەت هیچی نەنوسیبێ...»
ئاشکرایە بایەخپێدانی میدیای بەریتانی بە ئارچەر و مەسەلەی ئارچەر هەر لەو ڕوانگەیەوە نەهاتووە کە ناوبراو نوسەرێکی بە سەلیقەیە و ئەندامی ئەنجومەنی لۆردەکان و ملیۆنەرە، بەڵکو ـ بەسەرچاوەگرتن لەو ڕاستیانەشەوە ـ لەوەشدایە: بۆچی دەبێ کەسێکی وەک ئەو درۆبکات و ڕێگا لەجێبەجێبوونی یاساو عەدالەت بگرێ.
گومانی خەڵک و میدیا، ئەگەر هەیە، لەسەر ڕوح و کەسایەتی ئارچەرو خاوەن دەسەڵاتەکانی تری وەک ئارچەرە کە لەوپەڕی دەسەڵات و توانایيدا، ملئەدەن بۆ درۆو ساختەو پاشقولگرتن، بۆیەش هەموان لەسەر کوتان و سزادانی کەسانی لەو بابەتە یەکدەنگ و سورن و بڕیاری دادگایان بەلاوە پەسەندو گونجاوە.
گەلی بەریتانیا، بەهەمان شێوەی کە سەردەمانێک بەلایانەوە سادە بو ڕێزێکی زۆر بۆ کەسێکی وەک ئارچەر دابنێن و بەدوای هەواڵەکانیدا بچن، ئێستاش بەهەمان شێوە لە دەزگای دادوەری وڵاتەکەیان دڵنیان و بەلایانەوە سادەیە ناوبراو لە ژوورێکی دووکەسی بەندیخانەی بیلمارش دا لەگەڵ **ڕۆنی بارکەر**ی ٢٨ ساڵەدا خەریکی گفتوگۆی بێسەروبن بێ.
بەم شێوەیە داستانی کەسێکی وەک ئارچەر بەجۆرێک ـ لەم قۆناغەیدا ـ کۆتایی دێت کە تەنانەت باوکی ئەو کوڕەی لەگەڵ ئارچەردا هاوژوورن بڵێ: « هەقە من تاقە کەسی ئەم وڵاتە بم کە خەفەت بۆ ئارچەر بخۆم، چونکە دڵنیام کوڕەکەی من دانیشتن نازانێ و هەدادانی نیەو بەدیوارەکاندا هەڵی ئەواسێت!»
**ئایا ئومێد دەکرێت یاساکانی وولاتی ئێمەش بە ئەندازەیەک بەهێز بکرێن و پشتیوانی بکرێن کە ملی دەیان هاوڕێ ی واقیعی و ڕەمزی ئارچەر لە دەوروبەری لوتکەی دەسەڵاتەکاندا بگرن و هەقی خەڵک و لێقەوماوایان لەقوڕگ دەربێننەوە؟..**

# حکومەتی کورد:
# لە مۆبۆکراسیەوە بۆ دیمۆکراسی!

«پەیام» ژ٣٣،٣٤
٢٠٠١/١٠/١٧

ماوەیەک لەمەوبەر یەکێک لە لێپرسراوەکانی حکوومەتی ڕاستڕەوی ئاریێل شارون سەبارەت بە فیصل الحسینی وتبووی: «مادام کەسێکی وەک فیصل الحسینی قەناعەتی لە فەوتاندنی حکوومەتی ئیسرائیلییەوە گۆڕاوە بەرەو دیالۆگ، پێویستە ئێمەش بگۆڕێین».

هەروەها هاشمی ڕەفسەنجانی، پێرێ لە تاران، لەو کاتەدا کە دەیویست وەک ڕەفتاری هەمیشەیی خۆی ناڵ و بزمار پێکەوە بکوتێت و هەم هەڕەشە لە باڵی خاتەمی بکات و هەم بە نابەدڵی دەنگی بخاتە پاڵ دەنگی نەوەی نوێخوازی ئێرانی کە داواکاری ئازادی و دیموکراسیە، ڕایگەیاند: **« نمی شود با زمان مبارزه کرد و بامقتضیات هر عصری کە جبارانه خودش را تحمیل میکند در جامعه مخالفت کرد، باید همراه بانیازمندیها و جامعه و شرایط متحول شد».** (اطلاعات بین المللی ٢٠٠١/٦/٥).

واتە: « ناکرێت ململانە لەگەڵ زەمانە بکەین و لەگەڵ گۆڕانەکانی هەر سەردەمەدا کە بە زۆر خۆیان بەسەر کۆمەڵدا دەسەپێنن نەیاری بکەین، پێویستە هاوشان لەگەڵ خواستەکانی و کۆمەڵ و زروفدا بگۆڕێین.»

ئەوەی ئایا «حکوومەتی کورد» وەک دەسەڵاتە سیاسیەکانی ناوچەکەو دەوروبەر ڕاستیە

بابەتیەکان دەبینێت و حسابیان لەسەر دەکات، پێویستی بە لێکدانەوەو چاودێریەکی بەردەوام و درێژخایەنە، بەڵام بینینی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق لەم دوو ساڵەی دواییدا و وەرچەرخانەکانی دەسەڵاتی سیاسی تیایدا پێویستی بە میکرۆسکۆب نیە:

ـ هەنگاونان بۆ ئاشتی و نزیککەوتنەوەی دوو حیزبی سەرەکی؛

ـ هەوڵدان بۆ چەسپاندنی وەزعی کوردستان لە ناوچەکەو جیهاندا؛

ـ بیناکردنەوەی ژێرخانی ئابووری کوردستان بە هاوکاری نەتەوە یەکگرتوەکان و وولاتانی ناوچەکە وجیهان؛

ـ بەهێزکردنەوەی متمانەی ڕوحیی خەڵک بە توانایی خۆیان؛

ـ ڕێگەدان بە جوڵانی سەرمایەی ناوخۆو تەرخانکردنی لە لق و بەشە جیاکاندا؛

**لەباری سیاسیشەوە:**

– ڕێگەدانێکی نیسبی بۆ دەربڕینی خواست وبۆچوونی کەسانی بەدەر لە حزبە دەسەلاتدارەکان و بە واتایەکی تر « ئازادیی ڕۆژنامەگەری» لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا.

ناسینەوەی ئەوەی ئایا سیاسەت و کردەوەی حیزبەکانی کوردستان و حوکمی کوردی بە ڕاستی دیموکراسیانەیە یاخود هێشتاش لە قۆناغی مۆبۆکراسیدا جینگڵ دەدات، جگە لەکات و ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ مرۆڤ و ڕووداوە واقعیەکاندا، پێویستی بە بەڵگەی تر نیەو ئەو فاکتانەی سەرەوە تا ئەندازەیەک دەریدەخەن کە «حوکمی کوردی» دەتوانێت گوێ بۆ ڕاستیەکانی «کۆمەڵ و زروف» هەڵبخات و ئەگەر بیەوێت دەتوانێت زۆر زیاتر لە دراوسێکانی بوار بۆ ئازادیی ژیان و دوان بڕەخسێنێت.

لەم نێوەدا پێویستە خاڵێکی گرنگ سەبارەت بە «ئۆپۆزسیون» و خێڵی ناڕازایانی حوکمی کوردی ڕوون بکرێتەوە، ئۆپۆزسیۆنێک کە سەرەڕای بێبەرنامەیی و بێ ڕەهبەری، لە ئاستی قەبارەدا هەرگیز ناشێت لەگەڵ تەمەن و قەبارەی حوکمی خۆماڵیدا پێوانە بکرێت. ئاشکرایە کرانەوەی دەرگاکانی ئەوروپاو ئینتەرنێت و بچوکبوونەوەی جیهان تا ئاستی گوندێک، لە فراوانبونی ئۆپۆزیسیۆن و خواست و داواکانی مرۆڤی کورددا ڕۆڵی هەرە سەرەکی دەگێڕێت و دەسەڵاتی خۆماڵی نەک ناتوانێت ڕێگای پێ بگرێت و وەک و ئۆپۆزسیۆنێکی نایاسایی توندڕەو لێیان بڕوانێت، بەڵکو دەشێت هەرچی زیاتر خودی حوکم ڕووەو«یاسا» هان بدات و لەو چوارچێوەیەدا چ دەسەڵات و چ ئۆپۆزیسیۆن ناچار بن بە پلاتفۆرمێکەوە ببەسترێنەوە کە دڵنیا بن لە یەکسانی و ویژدانەوە نزیکەو نەریتی مۆبۆکراسی ناکاتەوە سەروەر و دەسەڵاتدارەکەی جاران.

**چەقی قورسایی و خاڵی تەوەرەیی لە مەسەلەی مانەوە و درێژە کێشانی تەمەنی دەسەڵاتی کورددا لەوەدا خۆ دەنوێنێت کە دەربکەوێت ئەم حکوومەتە ئامادەیە مل بۆ یاسا مۆدێرن و گونجاوەکانی سەردەم بدات و یەکسانیی ئەندامەکانی کۆمەڵ ــ لانیکەم لە ڕووی ماف و ئەرکەوە ــ بە ڕەسمی بناسێت و پراتیکی بکات. مەرجی سەرکەوتنی دیموکراسیەت و تێکشکانی سیماکانی مۆبۆکراسیەت لە کوردستانی عێراقدا لەوەدایە کە بسەلمێت حیزبە سیاسیەکانی کورد ئامادەن گوێ بۆ جوڵانەوە کۆمەڵایەتیەکان بگرن و ڕێکخراوە تەریبەکان لەگەڵ دەسەڵاتدا ڕێز لێبگرن و بەهانەیان پێ نەگرن.**

سەرکەوتن و سەروەر بوونی « یاسا » لەم سەردەم و زەمانەیەدا، وەک پلاتفۆرمێک کە هەموان دەتوانن لەسەری یەکدەنگ بن، دەشێت وەک خاڵی وەرچەرخان وەربگیرێت و بکرێتە « پێوانە» بۆ سەرجەم گرووپ و حزبە دەسەڵاتدار و بێدەسەڵاتەکان.

دیموکراسی و مۆبۆکراسی چەندین سەدەیە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا خەریکی ململانەن، بێگومان زۆر جێگەی خۆشحاڵیە گەر حوکمی کوردی بتوانێت پاشەکشە بە دیماگۆگیەت و ڕەفتاری باوی حکومەتە گەندەڵەکانی ناوچەکە بکات و هەق و ڕەوایە لە حاڵێکی وادا هەموان بە شێوازێکی جیاواز ڕەفتار لەگەڵ ئەو دۆخە نوێیەدا بکەن کە خەریکی چەسپان و سەقامگیر بوونە لە ناوچە دابەشبووەکانی کوردستاندا.

# شەڕ لە ئەفغانستان

میدیا تی ڤی
٢٠٠١/١١/٢

## پانێل [بەشداران: مەسعود ئویسال، عەبدوڵا ئوزون، دجلە ئاتۆک]

**مەحمود ئۆیندەر: ئێستا پرسیار لە بابەکر درەیی دەکەم کە پێموایە تازەش لە کوردستان گەڕاوەتەوە.**
**هەلومەرجی ئەفغانستان و ئەو ئۆپەراسیۆنانەی لەوێ دەستیپێکردووە لای خەڵکی کوردستان چۆن دێتە نرخاندن و وەزع چۆنە؟**

**وەڵام:** دیارە کوردستان وەک جوگرافیاو وەک مێژوو بەشێکە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. ئەو حیزب و ڕێکخراوە ئیسلامیانەی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا سەرهەڵئەدەن بەهەمان شێوەش لە کوردستان دا دێنە ئاراوە و پەیدا ئەبن، ئەم ڕێکخراوانە لەبەر ئەوەی ئایدۆلۆژیایان یەک ئایدیۆلۆژیایە و باوەڕیان یەک باوەڕە، بەهەمان شێوەی ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی لە دنیادا باوەڕیان لەیەکەوە نزیکە، حزبە ئیسلامیەکانی کوردستانیش لەگەڵ ئەوانەی ئەفغانستاندا باوەڕیان یەکە و [لە ئەنجامدا ڕەفتاریشیان وەک یەک دەبێت.]
لەدوای ساڵەکانی ٩٠ ەوە، بزوتنەوە ئیسلامیەکانی کوردستان زیاتر بەرەو پێشەوە چوون و زیاتر توانیویانە خۆیان قایم بکەن و لە ناو خەڵکدا جێگای خۆیان بکەنەوە. ئەوە هۆکاری زۆری هەیەو من ناتوانم لەسەر هۆکارەکانی ئەوە بڕۆم. ئەوە لایەنێکی مەسەلەکەیە .

لایەنی گرنگی مەسەلەکە ئەوەیە کە بزوتنەوە توندڕەوەکان کە لەبناغەوە لە ئەفغانستانەوە ڕێبەری دەکرێن و بەرەو خۆرئاوا ــ کە کوردستانیش دەگرێتەوە ــ دێن، دەیانەوێ بەقسەی خۆیان « ئەمارەتی ئیسلامی» بەشێوەی پێش ١٤٠٠ساڵ و سەردەمی پێغەمبەر دابمەزرێننەوە. دیارە لەهەر شوێنێکی دنیادا ئەگەر بیروباوەڕی کەسێک یان گروپێک لەگەڵ کەس و گروپی تردا لێک نزیکبێ، سیاسەتیشیان لێکەوە نزیک دەبێ. ئیسلامیەکانی کوردستانیش چونکە باوەڕیان لەوانەی ئەفغانستانەوە نزیک بووە، هاوکاری یەکتریان کردووە و هاوکاری ئەکەن، وە نەیان شاردۆتەوە لە خەڵک و دنیا و شانازیش بەو هاوکاریەوە دەکەن.

**مێدیا تی ڤی: دەمەوێ بپرسم کە ڕەوشی خەڵکی کوردستان چۆنە؟ ئەو ئۆپەراسیۆنە چ کاریگەریەک لەسەر ئەوان دادەنێ؟**

**وەڵام:** بە بڕوای من ئۆپەراسیۆنی ئەفغانستان لەئاستی جیهانیدا کاریگەری خۆی دائەنێ و کوردستان لە دواین شیکردنەوەدا کاریگەری ئەو ئۆپەراسیونەی دێتەوەسەر. ئەگەر ئەمەریکا لەو ئۆپەراسیونەدا سەربکەوێ، وە بتوانێ بەقسەی خۆی تیررۆریزم بنبڕ بکات یاخود بزوتنەوە ئیسلامیەکان لاواز بکات، بێگومان ئەوە بۆ کوردستانیش قازانجی هەیە و بزوتنەوەی ئیسلامی و تێرۆریست دەسەڵاتیان کەم دەبێتەوە و ناتوانن ئەو هەنگاوانەی تا ئێستا ناویانە بنێن. بە بڕوای من، حزبە گەورەکانی کوردستان وەک یەکێتی و پارتی کە خۆیان بە حزبی سیکولار ئەزانن دەتوانن لە بەرهەمی ئەم ئۆپەراسیۆنە ــ ئەگەر سەرکەوێت ــ کەڵک وەربگرن بۆ میللەتی کورد چونکە ئەوان خۆیان بە ڕێگای پەرلەمان و دیموکراسی خۆرئاوایی هاتونە سەر حوکم.

**مێدیا تی ڤی: خەڵکی باشوری کوردستان لە هەرکام لە ناوچەکان پارتی و یەکێتی دا چۆن بیردەکەنەوە.**

**وەڵام:** ئاشکرایە لەو ماوەی پێشودا یەکێتی خۆی بوو بەقوربانی تێرۆریزم لە گوندی خێڵی حەمە، وە نزیکەی ٤٠ کەس لە هێزەکانی یەکێتی کوژران... بەهەمان شێوە، لای پارتی دیموکراتی کوردستانیش کاک فرانسۆ حەریری کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی بوو شەهیدکرا لەلایەن ئیسلامیەکانەوە، وە چەندین هەوڵی تریش بۆ لەناوبردنی ڕێبەرانی ئەو دوو حیزبە لەلایەن هێزە ئیسلامیە توندڕەوەکانەوە دراوە، لە بناغەشدا لەبەر ئەوەی ئەم دوو حزبە خۆیان بە حزبی مۆدرێن و دیموکرات و جۆرە حزبێک

دەزانن کـە بە شـێـوازی خـۆرئـاوایی ئەڕۆن بەڕێوە لە کـوردسـتـاندا، واتە بە پێی ئەو بیروباوەڕەی ئێستا لە دنیادا سەقامی گرتوە و جێگیربووە.
بەوهۆیەوە بێگومـان ئێسـتـا ئەو دوو حـیزبەش لە بەرامـبـەر جـوڵانەوەی تیرۆریسـتـیدا ڕادەوەستن و ڕێگایـان پێنادەن بـە کـــەیفـی خـــۆیان ئـەو بیـــروباوەڕەی دەیانـەوێ لە کوردستاندا بیسەپێنن، بەتایبەتیش گەر بزانین بیروباوەڕی ئەوانە لە ئاستی جیهانیدا ڕەتکراوەتەوە و هیچ عـەقڵێکی سـاغ ناتوانێ قـبوڵی بکات لەم سـەردەمـەدا کەسـێک یان هیزبێک بیـەوێت بە زەبری شمشێری پێش ١٤٠٠ سـاڵ بەزۆر خۆی بسەپێنێت بەسەر خەڵکی کوردستاندا.

**مێدیا تی ڤی : ئەگەر عادل بێ بابێت، عەدالەتێکی کۆمەڵایەتی، عەدالەتێکی ئینسانی.**

**وەڵام:** بەڵێ! ئەگەر عەدالەتی پێ بێت بابێت، بەڵام عەدالەت بە شمشێری خوێناوی ناسەپێنرێت بەسەر خەڵکدا.
قسـەکە ئـەوەیە: ئەم حـزبانەی کـوردسـتـان، ڕامـان هـەرچـیـەک بێت بەرامـبـەریان، واتە ئەگـەر ئێـمـە ڕەخنەشـمـان هەبێ بەرامـبـەریان، ئـەوا خـەڵک هـەڵی بژاردوون، خـەڵکی کوردستـان دەنگی داونێ بەڕێگای خەباتێکی دیمەکراتی و پەرلەمـانی.... دەکرێ مرۆڤ ڕەخنە بگرێت لە پەرلـەمـان، لـە حکومـەت، لە حـزبەکـان ... بەڵام خـەڵک دەنگی داوەتە ئەوان بەهـەمـان ئـەو شـێـوازەی کـە حکومـەتی ئەمـەریکـای ئێـسـتـا لە هەڵبژاردنێکی دیموکراتیکدا هاتۆتە سەر حوکم. ڕەنگە ئێمە قسەمـان لەسـەر هەڵبژاردنەکەش هەبێ ...
کاریگەری حـزبە ئیسـلامیەکان لە دنیادا چۆن بوبێت بۆ کوردستـانیش بەهەمان شێوە کاریگەریەکی خراپ بووە. پێموایە هێرشـی عەسکەریش بە تەواوی سـەرکەوتو نابێت لە ئەفـغـانسـتـاندا چونکە چارەسـەری عـەسکەری ڕێگایەکی شکست خـواردووە، تەنیـا چارەســەر کە دەتوانـێ ڕێگا لەو بزوتنەوە ئیسـلامیـە توندڕەوانە بگرێت کە ئەمـڕۆ لە کـوردسـتـاندا پەیدا بوون ئەوەیە کـە ملمـلانەیەکی سـیـاسـی مـۆدێرن و خـەباتێکی دیموکـراتیک لە بەرامـبـەریاندا وەگەڕ بخـرێت دەنا ئاشکرایە ئەمـەریکاش لە ئاسـتی جـیـهـانیـدا دەسـەڵاتێکی زۆر ناعـادلە و ئەم نـاعـەدالەتیـەش بۆتە هـۆی ئەوەی ـ وەک هەمووومان دەزانین ـ ئەم گروپانە هێز پەیدا بکەن و بتوانن لە ناو کۆمەڵانی خەڵکداو لە ئاستی دنیادا جەماوەر پاش خۆیان بدەن و ببن بە ڕێبەری خەڵک.
هەروەهـا شــەڕکـردن لەگـەڵ ئەم گـروپانە تەنیـا بە شـێـوازی عـەسکەری، یاخـود ڕوبەڕوبونەوەیان بە هەمان ئەو زمانەی خۆیان قسەی پێدەکەن ـ گوایە ئەوان «خوارج»

ن و فلان حزبی تری کوردستانی نوێنەری ئیسلامی ڕەسەنە!!ــ بەڕای من ڕێگا چارەسەرێکی باش نابێ. تاقە ڕێگا کە هەیە ئەو شێوازەیە ئێستا لە دنیادا چەسپاوە: شێوازی دیموکراتیک.

**مێدیا تی ڤی: بەگرێدانەوە لەگەڵ ئۆپەراسیۆن، زۆر جاران ناوی عێراقیش هاتۆتە ئاراوە گوایە لێی دەدرێت... ڕەوشی باشوری کوردستان چۆنە، ئەگەر لە عێراق بدرێت ئایا گەل و حزبە سیاسیەکانی وێندەرێ ئامادەن؟ وەزع لەوێ چۆنە؟**

**وەڵام:** ئەمەریکاو وڵاتانی ئەوروپا زۆریان باس لە عێراق دەکرد، ئێستا کە بەرهەمەکانی شەڕی عەسکەری لە ئەفغانستان زۆر بەرجەستە نین یاخود وەدرەنگ کەوتون، باسی عێراقیش کەم بۆتەوە. ئەوەی ئایا حزبەکانی کوردستانی عێراق ئامادەییان هەیە یاننا؟ دیارە ئەوان ئێستا دەسەڵاتیان هەیە، خاوەن خەڵکی شارەزاو بەتوانان لە حزبەکانی خۆیاندا و بێگومان دەبێ ئاگاداری وەزعی عێراق بن ... بەبڕوای من ئێستا وەزعی کوردستان بۆتە ئەمری واقیع وە هەر دەسەڵاتێکی نوێ لە عێراقدا بێتە ئاراوە دەبێ هەڵوێستی خۆی ساغ بکاتەوە بەرامبەر کورد چونکە کورد هەڵوێستی خۆی ساغ کردۆتەوە بۆ حکومەتی عێراقی ... لە ئاقارێکی تردا، پێویستە لە سەر وولاتە گەورەکانی جیهانیش ــ چ ئەمەریکاو چ خۆر ئاوا ــ هەڵوێستی خۆیان ڕونبکەنەوە بۆ کورد. تائێستا کورد لە کوردستانی عێراقدا وەزعی ناڕۆشنە، واتە وولاتە گەورەکان تا ئێستا دانیان نەناوە بە حکومەتێکی کوردیدا، هەوڵدەدەن تا ڕادەیەک هەندێ شت بەڕەسمی بناسن وەکو زانکۆکان و دەزگاکانی تر بەڵام لە ئاستی سیاسیدا هەڵوێستیان ڕوون ناکەنەوە.... دیارە ئەوەش پەیوەندی بە ستراتیژی خۆیانەوە هەیە!! بەڵام پارتە سیاسیەکانی کوردستان تا ڕادەیەکی باش هەڵوێستیان ڕوونکردۆتەوە بۆ دنیا: ئاوان دەیانەوێ بەشێوەیەکی فیدرالی لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا بژین واتە شێوازی فیدراڵیان پێ باشە، وە ئەوەی کە ئەوروپاو ئەمەریکا بەرامبەر عێراق چی دەکەن ڕوون نیە... هەروەها حکومەتی داهاتوی عێراق لەسەریەتی ڕوونیبکاتەوە چۆن ڕەفتار لەگەڵ کورد دەکات چونکە کورد تا ئەندازەیەک سنوری خۆی دیاری کردووە : خاکی کوردستان ٤٠٪ ی بەدەست کوردەوەیەو باقی بەدەست حکومەتی مەرکەزیەوە ماوە. ئاشکرایە کورد لەسەر ئەوەش وەدەنگ دێ و شوێنەکانی خۆی دەوێتەوە وپاشەکشە ناکات.

**مێد تی ڤی: ئایا لەئاستی سیاسیشدا ئامادەن؟ واتە ئایا یەکێتی و پارتی ئامادەن بۆ کاتێک حکومەت سوتەمەنی ببڕێت؟ ئەوان چ دەکەن، واتە چ لە باری سیاسی و چ لە باری ئابووری، من ویستم بەکورتی ڕای ئێوە بزانم؟**

**وەڵام:** پێش ئەوەی نەوت بە شێوەی ئێستاش بڕوات، حکومەتەکانی دنیا و ڕێکخراوە ناحکومیەکان، چ لە ڕێگای تورکیاوە بێت یاخود لە ڕێگای ترەوە، هاوکاری خۆیان ناردووە بۆ کوردستان. بێگومان وەزعی کوردستانی عێراق ــ لەو تێڕوانینەی ئێوەوە ــ بارودۆخێکە هەمومان دەزانین کە ڕۆشن نیە چونکە وەزعی عێراق خۆی ڕۆشن نیە! جا کاتێک وەزعی عێراق خۆی ڕوون نەبێ وەزعی کوردستانیش بە هەمان شێوە ڕوون نابێ. بەڵام تێڕوانینی من وایە کە کوردستان لە باری سیاسیەوە ناتوانێ پاشەکشە بکات... ناتوانێ بگەڕێتەوە بۆ دواوە. خەڵکی کوردستان تازە قبوڵ ناکات دامو دەزگای بەعس لە سلێمانی یاخود لە هەولێر دابنرێت و دائیرەی ئەمن بەڕێوەی بەرێت، ئێستا خەڵکی کوردستان حاکمی خۆیانن.

**پرسیار: لە باسی باشوری کوردستاندا ئێوە دەتوانن چ بیێژن سەبارەت بە دیالۆگ، ستراتیژی هاوبەش لە نێوان حزبەکان؟ ئایا ئەوە پێویست نیە؟**

**وەڵام:** دیارە وەک جەنابت فەرمووت شوێنی جوگرافیایی کوردستان بەگشتی وە کوردستانی عێراق بەتایبەتی زۆر جێی ڕەزامەندی نیە بۆ خودی کورد.
لەباری ستراتیژیەوە بە ئاوەوە نەبەستراوەو ئەمەش وادەکات دەوڵەتەکانی دەوروبەری بەئاسانی بتوانن کاریگەری تێبکەن وە دەستی تێبخەن. ئەوە واقیعەکەیە، واتە ئەوە واقیعی کوردستانی عێراقە: لە بەشی خوارویەوە حکومەتی عێراق، لەخۆرهەڵاتەوە حکومەتی ئێران؛ لە باکورەوە تورکیایە کە دوژمنێکی سەرسەختی هەموو وجودێکی کوردیە. بەبڕوای من خاڵی گرنگ لەم ناوەدا یەکیەتی کورد خۆیەتی. لەسەرەتادا لە کوردستانی عێراقدا پێویستە ــ هەرچەندە ئێستا هەنگاوی باش نراوە بۆ ئەو مەسەلەیە ــ حزبە گەورەکان، واتە ئەو حزبانەی بڕوایان بە دیموکراسی ومافی خەڵک هەیە بۆ قسەکردن، یەکگرتووبن. بەکورتی پەرلەمانێک ڕێکبخرێتەوە کە نوێنەرانی خەڵک بتوانن قسە بکەن، پاشان حکومەتێکی یەکگرتوو پێک بێت. ئەمە هەنگاوی یەکەمە بۆ ئەوەی ئومێدێکی بەهێز دروست ببێ بۆ خەڵکی کورد لە کوردستانی عێراق و لە بەشەکانی تری کوردستانیشدا. ئێستا هەنگاوی باش هەیە بۆ مەسەلەکە بەڵام دیسان لە ئاستی پێویستدا نیە. بۆ نمونە ئەگەر ئێستا حکومەتێکی یەکگرتوو یاخود

پەرلەمانێکی قەرەباڵغ و ڕێکوپێک لە نوێنەرانی خەڵکی کوردستان هەبوایە و نوێنەری ئەم پەرلەمانە و حکومەتە یەکگرتوە بیتوانیایە بە ئەمەریکاو ئەوروپادا سەفەر بکات، بە دڵنیاییەوە دەیتوانی لەباری دیبلۆماسیەوە دەورێکی باشتری هەبێ و خزمەتێکی باشتر بکات. هەمیشە دابەشبوون لاوازی دروست دەکات... ئێستا وەزع باشترە بەڵام یەکگرتن نیە، ئەگەر پەرلەمان دروست ببێتەوە ئەوا لەبەر چاوی سیاسەتی نوێی دنیاش دەبێتە جێگەی سەرنج وە دەسەلمێ کە ئەو بەشەی میللەتی کورد توانیویەتی پەرلەمان دروست بکات. هەروەک چۆن لەساڵی ١٩٩٢دا پێکهاتنی پەرلەمان سەرنجی هەموو دنیای ڕاکێشاو دنیا ڕووی کردە کوردستان.

**مێدیا تی ڤی: مەبەستی من ئەوەیە: ئێمە ووتمان لە کوردستان بزوتنەوەی ئیسلامی ئامانج و ئایدۆلۆژیای خۆیان هەیە. بەڵام ئێمە دەزانین میللەتی کورد مافی نەتەوەیی وەدەست نەهێناوە و کەڵکی لێوەرنەگرتووە، وە ئێمە دەزانین لە کوردستان هیچ حزبێک ـ چ مارکسی و چ دینی ـ قەدەغەنەکراوە، ئایا دیالۆگ لەنێوان گروپە ئیسلامیەکان بەگشتی و پارتەکانی تردا پێویست نیە؟**

**وەڵام:** دیارە هەر ئێستا دیالۆگ بەردەوامە، لە چەند ڕۆژی پێشودا بەڕێز مام جەلال سکرتێری گشتی یەکێتی لەگەڵ سەرۆکی حزبە ئیسلامیەکان دانیشتوە. ئەو حیزبانەی کە مافی **ئازادی** یان تا ئەو شوێنە قبوڵە کە خۆیان دەیڵێن و حکومەتی هەرێمی کوردستان چ لە هەولێرو چ سلێمانی بەڕەسمی ناناسن، وە وەکو مام جەلال لە چەند ڕۆژی پێشودا ئاماژەی پێداوە، حکومەتی هەرێم لە کوردستانی عێراق خەریکی یەکخستنەوەی ئیدارەکانی هەولێرو سلێمانین و قبوڵ ناکەن لە هەڵەبجەو شوێنەکانی تر دابەشبوون ڕوبدات، کورد لە کوردستانی عێراق دا بەرەو یەکگرتنەوە ئەچێ نەک بەرەو دابەشبوون.
ئەگەر پارتە ئیسلامیەکانی کوردستان ئەو وەزعەیان قبوڵ بێت، واتە حکومەتێکی سەربەخۆی یەکگرتوویان قبوڵیان بێ یاخود ـ بەواتایەکی تر ـ سیستەمەکەیان قبوڵ بێت، لەو بڕوایەدام کەس ڕێگری لەوان ناکات. بەڵام گەر تاقمێکی تر بیەوێ بەزەبری تیرۆر یاخود بە زەبری شمشێر فشار بۆ حکومەتی هەرێم بهێنێ ( لە هەولێر یان لە سلێمانی ) دڵنیام ڕێگای پێ نادرێ ... چونکە لە کوردستانی عێراق دا ـ پێموایە لە سەرانسەری کوردستانیش دا ـ گروپە ئیسلامیە توندڕەوەکان خاوەن جێگا نەبوون، هەروەها لە مێژووی گەلی کوردیشدا جولانەوە ئیسلامیەکان خاوەنی پێشینەیەکی قوڵ و پرشنگدار نین.

سەبارەت بەبەشێکی تری قسەکانت ئەوەی « هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لەوێن » بەڵێ وایە. ئەوەش دیسان دەکەوێتە سەر یەکێتی حزبەکانی کوردستانی عێراق. هەرکاتێک حزبەکان یەکگرتوو بن، مەترسی دوژمن کەمتر دەبێتەوە... کاتێک مرۆڤ بەهێز بێت دوژمنەکانیشی کەمتر دەبنەوە . کاتێک حکومەت یەکگرتووبێ مەترسی لەسەری کەمتر دەبێتەوە و توانای خۆگرتنی بۆ ڕەشەبای ناوچەکەو دنیا زۆرتر دەبێ. لەبەرئەوە دەشێ لەڕێگای کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستانەوە یاخود لە ڕێگایەکی ترەوە لەگەڵ پارتی کرێکاران قسە بکرێ و لێک تێگەیشتن پێکبێت. بێگومان ئێستا جێگای شانازی نیە گەر کەسێک بڵێ من سەر بەمیللەتێکی « چل» ملیۆن کەسیم، لە کاتێکدا ئەو چل ملیونە نە دەوڵەتێکی هەیە نەحکومەتێکی هەیە نە پەرلەمانێکی یەکگرتوی هەیە... بەڵام لە گشت حاڵێکدا کورد هەقە چوارچێوەیەکی سەربەخۆی هەبێ وەک کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان تا قسە ناکۆکەکانیشی تیا بکرێت... مەرج نیە هەموو ئەو قسانەی لەو کۆنگرەیەدا دەکرێن یەکدەست و تەبابن، بەڵکە دەشێ حیزبێک بەرامبەر بە حیزبێکی تر قسە بکات، هەر وەک چۆن لە ناو پەرلەمانی فەلەستیندا گروپ وتاقمە جۆراوجۆرەکان کاری خۆیان ئەنجام دەدەن. هەقە کوردیش بیر لە حاڵەتێکی وا بکاتەوەو ئەمەش بەهۆی حزبە گەورەکانەوە دەکرێ وەک پارتی و یەکێتی، هەروەها دەکرێ پارتەکانی کوردستانی ئێرانیش بۆ ئەو مەسەلەیە هەنگاو بنێن.

هەروەها دەمەوێت بۆ کاملکردنی ئەو وێنەیەی لە قسەکاندا خرایە ڕوو ڕونکردنەوەیەک بخەمە ڕوو سەبارەت بەوەی بۆچی تورکیا دەیەوێ دەستێوەردانی عەسکەری بکات لە ئەفغانستان. من دوو هۆکار دەبینم لەو مەسەلەیەدا. یەکەمیان: تورکیا دەیەوێ بە ئەمەریکا بڵێت نایەوێت لە نزیک خۆیەوە لەعێراق «گیروگرفت» دروست ببێ. بەلایەوە ئاساییە لە ئەفغانستان گیروگرفت هەبێ و دەستێوەردان بکات، وە تەنانەت بە لای تورکیاوە سادەیە گەر ئەفغانستان وێران بێت بەومەرجەی لەعیراق گۆڕانکاری ڕوونەدات، وە ئەمە لە ڕوانگەی بەرژەوەندی ستراتیژی تورکیاوە پەسندترە کاتێک «گۆڕان» هەبێت و لە خۆیان دوور بێت، دوەم شت ئەوەیە: ئەگەر وەرچەرخان لە ئەفغانستانیشدا ڕوبدات ئەوا بەرەی باکور لە تورکیاوە نزیکن و سەرەنجام ئەگەر حوکم گۆڕا ئەوا تاقمی ڕەببانی وەک تاقمێکی سوننی دەتوانن لەگەڵ تورکیادا هاوڕێیەتیەکی ستراتیژیان هەبێت لە بەرامبەر ئێراندا کە حەریفێکی مێژوویی تورکیایە.

# کورد لە پاکستان و
# پرۆژەی ئیسلامی سیاسی (*)

«الزمان الجدید» ژ.٢٤٠
دیسەمبەر/٢٠٠١
«برایەتی»؟

ژمارەی کورد لە پاکستان و ئەفغانستان دەگاتە نزیکەی ٣٠٠ هەزار کەس. بەگشتی لە ناوچەکانی نزیک لەسنوری ئێران دا نیشتەجێن، بە تایبەت لەو ناوچەیەدا کە لە ڕابوردوودا پێی دەوترا«خۆراسانی گەورە»، زۆربەیان لە ویلایەتی بلوچستانی پاکستان (ناوەندەکەی « کوێتە» یە) دەژین کە چ لەڕووی جوگرافی و چ لە باری نەژادیەوە نزیکە لە قەندەهاری پایتەختی ڕوحی بزوتنەوەی تالیبان. بەشەکانی تریان لە ناوچەکانی تری وەک لاهور و کەراچی دەژین وهەندێکیش لە هیندستان ژیان بەسەر دەبەن.
هەروەها لە ویلایەتی بلوچستاندا هەندێ ناوچە هەن بە ناوچەی کوردنشین بەناوبانگن وەک هەرێمی « مەچ » و « دەشت».
دابەشبوونی «حزبی» کورد لە پاکستان (و بلوجستان) دا جیاوازیەکی زۆری نیە لە چۆنیەتی دابەشبوونی لە سەرانسەری پاکستاندا، چونکە کوردەکانی پاکستان لەگەڵ میللەتەکانی تردا تێکەڵ و ئاوێتەن، وە لە ویلایەتی بلوچستاندا کورد خۆیان وەک هاوبەشی دەسەڵات دادەنێن چونکە یەکێک لە سەرۆکە ناسراوەکانیان بەناوی «سەردارخان» بۆ ماوەی چەندین ساڵ ئەندام پەرلەمان بووە و دەستێکی باڵای هەبووە لە بەڕێوبردندا وەک باقی بلوچەکانی تر کە خاوەنی ئۆتۆنۆمی ئیدارین.
خواستەکانی کورد هەمان خواستەکانی خەڵکی بلوچ ە بە گشتی، وە بەو هۆیەوە کە بلوچ زۆربەن و کوردەکان پارتێکی سیاسی گەورەیان نیە، ناچارن کورسیەکانی پەرلەمان بە هاوکاریکردن لەگەڵ سەرکردەکانی بلوچ و پشتوندا وە دەست بهێنن.
سەبارەت بە ڕۆڵی کوردەکان لە دژایەتی سۆڤیەتدا، بەڵگەیەکی وا لەبەردەستدا نیە ئەو دژایەتیە بسەلمێنێ، تەنیا شت کە دەشێ بوترێ ئەوەیە کە ئەمان هاوکاری ئەو پەنابەرە

ئەفغانیانەیان کردووە کە لە سنوری قەندەهارەوە دەپەڕینەوە بۆ پاکستان، بەتایبەتی کوردە ئەفغانیەکان دوای ئەوەی ولاتەکەیان لەلایەن سۆڤیەتەوە داگیرکراو ئەفغانستانیان جێهێشت.
زاراوەی «کوردی ئەفغانی» بەسەر ئەو کوردانەدا ناچەسپێ کە لە ئەفغانستانی ئێستادا دەژین. ئەمانە شاعەباسی سەفەوی پێش ٤٠٠ساڵ بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئۆزبەک و میللەتەکانی تردا بۆئەو ناوچەیەی ڕاگواستون و بەهۆی مانەوەیان لەمەودایەکی دورودرێژەدا زمانی زگماکیان بیر چۆتەوەو پاشان لە پاکستانی ئێستاو ناوچەکانی خوارووی خۆراوای ئەفغانستان دا جێگیر بوون.
زاراوەی «کوردی ئەفغانی» ئەو ساتە مەعنا پەیدا دەکات کە ژمارەیەک لە کادرە حزبیەکانی «**بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق**» ڕوودەکەنە ئەفغانستان بۆ دوو هۆ: یەکەم بۆ پاراستنی ژیانی خۆیان لە دڕندەیی ڕژێمی عێراق و، دووەم بۆ فێربوونی وانە ئاینی و سیاسی و عەسکەریەکان لە زانکۆکانی پاکستان و سەنتەرە ئاینیەکان و ئەو کەمپە عەسکەریانەی لەلایەن پاکستان و دەوڵەتە عەرەبیەکانەوە پشتیوانی دەکرا، هەروەها بۆ کەڵکوەرگرتن لەو ئەزمونانە بۆ بلاوکردنەوەی بیروباوەڕی ئیسلامی توندڕەو لە کوردستانی عێراق و دژایەتیکردنی پارتە نەتەوەیی و چەپەکان.
بەم واتایە، ئێستا گروپی کادرە ناسراوەکانی پاکستان و ئەفغانستان ڕێبەرو سەرکردەی ڕوحی گروپە توندڕەوەکانن لە کوردستانی عێراق، سەرەڕای پەیدابوونی تاقمێکی تر ــ کە هەمان هەڵوێستی ڕێبەری ڕوحی (بنلادن) یان هەیە بەرامبەر بە حکومەتی هەرێم ــ لە کوردستانی عێراق و دژایەتیکردنی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد.
هاموشۆی تاقمە ئیسلامیەکان لە نێوان کوردستان و پاکستاندا لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە دەستی پێکرد. ئەو دەمەی کە هێزە ئۆپۆزسیونەکانی دژ بە سۆڤیەت ڕویانکردە هێرشی سیاسی و عەسکەری. لەم ڕوانگەیەوە، ئەو پشیوانیەی لە کادرە عەرەبەکانی ناو ئەفغانستان دەکرا بەشێکیشی بەر کادرە کوردەکان دەکەوت... بەمجۆرە تێگەیشتنی ئەوەش ئاسانە: « ئیمکانیاتی مادی سەرکەوتن دەهێنێ»!! لەو دیدەوە مانەوەیان لە ئەفغانستان بووە پردێک بۆ شارەزابوون لە سەرچاوە ئایدیۆلۆجی و ماددیەکانی ئەم بزوتنەوە توندڕەویە ئیسلامیەی ئێستای دنیا وکوردستان.
دوای ڕاپەڕین بزوتنەوەی ئیسلامی وەک پارتەکانی تر قورسایی سیاسی و عەسکەری خۆی گواستەوە کوردستان و لەمەشدا ئێران و ولاتەکانی تر هاوکاریان کردن.
بێگومان جولانەوەی ئیسلامی لە کوردستانیش ــ وەک هەر شوێنێکی تری دنیا ــ هەیە. بەلام سەرچاوەی سەرەکی و بنکەی ڕابەری بزوتنەوەی توندڕەوی ئێستا

دەکەوێتە ناوچەی سنوری نێوان تەوێڵەو بیارە (لە ناوچەی هەڵەبجە) و ئێران.
چەقی قورسایی بزوتنەوەی توندڕەویی کوردستان لە خودی کوردستان و عێراقدا نیە بەڵکو لە ئەفغانستانە: عەقڵیەتیان، سیاسەتیان و ستراتیژیان سەراپا لەوێوە دێت، چونکە زەوی کوردستان ڕۆژێک لە ڕۆژان بە پیت نەبووە بۆ جوڵانەوە توندڕەوەکان چ لە ڕاست و چ لە چەپ. ئاشکرایە کۆماری ئیسلامیش هاوکاریان دەکات، نەک بە هۆی گونجانی ئایدیۆلۆژی بەڵکو بۆ دەستێوەردان لە کاروباری کوردستانی عێراق و دروستکردنی گێرەو کێشە بۆ حیزبە کوردیە لیبرالیەکان.
هەروەها بزوتنەوەی توندڕەوی ئیسلامی لە کوردستان، بە پێی ڕاگەیاندنی ڕێبەرەکانی، دەیانەوێ ئەمارەتی ئیسلامی لە کوردستاندا دابمەزرێنن کە هاوشێوەی ئەمارەتی ئیسلامی ئەفغانستان بێ.
قسەڵۆک سەبارەت بە هاتنی بنلادن بۆ کوردستان لە زۆر لاوە بڵاودەکرێتەوە، بەڵام بەبڕوای من گۆڕینی بەرەی شەڕ لە قەندەهارەوە بۆ هەڵەبجە ئاسان نایەتە بەرچاو؛ چونکە هەلومەرجی ئیقلیمی (ئێران لە خۆرهەڵات، شەڕی ئێستاو ڕەنگدانەوەی لە ناوچەکەدا...) وە باڵادەستی و بەهێزی پارتە نیشتمانی و نەتەوەییەکان بوار ناهێڵێتەوە بۆ ڕیسکی لەو بابەتە لەکاتێکی تەنگانەی وەک ئێستادا بۆ بنلادن.

(*) ئەم بابەتە لە گفتوگۆیەکی نێوان من و نیزال ئەللەیسی دا پەیدا بوە، نیزال چۆنی بڵاوکردۆتەوە من بێ دەستکاری بڵاوم کردەوە، لە ڕاستیدا من «ئەسڵ» ێکم لا نەبو تا پێکی بگرمەوە لەگەڵیا، ئاشکرایە بابەتەکە زۆرتر لە ڕاپۆرت ئەچێ تا وتار.

# واوەتر لە ئاشتی و ئاشتبوونەوە

## (وەڵامێک بۆ بەڕێز کاک عەدنان عوسمان)

«هاوڵاتی» ژ٦٥
٢٠٠٢/٣/٢٥

١ـ هەفتەنامەی «هاوڵاتی» هێژا ئەو بانگەوازەی بڵاوکردۆتەوە کە لەلایەن برای هێژامان کاک عدنان عوسمانەوە نوسراوە بۆ ئەوەی زەمینە خۆش بکات «کۆنگرە» ی ئاشتی و ئاشتبوونەوە لە کوردستاندا ببەسترێت.
ئەوەی لێرەدا دەیخوێننەوە باری سەرنجی منە لەسەر بانگەوازەکەی کاک عدنان عوسمان، وەلەوەدا کە ڕوون نیە هەفتەنامەی«هاوڵاتی» لایەنگری پرۆژەکەیە یان نا، بەناچار بانگەوازەکەی کاک عدنان و نوسراوەکەی من وەک گفتوگۆیەکی دوو قۆڵی لێدەرئەچێ و ڕەنگە چ گرفتیش لەوەدا نەبێ، گرنگ ئەوەیە ڕۆشنبیران و تێکۆشەرانی ئێمە هەریەک لەئاستی خۆیەوە مەسەلە بنچینەییەکان ببزوێنێ و قسەیان لەسەر بکات.
ئەوەی خوارەوە ڕای منە لەچەند خاڵێکی دیاریکراودا:

٢ـ « بانگەواز» ی ئاشتی و ئاشتبوونەوە بۆ حزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان کارێکی باش و دڵسۆزانەیە. بەڵام ئەوەی لەم ناوەدا لەنگە و توانای ڕۆیشتنی نیە ئەوەیە کە «چۆن» ئەو بانگەوازە بەرەو پێش دەبرێ؟
حزبەکانی کوردستان وەک هەموو خەڵکی تر ڕاستیەکان دەزانن، وە دەشزانن کە «ئاشتی»، «تەبایی» و «حکومەتی یەکگرتوو» بۆ کورد پێویستن، بەڵام کاتێک ناچنە ژێر باری مەسەلەکە حەتمەن گرێیەکی سیاسی یاخود ئابوری یاخود لەوانەش گرنگتر لە

ئارادایە!! کورتەی مەسەلەکە لەوەدایە بزانین: هێزە دەسەڵاتدارەکانی کورد (و دنیا!) تەنها لەبەرامبەر فشاری سیاسی و جەماوەری و حکومیدا مل بە هەنگاوی جیاواز ئەدەن لەگەڵ بەرنامەکانی خۆیان. نمونەی زیندوو لە حاڵی حازرو لە ئاستی ناوچەییدا سەردانی ئەنتۆنی زینی یە بۆ ئیسرائیل و فەلەستین. زینی نوێنەری ئەمەریکایەو دەتوانێ ئەگەر لایەنێک دژ بە پرۆژەی گشتی ئەمەریکا ڕاوەستا ئەوەی ئەمەریکا پێی باشە لە بەرامبەریدا بیگەیەنێتە ئاستی جێبەجێکردن،... بەڵام بانگەوازی ئاشتی لەلایەن چەند (یان چەندین)ڕۆشنبیری کوردەوە کە حەتمەن لە خودی دوو حیزبە گەورەکەش زۆر دوور نین ناتوانێ کاری جددی ئەنجام بدات، لە ئەنجامدا من بڕوام وایە تا ئەوکاتەی ڕای گشتی میللەت لەڕێ ی ڕۆژنامەو بڵاوکراوەو تەلەفزیۆنی ئازادەوە نەبێتە هێزێکی سیاسی، ناکرێ چاوەڕێی ئەوە بین بەزەبری «کۆنگرە»، حیزبە ناکۆکەکان ئاشت بکەینەوە و حکومەتی یەکگرتوو دامەزرێنن.

٣ــ خاڵی هەرە گرنگ لەمەسەلەکەدا ئەوەیە کە کێشەی ئێمە تەنیا ئاشتبوونەوە نیە بەڵکە واوەترە لە ئاشتی و ئاشتبونەوە.

کاتێک باس لە ئاشتی ئەدەکرێ ــ بێگومان ــ یەکسەر فکری مرۆڤ بەرەو « دوو» لایەن دەڕوات کە ئەم دوو لایەنە دەبێ ئاشت بکرێنەوە. ئاشتی پێویستی بە دوو لایەن هەیە، ئاشتبوونەوە دەبێ دوو هێزی ناکۆک تیایدا بەشدار بن، بەڵام بەڕاستی کورد ئیدی لەوەترازاوە بەرگەی هەبوونی دوو لایەنی ناکۆک بگرێ بەم شێوازە سەروو یاساییەی ئێستای.

**دیارە مەبەست لەوە نیە ئەم دوو لایەنە ببنە یەک لە حیزبێکدا، بەڵکو مەبەست لەوەیە ببنە دوو لایەنی ناکۆک لە یەک پەرلەماندا، لە یەک چوارچێوەی یاساییدا، لەیەک خانووی هاوبەشدا کە لەناویدا ناکۆکیە هەرە گەورەو ئاڵۆزەکان ئیمکانی چارەسەر کردنیان هەبێ.**

وەزعی سیاسی کورد ــ وەک کاک عەدنان بە باشی باسی کردووە ــ بەرەو گۆڕان دەچێ، ئەم بەرەو گۆڕان چوونە پێویستی بە خۆئامادەکردن هەیە.

« ئاشتی» نێوان یەکێتی و پارتی زۆر کەمترە لەوەی کورد دەیەوێ. ئەوەی میللەت دەیەوێ زۆر واوەترە لە ئاشتی، وە زۆر واوەترە لەوەش کە ئەندامەکانی یەکێتی بەئاسانی بەناوچەکانی پارتیدا بڕۆن یاخود بەپێچەوانەوە.

لە باری عەمەلیەوە دەشێ لانیکەم بیر لەوە بکرێتەوە ئەگەرــ بۆ نمونە ــ لە چەند ساڵی داهاتودا کابرایەکی پارتی بیری لەوە کردەوە تۆنێلێک بەهاوکاری کۆمپانیایەکی تورکی ــ ئینگلیزی لە ئەزمەڕدا لێبدا ڕێگای پێ نەگیرێ و بەهانەی بۆ ساز نەکرێ، هەروەها

ئەگەر سەرمایەدارێکی سلێمانیش ویستی لە کۆمپانیایەکی هاوبەشدا «فرۆکەخانەی نێونەتەوەیی» لە شاری هەولێر بینا بکات دەزگاکانی حکومەت لەوێندەرێ نەبنە ڕێگرو چەڵەمە بۆی.

بناغەی مەسەلەکە بەلای منەوە بیناکردنەوەی کوردستان و خۆشکردنی ژیانی مرۆڤەکانە لە کوردستان. خودی مەفهومی «حکومەتی یەکگرتووی کورد» یش تەنیا لەو ئاقارەدا مەعنا دەدات بەدەستەوە دەنا لە ناوچەکەدا زۆر حکومەتی «یەکگرتوو» هەن وهیچیشیان بۆ میللەتەکانیان ئەنجام نەداوە.

لەو ڕوانگەیەوە بەستنی «کۆنگرەی ئاشتی و ئاشتبونەوە» بە پێویست دەزانم بەمەرجێک بتوانێت پێشوەخت بڕیار بدات ئەگەر لایەنێک ملکەچی بڕیارەکانی نەبوو « کۆنگرە» لە بەرامبەریا بوەستێت.

# سەلیم مەتەر: زیتبونەوەی شۆڤێنیزمی عەرەبی(*)

٢٠٠٢/٥/١١
(بۆ یەکەم جار)

سەلیم مەتەر لە ژمارە ٣٠٠ی هەفتەنامەی «المؤتمر» ی هێژادا وتارێکی بە ناونیشانی « بەڵگەم هەیە لەسەر لایەنگیریتان بۆ کورد» بڵاوکردۆتەوەو تیایدا هێرشی بردۆتە سەر سیاسەتی «المؤتمر» بەرامبەر بە کورد بە گشتی و ئەو ڕێبەرانەی کورد کە خوازیاری مافی چارەی خۆنوسینن بە تایبەتی. بەو بۆنەیەوە دەمەوێ هەندێ تێبینی دەربارەی نوسراوەکەی سەلیم مەتەر بخەمە بەرچاو. هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە لەگەڵ بەڕێز چیا نوری دا یەکناگرمەوە کە لە وەڵامی سەلیم مەتەردا( لە ژمارە ٣٠٠١ی«المؤتمر») دەڵێ :« **بە پێویستی نازانم وەڵامی گشت وشەو ڕستەو تەعبیرێکی وتارەکەی سەلیم بدەمەوە، چونکە سەرچاوەی ئەو جۆرە بیروباوەڕانە لە ئازارچەشتن وخەیاڵاتی شێواوو ناسروشتی خاوەنەکەیەوە دێن... کێشەی عیراق و کورد زۆر لەوە مەزنترە کە گوێ بدرێتە ئەم جۆرە باوەڕو قەناعەتە پەراوێزی و هەڵچونە تاقەکەسیانە..»**

ئەویش لە بەر هۆکارێکی سادە: چونکە ئەو باوەڕانەی سەلیم مەتەر خستونیە ڕوو تا ئەو ڕادەیەش پەراوێزی نین، ـ بە تایبەت لە دەرەوەی «المؤتمر» و« کۆنگرەی نیشتیمانی عیراق» ـ سەرباری ئەوەش، سەلیم مەتەر نوێنەرایەتی هێڵ و جەرەیانێکی فیکری چەسپاو دەکات لە ناو ئۆپۆزیسیۆنی ناسیۆنالیستی توندڕەودا؛ بۆیە پێویستە وەل نەکرێت ... بە پێچەوانەوە پێویستە لە بەرامبەریا بوەستین و بە شێوەیەکی بابەتی و بە دیقەت وە بە دوور لە دەمارگیری نەتەوەیی کوردیش وەڵامی بدەینەوە، چونکە کێشەی نەتەوایەتی کێشەیەکی ئاڵۆزەو پێویست دەکات سەرجەم لایەنەکانی مەسەلەکە، چ لایەنی پرەنسیپ و چ لایەنی سیاسی پێکەوە شیتەڵبکرێنەوە.

لەم دێڕانەدا هەوڵئەدەم بە کورتی بۆچونەکانم بڵێم، هیوادارم وەڵامەکەم بتوانێ قەناعەت بە سەلیم مەتەرو «هاوڕێ بێدەنگەکان» ی بهێنێ!

**یەکەم:** سەلیم مەتەری برامان پێی وایە وتنی «هەلومەرجی ئیقلیمی و دەولی ڕێگا نادات بە سەربەخۆیی کوردستان» لە لایەن سەرۆکەکانی کوردەوە «شەرم» و «فێڵ» و « دوڕویی» یەو بە « نەتەوەچێتی» و « شۆڕشچێتی» حساب دەکات.
دوایین وەڵام بۆ دیدگاکانی سەلیم مەتەر بە لای منەوە بەم جۆرەیە: **دان نەنان** بەو ڕاستیانەدا «شەرم» و «فێڵ» و «دوڕویی» یە!!
بۆچی؟
چونکە مافی سەربەخۆیی گەلان مافێکی « ڕەوا » یە، مافێکی ڕەسمی و دانپیانراوە لە ئاستی جیهانیداو لە پرەنسیپی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانیشدا پەسند کراوە... هەروەها ــ بە پێی ئەو مافە ــ کەسان و گەلان مافی ئەوەیان هەیە «سەربەخۆ» بن و چارەنوسیان دیاری بکەن و بڕیار بدەن چۆن لەگەڵ **ئەوانیتر**دا دەژین.
ڕاشکاوی ــ سەلیم مەتەر داوای دەکات! ــ لەوەدا نیە ڕێبەرانی کورد بڵێن عیراقین، بەڵکو لەوەشدایە ڕێبەران ڕابگەیەنن کورد دیموکراسیان خۆشدەوێ، لە هەمان کاتدا خوازیاری سەربەخۆیین مادام ژیان لە چوارچێوەی نیشتیمانی و عیراقیدا دەیان کارەسات و تراژیدیای هێناوە بۆ خۆیان و میللەتەکەیان... جگە لەوەش، حکومەتی ئەم وڵاتە ( بە پێچەوانەی تێگەیشتنی کاک سەلیمەوە کە پێی وایە وەک فەرەنساو بەریتانیا حوکم دەکات ) بڕوای بەوە نیە چ کورد چ عەرەب بڕیار لە چارەنوس و ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیان بدەن.
ئەو پرسیارەی لێرەدا سەر هەڵئەدات ئەوەیە : ئایا لە نێو گەلی عەرەبدا کەسێک یاخود سەرۆکێک هەیە بڕوای بە «یەکیەتی نیشتیمانی عەرەب» و سەربەخۆیی گەلی عەرەب نەبێ؟ وە ئایا جگە لە ڕێگرە ئیقلیمی و دەولیەکان چ ڕێگرو لەوەندی تر هەن ببنە هۆکاری پەرتکردنی گەلی عەرەب؟؟
کاتێک ڕێبەرانی کورد دەڵێن « دۆخی ئیقلیمی و دەولی» ئامادە نیە بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئەوپەڕی ڕاستگۆییان لە خۆ نیشانداوە و وا لە ڕۆشنبیرێکی وەک سەلیم مەتەر دەوەشایەوە لەو ڕاستیە تێبگات و ڕێزی بگرێ، چونکە وتنی ئەو ڕاستیانە ئەندازەی ڕاشکاوی سیاسی و وەتەنگهاتنی ڕێبەرانی کورد بۆ بەرژەوەندی میللەتەکەیان ( هەر بەو شێوەیە میللەتانی تریش) و دوربونیان لە «دوڕویی» یەوە دەردەخات... لە هەمان کاتدا ئەوەش ئیسپات دەکات کە ڕێبەرانی کورد نایانەوێ موجازەفە بە چارەنوسی میللەتەوە بکەن بەو جۆرەی « سەرۆکی فەرماندە » لە دوو

دەیەی ڕابوردودا ئەنجامی دا تا دەسەڵاتە خوێناویەکەی بپارێزێ و هژمونی «نەتەوەیی» خۆی ــ بەدەر لە بارودۆخی ئیقلیمی و لە خاڵی بەرامبەری ئەو دۆخەدا ــ پەرە پێبدات.
**دووەم:** کاک سەلیم مەتەر دروشمی « کەرکوک قودسی کوردستانە» بە دروشمێکی نەتەوەپەرستی ڕەگەزپەرستی دادەنێ و لە هەمان کاتدا نارەزایی لە بەرامبەر ئەو وەزیرە کوردەشدا دەردەبڕێ کە شانازی بەوەوە کردوە زمانی ئینگلیزی لە کوردستاندا بوەتە زمانی دوەمی خوێندن(سەلیم وشەی «وەزیر»ی لە ناو کەوانەی بچوکدا داناوە تا بە هێما دەریبخات ئەو ئیعتیراف بە هەبونی وەزیر ناکات بۆ کورد!)
لێرەدا پێویستە دوو خاڵ ڕوونبکرێتەوە :

١ــ ئەوەی کە شاری کەرکوک قودسی کوردستانە یان نەء، مەسەلەیەکە دەبێ لێکۆڵینەوەکانی سەرژمێری لە ژێر سایەی حکومەتێکی دیموکراتیدا ساغی بکەنەوە بە لەبەرچاوگرتنی گشت ئەو گۆڕانکاریانەی حکومەتی بەعس و حکومەتەکانی پێشتر بە هۆی تەعریب و تەهجیر لە کەرکوکدا پێکیان هێناوە.
لەسەر کاک سەلیم پێویست بو بە ئەنقەست باوەڕە سەرەکیەکانی ڕێبەرانی کوردو پارتە سیاسیەکان تێکەڵ بەو جۆرە دروشمانە نەکات کە بۆ سەندنی مافەکان دەخرێنە ڕوو، چونکە ئاشکرایە کە جیاوازی هەیە لە نێوان دروشمە سیاسیەکان و ڕاستیە دیمۆگرافیەکان داو کەس ناتوانێ ــ جگە لە بەعس و هاوڕێکانی ! ــ ئەو ڕاستیانە بگۆڕێ و بە زەبری هێزو خوێن بیانسەپێنێ.

٢ــ هەموان دەزانین زمانی ئینگلیزی لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی زمانیان ئینگلیزی نیە وەک زمانی دووەم دەخوێندرێ، ئەمەش شتێکی سروشتیە و ناگونجێ لە عاست دیاردەیەکی واهیدا بە بەهانەی نەتەوەیی و ڕەگەزپەرستیەوە ڕابوەستین، چونکە زمانی ئینگلیزی بێپاشەکشە بۆتە زمانی زانست و تەکنەلۆژیا و بازرگانی لە ئاستی جیهانیدا. جێگەی سەرسوڕمان و تێڕامان ئەوەیە: بۆچی کاک سەلیم دەیەوێ کوردی عیراق لە ڕێگای زمانی عەرەبیەوە دوای ڕێچکەی پێشکەوتنی جیهانی بکەون لە کاتێکدا خودی گەلانی عەرەب و ڕێبەرەکانی بڕیاریان داوە شارستانیەت و تەکنەلۆژیای نوێ لە ڕێگای زمانی ئینگلیزیەوە وەربگرن؟
ئایا کورد تەنیا موستەهەقی شمەکی «دەستی دوو»ن؟ وە تاکەی؟
زۆر جێگای خۆیەتی لێرەدا ئەو پرسیارە لە سەلیم مەتەر بکەین کە خەڵکی ئینگلیز لە حاڵەتی لەم جۆرەدا بە بێزاریەوە بە کاری دەهێنن : « وەت ئار یو تۆکین ئەباوت ؟» واتە: ئەرێ تۆ باسی چی ئەکەیت؟!

**سێهەم:** پرسیارێکی تریش هەیە دەبێ بە ڕاشکاوی بخرێتە ڕوو.

ئایا سەلیم مەتەر بڕوای بە «یەکێتی و سەربەخۆیی گەلی عەرەب» هەیە؟ ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارە نیگەتیف بێ، ئەوا ئێمە مەیدان جێدەهێڵین بۆ برایانی تری عەرەب تا لەگەڵ سەلیم دا بکەونە ( یا نەکەونە!) گفتوگۆ لەسەر ئەو هەڵوێستەی.

بەڵام ئەگەر وەڵام پۆزەتیف بێ و بڕوای بە یەکێتی و سەربەخۆیی عەرەب هەبێ، دەبێ بزانین بۆچی بڕوای بەو مافە نیە بۆ کورد؟ خۆ ئەگەر پاساوی ئەو بۆ داوانەکردنی «سەربەخۆیی و یەکیەتی گەلی عەرەب» بارودۆخی ئیقلیمی و دەولی بێت، ئەوا هەمان پرسیاری پێشو لە ڕووی سەلیمدا قوت دەبێتەوە: کێ بوون ئەوانەی هەق و ڕاستیان وت : ڕێبەرانی کورد یان سەلیم مەتەر؟

لە کۆتاییدا دەڵێین: سیاسەتی هەفتەنامەی «الموتمر» و سەرنوسەری «الموتمر» سیاسەتێکی دروستەو لایەنگری نیە بۆ کەس، وە بایەخدانی « الموتمر» بە کاروباری کورد لە قەناعەتی برایەتی یەکسانیەوە سەرچاوەی گرتوە کە پاڵنەرە بۆ برایەتی و مانەوە لە چوارچێوەی یەک دەوڵەتی یەککگرتودا. بەردەوامبوون و سەرکەوتنی سیاسەتی «الموتمر» لە عیراقی داهاتوودا دەبێتە زەمانەتی ژیانێکی ئاشتیانەو ئارام، بەڵام ئەگەر عیراقی ئایندە بە دەست کەسانی وەک سەلیم مەتەرەوە بێت کە دان نانێن بە مافی چارەنوسی کورددا ــ لانیکەم وەک پرەنسیپ !ــ وە هیچ بایەخێک دانانێن بۆ کوردبوونی کەرکوک و بێ هۆ قەشمەری دەکەن بەو وەزیرەی پێویستی خوێندنی زمانی ئینگلیزی لە کوردستاندا ڕاگەیاندووە، لە لایەن خۆمەوە ڕایدەگەیەنم کە مانەوە لە هەندەران هەزاران جار ئابڕومەندانەترە لە ژیانی ژێردەسەڵاتی ڕژێمێکی واهیدا و لە سەر هەموان پێویستە لە بەرامبەریا بوەستن.

(*) هەفتەنامەی «الموتمر» ( ژ٣٠٣ ) چەند ڕستەیەکی ئەم وتارەی دژی سەلیم مەتەر بڵاوکردەوە.

نامەی تایبەت:

# خەزرەجی تاوانکارە دژ بە کورد!

مەی/٢٠٠٢

گۆڤاری «ریفراندۆم» ژ٦.٧

**بەڕێز/**

**سەرەک وەزیرانی حکومەتی دانیمارک پاول یورپ**

هەروەک ئاگادارن، کۆمەڵگای کورد لە ناوخۆو هەندەران بە نیگەرانیەکی زۆرەوە سەرنجی داوەتە هەڵوێستی حکومەتی بەڕێزتان سەبارەت بە ژەنراڵی عیراقی نزار خەزرەجی کە لە دانیمارک داوای پەنابەری کردوە.

خەزرەجی، بە پێی بەڵگەی حاشاهەڵنەگرو بەدەرلە گومان، لە پرۆسە کۆمەڵکوژی گەلی کورد و هێرشەکانی ئەنفال و جینۆسایدی ساڵانی ١٩٨٧ـ١٩٨٨ دا بۆ سەر کوردستان، فەرماندەی یەکەم بوەو کەسێک بوە لە پیاوە هەرە نزیکەکانی دیکتاتۆری ئێستای عیراق.

ئێمە (دەستەی نوسەرانی گۆڤاری «ریفراندۆم» ـ لەندەن) داواتان لێ دەکەین کە ناوبراو لە سەر بنچینەی ئەو بەڵگانەی لە بڵاوکراوەی میدڵ ئیست وۆچ (ژمارە ٦٥٤٣٢ـ ١)ی ساڵی ١٩٩٣دا هاتوە وەک تاوانکاری جەنگ بدرێتە دادگای نێودەوڵەتی و لە سەر تاوانی مرۆڤکوژی، بە هەمان شێوەی میلۆسۆڤیچ و تاوانکارە نازیەکان، سزای ڕەوا وەربگرێ.

هەروەها بە ئەرکی خۆمانی دەزانین ئاماژە بەوە بکەین کە خوازیارانی مانەوەی ڕژێمی ئێستای عیراق بەو شێوازە دیکتاتۆریەی ئێستای، بە بەهانەی ئەوەی گوایە سزادانی کەسانی وەک خەزرەجی ڕێگای وازهێنان وهەڵاتن لەوانیتر دائەخات و ڕژێم لاواز نابێ، داکۆکیەکی ناڕاستەوخۆ لە ژەنراڵی تاوانکارو سەددام حسەین ی جەللاد ئەکەن.

ڕژێمی عـیراق، وەک بەڕێزتان ئاگـادارن، لەسـەر بناغـەی دیموکراسی و هـەڵبژاردن و کاری بەکۆمەڵ دانەمەزراوە تا بە وازهێنانی کادرە «شایستە» و لێهاتوەکانی لە بابەتی خەزرەجی کەلێنی تێبکەوێ و لاواز ببێ، ئەو ڕژێمـە لە سەر بناغەی قەهری فاشیستی و دیکتـاتۆری بیناکـراوە و بە دەرچونی هەر کـادرێکی پلە بەرز، لە ناو خـڵـتـەترین و دواکەوتوترین توێژەکانی کۆمەڵدا بەدیلی بۆ دروست دەکرێتەوە، بە تایبەت گەر بزانین کاری ئەو کادیرانەش چالاکی عەقڵی و تەکنەلۆژی نیە بەڵکو کاری « ئاسـان» ی مرۆڤ کوژیە بە چەکی جۆراوجۆری پێشکەوتوی مۆدێرن.

بە پێچەوانەوە، دەربازبونی نزار خـەزرەجی لە سزادان لە سەر ئەو تاوانانەی ئەنجامی داون، ڕێگا ئاوەلاتر دەکات بۆ هەموو دیکتاتۆرە بچوک و گەورەکانی هاوچەشنی کە بێترس لە سزا و لێپرسینەوە، درێژە بە کوشتاری خەڵکی بێتاوان بدەن لە سایەی ڕژێمی بەعسی عیراقدا.

# دەربارەی لێدانی عێراق (*)

٢٠٠٢/٧/٢٩
بۆ یەکەم جار

**پرسیار:**
**کورد تا چ ئەندازەیەک ئامادەیە بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی لە پێشەوەن لە عێراقدا؟**

**وەڵام :**
خۆشبەختانە پەیوەندی نێوان دوو حزبی سەرەکی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو باشی ئەڕوات. ئەم فاکتەرە فاکتەرێکی سەرەکیە لە دیاریکردنی چارەنووسی کوردستان و عێراقدا. ئەمڕۆ خەڵکی کوردستان زۆر زیاتر لە جاران بڕوایان بە ئاشتی و ئایندەی کورد پەیدا کردووەو هۆی ئەوەش بێگومان ڕەوینەوەی هەوری شەڕی ناوخۆیە.
زیاتر لەوەش: خودی حیزبە سەرەکیەکان خەریکن هەست دەکەن «ئاشتی» بەرەکەتی زۆرترە: هەم پەیوەندیان لەگەڵ خەڵکی کورد وە هەم پەیوەندیان لەگەڵ دنیای دەرەوەدا بەهێزتر دەکات و ڕەگیان باشتر دائەکوتێ بە زەوی وولاتەکەدا.
لەوەدا کە پرسیارەکەی ئێوە لە ئاستێکی گشتیدا دەڵێ «کورد» تا چ ئەندازەیەک ئامادەیە؟ مرۆڤ ناچارە لە ئاستە گشتیەکەوە سەیری مەسەلەکە بکات.
واتە پێویست ناکات ئاماژە بە ڕۆڵی خراپ و تێکدەرانەی گروپە ئیسلامیە تێروریستەکان بکرێ، چونکە بزاڤە تیرۆریستەکانی کوردستان لە گشت حاڵێکدا ناتوانن لە «پەڕاوێز» ی ڕووداوەکانی کوردستانەوە بێنە ناو «دەق» ی مەسەلەکانەوە و پانتایی ستراتیژی بۆ خۆیان دیاری بکەن، ئەوان لە هاوکێشە گشتیەکەدا مەسەلەیەکی بەتەواوی لاوەکی و تاکتیکین.
تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە «گۆڕانکاریەکان» ە وە هەیە، سەرەڕای گشت هەراو هۆریا پروپاگەندەیەک وە سەرەڕای جوڵانی نیسبی عەسکەریش لە کوەیت و باقی زەمینە سازیەکانی تر، لێدانی حکومەتی صدام بە حەتمی نازانم، بە تایبەت دوای بەیاننامەی

جۆرج بۆش سەبارەت بە گۆڕانکاریەکانی ئێران لە چەند هەفتەی ڕابردوودا. لە ڕاستیدا پێم وایە ئەمریکا، دوای خۆنیشاندانەکانی ناوخۆی ئێران و وازهێنانی ئایەتوڵڵا طاهری وخرۆشی خەڵک، ئەو هەنگاوە بە قازانج نابینێ کە گۆڕانکاریەکی سیاسی هەمەلایەنە لە عێراقدا پێک بێنێ کە سەرجەم ڕەهەندەکانی بە ووردی ئاشکرا نەبن، وە لە هەمان کاتدا «مەنجەڵی ئێران» بکوڵێ و مەزەندەی ئەوە بێتە ئاراوە سەرجەم ناوچەکە شیرازەی تێک بچێ و هەوساری مەسەلەکان قابیلی کۆنترۆڵ کردن نەبێ.

ڕەنگە لە دیدگەی ئاگایانی سیاسیەوە ئەوە ئاشکرابێ کە هەبوونی ئێران وەک مەترسیەکی سیاسی هەمیشە هۆکارێک بووە بۆ مانەوەی ڕژێمی بەعس، چ لەوەدا کە بەعس دەتوانێ بەربەستی هەڕەشەی ئێران بکات لە وولاتانی کەنداو وە چ لەوەدا کە بەربەستی هاتنە سەرکاری ئیسلامی توندڕەو بێ لەناوخۆدا! ئەوەی ئەم جارە دەبێتە هۆکاری مانەوەی بەعس ــ بە بڕوای من ــ هەڕەشەی خەڵکی ئێرانە لە کۆماری ئیسلامی،... بەو واتایەی کە هەر ئێستا مەترسی ڕاپەڕین لە ئێران دا هاتۆتە ئاراوەو شلکردنی جڵەوی دیموکراتیخوازو ئازادیخوازانی عێراق و کوردستانی عێراق نەک نابێتە ڕێگر لەبەردەم لافاوی دیموکراتیخوازی و ڕیفۆرم لە ئێراندا ــ کە ئەمریکا دەیەوێ ــ بەڵکو ئەو لافاوە قەبەترو بێ ئامان تر دەکات: کە ئەمریکا نایەوێت! بەڵام ئەگەر وەک گریمانەیەک ڕێژەیەک بۆ ڕوودانی گۆڕانکاری لە عێراق دا بهێڵینەوە، بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین هەموو فاکتەکان ئەوە دەردەخەن کە پارتەکانی کورد ئامادەییان تێدایە بۆ گۆڕانکاریی، ئەویش بەم هۆیانە:

**یەکەم: پارتەکانی کوردستان خواست و بەرنامەیان ڕوونەو دەزانن چیان دەوێ؛**

**دووەم: پەیوەندیان لە ناوخۆدا بەهێزەو مەترسی وەزعەکە لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا هەست پێدەکەن؛**

**سێیەم: و گرنگترین خاڵ ئەوەیە کە پارتەکانی کوردستان ڕێکخراوترین و بەهێزترین بەشی ئۆپۆزسیونی عێراقین و هیچکام لە هێزەکانی ئۆپۆزسیونی عێراقی ناتوانن کەڵەوەکێشی لە بەرامبەریاندا بکەن ئەگەر هێزی جیهانیان لە پشتەوە نەبێ، وە ــ ئەگەر بە قسەکانی پیتەر گالبرایت لە کوردستان تی ڤی دا بڕوا بکەین ــ مەزەندەی ئەوەش لە ئارادا نیە هێزە جیهانیەکان پشتی کورد بەربدەن.**

خاڵێکی تر کە پێویستە لەسەری بوەستین ئەوەیە کە لە حاڵەتی «گۆڕان» دا، واتە لە حاڵی ڕوخانی حکومەتی و کەوتنی بەعس، کوردو پارتەکانی کوردستان دەتوانن کەڵک لە هەلومەرجەکە وەربگرن بۆ فراوانکردنی سنوری جوگرافی و سیاسی خۆیان و

خۆقایمکردنی زیاترو هەوڵدان بۆ وەرگرتنی شەرعیەتی زیاتر لە ئاستی دەولیدا،... ئەوەی پاڵپشتی ئەم مەسەلەیە دەکات ئەوەیە کە هیچ هێزێکی تر ناتوانێ ببێ بە بەدیلی ئەو پارتانەی کە ئێستا لەسەر حوکمن لە کوردستاندا، وە تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە بەعسەوە هەیە ئەوان بە تەواوی فارس گوتەنی «رفتنی» ن، واتە هەموو لایەک چاوەڕێ ی ئەوەیە بزمارێک لە سندوقی تەرمەکەیان بدات، بەڵام ئێستا لە کوردستاندا پەیوەندیەکی نزیک هەیە لە نێوان خەڵک و حکومەتدا کە لە پەیوەندی نێوان خەڵکی ئەوروپا وحکومەتەکانیان دەچێ. لەبەرئەوە، نەک هەر ڕووخانی بەعس بە قازانجەو دەشێ ئەوان دەرەقەتی پێشهاتەکانی بێن بەڵکو مەزەندەی دەستدرێژی تورکیاو ئێرانیش لەچاو پەیوەندی حزبەکانی کوردستان بە خەڵکی کوردستانەوە شتی ناچیز و بێبایەخن.

لەکاتی هاتنی لافاوی مەزندا ئەوەی دەمێنێتەوە ئەو درەخت و بەردانەن کە بەقوڵی بە زەویدا ڕۆچوون و هەڵکەندنیان ئاسان نیە، لەبەرئەوە، ئەگەر لافاوی زۆر گەورەش ڕووبکاتە کوردستان ــ بە بڕوای من ــ ناتوانێ ئەو هێزانە هەڵکەنێ کە بە توندی بە خەڵکەوە گرێ دراون و ڕۆژانەش خەریکی ئەو پەیوەندیەن ... هەرچەندە شێوازی یەکبوون و میتۆدی حوکمڕانی حیزبەکانی کوردستان دەکرێ دەیان ڕەخنەی ڕووبەڕوو بکرێتەوە: چ لە نەبوونی حکومەتی هاوبەش و چ لە ڕەوتی کیسەڵی دیبلۆماسیەتی دەولی یاندا... بەڵام، سەرباری گشت ڕووداوەکان ئەوەی لە بەرچاوە بایەخی گشتی حزبەکانە بە چارەنووسی خۆیان و خەڵک، ئەوەش مەسەلەیەکی گرنگە...

(*) ئەم بابەتە لە کاتی خۆیدا بۆ هەفتەنامەی «هاولاتی» ئامادەکرا... هاوڕێم کاک عەدنان عوسمان کە نوێنەری «هاولاتی» یە لە ئەوروپا پرسیارەکەی ناردو منیش وەڵامم بۆ نوسیەوە، بەڵام بە داخەوە نەکرا بڵاوببێتەوە.

# دەربارەی شەڕی ئازادکردنی عیراق

«کوردستانی نوێ» ژ۳۰۳٦
۲۰۰۳/٤/۱۰

**پرسیار :**
**ئەو گۆڕانکاریە گەورەیەی دوای شەڕ لە عیراقدا ڕو دەدات چ ئاسۆیەک لە بەردەم کۆمەڵانی خەڵکی عیراقدا دەکاتەوە؟**

**وەڵام:**
گۆڕانکاریە سیاسیەکانی داهاتوی عیراق هەر لە ئێستاوە قابیلی پێشبینیکردن نین، بە تایبەت گەر بزانین «گۆڕانکاریە سیاسیەکان»ی عیراق بە تەواوی بەستراونەتەوە بە جۆری شەڕی ئازادکردنی عیراق لە لایەن هاوپەیمانەکانەوە لەلایەک وە مەزەندەی دەستتێوەردانی وڵاتانی ئیقلیمی لە لایەکی ترەوە. ئەگەر مەبەست لە گۆڕانکاریەکان ئەوانە بێت کەدەزگاکانی ڕاگەیاندنی هاوپەیمانان باسی لێوە دەکەن، بێگومان ئاسۆی داهاتووی خەڵکی عیراق ئاسۆیەکی ڕوناک و پڕ لە خۆشیە، ئاسۆیەک کە دەگونجێ لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ و مافی هاووڵاتیبوون و سەروەری یاساو حوکمی دیموکراسی وپەرلەمان.... بەڵام بەدەر لەوە، واتە بەدەر لەو چوارچێوەیەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بۆ داهاتووی عیراقی دەخوازن، هەر جۆرە ئاسۆیەکی تر ــ بێگومان ــ جێی گومان و تێڕامانە... ئەگەر ــ بۆ نمونە ــ دوای شەڕ ئێمە پەنجا هەزار سەربازی تورکیامان لە ناو عیراقدا هەبێت و ژمارەیەکی هاوچەشنیش سەربازی وڵاتانی تری دراوسێ، گومانێکی زۆر هەیە ڕاستەوخۆ بیر لەو خەون و خەیاڵە بکرێتەوە کە ساڵەهایە خەڵکی عیراق هەوڵی بۆ دەدەن. کۆتاییهاتنی ڕژێمی سەددام و بەعس ڕاستەوخۆ بەواتای کۆتاییهاتنی «کێشەی عیراق» نیە. هەرچی چۆنێک بێت، نەمانی بەعس ئاسۆیەکی ئێجگار فراوان لەبەردەم خەڵکی عیراق و سەرجەم گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکاتەوە.

**پرسیار:**

**به ڕای تۆ ڕۆڵ و شوێنی کورد لە ئایندەدا چۆن دەبێت و پێویستە کورد چی بکات بۆ ئەوەی ڕۆڵی شیاوی خۆی ببینێت ؟**

**وەڵام :**

ڕۆڵی کورد لە ئایندەی عیراق و گۆڕانکاریەکاندا بە دوو فاکتەری سەرەکیەوە بەستراوە کە بریتین لە:

**یەکەم:** یەکبوونی گوتارو خواستی سیاسی گەلی کوردو خستنەڕووی ئەو خواست و ویستە لە ڕێگای پارتە سیاسیەکانەوە بە شێوەیەکی مۆدێرن و مەعقول؛

**دووەم:** سازدان و تەیارکردنی هێزی عەسکەری(پێشمەرگە) و کۆمەلانی خەڵک تا دوایین پلەی مومکین بۆ پاراستنی ئەو دەسکەوتانەی هەن و وەدستهێنانی جێپێی قایمتر لە ئێستاو ئایندەی عیراقدا.

بە بێ هەبوونی ڕێبەرییەکی سیاسی یەکگرتوو، خواستی گەلی کورد بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەرفرازی جگە لە بەفیرۆدانی تواناکان بەرەنجامی تری نابێت، لە هەمان کاتدا، ئەگەر هێزێکی عەسکەری تۆکمەو مۆدێرن و بە پرەنسیپ، پێڕەوییەکی چرکە بە چرکە لەو ڕێبەریە سیاسیە نەکات، شوێن و جێگای کورد لە مەترسییەوە نزیکە...( بۆ نمونە دەبێ بیر لە گشت مەزندەکانی تێکهەڵچون بکرێتەوە لە نێوان خەڵکی ئاوارەی کەرکوک و نیشتەجێکراوەکانی بەعس، یان شتی لەو بابەتەو بەدەر لە بڕیاری سیاسی کورد کە سەرئێشەی گەورە دروست دەکات).... هەرکاتێک ئەو دو فاکتەرەی سەرەوە دابینکران، «شوێنی کورد» لە ئایندەی عیراقدا شوێنێکی بەڕێزو گرنگ و پڕبایەخەو لە لایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە بە چاوی ڕێزەوە تەماشای دەکرێت و حسابی لەسەر دەکرێت.

**پرسیار:**

**دوای نەمانی ڕژێمی دیکتاتۆری پەیوەندی کورد بە دنیاوە چ ڕەهەندو قولاییەکی سیاسی وەردەگرێت؟**

**وەڵام:**

بە دەستپێکردنی «شەڕی ئازادکردنی عیراق» کورد لە دنیای سیاسەتی نێودەوڵەتیدا هەنگاوێکی ئێجگار گەورەی بۆ پێشەوە هاویشت، هەنگاوێک کە پاشەکشەی تیا نیە. بە نەمانی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس ڕێوشوێنی کورد بەرەو قایمتربوون دەچێت و لە باری ستراتیژییەوە ئیمکانی هەیە وەک دوەمین پێگەی دیموکراسی لە ناوچەکەدا بە

ڕەسمی بناسرێت، بە تایبەتیش کە هێزەکانی ناوەڕاست و خوارووی عیراق بە پێوانە لەگەڵ پارتە سیاسیەکانی کورددا نەک هەر خاوەنی پێشینەیەکی سیاسی و جەماوەری و متمانەپێکراو نین، بەڵکو ـ لە حاڵەتی بزوتنەوە ئیسلامیەکاندا ـ هەندێکیان دەکەونە خاڵی بەرامبەری سیاسەتی خۆرئاواو ئەمریکاو جیهانی «دیموکراسی» یەوە، لەو ڕوانگەیەوە، واتە بە هەڵسەنگاندنی قورسایی سیاسی و ناوەرۆکی ئایدیۆلۆژی سەرجەم هێزو پارتە سیاسیەکانی عیراق، کوردو پارتە سیاسیەکانی متمانەپێکراوترین ئالاهەڵگری ئازادی و دیموکراسی و بیروباوڕی لیبراڵی خۆرئاوایین و بەم واتایەش کورد دەبێتە قولاییەکی ستراتیژی بۆ ئەو سەرخانە سیاسیەی کە دنیای سەرمایەداری لە قۆناغی گلۆبالیزمدا دەیەوێت لە گشت کونج و قوژبنێکی دنیادا، بە زۆر بێت یان بە خواییشت، جێپێی بۆ بکاتەوە .

# دۆخی دوای سەدام

## (گفتوگۆ لەگەڵ توانا ئەحمەد)

« PUK TV »
٢٠٠٣/٦/٢٥، سلێمانی

**توانا ئەحمەد: ئێستا هەمومان لەسەر ئەوە کۆکین کە سەردەمی ڕوخانی بەعس و نەمانی ڕژێمی دیکتاتۆری سەردەمێکی تازەیە، ئێمە ناڵێین ئەم سەردەمە سەردەمێکی تازەیە تەنیا لەبەرئەوەی کە ڕژێمی دیکتاتۆری و خوێناوی کۆتایی هاتوە، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە دۆخەکە کۆمەڵێک ئەرک و خەون و پرۆژەی تازە ئەخاتە بەردەست... ئێمە ئەمشەو بۆ گفتوگۆکردن لە سەر ئەم بابەتە، واتە «چۆنیەتی دروستکردنەوەی عیراقی ئایندەو وردەکاریەکانی ئەو پرۆسەیە»، میوانداری کاک بابەکر دڕەیی مان کردوە، وە ئەم دەرفەتەمان ڕەخساند تا گفتوگۆی لەگەڵدا بکەین .**

**پرسیار: بە حوکمی ئەوەی تۆ یەکێک لەوانەی بە سەردان هاتویتەوە، وە پێشتریش یەکێک بویت لە کادرەکانی ی ن ک ، حەز دەکەم ئەو پرسیارە بکەم: ئایا ڕوخانی ڕژێمی سەدام دەرفەتێکی دروست کردوە بۆ ئەوەی هەمو خەڵکی عیراق( بە تایبەتی خەڵکی کورد) کارلێکێکی تازە دروست بکەن؟ کارلێکێکی تازە لە نێوان «دەرەوە» و « ناوەوە»، واتە ئەو وزانەی لە دەرەوەن بێنەوە کوردستان و دەوری خۆیان ببینن؟ تۆ ئەم پرۆسەیەو چۆنیەتی جێبەجێبوونی چۆن ئەبینیت؟ بە تایبەتی کە تۆ خۆت یەکێکی لەوانەی ڕەنگە نیەتت هەبێ بگەڕێیتەوەو ئیش بکەیت؟**

****** زۆر سوپاس بۆ میوانداریەکەتان. بە ڕاستی ڕوخانی ڕژێمی بەعس جەژنێکی زۆر گەورەیە بۆ سەرجەم خەڵکی کوردستان وعیراق، وە ئەم جەژنە هەمو خەڵکی کوردیش لە ئەوروپا بەشدارن تیایدا و هەستی پێئەکەن. ئەو ڕوداوانەی لە ماوەی ڕابوردودا لە

عیراق ڕویاندا خەڵکی ئێمە بە وردی بەدوایداچوەو بە واتایەک ئەوانیش بەشداربون لە جەژنی ڕوخانی ڕژێمی بەعسدا. ڕژێمێک کە سەرۆک کۆمارەکەی بە تەنها ٤١٠ کۆشکی تەرخان کردوە بۆ خۆی و دارو دەستەکەی، وە ملیۆنەها دۆلارو دیناری سەرف کردوە بۆ تاقمەکەی و بۆ خێزانەکەی و تکریتیەکان؛ ڕژێمێک کە هیچ شیکردنەوەیەک ناتوانێ بە شێوەیەکی تێرو تەسەل دڕندەیی و خراپەکاریەکانی لێکبداتەوە...
هیوادارم هاتنەوەی من بۆ کوردستان هاتنەوەیەکی «کاتی» نەبێت، وە دڵنیام کەسانێکی زۆری تریش لە ئەوروپا هەمان بیروباوەڕی منیان هەیە وە خۆیان ئامادە ئەکەن بۆ گەڕانەوە ئەگەر دۆخی کوردستان و عیراق بەتەواوی بچەسپێ و هەلومەرجێک بخوڵقێ مرۆڤ بتوانێ بە شێوەیەکی ئازادانە لە وڵاتەکەدا بژی و ئیمکاناتی سیاسی و فیکری و تەنانەت ئابوری خۆی بخاتە کار، وە لە وڵاتەکەدا جێگای ببێتەوەو کۆتایی بە ژیانی ئاوارەیی بهێنێ کە بە ڕاستی ژیانێکی سەخت و تاقەتپڕوکێن و هیلاککەرە.

***توانا: خۆت دەزانی کوردستان پێویستی بەو خەڵکە ڕۆشنبیر یاخود «بیرۆکرات» انە هەیە، نەک تەنیا لە ڕووی سیاسیەوە بەڵکو لە ڕوی ئیداری ئابوریشەوە، ڕەنگە ئێستا بەشێکی زۆری ئابوری کوردستان پشت بەو داهاتە ببەستێ کە لە دەرەوە ئەهێنرێتەوە بۆ ئێرە؛ پێت وا نیە دەرفەتێکی تازە ڕەخسابێ بۆ ئەوەی ئەم سەرمایە مادیە جارێکی تر لە بازاڕەکانی کوردستاندا ـ ئێستا ئیدی هەمو عیراق دەبێ لە بەردەم کۆمپانیاو چالاکیە بازرگانیە تازەکاندا بکرێتەوە ـ بخرێتەوەگەڕو هانی کوردەکان بدات بێنەوەو جگە لە وزە سیاسیەکانی خۆیان وزەی ئابوریشیان تاقی بکەنەوە؟***

****** وەک ئاگاداریت کوردی ئەوروپا لە ساڵی ١٩٩٢ بە دواوە دەستیان بە گەڕانەوە کردوەو سەرمایەیان وەگەڕ خستوە، وە ئێمە بە چاوی خۆمان ئەو بیناکردنەوە ئابوریە ئەبینین و ئاشکرایە کە ناردنەوەی سەرمایەی خەڵکی کورد لە ئەوروپاوە ئاوەدانیەکی دیاری لە کوردستاندا دروست کردوە. بەڵام ئەوەی کە بە شێوەیەکی بەربڵاوتر لە جاران کوردی ئەوروپا( یان خەڵکی عیراق) بگەڕێنەوە و جوڵانەوەکە فراوانتر ببێ پێموایە زوو بێت، چونکە وەک ئاگامان لێیە وەزعی سیاسی عیراق تا ئێستا نەچەسپاوە وە بە ڕای من لە مەودایەکی زۆر نزیکدا ئەم حاڵەتەش بەسەر ئەچێت، وە لەوبارەیەوە زۆر خۆشبینم کە خەڵکی کورد و خەڵکی عیراق لە ئەوروپاوە دەگەڕێنەوە و عیراق دەبێتە ئەو وڵاتەی هەمومان خەونمان پێوە بینیوە، واتە دەبێتە وڵاتێکی نمونەیی لە ناوچەکەدا چ لە باری فەرهەنگی و چ لەباری ئابووری وسیاسی یەوە.

سەبارەت بە پارتەکانی کوردستان، بەڕای من پێش ڕوخانی سەدام ئەمان باش تەشجیعی خەڵکیان کردوە بۆ چالاکی ئابوری وە ئەمەش بە شارەکانی کوردستانەوە زۆر باش دیارەو ئەگەر کەسێک بگەڕێ دەیان و سەدان کۆمپانیای باشی بەرچاو دەکەوێ.

***توانا: تۆ وەک کەسێک کە لە ناو کوردستاندا ژیاویت و پێشمەرگەو کادر بویت، پاش ماوەیەک چویتە دەرەوەو ئێستا هاتویتەوە، حەز دەکەم پێم بڵێیت ئەو گۆڕانکاریانەی لە کوردستان بینیوتن تا چەند دڵخۆشکەرن و شیاوی دەستخۆشی لێکردنن؟ ئایا ئەم ئەزموون و پێشکەوتنانەی لێرە وەدی هاتون شایستەی ئەوەن ئێمە خەتی ڕاستوچەپیان بەسەردا بهێنین یان پشتگیریان بکەین؟***

** بە هیچ شێوەیەک نابێ خەتیان بەسەردا بهێنرێت. بەڕاستی غەدرێکی زۆر گەورەیە مرۆڤ خەتی ڕاست و چەپ بهێنێ بەسەر ئەزموونی کوردستاندا بە هەمو لایەنەکانیەوە، هەڵبەت من یەکێک بوم لەو کەسانەی کە زۆر بە ئاشکراو ڕاستەوخۆ ڕەخنەم گرتوە لە سیاسەتی حزبەکانی کورستان، لە شوێنی ڕەسمی ئاشکراوە، بەڵام لە ئاستی مێژوییدا ئەزمونی کوردستان ـ وەک دەزانین لە ئەزموون دەرچوەو بۆتە واقیع ـ دەبێ پشتیوانی لێبکرێ. بۆیە من ڕام وایە دەشێ و دەبێ ڕەخنە لە هەلومەرجەکە بگیرێ بەرەو باشترکردنی ئەویش بە خستنەڕووی ئەلتەرناتیفی باشتر، بەڵام ئەوەی کە من یان کەسێکی تر بمانەوێ ڕەخنە لە وەزعی کوردستان بگرین و خەتی ڕاست وچەپی بە سەردا بهێنین و بڵێین ئەم ئەزمونە خراپە، بەڕاستی غەدرێکی گەورەیە: غەدرە لە میللەتی کورد لە کوردستانی عیراق و غەدرە لە کورد لە کوردستانی گەورەشدا.

**توانا: ڕەنگە ئەوە هەڵە بێت بە دو دیودا: لایەکیان ئەوەیە ڕەنگە ڕەتکردنەوەی ئەزمونێک بەو ڕەهاییە کارێکی چەوت بێ، لە لایەکی ترەوە، ئەمە وا دەکات کە دوبەرەکی دروست ببێت، بەو واتایەی کە ئەم قۆناغە تازەیەی ئێستاو ئەم ئەزمونەی کوردستان تاپۆ ئەکرێت لەسەر چەند هێزێک! بۆ نمونە لەسەر حزبە سیاسیەکان. ئەمەش وا دەکات جارێکی تریش کوردستان دابەش ببێتەوە یاخود ئەو ئەزمون و دەسکەوتانە دابەش ببنەوە، واتە هەندێ خەڵک بە هی خۆی بزانێ و هەندێکی تریش بە هی خۆی نەزانێت، پێت وانیە ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە؟**

** مەسەلەی گرنگ و ئەساسی مەسەلەی میللەتە. واتە تێگەیشتن لەوەی « کورد بە کوێ گەیشتوە؟». ڕەنگە لە ناو میللەتی کورددا خەڵکانێک هەبن گەیشتبنە حاڵەتێکی نەخوازراو، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی چوار ملیۆن کورد لە کوردستانی عیراقدا گەیشتوون بە گەشەکردنێکی سیاسی گەورە، گەیشتوون بە پەرلەمان، گەیشتون بە ئازادی و پلورالیزم لە ئاستێکی مەعقولدا، گەیشتون بە پێشکەوتنێکی ئابوری زۆر باش کە بە پێوانە لەگەڵ وڵاتەکانی دەوروبەرماندا حاڵەتی وا نابینین، وە ئێمە بە چاوی خۆمان نرخی پارەی ئەوان و نرخی دراوی کوردستان ئەبینین. بێگومان ئەگەر کەسێک لە چاویلکەیەکی تاریکەوە تەماشا بکات ڕەخنە هەیە، بەڵام ئەوەی بوترێ کورد بە هیچ کوێ نەگەیشتوە، یاخود سەنگەرەکان جیابۆتەوە من ئەو شتە نابینم... دۆخی کورد زۆر ڕوو لە باشیەو ڕەنگە باشتریش بکرێ.

**توانا: کەواتە ئەمە ڕێگا لەوە ناگرێت تێڕوانینێکی ڕەخنەییمان بۆ سەرجەم بارودۆخە سیاسیەکە هەبێت بەو مەرجەی کە «ڕەخنە» حزب و گروپە سیاسیەکان ناچار بە مامەڵەیەکی باشترو واقیعیانە تر بکات هەم لەگەڵ دەرەوەو هەم لەگەڵ ئەو گۆڕانەی کە لە ناوخۆشدا ڕوو دەدەن، چونکە ئەو گۆڕانەی کە ناوچەکە دەگرێتەوە هەم هێزە سیاسیەکان و هەم گروپ و هێزە کۆمەڵایەتیەکان ناچار دەکات کە بگۆڕێن؛ واتە ئێمە پێویستیمان بەوەیە کە ستراتیژێکی تازە داڕێژین بۆ ئەوەی لەم قۆناغەدا کە قۆناغێکی تازەیە ڕۆڵی خۆمان ببینین؟**

** بەڵێ. بە بڕوای من « گۆڕان» بارانێکەو دەبارێ. گۆڕانەکە هاتوەو کەس ناتوانێ ڕێگای پێ بگرێ، گۆڕانەکە گۆڕانێکی جیهانی یە. واژەکانی «جیهانگیری» و « گلوبالیزم» زاراوەی بێ ناوەڕۆک نین. ئەم وشانە ئێستا لە کوردستانیشدا شوێن و کاریگەری خۆیان هەیەو هەستیان پێ دەکرێ، واتە هیچ کەس ناتوانێ لە کوردستاندا بڵێ: با کرانەوە نەبێ! هەر ئێستا گەر تەماشا بکەین بارو دۆخی کوردستان زۆر جیاوازە لەگەڵ سالانی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان ، وە ئێستا لە سەردەمێکی تردا دەژین لە چاو ئەو کاتەدا، خەڵکی ئێستا خەڵکی ئەوسا نین و گۆڕاون، بە خۆشمانەوە کە ئەودەم کادری یەکێتی و گروپە چەپەکانی تر بوین. بە بڕوای من گۆڕانکاریەکان جیهانین و « بارانەکە ئەبارێت»، جا خەڵک خۆیان بڕیار ئەدەن کە چەتر هەڵگرن تا بارانەکە لێیان نەدات یان خۆ دەخەنە بەر شنەباو بارانی گۆڕانەکان. مەسەلەکە ئیختیاری یە.

**توانا: خۆت دەزانی گرفتی سەرەکی عیراق هەبونی ڕژێمێکی تۆتالیتارو دیکتاتۆر بو، ڕوخانی بەعس ئەو کێشەیەی نەهێشت، ئێستا کێشەکە گۆڕاوەو کێشەی تر و گرفتی تر سەری هەڵداوە لەوانەش گرفتی نەبونی دیموکراسی و «کرانەوە» و کارلێککردن لەگەڵ کۆمەڵی نێودەوڵەتی، هەروەها گرفتی گەڕانەوەی متمانەی کۆمەڵگای عیراقی وە لە هەمان کاتدا پەیداکردنی متمانەی دەرەوە بە ناوەوە... سەرباری هەمو ئەوانە ئەگەر لە تۆ بپرسم: « گرفتە سەرەکیەکانی ئەم قۆناغە چین ؟» دەکرێ ــ بە کورتی ــ چۆن باسی بکەیت ؟**

** بە بڕوای من گرفتی سەرەکی « دەسەڵاتی سیاسی» یە. تا ئەم ساتە لە عیراقدا مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی ــ کە گرنترین مەسەلەیە لە گشت ولاتاندا ــ ساغ نەکراوەتەوە، ئەمەش گرفتێکە کە ئەمریکیەکان و ئۆپۆزیسۆنی پێشوی عیراق و پارتەکانی کوردیەکانی ئێمە پێوەی خەریکن، وە بە پێی ئەو قسانە بێت کە پۆل بریمەر لە کەناڵی جزیرە باسی کردن، ئەمریکاو بەریتانیا کە ئێستا بەڕێوەبەری عیراقن بەرنامەو تێڕوانینیان ڕۆشنە و منیش پێموایە بەرنامەیان ڕۆشنە: ئەوان لە هەنگاوی یەکەمدا هەوڵ ئەدەن دەسەڵاتی سیاسی لە عیراقدا ساغ بکەنەوە لە ڕێگای پێکهێنانی « ئەنجومەنی دامەزراندن» وە کە لە ڕێگای ئەوەوە دەستووری نەگۆڕی وڵات ئامادە ئەکرێت، پاشان دەستوور دەسەڵاتە جیاوازەکانی وەک دەسەڵاتی یاسادانان، دەسەڵاتی بەڕێوەبردن، دەسەڵاتی دادوەری دیاری دەکات، سەرەنجام دەکرێ چاوەڕێ بین کە دوای جێگیربوونی دەسەڵاتی سیاسی، ئازادیە سیاسیەکان بچەسپێن، ئالێرەدا لە پەیوەند لەگەڵ دەستووری عیراقدا خاڵێکی ئێجگار گرنگ هەیە بە نیسبەت گەلی کوردەوە ئەویش ئەوەیە کە فیدراڵی بۆ گەلی کورد بڕیار بدرێت وە ئەو ئازادیانەی کورد خەونی پێوە بینیون و خوێنی بۆ ڕشتون لە دەستووری نەگۆڕی عیراقدا بچەسپێن. بە بڕوای من مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی کاتێکی زۆری گرتووەو کاتیش ئەگرێ چونکە مەسەلەیەکی ئێجگار گرنگەو وەک دەشبینین خودی ئەمریکیەکانیش بە هێواشی بۆ گرفتەکە دەچن.

**توانا: بەڵام ئایا تۆ پێت وانیە جگە لەو گرفتە سیاسیانە گرفتی ناوخۆش هەبن؟ بۆ نمونە دەسەڵاتی سیاسی کورد دەسەڵاتێکە گومان لەوە ناکرێت وەک دەسەڵاتێکی دیموکراسی زۆر کەموکوڕی و خەلەلی تیایە کە تا ئێستا چارەسەر نەکراون و پێویستە چارەسەر بکرێن، بۆ نمونە یەکخستنەوەی ئیدارە، سازدانی هەڵبژاردن بۆ**

**پەیداکردنی متمانەیەکی تازە، گۆڕینی بونیەو هەیکەلی ئیداری کە تا ئێستا دوربوین لێی ... ئێمە زۆر جار باس ئەکەین کە دەوڵەتی عیراق لە بنچینەوە دەگۆڕێت، کەواتە پێش ئەوەی باهۆزی گۆڕانکاریەکان بگاتە ئێمە دەبوایە زەمینەسازی بۆ بکەین بە شێوەیەکی تەندروست و ڕێکوپێکی وا کە لە ناو کۆمەڵگاو دامەزراوە ئیداریەکانی خۆماندا ڕەنگ بداتەوە.**

** زۆر ڕاستە بەڵام ئەوە دەکەوێتە سەر کورد خۆی کە تا چ ئەندازەیەک ئامادەیە بۆ ئەو گۆڕانکاریانە، وە تا چ ئەندازەیەک ئامادەیە لەگەڵ زروفی عیراقدا خۆی بگونجێنێ و خۆ ئامادە بکات. بە ڕای من ئەم ئەرکە دەکەوێتە سەر شانی نوخبەو دەسەڵاتدارانی کورد کە بە شێوەیەکی مەعقول لەگەڵ دۆخەکەدا بگونجێن و ئەو هەنگاوە باشانەی تا ئێستا ناویانە بەردەوام بن لە سەری وە بە هیچ شێوەیەک پاشەکشە نەکرێت لەو داخوازیانەی تاکو ئێستا کراون، چونکە فرسەتێکی ئاڵتونی باش هاتۆتە پێشەوە ئەویش بەشداریکردنی کورد بو لەو هاوپەیمانیەدا کە لە دژی بەعس و سەدام کرا، هاوپەیمانەتیەک کە بە شێوەیەکی زۆر باش جێگای کوردی لە ئاستی جیهانیدا کردەوەو کارێکی وای کرد جارێکی دی کورد لە هاوکێشە سیاسیەکاندا لە بیر نەکرێت. بەو شێوەیە پێموایە دەکرێت ڕابەرە سیاسیەکانی کورد باشتر لە جاران خۆ ئامادە بکەن، وە دەبینم ئەو توانایی و هەستکردنەش هەیە... کۆبونەوەی هەفتەی ڕابوردووی نێوان م.س ی هەردولای یەکێتی و پارتی دەریخست ئەم ئامادەییە هەیە و هیوادارم ـ وە خەڵکی کوردستانیش بە هەمان شێوە هیواخوازن ـ پەیوەندیەکانیان بەرەو باشتر بچێت.

**فەرهەنگ گۆمەشینی( پەیوەندی تەلەفۆنی): بەخێرهاتنی میوانەکەتان ئەکەم. دیارە پرسیار زۆرە لە سەر ئەو مەسەلەیەی جەنابت باست کرد، بەڵام دەمەوێ بپرسم ئایا ئەو برادەرانەی لە ئەوروپان یان لە ئەوروپا دێنەوە چ میکانیزمێک یاخود پرۆژەیەکیان هەیە بۆ ئایندە؟ وە لە کاتی هاتنەوەیاندا چیان بەدەستەوەیە بۆئەو کارلێکەی باسی ئەکەن؟ وە ئایا پرۆژەی ئەوان تێپەڕاندوە لەوەی تا ئێستا لە چوارچێوەی خۆزگەدا بوە و بۆتە پرۆژەیەکی فیکری کە هەمو ئەو نوسەرو ڕوناکبیرە گەورانەی کوردی هەندەران لە سەری ڕێککەوتبن؟ یاخود ئەوانەی لە ئەوروپان بتوانن دۆزی کورد وەک خۆی لە خەڵکی دەرەوە بگەیەنن؟ زۆر سوپاس.**

**توانا: ببورە ئەگەر بمانەوێت پرسیارەکەی کاک فەرهەنگ بە جۆرێکی تر دابڕێژینەوە**

**ئاوای لێ دێت: ڕەنگە تا ئێستا جالیەی کورد نەیتوانیبێت یەکگرتنێک دروست بکات، ئایا بۆ گەڕانەوە دەتوانێت شتێکی لەو بابەتە بکات؟**

****** زۆر سوپاسی کاک فەرهەنگ ئەکەم بۆ بەشداریکردنی. بە ڕاشکاوی قسە بکەم بە کاک فەرهەنگ ئەڵێم: ئەو چاوەڕوانیەی ئەو هەیەتی و ڕەنگە خەڵکانی تریش هەیانبێ لە چینی ڕۆشنبیری کورد لە ئەوروپا چاوەڕوانیەکی زیاد لە ئەندازەیە. دەمەوێت بڵێم چینی ڕۆشنبیری کورد لە ئەوروپا لە چینی ڕۆشنبیر لە کوردستان ڕوناکبیرتر نیە، ڕەنگە لە ئەوروپا هەندێ ڕەخنە بە ڕاشکاوی وترابێ یان قسەیەک کرابێ یاخود پرۆژەیەک خرابێتە ڕوو، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی من فکر و ڕۆشنبیری و تەنانەت ڕەخنەو پرۆژەش لە کوردستاندا ئەبینم، واتە پرۆژەی ڕۆشنبیرانی کوردستان ( تەنانەت هی حزبەکانیش) بە خاڵی وەرچەرخان دەبینم لە گۆڕانکاریەکانی کوردستاندا. ئەگەر کەسێک لە کوردستان یاخود لە دەرەوەی کوردستان پرۆژەیەک یان ئیدەیەکی هەبوبێت کەس ڕێگای لێ نەگرتوە پرۆژەکەی پێشکەش بکات. من لە ڕۆژنامەکانی ئەوروپادا قسەم کردوەو ڕەخنەم گرتوەو بڵاوبۆتەوەو جێگای خۆیشی گرتوە، ئەمە بە شێوەیەکی گشتی، بەڵام ئەوەی کە چاوەڕوانیمان وابێت ئەوانەی لە ئەوروپان ( بە من و سەدانی وەک منیشەوە) ئیدەیەکی «تازە» بهێننە کوردستانەوە، بەش بە حاڵی خۆم لەگەڵ ئەو ڕەئیە نیم و پێم وایە خەڵک لە کوردستانیشدا باش بیر دەکاتەوە، وە خەڵک لێرە وەک کوردەکانی ئەوروپاو ئەمریکا زمان ئەزانێت وە لە ڕێگای ئنتەرنێت و دەزگا تازەکانەوە ئاگایان لە هەمو شتێک هەیە، لەبەر ئەوە پێموایە ڕەنگە کەمێک چاوەڕوانیەکی زیادبێت پێمان وابێت دەکرێت لە ئەوروپاوە پەیامێکی نوێ بەڕێبکرێت بۆ ڕۆشنبیرانی کوردو حزبەکان تا لێرە لەسەری بڕۆن، ڕای من وایە دەکرێ لێرەش پرۆژەکان بخرێنەڕوو وە جێگای خۆشیان بگرن.

**توانا: ڕەنگە مەبەست لە کۆی ئەو قسانە ئەوەبێت «چۆن» ئەو پەیوەندیە یان کارلێکە دروست ئەبێت لە نێوان ئەو کلتور یاخود سەرمایەیەی لەوێ چەندین ساڵە کەڵەکە بوە،؟ مەبەست لەوەیە چۆن ئالیەتێک یان میکانیزمێک بدۆزینەوە بۆ ئەوەی ئەو وزانە وەکاربخرێن بەشێوەیەک لە قۆناغی دوای سەدامدا کەڵکیان لێ وەربگیرێت؟**

****** من دوو ڕێگا ئەبینم. یەکێکیان لە ڕێگای دەسەڵاتی سیاسیەوە. لە کوردستان ئەو کەسەی پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ حزبە سیاسیەکان هەبێت دەتوانێ پرۆژە بخاتە بەردەم جا چ سیاسی وە چ ناسیاسی، وە ئەگەر ناتوانێ لەگەڵ حزبەکان پێشکەشی بکات و ڕێگای نیە یاخود ڕێگای پێ نەدراوە، ئەکرێ لە دەرەوەی حزبە سیاسیەکان

پرۆژەکانی پێشکەش بکات. ئێستا لێرە سەدان ڕۆژنامەی ئازاد هەیەو دەکرێ قسەی خۆی بکاو دوای قسەکانی بکەوێ وئەگەر پرۆژەکەی تێروتەسەلە ئەکرێ زۆر لەسەری بڕوات وەک ڕۆشنبیرانی تری ئەوروپا لە سەدەی نۆزدەهەم کە ئازارێکی زۆریان چەشتوە لە سەر بیروباوەڕیان، لێرەش ئەگەر کەسێک بیەوێت پرۆژەیەک پێشکەش بکات دەشێ دوای بکەوێ و پێوەی هیلاک ببێ تا دەگاتە ئەنجامێک.

**توانا: لە کاتی دوانمان لە سەر قۆناغی تازە بەوە گەیشتین کە ئەو قۆناغە بێگومان گرفتی تازەی خۆی هەیە هەروەک چۆن ئەرکی تازەش دروست دەکات، ئەگەر باس لە ئەرکەکان بکەین ئایا بە ڕای تۆ ئەو ئەرکانە هەر لە سەر شانی حزبە سیاسیەکانە یاخود لەسەر شانی سەرجەم ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنوسان و هەمو ئەو هێزو گروپانەیە کە لە ناو کۆمەڵگادا دەتوانن ڕۆڵێک ببینن؟ ئێمە چۆن دەتوانین باس لەو ئەرکە تازانە بکەین؟**

** ڕەنگە لەتوانای کەسێکی وەک من بەدەر بێت ئەرک بۆ هەریەک لەو توێژانەی باست کردن (ڕۆشنبیران، ڕۆژنامەنوسان، حزبەکان ..) دیاری بکەم. داوای لێبوردن ئەکەم. بەڵام هەوڵئەدەم وەک مرۆێکی سەربەخۆ تەعبیر لە ڕای خۆم بکەم. بە ڕای من حزبەکان بەرپرسیاری یەکەمن لە بەڕێوەبردنی وڵات. ئەوان تا ئێستا ئەرکی خۆیان باش دیاریکردوەو بینیوە، وە ڕۆڵی پارتەکانی کوردستان لە ڕوخاندنی بەعس ڕۆڵێکی مێژوویی گەورە بوو وە هەقە پێی بزانرێت چونکە هەڵەیەکی وای تیا نیە مرۆڤ بیکاتە خاڵی لاوازی لەسەریان: لە بەغداو زۆربەی شوێنە گرنگەکان ئامادە بون؛ لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە هەڵەیان نەکردوە بە جۆرێک تەنانەت ئەوروپاو ئەمریکاش هەست بە ڕۆڵی باشی کورد ئەکەن، پاش حزبەکان ڕۆشنبیرانیش بەشداریەکی باشیان کردوە لە ڕوداوەکاندا، بە ڕای من ئەرکی بنچینەیی لە کاتی ئێستادا ئەوەیە هەوڵ بدرێت لە عیراق و کوردستاندا یاسا جێگیر بکرێت، یاسایەک کە لە بەرژەوەندی خەڵکی عیراق دا بێت بە گشتی وکوردستانیش بە تایبەتی، وە هەوڵدرێت دوای چەسپاندنی فیدراڵی یاساکان بە شێوەیەکی زۆر مەدەنیانە بینا بکرێنەوە وە سەرجەم ئەو یاسایانەی لە ماوەی ڕابوردودا بەعس دایڕشتوون لە ڕیشەوە هەڵبوەشێنرێنەوە، بە کورتی ڕای من ئەمەیە: ئەرکی ڕۆشنبیری کورد ئەوەیە پێگەیەکی قایم دروست بکات بۆ یاسا.

**عەلی میران(پەیوەندی تەلەفۆنی): ئایا ئەو دۆخە ئابوریەی ئەمڕۆ ـ هەرزانی شمەک ـ لە کوردستان هەیە ڕەنگدانەوەی سیاسی و ئابوری نیە لە سەر حکومەتی هەرێم؟**

** ئەوە پشتگیریە بۆ قسەکانی ئێمە کە دەسکەوت و سەرکەوتنی گەورە بە دەست هاتوە ! وە ئەگەر ئێستا کەسێک گلەیی هەیە هۆیەکەی ئەوەیە کە دۆخەکە چەسپاو نیە و عیراق لە قۆناغی گۆڕانکاریدایە، هەمو ولاتان لە قۆناغی گۆڕانکاریدا وردەگرفتیان ئەبێت، بەلام دیسان ئەوەی کاک عەلی ئاماژەی پێدا بە هەرزانی لە بازاڕدا بێگومان لەوەوە هاتوە کە گۆڕانکاریەکی مێژویی ڕویداوە لە عیراقدا، گۆڕانێک کە کاریگەری هەیە بۆ سەر هەموو ناوچەکە وە کاریگەری دەبێت بۆ سەر چارەنوسی نەوەکانی داهاتوش هەروەک چۆن چارەنوسی ئێمەشی دیاری کرد... دەتوانین بڵێین حکومەتی بەعس لە مەودای دورودرێژی تەمەنیدا تەمەنی پێنج نەوەی فەوتاند، هەر لەوانەوە کە لەدایکبوی ساڵەکانی سیەکان بون تاکو ئەوانەی کە لەدایکبوی سالانی هەشتاکان بوون، واتە هەمو ئەوانەی ماوەیەک حوکمڕانێتی بەعسیان بینیوە ژیانێکی ناخۆش و زوخاویان لە سایەی دیکتاتۆری و فاشیزمدا بردۆتە سەر، ئەوەی ئێستا دەبینین ئەم حکومەتە فاشیستیەی بەعس لە سەر دەستی هاوپەیمانان ڕوخاوە خەونێکی زۆر گەورەیە کە هاتنەدی باوەڕ ناکرێت... بێگومان لە ئەنجامی گۆڕانی وا گەورەدا هەرزانیش دێتە پێشەوە وە گۆڕانی ئابوری تریش دێتە ئاراوە و تەنانەت ئومێد هەیە عیراق ببێتە ناوچەیەکی ئازادی ئابووری لە خۆرهەلاتی ناوەڕاست، ئەمانە پرۆژەن و بە دەستەوەن، واتە مەزەندەی گۆڕانی زۆر باش لە بەردەمدایە. گومانی تیا نیە لە گۆڕانکاری وا گەورەدا ئەگەری هەندێ ڕوداوی بچوکیش پەیدا دەبێت کە کاریگەری هەبێت لە سەر چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵ بەلام لە گشت حاڵێکدا گۆڕانکاریە گەورەکە هەمو ئەوانە دائەپۆشێت. بە ڕای من دەکرێت هەمومان بە ئومێدەوە بژین وە ئومێدەواربین کە ژیانمان بەرەو خۆشتر ئەچێت، بەلام ئەوەش هیمەتی هەمومانی ئەوێت. ساتەوەختی دوای نەمانی سەدام ساتەوەختێکە دەبێ هەموان: ڕابەرەکانمان و کادرەکانمان و ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنوس و هتد هۆشیارانەتر لە جاران بەرەو پیری بچین چونکە ئێستا هاوکێشەکە گۆڕاوەو ئاڵۆزتر بوە، جاران کە شەڕ بو هاوکێشەکە سادە بو: تفەنگت پێیەو تفەنگی پێیە! دەیکوژیت و دەتکوژێت. ئێستا بەو ئاسانیە نیە، ڕەنگە لە کۆبونەوەیەکدا قسەیەک نەکرێت بۆ داکۆکی لە کورد ئێمە زیان بکەین بۆیە پێویستە نوێنەرێک لەو شوێنە ئامادە بێت تاکو قسە بکات و داکۆکی لە بەرژەوەندیەکانی گەلی کورد بکات، بۆیە پێویستە ئێستا زۆر وشیارانەتر لە جاران بەرەو وەزعی عیراق بڕۆین ، بۆ نمونە ئامادەییمان لە «ئەنجومەنی دامەزراندن» دا هەبێت، یاخود هەوڵدرێ کورد بەشدار بێت لەو لیژنەیەدا کە دەیەوێت دەستووری عیراق بنوسێت وە ئامادەییکی باشیان هەبێت چونکە دەستوور مەسەلەیەکی بناغەییە

بۆ پاراستنی ئایندەمان، بۆ نمونە ئەگەر لە دەستوردا بەندێک بۆ کورد نەچەسپێت زیانی گەورەی تیا ئەکەین وە ڕەنگە پاشان پەشیمان ببینەوە بۆ نەچەسپاندنی.

**توانا: پرسیارێکم لا دروست بوە. تۆ بە جۆرێک لە خۆشبینیەوە باست لە ڕۆڵی حزبەکان کرد سەرەڕای گشت ئەو قەیرانانەش کە تا ئێستا چارەسەر نەکراون. ڕەنگە هەموان لەسەر ئەوە یەکدەنگ بین کە کۆمەڵێک کێشە هەن بەڵام هەندێ دەنگ پێیان وایە حزبە سیاسیەکانی کوردستان بە هیچ جۆرێک نەیانتوانیوە ڕۆڵی خۆیان ببینن، وە پێشیان وایە هاتنی ئەمریکاو هاتنی مارینز بە شێوەیەک لە شێوەکان لێدانی ئەو حزبانەیە و دەسپێکی قۆناغێکە حزب تیایدا ئەو هەیمەنەو دەسەڵاتەی نامێنێت، حەز دەکەم لەسەر ئەوە ڕونکردنەوە بدەیت، واتە بزانین ئەمە بەلای تۆوە چۆنە؟**

** پێموایە ئەوە بۆچونێکی ڕاست نیە. بۆ نمونە هەموان ئاگادارین بریتانیا وڵاتێکی دیموکراسیەو سەرچاوە بوە بۆ دیموکراسی لە جیهاندا، ئێستاش ( وە نیشانەیەک دیار نیە لە داهاتوی دوریشدا وا نەبێت) حزبە سیاسیەکان چارەنوسی خەڵک دیاری ئەکەن. بە ڕای من لێرەش بۆ کاری حزبە سیاسیەکان ئەوە ڕاستە. حزب چیە؟ حزب یەککگرتنی کۆمەڵە مرۆڤێکە بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەیەک. ئەگەر حزب نەمێنێ بەرنامەکە جێبەجێ ناکرێت، لەو ڕوانگەیەوە هەست دەکەین ئەو دۆخەی ئێستا لە کوردستاندا هەیە بەبێ حزب نەهاتۆتە پێشەوە: حزبە سیاسیەکان ئەم هەلومەرجەیان ڕەخساندوە، لە سۆنگەی ئەوەوە ناکرێ بە بێ حزب هەنگاوی تریش بنرێت بۆ پێشەوە، ڕەنگە کەموکورتی زۆرهەبێ لە ئیشوکارەکاندا، من نامەوێ پاساو بهێنمەوە بۆ کەمو کوڕیەکان و دژی ئەو ڕەخنانە بوەستم کە هەقە لە حزبەکان بگیرێن، بەڵام بەهەرحاڵ حزب بەشێکە لە میللەت و خەڵک لە ڕێگای ئەوانەوە هەناسە ئەدات و قسەکانی ئەکات. مرۆڤ ( تەنانەت گیاندرانیش) لە هەر شوێنێکی ئەو دنیایەدا بێت بە بێ ڕابەرو پێشرەو ژیانی ناچێتە پێشەوە، من لە سەر ئەو باوەڕەم ئەو کەسانەی پێیان وایە لەم قۆناغەدا حزب نامێنێت پێشبینیەکەیان چەوتە. چەوتە چونکە ــ سەرەڕای ڕەوایی ڕەخنەش لە حزبەکان ــ لە فەوزایەکی وەک ئێستای عیراقدا ئەگەر نوێنەرێکی ئازاو قایم و تۆکمەت لە بەغدا نەبێ ناتوانی هیچ وە دەست بێنیت.

**توانا: گشت ئەوانەی قسە ئەکەن ڕۆژێک لە ڕۆژان شتێکیان لە سەر ئەوە نەنوسیوە کە ــ بۆ نمونە ــ ئایا نوێنەرانی کورد لە بەغدا چیان کردوە یاخود بۆچی تا ئێستا پرۆژەیەکیان پێشکەش نەکردوە تا ئەوان کاری لە سەر بکەن، بە پێچەوانەوە تەنیا باس لەوە دەکەن کە: حزبی کوردی ناتوانێ ــ وە کۆتایی بەو قۆناغە هاتوە کە بتوانێ! ــ**

**وەکو تاکە دەسەڵات بێتە پێشەوە و ئەو پێگە ئابووری و جەماوەریەی هەیبوە لە دەستی ئەدات؛ هەوڵی ئەوە نادەن پرۆژەیەک وئامرازێکی فشاریان بە دەستەوە بێت ئەگینا دەیانتوانی تا ئێستا گوشارێکی هەرچی بچوکیش بێت لەسەر حزب دابنێن بۆ ئەوەی «کەمترین» گۆڕانکاری بکرێت، لە بەرامبەردا ئامادەبوون ئەو پەنجاپەنجایەی یەکێتی و پارتی لەسەری پێکهاتن و کارەساتی بۆ ئێمە هێنا ئەوانیش بە هەمان شێوەی ئەمریکیەکان موراعاتی ئەو پەنجاپەنجایەیان کردوە: ئەگەر بیانەوێت قسەیەک بە یەکێتی بڵێن ئەبێ قسەیەکیش بە پارتی بڵێن، بە پێچەوانەوە ئەگەر بە پارتی نەڵێن ئەوا نابێ بە یەکێتیش بڵێن! تا ئێستاش ئەمە هەر بەردەوامە لە کاتێکدا ڕەنگە یەکێتی و پارتی لە زۆر شتدا لە یەک بچن و لە زۆر شتیشدا لە یەکدی جیاواز بن.**

** بۆچونی من بەم جۆرەیە: ئەگەر حزب لە کوردستاندا پێگەی ئابوریشی نەمێنێ پێگەی « سۆز» ی ئەمێنێت. ئەم حزبانە لە خۆڕایی نەهاتونەتە سەر دەسەڵات و پارە نەیکردون بە حاکمی کوردستان. ئەوان لە سۆنگەی سۆزو پەیوەندییەکی قوڵیان لەگەڵ خەڵکدا هاتونە سەر حوکم. من خۆم ڕەخنەگری ئەم دەسەڵاتە بووم بەڵام لەو باوەڕەدام کە سەرەڕای گۆڕانی هەلومەرج، پەیوەندی سۆزداری لە نێوان حزب و خەڵکدا هەر دەمێنێت. ئەوانەی ئەمڕۆ ڕەخنە دەگرن ئەگەر سبەینێ گرفتێک ڕو بکاتە میللەت وحزبەکان ئەوا داکۆکیان لێ ئەکەن. بە ڕای من ئەو پەیوەندیەی ئێستا لە ئەوروپا لە نێوان حزب و لایەنگرەکانیدا هەیە پەیوەندیەکی ئابووری نیە ( ڕەنگە لە **دوایین شیکردنەوەدا** پەیوەندی هەبێ بە دۆخی ئابوری تاقە کەسەوە)، مەبەستم لەوەیە لە حاڵەتی ئاساییدا پەیوەندە سۆزداریەکان وا لە مرۆڤەکان دەکات دوای حزب بکەون و داکۆکی لە ئایندەی خۆیان بکەن، لێرەش هەر وایە... ڕەنگە خۆش بێت لە داهاتودا حزب نەمێنێ بەڵام وەکو وتم هەبونی حزب یش وەک ئەو بارانەیە کە دەبارێت و پێویستە خەڵک لەگەڵیا ڕابێن.

**خاتو بەڕێز عومەر (پەیوەندی تەلەفۆنی): من سێ پرسیارم هەیە:**

**١) تاکەی کورد هەروا لە ناهەمواریا ئەبێت و نرخەکان لە بازاڕدا هەر ڕۆژەو بە جۆرێک ئەبن وکەی نرخ یەکلایی ئەبێتەوە؟**

**٢) دیارە حکومەتی هەرێم هەوڵیداوە بۆ بەرەوپێشچونی شارو کۆنترۆڵکردنی زۆر شت، بەڵام زۆر شتی پشتگوێ خستوە: بۆ نمونە دەستگرتن بە سەر ئەو هەمو سەیارە بێ سەروشوێنانەدا کە بۆتە هۆی قەرەباڵغکردنی شارەکەو ناو بازاڕەکان، تەنانەت لە هەندێ شوێندا بە ئاسانی دەرناچیت؟**

**٣) تاکەی بازاڕی کوردستان وائەبێت؟ واتە نرخی دۆلار لە سەر دیعایەی خەڵک بێت و ڕۆژبەڕۆژ لە زیادوکەمدابێت؟ ئایا حکومەتی هەرێم ناتوانێت ئەمە بە لایەکدا بخات؟ خەڵک لە دڵەڕاوکەیەکی زۆردایەو کاسانێکی زۆر زیان ئەکەن ...**

** لە ڕاستیدا بڕیار بو ئێمە لەسەر کێشە گشتیەکان قسە بکەین! هەروەک دەزانیت من پسپۆڕ نیم لە بواری ئابوریدا بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانم بڵێم: مەسەلەی ئەو ئۆتۆمبێل و ئامێرانەی لە حکومەتی بەعس بەجێماون ئەوا دەبنە هی خەڵک چونکە حکومەتی بەعس بە شێوەیەکی زۆر ناعادیلانە و غەدردارانە دەیویست بەسەر لایەنگرەکانی خۆیدا دابەشیان بکات، ئێستا، گەر بە عەرەبی قسە بکەین « اعادە توزیع» کراونەوە!، واتە سەرلەنوێ دابەش کراونەتەوە بەڵام بە شێوەیەکی زۆر عادیلانە. بێگومان هەقە خەڵک لە داڕوخانی حکومەتێکی وەک بەعس دەسکەوتیان هەبێ کە ساڵەهای ساڵ زەبروزەنگیان بینیوە بە دەستیەوە، وە ڕەوایە کە پارێزگاری لەو دەسکەوتانەش بکرێت. مەسەلەی زۆربونی سەیارەش دەکرێ بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی شارەکان چارەسەریان بۆ بدۆزنەوە.

**توانا: باسی بازاڕی کوردستان و ئەو هەڵبەزو دابەزەی نرخی شمەکی کرد، هەرچەند ئەمە بواری تایبەتی تۆ نیە بەڵام بە بۆچونی تۆ کام چارەسەر شیاوە بۆی؟**

** پێش من کاک عەدنان موفتی بە درێژی باسی ئەو مەسەلەیەی کردوە و شیکردنەوەی زۆر باشی هەبو کە ڕەنگە من نەتوانم وەک ئەو باس لە گرفتەکە بکەم، بەڵام بە خوێندنەوەی من ئەم دۆخە چارەسەری باشی بۆ ئەدۆزرێتەوە: وڵاتێکی گەورەی وەکو عیراق کە سیستمی حوکمەکەی لە نیزامێکی فاشیستی و دیکتاتۆریەوە کە زیاتر لە ٣٠ ساڵ دەسەڵاتدار بوە گۆڕاوە بەرەو حوکمی نوێ، حەتمەن دەبێ پێشبینی ئەوەش بکەین گرفتی پارە لە مەودایەکی کەمدا بێتە ئاراوە، ڕام وایە ئەم کێشەیە چارەسەر ئەبێ هەرچەندە ڕەنگە ژمارەیەک خەڵک تیا زەرەرمەند بن، بەڵام بە گشتی خەڵکی عیراق و کوردستان قازانجێکی گەورەیان کردوە کە نەمانی بەعس و گۆڕانی حوکمە، بۆیە دەهێنێ قوربانی زیاتریشی بۆ بدەن لە باری مادیەوە.

**توانا: دێینە سەر تەوەرەیەکی تر ئەویش باسکردنی ئەمریکایە لە عیراق. ئایا تا چەند ئەمریکا ــ هەم وەکو هێزێک هەم وەکو کلتورێک ــ ئەم ناوچەیە بەرەورووی گۆڕانکاری گەورە دەکاتەوە؟ تۆ مەودای ئەو گۆڕانکاریانە تا چەند دەبینی لەسەر کوردستان و**

**عیراق بە گشتی؟**

** ئەمـریکاییـەکـان خـۆشـیـان دانی پیـائەنێن کـە دەیانەوێ گـۆڕانکاری بکەن لە سـەرتاسـەری جیـهـاندا: هەم بە ڕیشـەکێـشکردنی ئیـسـلامی سـیاسـی و هـەم ــ لە بەرامبەردا ــ بە چەسپاندنی دیموکراسی و پلورالیزم. خۆشـبەختـانە عیـراق خـاڵی دەسـتـپـێکردنی ئەو مـەسـەلەیە بوە دوای ئەفـغـانـسـتـان. بە ڕای من دەسـەڵاتدارانی سیاسی ئێستای ئەمریکا تێڕوانینیان زۆر ڕۆشنە لە سەر مەسەلەکە: ئەوان بەتەمان لە سـەرانسەری جیهاندا ئازادی بە هیچ حزبێک نەدەن بیەوێت لە ڕێگای زەبرو تیـرۆرەوە بیروباوەڕی بسەپێنێ، ئەم سـیاسـەتە لـە عیـراقـیـشـدا جێـبـەجێ ئەکرێت. هەنگاوی یەکەمیان لـە عیـراقـدا هەڵوەشـاندنەوەی حـزبی بەعس بو کـەمـاوەی زیاتر لە سی سـاڵ کـاری بۆ کـراوە. لەو سـۆنگەیەوە وای دەبینم ئەو گـۆڕانـکاریانەی ئەمـریکا دەیهـێنێـتـە عیـراقـەوە هـەقـی پشـتـیـوانیـەکی گـەرمی هـەیە، وە پـێـویسـتـە خـەڵک لە کوردسـتـان و خواروش هـاوکـاریان بکەن بۆ ئەوەی دیموکراسی و پلورالیزم بە شـێوەیەکی گشتی، وە مافـەکانی مرۆڤ وەک چۆن لە ئەوروپادا هـەیە بچـەسپێت. تا ئەو کاتەی ئەمـریکا پێ لە سـەر ئەو مـەسـەلانە دائەگرێت ئێـمـە ناتوانین ڕەخنەی لێـبگرین... پێـموایە بەرنامـەی «گۆڕانکاری» جیدی و ڕیشـەییـەو ئومێدی زۆر هـەیە بەرەوپێـشـچونی عیراق لە ئاسـتی ناوچەییشدا ڕەنگ بداتەوە.

**د.نەورۆز سـاڵح ( پەیوەندی تەلەفۆنی): من داواکـەم زیاتر لە بەرنامـەکـەیە وەک لە کـاک بابەکـر، من پێـمـوایـە هـەلومـەرجـێکی زۆر بەهـادارو بەنرخ بۆ گـەلی کـورد هـەڵکەوتوە، ئاسـایشـی ئـەمـریکا لە خـۆرهـەڵاتی نـاوەڕاسـتـدا بۆ کـورد بەهاداره، بۆیـە دەکـرێ گـەلی کـورد لەم کـاتەدا خـۆی بە یەک «تۆڕ»ی دەسـتـوورەوە نەبـەسـتێـتـەوە، واتە لە کـاتێکدا نە حکومـەت هـەیەو نە دەسـتـوورهـەیە، لە حـاڵێکی وادا «فیـدراڵی» شـەرعیـەتی خـۆی لە کـام دەسـتـوور وەردەگـرێ کـە کـورد داوای بکات؟ بە ڕای مـن بە هـاتنی ئـەمـریکا بۆ خـۆرهەڵاتی ناوەڕاست سـەرجـەم ڕژێمـەکـانی ناوچەکـە زەرەرمـەند بـوون تەنهـا کـورد قازانجی کردوە، بۆیەش پێویستە کورد بزانێ ئەمریکا چی داوادەکات و ئەویش چی لە ئەمریکا دەوێت.**

** دوێنێ پۆل بریمەر لە کــەناڵی جــزیرەوە ڕایگەیاند لە مــانگی داهـاتودا حکومـەتێکی«گـواسـتنەوە» لە عیـراق پێکدێت، ئەم حکومـەتە بەرپرسـیـار دەبێت لە پێکهێنانی ئەنجومـەنی دامـەزراندن کـە ئەویش بە جێی خـۆی دەسـتووری هـەمیشـەیی

عیراق دائەڕێژێ. ئەم هەنگاوە زۆر ڕۆشنە، بە جۆرێک کە ئێستا دیواری چین لە نێوان ئێمەو فیدراڵیدا نیە، دیارە پێویستە خەڵک لە مەسەلەکە بپرسێتەوەو داواکاری هەبێت، بەڵام کاتێک ئەو لێپرسراوەی ئەمریکا دانی پیائەنێ کە لە ماوەی دوو هەفتەدا ئەو مەسەلەیە ساغ ئەبێتەوە ئیتر مەسەلەکە پێویستی بە قسەی تر نیە، هەڵبەت ئەگەر دوای ئەو ماوەیە ساغ بۆوە کارەکان جێبەجێ نەبون، ئەوا خەڵک ئەتوانێ لە ڕێگای ڕۆژنامەکان و شێوازی یاسایی ترەوە داواکانی بگەیەنێت. هەڵبەت ئەمریکاییەکان دەڵێن ئەوان لە چوارچێوەی بڕیاری١٤٨٣ دەرناچن وە هەوڵئەدەن تا ئەو شوێنەی نەتەوە یەکگرتوەکان هاوپەیمانانی ڕێگەپێداوە بجوڵێنەوە و دەسەڵاتی سیاسی لە عیراقدا بەرەو خەملێن بوون بەرن... لە گشت حاڵێکدا چەند هەفتەی داهاتو مەسەلەکان بە لایەکدا دەخات و بڕیارە دەستووری هەمیشەیی عیراق بنوسرێ و ڕون بکرێتەوە بۆ خەڵکی عیراق، لێرەدا مەسەلەی گرنگ ئەوەیە ــ وەک دکتۆریش باسی کرد ــ پارتە سیاسیەکانی ئێمە ئاگایان لەوە بێت کە فیدراڵی لە ناو دەستووردا بچەسپێ بۆ ئەوەی خواستی گەلی ئێمە نەکەوێتە پەراوێزەوە.

**عەبدولرەحمان ژاژڵەیی(پەیوەندی تەلەفۆنی): بە کورتی ئێمە پێمان خۆش بێ یان ناخۆش بێ ئەو وەزعەی ئێستا دەمێنێتەوە، تازە ئەمریکا لێرەیەو هاتوە، پاشان ئەوەی ئێستا خەڵک لە بازاڕدا ئەیبینێ پێی ناڕازیە ــ ڕەنگە من خۆم ڕەئیم وا نەبێ ــ بەڵام خەڵک بە گشتی ناڕازیە، ئەگەر کاک بابەکر سەردانێکی بازاڕی دۆلارەکە یان شوێنە گشتیەکان بکات و زیاتر بچێتە ناو خەڵکەوە ئەوەی بۆ ڕوون ئەبێتەوە. پرسیارەکەی من لێرەدا ئەوەیە: لێرە خەڵک چی بکات بۆ ئەوەی متمانە بگەڕێتەوە نێوان خەڵک و حزبەکان، یاخود حزبەکان چی بکەن بۆ ئەوەی متمانەی ئەو جەماوەرە ڕاکێشنەوە؟**

** من پێموانیە بەو ئەندازەیە متمانە دۆڕابێ. وە قەبەکردنی مەسەلەکەش بەو ڕادەیە جۆرێک لە ڕەشبینی تیایە. قسەیەک هەیە ئەڵێ: بە هۆی درەختەکەوە جەنگەڵەکە نابینێت!

نابێ ئێمە لەبەر بازاڕی دۆلارەکە هەموو کوردستان نەبینین، کوردستان لە حاڵەتێکی خۆشیدا ئەژی کە بە ڕاستی پێشتر خۆشی واهی نەبوە، ڕەنگە بەهۆی کێشەی دراوەوە هەندێک ڕەخنە بگیرێت بەڵام بە ڕای من متمانە نەفەوتاوە، وە حزبەکان خەریکن لێرەو لەوێ لە ناو ڕۆژنامەکاندا قسە ئەکەن، بەڵام بۆ ئەوەی متمانەکە بەهێزتر ببێ پێویستە حزبەکان شیکردنەوە بدەن بە خەڵک وە ئایندەیان بۆ ڕوون بکەنەوە بۆ ئەوەی لە ئایندە نەترسن، چونکە کاتێک خەڵک لە ئایندە ترسا حەتمەن ناڕازی ئەبێت و قسە ئەکات،

بەو جۆرە مادام  نارەزایەتی هەیە لە ناو خەڵکدا پێویستە ڕونکردنەوەی زۆرتر بدرێت وە بە ڕاشکاوی شتەکان باس بکرێت.

**توانا: مەبەستی ئەمریکا لە دواخستنی حکومەتی گواستنەوە (کاتی) چیە؟ وە لە پشت ئەو نیەتەوە چی ئەبینیت کە حکومەت دوا کەوتوەو باس لە ئیدارەی کاتی ئەکەین نەک لە حکومەتی کاتی؟**

** پێموانیە دواخرابێ. بە ڕای من ئەمریکا ئەزمونێکی پێشوتری نیە لە حوکمکردنی وڵاتێکی وەک عیراق. ئەگەر سەیری مێژوو بکەین ئەبینین زۆرتر بەریتانیا بوە وڵاتانی داگیرکردوەو حوکمڕانی کردوون، بۆ نمونە هیندستان لە سەدەی نۆزدەوە تاکو ساڵی ١٩٤٧ بە دەست بەریتانیاوە بوە و زۆر وڵاتی تریش. کەواتە «ئەزمون» لای ئینگلیزو بەریتانیەکان بوە، بە شیکردنەوەی من، ئەمریکاییەکان خۆیان ئامادە نەکردبو بۆ حوکمڕانییەک وا خێرا بێتە بەردەمیان، ئەوان کە هاتن بۆ شەڕ هاتبوون بەڵام بینیان لەشکری سەددام خۆی ڕانەگرت و کەوتن بەسەر «حاڵەت» ی حوکمڕانیدا، ئەمەش وا ئەکات لە بەر چاوی ئێمەو ئەوانەی پێمان خۆشە بە زوویی لە عیراقدا چەسپاویەکی سیاسی دروست ببێت مەسەلەکە بە « دواخستن» لێکبدەینەوە. ئەگەر تەماشای قەبارەی عیراق بکەین بە حەشیمەتێکی ٢٤ ملیۆنی و  ئەو هەمو گرفتە گەورانەوە پێم وایە بایەخ دراوە بە مەسەلەی حوکم ... وەک باسم کرد بریمەر لە جزیرە ڕایگەیاندبو دەبێ لە دو سێ هەفتەی داهاتودا «ئەنجومەنی دامەزراندن» پێکبێ و دەستوور بنوسرێت.

**هەڵکەوت عەبدوڵا(پەیوەندی تەلەفۆنی): لە ڕاستیدا من چەند تێبینیەکم هەیە لە سەر تێکڕای جەوی ئەو دەربڕینانەی کاک بابەکر. بە ڕاستی هاتنەوەی ئەو لە ئەوروپا ـ ئێمە خۆشمان لە ئەوروپاوە هاتوینەوە ـ وا لە مرۆڤ دەکات ئەگەر زۆر تێکەڵ بە واقیعەکە نەبێت زیاد لە پێویست گەشبین بێت، لەبەر ئەوەشە من چەند تێبینیەک دەدەم.**

**پێمخۆشە ڕۆشنبیرانی ئێمە کاتێک لە دەرەوەی وڵات دێنەوە ناوەوەی وڵات جۆرێک لە گەشبینی و خۆشبینی بدەنە میللەتەکەمان، بەڵام بە ڕای من هاوشانی ئەوە یەکێک لە ئەرکەکانی ڕۆشنبیری ئێمە ئەوەیە کە تێڕوانین و لێکدانەوە بدەنە خەڵکی بۆ ئەوەی بەرچاو ڕونتر لە مەسەلەکان بدوێن، بە ڕای من ئەم قۆناغەی هاتۆتە ئاراوە قۆناغێکە هەموو کۆمەڵگای ئێمە دەخاتە ژێر پرسیارەوە، ڕاستە ڕۆڵی حزب کۆتایی پێ نایەت هەروەکو ئەو هێمای بۆ کرد، بەڵام بە ڕای من لەمەودوا حزب ئەو پانتاییەی نامێنێ و**

دەکەوێتە سنوورو چوارچێوەی ئوسوڵی خۆیەوە وەک دامەزراوێکی دیاریکراو لە ناو کۆمەڵگادا، وە ئەو کاتە حزب نابێتە باوکی کۆمەڵگا و حزب نابێتە ئەو منداڵدانەی کە هەمو شتەکان لەوێوە لەدایک ببن، دەبێ ئێمە ددان بەوەدا بنێین کە ئەزمونی کوردی لە بواری کاری حزبیدا خەوشی تێدا بوە وە ئەزمونی کوردی تاکڕەوی تێدا بوە؛ ئەگەر بێتو ئێمە ددان بەو کەموکوڕیانەدا نەنێین بۆ بنیاتنان و بیناکردنەوەی حزب وەک دامەزراوێکی گرنگی بنیاتنانی کۆمەڵگا، ئەوکاتە ئێمە خەوشەکان دەپارێزین و ئەوەش یارمەتیمان نادات بڕۆینە پێشەوە... هاوشانی ئەوە پێویستە گۆڕانکاری لە تێڕوانینی ڕۆشنبیران و ڕاگەیاندنی ئەهلی و حزبیدا ڕوبدات. ئەم قۆناغە چیدی بە پەنابردن بەو چەمکانەی لە ڕابوردودا برەویان هەبوەو کاریان کردوە ناچێتە پێشەوە: ئەگەر ڕۆژنامەیەک ئەهلی بێت پێویستە لە ئاستی قۆناغەکەدا بێت، وە پێویست ناکات ڕۆژنامە ئەهلیەکان یان ڕۆژنامەیەکی تر لە سەر مەرگی ئەوانی تر بونیادی خۆی دابڕێژێ بەڵکو پێویستە خۆی خاوەن پرۆژەو دیدگا بێت... لە هەمان کاتدا ڕۆژنامەی حزبیش پێویستە بە ئاستێکی تر بیر بکاتەوە وە بزانێ کە چیدی ناتوانێ ڕۆژنامەی حزب بێت بە تاقی تەنها، پێویستە پانتاییەک بکاتەوە بۆ ئەوەی دەربڕی تێڕوانینەکانی کۆمەڵگا بێت... بە ڕاست میللەتی کورد نیگەرانە، وەک لە قسەکانی کاک بابەکردا دەرئەکەوێت هیچ شتێ لە گۆڕێ نیە، پەیامبەرێک کە ناوی ئەمریکایە هاتۆتە ئەم ناوچەیەو پەیامی گەورەی بۆ هێناوین! گەر کاک بابەکر ئاگاداری یادوەرییەک نیە کە پێی دەوترێ یادوەری هەمو دنیا بەرامبەر ئەمریکا (هیرۆشیما) ئەوا پێویستە بڵێین کە مومکین نیە لە ماوەی ٤٣ ساڵدا ئەمریکا بە ئاوی حەمام شۆرابێتەوە و لەتێڕوانینی بۆ بەرژەوەندی خۆی پاشگەزبێتەوە.

خاڵی دوەم ئەوەیە کە بکەری سیاسی کورد خۆی چی پێیە بەرامبەر ئەمریکا؟ کورد پێویستە پرۆژەی خۆی هەبێ وەکو چۆن ئەمریکاییەکان پرۆژەی خۆیان هەیە. سیاسی کورد دەبێ خاوەن تێڕوانینی خۆی بێت نەک ڕەدوکەوی ئەو تێڕوانینانە بێت، ئینجا لێرە وە نیگەرانی کورد لەوەدایە کە سیاسەتمەداری کورد هیچ شتێک بە میللەت ناڵێ: ئەگەر ئەو کۆبونەوانەی دەکرێ سەبارەت بە ئەنجومەنی ڕاوێژکاری و فیدراڵیزم خەڵک تا ئاستێکی دیاریکراو حەقیقەتەکان نەزانێت دڵنیگەران دەبێت وە کاریگەری لە سەری دەبێت و ڕەشبین دەبێت و لەوانەیە توڕە بێت و ڕەنگە هەندێ جار تێڕوانینی خراپیش دەربڕێ. دوێنێ گوێم لێ بو بریمەر باسی لە فیدراڵیزم دەکرد بەڵام وای باس دەکرد کە چارەنوسی ئەو فیدراڵیزمە بکەوێتە دەست «میللەتی عیراق»! ئایا تەرکیبەی حزبی و سیاسی میللەتی عیراق لەو ئاستەدایە ئەمە بۆ ئێمە فەراهەم بکات؟ ئەی سیاسەتمەداری کورد لە بەرامبەر ئەمە چی هەیە؟ بۆیە بە ڕای من ئێمە و کاک بابەکرو

**ئەوانەی خۆیان بە ڕۆشنبیر دەزانن پێویستە خۆمان لەو قۆناغە ڕەت بکەین کە ستایشی ئەو وەزعە بکەین، بەڵکو پێویستە لە تەنیشت ستایشی شتە چاکەکانەوە بەرچاو ڕونیەکیش بدەین هەم بە دەسەڵاتی سیاسی و هەم بە میللەتەکەمان.**

** زۆر سوپاسی کاک هەڵکەوت ئەکەم بۆ بەشداربوونی.
من لە قسەکانی خۆمدا باسی ئەوەم کرد کە دەبێ کوردو ڕۆشنبیری کورد داکۆکیەکی سەرسەخت بکەن لە « یاسا ». کاک هەڵکەوت و کەسانی تری وەک من و ئەو دەزانین کە بناغەی سەرکەوتنی ئەوروپا ــ کە ئێمە دەمانەوێ وەک ئەوان پێشکەوین! ــ لە وەدایە کە یاسا چەسپاوە لایان، ئەوە یاسایە کە پەیوەندی نێوان ئینسانەکان ڕێک دەخات نەک حزب. حزب شەخسیەتێکی مەعنەویەو بەس. واتە لە ئەوروپا دەزگای **دادوەری** پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان ڕێک دەخات و حزب بۆی نیە هیچ دەستێوەردانێک بکات. من لە قسەکانی پێشوم ئەوەم باس کرد وە ئێستاش بە زەقی تەئکیدی لە سەر ئەکەمەوە کە یەکەمین ئەرکی مرۆڤی کوردو ڕۆشنبیری کورد و هاوڵاتی عیراقی ئەوەیە هەوڵدات بۆ جێگیربونی یاسا. بە ڕای من بە جێگیربونی یاسا هەمو کێشەکانی تر بە دوایدا چارەسەر دەبن. هەروەها ئەو گەشبینیەی باسم کرد سەبارەت بە ئەمریکا ڕێگا لەوە ناگرێ کەسانێکی وەک من و کاک هەڵکەوت ڕەخنە لە ئەمریکا بگرین و باس لە مێژووی ئەمریکا بکەین، بەڵام قسەی ئەمڕۆ لە سەر « مێژوو» نەبوو بەڵکو لە سەر « سیاسەت» بوو... ئەمریکا هاتۆتە ناوچەکەوەو ئەیەوێ سیاسەتێک جێبەجێ بکات وە ئەو سیاسەتە لە بەرژەوەندی ئێمە بوە، ئێمە چی بکەین؟ بچینە ئەشکەوتەوەو بڵێین فلان کات ئەمریکا لە ڤێتنام تاوانی کردوە؟ دیارە وڵاتێکی گەورەی وەک ئەمریکا حەتمەن کاری وای ئەنجام داوە شایستەی مەحکوم کردن بێ، ئەمریکیەکان خۆیشیان ئەم کارانەیان مەحکوم کردوە. بە کورتی ڕای من وایە دەبێ « **شیکردنەوەی دیاریکراو بۆ کاتی دیاریکراو**» بکەینە پێوانە. کاتێک ئەمریکا دەڵێ من هاتوم و حکومەتی بەعس لا ئەبەم ، ئازادی و دیموکراسی ئەهێنم و فیدراڵی مافی مرۆڤ ئەچەسپێنم دەبێ پشتیوانی بکەین، لەو ڕووەوە دەکرێ وەک **« مێژوو»** سەبارەت بە ڤێتنام و هەر مەسەلەیەکی تریش قسە بکرێ، بەڵام وەک **« سیاسەت»** دەبێتە هەڵەیەکی گەورە.

**توانا: لێرە پرسیارێک هەیە. ئێمە هەمو لە سەر ئەوە کۆکین کە حزبی کوردی بەشێکی زۆری لە پانتاییە سیاسیەکان داگیرکردوە، وە ڕادەیەکی زیاد لەوەش دەستدرێژی کردۆتە سەر شتە تایبەتەکان لە کۆمەڵگای کوردی، ئێستا ــ وەک کاک هەڵکەوت باسی کرد ــ پێویستیمان بەوەیە حزب بچێتەوە شوێنی سروشتی خۆی ، لەو ڕوانگەیەوە**

**پێگەی حزب پێویستە پرۆژە بخەنە ڕوو بۆ ئەوەی یەکگرتوویـەکی پتەوتر دروست بکەن و دیالۆگ بێتە ئاراوەو ئەمەش وا بکات ئەو شـتەی حزب بردویەتی بیداتەوە نەک هەست بە هەڕەشەیەک بکات و وا بزانێ مەترسی لە سەرە بۆ ئەوەی دونیاکەی لێ بسەننەوە.**

** هەمـو ئـەوانە دەکرێن. ئەوانەی پـرۆژەیان هـەیە پرۆژەکـەی خـۆیان پێـشکەش بکەن، گـەر کەسـێک پرۆژەی تاقە کـەسیشـی هـەیە دەتوانـێ وەدوای کـەوێ. دوایین قسـە ئـەوەیە کە دەسـەڵاتی « تاک» بەهـێز بکرێت و حـورمـەت پەیدا بکات، وە لە بەرامـبەر «گـروپ» دا کە پێی دەوترێ « حزب» قوت نەدرێ ونەفەوتێ.

# «ڕیفڕاندۆم»
# لە سایەی ئازادی دا

«کوردستانی نوێ» ژ.٣١٢٠
٢٠٠٣/٧/١٧

زۆر جێگای خۆشحاڵیە بنیادەم مەرگی ڕژێمی سەدام بە چاو ببینێ و زیاتر لەوەش جێی خۆشحاڵیە مرۆڤ لە شاری سلێمانی لە هۆڵێکدا دابنیشێ کە سەبارەت بە «ڕیفراندۆم» و چۆنیەتی سازدانی، نوخبەی سیاسی و ڕوناکبیری تیا کۆبوبێتەوەو هەر کەس بە دەنگی بەرز، ئازادانە، داکۆکی لە بیروڕای خۆی بکات.
مەسەلەکە بەو جۆرەیە: **دەستەیەک لە ڕوناکبیرانی کورد** (کە ناویان ئاشکرا نەکراوە)، بە دەستپێشکەری شاعیری گەورە کاک شێرکۆ بێکەس، بانگەوازی کۆبونەوەیەکیان دا لە «سەنتەری گەنجان» تا پرۆژەیەک بخەنە بەردەست لە بارەی «ڕیفراندۆم» ەوە کە بە ناونیشانی «**هەقمانە گەر نیگەران بین**» ئامادەیان کردوە.
لەوەدا کە ڕەنگە لەمەودوا میدیای کوردستان بە درێژی باس لەو مەفهومە، یاخود لە خودی کۆبونەوەکەش بکات، تەنها ئاماژە بە «ئامانج» لەو کۆبونەوە گرنگە ئەکەم، بە حوکمی ئەوەش بەندە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری گۆڤاری «ڕیفڕاندۆم»م کە سێ ساڵە لە لەندەن دەرئەچێت، بە ئەرکی خۆمی ئەزانم وەک هاووڵاتیەک و وەک کەسێکی سیاسی بیروڕاو سەرنجی تایبەتی خۆم سەبارەت بەم هەنگاوە بخەمە بەردەست، دیارە ئەوەی لێرەدا دەنوسرێت تەعبیر لە ڕای تایبەتی من دەکات و دەربڕی ڕای گۆڤاری «ڕیفڕاندۆم» و لایەنێکی تر نیە.

**یەکەم:**

مەبەست لە سازدانی کۆبونەوەی ٧/١٤ ی دەستەیەک لە ڕوناکبیرانی کورد لە بناغەدا ئەوە بوو یەکسەر دەستەیەکی ٢٠ یان ٣٠ کەسی هەڵبژێرن تا بە کردەوە و بەدەر لە حزبەکانی کوردستان، دەست بکەن بەدانانی لیژنەو گرووپ لە گشت شارو شارۆچکەکانی کوردستان تاوەکو ئیمزا کۆبکەنەوە و بیدەنە دەزگاکانی هاوپەیمانان و لایەنەکانی تر بۆ ئەوەی کورد دەربیخات خوازیاری «ڕاپرسی» یەو ساغی کردۆتەوە (وەک لە پرۆژەکەدا هاتوە) لە نێوان فیدراڵی و کۆنفیدراڵی و سەربەخۆیی دا، سەربەخۆیی هەڵدەبژێرێت.

**دوەم:**

**« دەستەی ڕوناکبیرانی کورد»** سازدانی ڕیفراندۆم ی لە کوردستاندا بە ئەرکێکی دەستبەجێی خۆی داناو سەرجەم ئەوانەی لەهۆڵی کۆبونەوەکەدا دوان (جگە لە یەک کەس)، لایەنگری پرۆژەکە بوون و لە کۆتایدا لیژنەیەکیش بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان پێشنیارکرا.

بە ڕای من چەند مەسەلەیەک زۆر پێویستە بایەخی پێ بدرێ و قسەی لێ بکرێتەوە:

١ـ ئایا ئێمەی کورد ئێستا لە قۆناغی **«داواکردن»** داین یاخود لە قۆناغی **«حوکمکردن»** داین؟ هەروەک کەسێک لە ئامادەبوان ئاماژەی پێدا، ئایا حزبە سیاسیەکانی ئێمە لە بەغدا گەیشتونەتە حاڵەتی بێئومێدی لە گەیشتن بەو خواستەی پەرلەمان لە ساڵی ١٩٩٢ دا بڕیاری دابوو کە فیدراڵی یە؟

ئایا مەسەلەی ڕیفراندۆم لەم ئان و ساتەدا ئەوە دەهێنێ بکرێتە دروشمێکی جەماوەری و خەڵکی کوردستانی بۆ ساز بدرێ، یاخود مەسەلەیەکە پێویستە جارێ ڕۆژنامەو گۆڤارەکان قسەی لێ بکەن و ڕەهەندەکانی ڕوون بکەنەوە؟ بەواتایاکی تر ئایا دروشمی جیابونەوە(کە ڕیفراندۆمی بۆ دەکرێ) پێویستە جارێ نوخبە دیراسەی بکات و قازانج و زیانەکانی هەڵسەنگێنێ، یاخود ئەوەیە یەکسەر بخرێتە ناو خەڵک و وەک پرۆژەیەکی ئامادەنەکراو بخرێتە بەردەم جەماوەرێکی حزبی لە کۆنگرەیەکی ساڵانەدا؟ من لە شوباتی ٢٠٠١ دا لە ژمارە(١٣) ی «هاوڵاتی» دا سەبارەت بە ئیمکانی ڕیفراندۆم لە عیراقدا وتبووم: **« سەرکەوتنی ئەو مەسەلەیەش، واتە ڕیفراندۆم، بە هێڵێکی ڕاست و بێ گرێ وگۆڵ نابینم و دەتوانم بڵێم لە وەرچەرخانە سیاسی و ناوچەیی وجیهانیەکاندا زیاتر فرسەتی جێبەجێبونی فەراهەم دەبێ و پراکتیک دەبێ،... تا ئەو کاتەی حزبە گەورەکانی کوردستان لە دژی بوەستن، بێگومان وەک ئەوە وایە مرۆڤ ئاسنی سارد**

**بکوتێ».**
٢ــ مەسەلەیەکی تر کە بایەخی زۆری هەیە بریتیە لە چۆنیەتی سودوەرگرتن لە «حەق» لەو کاتەدا کە توانای ئەو سودوەرگرتنەمان هەیە. خەڵکێکی زۆر لە ناو ڕوناکبیران و دەرەوەیاندا گلەیی و گازاندە لە حزبەکانی کوردستان دەکەن و بە جۆرەها شت تاوانباریان دەکەن، تەنانەت ــ بۆ نمونە ــ یەکێک لە ئامادەبوانی کۆبونەوەی ٧/١٤ ڕایگەیاند، مادام ئیدی حزبەکانی کوردستان ناتوانن وەک جاران ڕێگەمان پێبگرن ئیدی هەقە هەرچی بە باش دەزانین بیڵێین.... گرفت لەم بۆچونەدا ئەوەیە کە حساب بۆ «تەوقیت» واتە «کاتی سیاسی»، یاخود کاتی کارەکە ناکات. ڕەنگە پێویست نەکات ئەوە ڕون بکەمەوە کە لەم چەند ساڵەی دواییدا من زۆر بۆچونم هەبوە کە هەڤاڵەکانیشم لە ناو یەکێتیدا پێیان باش نەبوە بەڵام من لە وتنیان نەپرینگاومەوە، بەڵام، ڕاستی ئەوەیە کە ناشێ هەرکات ئێمە «حەق»ی وتنی شتێکمان هەبو ئەوە بەو واتایەیە کاتی وتنی هاتوەو دەبێ یەکسەر «کەڵک» لەو هەقە وەربگرین، چونکە مرۆڤی ڕۆشنبیرو پێشڕەوی خەڵک لێپرسراوەتییەکی گەورەی سیاسی و مێژویی لە سەرشانەو دەبێ حساب بۆ گشت هاوکێشە سیاسی و ناوچەیی و جیهانیەکان بکات و ناشێ بەهۆی «هەق»ێکی ئینسانی و سیاسییەوە جەزرەبە بدرێت لە «هەق» ێکی ستراتیژی و سیاسی تر کە ڕەنگە لە داهاتویەکی نائاشکرادا هەقمان بێ لە ئاستێکی تردا قسەی لێ بکەینەوە.
بە کورتی من ڕام وایە مەسەلەی ڕیفراندۆم لەم ئان و ساتەدا پێویستە لە ئاستی گۆڤاردا قسەی لێبکرێ نەک لە ئاستی ڕۆژنامەدا، لە ئاستی نوخبەدا شیکردنەوەی لە سەربکرێت نەک لە سەر ئاستی جادەو جەماوەر، لە ئاستی تەحریزو فکردا لێکبدرێتەوە نەک لە ئاستی دیعایەدا خۆی پێوە هیلاک بکرێت.
هیوادارم مەسەلەی ڕیفراندۆم گفتوگۆی زیاتر بخوڵقێنێت.

# ڕوخانی بەعس و ئاسۆی ئایندە

**( گفتوگۆ )**

١٣و١٤و٢٠٠٣/٨/١٦

«کوردستانی نوێ» ژ ٣١٤٣،٣١٤٤،٣١٤٥

**پرسیار:**

**ئێمە هەمومان لە سەر ئەوە ڕێککەوتوین کە ئەم قۆناغە قۆناغێکی تازەیە و لە زۆر ڕوەوە لە قۆناغەکانی تر جیاوازە، دەتوانن چۆن باس لەو جیاوازیانە بکەن؟ یان بە شێوەیەکی دی، ئەم قۆناغە چ قۆناغێکەو دەکرێت چۆن باسی بکەین؟**

**وەڵام:**

بەڵێ منیش پێموایە ئەم قۆناغە قۆناغێکی زۆر تازەیە، نەک هەر لە مێژووی عیراق و مێژووی کورددا، بەڵکو تەنانەت لە مێژووی مرۆڤیش دا. من ئەم قسەیە بە موبالەغە نازانم و پێموایە ئەو گۆڕانکاریانەی ئێستا لە عیراقدا هاتونەتە پێشەوە خاڵی دەستپێکردنن بۆ گۆڕانکاری تر لە ئاستی ناوچەیی و لە ئاستی جیهانیدا، بەو مەفهومە، وای دەبینم دەکرێت ئەم قۆناغە وا لێکبدەینەوە کە گۆڕانکاری زۆر گرنگ لە ئارادایەو گرنگترین خاڵ سەبارەت بەم ڕەوشەش بۆ ئێمە وەک کورد (یان وەک خەڵکی عیراق) ئەوەیە بزانین لە قۆناغی وەرچەرخانداین، قۆناغێکە شتەکان تێیدا نەچەسپاون، ڕووداوەکان مێژووی خۆیان تەواو نەکردوەو سیاسەتەکان لە قۆناغی

کامڵبوون و خەمڵیندان و هیچ شتێک شوێنی خۆی بە تەواوی نەگرتوە...
لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا، کاتێک فەرەنسای شۆڕشگێڕ لە شەڕدا بوە لەگەڵ لەشکری ئەڵمانیای فیۆدال، لە شوێنێک کە پێی دەوترێ «ڤالمی» و گۆتەی شاعیر لەوێ ئامادەبوە، وتویەتی: « ئا لەم شوێنەو لەم ساتەدا قۆناغێکی نوێ لە مێژووی جیهان دەستپێدەکات.»، ئەم قسەیەی گۆتە لە زۆر کتێبی مێژوییدا دوبارە بۆتەوە، چونکە هەر لەو چرکەساتەدا کە سوپای فەرەنسا دەستی کردوە بە لێدان و تێکشکاندنی فیۆدالیزم لە ئەوروپادا، یاخود، بە مەفهومی مارکس، دەستیکردوە بە « پەڕاندنی سەری دەرەبەگەکان» وکەم کەس توانیویەتی واقیعەکەی ئەو سەردەمە بخوێنێتەوە، کەسێکی وەک گۆتە توانیویەتی هەستی پێبکات و تۆماری کردوەو لەو پێکدادانەی سوپای فەرەنساو پروسیاوە ئەوەی هەڵێنجاوە: **«قۆناغێکی نوێ لە مێژووی مرۆڤایەتی دەستپێدەکات»**!!
من پێموایە لە ئێستای ناوچەکەدا قۆناغێکی تازە هاتۆتە ئاراوەو خاڵی وەرچەرخان و خاڵی گرنگ لە عیراقەوە دەست پێدەکات، بۆیە پێویستە خوێندنەوەیەکی زۆر تازەمان بۆ دیاردەکانی ناوچەکەو کوردستان هەبێت.
گۆڕانکاری زۆر قوڵ و ڕیشەیی دێنە ئاراوەو ئێمەش وەک مرۆڤ و وەک میللەت دەکەوینە ژێر کاریگەری ئەو گۆڕانکاریانەوە. ئەگەر وردتری بکەینەوە بەوەی «چ شتێک لە عیراق و کوردستاندا ڕوو دەدات؟»، بابەتێکی ترە کە دەکرێ قسەی لە سەر بکەین.

**پرسیار:**

**تۆ باست لەوە کرد ئەم قۆناغە دەکرێت ناوی بنێین قۆناغی گواستنەوە، پێناسەکان یان سیماکانی ئەم قۆناغە تا ئێستا چەسپاو نین و دیارنین، بەڵام پێتوانیە ئەم قۆناغە سەرەتای ئاسۆیەکی تازەیەو دنیای ئێمە ( بە تایبەتی لە عیراق) کەوتۆتە بەردەم هەلومەرجی تازەوە؟ بەو مانایەی کە شێوازی بیرکردنەوەو ئالیەتی کارکردن و بینینی دنیامان گۆڕینی بە سەردا هاتوەو فراوانتر دەبێت وئێمە دەکەوینە بەردەم کۆمەڵێ چەمکی تازەو هەتا ڕادەیەکی زۆریش، پرۆژەی ئەمریکا بۆ دەستکاریکردنی دنیا لە ئایندەیەکی دیارو بەرچاو کە دەیەوێت لەو هێزانە بدات کە هێزی تاریکخوازی و فەندەمەنتالیزمن و دەیەوێت لەوێوە دنیایەک دروست بکات کە خاڵی بێت لە تیرۆرو توندوتیژی و دنیایەک بێت لە پاڵ ئەم توندو تیژیە باس لە دیموکراسی و مافی مرۆڤ و بازاڕی ئازاد بکات؟**

**وەڵام:**

پێویستە بێین واقیعەکە وەک خۆی ببینین. بەشێکی واقیعەکە ئەوەیە کە هێزێکی گەورەی جیهانی کە ناوی ئەمریکایە بە پشتیوانی ئەوروپا(ڕەنگە پشتیوانیەکە زۆر گەرم نەبێت، بەڵام لە دوایین شیکردنەوەدا پشتگیری ئەوروپای هەیە)، سەرقاڵی گۆڕینی دنیایە، ئێمەش دەبێت دنیا بگۆڕین، خاڵی دەستپێکردن بە تەواوی مانای وشەکان لە عیراقدا ئەوەیە کە دژ بە تیرۆر بین ، دژ بە ئیسلامگەرایی سیاسی بین. ئەمە هەمووی ڕاستە، گۆڕان دەستی پێکردوە، بەڵام ئەوەی کە ئێمەش بەدیلێکی تازە بهێنینە ئاراوە، بابەتێکە پەیوەندی بە خۆمانەوە هەیە، واتە: گوشارێک هەیە لە دەرەوەی خۆمان کە « بابەتی» یە، ئەوەش کە بمانەوێت وەک کۆمەڵێک مرۆڤ «شتێکی تر» لە سەر زەوی ئەم ناوچەیە بوونی هەبێت، لەوەوە دێت ئێمە واقیعەکە چۆن دەخوێنینەوەو شیکاری بۆ دەکەین و چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین، ئەمەیان دەگەڕێتەوە بۆ خۆمان واتە بۆ هەلومەرجی «خۆیی»؛ ئایا ئێمە وەک میللەت یان وەک گروپێک لە مرۆڤەکان یاخود وەک حزبێک ئەم واقیعە تێدەگەین و مامەڵەیەکی مەنتقی و هاوچەرخی لەگەڵدا دەکەین؟

**پرسیار:**
**مەبەستم ئەوەیە ئایا دنیای ئێستا دنیایەکی ڕوناکتر نیە، کراوەتر نیە ؟**

**وەڵام:**
بەڵێ. لە ڕوناکتربوون و کراوەتربوونی هیچ گومان نیە، بەڵام لە بەرامبەر ئەو ڕوناکیەدا، لە بەرامبەر ئەم پلاجکتۆرەدا دەشێت کاردانەوەی جیاواز هەبن، ئێستا وەک خۆت ئاماژەت پێدا، تەسەوری ئیسلامی سیاسی لە تەسەورو بۆچوونی مرۆڤە عەلمانیەکان و مرۆڤە ڕادیکالەکان جیاوازەو بە ڕای من ئەمە خاڵێکە دەکرێت قسەی زیاتری لە سەر بکرێت.

**پرسیار:**
**ئێمە یەکدەنگین لەسەر ئەوەی ئەم سەردەمە سەردەمێکی تازەیەو قۆناغێکی تازەیە کە کۆمەڵێک تایبەتمەندی تازەش لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، ئایا هێزو کاراکتەرە سەرەکیەکانی ئەم قۆناغە کێ دەبن؟ ئایا کاراکتەرێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی وکلتوری جیاواز دەبێت یان هەمان ئەو هێزانەی ئێستا دەتوانن درێژ ببنەوە بۆ ناو ئەم قۆناغە تازەیە؟**

**وەڵام:**

به ڕای من مەسەلەیەکی زۆر گرنگ هەیە لە ئاستی شیکردنەوەدا پەنجەی بخەینە سەر، ئەویش ئەوەیە: بە دەر لە ئێمە وەک کورد، وە بەدەر لە خەڵکی تریش وەک عەرەب و وەک ئینگلیز... جوڵەیەک هەیە پێی دەوترێت «جوڵەی سەرمایە»، سەرمایە لە سەروی نەتەوەکانەوە دەبزوێت، لە سەروی ناسیۆنالیزمەکانەوە و لە سەروی مەزهەبەکانیشەوە... «سەرمایە» پێویستی بە گەشەسەندن و بڵاوبونەوەیەو بەم لێکدانەوەیە، کرانەوەی دنیاو هاتنی ئەمریکا بۆ ناوچەکە لێرەدا واتای خۆیان دەدۆزنەوەو پەیوەندیەکەیان ڕون دەبێتەوە. ئەوەش بە ڕای من شتێکی زۆر باش و پێشکەوتوانەیە.
لە لایەکی ترەوە، مەسەلەی ئەوەی «ئێمە» چۆن لەگەڵ دیاردەی بزاوتنی سەرمایە مامەڵە دەکەین و چۆنی تێدەگەین وچ کاردانەوەیەکیمان لەگەڵیا دەبێت، دەکەوێتە سەر خۆمان. هەروەها چۆنیەتی ڕاهاتن لەگەڵ ئەو شتانەش کە سەرمایەداری دەیهێنێت، وە ئەوەی تا چ ئەندازەیەک لەگەڵیا ڕابێین و خۆبگونجێنین کارێکە پەیوەندی بە مرۆڤەکانەوە هەیە لە سەر ئەرزی واقیع.

**پرسیار:**

**من مەبەستم ئەوەیە بەو پێکهاتەیەی ئێستاو بەو هێزە سیاسیانەو بەم ڕەوشە جیاوازە کۆمەڵایەتیانەی کە ئێستا هەن، هەروەها بە گوتارە سیاسی و ڕۆشنبیریەی کە ئێستا هەیە دەتوانین ڕوبەڕووی ئەو قۆناغە ببینەوە؟ دەتوانین لەم قۆناغەدا هێزێکی داهێنەر، هێزێک بین کارلێک بکەین لەگەڵ دەرەوە...؟**

**وەڵام:**

ئەو پرسیارە پرسیاری ئایندەیە. ئێستا بە کردەوە لە سەرەتای قۆناغەکەداین. ئەوە سالآنی داهاتوون کە دەبێ بڕیار لە مەسەلەکە بدەن. بە بۆچونی من مەودایەک هەیە لە نێوان هێزو گروپە سیاسیەکانی ئێمەو ئەو دنیایەی کە خەریکە دروست دەبێت. بۆ پڕکردنەوەی ئەو خەندەقەی لە نێوان حزب و نوخبەو هێزە سیاسیەکانی ئێمەو دنیای تازەدا هەیە پێویستیمان بە تەرکیزە... هاوکاری و خەبات قسەکردن لە مەسەلەکان پێویستە، دەبێت هەوڵێکی زۆر بدرێت.

**پرسیار:**

**بەڵام ئەگەر ورتر لە سەر ڕابوردو قسە بکەین، ئەگەر ڕابوردو ئالیەو هۆکارێک بێت بۆ خوێندنەوەی ئێستاو ئایندەش، ئایا دەکرێت ئێمە لەو خوێندنەوەیە ئەو بڕیارە بدەین کە هێزە**

**سیاسیەکان یان کۆمەڵگای ئێمە بە گشتی دەتوانن لە ئایندەی سیاسی ناوچەکە هێزێکی داهێنەر بن، هێزێک بن کە بتوانن کارلێک بکەن؟**

**وەڵام:**

دو جۆر ڕوبەڕوبونەوە هەبوە لەگەڵ سەرمایەداری هاوچەرخ، جۆرێکیان لە چەشنی بەورەکانی ئاسیایە وەک وڵاتەکانی سەنگاپورەو کۆریای باشورو تایوان و تەنانەت یابانیش... وە ئەمانە خۆیان بڕیاریاندا چۆن خۆ بگونجێنن لەگەڵ سیستمی تازەی دنیادا. جۆرەکەی تریان بریتی بوە لە چەشنێک لە دیموکراسی سەقەتی نیوەناچڵ بە شێوازی پاکستان و میسرو زۆربەی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و سەروی ئەفریقا. هەردوک ئیختیارەکە کراوەن. دەشێ نوخبەی سیاسی کورد نەتوانێ تەجاوزی مێژووی خۆی بکات بەرەو دنیایەکی کراوەترو لە ئاستی مۆدێلی پاکستانیدا بوەستێت و دەشێ بڕواتە پێشترەوە تا ئاستی مۆدێلەکانی« بەورەکانی ئاسیا » و ئەو وڵاتانەی کە ئێستا بوون بە وڵاتی سەرمایەداری پێشکەوتو کە گەلەکانیان لە خۆشگوزەرانیدا ئەژین.
بەش بە حاڵی خۆم ناتوانم پێشبینیەکی وا بکەم، چونکە ئەمە پەیوەندی هەیە بە ئەندازەی خەباتی مرۆڤەکان لە ناو خودی حزبەکانداو پشتیوانیکردنی خەڵکی تریش لەدەرەوەی حزبەکان بۆ خەباتێکی دیموکراتیکی سیاسی توندو تۆکمە.

**پرسیار:**

**من مەبەستم لە ڕێکخستنەوەی دنیایە بە شێوەیەکی سیاسی، چونکە دنیای ئێمە لەڕووی سیاسیەوە پڕ لە قەیرانە، واتە لەگەڵ واقیعێک مەمەڵەمان دەکرد کە هێزی جیاواز دەرفەتی نەبو، تەنیا یەک هێز هەبو کە ئەویش هێزێکی تۆتالیتارو دیکتاتۆری وەک بەعس بوو. ئێمە چۆن خۆمان لەو تەڵەزگەیە یاخود لەو زۆنگاوە بۆگەنە دەرباز کەین؟ ڕەنگە مەبەستی من زیاتر ئەوە بێت:ئێمە چۆن خۆمان لەگەڵ سیسەتی ئەم دنیا تازەیەدا ڕێکبخەینەوە؟**

**وەڵام:**

من پێموایە پەیوەندیەکی زۆر هەیە لە نێوان لایەنی ئابوری و لایەنی سیاسیدا، بە ڕای من پێویستیمان بە کرانەوەیەکی زۆر زیاتر هەیە لەوەی کە ئێستا هەیە، پێویستە لە خاڵی یەکەمدا هەوڵبدرێت کۆمەڵگا لە چوارچێوەی یاسادا بخەملێت، واتە یاسا سەروەر بکرێت و هیچ شتێک لە سەروی یاساوە نەبێت، وە هیچ کەس و گروپێکیش لە سەروی یاساوە نەبێت... یاسا پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان وگروپەکان ڕێکبخات. کاتێک یاسا هەبێ عەدالەتیش هەیە. بە بڕوای من ئێمە سێ شتمان پێویستە: یەکەم: یاسا؛ دوەم: یاسا ؛ سێهەمیش هەر یاسا!

من ئاوا شتەکان دەبینم. یاسا بە مەفهومە ئەوروپییەکەی، واتە دەزگایەکی دادپەروەری سەربەخۆ کە لە ژێر کۆنترۆڵی هیچ کەسێکدا نەبێت، وە بتوانێت کۆمەڵ، لەکاتی بەگژا چونەوەی یەکتریدا، ڕێکبخاتەوەو حوکم بدات بە سەریاندا و بەرژەوەندە سیاسیەکان نەتوانن کاری لێ بکەن. خاڵی دوەم بریتیە لە کرانەوەی سیاسی و جێگیرکردنی ئازادی سیاسی. بە بڕوای من بێ هەبونی کرانەوەیەکی سیاسی و ئازادییەکی سیاسی تەواو لە کۆمەڵگادا تا ئەو ئاستەی هەر هاونیشتیمانیەک بتوانێت دژی هەر کەسێک لە دەسەڵاتدا بە ڕەسمی لە ڕۆژنامەکاندا قسە بکات و مافی پارێزراو بێت، کەس نەتوانێ ڕێگری بکات و یاسا لە هەر جۆرە تۆڵەیەک بیپارێزێت، تا ئەو کاتە ناتوانین باسی ئازادی ڕاستەقینەو دیموکراسی ڕاستەقینە بکەین لە کوردستان وعیراق دا. ئەوەی کە حزبەکانی ئێمە بەو ئاستە بگەن، پەیوەندی بە لەمەودواوە هەیە. تەئکیدی لە سەر دەکەمەوە: تا ئەو شوێنەی هاوولاتی «تاک» نەتوانێت بەرامبەر بە هەرکەسێک لە دەسەلات قسە بکات ئەزادییەکی نیوەناچڵە. ئەگەر قسە لەسەر یاسای موجەڕەد بێت، لە زەمانی جەنگیزخانیشدا ــ کە ئەوپەڕی دڕندەیی هەبو ــ یاسا دژ بە خەڵکانی دزو جەردە هەبوە، واتە ئەگەر لە زەمانی جەنگیزیشدا کەسێک چوبێت دزی کردبێت، یاسایەک هەبوە لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکات... قسە لەسەر ئەوەیە کە یاسا تەنیا بۆ کەسانی بێدەسەلات و لاوازی ناو کۆمەڵگا نەبێت بەڵکو بۆ خەڵکە فیلەتەنەکانیش هەبێت و شمولی ئەوانیش بکات. خەڵک لە «خوارەوە» بتوانن مودەعی بن لە سەر کەسەکانی «سەرەوە»! یاسا بیانپارێزێت و پاڵپشت بێت بۆ ئەوان لە کاتی ڕوبەڕوبونەوەدا. بە ڕای من تەنها لە دۆخێکی ئاوادایە دەتوانین باس لە کۆمەڵگایەکی کراوە بکەین. ئەو کاتەی یاسا بتوانێت لە قوچەکی سەری سەرەوە لێپچینەوە بکات تا خواری خوارەوە. ئێستا یاسا هەیە، بەلام سەری سەرەوەی شمول نەکردوە، بە ڕای من دەبێت وای لێبێت.

**پرسیار:**

**لەم قۆناغە تازەیە مەفهومی حزب و حزبایەتیکردن چی بەسەر دێت؟**

**وەڵام:**

بە ڕای من کاری حزبایەتی، وەک گروپێک لە مرۆڤەکان کە دوای بەرژەوەندییەکی هاوبەش کەوتون و بە جۆرێک لە جۆرەکان ئامانجێکی دیاریکراویشیان بۆ خۆیان هەیە، گۆڕانکاریەکی زۆر بناغەیی بە سەردا نایەت. جا ئەم ئامانجە لە قۆناغێکدا

ڕزگاری نیشتیمانی بوە، لە قۆناغێکدا ئۆتۆنۆمی بوە، لە قۆناغێکدا فیدراڵیە، لە قۆناغێکدا دروستکردنی حکومەتێکی دیموکراسیە لە عیراقدا و ڕەنگە لە قۆناغێکدا بەدەستهێنانی ڕیفراندۆم بێت؛ ئەوە لە ئاستی بوونی حزبدا. بەڵام ئەوەی کە تەشکیلەی حزب چۆن دەمێنێتەوە، وە پرەنسیپەکانی ناو حزب چیان بە سەر دێت، پێموایە زۆر گۆڕانکاری بە سەردا دێت کە دەبێت بگونجێن لەگەڵ هەلومەرجی تازەی دنیاو هەلومەرجی ناوچەکەو ئەوەش دیسان بەو مەرجەی ناوچەکە کەوتبێتە ژێر بارانی توندەوەو گۆڕانکاریەکانی ڕادیکال و بناغەیی بن. ئەگەر گۆڕانکاریەکانی ناوچەکەی ئێمە قوڵ و ڕادیکال بن و ئەمریکا بیەوێت سیستمێکی ئەمریکی ـ ئەورووپی پیادە بکات (کە دەتوانێت بیکات)، وە بیەوێت ژیانی مرۆڤەکان لە ناوچەکەدا خۆشتر بێت، دەبێت ڕۆڵی حزب و پەیوەندی نێوان حزب و کۆمەڵ پێناسێکی تازەی بۆ بکرێتەوە، واتە وەک ئێستە نەمێنێت کە حزب دەست ئەخاتە ناو زۆر شتەوە.

**پرسیار:**

**ئایا سپاردنەوەی هەمو ئەو پرۆژەو خەونە بە ئەمریکا کە هاتوەو دەستکاریەکی واقیعی سیاسی عیراقی کردوە، وە سیستمێکی تۆتالیتارو خوێناوی لابردوە، هەڵە نیە؟ ئایا هێزە سیاسیەکانی عیراق تا چەند دەتوانن ئەو هەلومەرجە ڕەخساوە تەوزیف بکەنەوە بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی کراوە، سیستمێکی سیاسی نەرم بەرقەرار بکەن؟**

**وەڵام:**

پێموایە نەبینینی واقیعەکە وەک خۆی زەرەرمان لێدەدات: بیناکردنی هەمو خەون و خەیاڵەکان لەسەر ئەمریکا هەڵەیەو، بینانەکردنی هەندێک شتیش لەسەر ئەو هەر خراپە، دەبێت هەردولای کێشەکە ببینین؛ هەم پێمان وابێت ئەمریکا دەتوانێت بێت و گۆڕانکاری بکات لە ناوچەکەدا ( هەندێک شتیشی کردووە!)، بەڵام دەبێ پێشبینی ئەوەش نەکەین هەمو گۆڕانکاریەکان لە ناوچەکەدا ئەمریکا بیکات. جەواهیر لال نەهرۆ قسەیەکی جوانی هەیە لەم بارەوەو دەڵێت: «میللەتان خۆیان سەرانی خۆیان دیاری دەکەن، جاری وا هەیە سەرۆکەکە زۆردارو دیکتاتۆرە، دیارە ئەو میللەتە شایستەی ئەو حاکمە زۆردارەیە»...

من کە دەڵێم « ئەمریکا تا چ ئەندازەیەک دەیەوێت گۆڕانکاری بکات؟» مەبەستم لەو حاڵەتەی سەرەوەیە. هەندێک قۆناغ هەیە میللەتان بە سەهو دەچن. نمونەی مێژوویمان هەیە: میللەتێکی پێشکەوتووی وەک ئەڵمان هاتن لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٢٩دا هیتلەریان هەڵبژارد!، یان ئیتالیەکان هاتن لە قەیرانێکی گەورەدا مۆسولینی یان کرد

به سەرکردەی خۆیان!. کەواتە میللەتانیش قابیلی بە سەهو چونن. قسەکە ئەوەیە کە دەشێت لە عیراقدا میللەت لە ناو خودی خۆیدا و لە هەناوی خۆیدا بە سەهو بچێت و بکەوێتە قەیرانەوەو نەتوانێت ڕێگایەکی ڕاست بدۆزێتەوە، ئەوە ئەمریکایە دەبێت ڕادیکالانە بۆ شتەکان بچێت و ڕێگایەکی باشتر پیشان بدات. هیچ شتێک نامومکین نیە لە مێژووی مرۆڤ دا. من لەگەڵ تۆم کە دەڵێیت پرۆسەکانی ناو خودی میللەتیش تەماشا بکەین داخوا چ کارو کاردانەوەیەک لە ناو کۆمەڵگادا هەیەو هەوڵدرێت کۆمەڵگاش ئاراستە بکرێت بەو ئاقارەدا کە دەگونجێت لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی ئەمریکا هێناونیەتە پێشەوە، بەڵام من بڕوام وایە ئەوە دەکەوێتە سەر نوخبەی سیاسی وهێزە سیاسیەکان کە خۆیان ئامادە بکەن بەو ئاقارەدا چونکە ئێستا پشتیوانییەکی جیهانیشیان لەگەڵە، واتە دەبێت هەردولا دەست بدەنە دەستی یەک بۆ ئەوەی گۆڕانکاریەکی ڕیشەیی قوڵ بێتەئاراوەو بەرەو پێشەوە هەنگاو بنرێت بۆژیانێکی خۆشتر.

**پرسیار:**

**پەیوەندی حزب و کۆمەڵگا پەیوەندیەکی تا ڕادەیەکی زۆر بەیەکداچوە، ئایا تا چەند تۆ ئەو پەیوەندییە بە تەندروست ئەبینیت؟**

**وەڵام :**

من لە بابەتی پەیوەندی نێوان حزب وکۆمەڵگا، یاخود حزب و چین و توێژەکان، لە ئاستی شیکردنەوەدا ( بەو شیکردنەوەیەی جەنابت باست کرد) زاراوەی « تەندروست» زۆر بە ڕوون نابینم. بە ڕای من حزب واقیعێکە ئێمە مافی هەڵبژاردنمان نیە لە قبوڵکردن یان قبوڵنەکردنیدا: خەڵک و گروپە مرۆییەکان، بۆ ئامانجەکانی خۆیان حزب دروست دەکەن و ئەم حاڵەتە ئیتر حاڵەتێکی « تەندروست»ە و لە بنچینەوە پێویستە. ئێمە لە بەردەم دو هەڵبژاردندا نین: ئایا ئێمە حزبمان هەبێت یان نەمانبێت؟ من حاڵەتەکە ئاوا نابینم. حزب پێویستیەکی سیاسی و مێژویی و ژیانیە بۆ مرۆڤ، هەروەک چۆن کۆمەڵێک دەچن بۆ سەر شاخێک و کەسێکیان پێویستە شارەزای ڕێگاکە بێت، ژیانی سیاسیش لە ناو کۆمەڵدا بۆ گەیشتن بە ئامانجێک هەروایە: کۆمەڵێک خەڵک کۆ دەبنەوەو پەیوەندێک لە ناو خۆیان دروست دەکەن و کەسێک دادەنێن بە ڕابەری خۆیان، کۆمیتەیەک دروست دەکەن بۆ بەڕێوەبردن، ئەمە لە سەرجەم بزوتنەوەکانی کۆمەڵگادا حاڵەتێکی ئاسایی و «تەندروست»ە. ئەوەی کە « ناتەندروست»ە ئەوەیە کە کارو کاردانەوەکانی ناو حزب یان پێویستیەکانی حزب بە

سـەر کـۆمـەڵگادا بگشـتـێنرێت، چونکە حـزب لە دوایین شـیکردنەوەدا تـەعـبـیـر لە بەرژەوەندیەکانی چەند چینێک دەکات کە ڕەنگە لەگەڵ چین و توێژەکانی تری کۆمەڵدا بەرژەوەندی یەکسان نەبێت، لەبەر ئەوە دەبێت حزب خۆی وەک حزب ببینێت، مەوقعی خۆی لێ تێکنەچێت. وەک دەزانین لە سۆڤیـەتی جاراندا کـۆمـەڵگا هـەڵدەستا حـزبی دیاری دەکرد، حـزب دەچێت کۆمیـتـەی ناوەندی هەڵدەبژێرێت و کۆمیـتـەی ناوەندیش مـەکتـەبی سیاسی هەڵدەبژێرێت، مـەکتـەبی سیـاسیش ڕابەر هـەڵدەبژێرێت! ئیـتر بەم قوچەکە دێتە خوارەوەو لە ناو کۆمەڵگادا بزوتنەوەو ژیان نامێنێت.

**پرسیار:**

**بە ڕای تۆ تا چەند لێرە ئەو وەهمە هەبوە؟**

**وەڵام:**

بە ڕای من جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان وەزعی کوردسـتـان و سۆڤیـەتی جاران. ئەگەر بێت و لە دوای لینین دەوە باسی سۆڤیەت بکەین، دەکرێت بە جۆرێک لە جۆرەکان بە نازیزم یان فاشیزم ی دابنێین. وەک دەزانین لە سەردەمی ستالین دا هەزران هەزار مرۆڤی کۆمۆنیست و تێکۆشەری سەردەمی لینین فەوتێنران وە کتێبەکەی سولجنستین «کۆمەڵە دورگەی کولاگ» باشترین تەعبیرە لە وەزعی ئەو سەردەمە کە مرۆڤ تەنانەت بە خـوێندنەوەشی ئەتۆقـێت، کـە چۆن هەزاران مـرۆڤ بە بێـتـاوان و بە بێ هیچ لێکۆڵینەوەو دادگایی کردنێک فەوتێنراون.. کۆمەڵگای کوردیش لەو ئەزمونانەی بینیوە بۆیە لە دۆخی ئێستادا پێویستی بە کرانەوەی زۆرترە. بەڵام کۆمەڵگای کوردستان لە هەموو بارێکەوە زۆر جیـاوازە لە کـۆمـەڵگای ئەو دەمـەی سـۆڤـیـەت و شـایسـتـەی بەراوردکردن نین بە یەکتر...

لە کوردستانی ئێستادا کۆمەڵگایەکی کراوەترو سەدەی بیستویەکەمی بوونی هەیە، دەکرێت لێرە گوێ لە خەڵک بگیرێت و گوێیشی لێگیراوە، بەڵام دەکرێت ئەم حاڵەتەی ئێستا لە کوردستاندا هەیە بە ئاقارێکی باشتردا بچێت و ئیمکانیشی هەیە بە ئاقارێکی باشتردا بچێت.

**پرسیار :**

**ئێمە زۆر جار لێرەو لەوێ گوێمان لە بەراوردکردنێک دەبێت کە زۆر سەختگیرانە دەیەوێت بەراورد لە نێوان بەعس و هێزە کوردیەکاندا بکات، بە ڕای تۆ تا چەند ئەم بەراوردکردنە لە**

**جێی خۆیدایەو تا چەند بەراوردێکی دادوەرانەیە؟**

**وەڵام:**

هەر جۆرە بەراوردکردنێک لە نێوان حزبی بەعس و حزبەکانی کوردستاندا، نارەواو نادادپەروەرانەیە. من، لەو وتارانەی خوێندومنەوە شتێکی لەو جۆرەم نەبینیوە، بەڵام جۆرێک بەراورد هەیە لە نێوان هەندێک «وێکچون» لە نێوان هەر جۆرە ئوسلوبێکی ستەمگەرانە لەگەڵ حزبەکانی کوردستان کە بە ڕای من ئەمە تا ڕادەیەک حەقانییەتی تێدایە...

بەعس تا ئەوپەڕی ستەمکارو تۆتالیتار بوە، قسەکردن سەبارەت بە تۆتالیتاریزم و ستەمکاری زۆر سادەیەو حەقێکی رەوای هەمو خەڵکە، خەڵک دەتوانێت هەر حزبێکی زۆردار کە لە بەرامبەر ئەواندا ناحەقی بکات بەو **شێوازە** تاوانبار بکەن، بەڵام سەبارەت بەوەی کە گوایە حزب لە کوردستاندا جۆرێکە لە درێژکراوەی بەعس، ئەمە جۆرە داهێنانێکی سەیرەو بە ڕای من پێویستی بە دیراسەیەکی دورودرێژتر هەیە.

ئەوەی ئێستە دەبینرێت ئەوەیە کە ژمارەیەک لە ڕۆشنبیرانی ئێمە ڕەخنەیان لە حزبێکی دیاریکراوەو ناوی حزبەکە ناهێنن و بە ناچار «حزب» بە گشتی دەکوتن! بێگومان ئەو دۆخەی ناو حزبیش لە کوردستاندا کە وادەکات مرۆڤە شایستەو بەتواناکان لە ناویدا جێگایان نەبێتەوەو ناچاربن وڵات جێ بهێڵن هەقە ڕەخنەی لێبگیرێت، هەقە بوترێ کە حزب خەریکە مرۆڤە بێتواناو خراپەکان لە ناو خۆیدا جێگا دەکاتەوە. کاتێک حزب بۆ بەرژەوەندیەکانی ناو خۆی ئیمکاناتی کوردستان ڕەوانەی وڵاتانی تر دەکات هەقە خەڵک ڕەخنەی لێبگرێت، باسی بکات و بە ئەزمونی تری بشوبهێنێت؛ کاتێک ڕۆژنامەیەک یاخود نوسەرێک لە لایەن حزبێکی کوردیەوە سەرکوتدەکرێت، هەقە خەڵک ڕەخنەی لێبگرێت و باسی بکات: « غەدر» کابرایەکی عەرەب بیکات لە بەغدا یان کابرایەکی کورد جیاوازی نیە.

ئەگەر لە کوردستاندا غەدر لە مرۆڤەکان بکرێت وداهاتی وڵات بە نایەکسانی دابەش بکرێت، وە بەشێک لە حزب ببنە خاوەنی ملیۆنەها دینارو دۆلارو خەڵکانێکی تر ـ هیچ! ـ ژیانیان لەوپەڕی تاڵیدا بێت، ئیتر کاردانەوە دەستپێدەکات... ئەوە جۆرێکە لە جۆرەکانی ستەمکاری، گرنگ ئەوەیە جەوهەری شتەکە غەدرە.

**پرسیار:**

**بەڵام جیاوازیەکی گەورە هەیە؛ مەسەلەی خوێناویکردنی دنیا چەمکێکی ستراتیژیە لەناو بیرکردنەوەی بەعس و کاریشی لەسەر دەکرا، بە پێچەوانەوە ڕەنگە حزبە کوردیەکان لە**

**بنەڕەتدا بۆ ئەوە دانەمـەزرابن، هەرچەندە ئینكاری لەوە ناكـرێت كـە ڕەنگە ئەوانیش، بە جۆرێک لە جۆرەكان، ئازادی خەڵكیـان دەست بەسەردا گرتبێت و لە زۆر شتدا كەموكورتی هەبێت، بەڵام «لێكچوون» لە بیركردنەوەو لە كاركردن، لە مـامەڵەكردن لەگەڵ كۆمەڵگادا، كێشەكە لێرەدایە؟!**

**وەڵام:**

من ئەو بەراوردە بە عادیلانە نازانم لە نێوان حزبی بەعس و حزبەكانی كوردستاندا. بەڵام نابێت ئێمـە بە بەهانەی « بەراوردكردن» لە نێوان حـزبی بەعس وحـزبەكـانی خـۆمـاندا ڕێگا لـە ڕەخنەگـرتن بگرین، ئەمـە شـتـێكی نـالۆژیكیـە. ئاشكرایە بەعس دواچڵـەپۆپەی نامـرۆڤـایەتی غـەدر لە مـرۆڤـایەتیـە، وە هیچ هێـزێكی تر نـاتوانێت وەک بەعس ئازادی سـەركوت بكات. ئێمـە دەزانین بێـحورمـەتكردنی مـرۆڤ لای بەعس لە كردەوەدا بـە «كوشتن» جـێبـەجێ دەكرا، واتە بەعس بە قسـە مرۆڤ پیـرۆز دەكات و چەمكەكانی «الانسـانیـە»، «كرامـە الانسـان»، «تاریخ الانسـانیـە».. وشـەگەلێكن كە لە قسەكانی سـەددام و بەعسدا بە لێشاو دەڕژان، بـەڵام لە پراتیكدا مـرۆڤكوژی پیشـەی بەعس بوە. واتە بەعس لە ئاستی تیۆریدا مرۆڤ دەپەرستێت بەڵام لە ئاسـتی پراتیكدا مـرۆڤ دەكوژێت! ئەگـەر تەماشـای كـتێبی «كۆماری تۆقـاندن» مكـەی كـەنعـان مـەكییـە (سمیرالخلیل) بكەین، لیستی ناوی كۆمیتەی ڕێبەری حزبی بەعس دەبینین. بەڕاستی سەرسوڕهێنەرە كەمرۆڤ دەبینێت كەسێكی وەک سەدام توانیویەتی ئەو هەمو مرۆڤەو تـەنانـەت هاوڕێكانی خـۆیشی بە دەیان و بـە سـەدان بكوژێت، بۆیە بـەڕای من ئـەو پێككگرتنە پێویستە بوەستێنرێت، چونكە پێویستی بە باسكردن نیە..

**پرسیار:**

**ئەگـەر بێین قسـە لە سەر وەزعی تازەی حزب بكەین، ئایا حزب بە چ شێوازێک دەتوانێت تەعبیر لە شەرعیەتی خۆی بكات؟ چونكە ئێستـا لە ناو كۆمەڵگادا زۆر جار قسە لەوە دەكرێت كە حزبەكان بە تەنیاو بە دەر لە كۆمەڵگا بڕیار لە سەر زۆر شتی چارەنوسساز ئەدەن بێئەوەی بگەڕێنەوە بۆ خەڵک، بێ ئەوەی حساب بۆ ڕای خەڵک بكەن!**

**وەڵام:**

من بیـروباوەڕی خـۆم لەو بارەوە زۆر كـورت كـردۆتەوە: بە ڕای من دەبێت لە كوردستـانـدا حزب لـەوە دەرچێت كـە چارەنوسی خـەڵكی بە دەستـەوە بێت. بە هیچ شـێـوەیەک بڕوام بەوە نیـە حـزب هەقی ئەوەی هـەبێت دەست لە ژیانی ئابوری

وکـاروکـاردانەوە ئـابوریەکـانی کـۆمـەڵگا وەربدات، دەبێ ئەمـانە بەجێ بهـێـڵـرێت بۆ حکومـەت، چونکە دەوڵەت بە بێ جـیـاوازی سـەیری ئەندامـەکـانی کـۆمـەڵ ئەکـات و سروشـتی ئیشـەکەی وایە: حکومەت تاکەکانی کۆمەڵ بە یەکسـان دەبینێت و پەیوەندی بەوەوە نیە فـلان سەر بە چ حزبێکە. بۆیە دەبێ حزب لە کوردسـتاندا پاشـەکشێ بکات. ڕەنگە حـزب ڕیزی دواوە بە شـوێنی سـروشـتـی خـۆی نەزانێت، بەڵام بە ڕای من ڕیزی دواوە شـوێنی سـروشـتی خـۆیەتی. ئەگـەر حـزب بیـەوێت درێژە بە ژیانی خـۆی بدات، ئەگـەر بیـەوێت کـۆمـەڵ بـەرەو ئازادی و دیموکـراسـی بڕوات، دەبێ لـە ڕیزی دواوەی دەسـەڵاتدا خەریکی چالاکی سیـاسی و فیکری بێت و قـەناعـەت بکات حکومەت و یاسـا سـەروەر بێت.

**پرسیار:**

**پێویستە چی بکرێت بۆ ئەوەی حزب ناچار بکرێت بچێتەوە شوێنی خۆی؟ بە ڕای تۆ ئەو بێدەنگییەی لە ناو کۆمەڵدا هەیە وا ناکات حزب لە سنووری خۆی زیاتر بچێتە پێشەوە؟ ئایا ئەمـە پەیوەندی بەوەوە نیـە کـە کـۆمـەڵگای ئێـمـە داخـراوەو حـزب و هێـزو گـروپە کۆمەڵایەتیەکان ناچار بە دیموکراتیزەکردن و دەستبەردان لە دەسەڵات ناکات؟ بیرمان نەچێت کە هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ١٩٩٢ وە تا ئێستا دوبارە نەبۆتەوە...**

**وەڵام:**

کـاتێک حـزب هەقیـەتی لە چونە ناو حکومەت یاخـود لە «دورکەوتنەوە لە پێگەی خـۆی» بتـرسـێت کـە لە حـاڵەتی توانـەوەیدا لە ناو حکومـەت پێگەی خـۆی لە دەست بدات. حزبـەکانی ئێمە لە باری مێژووییـەوە حزبی تازەن، بۆ نمونە ئەگەر یەکێتی نیشتمانی کوردسـتـان لە ناو حکومـەتیشـدا بتوێتـەوە بەهێـزتر دەبێت، هـەر لەو ئاقـارەدا ئەگـەر ی.ن.ک خـوێنەکەی خـۆی، کـادیرەکەی خـۆی و وزەی حـزب بخـاتە نـاو حکومـەتەوە هـەر براوەیە، بە دڵنیاییـەوە ئەوە ڕاست نیە گەر بوترێت «کادری حـزب چو بۆ ناو حکومەت و پێگەی لە دەست دا»: بە پێچەوانەوە، بە ڕای من پێگەیەکی بەهـێزتر بە دەستدەهێنێت، ڕەنگە هەندێک لە فیلەکانی حزب پێگەی خۆیان لە دەست بدەن، بەڵام حزب بە گشتی بە چونـە ناو حکومـەت بەهێـزتر دەبێ و سـومـعـەی باشـتـر پەیدا دەکـات؛ یەکـێـتی نیـشـتـیـمـانی کـوردسـتـان کـادری زۆر بە توانای هەیە لـە ناو حکومـەتی هەرێمی کوردستاندا، ئەتوانم بڵێم ئەو کادیرانە سومعـەیان بۆ حزب دروستکردوە، لەو ڕووەوە ئەگەر یەکێتی وزەیەکی زۆرتر ببەخشێ بە حکومەت و لەو ڕێگایەوە ڕێزی « تاک» زیاتر بچەسـپێنێ ( واتە«گروپ» بـە بناغـە نەزانێ)، پێگەی خـۆی لە دەست نادات و دەتوانێ

ببێتە سەرچاوەیەکی سۆزداری و فکری و مەنهەجی بۆ حکومەت. خاڵێکی تر ڕۆڵی کادری حزبیە لە مەسەلەکاندا، پرسیار ئەوەیە: ڕۆڵی ئێمە چەندە لەوەدا کە حزب لە جیاتی پاشەکشە بۆ جێگایەکی تر، پێشڕەوەی بکات بەرەو«بەحکومەتبوون»؟ بە ڕای من دەبێ ئێمە ئەوە ببینین کە ئەوە کادرە پێشکەوتوەکانی حزب یاخود کادرەکانی سەرەوەی حزبن کە دەبێ دەنگ لە مەسەلەکەوە بهێنن و حزب بەرەو کرانەوە ببەن، یان بە واتایەکی تر، دەرگاکانی حزب بکەنەوە تا کادرەکانی خوارتر بڕۆنە ناو قاعەی دەوڵەت کە چوارچێوەیەکی فراوانترە لە حزب، وە لەوێدا پێگەی بنەماڵەو خێڵ و هۆز وجودی نیە....

بۆیە بە ڕای من پێویستە لێپرسراوە گەورەکانی حزب بە قایم لە دەرگاکە بدەن و بیکەنەوە تا کەسانی تریش بتوانن زۆرترو ئازایانەتر قسە بکەن، واتە ئەوان سەرمەشق بن بۆ خەڵکی تر. ئێستا لە ناو کۆمەڵی کوردستاندا خەڵک هەیە قسە ئەکات بەرامبەر بە حزب، بە ڕای من پێویستە تا ئەو شوێنەی بابەتەکان ئەهێنن و لە ئاستی مەعقولدان پشتیوانیان لێبکرێ و ڕێگایان بۆ ئاوەڵا بکرێت.

**توانا:**

**من مەبەستم ئەوەیە: تا چەند کۆمەڵگا دەتوانێت گرەنتیەک بۆ حزب دروستبکات و دڵنیایی بداتێ کە ئەودەمەی ـ چرکەیەک لە چرکەساتەکان! ـ حزب دەسەڵات دەدۆڕێنێت بتوانێ ڕۆژێک لە ڕۆژان وەریبگرێتەوە؟ هەستدەکەیت لە ناو کۆمەڵی ئێمەدا ئەو متمانەو ڕوحییەت و زیندوێتیە نیە بۆ ئەوەی ئەو گەرەنتیە بدات بە حزب تاکو هێزی خۆی بدات بە هێزێکی تر کەدڵنیا بێت لە ئایندەدا دەتوانێ لە ڕێگای ئیشکردن وەریبگرێتەوە؟**

**وەڵام:**

خۆشبەختانە ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین جیهان بۆتە گوندێکی گەورە، وە دەزانین «گلوبالیزم» وشەیەکی زۆر ماناداره، ئێستا وای لێهاتوە لە فەلەستین بە فشاری ئەمریکاو خۆرئاوا ئەبومازن بۆتە سەرک وەزیران و وەزیرەکانی بە ئارەزوی خۆی هەڵدەبژێرێت، کارێک کە جاران نەیدەتوانی وا بکات؛ بۆیە کاتێک جەنابت دەڵێیت« ئایا حزب دەتوانێت متمانە بە کۆمەڵگا بکات..؟» من مەسەلەکە بەو حاڵەتە لێکترازاویە نابینم، وە لە نێوان حزب و کۆمەڵیشدا دیواری چین نابینم. من پێموایە حزب بەشێکە لە کۆمەڵگا، وە دەرهاویشتەی کۆمەڵگاو نوێنەرایەتی بەشێک لە کۆمەڵگا دەکات. سەبارەت بە هەمان پرسیاردەڵێم: ئەگەر خەڵک لە هەڵبژاردنێکدا دەنگی دا بە حزبێک ئەوا دەیکاتە بەڕێوەبەری کۆمەڵگا، بە هەمان شێوە ڕەنگە لە هەڵبژاردنێکی تردا ئەو شانسەی نەبێت ببێتەوە بەڕێوەبەری کۆمەڵگا... سەرەڕای ئەوەش ئێستە ئەمریکا لە ناوچەکەدایەو هیچ

نیشانەی ئەوەش نیە وابە زویی چۆڵی بکات، ڕەنگە لە باری سەربازیەوە چۆڵی بکات بەڵام لەباری سیاسی و ئایدیۆلۆژیەوە ناوچەکە چۆڵ ناکات... خۆمان پێویستیمان پێیەتی، لەو ڕوانگەیەوە ئێمە زەمانەتێکی جیهانیمان هەیە، واتە لە ئاستی جیهانیدا پشتیوانیەک بۆ دیموکراسی هەیە، بۆ نمونە ئەگەر سبەینێ پارتی غەدر لە یەکێتی بکات دەنگێک هەیە ڕابوەستێ بەرامبەری، چونکە ئەمریکا خۆی بەشێکە لە کێشەکە... بە ڕای من گلوبالیزم ئەو چانسەی هێناوەتە پێشەوە کە حزبەکان متمانە بکەن وە دڵنیا بن کە لە هەڵبژاردنی داهاتودا ناخورێن. بەشێکی تری مەسەلەکە ئەمەیە: ئایا حزب خۆی ئامادەیە ببێتە ئۆپۆزیسیۆن؟ بە ڕای من ئەمە لە ساڵی ١٩٩٢دا گرفتێکی گەورە بو،... کێشەیەکە دەبوایە زۆری قسە لە سەر بکرێت و بنوسرێت، من بەش بە حاڵی خۆم لە وتارێکی بچوکدا لە هەمان ساڵدا قسەم لە سەر کردوە، پاشان ئەگەر حزبەکان دیموکراسی بن دەبێ ئامادە بن ببنە ئۆپۆزیسیۆن ئەگەر گەرەنتی ئەوە هەبێت لایەنی بەرامبەریش ئیلتیزامی پێوە دەکات، لە حاڵێکی وادا دەبێ بونە ئۆپۆزیسیۆنمان لا ئاسایی بێت چونکە پرۆسەی دیموکراسیبوون لە کۆمەڵگادا ئەوەیەو شتێکی تر نیە، بە ڕادەیەک کە بردنەوە یاخود دۆڕاندن لە هەڵبژاردنێکدا پێوانە نیە بۆ ئەوەی داخۆ ئێمە ڕاستین یان ئەوانی تر؛ ڕێکەوت وابوە کەسایەتییەکی گەورەی وەک جان ستیوارت میل کە یەکێکە لە بیرمەندە گەورەکانی مرۆڤ و نوسەری کتێبەکانی « دەربارەی ئازادی» و « حکومەتی هەڵبژێرراو»ە، بۆ چەند ساڵێک چۆتە ناو پەرلەمانی بەریتانیاوە، بەڵام لە ساڵانی دواتردا خەڵک لە بازنەی هەڵبژاردنەکەیدا دەنگیان نەداوەتێ! بێگومان کادرەکانی ئێمە کەسانی وەک جان ستیوارت میل یش نین! لەبەر ئەوە ئاساییە لە هەمان ئەو کاتەدا کە حزب خۆی بە ڕۆشنبیرو پێشڕەو دەزانێت خەڵک متمانەی پێ نەکات و دەنگی نەداتێ، وە دەبێ ئەمە زۆر ئاسایی وەربگیرێت... لێرەدا مەبەست لەوەیە ئەگەر حزبەکەی خۆیشت دەنگی نەهێنا دەبێ لەبەر ڕێزی کۆمەڵگا، وە لەپێناوی پاراستنی دیموکراسیدا ئامادەبین سیستمی هەڵبژاردن قبوڵ بکەین چونکە سیستمێکە تا ئێستا عەقڵی مرۆڤ لێی تێنەپەڕاندوە.

**توانا:**

**ڕەنگە ئەو هێزەی دەسەڵات دەگرێتە دەست هێزێکی دیکتاتۆرو تۆتالیتار بێت و دەرفەت بە دیوکرسیەت نەدات و نەهێڵێ« یاری دیموکراسی» خۆی بەرهەم بێنێتەوە، بەڵکو کە گەیشتە دەسەڵات کۆنترۆڵی بکات و نەهێڵێت لایەنێکی تر وەریبگێتەوە؟**

**وەڵام:**

بیروڕای من لەم بارەیەوە زۆر ڕوونە: لیبرالیزم لە بەرامبەر لیبرالیزمدا! تا ئەو کاتەی بەرامبەرەکانمان لیبرال و دیموکراتن هەقە ئێمەش لیبراڵ و دیموکرات بین، کاتێک بەرامبەرەکانمان تۆتالیتار بوون هەقە ئێمەش شۆشگێڕو ڕادیکال بین، ناکرێت بە چەکی لیبرالیزم شەڕ لەگەڵ زۆرداریدا بکەیت چونکە ڕێگات پێنادات... چونکە جوڵەو ژیان دەوەستێنێت، لەبەرئەوە، تا ئەو شوێنەی بەرامبەرەکانی ئێمە بڕوایان بە ئازادی سیاسی و دیموکراتیزم هەیە ئێمەش بڕوامان پێیەتی، کاتێک ئەوان ڕێگەیان لێگرتین پێویستە ئێمەش ڕێگای تر بگرینە بەر، تا ڕێگای یاسایی هەیە ڕێگای یاسایی بگرینە بەر، ئەگەر یاسا نەما ئیتر یاسا ناگرینە بەر بەڵکو پێویستە ڕێگای « نایاسایی» بگرینە بەر، بە ڕای من کێشەکە لە دوو حاڵەت بەدەر نیە: لە بەرامبەر یاسادا یاسایی و لە بەرامبەر نایاساییدا شۆڕش و ڕاپەڕین.

**پرسیار:**

**لێرەدا کێشەیەک هەیە. تۆ لە وتارێکدا لە «کوردستانی نوێ» دەڵێیت ئێستا کورد بەشێکە لە سیستەمی حوکم و پێویست ناکات کورد «داواکاری» بکات بەڵکو پێویستە«حوکم» بکات، بەڵام ئەگەر تەماشای کوردستان بکەین، دەبینین هێزە سیاسیەکانی ئێمە(یەکێتی و پارتی) هەم لە بەغدا وتووێژ دەکەن و هەم لە ناو خۆشیاندا بۆ یەکخستنەوەی دو ئیدارەکە بەردەوامن لە گفتوگۆ، لەگەڵ ئەوەشدا دیدێکی ڕون و ئاشکرایان نیە و خەڵکی کوردستان نازانێت دەیانەوێت چی بکەن: ئایا داوای فیدراڵی دەکەن؟ ئەگەر وایە ناوەرۆکی ئەو فیدراڵیە چیە؟ ئەو ڕێکەوتننامانەی ئەنجام دراون لە نێوان هێزە سیاسیەکانی عیراق یاخود لەگەڵ ئەمریکا، ئاشکرا نین... بۆیە ـ بمانەوێت یان نەمانەوێت ـ لە ئاستی شەقامدا دودڵییەک هەیە... ڕەنگە ئێستا کورد دودڵبێت لەوەی ئەسڵەن هەر فیدراڵیش بچەسپێنرێت ... لەبەر ئەوە ئایا دۆخەکە پێویستی بە پاڵپشتی جەماوەری ناکات بۆ ئەوەی هەم مەوقعیەتی دانوستانی کورد لە بەغدا بەهێز بێت و هەم جوڵەیەکیش بخاتە ناو کۆمەڵگاوە؟**

**وەڵام:**

بە داخەوە من لەگەڵ تۆ نیم کە مەسەلەی فیدرالیزم و چەسپاندنی فیدرالیزم بوبێتە دودڵی شەقام. حەزمدەکرد وا بوایەو خەڵک دودڵ بونایە، بەڵام هێندەی من ئاگام لە شەقام و خەڵک بێت وای نابینم، دیارە هەندێک کەسی دەستەبژێر لە ڕۆژنامەکاندا باسی دەکەن، بەڵام بە داخەوە نەبوەتە دودڵییەک بۆ شەقام، ئەوەی من لە شەقام دەیبینم دودڵییە سەبارەت بە مەسەلە کۆمەڵایەتیەکان، سەبارەت بە فەسادو ناهەقی، وە

مەسەلەی پشێوی لە جێبەجێکردنی یاسادا، هەروەها نیگەرانی لەسەر بەرتیل و بەرتیلکاری و خزمخزمێنە... لەوبارانەوە نیگەرانی ئەبینم بەڵام بە داخەوە دودڵی بەرامبەر بە مەسەلە ستراتیژیەکانی وەک فیدراڵی یاخود ڕیفراندۆم یاخود ئەوەی چۆن مافی ئێمە لە ناو حکومەتی ناوەندیدا جێگیر دەبێت نابینم. لەو ڕوانگەیەوە ئەگەر نیگەرانیەک هەیە پێویستە ڕاگەیاندنی حزبەکان باسی بکەن یاخود دەزگایەک دابمەزرێ بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان و گشت ڕوداوەکان باس بکرێن و بدرێن بە جەماوەر، وەک ئەوروپا دەزگاکانی میدیا سەربەخۆ بن و بتوانن ڕاستیەکان لە سەرچاوەی هەواڵەکەوە وەربگرن و بتواننو هەقیان هەبێت لە گشت کۆبونەوە سیاسیەکاندا بچنە ژورەوەو ڕێزی خۆیان پەیدا بکەن و بە شێوەیەکی بێلایەن هەواڵەکان بە خەڵکی کوردستان بگەیەنن. خەڵکی کوردستان شایستەی ئەوەن هەواڵەکانیان لە کاتی خۆیدا بەڕاستەوخۆیی پێبگات، هیوادارم خەڵکی کوردستان بگەنە ئاستی نیگەرانی سەبارەت بە ئایندەی سیاسی خۆیان لە عیراقدا، نیگەرانییەک کە بەداخەوە ئێستا نیەو نایبینم.

**پرسیار:**

**کەس ناتوانێت نکوڵی لەوە بکات کە فەساد هەیە، ئایا بە ڕای تۆ دەکرێت ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیە بنبڕ بکرێت و ڕیشەکێش بکرێت؟**

**وەڵام:**

وەک لە سەرەتای قسەکاندا ئاماژەم پێدا، جگە لە یاسا هیچ شتێک نیە بتوانێت فەساد بنبڕ بکات. دیارە تا ئەو کاتەی فەساد پەیوەندی بە دەسەڵاتەوە هەبێت و لە دەسەڵاتەوە نزیک بێت، «یاسا» لە وڵاتی ئێمەدا پێی ناوێرێت، واتە تا ئەو کاتەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن نزیکە لە حزبەوە، دەسەڵاتی دادوەری و یاسا ناتوانێت هێزی خۆی لە کۆمەڵگادا بچەسپێنێت و لە حاڵێکی وادا زەحمەتە بتوانین بیر لە ڕیشەکێشکردنی فەساد بکەینەوە... ئەوەی من دەیبینم ئەوەیە کە پەیوەندیەکی زۆر هەیە لە نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردن و سەرچاوەکانی فەساد لە کوردستاندا، بۆیە پێموایە تەنیا ڕێگاچارەش بۆ ئەوە:

یەکەم: دەرکێشانی حزبە لە جەستەی کۆمەڵگاو دورخستنەوەی؛

دوەم: بەهێزکردنی یاسا...

بە دڵنیاییەوە دەڵێم بە بێ ڕۆڵی ڕاگەیاندن کاری وا ناکرێت و ئەوە «ڕاگەیاندن»ە کە پێویستە لە پێشدا بیانکوتێ... ئەم سێ حاڵەتە هەمویان پێکەوە بەستراون.. دەبێ

ڕاگەیاندنی ئازاد بتوانێت و هەقی ئەوەی هەبێت قسە لە سەر خەڵکی فاسید بکات، کاتێک ڕاگەیاندنی ئازاد نەتوانێت قسە لە سەر مرۆڤە گەندەڵەکان و یاساشکێنەکان بکات و ئەوانە ڕیسوا نەکات کە ڕێزی کۆمەڵگا ناگرن و دەستدەبەن بۆ سەرچاوەکانی سەروەتی کۆمەڵ و زیاد لە بەشی خۆیان دەبەن، وە تا ئەو دەمەی یاسا دەستی ئەوانە نەگرێت و ڕێگایان پێ نەگرێت، دادوەری لە کۆمەڵدا جێگیر نابێت و بیرکردنەوە لە ڕیشەکێشکردنی فەساد جگە لە خەیاڵ هیچ شتێکی تر نابێت...

**پرسیار:**

**بەڕای تۆ ڕۆژنامەگەری کوردی، بە ئازادو حزبی یەوە، تا چەند توانیویانە بە شێوەیەکی تەندروست قسە لە سەر ئەو دیاردەیە بکەن لە کوێی ئەو دیاردانەی لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەن؟ یان بە شێوەیەکی تر، تا چەند ئەزمونی ڕۆژنامەگەری ئێمە بە هەردو باڵەکەیەوە ـ ئازادو حزبی ـ ئەزمونێکی فیکری دروست کردوە؟**

**وەڵام:**

ئەزمونێکی تازە لە ئارادایە، دەکرێ هەفتەنامەی «هاوڵاتی» لەم بوارەدا بەرز بنرخێنین، ڕۆژنامەی حزبەکانیش زۆرتر باسی دەسکەوتەکانی حزب وحکومەتیان کردوەو خۆیان نەداوە لە ڕەخنەگرتن لە حزب.

**پرسیار:**

**بەڵام ئەوە بە مانای ئەوە نیە ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» ڕەخنەی نەگرتبێ و لە هەندێ چرکەساتدا دەستپێشکەری نەکردبێ؟**

وەڵام: من لەم مەسەلەیەدا لایەنگری تۆم، ئاگادارم زۆر جار «کوردستانی نوێ» زۆر قسەی توندی بەرامبەر بە هەندێک لە لێپرسراوان کردوە، بەڵام مەسەلەی ڕەخنەگرتن لە فەسادو سەرچاوەکانی فەساد بۆ «کوردستانی نوێ » نەبۆتە خەمی یەکەم.

**پرسیار:**

**مەبەستم ئەوەیە کە «کوردستانی نوێ» ناچارە لە پاڵ ئەوەی کە ناشرینیەکان دەبینێت، دەبێ جوانیەکانیش ببینێت و ڕۆژنامە دەبێت وابێت؟**

وەڵام: بە ڕای من دەبێت ڕۆژنامە وا نەبێت. نمونەی بەریتانیا باس بکەین کە زۆر

ڕۆژنامەی جیهانی لێ چاپ دەبێ. «گاردیان» یەکێکە لەو ڕۆژنامانەی کە لە چەپی حکومەت یان ــ بە واتایەکی ترــ لە چەپی کۆمەڵگاوە نزیکە. سەرەڕای ئەوەش یەکێکە لەو ڕۆژنامانەی هیچ شتێک نیە بیوەستێنێت لە ڕەخنەگرتن لە حکومەت، لەو کاتەدا مەسەلەکی گرنگی نێودەوڵەتی یاخود ناوخۆیی بێتە پێشەوە، سەروتارەکەی باس لە کۆبونەوەی دەوڵەت و بڕیارەکانی حکومەت دەکات دەرهەق بەو مەسەلەیە، بەڵام لە لاپەڕەکانی تردا یاخود زۆر جار لە تەنیشت تایتڵی یەکەمەوە ڕەخنە لە وەزیرێکی حکومەت ئەگرێت.

**پرسیار:**

**بەڵام لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا ئەوە نابینیت. بۆ نمونە تائێستا من لە ڕۆژنامەیەکی ئازاددا ڕاگەیاندنێکی سەرۆکی حکومەتم نەبینیوە کە بە باش یان بە خراپ بلاوکرابێتەوە، ئەوە بۆخۆی هەواڵێکە ڕەنگە کاریگەری لەسەر کۆی ژیانی ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیان بکات!**

**وەڵام:**

بە ڕای من ڕۆژنامەی ئازاد سەربەستە سیاسەتی خۆی بەو جۆرە دابڕێژێت. کاتێک حزبێک ڕابەری سیاسی وڵاتێکە نابێت بەلایەوە زۆر گرنگ بێت ڕۆژنامەی ئازاد چۆن مامەڵە دەکات یاخود کاردانەوەی هەبێت بەرامبەریان، حزبی بەڕێوەبەری دەوڵەت پێویستە سیاسەتی خۆی بگرێتە بەر بەو شێوەیەی بۆ خەڵک و میللەت باشە وە مامەڵەی لە بەرژەوەندی ئەوان بێت، ئەوەی کە ڕۆژنامەگەری ئازاد ئامادە نیە ڕوداوەکان باس بکات و بە «ڕق»ەوە کاردەکات هیچ پەیوەندی بەوەوە نیە کە ڕۆژنامەیەکی حکومەت یان نزیک لە حکومەت چۆن لە بەرامبەریدا قسەکانی خۆی دابڕێژێت، بە بڕوای من نابێت ڕۆژنامەی دەوڵەت بکەوێتە ناو جۆرێک لە قینەبەرایەتی، واتە لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەی ئازاد باس لە داهێنانەکانی دەوڵەت ناکەن دەبێت ئێمەش داهێنانەکانی حکومەت زۆر گەورە بکەینەوە... قسە لە سەر ئەوەیە کە دەبێ ڕۆژنامەی دەوڵەت ئاگای لە میللەت بێت: ئایا ئەو هەواڵە بۆ ئەو گرنگە کە گوایە ئەمڕۆ وەزیرێک وەزیرێکی تری بینیوە یاخود ئەوەی کە دە کەس بە هۆی کارەساتێکەوە گیانیان لەدەست داوە لە سلێمانی؟ بە ڕای من کارەساتەکە گرنگترە چونکە خەڵک سەرقاڵی ئەوەن و هاتنی وەزیرەکە ــ بۆ نمونە ــ هیچ بایەخێکی نیە، هەرچی چۆنێک بێت ئەگەر وەزیرەکە گرنگەو لە ئەڵمانیاوە هاتوە ئەوا ڕەنگە هاتنی ئەو لە درێژماوەدا کاریگەری خۆی بنوێنێت...

# شیوەن بۆ میراتی بەعس

## (وەڵامێکی کورت بۆ چۆمان سەدیق)

«کوردستانی نوێ» ژ ٣١٥١
٢٠٠٣/٨/٢٢

دوای پەخشی بەرنامەی «گفتوگۆی چوارشەممە»ی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان کە من بانگهێشت کرابوم بۆ گفتوگۆ سەبارەت بە هەلومەرجی عیراق و گۆڕانکاریە سیاسیەکان، چەندین کەس ڕاو بۆچونیان بەشێوەی جیاواز سەبارەت بەو بیرو ڕاو شیکردنەوانە دەربڕی کە لە بەرنامەکەدا قسەیان لێکرا، هەندێک لەو کەسانە لە ڕێگای تەلەفۆن و ژمارەیەکیش ڕوبەڕوو....

خۆشبەختانە «چۆمان سەدیق» تێبینیەکانی خۆی گەیاندە ئاستی ڕەخنەگرتنی ڕەسمی و، لە دو ژمارەی هەفتەنامەی «جەماوەر» دا(ژمارە٣٨و٣٩) کۆمەڵێک ڕەخنەی ئاراستەی من و بۆچونەکانم کردوەو بەمەش، بێگومان، خۆشحاڵی کردم، چونکە لە ڕێگای ڕۆژنامەکانەوە دەروازەیەکی کردۆتەوە تاکو من و کەسانی تری وەک من بتوانین هەندێک ڕاو بۆچوون بگەیەننە میللەت و خەڵکیان لێ ئاگادار بکەنەوە...بەڵام ئەوەی جێی داخە ئەوەیە چۆمان زۆر کەم سەبارەت بە «گفتوگۆی چوارشەممە» قسەی کردوەو زۆرتر شەخسی من و مێژووی سیاسی منی داوەتە بەر چەقۆی ڕەخنە، ئەوەی زیاتر لەوەش جێی خەفەتە ئەوەیە کە چۆمان لەو هەوڵەشدا سەرکەوتو نەبوەو نەیتوانیوە وتەیەکی ڕاست و ئەمین دەربارەی ژیانی من بدات بە خوێنەرانی هەفتەنامەی «جەماوەر»، ئەو چەند ڕستەیەش کە بە حساب لە قسەکانی من هەڵی بژاردوون، شتی هەڵبەستراون و دەقی قسەکانی من نین.

لێرەوە بۆ ئەوەی کورت و پوخت مەسەلەکان باس بکەین و وابکەین شتێک بخەینە

بەرچاوی خوێنەر تا ڕاستیکان ڕونتر ببنەوە، خاڵ بە خاڵ لەو مەسەلانە ئەدوێم کە چۆمان باسی لێوەکردوون، دیارە لە گشت حاڵێکدا من ناچمە سەر شتە لاوەکی و بێسوودەکان و خۆیان لێ دەبوێرم.

## ١- کێ ڕۆشنبیری ڕاستەقینەیە؟

چۆمان سدیق دوای بینینی «گفتوگۆی چوارشەممە» بڕیاری داوە ناسنامەی «ڕۆشنبیر» لە من بسەنێتەوە، یان لە باشترین حاڵەتدا بە «ڕۆشنبیری موزەییەف» ناوزەدم بکات. ئەو لەم بارەیەوە کەوتۆتە ناو لێکدانەوەی ناکۆک و چەوتەوەو پێی وایە، لە بنچینەوە، پێش حەوت ساڵ، کاتێک لە کوردستان بووم، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان منی بە ڕۆشنبیر نەزانیوە!... ناسنامەیەک کە بەندە هەرگیز تاکو ئێستا مودەعی هەڵگرتنی نەبووم.

ئەو نوسیویە **« پێش ڕۆیشتنی وەک ڕۆشنبیرێک حزبە عاتیفیەکەی حساب و ڕەفتاری لەگەڵ نەدەکرد، بەڵکە لە گەرمەی شەڕە نگریسەکەی ناوخۆدا کرابوە سەرلەشکر»**.

بێگومان شتێکی زۆر بێتام و ناخۆشە مرۆڤ خەریکی وەڵامدانەوەی نوسراوی لەم بابەتە بێت، بە تایبەت لەوەدا کە مەسەلەی فیکرو مەعریفەو خۆنوساندن بەو مەفاهیمانەوەو بونە «ڕۆشنبیر» پەیوەندیان نیە بە «بڕیار»ی هیچ حزب و کەس و لایەنێکەوەو کەسیش سەلاحیەتی سەندنەوەی «ناسنامەی ڕۆشنبیر» ی نیە لە مرۆڤێک بە کردەوە مەیدانی فیکرو مەعریفەی بۆ خۆی هەڵبژاردبێ، من هەرگیز، لەوەتەی تێکەڵ بە ژیانی سیاسی بوم هەوڵمنەداوە وەک «ڕوناکبیر» ێکی پرۆفیشناڵ خۆم بە خەڵک بناسێنم، چونکە تا ئێستا پرۆسەی ژیانی من بواری ئەوەی تیا نەڕەخساوە بە تەواوی بچمە ناو کایەی پڕ لە شانازی فیکرو چالاکی مەعریفیەوە، بەڵام ئەمە بەو واتایە نیە کە ئیدی دەستدان لە درەختی مەعریفەو ڕۆشنبیری لە ئێمە قەدەغە کراوەو بۆمان نیە توخنی بکەوین یاخود( چۆمان وتەنی)حزبیش لەو ئاقارەدا دانی پێدانەناوین!

لە ڕاستیدا بەندە، جگە لەو ساڵانەش کە هەڵسوڕاوی ڕێکخراوی «ئاڵای شۆڕش» بووم، بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێک یەکێک بوم لە کەسە چالاکەکانی ڕاگەیاندنی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پاشان بۆ ماوەی ساڵێکی تر کارگێڕی بەشی هوشیاری و ڕۆشنبیری مەڵبەندی ٨ی ڕاپەڕین بووم(١٩٩٤). بەو پێیە دەبێ ئاشکرا بێ بۆ چۆمان کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەرگیز ئامادە نیە کەسێک لە شوێنە هەستیارەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری لە ئاستی مەڵبەندا جێگیر بکات کە ( بە لێکدانەوەی چۆمان یش) ڕۆشنبیر نەبێ!!.

دیارە لێرەدا مەبەستم لەوە نیە کە دانانی کەسێک لە دەزگایەکی فیکری حزبیدا

وادەکات ئەو مرۆڤە ناسنامەی « ڕۆشنبیر»ی پێ حەڵاڵ بێت، بەڵکو مەبەستم لە چەوتی و نائەمینی ئەو قسەیەی چۆمانە کە دەڵێ« پێش ڕۆیشتنی حزبەکەی وەک ڕۆشنبیرێک حسابی لەگەڵ نەدەکردو ... کرابوە سەرلەشکر»، ئەمەیان بە جێی خۆی.

ئەوەی لە «ڕەخنە» کانی چۆماندایە سەبارەت بە ڕۆشنبیری موزەییەف لەوەی سەرەوەش ناڕاستترو سەرسوڕهێنەرترە، چونکە چۆمان پێی وایە ئەوانەی لە ناو حزبدان ناتوانن ببنە ڕۆشنبیر!، لە لایەکی ترەوە وای لێک دەداتەوە ئەگەر کەسێک ڕەخنەی لە حزب گرت و هەڵوێستی جیاوازی هەبو ئەوا شەرەفی« ڕۆشنبیر» وەردەگرێ بەو مەرجەی هەتا هەتایە لە سەر ئەو ڕێتمە بڕوات و وەک کابرای سادە دڵ بیر بکاتەوە کە دوای دە ساڵ لە تێپەڕبونی تەمەنی، هەمان وەڵامی یەکەمجاری دابوەوە بەرامبەر پرسیاری «تەمەنت چەندە؟»!!

سەرلەبەری وتارە دوبەشیەکەی هەفتەنامەی «جەماوەر»، ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ ئەوە دوپات دەکاتەوە کە «دڕەیی» لە ڕیزی ئەو کەسانەدایە کە « لەوێ» (واتە لە هەندەران) لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی حزبی بوەو «ڕۆشنبیر» بوە، «لێرە» (واتە لە کوردستان )لەگەڵ حزبدایەو ڕۆشنبیر نیە! وەمادام لێرە لەگەڵ حزبدا نزیکایەتی هەیەو لە pukvtvگفتوگۆی لەگەڵ کراوە ئەوا دەبێ دیسان کەوڵی ڕۆشنبیر فڕێ بداتەوەو مەیدانەکە چۆڵ بکات بۆ کەسانی وەک چۆمان سدیق!!

سەیر ئەوەیە چۆمان من بە ڕۆشنبیر دەزانی کاتێک ڕەخنەم لە حزب گرتوەو قسەم کردوە دژی هەندێ سیاسەت وە کاتێک ئەندامی «کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان» م ودەستەی بەڕێوەبەرم لە گۆڤاری «ڕیفراندۆم»، بەڵگەشم ئەوەیە لە شوێنێکدا دەڵێ :«هەر وەک ڕۆشنبیرێک ئەم پرسیارە لەم برا هێژایەم دەکەم»، بەڵام کاتێک لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا لە puktv سەبارەت بە هەندێ مەسەلەی تر ئەدوێم وقسەکانم لەگەڵ بۆچونی ئەودا ناگونجێ، یەکسەر ناسنامەکەم لێ دەسەنێتەوەو بە توڕەییەوە ڕایدەگەیەنێ:« بە کورتی ئەوە تەواو حاڵەتێکی سەقەت وئیفلیج بونی ڕوناکبیریە کە هەرکەسێک توانی دو ڕستەو زاراوەو مەقوەلە لەبەر بکات و لاسایی بکاتەوە یان تەنها بەهۆی بەدواداچونێکی کاڵوکرچەوە فێری نەریتی قسەکردنێک ببێت ئەوا وەک ڕۆشنبیرێک ڕاست و واقیعیانە بێتە ناسین و ڕەفتارکردنەوە».

کەواتە کێ ڕۆشنبیری موزەییەفە چۆمانی بەڕێز؟ ئەو کەسەی زۆرربەی ژیانی لە تێکۆشاندا سەرف کردوەو داکۆکی لە هەق و ڕاستی کردوە یاخود ئەو کەسەی لە کاتی پرۆڤەکردن لە سەر نوسین و مەشقکردنی «ڕەخنە»دا چەندین جار دەکەوێتە ناو گێژاوی قسەی ناکۆک و دژ بەیەک و حوکمدانی بوغزاوی دژ بە نەیارە سیاسیەکانی؟!

## ٢- بەرنامەی گفتوگۆ: ئایا «دو ڕستە» وتراوە؟

وا دیارە چۆمان پێی وایە ڕۆشنبیر پێناسەی تایبەتی هەیەو ئەویش ئەوەیە کە دەبێ تەنیا باس لە کێشە مەعریفیەکان بکات و لە بورجی عاجەوە تەماشای مرۆڤ و مەسەلەکانی بکات و تا ئەو کاتەی قسە لە سەر هیگڵ وفۆیرباخ و کێشە بناغەییەکانی فیکر هەبێ، ناشێ دابەزێتە ناو مەیدانی«کەمبایەخ»ی ژیانی واقیعیەوەو تێکەڵ بە ڕوداوە هەنوکەیی و سیاسیەکان ببێ، لە سۆنگەی ئەو تێڕوانینەوە چۆمان سەرلەبەری یەک سەعات گفتوگۆی من و توانا ئەحمەد لە puktv بەدەر لە «کایەی ڕۆشنبیری» دەزانێ! چونکە بە ڕای ئەو ، مادام تەلەفزیۆن بابەکردڕەیی بە «ڕوناکبیر» ناساندوە ئیدی دەبێ ناوبراو لە ئاسمانی فراوانی مەعریفەو فیکر نەترازێ و باس لە سیاسەت و ئۆتۆمبێل و بازاڕ نەکات. نوسیویە:« سەرلەبەری چاوپێکەوتنەکەی بەرنامەی ناوبراو لەگەڵ دڕەیی دا کە نزیک بە یەک کاتژمێری تەواوە، تەنها دو ڕستەی کورت نەبێت کە یەک تێڕوانینیان هەیە، ئیتر شتێکی ترمان نەبیست و بەرگوێ نەکەوت کە ...ئاخاوتن و قسەی ڕۆشنبیری بن..»

سەرەتا پێویستە بڵێم کە بەرنامەی «گفتوگۆی چوارشەممە» بڕیار نەبوە باس لە کێشە ڕۆشنبیریەکان بکات و بچێتە ناو دیوەخانی گرفتە مەعریفیەکانەوە و بەڕێوەبەری بەرنامەش لە سەرەتای قسەکانیدا بۆ بینەرانی ڕونکردەوە کە لەگەڵ میوانەکەیدا باس لە کێشەی عیراق و گۆڕانکاریەکانی دەکات نەک شتێکی تر، بۆیە، باسکردنی ئەوەی بۆچی چۆمان گوێی لە ئاخاوتنی ڕۆشنبیری نەبوە،داوایەکی نابەجێ و ناڕەوایە.

ڕاستە چۆمان سدیق تەنیا «ڕەخنە»، ئەویش بەو مەرجەی دژی حزب ودەسەلات بێ بە «ڕۆشنبیری» دەزانێ، بەلام ئەوە بەو واتایە نیە گەر کەسێکی تر بە شێوازی چۆمان ڕەخنەی نەگرت و شیکردنەوەی تایبەت بە خۆی ئەنجامدا، ئەوا لە گۆڕەپانی ڕۆشنبیری دەرچوەو ناتوانێ بەرچاوی خەڵک ڕوون بکاتەوە.

بەلای منەوە ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە سەربەخۆ بیر دەکاتەوە و دەربڕینی بیروباوەڕەکانی خۆی نابەستێتەوە بە بەرژەوەندە حزبی و سیاسیەکانەوەو هەمیشە بەرژەوەندی بالای میللەت و تاک تاکی مرۆڤەکانی لەبەر چاوە؛ وە لەم پێودانگەدا بڕواناکەم ڕەخنەگری دیداری« گفتوگۆی چوارشەممە» دەسکەوتێکی ڕەخنەیی لە قسەکانی ئێمەوە هەبێ.

بێینەوە سەر باسی ئەوەی «چی وتراوە؟»

چۆمان دەڵێ «دو ڕستە» شت وتراوە!! ئەمە لە کاتێکدا کاسێتی تۆمارکراوی«گفتوگۆی چوارشەممە» دەیسەلمێنێ ئەو ڕاست ناکات وسەبارەت بە زۆر شتی تریش قسە کراون کە هەڵوێستی منیان بە سەلماوی دەربڕیوە، لەوانەش:

* هەلومەرجی گەڕانەوەی خەڵک بۆ کوردستان؛

* گەشەکردنی ئابوری کوردستان وپاڵپشتی حزبەکان بۆ ئەو دیاردەیەو کاریگەری لە سەر گەڕانەوەی خەڵک؛
* داکۆکی لە ئەزمونی کوردستان وتەشجیعکردنی بەدیل و ڕەخنە؛
* شیکردنەوەی گۆڕانکاریە جیهانیەکان وکاریگەرییان لە سەر کوردستان بە شێوەیەکی حەتمی؛
* شیکردنەوەی گرفتی سەرەکی ئێستای عیراق لە کێشەی دەسەڵات و جێگیرنەبوونی حوکمدا؛
* داکۆکی لە هاتنی ئەمریکاو هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی ئەوان لە هەلومەرجی نوێی دوای سەددامدا؛
* داکۆکی لە مافە ڕەواکانی کوردو شیکردنەوەی پەیوەندی ئەو مافە بە دەستووری داهاتووی عیراقەوە؛
* شیکردنەوەی باری ڕۆشنبیری کورد لە ئەوروپاو پێکگرتنی بە کوردستان؛
* ڕونکردنەوەی پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیران و دەسەڵات لە پەیوەند لەگەڵ خستنەڕووی پریژەی نوێدا؛
* باسی ڕۆڵی حیزب لە کۆمەڵگاداو بایەخی حزب و ڕێکخستن لە ژیانی میللەتدا بە گشتی؛
* داکۆکی لە هەبوون و سەقامگیربونی یاسا؛
* داکۆکی لە دەستبەسەراگرتنی ئەو سەیارانەی حکومەتی بەعس هێنابونی بۆ پیاوەکانی خۆی لە لایەن خەڵکەوە...

کەواتە ئێمە «دوو ڕستە» مان نەوتبو«ڕەخنەگر»ی بەڕێز!،بەڵام لەوەدا کە پێدەچێ بەڕێزت بۆچونت جیاوازە لە بۆچونی من پێتوایە لە یەک سەعات گفتوگۆدا تەنها «دو ڕستە» قسە کراون کە ئەوانیش ڕۆشنبیرانە نەبون!
ئایا بە ڕاستی ئەمە ویژدانێکی خاوێن و ڕەخنەگرانەیە؟ ئایا بەو جۆرە ڕاستیەکان بۆ کۆمەڵانی خەڵک ڕوون دەبنەوە؟

## ٣- مەسەلەی ئۆتۆبیلەکان: گریان بۆ پیاوانی بەعس!

چۆمان زۆر ناڕازیە لە مەسەلەی ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە خەڵکی کوردستان بە زەحمەتێکی زۆر توانیان، دوای ڕوخانی ڕژێم، ژمارەیەکیان لە پاسەوان و کارمەندانی حکومەت بکرنەوە! ناڕەزایەتیەکەیشی لە ئاستێکدایە کە دوای ئەو هەموو درێژدادڕیەی لە دوو ژمارەی هەفتەنامەی «جەماوەر» دا دەڵێ ئامادە نیە تەنانەت لەوبارەوە ڕەخنەش

له دڕەیی بگرێ!! نوسـیـویه:« من ڕەخنه له کـام قـسـەو تێـڕوانین و لێکدانەوەی کلتوریانەی کاک دڕەیی بگرم؟ ئەوێک به هەمو عەقڵیەتی مەدەنیانەی خۆیەوە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنێک که له ڕوبەرێکی فراواندا پەخشی بڵاوە بلێت دزینی ئەو هەمو سەیارەو ئامێرو مەکینەو کەلوپەلانەی تر، که له لایەن خەڵکی شرەخۆرو تالانچیەوە ئەنجامدراون کارێکی دادپەروەرانەیە، وە خۆی گوتەنی « کارێکی زۆر دادپەروەرانەو مێژووییەو دابەشکردنەوەی دادپەروەرانەی شتە دزراوەکانە»».

به ویژدانەوە قـسـه بکەین، ئەوەی چۆمـان بەدەم منەوە هەڵی بەسـتـوە گـوایه وتومـه:«دزینی ئەو هـەمـوو.... دادپەروەرانـەیه..» بوختـانێکی ڕووت و بێ بناغـەیە؛ بوختانه نەک لەبەرئەوەی چۆمان به ناوی منەوە وشەی «دزی» و «تالانی» هێناوەته سەر ڕووی لاپەڕەکانی ڕۆژنامه که له بنچینەدا کەم و زۆر وشەی واهیم له قسەکانمدا به کار نەهێناوە، بەڵکو لەو ڕوەشەوە که من دیاردەکه به دزی و تالانی نازانم تاکو به شێوەی چۆمان له پێشدا وەسفێکیان بۆ دارێژم و پاشان مەحکومیان بکەم. گەر ڕاستەوخۆتر قسه بکەین، کڕینی ئەو سەیارانەی له مەخزەنەکانی حکومەتی بەعسدا هەڵگیرابوون و پاش ڕوخانی ڕژێم خەڵکی کوردو عەرەب توانیان له کارمەندەکانی بکڕنەوە یاخود له هەندێ شوێن دەستیان به سەردا بگرن، نەک هەر به «دزی» و«تالان» نازانم، بەڵکو، وەک له گفتوگۆکەشدا ئاماژەم پێداوە، بەوپەڕی عەدالەت ئەزانم و به هەقی خەڵکی کوردستانی ئەزانم سودیان لێ وەربگرن بیانکەنه هی خۆیان. بۆچی؟

چونکه له بنچینەدا ئەوە حکومەتی بەعس و داروودەستەکانی بوون که سەروەت و مڵک و ماڵی سەرجەم خەڵکی عیراقیان «دزی» بوو وە ئامادەش نەبوون له سامانی ملیاردی نەوتی عیراق کەمترین ڕادەش بدەنەوە به هاووڵاتیانی؛ چونکه حکومەتی بەعس نەک هەر سەروەت و سامانی داگیر کردبو بەڵکو« ژیان» ی مرۆڤەکانی ناو جوگرافیای عیراقیشی کردبوە دۆزەخ و مەحاڵ؛ چونکه حکومەتی بەعس خۆی ڕەمزی دزی و تالانچێتی و ئەوپەڕی ناعەدالەتی و نایاسایی بوون و نائینسانیەت بو... له بەر ئەو هۆیانەو زۆر هۆی تریش تەئکیدی له سەر ئەکەمەوە: به ڕەوای ئەزانم سەروەت و سامانی خەڵکی عیراق بدرێت به خەڵکی عیراق، وە هەر جۆرە ئیمتیاز بەخشینێک به ڕژێم و پیاوەکانی وە هەڵڕشتنی فرمێسکی دڵسۆزی بۆ خۆیان و سەیارەو ئامێرەکانیان به پشتگیری زوڵم و ناعەدالەتی ئەزانم و دڵنیام که پرۆسەی یەکسانی ئینسانەکان له کۆمەڵگای عیراقدا لەو کاتەدا سەقامگیر دەبێ که سەرجەمی خەڵک له ئیمکاناتەکانی وڵات وەک یەک بەهرەمەند بن.

ڕەنگه له باری یاساییەوە بۆچونی جیاواز هەبێ سەبارەت به دەستبەسەراگرتنی هەندێ شتی هێنراو بۆ پیاوەکانی بەعس، بەڵام لەم کاتەدا که چەند مانگێکه دەسەڵاتی

یاسایی له ناو عیراقدا هەیەو ئاگاداری مەسەلەی ئۆتۆمبیلەکانەو دەزانێ هەزاران کەس توانیویانە کەڵک لەو ئامێران وەربگرن کە میراتی بەعسن وە بە ڕەوای ئەزانن بیکەنە موڵکی خۆیان، وە هەروەها لەو کاتەشدا کە مەفهومی « دزی» و « تاڵان» ئاماژەن بۆ سەندن یاخود دستبەسەراگرتنی شتێک کە « هی کەسێکی ترە» و لەم حاڵەتەیدا بۆ مەسەلەی ئۆتۆمبیلەکان لێک نایەتەوە، دەکرێ چاوەڕێ بین میراتی بەعس وپیاوەکانی بە شێوەیەکی گونجاو بە سەر خەڵکدا دابەش بکرێتەوەو کەس شیوەنیان بۆ نەکات.

# نامەی دەستکێشانەوە

٢٠٠٣/٩/١٧
«هاوڵاتی» ژ١٤١

بەڕێز ***کاک ئاسۆ کەمال*** سەرنوسەری گۆڤاری «ڕیفراندۆم»
سڵاو:
بە پێویستم زانی لە ڕێگای ئەم نامەیەوە ئاگادارتان بکەم کە دەمەوێ لە ژمارەی داهاتوی گـۆڤاری «ڕیفراندۆم» ەوە، ناوی من لە دەستـەی بەڕێوەبەری گۆڤـارەکـەدا نەنوسـرێت چونکە لەمەودوا ناخوازم چالاکیم لەوێدا هەبێت.
ئەم بڕیارەم لەوەوە سـەرچاوە دەگـرێ کـە دوای ڕوخـانی حکومـەتی بەعس و گۆڕانکاریەکانی عیراق، هەستم کرد بیرکردنەوەو تێڕوانینی جەنابت وەک قۆناغی پێشو نیە بۆ پێداگرتن لە سـەر خواستی ڕیفراندۆم و داواکردنی بۆخەڵکی کوردستـان، لە کـاتێکدا من پێمـوایە مـەسـەلەی ڕیفـراندۆم، چ وەک خـواسـتێکی سـتـراتیـژی بۆ بەلاداخستنی دیموکراتیانەی کێشـەی کورد، وە چ وەک داوایەکی سیاسی و تاکتیکی دەشێ(و دەبێ) پێی لە سـەر دابگیرێ و کـاری لەسـەر بکرێ و لە کـات وسـاتی خـۆیدا بکرێتە دروشمێکی جەماوەری و حزبی.
پێـویسـتی بە یادهێنانەوەیە کـە سێ سـاڵ پێش ئێسـتـا( لە ئۆکتـوبەری ١٩٩٩دا) کـە یەکەمین ژمارەی «ڕیفراندۆم» مان بە چاپ گەیاند، هەمومان لە سەر ئەوە یەکدەنگ بوین کـە بیـروڕای هەرچی جـیـاواز لە گـۆڤـارەکـەدا بڵاوبکەینەوە بە مـەرجـێک لە خـزمـەتی «داواکردن» ی ڕیفراندۆم دا بێت یاخود مەسـەلەکە لەباری فکرییەوە دەوڵەمـەندتر بکات، بەڵام ئاشکرایە ئێستا ئەو نیەتە لە بناغەوە گۆڕاوە چونکە بەداخەوە خودی«سـەرنوسـەر» قـەناعـەتی بە داواکردنی ڕیفراندۆم نیە هەروەک لەو وتارەدا دەردەکەوێ کە لە سـایتی «kurdstannet»دا (٨/٢٠)بڵاوتان کـردۆتـەوە! وە دەڵێن: ***« ئێسـتـا کـە ڕژێمی بەعس لە نێـوچوەو دەسـەڵاتی قـەومی لە مـەرکـەزدا تێک شکاوە... چ شـتـێک پاڵ بە خـەڵکی کوردستـانەوە دەنێت داوای جیـابونەوە بکەن؟ ئایا ترس لە هاتنـەسەرکـاری حکومـەتێکی تری قەومی و مەزهەبی عەرەبی ترە کە خەڵکی کورد بچەوسێنێتەوە؟»***

کەواتە تۆ پێتوایە وەرچەرخانی حکومەتی مەرکەزی بەرەو « حکومەتێکی قەومی ومەزهەبی عەرەبی» تر ئیمکانی کەمەو بواری «خەبات» زۆرە بۆ چاککردنی...

من، بەدەر لە هەر جۆرە گرێدانەوەیەک بە شێوازی حوکم لە بەغدا، بە هەقی خەڵکی کوردستانی ئەزانم لە ڕێگای ڕیفراندۆم هوە بڕیار بدەن کە لە چوارچێوەی عیراقدا دەژین یان نا، وە ئەمەش بۆ پەروەردەکردنی دانیشتوانی هەموو عیراق بە گیانی ئازادی و دیموکراسی بە دەرسێکی گەورە ئەزانم بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو ئەنجامەی لە خودی پرۆسەی ڕیفراندۆم ئەکەوێتەوە، وە پێموایە پرۆسەیەکی واهی کاریگەریەکی زۆر دەکاتە سەر قوڵبونەوەی وشیاری سیاسی و یاساسەروەری و تێگەیشتن لە عەقڵیەتی دنیای نوێ.

لەندەن ٢٠٠٣/٩/١١

# دیاریکردنی جوگرافیای عروبە!

«کوردستانی نوێ» ژ ٣٢٦٣
٢٠٠٤/١/٦

**پرسیار: دەسگیرکردنی سەدام حسەین لەگەڵ ئەوەدا کە کۆمەڵێک ماناو دەلالەتی سیاسی گەورەی هەیە، لە هەمان کاتیشدا دەکرا وەکو سەرەتای قۆناغێکیش سەیر بکرێت کە تیایدا دیکتاتۆریەت و تۆتالیتاریەت و هەمو ئەو نەریتانەی بەعس کاری پێئەکرد کۆتایی بێن... هەرچەندە کاراکتەری فاشیانەی سەدام و بەعس تا ڕادەیەکی زۆر بەیەکداچوون و تێکەڵن، بەڵام هەردەم لە ناو کۆمەڵگای عیراقیدا ئەگەری ئەوە هەیە کە بەعسیزم وەکو شێوەکارکردن و سەیرکردنی دنیا خۆی درێژبکاتەوە، واتە کاراکتەری تازە بۆخۆی بەرهەم بهێنێتەوە.. ئایا چۆن دەکرێ قسە لە دنیای دوای بەعس و بەعسیزم بکەین، بە تایبەت لە کوردستاندا؟.. چۆن دەکرێ ئەو دەستگیرکردنە پەیوەندیەکی پێچەوانەیی لە نێوان بەعسیزم و دیموکراسی کرانەوەی عیراق دروست بکات؟**

وەڵام: بێشک سەرەکیترین پرسیاری سیاسی لە عیراقی ئەمڕۆدا ئەوەیە کە « چۆن ڕێگا لە بەرهەم هاتنەوەی بەعسیزم بگرین؟»... وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەو ساغبونەوە لە سەر سیاسەتێکی دروست دژ بە بەعسیزم، مەیدانێکی کراوەیە بۆ گشت هەوڵێکی جیددی، چ لە ئاستی تاک دا بێت یاخود لە ئاستی کۆمەڵ دا.

بەعس چیە؟، بۆچی بەعس لە عیراقدا هاتە ئاراوە و توانی بە دەسەڵات بگات؟ وە دەیان پرسیاری تری لەو چەشنە، دەهێنن هەوڵێکی زۆریان بۆ تەرخان بکرێت و وەڵام وەربگرنەوە، چونکە وەڵامی ئەو پرسیارانە، هاوشان لەگەڵ دۆزینەوەی ڕەگی پرسیارە سەرەکیەکەدا «چۆن ڕێگا لە هاتنەوەی بەعسیزم بگرین؟»، واوەترن لە گرفتێکی ئەکادیمی کە مەزەندە هەبێت لە ئایندەیەکی دوردا یەخە بە کۆمەڵگای کورد(و عیراق) بگرنەوە، بەڵکە لەگەڵ ژیان و ئێستاو چارەنوسی کۆمەڵگادا بە توندی شەتەکدراون و بایەخێکی ئەوپەڕی سیاسی و عەمەلی یان هەیە.

به ڕای من بۆ ئەوەی بتوانین بە کردەوە ڕێگا لە پەیدابونەوەی بەعس، یاخود لە ئاستێکی فراوانتردا، ڕێگا لە سەرلەنوێ بەرهەمهاتنەوەی بەعس بگرین، پێویستە سەرەتا بزانین بەعس چیەو سەددام و دارو دەستەکەی دەرهاویشتەی چ دۆخێکن و بۆچی ئەگەری درێژبونەوەی بەعسیزم لە عیراقدا هەمیشە وەک مەترسیەک لە ئارادایە. ڕەنگە سەبارەت بە ماهیەتی حزبی بەعسی عیراق وەک ڕێکخراوەیەکی نەتەوە پەرستی توندڕەو ڕای جۆراوجۆر هەبێت، بەڵام بۆ ئەوەی لەم فرسەتەدا بوارێک بۆ دەربڕینی ڕایەکی دیاریکراو بخەملێنین، پشت بەو بنەمایە دەبەستین کە لە شیتەڵکردنەوەی دیاردەکاندا زیاتر لە ڕاستیەوە نزیکەو ئەویش لەوەدا پوختە ئەبێتەوە کە حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب حزبێکی ناسیۆنالیستی پان عەرەبیە کە بە هۆی گرتنەبەری ڕێگای تیرۆرو تۆقاندنەوە هاتۆتە سەرکارو هەر لەو ڕێگایەشەوە توانیویەتی درێژە بە دەسەلات بدات، هەروەها، لە ماوەی دەسەڵاتدارەتی بەعسدا، گروپی عەرەبی سوننە لە عیراق تەنها گروپی کۆمەڵایەتی بوە کە لە ئاستی قوچەکی دەسەڵاتدا زۆرترین کورسی بەدەستەوە بوەو باقی گروپە ئاینی و ئەتنیەکانی تر لە پەراوێزی عەرەبی سوننەدا هێڵرابونەوە.

لە یەکەم سەرنجدا وا دێتە بەرچاو کە سەدام تاقە بەرهەمی بەعسە و بەعسیش تاقە بەرهەمی عەرەبی سوننەیە بە درێژایی دەیان ساڵ، بەڵام بە وردبونەوە لە پرۆسەی هاتنەسەرکاری بەعس و ئەو گوریسپچڕکەیەی لە عیراقی شەستەکان و دواتردا لە سەر دەسەڵات ڕویداوە، تێدەگەین کە نە سەدام تاقە بەرهەمی بەعسەو نە بەعسیش یەکەمین و دوایین هەڵبژێراوی بیروباوەڕی عروبەی سوننەی ناوەڕاستی عیراقە، تەنها جیاوازی لە نێوان بەعسی سەدامی و ئەوانی تردا لەوەدا خۆدەنوێنێ کە تاقمی تکریت ـ بۆ نمونە ـ لە بەکارهێنانی تیرۆرو تۆقاندن دا ڕەقتر بوە لە بنەماڵەی «فلان» لە موسڵ یان فەلوجە یان شوێنێکی تری سێگۆشەی عروبە!

ئەگەر ڕەقی و توندوتیژی یەکێکە لە بنەماکانی کاری سەدام و بەعس، بەعسیەکانی پێش سەدامیش بە هەمان ڕێچکەدا ڕۆیشتوون .... لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین کە بەعس وەک تاقمێکی سیاسی هەڵگری بیروباوەڕی عروبە(پان عەرەبیزم)، بە پێی ئەو ئیدە نائەقڵانی و ڕۆمانتیکیە بێت کە بەردەوام مشتوماڵیان داوە، پێیان وایە عەرەبی ناوەڕاستی عیراق ژیانی لە مەترسیدایە بۆیە خۆی بە ناچار دەبینێ دەستبداتە سەرکوتی ئەوانی تر! چونکە ئایدیۆلۆژیای دۆگماتیکی «عروبە» کە خۆی بەرهەمی ئەو ترسە ناماقوڵەیە، جگە لە « خود»، « ئەوانیتر» بە

دوژمن ئەبینێ و خۆی دڵنیاکردوە کە پێویستی بە دەستێکی« پۆڵایین» هەیە بۆ سەرکوت و دورخستنەوەی ئەو دوژمنە وەهمیانەی لە دنیای خەیاڵدا دروستی کردوون.
بۆ لێکدانەوەی ئەوەی بۆچی عەرەبی سوننەی عیراق بۆتە زەویەکی بەپیت بۆ بیروباوەڕی عروبە، دەکرێ لە چەند سەرچاوەیەکی سۆسیۆلۆژیەوە کەڵک وەربگیرێ. یەکێک لە باوترین لێکدانەوەکان سەبارەت بە «ڕەقی» و توندوتیژبونی گروپی لەم چەشنەو لە حاڵەتی لەم جۆرەدا، واتە حاڵەتی هەڵچونی نەتەوەپەرستی و نائەقڵانی لەو شوێنانەدا کە دو میللەت لە چوارچێوەی وڵاتێک یان دو وڵاتدا دەژین، دەبرێتەوە بۆ هەبونی میللەتێک یان گروپێکی ئەتنی لە دۆخی « سەرسنور» یدا، واتە لە دیواربەدیواربونی میللەتێک لەگەڵ میللەتێکی تردا کە لە گشت ڕوەکانی زمان و کلتورو مێژوەوە لێکدی جیاوازن. بە وتەی هانتینگتۆن **« سەرسنوری نێوان شارستانێتیەکان هەمیشە خوێناویە»**، هەروەها: **« لە دەوروبەری سنورەکاندا پاسەوانانی سنوور جێگیرن کە بۆ پاراستنی گیانی جەنگاوەرانەیان، بەردەوام پێویستیان بە بزوێنەرێکی وەک ئاین یان ئایدیۆلۆژی هەیە» ...**

وەک دەزانین عەرەبی سوننەی عیراق « کۆتایی» میللەتی عەرەبن، واتە لە سێگۆشەی سوننەی عیراقدا میللەتی عەرەب گەیوەتە «دیوار» ێک. ئەم دیوارە میللەتی کورد و خاکی کوردستانە. ئەم حاڵەتە لە بەشی خواروی عیراقیشدا، هەرچەند بە خەستیەکی کەمترەوە، سەرلەنوێ دیوارێکی بۆ سوننە هەڵچنیوە، ڕاستە شیعەی عیراق بە هەمان زمان دەدوێن کە خەڵکی ناوەڕاست قسەی پێ دەکەن، بەڵام شیعە لە «قوڵایی ستراتیژی» خۆیان دانەبڕاون و لەو جوگرافیایە نەترازاون کە لە سەرەتاوە لێی پەیدابوون، لە کاتێکدا «قوڵایی ستراتیژی» عروبە بە حوکمی جوگرافیا(هەروەها بە حوکمی مێژوو) سەدان کیلۆمەتر دوربوە لە مەیدانەکانی پراتیک کردنی ئەم بیروباوەڕە ژەهراویە لە فەلوجە و تکریت و موسڵ.
ئەگەرعیراق بکەینە سێ سێگۆشەی دیاریکراو، وە نوکی سێگۆشەی ناوەڕاست لە ناوەندی خۆرهەڵاتی نەخشەی لاکێشەیی عیراق بچەقێنین، دەبینین دەمی سێگۆشەی سوننەی عەرەبی بە ئەندازەیەکی سەیر ڕوو لە خۆرئاوا کراوەیە ( ڕو لە سوریا و ئەردەن و « قوڵایی ستراتیژی» )، ئەمەش بە ڕونی داکۆکی هەڵگرانی ئالای عروبەمان لە سوریاو ئەردەن و میسر بۆ لێکدەداتەوە کاتێک میکرۆفۆنی «الجزیرە» و « العربیە» یان دەخرێتە بەردەم بۆ داکۆکی لە بەعس و «العراق العربی الشقیق».

بە ڕای من یەک ڕێگا لەبەردەمدایە بۆ ڕێگرتن لە هاتنەوەی بەعس بەعسیزم: دیاریکردنی چوارچێوەی جوگرافیایی بەعس و عروبە لە عیراقدا... وە دیاریکردنی جوگرافیای عروبەش بەوە ئەنجام دەدرێت کە سنوری عەرەبی سوننەی عیراق تا ئاستی مەترو سانتیمەتر دیاریبکرێت و موجامەلەی تیادا قەدەغەبکرێت، چونکە وەهمی بەعس و عروبە ( وە سوننەی عەرەب وەک سەرچاوەی ئەو وەهمە)، جگە لە وەهمی جوگرافیاو پەلهاویشتن بۆ ملّکی کەسانی تر شتێکی تر نیە، یاخود، لە حالّەتی پێچەوانەدا، لەو وەهمە بە دەر نیە کە « کەسانی تر» خەریکە خاک و مالّی ئەوان دەست بە سەرائەگرێت.

«میللەتی سەرسنوور» کە لە عەرەبی سوننەی عیراقدا خۆی دەبینێتەوە، لە سەرانسەری دنیادا میللەتێکی ڕەقەو زەمینەی دڕندەیی تیایدا لە ئاستێکی ئێجگار بەرزدایە. ئەگەر میللەتی کورد تا ئێستا خوازیاری جیاکردنەوەی سنوری نەتەوەیی خۆی بوە تا بتوانێ لە باری سیاسی و ئابوریەوە هاوشان لەگەڵ جیهاندا هەنگاو بنێت، لەمەودوا پێویستە زیاتر لە سەر ئەو خواستە پێدابگرێت و ، بە واتایەک ، خوازیاری دیاریکردنی سنووری عەرەبی ناوەڕاستی عیراقیش بێت... ئەمەش کۆمەکێکی مێژوویی دەکات بەوان تا لە ژێر هەوری چلّکنی عروبەو میکرۆبی خەیالاّتی پڕمەترسی بەعس و باوەڕە هاوچەشنەکانی ڕزگاریان بێ و بتوانن وەک مرۆڤی ئاسایی لە چوارچێوەیەکی ئاساییدا بژین و بیر لە دەستدرێژیکردنە سەر خاک و مالّی « ئەوانی تر» وەلانێن و زەمینەی پەیابونەوەی ڤایرۆسی بەعس نەڕەخسێنن.

جیاکرنەوەی سنور لەگەڵ سەرچاوەی عروبەدا لەو شوێنەوە بایەخێکی ئێجگار زۆر پەیدا ئەکات کە بزانین هیچ زەمانەتێک لە ئارادا نیە سەرانی سیکولارو بە حساب « خۆرئاوایی» ئەو میلەتە، لە داهاتوی نزیک و دوری عیراقداو لە کاتی دەنگدان و هەڵبژاردندا، ملکەچی خواستی دەنگدەرە ناسیۆنالیستەکانیان نابن و زەمینەی دوژمنایەتیکی وەهمی لەگەڵ کورد ناخولّقێنن... بە تایبەت گەر بزانین سونەی ناوەڕاست نەک هەر واکسینە نەکراون دژ بە نەخۆشی شۆڤێنیزم و باوەڕی پوچی عروبە، بەلّکو ڕۆژانە لە ئاسمانەوە دەیان دەزگای پڕوپاگەندەی عروبەوی تۆپبارانیان دەکات و نایەلّێت وەهۆش بێنەوەو بیرێک لە ژیانی ئینسانی خۆیان بکەنەوە.

٢٠٠٣/١٢/٢٠

لەندەن

تێ بینی: ئەم بابەتە لە کوردستانی نوێ دا بە شێوەی ووتار بە ناونیشانی « چۆن ڕێگا لە هاتنەوەی بەعسیزم بگرین؟» بلاّو کراوەتەوە.

# دیارییێکی دۆستانە!

کوردستان یەکێ لە کۆنترین شوێنەکانی سەر ئەم زەوینە گلۆڤەرەیە، کە هەزاران ساڵە، شوێنەمێنگەی ژیانی ئێمەی کوردە، هەتا ئێستاش کە سەدەی بیست و یەکەمە و تەکنۆلۆژی لەوپەڕی گەشەو هەڵچوونی خۆیدایە، ئێمەی کوردی چەوساوە، لەبەر ئەوەی کە بندەستین و بۆ خۆمان نین، وەک پێویستە ژیان و ژیارمان لە باری مێژوویی و فەرهەنگی و هیدیکەوە، نەخراوەتە ژێر تۆژینەوەیەکی زانستیانە و لەلایەن داگیرکەرەکانمانەوە، بەژێر لیچەوە کراوین و ڕێ نەدراوین لەو وار و پاودانەی کە تێیدا ژیاوین بکۆڵینەوە و بە نێوی ئێرانی و تورکی چیانشین و کوردی موسوڵمان، چی شوێنەوارو کەلوپەلی کۆن و دۆزراوەی ناو ئەم خاکە بووە، هەمووی دزراوە و لەسەر ناوی ئەم داگیرکەرانە تۆمار و تاپۆ کراوە و گەلی کوردیش پشتگوێ خراوە!

هەلومەرجی جوگرافیایی کوردستان و مێژووی شڵەژاوی ئەم نەتەوەیە، وەکوو وڵاتێکی پارچە پارچە و بندەست، بارودۆخێکی سیاسیی وای بۆ ئەم گەلە چەوساوەیە خوڵقاندوە، کە باریی ئابووریی کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتە بندەستەی تووشی کێشە کردووە و خەڵکی کوردیش بەڕاسای ژیانێکی باش و خۆڕسکدا کە لە سێبەری ئازادی و

دیموکراسیدا تێپەڕ بووبێ، پەروەردە نەبووە و تووشی کەند و کۆسپی زۆر هاتووە. ئەگەر لەباری ڕەوانیەوە بڕوانینە ژیانی ئەم گەلە بندەستە، دەبینین گیروگرفتی یەکجار زۆرە.

یەکێک لە بەدبەختیەکانی کورد ئەوەیە کە: هێشتا خۆی نەناسیوە و ڕێز بۆ زمان و ئەدەب و فەرهەنگی نەتەوەکەی خۆی دانانێ، دەنا کورد ئەگەر ناسیونالیست با، واتە خۆی بناسیبا و ڕێزی بۆ خۆی دانا با و بێگانە ناس نەبوایە، ئەمە نەدەبوو کە ئەمڕۆ هەیە. گەلی کورد سالەهایە بۆ مافی ڕەوای خۆی خەبات دەکا و یەکێ لە شانازیەکانیشی ئەوەیە کە لە درێژەی مێژوودا دەسدرێژی نەکردۆتە سەر هیچ گەل و نەتەوەیەکی دیکە و خاوەن ڕابردوویەک نیە بەرانبەر بە گەلانی دیکە کە جێگای شەرمەزاری بێ بۆی. ئەگەر دوور بۆی نەچین، گەلی بندەستی کورد، لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان نزیکەی ٣٠ شۆڕش و سەرهەڵدانی تووشی بەزین و کارەساتی جەرگبڕ بووە و بە هەزاران ڕۆڵەی بەوەفا و قارەمانی لەو ڕێگایەدا لە دەست داوە، کە ئەمانەش هەمووی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی ئەم گەلە بندەستە داناوە.

گەلی کورد سەرەڕای ئەم هەموو زوڵم و زۆر و ستەمەی کە بەسەریدا هاتووە، بەداخەوە، نە بە مەزهەب یەکە و نە بە زمان! لە هەمووشی کارەساتتر جوگرافیایەکی سیاسی یەکگرتووی نییە و خاکەکەی بە بێ ئیرادەی خۆی بەسەر چەن وڵاتی داگیرکەردا دابەش کراوە! سەرەڕای ئەوەی لە ژێر ستەمی مەزهەبیی و نەتەوایەتی و چینایەتی ئەو وڵاتانەدا دەناڵێنێ، کولتوور و زمانی ئەو وڵاتە داگیرکەرانەش بە خەست و خۆڵی کاری تێکردووە و شوێنی لەسەر داناوە و تووشی گێرەو کێشەی سامناکی کردووە، بەڵام جێگای خۆشحاڵیی و سەرکەوتنە کە ئێستا ئیتر خەڵکی کورد بەوە گەیشتووە: بە شێوەیەک کۆیلەو بندەستە، لەم جیهانە پان و بەرینەدا کە وێنەی نییە.

ئەم بارو دۆخەش لە هەموو کەس ئاشکرایە کە ئیمپریالیست و داگیرکەرانی کوردستان پێکیان هێناوە. کورد ئیتر بەوە گەیشتوە کە ناو و ناسنامەی نا قانوونییە و توانای ئەوەی نییە باسی وڵاتەکەی، کە چوار هەزار ساڵ زیاترە بە سەریەوە دەژی بکا. گەلێکی ٤٠ ملیۆنی کەرامەتی ئینسانیی لێ داتەکێنراوە و سوکایەتی پێ دەکرێ و بۆی نییە بە زمانی زگماکی خۆی نە تەنیا بخوێنێ و بنووسێ تەنانەت ناتوانێ قسەش بکا. ئێستا گەلی کورد لەوە زۆر هەست بە شەرم دەکا کە وا بەستەیە بە کۆمەڵگایەکی دیکە و کۆیلە و بندەستی نەتەوەیەکی دیکەیە کە نەتەوەی سەردەستە!

لە سالانی ڕابردوودا، بارودۆخی کوردستان بە چەشنێک بوو، کە زۆر کەس لەو باوەڕەدا بوون زمانی کوردی کەنگێ بۆ ئەوە دەبێ قسەی پێ بکرێ، چبکات بە نووسین! تەنانەت هەندێکیش هەبوون کە بە خەو نەیاندەدیت زمانی کوردی بۆ خوێندن

و نووسین دەست بدات! ئەمانە هەمووی کاریگەریی زمان و فەرهەنگی نەتەوەی سەردەست و دەسەڵاتی حاکم بوو لە کوردستان، جگە لە هەوڵ و تەقەلا و کۆششی دەزگا جاسووسیەکانی دیکەی دەوڵەت، بەسەر کورددا سەپێنرابوو.
حیزب و پارتە چەپەکانی کوردستانیش، کە ئاوەژوو لە مارکسیزم و کۆمۆنیزم تێگەیشتبوون، وایان لە خەڵکی کورد کردبوو کە هەستی نەتەوایەتییان تێدا نەهێشتبوو. کورد وای لێهاتبوو کە شەرەفی ژێر پێ نرابوو، کەرامەتی بریندار کرابوو، هەستی نەتەوایەتی تێدا کوێرەوە کرابوو، کەچی بە بەژن و باڵای داگیرکەرەکەیدا هەڵدەگوت! ئامادە بوو بڕوا بۆ فەلەستین و ئەفریقا و ویەتنام و ئالبانی و کووبا و شوێنانی دیکە، گیانی خۆی لە ڕێگای خەباتی سووردا بەخت بکا، بەڵام کە باسی کورد دەهاتە گۆڕێ، زمانی گۆت دەبوو، گوێی نەیدەبیست و نەتەوەکەی خۆی بە ناسیۆنالیست و کۆنەپەرست و دواکەوتو دەزانی! خالید بەگتاش کە سەرۆکی حیزبی شیوعی سووریە بوو خۆشی کورد بو، یەکێک لە نموونەکانی ئەم بێگانە پەرستیە بوو! خۆی بە ئینترناسیۆنال دەزانی، کەچی ناوی کوردت دەهێنا دەتگوت داخی دەکەی!
لە شۆڕشی کوردستاندا بەتایبەت سەرەتای سالانی ٧٩-٨٠ هەر کوردێک باسی کورد و شۆڕشی کوردستانی کردبا، کۆمیونیستەکانی سەر بەرەی سۆڤیەتی کۆن، ئەگەر دەستیان چووبا، سەریان بە لەشیەوە نەدەهێشت! چەپی ڕۆژئاواش دەستکەمێکیان لەمانە نەبوو، دەیانەویست دنیای کۆن بگۆڕن بۆ نوێ، بەڵام بەو شەرتەی کە تۆ دەست لە هەموو دیاردەیەکی نەتەوایەتی خۆت بەر دەی! لەناو ئەمانەدا هەبوو، کە ژیاننامەی چەگوارا و مارکس و لینینی وەکوو قورئان لەبەرکردبوو، بەڵام نەیاندەزانی کورد چەند شۆڕشی بە دەستی عوسمانیی و سەفەویی و خوێنڕێژانی دیکەی مێژوو، لە خوێن گەوزێنراوە و گاڵتەیان بە سەرۆک و ڕێبەرە کلاسیکەکانی کورد دەکرد! ئەم نەخۆشییە، ئێستاش لەناو خوێنی زۆر کەس لە لایەنگرانی حیزبە چەپەکانی ناو کوردستان و بە تایبەت ئەو وولاتانەی کە کوردی تێدا ژێر دەستەیە ماوەتەوە و گاڵتەیان بە زمان و جل و بەرگ و کلتووری ئەم نەتەوە بندەستە دەکەن.
یەکێکی دیکە لە چارە ڕەشیەکانی گەلی چەوساوەی کورد، زۆر بەداخەوە ئەوەیە، کە کورد هیچ فەلسەفەیەکی بۆ خۆی نییە و ئەم هەموو جەژن و بۆنە نەتەوەیی گەلەی کە هەیەتی، یەک دانەی نەکردووە بە پاڵپشت بۆ خۆی کە هەستی نەتەوایەتی گەلەکەی پێ وشیار بکاتەوە! لایەنگرانی ئیسلامی سیاسیش بە باشی خۆیان، هەر لە سەرەتای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و هەروەها لە ئێراق و لە هەر چوار پارچەکەی کوردستانی داگیرکراو، کەوتنە ئاژاوە نانەوە و گێرەو کێشە دروستکردن، بۆ شێواندنی سیمای شۆڕشی گەلی بندەستی کورد، کە من پێمـوایە لەمە زیاتر پێویست ناکات لەسەری

بڕۆم، چونکە بۆ زۆربەی خەڵکی کورد ئاشکرا و ڕوونە کە لەژێر پەردەی ئیسلامیدا چیان بەسەر کورد هێناوە، ئەوەتا لەم دواییانەش بەچاوی خۆمان دیتمان کە لە ئێران چیان بەسەر کورد و گەلانی ئەو وڵاتەدا هێنا و لە باشووری کوردستانیش، چیان نەکرد و چۆن ئاژاوەیان دەنایەوە کە کورد تووشی کارەسات و نەهامەتی بکەن!

دوای هەرەسی شۆڕشی بارزانی لە باشووری کوردستان کە کارەساتێکی جەرگبڕو دەروون هەژێن بوو و سەرتاسەری کوردستانی لە شەوە زەنگی نا هومێدیدا داگرتبوو، کەس دیمەنی ئەو ڕۆژانە بە نووسین و هەڵبەست و هۆنراوەو وێنەنوێن بکا، جگە لە چاوی کامێرا نەبێ بە سەدان هەزار ژن و پیاو و گەنج و پیری کورد لەسەر خاکی داوباپیرانی خۆی هەڵکەندرا و تووشی هەڵداشتن و دەربەدەریی و ماڵوێرانیی هات و لە هەر چوارلاوە کوردستانیان خستە ناو کلێڵەی ئاسن و ئاگرەوە. کەسێک کە ئەمەی بە چاوی دیبێ و لەناو ڕاسەڵی ئەم ڕووداوانەدا ژیابێ، چۆن ویژدانی ناهەژێ و چلۆن دەتوانێ لە بەرانبەر ئەم نا بەرابەریی و بێ عەدالەتیانەی دنیای سەدەی بیستەمدا خۆی ڕابگرێ. ئینسانێکی ئەوتۆ لەباری ڕەوانییەوە دەبێ چۆن لە کڵ بێتە دەر؟! بەڵام جێگای شوکرانە بژێریە کە کاریگەری شکانی ئەم شۆڕش و سەرهەڵدانانە لە باشوری کوردستان و کاریگەریی (کۆماری کوردستان لە مەهاباد)، لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە دەروونی خەڵکەکەدا مابوو، دەنا پاشماوەی کوردستانی داگیرکراو، لە سۆنگەی شەوەزەنگی فەوتان و لەناوچووندا گینگڵی دەدا!

کاک بابەکر لە ڕۆژێکەوە کە دەستی چەپ و ڕاستی خۆی ناسیوە، بێژگە لەوەی کە لەناو بنەماڵەیەکی خوێندەوار و نەتەوەیدا پەروەردە بووە، لەناو کارەسات و ڕووداوی دڵتەزێنیشدا ژیاوە. جگە لە بۆمباران و سووتاندنی گوندەکانی کوردستان و دەربەدەر کردنی خەڵکەکەی و زوڵم و زۆر و ستەم و چەوساندنەوەی داگیرکەرانی کوردستان، شکانی شۆڕشێکی گەورەشی بە چاوی خۆی دیوە، کە جێگای دڵخۆشیی و هیوای دواڕۆژی گەلەکەی بووە. ئەمانە بۆ گەنجێکی دە، دوانزە ساڵان ئەویش گەنجێک کە لەناو گڕو کڵپەی ئەو شۆڕشەدا ژیابێ، جیاواز لەوەی کە بەرەو خەبات و تێکۆشانی هان بدا، شتێکی دیکەی تێدا ناخوڵقێنێ، مەگەر ئەوەی کە خۆی نەناسیبێ و نەزانێ ڕەوتی ژیان بەرەو کوێ دەڕوا.

کاتێک کە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دەستی پێکرد و بڵێسەی ئەو ڕاپەڕینە کورستانیشی گرتەوە، خەبات و تێکۆشان دەستی پێکرد و پاش ماوەیەک بەربەرەکانێ و خۆڕاگرتن، ئێمەش ناچار بووین کە ڕێگای خەباتی شاخ بگرینە بەر. زۆر بە داخەوە وەک لە سەرەوە باسم کرد،هەڵکەوتی جوگرافیایی کوردستان و دابەشبوونی لە نێوان چوار وڵاتی داگیرکەردا، حیزبەکانی کوردستانی ناچار کردووە کە لەگەڵ داگیرکەرانی

کوردستان پێوەندی دیبلۆماسیەتیان هەبێ. لەبەر ئەم هۆیە، حیزبەکانی کوردستانی بندەستی ئێران کاتێک کە کۆماری ئیسلامی ئێران شارەکانی لە پێشمەرگە وەرگرتەوە و خاکی کوردستانیان بۆ جارێکی دیکە داگیر کردەوە ناچار بوون پەنا بەرن بۆ ئەو بەشە داگیرکراوەکەی کوردستانی بندەستی ئێراق و لەگەڵ دەوڵەتی بەعس پەیوەندی دیبلۆماسی دابنێن و لە سنورەکانی ئەو خاکە داگیرکراوەکەدا بنکەو بارگە لێبدەن.
هەرچەند واری ئێمە لەوێ باش نەبوو لە پاودانێکی ناخۆشدا بووین حکوومەتی بەعس تێدەکۆشا بە هەر نرخێک کە دەست دەدا، حیزبەکانی کوردستان بکڕێ و بەهۆی جاش و جاسووسەکانی ناوخۆی کوردستانەوە شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خشتە بەرێ، سەرەڕای گەلێک کەندو کۆسپی زۆرو تەنگ و چەڵەمە دانان بۆ حیزبەکان، بەڵام هەردوو ڕێکخراوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، واتە حیزبی دیموکرات و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان، توانیان بۆ ماوەیەکی زۆر خۆیان ڕابگرن و درێژە بە خەبات و تێکۆشان بدەن.
لەو سەردەمەدا کە باوی خەباتی چەپ و مارکسیستی بوو، کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان، لە سەرەتادا توانی کاریگەرییەکی زۆر لەسەر ئەو بەشەی باشووری کوردستان دابنێ. بیروباوەڕ و هەڵس و کەوتی کۆمەڵە، لە ناوچەکەدا بە تایبەت ناوچەی سلێمانی و دەوروبەر، بوو بە هۆی ئەوە کە خەڵکێکی زۆر بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. کاک بابەکر وەکو ئینسانێکی شۆڕشگێڕ، هەرچەند پێشتر کەوتبووە ژێر کاریگەری بیروباوەڕی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان و بەرەو خەباتی چەپی ڕاکێشا، بەڵام پاش ماوەیەک لەناو ئەو خەباتەدا، ڕەوتی ڕووداوەکانی لێکدایەوە، چونکە ئەویش بۆی دەرکەوتبوو، کە ئەو ڕێگایە بە ئامانج ناگا و دەبێ، لە پلوپای چارەیەک دابێ! ئەوەبوو وەکو ئینسانێکی خەباتکار بیری لەوە کردەوە کە بۆچی گەلی چەوساوەی کورد، دوایساڵەهای ساڵ خەبات و تێکۆشان، هێشتا هەر دیل و بندەستە و نەیتوانیوە بە ئاوات و ئامانجی خۆی بگا! ڕاستە کاک بابەکر لە یەکێتیی نیشتمانی هاتە دەر و ئاڵای شۆڕشی هەڵبژارد، بەڵام هێندەی نەبرد هاتە دەرێ و دیسان هەر لە تێکۆشان کۆڵی نەدا و لەناو یەکێتی نیشتمانیدا خەباتی کرد، تا هاتنی بۆ هەندەران. لە هەندەرانیش سەرەڕای ئەوە وەکوو ئەندامێکی یەکێتی نیشتمانی هەر لە خەبات و تێکۆشاندا بووە، لەناو (کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان)یشدا وەکوو ئەندامێک خەباتی کردووە و بە نووسین درێژەی بە کارو خەباتی خۆی داوە.
دیارە کاتێک کە ڕەوتی بە جیهانبوون و ئاڵوگۆڕەکانی دوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد، دنیای بەرەو گۆڕان برد و کوردستان و کۆمەڵگای کوردەواریش گۆڕانی بەسەردا هات، کاک بابەکریش وەک خەباتکارێکی دڵسۆز، سەرەڕای ئەوەی کە بە

نووسینەکانی لە گۆڤاری ریفراندۆمدا، پێش بینی ئەو گۆڕانانەی کردووە، ئاماژەشی بە پێداویستی خەباتی نەتەوایەتی کردووە، بەڵام دیسان لەگەڵ ئەو گۆڕانانەدا گورو تینێکی نوێی بە تێکۆشانی خۆی بۆ ئەو مەبەستە داوە، چونکە بۆی دەرکەوتووە کە خەبات بۆ ئازادی و دیموکراسی، شان بە شانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی دیکەی دنیا، وەکوو مافی ئینسان و بەرابەریی میللەتان و مافی دیاریکردنی چارەنووس، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەهێزتر دەبێ و بێگومان ئەم گۆڕانانەش لەسەر کورد و خەباتەکەی بێ کاردانەوە نابێ و کۆمەڵگای کوردەواری وشیار بۆتەوە و لە خەو ڕاپەڕیوون و لە حیزب و سازمانەکانیش زۆر لە پێش ترن. کەوابوو، هەستی بەوە کردووە کە خەڵکی کورد دەبێ خەباتێکی وا لە ئەستۆ بگرێ کە بیگەیێنێ بە ئامانجەکانی. ئەو خەباتە دەبێ خەباتێک بێ کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی پرسگرێکەکەی دەرک بکا و لێی بکۆڵێتەوە، چونکە خەباتی نەتەوایەتی بەر لە هەموو شتێ خەباتە بۆ بەرابەریی و ئازادیی و دێمۆکراسی و خەڵکی کوردیش لە ڕێگای خەباتی نەتەوایەتییەوە زۆرتر دەتوانێ بە ئامانج بگا.

خوێنەری بەڕێز، بەکورتی، من لە ساڵەکانی ٨٢-٨٣ەوە، کاک بابەکر دەناسم و ماوەیەکیش لە ناوچەکانی ماوەت و گەلاڵەو سەفرەو زەروون، پێکەوە بووینەوهاتوچوومان هەبووە و لە کاتێکدا کە ئێمە پێشمەرگەی کۆمەڵە بووین و لێمان قەوما، خەڵکی ماوەت و ئەو بنەماڵە بەڕێزە، بەوپەڕی دەسوالایی یەوە، وە فریامان کەوتوون. کاک بابەکر ئینسانێکی خەباتکار و تێکۆشەرێکی نەتەوەیی پێشکەوتووە و وەکوو هەموو ئینسانێکی بە واتا ئینسان، ئاوات و ئارەزووی ئەوەیە کە هیچ کۆمەڵگایەک زوڵم و ستەم و چەوسانەوەی تێدا نەبێ و ئینسان، وەکوو ئینسان بژی. وەکوو کەسێکیش کە بە ساڵان لە ناو جەرگەی خەباتی نەتەوەکەیدا بووە و ساردی و گەرمی ڕۆژگاری زۆر چێشتووە و شەڕ و ماڵوێرانی و دەربەدەری و کوشتن و بڕین و کوێرەوەری زۆری دیوە، ئاواتی ئەوەیە کە گەلەکەی لە دیلی و ڕزگاری ببێ و هەموو ئینسانێک بەواتا ئینسانیەکەی وەکوو یەک چاو لێدەکا و دژی هیچ نەتەوەیەکی دیکەش نیە، بەڵام چی بکا، کوردەو ڕۆڵەی نەتەوەیەکی بندەستە، تا ئەو ڕۆژەش کە گەلەکەی لە دیلی و بندەستی ڕزگاری نەبێ، ئۆخژنی ناکەوێتە دڵ و بۆ سەربەستی نەتەوەکەی لە تێکۆشان کۆڵ نادا. من لەگەڵ هیوای سەربەرزی و سەرکەوتن بۆ کاک بابەکر، هیوادارم هەر هەموومان بە ئاوات و ئارەزووی خۆمان بگەین و لە کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ، لە ئامێزی گەرمی گەلەکەماندا یەک بگرینەوە و لەم دەربەدەری و غەریبی و غوربەتەی هەندەران ڕزگارمان ببێ.

دیاری غوربەت پیری کردم، من پەنا بۆ کوێ بەرم
جاروبار پێم وایە هەر نیم، بێ هەناسەم پەیکەرم
غوربەتیی و دووره ولاتی هێنده بۆ من ئەستەمە
هەست دەکەم کەڵکم نەماوە چەشنی داری بێبەرم
بۆ منی گۆرانیبێژی دوور لە خاک و خەڵکەکەم
ژینی ئێره دەردو ژانە بۆیە وا سەودا سەرم
هێنده بیری خەڵکی کوردو خاکی کوردستان دەکەم
شەو هەتا کازیوە دادێ هەر لەسەر تەپڵی سەرم
خۆزگە پێش مەرگم سنەی زێدم بە چاوانم دەدیت
چونکە دەیزانم لەوێیە سەربەران و پڕ بەرم
دەستی داگیرکەر نەبایە بۆ دەبوو هەر وەک نەچیر
هەڵکەنەی سەر خاکی خۆم بم یا لە غوربەت دەربەدەرم
تاکوو ئەو ڕۆژەی بمێنم چاو لە ڕێگای چوونەوەم
سا مەگەر مردن کووتوپڕ هەڵکوتێتە سەر سەرم
لەم ولاتە پادشاش بم گەنجی قاروونم هەبێ
شێر بە گوێ بگرم کەچی بۆ خەڵکەکەی هەر کۆچەرم

**ناسری ڕەزازی**
ستۆکهۆڵم، ٢٠٠٣/١٢/١٦

# پیرست


پێشەکی ٢

کـام ڕێـگـا؟ ٩

عروبەتی سەددامی و قەیرانی کەنداو ٥٥

دەبێ چ بکەین؟ ٧١

حیزبی زەحمەتکێشان سەنگەری خۆی دیاری دەکات! ٨١

بەهادین نوری: ڕیش چەرمووی هەڵگەڕاوە ٩١

بەیاننامەی ناوەندی سلێمانی ئاڵای شۆڕش (ڕووداوەکانی کوردستان و چەند پێشنیارێک) ١٠١

قریشکەی مۆرا ١١٠

دەربارەی بڵاوکراوەی « شورا » ١١٢

پەرلەمانی کوردستان : ئەنجومەنێك یان دو ئەنجومەن؟ ١١٦

بانگەوازی ی. ن. ك بۆ چەپ: دوڕیانی چارەنووس ١٢١

کورتەیەك دەربارەی سیستەمی نوێ ی جیهانی ١٢٥

ونبوونی کوردەکانی پاکستان ( بیرەوریەکی کورت) ١٢٣

دەربارەی مێژوونووسی ـ هیگڵ (پێشەکی بۆکتێبێک) ١٢٥

نیکسۆن: جیهانی واقعی (ناساندن) ١٢٩

پەیمانی هەشتەم: ئەرك و چاوەڕوانی (لە پەراوێزی دوایین ڕێکەوتنی یەکێتی و پارتی دا) ١٤١

حاجی قادر و پەیامی مێژوویی ونکراو ١٤٥

هەڵبژاردنی ئێران و «هەڵبژاردن» ی کورد ١٤٧

کوردستانی عێراق: «سەرۆکپەرستی» و ئاسۆی تاریك! ١٥٠
کورد و کۆتایی مێژوو (ئاوڕدانەوەیەک لە فۆکۆیاماو هاینە) ١٥٢
دەریامان ناوێ ! (کورتە وەڵامێک بۆ کاک مەحمود ڕەزا) ١٥٧
حزبی کۆمۆنیست، ڕیفڕاندۆم و سەربەخۆیی کوردستان ١٦١
عوسمانی و کورد: لە هەڵلوشینی سامانەوە بەرەو فەوتاندنی زمان ١٦٥
تایتانیك: ڕاستییەکان بە شیعر! ١٧٢
عەدالەتی سێدارە ١٧٥
«ئاشتی» لەچوارچێوەیەکی نادیاردا! (لە پەراوێزی ڕێکەوتنی واشنتۆن دا) ١٧٨
ئۆج ئالان: بەرەو هەنگاوی ورد و بەرنامەدار! ١٨٠
ئۆج ئالان: هەنگاوێك بۆ پێشەوە... ١٨٢
بەرەو «پەیام»ێکی باشتر! ١٨٧
لە ئەفغانستانەوە بۆ کوردستان: نیگەرانی لە «دێو» ی کوردی! ١٩٢
سەرۆکی ڕۆمانسی و ڕێبەری «واقیع بین» ١٩٥
سازش نەکردن لەسەر پرەنسیپ ١٩٧
ئاشتی لە «کەپکی حەمەدئاغا»! ١٩٨
بۆنی شۆڕش.. بۆنی سیانید ٢٠١
بەیانی «کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان» دەربارەی شەڕی پارتی و پ.ك.ك ٢٠٢
گفتوگۆ سەبارەت بە «بەیان» ی کۆنگرە ٢٠٥
دەربارەی شەڕی ناوخۆی کوردستان ٢٠٨
بەیانی «کۆمیتەی یەکگرتوی کورد» دەربارەی: ڕفاندنی ئۆج ئالان ٢١١

سپارتاکۆس لە قەفەزی شوشەییدا ٢١٧
بەخێر بێی ناتۆ! ٢٢٠
«بەعەقلانیکردنی سیاسەت» یان ملکەچی بۆ زۆرداران؟! ٢٢٢
ڕفاندنی ئۆجەلان: هۆکار و ئەنجام ٢٢٦
کورد و ساڵی دوو هەزار ٢٤٢
لە پەراوێزی سزادانی هلمۆت کۆل دا: یادێك لە «پەرلەمانی کوردستان» ٢٤٨
فیدراڵی یان سەربەخۆیی؟ ٢٥٢
دەربارەی وەزعی کوردستانی باشور ٢٥٦
نامەی کراوە بۆ م. س یەکێتی نیشتمانی کوردستان ٢٦١
دەربارەی شەڕی ناوخۆیی ٢٦٢
سەرکوتی چەپ لە هەرێمی سلێمانی ٢٧٢
بەرەو کۆنگرەی نوێ... ٢٧٦
کۆنگرەی دوەم: ئاودانی درەختەکان ٢٧٩
دەربارەی شەڕو ئاشتی ٢٨٢
دەربارەی «کۆنفرانس» ی ڕیفراندۆم ٢٨٦
شۆڕشی بەرد ٢٨٨
دەربارەی ئاشتی لە نێوان یەکێتی و پارتی ٢٩٢
دەربارەی کۆنگرەی دوەم ٢٩٥
دەربارەی «ڕیفراندۆم» لە کوردستان ٢٩٩
تیرۆری فرەنسۆ: هۆشداریێك بۆ هەموان ٢٠٨

دەربارەی مفاوەزات ٢١١
ئارچەر لە سێبەری یاسادا ٢١٢
حکومەتی کورد: لە مۆبۆکراسیەوە بۆ دیمۆکراسی! ٢١٥
شەڕ لە ئەفغانستان ٢١٨
کورد لە پاکستان و پرۆژەی ئیسلامی سیاسی ٢٢٥
واوەتر لە ئاشتی و ئاشتبوونەوە (وەڵامێک بۆ بەڕێز کاک عەدنان عوسمان) ٢٢٨
سەلیم مەتەر: زیتبونەوەی شۆڤێنیزمی عەرەبی ٢٢١
نامەی تایبەت: خەزرەجی تاوانکارە دژ بە کورد! ٢٢٥
دەربارەی لێدانی عێراق ٢٢٧
دەربارەی شەڕی ئازادکردنی عیراق ٢٤٠
دۆخی دوای سەدام (گفتوگۆ لەگەڵ توانا ئەحمەد) ٢٤٢
«ڕیفڕاندۆم» لە سایەی ئازادی دا ٢٦١
ڕوخانی بەعس و ئاسۆی ئاینده ( گفتوگۆ ) ٢٦٤
شیوەن بۆ میراتی بەعس (وەڵامێکی کورت بۆ چۆمان سەدیق) ٢٨٢
نامەی دەستکێشانەوە ٢٩٠
دیاریکردنی جوگرافیای عروبە! ٢٩٢
دیارییێکی دۆستانە! ٢٩٦